# نوێ بوون

## گـــۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزیـــیە


خاوەن ئیمتیاز/ مەڵبەندی (١) رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك)

ســــــــــەرنووسەر/ ئەنوەر ساڵح عەزیز

جێگری ســــــــەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژكاران

ئـــەكرەمـــی میهرداد

محەمەد كـــەریـــم

ئـــومێد قەرەداغی

سەرپەرشتیاری هونەری

ئـــالان قـــادر رەحیم


هەواڵنامەی کتێب

ناونیشان/ ( سلێمانی – شەقامی سالم)
(مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی(ی.ن.ک))

Email: nwebunm1@yahoo.co
nwebun@live.com
www.pukm1.com

Tel: 07480172102
07705434650

| | |
|---|---|
| هەڵەچن | محەمەد نەجمەدین |
| تیراژ | ٥٠٠دانــــە |
| چاپ | چاپخانەی شڤان |
| ژمارەی سپاردن | ٢٠٤ |

کتێب هەواڵنامەی

# لـــــــــــەم ژمـــــــــارەیـــەدا


| | | |
|---|---|---|
| * چاکسازیی یان ڕووخاندن | سەرنووسەر | ٥ |
| **لێکـــــــۆڵــینەوە** | | |
| *روناکبیران و سیاسەت | ئەکرەمی میهرداد | ١٥ |
| *بەڕاشکاویی .. | بەرزان فەرەج | ٦٧ |
| *مێژووی حزبایەتی و کاریگەریی حزب لەسەر دەسەلات | حسێن مەعروف پور | ١٢٣ |
| *چاکسازیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان (بنەماو ئاستەنگەکان | فەیسەڵ عەلی | ١٤٥ |
| *حزبوڵڵای لوبنان .. زەمینەی دروستبوون | حەسەن یاسین | ١٦٧ |
| **وەرگـــــێـــڕان** | | |
| *شۆڕشی مەزنی میسر .. ئاسۆ و مەترسیەکان | ن/ د.عەزمی بشارە<br>و/ محەمەد کەساس | ٢٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| *حزب و کۆمەڵگە | ن/ حسێن نەوزەری<br>و/عەتا جەمالی | ٢٢١ |
| *فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا | ن/عەبدولجەبار مەندیل<br>و/ یاسین عومەر | ٢٤٣ |
| دیـــــــــدار | | |
| *لە بارەی پەیوەندی نێوان کورد و ئیسلامەوە<br>گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆشنبیری ناسراو (**د. سەربەست نەبی**) | سازدان و وەرگێڕانی<br>گفتو گۆ : ئو مێد<br>قەرەداغی | ٢٧٧ |
| | | |


هەواڵنامەی کتێب

# چاکسازیی یان ڕووخاندن

سەرنووسەر

**کوردستانی** باشوور لەدوای ڕاپەڕینەوە بەکۆمەڵێك حاڵەتی جیاواز جیاوازدا تێپەڕیووە. هەرحاڵەتەو خەسڵەت و شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە، هەندێك لەم حاڵەتانە بەرئەنجامەکەی کاری سلبی بەجێ هێشتووەو کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی هەرێم داناوە، هەندێکی تریان کاری ئیجابی بەجێ هێشتووەو کاریگەربوون لەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا، ئەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان بەگشتیو شاری سلێمانی بەتایبەتی یەکێکی ترە لەو حاڵەتانەی کەئەمرۆ لەڕووی سیاسیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین بەڵام ئەوەی جێگەی گومانە بەرئەنجامی ئەم حاڵەتەیە ، ئەم حاڵەتە سیاسیە لە کوردستان بەرهەمی کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیین بۆیە دەبێت لەمرۆدا بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسی و ئابووری مامەڵە لەگەڵ دوو لایەنی گرنگی ئەم پرۆسەیە بکەین کە ئەویش لایەنی دەسەڵاتو لایەنی ئۆپۆزسیۆنە، دەبێت ئەم دوولایەنە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەنە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی ، ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییەش ببێتە مەسەلەیەکی گشتیو هەموو تاکێکی کۆمەڵگا پێوەی پابەندبێت ئیتر ئەم تاکە ئەگەر لە ئۆپۆزسیۆن بێت یان لەدەسەڵات، ئەگەر ئەمرۆ لەکوردستاندا وتاری نەتەوەیی ئێمە بریتی بێت لەگەشەسەندنو بەرەوپێشچوونی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا، یان بریتی بێت لەگۆڕانکاریی و چاکسازیی لەناو سیستمی دەسەڵاتی کوردستاندا یان بریتی بێت لەئازادیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یان بریتی بێت لەدامەزراندنو دروست بوونی پایەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ، یان

بریتی بێت لەچەسپاندنی پرانسیپەکانی سیستمی دیموکراتی و.. هتد. کەواتە زۆر گرنگە پێش هەموو شتێك ئێمە ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی و فەرهەنگیەکان دیاری بکەین بۆ رەوتی خەبات لەناوکۆمەڵگا و لەم قۆناغەدا، وەچوارچێوەیەکی دیاری کراو هەبێت کەکۆمەڵگا لەسەری رێکەوتبێت بەپێی هۆشیاری سیاسی تاکەکانی کۆمەڵگا پابەندێکی مەبدەئی و شەرعی بۆ مەسەلە گشتییەکانی کۆمەڵگا بێتە بەرهەمو بەشێوەیەکی هۆشیارانە پارێزگاری لەمەسەلەگشتیەکانی کۆمەڵگا بکرێت ئیدی لێرەوە دەتوانین شەرعیەتی هەموو خەباتێکی سیاسی بەپێی یاسا دیاری بکەین، دەبێت ئەو ئامانجە گشتیانە ببنە هێڵی سوورو کەس نەتوانێت بیانبەزێنێت و بەزاندنی ئەم هێڵە سوورانەش بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. کەئەمەکرا لەکۆمەڵگادا جیاوازی لەسەر جۆری خەباتو میکانیزمەکان دەبێت بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە هاوبەشە گشتیانە لەکۆمەڵگادا.

لەم هەلومەرجەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا چەند رەوتێکی سیاسی دەیانەوێت مێژوو و خەباتی تێکۆشانی میلەتێك بسرنەوەو مێژوویەکی نوێ دەست پێ بکەن کەلە ١٧ ی شوباتەوە دەست پێدەکات ،ئەوان پێیان وایە ئەوەی ئێستا بنیاتنراوە هەمووی لابرێت و تێکبدرێت سەرلەنوێ شتێکی تر بنیات بنرێت کەخۆیان پێناسی سیاسی بۆ بکەن ، ئەمەش لەم بیروباوەڕانەی خوارەوە سەرچاوەی گرتووە:

## ١ -بەناوی شۆرش و لەسەر بنەمای شۆرشگێریی بەشێوەیەکی رادیکاڵانە مامەڵە لەگەڵ گشت دامەزراوەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکەن.....

واتە داواکاری سیاسی ئەوان رووخاندنی سەرلەبەری ئەو دامەزراوانەیە کەئێستا ئیدارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی هەرێمی کوردستان دەدەن. بەڵام ناشزانین لە شوێنی ئەم دامەزراوە رووخاوانە چی بنیاد دەنێن واتە ئێستا ئەوەی پێی دەڵێن ئۆپۆزسیۆن لەوتاری سیاسیاندا ئەمەیان بۆکۆمەلانی خەڵك روون نەکردۆتەوە ئێمە لێرەدا پرسیار دەکەین

ئایا ئەو دامەزراوانەی کە ئەوان بنیاتی دەنێن چ جۆرە دامەزراوەیەکە ئایا دامەزراوەی دینی‌یە یان دامەزراوەکان دەکەنە دامەزراوەی تۆتاریتاریو سەنترالو دیکتاتۆری و ئایا لە لۆجیکی مزگەوتی بەردەرکی سەراوە بڕیاری لە چارەنووسی کۆمەڵگا دەدەن. ئەم دامەزراوانەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، بەبەشداری هەموو هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان لەپرۆسەیەکی دیموکراتی یاسایدا هاتوونەتە بوونو بەرجەستە بوون واتە ئەم هێزانەی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر دەیانەوێت ئەم سیستمە بەرەوباشتر بەرن یان زیاتر دیموکراتیزەی بکەن دەکرێت ڕەخنە یان هەبێت نەك ڕووخـان، دەکرێت فشاری جۆراوجۆریان هەبێت لەپێناو باشترکردنو دروستکردندا نەك ڕووخاندن. هەمووشمان دەزانین چەمکی چاکسازیی و چەمکی ڕووخان چییە و چاکسازی لەسەر چەمکێك کار دەکات کە بەپرۆسەیەکی عەقلانیەت جێبەجێ دەبێتو عەقڵ تێیدا کاراو ئەکتیڤە بەڵام ڕووخاندن لەسەر چەمکی هێز کاری خۆی دەکاتو لۆجیکی هێز دەبێتە پێشەنگ بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانی ناوکۆمەڵگاو لۆجیکی عەقڵ تێیدا وون دەبێت، بەرئەنجامی چەمکی هێزیش دۆخێکی دارستانمان بۆ وێنا دەکات، ئیتر لەکۆمەڵگادا کێ بەهێز بوو دەتوانێت کاری خۆی مەیسەر بکات، هەرچی بەها مرۆیەکانیشە لەناو کۆمەڵدا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ئەوەی جێگای نیگەرانیە ئێستا لەهەرێمی کوردستان ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت ڕابەرایەتی جۆرێك لەم پرۆسەیە لەبارودۆخی کوردستان بهێنێتە ئاراوە، ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی چارەنووسازە بۆ ئایندەی سیستمی سیاسی لەکوردستاندا وە ئەم جۆرە پرۆسانە کاریگەری دەبێت لەسەر پرۆسەی بەدیهێنانی دیموکراتی لەکوردستان وهەم کاریگەری دەبێت لەسەر مەسەلە نیشتمانیەکان لەکوردستان.

## ٢ -توندوتیژیی یان ئاشتی...

مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لەکوردستاندا، دەتوانین بڵێین مێژوویەکی پڕاوپڕبووە لە توندوتیژیی، لایەنە بەهێزەکانی ئەم ململانێیە کەدوژمنانی میللەتەکەمان بوون ڕێگای ئاشتیان ئیختیار نەکردووە لەبەردەم خەباتی نەتەوەییدا بۆیەکلایکردنەوەی ململانێکان، بەشێوەیەکی بەردەوام ڕێگەچارەکان پەنابردنە بەر توندوتیژیی بووە بۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژیی بووە بەبەشێك لەکەلتووری ئەم میللەتە وە ئەم بۆچوونەش بۆ ناو خودی

بزووتنەوەی سیاسی لەکوردستاندا ڕاستە، چونکە لەمێژووی نەتەوەکەماندا زۆر لەهێزەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کوردستان نەیانتوانیوە لەڕێگەی ئاشتیەوە چارەسەری کێشەکانی نێوانیان بکەنو هێزێکی تۆکمەی نەتەوەیی دروست بکەن ، ئەم جۆرە بیرکردنەوانەش بوونەتە هۆی لەدەستدانی زۆر فرسەتی مێژوویی لەمێژووی سیاسی نەتەوەکەماندا.

لەم دۆخەی ئێستاشدا هەر لەناوەندی ئەنجومەنی کاتی سەراوە تا دەگاتە ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەی کە لەپشت ئەم پرۆسەیەوەن، بەزمانێکی توند، بەعەقڵێکی شەڕانگێزیی‌و گیانی تۆڵەسەندنەوەو حەق کردنەوە مامەڵە دەکەن ، ئەم جۆرە لەنەفەسی خەباتی سیاسی لەم سەردەمەی ئێستادا ژینگەیەکی توندوتیژیی هێناوەتە بەرهەم ، ئەم ژینگەیەش بڕوایەکمان بۆ دروست ناکات کە بتوانین دڵنیابین و بەرچاومان ڕوون بێت لەوەی کە پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر بونیادی ئاشتی خوازی دروست بێت و تاکێکی ئاشتی پەروەرو چاکەخواز بهێنێتە کایەوە. هەر بزووتنەوەیەك بنەماکەی لەسەر توندوتیژیی وپەرچەکدار دروست بێت لەپێوانەیەکی عەقڵیەوە کۆمەڵگا ئاڕاستە نەکات واتە ئاڕاستەی کۆمەڵگا بەرەوپێکدادانو شەڕو ترس دەبەن وهەندێك لەم هێزانەش لەنێو ژینگەی شەڕو توندوتیژیدا توانای گەشەکردنیان هەیە واتە لەژینگەی ئاشتی و ئارامیدا ناتوانن گەشە بکەنو بگەنە ئامانجەکانیان کە ئەمەش چارەنووسی کۆمەڵگایەك بەرەو وێران بوون دەبات.

## ٣ -چەمکی یەکتر قبوڵ کردن یان سڕینەوەی بەرامبەر...

ئەم هێزانەی ئێستا لەشاری سلێمانیدا و بەتایبەت لەبەردەرکی سەرای سلێمانی خۆیان نمایش دەکەن لەسەر چەمکێکی زۆر ترسناك کار دەکەن، ئەویش سڕینەوەو قبوڵ نەکردنی بەرامبەرە کە ئەمەش پاشخانێکی تایبەتی خۆی هەیەو لەسەر میتۆدێك بیر دەکەنەوە کە بریتیە لەتاك حزبی و سیستمی بیرۆکراتیو هەژموونخوازی، کە ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە لەمێژووی خۆیدا زۆری چەشتووە بەدەست ئەم جۆرە بیرکردنەوەو دەسەڵاتخوازیەوە، بەردەوام بوونیش لەسەر ئەم جۆرە بیرکردنەوانە کوشتنی هەموو

هەولێرنامەی کێتێر

جیاوازییەکانە لەناو کۆمەڵگاداو ئەگەر ئەم حاڵەتە بەراورد بکەین بەپرانسیپەکانی دەسەڵات لەکوردستاندا کەلەپرۆسەیەکی دیموکراتی و بەرێگەی هەڵبژاردن هاتوونەتە دەسەڵات وەهەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانیش لەم پرۆسەیەدا مافو ئازادیان هەبووە بەوەی کەخۆیان چۆن پێناس دەکەن لەبەردەم کۆمەڵانی خەڵکدا ئەمەش بەو مانایەی لەلایەن دەسەڵاتەوە باوەڕبوونێك هەیە کە ئەویش ئەوەیە دەبێت زەمینە بۆ دەنگەجیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا فەراهەم بکرێت ، ژینگەیەك هاتۆتە بەرهەم بێجگە لە دوو حزبی دەسەڵاتدار هێزە سیاسیەکانی تری ئۆپۆزسیۆن گەیشتنە دامودەزگاکانی بڕیاردەر لەسیستمی سیاسی کوردستادا ، ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوهێزەی لەدەسەڵاتدایە نیازی سڕینەوەی هیچ ڕایەکی جیاواز وهیچ لیستێکی جیاواز وەهیچ حزبێکی جیاوازی نییە ، ئەمەش مەبدەئێکی سیاسی دێنێتە ئاراوە کە مەبدەئی قبوڵ کردن و پێکەوە ژیانە بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێستای کوردستان دەیانەوێت لەڕێگەی ئینقیلاب و توندوتیژیەوە دەسەڵات بگرنە دەست، بەبێ هیچ پاساوێکی شەرعیو یاسایی. واتە دەیانەوێت وەك هێزێکی کەمایەتی دەسەڵات بگرنە دەست و زۆرایەتی خەڵکانی ناو ئەم کۆمەڵگایەش پەراوێز بخرێت ، ترسناکی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بەرەو ئەوەمان دەبات کە جارێکی تر وێنای دیکتاتۆریەت لە کوردستاندا ببینینەوە چونکە ناکرێت هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لەبەین ببرێن، یان دەبێت هەمووان وەك ئەوان بیر بکەینەوەو بخۆین ودانیشین و بخەوین یان ئەگەر تۆ وەك ئەو نەبوویت دەچیتە ژێر کۆمەڵێك پێناسەوە وەك( دوژمن: دژەگەل: گەندەڵ: دیکتاتۆر (لەهەمان کاتدا وێنەی خۆشی دەکاتە فریشتەی(ئازادی دۆست : بەرەی گەل :پاك : دیموکراتخواز (ئەمەش ئەو کێشەیەیە کەناتوانرێت بەم جۆرە بیرکردنەوانە بنەمای پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی دابمەزرێنین، کەببێتە فاکتەری دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتو ئازاد و دروست کە هەموو بیرو باوەڕە جیاوازەکان تێیدا پارێزراو بێت.

## ٤ -خەباتی ئۆپۆزسیۆن بۆ گۆڕانکاریی یان بۆ دەسەڵات...

ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا واخۆی نمایش دەکات کە لە پێناوی گۆڕانگاریدا هاتۆتە ناو مەیدانی سیاسی نەك مەبەستیان دەسەڵات، بەڵام ئەگەر بپرسین‌و بیربکەینەوە هێزی ئۆپۆزسیۆن گۆڕانکاریی لەکوێدا و چۆن و کەی دەکات ؟... ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لەبونیادا بەرنامەی گۆڕانکاریی هەبێت لە کۆمەڵگادا، دەبێت خەباتی سیاسی و فکری خۆی لەنێو پانتایی کۆمەڵگادا بێت بەمەبەستی گۆڕینی گشت ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌و فکری‌و فەرهەنگیانەی کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگای کوردستان، واتا گۆڕین بەو مانایە دێت کە بەشێوەیەکی پراکتیك و مەبدەئیانە کار لەسەر ترادیسۆنێك بکرێت کە بۆتەمایەی لەمپەر لەگشت بوارەکانی ژیاندا، وە دەبێت کار بکرێت بۆ بەکارهێنانی گشت ئامرازەکانی گۆران لەهەناوی ئەم کۆمەڵگایەدا لەپێناو هێنانەکایەی جۆرێك لە هزرو فکرو فەرهەنگ کە هۆشیاری بۆ تاکی کۆمەڵگا فەراهەم بکات، تا ئەمەش ببێتە هۆشیاریەکی کۆمەڵایەتی، وە ئەم پرۆسە کۆمەڵاتیەش ببێتە هۆی لەدایك بوونی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هۆشیارانە و ئەم بزووتنەوەیەش هۆشیاریەکەی دەبێت مەیلی مەدەنیەت‌و دیموکراسی و یەکسانی بوون بکات لەچەمکی هاووڵاتی بووندا، وە دەبێت ئۆپۆزسیۆن گۆڕاکارییەکانی بەشێوەیەکی عەقڵانی بێت وپشتیوانی کۆمەڵگایەك بکات کەتیایدا مافو ئازادییەکانی گشت تاکێکی بەیاسا تێدا ڕێکخرابێت، جۆرێك لەم ئۆپۆزسیۆنە دەبێتە بەشێکی گرنگی پرۆسەی سیاسی کۆمەڵگا. بەڵام بەداخەوە لەهەرێمی کوردستاندا لەژێر چەتری ئازادی و دیموکراسیدا ئۆپۆزسیۆنێك پەیدا دەبێت هەرچەندە داوای گۆڕانکاریی دەکات بەڵام لە ماهیەتدا مەبەستیان گۆڕانی حەقیقی نییە لە کۆمەڵگادا بەڵکو مەبەستیان گۆڕانکاریە لە دەسەڵاتدا، واتە کارەکە بچووك دەکەنەوە لەسەر لابردنی کەسێك لەدەسەڵات، یان دەستەو تاقمێك لابچێت‌و دەستەو تاقمێکی

تری ئۆپۆزسیۆن بچێتە ناو دەسەڵات، کە لەم کاتەدا ئۆپۆزسیۆن هیچ پەیامێکی تازەو نوێی پێ نیە کە بتوانێت کێشە و قەیرانەکانی ناو سیستمی سیاسی کۆمەڵگای پێ چارەسەر بکات ، چوونە دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆن لەناو سیستمی دیموکراتیدا کارێکی یاسایی و شەرعیە، بەڵام بەشێوەی هەڵبژاردن و دیموکراتیانە نەك لەڕێگەی کودەتاو پرۆسەی توندوتیژیەوە، کەواتە لای ئۆپۆزسیۆن مەسەلەکە نەگۆڕانکاریەو نەگۆڕینی سیستمەو نەگۆڕینی بونیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستانە ونەمەسەلەکەش ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵاتییە، بەڵکو وەرگرتنی کێکی دەسەڵاتە ، وە لێرەدا کێشەکە دروست دەبێت. کەناتوانێت ئەو دەسەڵات لەڕێگەی دیموکراتی و هەڵبژاردنەوە بەدەست بهێنێت بۆیە پەنا دەباتە بەر ڕووخاندنو کودەتا و ئەم پرۆسەیەش بەهێزی خودی ئۆپۆزسیۆن خۆی ناکرێت بۆیە پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنای نارەزایەتی خەڵك یان بەکارهێنانی خەڵك بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان . لەماوەی ڕابردووی بەر دەرکی سەردا خەباتی ئۆپۆزسیۆن بۆ ئەوە بووە کەهێزی خەڵك ئاوێتەی هێزەکانی خۆی بکات تافشارێکی گەورە پیشانی دەسەڵات بدات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان واتە ئۆپۆزسیۆن بۆ پشتیوانی لەداواکاریەکانی خەڵك نەهاتووەتە مەیدان بەڵکو بۆ ئەوەیە خەڵك ببێتە پشتیوان بۆ ئامانجی ئەوان.

مەسەلەیەکی حاشا هەڵنەگر هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵات بەشێوەیەکی یاسایی گونجاو نەیتوانیوە گشت مافی تاکەکانی کۆمەڵگا فەراهەم بکات یان بەشێوەیەکی باش دادپەروەریی و سەروەری یاسا و خزمەتگوزاریی بەئامانج نەگەیشتووە، بۆیە لەم کاتەدا کارێکی ئاساییە کە خەڵك نارازی بێت ڕەخنە لە حکومەتو دەسەڵات بگرێت وداوای چاکسازیی و باشتر کردنی ژیانی خۆیان بکەن، ئەمەش پرۆسەیەی سروشتییە لەناو سیستمی دیموکراتیدا بەڵام ئەوەی ناسروشتییە ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت لەڕێگەی ئەم نارەزایەتی و هێزی خەڵکەوە حساباتی سیاسی خۆی ئەنجامبداتو داواکارییە بنەرەتیەکانی خەڵك وچاکسازیش بکەوێتە پەراوێزەوەو پرۆسەی خەباتی مەدەنیانەی خەڵکیش بەلاڕێدا ببرێ لەنێوان گفتوگۆی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا داواکارییەکانی خەڵك ببێتە وەهمێك....

## لەئەنجامدا پێویستە:

• زمانی گفتوگۆ ببێتە میکانیزمێك بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە سیاسیەکان و یەکلایکردنەوەی ململانێکان لەپرۆسەی سیاسیدا.

• دەبێت لەکوردستان ژینگەی بوونی جیاوازییەکان گەشەبکات و وەچەمکی چەپکە گوڵ ببێتە مەبدەئێکی سیاسی.

• وەدەبێت لۆجیکی یەکتر قبوڵ کردنو لێبووردەیی ببێتە بنەمای هەرپرۆسەیەکی سیاسی لە کوردستاندا.

• دەبێت چ دەسەڵات و چ ئۆپۆزسیۆن هێزی خەڵك بۆ ئامانجەکانی خۆیان بەکار نەهێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن هێزی خۆیان لەپێناوی خەڵکدا بەکار بهێن.

• وەدەبێت لەخەباتی سیاسیدا لە کوردستان مەسەلە گشتی و چارەنووسازەکان هێڵی سوور بنو هیچ کەسو لایەنێك بۆیان نەبێت لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان ئەم مەسەلە گشتیانەی کەهێڵی سوورن ببەزێنن.

هەواڵنامەی کتێب

# لێکۆڵینەوە

- روناکبیران و سیاسەت
- بە ڕاشکاویی..
- مێژووی حزبایەتی و کاریگەری ..
- چاکسازی ئابووری لە هەرێمی کوردستان..
- حزبوڵڵای لوبنان ..

هەواڵنامەی کتێب

WWW.PUKM1.COM

بوێـــری لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە زانیارییەکاندا

هاوڵاتیانی خۆشەویست:..

بـــــۆ خستنەڕووی داواکاری و سکاڵاکانتان ،

بەدواداچوون بۆ کێشەکانتان

پەیوەندی بکەن بە:

Tel: 07480172102

Email: info@pukm1.com

ناونیشان / عێراق_کوردستان _سلێمانی (شەقامی سالم بینای
مەڵبەندی(1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك))

PUK

ماڵپەڕی مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك)

هەواڵنامەی کتێب



# روناکبیران و سیاسەت

ئەکرەمی میهرداد

## روناکبیر کێیە؟

لەزمانەکانی ئەوروپاییدا دوو زاراوەIntellectual و Intelligentsia بەمانای روناکبیران‌و بیرمەندان بەکارهێنراوە. هەندێك لە نووسەران‌و بیرمەندان هەوڵیانداوە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاری بیردا دەکارن لەم گرووپەدا دابنێن.هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە خاوەن کاری زانستین‌وەکو مامۆستایانی زانکۆ، بیرمەندان‌و پسپۆڕان‌و لێکۆڵیاران، یان ئەوانەی کە خەریکی بەرهەم هێنان‌و ئەفراندنی بیروباوەڕو سەرنجو ڕەخنەکانن یان لە کاری فەرهەنگی‌و هونەرییدان،وەکو نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، فەیلەسوفەکان، ڕۆژنامەوانان،و مامۆستایان‌وەکو روناکبیر بناسێنن.هەروەها ئەم گرووپانە هەندێك جار بە ناونیشانی “ چینی ناوەڕاستی نوێ ” لەبەر چاو دەگیرێن‌و هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەریکی کاری بیرکردنەوەو زهنین یان هەروەکو سی. رایت میلز بە “ ئێخەسپی ” ناویان دەبات. ئالان تۆرین، کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی گرووپەکانی ناو چینی ناوەندی نوێوەکو

تەکنیکاران، بەڕێوەبەران، ئەندازیاران، کارمەندانی پسپۆڕی لە کەرتی گشتیو پیشەسازی تایبەتیداوەکو بەشێك لە " چینی کرێکاری نوێ " دەناسێنێ. (١)

وشەی (روناکبیر)ی کوردی هەروەکو پێناسەی باو لەبەرامبەر زاراوەی (intellectual)ی ئینگلیزی بەکاردێت،ولەزاراوەی (intelligite)ی لاتینیوەرگیراوە، کە لەڕەسەندا بەمانای شیکردنەوە یان لێك جیاکردنەوەی پرسەکان، ڕەوشەکانو شتەکان بەکاردێت. لەم دیدگایەوە روناکبیر دەبێتە ئەوکەسەی خاوەن توانای شیکردنەوەو جیاکردنەوەی شتەکانەو هەر لەبەر ئەوەش دەتوانێ دیدگای عەقڵانیو شیکردنەوەیوردی هەبێت. جێگای سەرنجو شایانی زانییە کەوشەی (critique)کە بەکوردی بە (رەخنە) ناسراوەو لەڕیشەی یۆنانی (krinein)وەرگیراوە، ئەویش بەمانای لێك جیاکردنەوە یان قەیران دێت.وشەی رەخنە کە لەڕەسەنی ئێرانیو ئاڤێستاییوەرگیراوە بەمانای (درز) یان (کەلێن) هاتووەو بێگومان رەخنە هەمیشە درزو کەلێنەکان دروست دەکات. رەخنەکردن کە توانای شیکردنەوەو لێك جیاکردنەوەو رۆشن کردنەوەی هەیە، دەتوانێت هەوڵو توانایەك بێت بۆ دروستکردن یان ئاشکراکردنی قەیران (crisis). ئەم قەیرانە، قەیرانی مانایو تێگەیشتنی ئەو پەیامەیە کە دەتوانێ بەهۆی توانای عەقڵانیو شیکردنەوەی راستیەکان ئەو بەهاو پێوەرانە بۆ کۆمەڵگا ساز بکات کە هەموو رەوشو پرسەکان دەخاتە بەردەمی گومانو پرسیار. بیرکردنەوەی عەقڵانیو دیدگای رەخنەیی کە تواناکانی روناکبیر پێکدێنن،وێڕای ئەوەی کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگا سوودمەند دەبێت، بەڵام خودی پرسو رەوشی تایبەتی خودی روناکبیریش دەخاتە بازنەی پەیامو کاری خۆیەوە.واتا رووناکبیر هێندەی خەریکی شیکردنەوەی راستیو بیرکردنەوەی عەقڵانیو رەخنەی بونیادنەری روو لەئایندەیە، هەر بەو جۆرەش هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەڵدەسەنگێنێ. گرنگ نییە روناکبیر لەکام ناوەندو پرسدا کار دەکات، گرنگ ئەوەیە کە هەموو کاتێك ئەم پەیامو کارانەی لەبیربێتو بەقازانجی گشت سوود لەمانەوەربگرێت. تائێستاو هێندەی من بزانم سێ دیدگاو بیروڕای گرنگ بۆ ناوەندی کاری روناکبیر پێشنیازو باسکراون. یەکەمیان، ئەوەیە کە پێی دەڵێن (روناکبیری ئۆرگانیك) کە بیرمەندو تێکۆشەری ناسراوی ئیتاڵیایی (ئانتۆنیۆ گرامشی) باسی کردووە. بەبڕوای گرامشی روناکبیران دەتوانن بەشێکی ئۆرگانیك بن لەدامەزراوەکانداو خاوەن پەیامی عەقڵانی بنو بێگومانیش بەقازانجی گشتی کۆمەڵگا کار دەکەن. دووەم، ئەو دیدگاو بڕوایەیە کە دەبێت

روناكبیر بەشێك بێت لەسازوكاری كۆمەڵی مەدەنیو پرسەكانی خەڵك بۆ هێنانەدی ماف، ئازادی، دادپەروەریو بەشداری گشتی. ئەم دیدگایە لەلایەن زۆربەی روناكبیرانی ناوداری جیهانەوە داكۆكی لێدەكرێتو خۆشیان بەو جۆرە پەیامو كاریان ئەنجام داوە. سێهەم دیدگا، كە دیدگای نووسەرو بیرمەندی گەورە (ئیدوارد سەعید)ەو لەكتێبی (نەخشی روناكبیر) داكۆكی لێدەكات، ئەویش ئەوەیە كە لەم سەردەمەدا میدیاو راگەیاندن زۆرترین كاریگەرییان لەسەر رەوشی روناكبیری هەیەو بۆیە دەبێت یان لەوانەیە، روناكبیر باشتر بتوانێت پەیامو كاری خۆی بنەخشێنێ. من بڕواموایەو داكۆكی لەو دیدگایە دەكەم، كە قەیدی ناكا روناكبیران لەكام لەو سێ ناوەندو پرسانەدا كاردەكەنو ئەو مەسەلەیە بەندە بەبڕواو رەوشی تایبەتی خۆیانو دەبێت رێزی لێ بگرین. لەهەمان كاتیشدا ئەو پەیامە دەدەم بەهاوڕێیانی روناكبیر كە ئەم چەند سەرنجەی خوارەوە لەبیر نەكەن:

١-رووناكبیر دەبێت توانای شیكردنەوەو جیاكردنەوەی عەقڵانی هەبێت بۆ پرسو رەوشەكانو (دەخوازم!) كە پرسی سەرەكی روناكبیری لەزەمینەی شیكردنەوەی عەقڵانیو توانای زانستیدا بێت.

٢-روناكبیر دەبێت لەبەرژەوەندی گشتیو بەتایبەتی لەبەرژەوەندی كەسانی پەراوێزو چەوساوەو زوڵم لێكراودا كاربكەن. بەبڕوای من روناكبیر مینبەری ئەو كەسو لایەنانەیە كە مینبەریان نییە یان لێیان زەوت كراوە.

٣-روناكبیر دەبێت چاك ئەوە بزانێت كە هەڵوێستوەرگرتن بەرامبەر بەپرسو رەوشەكان تەنها سەرەتای كارەو ئەم سەرەتایەش ئەگەر توانای شیكردنەوەی عەقڵانیو دیدگای رەخنەیی بەدیلی نەبێت، بێگومان كورت خایەنو كەم خایەن دەبێت. ئەگەر هەڵوێست سەرەتا بێت، بێگومان شیكردنەوەی عەقڵانی دەبێتە مەبەستو ئامانج.

٤-گرنگترین كاری روناكبیر ئەوەیە كە بزانێت پەیامو كاری ئەو تەنها لەبەرامبەر ئەو كەسو لایەنانەدا نییە كە ئەم هەڵوێست یان سەنگەری لێگرتوون، بەڵكو لەوەشدایە كە هەڵوێستو سەنگەری دڵخوازی خۆشیی شایانی رەخنەو شیكردنەوەی عەقڵانییە. هاوڕێیانی روناكبیر دەبێت بزانن كە هەمیشە هەڵوێستەكان (بەتایبەتی هەڵوێستی سیاسی!) كورت

خایەنو سەنگەرەکانیش بەردەوام تەنگن بۆ باڵەکانی فڕینی روناکبیری.

٥-روناکبیران ئەو کەسانەن کە بەجیاواز لەخەڵکی دیکە بیردەکەنەوە، یان زیاتر جیاوازن لەبیرکردنەوەی دەسەڵاتو سیستمی باو، بۆیە چاکتروایە (یان دەبێت!) بڕوا بەو پەیامە بهێنن و بەو جۆرە کاربکەن کە مەرجی یەکەمی دادپەروەری خوێندنەوەی بەرامبەرە (ئیمانۆیل لیڤیناس). خوێندنەوەی بەرامبەر پەیامو کاری گرنگی روناکبیران بەرەو دادپەروەریو ئازادیو سەربەخۆیی مرۆڤەکان دەبات.

## روانگەی کۆمەڵناسی سیاسی

**زاراوەی** روناکبیران بە شێوەی گشتی بۆ پێناسەی ئەو کەسانە بەکاردێت کە بە زۆری خەریکی کاری فیکریو بیرکردنەوەن. لە هەندێکوڵاتانوشەی روناکبیر بە مانای داهێنەرو رەخنەگریش بە کاردەهێنرێ. بەڵام هێشتا پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ روناکبیران لە گۆڕێ نییە.بەشێوەی گشتی دەتوانین ناسنامەی روناکبیر بۆ سێ دەستە لەوان بخەینە بەر باسو گفتوگۆ:دەستەی یەکەم لە روناکبیران ئەو کەسانەن کە لە بەرهەم هێنانو پاراستنی بەهای ئامانجدارو نەگۆڕدا کار دەکەن لە زەمینەکانی ڕاستی، جوانیو دادپەروەرییدا نەخشو کاریگەرییان دەبێ. لە دەستەی دووەمی پێناسەکاندا، روناکبیران بریتین لە ئەو کەسانەی کە بیروڕاکان ڕادەگەیەنن، یان بونیادنەرانی ئایدۆلۆژیاکانن و یان ئەوانەن کە بە ڕەخنەگرانی هەلومەرجی دەسەڵاتدار ناسراون. دەستەی سێهەم لە ناسنامەی روناکبیرانو بەتایبەتی لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، روناکبیرانوەکو توێژێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنێ کە لە گەشەو بەرەو پێشبردنی فەرهەنگی کۆمەڵگادا نەخشیان هەیە.

روناکبیران بە شێوەی گشتی کە بە زەین یان مێشکی کۆمەڵگا ناسراون هەندێك جار لەگەڵ پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا پەیوەندیان دەبێت یان لە ڕاستیدا مامەڵەیان دەبێتو زۆربەی جاریش لە نێوانی ئەم دووانەدا ناکۆکیو ململانێ ڕوودەدەن. زەینو ئەندێشە لەگەڵ دەسەڵاتو بونیادی سیاسیدا بە دەگمەن ئاوێتەو ئاوێزان دەبن چونکە دەسەڵات ناتوانێ بۆ ماوەی دوورودرێژ کارگوزاری ئەندێشەی ئازاد بێتو هەر کاتێك زەینو ئەندێشەکان پەیڕەوی

هەوڵنامەی ڕێبیر

دەسەڵاتی سیاسی بن، مانای خۆیان لەدەست ئەدەن. روناکبیر ئەو کەسەیە کە " لە پێناوی ئەندێشەو فکردا ژیان دەکات.دڵبەندی ئەو بۆ ژیانی بیریاری زۆر نزیکە لە دڵبەندی ئاینی".[٢]

پەیوەندی نێوان روناکبیرانو سیاسەت بەشێکە لە زانستی کۆمەڵناسی سیاسی. کۆمەڵناسی سیاسیش ئەو زانستەیە کە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە لایەکو سیاسەتو دەسەڵاتو سیستمی سیاسی لە لایەکی دیکەوە دەکاتە بواری تایبەتی خۆی. روناکبیرانوەکو بەشێك لە هێزی کۆمەڵایەتی کاتێك دەچنە ناو سیاسەتەوە، لەهەمان کاتیشدا بەشێك لەزانستی کۆمەڵناسی سیاسی دەنەخشێنن یان ئەو بەشە لەو زانستە بەرهەم دێنن کە پەیوەندیدارە بە لایەنی بیرکردنەوەو سەرنجو تێرامانەکان بۆ ئەفراندنی بیرو ئەندیشە. دکتۆر حسێنی بەشیریە لە کتێبی " کۆمەڵناسی سیاسی "و لەبەشی " روناکبیرانو سیاسەت " دا بەم شێوەیە باسی نەخشی کۆمەڵناسی سیاسیو فیکری روناکبیران دەکات : " بەشێوەی گشتی روناکبیران، بەپێی پێناسە جیاوازەکان، ئەو کەسانەن کە لە چوارچێوەکانی نەریتیو دەسەڵاتدارو لە هەموو زەمینەکاندا فراوانتر دەچنە پێشەوە. بەها تازەکان بەرهەم دەهێنن، یان روخساری نویٚ بۆ بەها کۆنەکان پەیدا دەکەن، دەزگا فکرییە تازەکان پێشنیار دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەلایەنە جیاوازەکانی ژیان، بەهۆی بەکارهێنانی ئەندێشەو توانای رەخنەییەوە دەچنە ناو چارەسەری پرسو کێشە پراکتیکییەکانەوە، فەلسەفە تازەکانی ژیان ئەفراندن دەکەن، رەخنە دەگرن لە هەلومەرجی پایەداری کۆمەڵایەتیو سیاسی یان بەکورتی لە چوارچێوەی کۆنو نەریتی ئەندێشە، فەرهەنگ، زانستو هونەر فراوانتر بیردەکەنەوە ".[٣]

روناکبیران لەبەرئەوەی بەردەوام هەلومەرجی پایەدارو دەسەڵاتدار رەخنە دەکەن، بۆیە بە " چەپ " دەناسرێن. دیمون ئارۆن، کۆمەڵناسی ناوداری فەرەنسی لەکتێبی " ئەفیونی روناکبیران " لەو بڕوایەدایە کە یەکێك لە تایبەتمەندییە رەسەنەکانی روناکبیری دڵنیابوونەوەیە لە ئامانجەکانی پێشکەوتن، ئازادیو یەکسانی لە جیاتیو لە بەرامبەری ئایین، دەسەڵاتو خێزان.

گرنگترینو دیارترین تایبەتمەندیەکانی روناکبیران لە پێناسەو دیدگا جیاوازو فرەکاندا بریتین لە : هێنانەدی بیرو ئەندێشە تازەکان، فروانتر رۆیشتنو دەرباز بوون لە نەریتو چوارچێوە باوەکانی بیرکردنەوە، گرنگیدان بە بەرژەوەندی گشتی، ئەنجامدانی کاری فکری بەردەواموەکو پیشەی سەرەکی ( لەبەرامبەر کاری جەستەیی)، رەخنە لە هەلومەرجی

دەسەلاٚتداری سیاسیو كۆمەلاٚیەتی،وابەستە نەبوون بە پەیوەندی چینایەتی تایبەت، باسو لێكۆڵینەوەكان دەربارەی پەیڕەوو ئایدۆلۆژی سیاسی، خستنەڕووی شێوە تازەكانی ژیان، بیركردنەوەی عەقلاٚنی دەربارەی پرسەكانی كۆمەڵگاو سیاسەتو فەرهەنگ، هۆشیاریو ئاگایی دەربارەی ناكۆكیو ململانێكانی ناو كۆمەڵگا دەربارەی دەسەلاٚتی سیاسی، بەرهەم هێنانو گەیاندنی فەرهەنگ، داهێنانی تیۆرەكانی كۆمەلاٚیەتی، پابەندبوون بە ڕەهەندی عەقلاٚنی ژیانی كۆمەلاٚیەتی لە بەرامبەر ڕەهەندی بابەتیو نەریتی، خستنەڕووی بەرنامەو نمونەكانی ژیانی گشتی، پشت كردنە نەریتەكانی گشتی ڕابردوو، ڕێنمایی كۆمەڵگا بەرەو خواستو پەیوەندییە ڕاستیەكان لەبەرامبەر هەموو هەلومەرجێكی باو، ناسینی كێشەو ناكۆكییە سەرەكیەكانی كۆمەڵگاو پێشنیازكردنی ڕێگا چارەو پێشبینی كاروانی ئاییندە، سەرلەنوێ بیركردنەوەو بیركردنەوەی نوێ، گرنگیدان بە بیرو باوەڕی مرۆڤایەتیو جیهانی لەبەرامبەر نەژاد گەراییو پەراوێز نشینی، دەردناسی كۆمەلاٚیەتیو خستنەڕووی ڕێگا چارەكان بۆ چارەسەری دەردەكان.

دەربارەی فەلسەفەوپەیڕەوی ڕەسەنی ڕووناكبیر، بیرمەندی گەورەی ئەڵمانی فیختە دەڵێ : " بیركردنەوەی روناكبیر دەبێت بۆ سوودی كۆمەڵگا بەكاربێت. روناكبیر دەبێت خەڵك بەنیازو پێویستییە ڕاستیەكانیان ئاشنا بكاتو هۆكارەكانی ئەو نیازانەش بۆ ئەوان ڕۆشن بكاتەوە ".

ئەگەر چی لەوانەیە روناكبیران بەشێوەی كارا بەرامبەر هەلومەرجی نەریتیو دەسەلاٚتدار خەبات نەكەن، بەلاٚم بەردەوامووەكو بەشێك لە نیازی كاری بیركردنەوەیان، هەلومەرجی ئێستا دەخەنە بەرامبەر ڕەخنەو داوای گۆڕانو بەرەو پێش چوون دەكەن.

# پەیوەندی نێوان رونا کبیر و سیاسەت

**نەخشی** سیاسی روناکبیران یان پەیوەندی نێوان روناکبیرو سیاسەت لەلای ( تۆم باتامۆر ) لە دوو زەمینەدا بەرجەستە دەبێت :

١ – لە بەرهەم هێنانی بیروباوەڕە سیاسیەکاندا.

٢ – لە رابەری بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکاندا یان لەناو پارتە سیاسیەکاندا.

ئەندێشە سیاسیە تازەکان لەوەڵامی ڕاستەوخۆ بۆ رەوش‌و هەلومەرجەکانی بزووتنەوەکان، پارتەکان‌و ڕێکخراوە سیاسیەکان هاتوونەتەدی‌و بیرکردنەوەی سیاسی هەردوو سەدەی نۆزدەو بیست لەم زەمینەدا ئاشکراو دیارن هەروەها بیرکردنەوە سیاسیەکان بەدەوری خۆیان کاریگەر دەبن لە ژیانی سیاسی ناو کۆمەڵگا. لەم رەوشەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان ئەندیشەو کار لە ژیانی سیاسیدا چییە ؟ بیروباوەڕەکان‌و لێکۆڵینەوەو هەڵوێستەکانی بیرمەندانی سیاسی لە خەبات‌و ناکۆکی سیاسیدا چ نەخشێکیان هەیەو چۆن بیرکردنەوەو کاری سیاسی ئاوێتە دەبن‌و روناکبیران لەگەڵ سیاسەتدا چ پەیوەندییەك بەرقەرار دەکەن ؟

بە بڕوای ( باتامۆر ) ئاوێتە کردنی تیۆرو کاری سیاسی لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو هەلومەرجە نیشان دەدات کە لێکۆڵینەوەی بەردەوام لە سیاسەتدا تەنها کاری دامەزراوە سیاسیەکان نییە. ئەگەر چی کارو تیۆری‌و شیکردنەوە سیاسیەکانی دەزگاو زانکۆکان، هەروەکو زانستە کۆمەڵایەتیەکان کاری شایانی باسیان ئەنجامداوەو کاریگەری بەرچاویان هەبووە. بەڵام زۆرێك لە بیرمەندانی سیاسی ناودارو بەرجەستە لە دەرەوەی زانکۆکان بە توندی‌و پەیگیرانە بەشدار بوون لە خەباتە سیاسیەکانداو ئەوان بوون زۆربەی بیرو تیۆرە سیاسیەکانیان ئەفراندووەو بەشێك لە گرنگترین دەقە تیۆری‌و سیاسیەکانی سەدەی نۆزدەو بیست لە دەرەوەی زانکۆو دامەزراوەکاندا هاتوونە ژیان. [٤]

هەروەها نەخشی روناکبیران‌و بەتایبەتی بیرمەندان لە ئەفراندنی بیرو ئەندێشەو تیۆرسازی‌و خستنەڕووی تیۆرو چوارچێوە سیاسیەکان یان لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی

چەمك‌و تیۆرەكانی كۆمەڵایەتی‌و ئایدیۆلۆژیای بزووتنەوە كۆمەڵایەتی‌و سیاسیەكان، دیسان لەكاری سیاسی‌و سازمەندانی بزووتنەوەو پارتە سیاسیەكان، یان لە رابەرایەتی ئەو پارت‌و بزووتنەوانەدا بەشێكە لە ژیانی سیاسی زۆربەی كۆمەڵگا مۆدێرن‌و هاوچەرخەكان. نەخشی سیاسی روناكبیران لە سەدەی بیست‌و بە تایبەتی لەوڵاتانی تازە پەرە ئەستێن‌و لەرابەرایەتی بزووتنەوەكانی رزگاری‌و سەربەخۆیی یان لە دژی ئیمپریالیزم لەوڵاتە داگیركراوەكاندا، هەروەها لە بزووتنەوە دیموكراتیەكانی ئەموڵاتانەدا دیاردەیەكی بەر چاوو درەخشانە. زۆربەی روناكبیرانی‌وڵاتانی تازە پەرە ئەستێن لە چینەكانی ناوەراستی نوێ بوون لەو گۆران‌و رووداوەكانی ئەموڵاتانەدا نەخشی گرنگیان بینیوە.(٥)

د.حسین بەشیریە لە هەمان كتێبی ناو براوداو لە بەشی " روناكبیران‌و سیاسەت " دا نەخشی روناكبیران لە سیاسەتدا لەم سێ خاڵەدا باس دەكات :

## ١ – رەخنە لە سیستمی سیاسی

رەخنە لە سیستمی سیاسی لەوانەیە بە شێوەی نەفی‌و رەتكردنەوەی تەواوی سیستمی سیاسی بێت. روناكبیران لە شۆرشەكانی ئەوروپادا بەم شێوەیە نەخشیان نواندووە. بەڵام هەندێك لە روناكبیران‌و لەوڵاتانی دیموكراتیك‌و مۆدێرن تەواوی سیستمی سیاسیان نەخستۆتە ناو رەخنەوە، بەڵكو سەرەرای پەسەندكردنی چوارچێوەی گشتی ئەو رژێمە، بەڵام دیسان رەخنەگر بوون لە هەندێك لایەن‌و سیاسەت‌و هەلومەرجی ئەو

هەندێك لە روناكبیران‌و لەوڵاتانی دیموكراتیك‌و مۆدێرن تەواوی سیستمی سیاسیان نەخستۆتە ناو رەخنەوە، بەڵكو سەرەرای پەسەندكردنی چوارچێوەی گشتی ئەو رژێمە، بەڵام دیسان رەخنەگر بوون لە هەندێك لایەن‌و سیاسەت‌و هەلومەرجی ئەو سیستمە.

سیستمە. پەیدابوونی دەوڵەتی خۆشگوزەران ( رفاه ) لە ڕۆژئاوا، زەمینەو هۆكارێكی بەهێز بوو لە میانڕەوكردنی مەیلو دیدگای روناكبیران. بەم شێوەیە نەریتی ڕەخنەی ڕوناكبیری لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیو كۆمەڵایەتیدا، بێگومان ئاڵوگۆڕ دەكات.

هەروەها روناكبیران نەخشی گرنگو كاریگەریان هەبووە لە بزووتنەوە كۆمەڵایەتیەكانو لە كۆكردنەوەی هێزو ڕێكخراوكردنی شۆڕشەكاندا. هێنانەدی ئەندێشەو ئایدۆلۆژیاكان بۆ هێنانەدی شۆڕشەكان یەكێك بووە لەوێستگە مێژووییەكانی كاری روناكبیران. هەڵسوڕانی روناكبیران لە بواری سیاسەتداو لە زۆربەی كۆمەڵگاكاندا، كەمتر بە شێوەی بەشداری ڕاستەوخۆ بووە لە ناو دەسەڵاتو ژیانی سیاسیدا، بەڵكو زیاتر لە ڕێگای كاریگەری بووە لەناو ڕای گشتیو لەناو جەماوەرو بزووتنەوەكاندا. كاری گرنگی ڕوناكبیر لەناو سیاسەتدا زۆربەی جار بە هۆی هێنانەدی بزاڤە فكریو ڕۆشنگەریەكان بووە لەناو پارتو بزووتنەوە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكاندا.

## ٢ – بەشداری روناكبیران لە ژیانی سیاسی

نەیاریی روناكبیران بەرامبەر بە دەسەڵاتی سیاسی، یان ڕەخنەی ئەوان لە هەندێك سیاسەتو لایەنی دەسەڵاتی سیاسی نابێتە هۆكاریوازهێنان لە ژیانی سیاسیو بەشداری ئەوان لە سیاسەتدا سنووردار نابێت بە بەشداری یانوازهێنانیان لە دەسەڵاتی سیاسی. روناكبیران دەتوانن دەبێت بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ژیانی سیاسی دا كاراو كاریگەربن.

كاریگەری ناڕاستەوخۆی روناكبیران لە ژیانی سیاسیدا زۆربەی جار گەلێك گرنگترە لە بەشداری ڕاستەوخۆی ئەوان لە سیاسەتدا. بەرهەم هێنان یان بلاْوكردنەوەی ئەندێشەو بیروباوەرە سیاسیەكان لە هەموولاْتان كاری روناكبیران بووە. بلاْوكردنەوەی بیروباوەڕەكانی شۆڕش، ڕیفۆرم، ناسیۆنالیزم، سۆسیالیزم، ئەنترناسیۆنالیزمو لیبرالیزم بەبێ بوونی روناكبیران شایانی بیركردنەوەو پەرەسەندن نەبووە. ( هاینریش هاینە) شاعیرو بیرمەندی ئەڵمانی دەربارەی نەخشی روناكبیران دەڵێ : ( هۆشداربن ئەی پیاوانی سەر بڵندی كار ! ئێوە شتێك نین جگە لە هۆكارو ئامرازی ناهۆشیار لە دەستی پیاوانی ئەندێشەدا

كە زۆربەی جار لە گۆشەنشینیو كەمدەستیدا ئێوەیان بەكار هێناوە. ماكسیملیان رۆبسپێر شتێك نەبوو، تەنها دەستی جان جاك رۆسۆ بوو ) .

بەشداری روناكبیران لە سیاسەتدا شێوەی جۆراوجۆری هەیە. لە ناویاندا كاریگەری هەژموندار لە سیاسەتی دەوڵەتو حكومەتدا یان لە ناو خەڵكو رای گشتیدا ، بەشداری لە ژیانی سیاسیو بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، راوێژكاری سیاسیو فۆرمۆلەكردنی سیاسەتو رێوشوێنەكانی. روناكبیران لە هەمووولاتان بە ناونیشانی گرووپەكانی نەیارو ئۆپۆزسیۆن لە بەرامبەر سیاسەتەكانی حكومەتەكان دەناسرێن، یان لە دامو دەزگاكانی حكومەت بەشدارن. بەڵام زۆر بەدەگمەنو لە هەمووولاتان تیۆرو بیروباوەرو نەخشەرێگای ئەوان لە سیاسەتو دەسەلاتەكاندا پەسەند دەكرێن.

لە كۆمەڵگا مۆدێرنەكاندا هەلو ئەگەری زیاتر بۆ بەشداریو كاریگەری روناكبیران فەراهەم دەبێت. لەوانەیە لە هەندێكولاتان روناكبیرانوەكو تاك بەشدار بن لە ژیانی سیاسیو لە دەسەلاتدا، یانوەكو راوێژكارانی دەسەلاتە سیاسیەكان كاربكەن. هەندێك جار روناكبیرانوەكو نوێنەر یانوتەبێژانی گرووپە سیاسیو دەسەلاتدارەكانیش كار دەكەن.

بەرهەم هێنان یان بلاوكردنەوەی ئەندێشەو بیروباوەرە سیاسیەكان لە هەمووولاتان كاری روناكبیران بووە.

## ٣ - كەنارگرتن یانوازهێنان لە سیاسەت

گۆشەنشینی یان كەنار گرتن لە سیاسەت لەناو هەموو گروپە كۆمەلایەتیەكانو لە هەلومەرجی تایبەتیدا دەبێتە دیاردە. لە هەلومەرجەكانی كارەسات یان هەستی نائارامیو بلاوبوونەوەی تەوەهومو بێباوەڕی یان لەو هەلومەرجانەدا كە ئەگەری گۆڕانو بەرەوپێش چوون كەم دەبێتەوە،وازهێنان

هەوالنامەی كتێب

لە سیاسەتو کەنارگیری بەرەو زیادبوون دەچێت. لە ڕوانگەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا کەنار گرتن لە سیاسەت بە شێوەی گشتی هاوڕێیە لەگەڵ دیاردەکانی ترسو نەزۆکیو هەستی ڕقو بەدبینیدا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیدا هەلومەرجی پەراوێز نشینی یان پەراوێز کردن زەمینەیەکی گونجاو بۆ دیاردەیوازهێنان لە سیاسەت بەرهەم دێنێ. هەروەها لە زۆربەیوڵاتان بەشێکی زۆر لە ژنان، کەمایەتیەکان، لاوانو روناکبیران لەو هەلومەرجەدا بەسەردەبەن. بە شێوەی گشتیوازهێنان لە سیاسەت یان دوور کەوتنەوە لە ژیانی سیاسی لە ئەنجامی سێ هۆکارەوە دەبێت : یەکەم، نەبوونی هۆکارو متمانە بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی ( هۆکاری دەروونناسیو فەرهەنگی ) .

دووەم، نەبوونی هۆکارو توانای پێویست (وەکو خوێندن، زانین، پەیوەندی، سازمانو ڕێکخراو ).

سێیەم، نەبوونی هەلی کار لە ڕوانگەی سیاسیدا لە ئەنجامی داخرانی سیستمو پێکهاتەی سیاسی. سەبارەت بە روناکبیران، کەنار گرتن لە سیاسەت لە ئەنجامی هۆکاری سێهەمەوە دەبێت.

دوور کەوتنەوە لە سیاسەت لە نێوان روناکبیراندا لەوڵاتانی هەژموونخوازو توتالیتاردا زۆر بڵاوە، تا ئەو ڕادەیـەی کە هەندێك ئەم هەلومەرجە ناو دەنێن " کۆچ یان ئاوارەیی دەروونی ". پەیوەندی نێوان روناکبیرانو ڕژێمە هەژموونخوازە داخراوەکان زۆر ئاڵۆزە. لەلایەك حکومەتو دەسەڵات خەریکی سەرکووتی ئاشکراو نهێنی یان سەپاندنی سیاسەتو بیروباوەڕەکانی خۆیەتی بەسەر روناکبیران یان دەیەوێت روناکبیران بکاتە بەشێکی بێوتار لە خۆی. لە لایەکی دیکە روناکبیران دەستدەکەن بە ڕەخنەی ئاشکراو نهێنی یان سیمبۆلیکی حکومەت. لە شۆڕشو ڕاپەڕینو خۆپیشاندانەکاندا بەشێك لە روناکبیران دەچنە ناو ژیانی سیاسی یەوە، بەڵام زۆربەی جارەکان یان بە شێوەی گشتی ئەم هاوکارییە پایەدار نابێت. نەریتو هەڵسوکەوتی ژیانی روناکبیرانە لەگەڵ نیازو پێداویستی ژیانی سیاسیدا سازگار نین. یەکێك لە ڕەوشو دیاردەکان ئەوەیە کە ناکۆکیو نەیاری نێوان دەسەڵاتدارانی تازەو روناکبیرانی پشتیوانی ئەوان بەشێکە لە ژیانی سیاسیوڵاتانی داخراو یان هەژموونخواز.(٦)

# ماهیەتی روناکبیری تەنها سیاسی نییە !

روناکبیران وەکو کەسانی ئازادو سەربەخۆ پەیوەندی بەهێزیان بە ڕاستیو حەقیقەتەوە هەیەو لەگەڵ ژیان لە ڕاستیداو لە پێناوی ڕاستیدا دەژینو لە دژی درۆو فریو ئەندێشەو بیروباوەڕی خۆیان بە خەڵك دەگەیەنن. روناکبیران لەم هەلومەرجەدا ڕووبەڕوو دەبن لەگەڵ پرسە گرنگەکانی خەڵكو دەبێت بۆ ئاشتیو ئاسایشو مافو ئازادی خەبات بکەنو بیربکەنەوە. هێنانەدی هەلومەرجی ئاشتیو مافو ئازادی تەنها لە ڕێگای بەشێکی تازە لە روناکبیران مەیسەر دەبێت کە پرسە ڕەسەنو بونیادییەکانی کۆمەڵگا بۆ ژیانی ئایندەو شایستە دەبێتە پرسی سەرەکیو زەمینەی بیروباوەڕییان.ئەم شەپۆلە لە روناکبیران، بێگومان ئەوانە نین کە تەواوی هەوڵو خەمی خۆیان بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسیو ئایدیۆلۆژیەکان تەرخان دەکەن، بەڵکو ئەو کەسانەن کە بیر کردنەوەو تیۆری سیاسیان تەنها لە سنوری بەرژەوەندی سیاسی ئایدیۆلۆژیدا نامێنێتەوەو پێوەرو دیدگای ئەوان بەرژەوەندی ڕاستینەی هەمووانە.

هەڵوێستو چالاکی روناکبیرانە تەنها ماهیەتی سیاسی نییە، بەڵکو دژایەتیو ناکۆکی بەردەوامە بەو ڕەوشەی کە ( میشیل دوسیرتو ) بە " باوەڕی سەپێنراو " ناوی دەبات. [٧] روناکبیرانی هەڵسوڕاو لە بواری کۆمەڵی مەدەنیو ڕای گشتییدا دەبێتوەکو ڕەخنەکارانو نەیارانی ئەم باوەڕە سەپێنراوانە کاربکەنو هەوێنو مایەی نوێ بۆ ژیانی سیاسی بە دەست بهێنن. مەیلو ئارەزوو بۆ گفتوگۆی ڕەخنەیی لە بەرامبەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیك یان هەروەکو میشیل فۆکۆو ئیدوارد سەعید ناوی دەنێن " ڕاستیوتن بەرامبەر دەسەڵات "و سیاسەت. روناکبیران لەم زەمینەیەدا دەبێت ڕەوشو هەڵوێستی خۆیان لە دەرەوەی هێزو سیاسەت تەنانەت لە دەرەوەی جەماوەریش پێناسە بکەنو بە شێوەی تەواو بونیادیو بوونناسی چەمکی" مەیدانی گشتی " بخەنە بەر پرسیارو شیکردنەوە. روناکبیر تەنها کاتێك دەتوانێ کە پارێزگاری خەڵكو کۆمەڵی مەدەنیو مەیدانی گشتی ( مانگرتنو خۆپیشاندان بە نموونە) بێتو هەڵوێستی گفتوگۆی ڕەخنەیی لەگەڵ هەمووان هەبێت، کە سەربەخۆییو ئازادی خۆی بپارێزێو

تەنانەن ئەگەر ئەو ئازادیو سەربەخۆییە بەرامبەر بەو پرسو خەڵکانەش بێت کە داکۆکییان لێدەکات. لە بەرامبەر خودو بکەرانی سەرەکی ناو کۆمەڵگا،وەکو دەوڵەتو دەسەڵات، یان هێزە سیاسیەکان کە بانگەوازی نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن، دەبێت روناکبیروەفادار بێت بۆ پرانسیپە فکریو بیرو باوەڕە مرۆڤدۆستەکانی خۆی. لەبەرئەوە دەبێت روناکبیران دیدگاو پێوەرە گشتییەکانی ئەخلاقو بیرکردنەوەی تازە بۆ بەیانو گفتوگۆی گشتی لە مەیدانی گشتیدا ئافەریدە بکەن.

بەهاو شایستەیی ئەم کارو بیرکردنەوەیە تەنها بەهۆی بەشداری کردن نییە لە هونەری سازمەندانی کۆمەڵگا یان بەشداری کردنو ڕابەرایەتی مەیدانی گشتی ( خۆپیشاندنو نارەزایی بەنموونە )، بەڵکو پەیوەندیدارە بەو خاڵەشەوە کە ئەم هونەرو بەشدارییە یان ڕابەرایەتیە لە خۆیدا خاوەن کەموکوڕیو لاوازیشە. هەڵوێستی بەشداریو لەهەمان کاتدا رەخنەییو بەتایبەتی گفتوگۆی ڕەخنەیی بەشێکە لە نیگای فەلسەفی بەرامبەر بە پێکهاتو ژیانی سیاسی، لە نەیاری بۆ دیدگاو پێکهاتەی حزبی یان ئایدولوژیكو لەهەمان کاتدا نەیارو ڕەخنەگریشە لەوتاری نارەخنەیی سیاسەتی حیزبیو روناکبیری سیاسی. هەڵویستو بیرکردنەوەی روناکبیرانە لێرەدا دەبێتە هەڵوێستی رۆشنگەری کە دەتوانێوەکو سیاسەتی گومان باوەڕی لەبەرامبەرو لە نەیاری دیدگای ئایدیۆلۆژیو نافەلسەفی.

روناکبیر دەبێت خاوەنی هۆشیاری تایبەتیو تاکانەی خۆی بێت کە عەقڵی سیاسی باو دەخاتە ژێر گومانو پرسیار، ئەمەش بەو مانایە دێت کە روناکبیر لە پێناوی ئەندێشەی رەخنەییو کاری ڕەخنەییدا دەبێت هەمیشە ئەخلاقو

جوانناسی بخاتە پێش سیاسەتەوە. بەداخەوە ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە تا ئێستا لە رۆژهەڵاتو بەتایبەتی لەوڵاتی ئێمە روویندەداوە. بەرپرسیاریی ئەخلاقیو بیرکردنەوەی جوانناسی هێشتا لە پێش سیاسەتەوە ناخرێنە رووو هێشتا سیاسەت بڕیار دەدات لە بیرکردنەوەو هەڵوێستی روناکبیریو بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە روناکبیر دەچێتە ناو سیاسەتەوە.

روناکبیرانی سیاسی یان روناکبیرانیوڵاتی ئێمە هێشتا توانای ئەوەیان نییە، یان نایانەوێت گرنگیو کاریگەری بوونناسی چەمکی بەرپرسیاریی بناسن یان لێی تێبگەن. ئەوان تائیستا نەچوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنها پایەی رەسەنو تەوەری کارە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، بریتییە لە بەرپرسیاریی ئەخلاقی. بەرپرسیاری فراوانتر لە خێزان، کار، نیشتمانو سەرئەنجام بەرامبەر بە لایەنی سیاسی دڵخواز. دەبێت ئەم بەرپرسیارییە بەرامبەر بە رەوتی مێژوو بێت،واتا بەرامبەر بەوشتەی کە تەواوی کارەکانمان دەبێت بەشێوەی فەرامۆش نەکراو بنوسرێت، تا ئەو جێگایەی کە دەبێ ئەوە پەسەند بکەین کە خۆشمان دەبێت بچینە ژێر داوەری لێپرسینەوە.

ئەگەر روناکبیران فراوانتر لە سیاسەتو لە دەرەوەی پابەندی سیاسی یان پابەندی نیشتمانیو نەتەوەییو تەنانەت فراوانتر لە پابەندیی جەماوەری تەماشای ئەم دیدگا فەلسەفیو بیرکردنەوە بوونناسیو مێژووییە بیربکەنەوەو هەڵوێست بنوێنن، بێگومان دەتوانن نیشانەکانی مرۆڤدۆستیو ماناکانی ئاشتی گشتی بکەنەوتارو دیدگای رەخنەیی خۆیان.

مینبەری سیاسی روناکبیرو مەبەستی سەرەکیوتاری روناکبیری داکۆکی کردنە لە قوربانیانو ئەو بەشە لە خەڵك کە ناتوانن دەنگی خۆیان بە گوێی کەسانی دیکە بگەیەنن.

**دەنگی روناکبیر، دەنگی ئەو کەسانەیە کە بێدەنگ کراون. هێزی روناکبیر هێزی ئەوانەیە کە بێهێز کراون یان پەراوێزخراون.**

دەنگی روناکبیر، دەنگی ئەو کەسانەیە کە بێدەنگ کراون. هێزی روناکبیر هێزی ئەوانەیە کە بێهێز کراون یان پەراوێزخراون. روناکبیر دەبێت لە پێناوی ئەفراندنی ئەو بەهاو پێوەرانە بیربکاتەوەو خەبات بکات بۆ هێنانەدی سیاسەتی مرۆڤدۆستانەو ئاشتی پەروەری بەسوود دەبن. ئەموتەیە بەو مانایە دەبێت کە چالاکی سیاسی روناکبیران بەتوندی بەو پرسەوە گرێدراوە کە چ شتێك حەقیقەتو ڕاستیە لەدژی درۆو فریو ؟ ئەو شتەی کە حەقیقەتەو کە دژی درۆو فریوە چۆن بەدەست دێت ؟ بێگومان ئەگەر روناکبیران ببنە بەشێکی جیانەکراوە لەسیاسەتی ڕۆژ یان سیاسەتی دەسەڵاتدارووەکو ئەو سیاسەتانە بەڵێن بدەن کە بەهەشت نزیکەو شایانی بەدەست هێنانە، ئەوسا ناتوانن لە حەقیقەتو بۆ حەقیقەت ژیانو خەبات بکەن. هەر بۆیە ئەوەی ئێستا ئێمە نیازمەندین، دروشم نییەو تەنانەت سیاسەتیش نییە، بەڵکو قووڵبونەوەی فەلسەفیو تێڕامانی رەخنەییە کە بتوانێ هۆشیاری بیرکردنەوەو ڕەخنەمان بەرەو شێوەیەك لە پرۆژەی رۆشنگەری بەرێت، کە پێویستمان بە دوژمن دروست کردنو تۆمەتباریو توورەیی نابێت.

بە دوژمن ناسینی ئەوانی دیکە، یان دوژمن دروست کردن، بڕوای بەو بیرەیە کە تاکەکان، فەرهەنگەکانو نەتەوەکانو تەنانەت چینەکانو بەشەکانی ناو یەك کۆمەڵگا تا دەگاتە پەیڕەوە سیاسیەکان، بونەوەرە لەیەك جیاوازەکانو فەرهەنگێك یان باوەڕێك لە بەرامبەر کەسانی نامۆو غەیرە، سیاسەتو پەیڕەوو سیستمێکی داخراوە. کارەسات لەوەدایە کە روناکبیری دوژمن ساز یان روناکبیری سیاسی هەموو ئەوانەی کەوەکو ئەو بیرناکەنەوە بە دوژمنیان دەزانێ، کاتێك دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە یان دەیەوێ ببێت بەرابەری جەماوەر (وەکو رەوشی روناکبیرانی سلێمانی لە خۆپیشاندان ) ئەو سیاسەتە دوژمنکارانە بەکاردەهێنێو تیۆریو ئەندێشەی بۆ ساز دەکاتو لە مینبەری سیاسی گشتییەوەوتار دەداتو توڕە دەبێو هەڵوێستی سیاسی دەنوێنێ. لەوەش کارەسات تر ئەوەیە، کە هەندێك لە روناکبیران لە پێناوی ئامانجی سیاسی ( لەدژی لایەكو لە بەرژەوەندی لایەکی دیکە ) باس لەو یۆتۆپیایە بکات کە هێزەکەی خۆیان بەوپەڕی ئازادیو هۆشیاریو سەربەخۆییو بوێری باسبکات. دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە زۆرێك لە روناکبیرانیوابەستە بە فاشیزم، ستالینیزم، بەعسیزمو بونیادگەرایی ئیسلامی هەمیشە دەبێت دوژمنێك هەبێت کە ئەوان مەیدانی گشتیو سیاسەتی جەماوەری لێ هانبدەن. روناکبیرانی فاشیزم دوژمنی نەتەوەیان



هەواڵنامەی کتێب

سازدا، هی ستالینیزم دوژمنی نیشتمانی سۆڤیەتی سۆسیالستیو بەعسیزم دوژمنی حیزبو گەلو بونیاد گەرایانی ئیسلامی دوژمنی خواو دین. دوژمن سازیو هەوڵنەدان بۆ ڕێگا چارەی ئاشتیو ئازادیو دادپەروەری بۆ هەمووان، سەرەڕای ئەوەی کە هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژیکە، بێگومان دەکەوێتە خانەی فاشیزمو لۆمپەنیزمەوە.

## ڕونــــاکــبیران و لــــۆمپەنیزم

" **ئەو** چەمکەی کە ئێمە لە فەلسەفەی سیاسیدا بەناوی " لۆمپەنیزم " دەیناسین،واتە ئەو زاراوەیەی کە لە مارکسیزمیشدا هاتووە، لە ڕاستیدا بۆ ئەو گرووپانە یان ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە چینی کۆمەڵایەتیان زۆر ڕۆشـن نییە. ئەم گرووپە، بەشێوەی هێزو بەکرێگیراوانی جەماوەری لە ئایدیۆلۆژییە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەمدا نەخشی کاریگەرییان هەبووە. ئایدیۆلۆژیای تۆتالیتاروەکو فاشیزمو ستالینیزم سوودی زۆریان لەو کەسانەوەرگرتووە کە لۆمپەن بوون.بەڵام پاشانوشەی " لۆمپەنیزم "وەکو زاراوەی سیاسی بەکارهاتووە".[٨]

بەڵام ئەمڕۆ کە دەربـارەی لۆمپەنیزم دەدوێـین، مەبەستمان لەو کەسانەیە کە هیچ ئەخلاقو ئاکاری مەدەنییان نییەو هەستی بەرپرسیاریی ناکەن، هەروەها ئەو کەسانەن کە پێڕەوی لەیاساو ڕێساکانی هاووڵاتی بوون ناکەنو مافەکانی تاکو مەدەنیەت لەلایان بەهاو گرنگییان نی یە.لە هەمووولاتانی دنیا، لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا ڕووبەڕووین. یەکێك لە ئەرکە ڕەسەنەکانی ڕوناکبیر خەباتە لە دژی لۆمپەنیزمو بەتایبەتی لۆمپەنیزمی سیاسی. لۆمپەنیزم لەبەرئەوەی کە هەمیشە پەنا دەباتە بەر توندو تیژی سیاسیو سەرانەو هەوڵدان بۆ دروستکردنی باندی سیاسی توندوتیژ، هەر بۆیەش پێویستی بە توندو تیژی فکری هەیە،وەکو درۆوتنو قەبەکردنی شتەکان. لەکاتێکدا ڕوناکبیربوون خەباتو تێکۆشانە لە پێناوی حەقیقەتدا، هەڵبەت نەك حەقیقەتی ڕەهای ئایدیۆلۆژیك، بەڵکو حەقیقەتی ئەخلاقیو بەرپرسیاری. ئێمە ئەو ئاسۆیەی کە بیری بۆ دەکەینەوە، کە هەمان ئاسۆی ڕاستیو حەقیقەتە. بەڵام لۆمپەنەکان دەیانەوێ ئەم ئاسۆیە لە ناوبەرنو

لە ڕێگای درۆ، ڕیا، فریو، جەنجاڵ، توندوتیژی بەرهەم بهێنن‌و لە ڕاستیدا ڕێگامان نادەن هێزی لێك جیاکردنەوەی پرسەکانمان هەبێت، روناکبیر ئەو کەسەیە کە دەبێت هێزو توانای جیاکردنەوەی درۆی لە ڕاستی هەبێت. دروست‌و نا دروست بناسێ‌و لە پرسە جیاوازەکاندا بەکاریان بێنێ.

هەڵوێستی روناکبیر لە سیاسەت‌و لە کۆمەڵگادا جیاکردنەوەی سنوورە لە نێوان روناکبیری‌و لۆمپەنیزمدا. ئەمەش بەو مانایە نییە کە کام پەیڕەوی سیاسی، ئایینی یان فەرهەنگی هەیە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە روناکبیران نابێت‌وەکو لومپەنەکان درۆ بکەن، فریوی خەڵك بدەن، یان شتەکان زل‌و قەبە بکەن‌و جەنجاڵی دروست بکەن.واتا نابێت‌وەکو لۆمپەن بیربکەنەوەو بنووسن.کاتێك کە لایەنگیری لە پرسێك یان هەڵوێستێك دەکەن، کە بێگومان ئەمە مافی خۆیانە، نابێت لایەنەکانی دیکە نەخوێننەوە یان پەراوێزی بخەن. روناکبیر کەسی توندوتیژو قسە ڕەق‌و بێ ئەدەب نییەو تەنانەت لە ڕەخنە لە بەرامبەر نەیارانیشی، بەڵکو لێبوردەو سنگ فراوان‌و تەحەمولی جیاوازی دەکات. نەك تەکفیرو جنێوو بوختان هەڵبەستن یان نادیدە گرتنی بەرامبەر. لەو کاتانەدا دیدگای پرس‌و خستنەڕووی ڕاستیەکان لەلای روناکبیر شکست دەخوات‌و لە ڕوانگەی زمانەوانی‌و فکری‌و زەینیدا دەگاتە پلەیەك لە لۆمپەنیزم.

یەکێك لە کارو مەبەستە گرنگەکانی روناکبیری ڕاستینە لە بەرامبەر روناکبیری سیاسی یان لۆمپەن ئەوەیە لە بەرامبەر " لۆمپەنیزم " خەبات بکەن‌و داکۆکی لە کۆمەڵگاو ئازادی‌و ماف‌و ئاشتی بکەن.هەروەها دەبێت لە دژی لۆمپەنیزمی ئەندێشەو لۆمپەنیزمی کۆمەڵایەتیش خەبات بکەن. ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە روناکبیر بەرەو ئایدیۆلۆژی نەڕوات‌و خۆی نەخاتە زیندانی ئایدیۆلۆژیەکانەوە. چونکە ئەگەروابکات ناتوانێ لە پێناوی حەقیقەت‌و حەقیقەتە جیاوازەکاندا خەبات بکات. روناکبیر دەبێت لە هەلومەرجی دیاردەناسی‌و مەعریفە ناسیدا قەرار بگرێت‌و لەو ڕەوەندەوە بتوانێ کە ژیان‌و خەباتی لە پێناوی حەقیقەتدایە.

یەکێك لە ڕەوش‌و ئاکارەکانی لۆمپەن دروستکردنی باندو جەماعەت‌و موریدەکانە.

لۆمپەن هەمیشە دەیەوێت کەسانێك شوێنی بکەون یان ببنە پیاویو لە ژێر فەرمانی ئەودابن‌ووا بیر دەکاتەوە کە ئەگەر لاوازییەکی هەبێت یان بێهێزیەك بنوێنێ ئەوکەسانە لەدەست دەدات. بەڵام رووناکبیر نایەوێت کە شوێنکەوتوو یان باندو موریدی هەبێتو لەوەش ناترسێ کە ڕەخنەی لێ بگیرێ یان ڕەخنە لەخۆی بگرێت. چونکە کاتێك رووناکبیر دەربارەی پرسەکان بیردەکاتەوەو ئەم بیرکردنەوەیەش هەمیشە ئامادە نییە، بەڵکو شەپۆلدارو شێنەییە، هەر بۆیەش ئەگەری نەزانین یان هەڵە هەمیشە لەئارادایەو دەبێت ئەمەش بۆ خەڵكو کۆمەڵگا بخاتە ڕوو.

رووناکبیر هەمیشە لە هەڵوێستی نەوازشدایەو خۆی بەسەرکردەو فەرماندارى خەڵکانی دیکە نازانێو کە بەو شێوەیە بێت بێگومان یەکێك لە ڕەوشو هەڵوێستەکانی خوێندنەوەی بەرامبەرو دادپەروەری مەعریفییە ئەمەشوادەکات کە هەمیشە ئاشنا بێت بە دیدگاو بیری نوێ. جیاوازی نێوان لۆمپەنو رووناکبیر لەوەدایە، کە لۆمپەن هەمیشە کەسێکی بێ ناسنامەیەو لەلایەن هێزەوە بەکاردەهێنرێو هێزی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی ئاراستەی دەکاتو لەو ئاراستەیەشدا هەموو توندو تیژییەك لە بەرامبەر کەسانی دیکە دەنوێنێ. هێزەکان دەتوانن لە کەسە لۆمپەنەکان ئۆردوویەك دروست بکەن، کە سبەینێ هێزی دیکە سوودیان لێوەردەگرن. رووناکبیر یان نووسەری لۆمپەن ئەوانەن کە ئەمڕۆ لە پێناوی هێزێکی سیاسیدا هەموو شت دەکەن یان

**جیاوازی نێوان لۆمپەنو رووناکبیر لەوەدایە، کە لۆمپەن هەمیشە کەسێکی بێ ناسنامەیەو لەلایەن هێزەوە بەکاردەهێنرێ و هێزی سیاسی یان ئایدیۆلۆژی ئاراستەی دەکاتو لەو ئاراستەیەشدا هەموو توندو تیژییەك لە بەرامبەر کەسانی دیکە دەنوێنێ.**

دەیڵێین‌و سبەینێ بۆ هێزێکی دیکە دیسان دەیکەن‌و دەینووسن. کاتێك کە دەچێتە مینبەری گشتی یان خەڵك خۆی لێ دەبێت بە سەرکردەو هەرچی بە دەمیدا بێت دەیڵێت یان دەیکات و بە هەموو شێوەیەك بەرامبەر یان کەسانی جیاواز تاوانبار دەکاتو یەکەمین کاری ئەوە دەبێت کە ئازادی بەرامبەری پێشێل بکات. ئەگەر بە کرداریش نەتوانێ بێگومان لەوتاردا بە هەموو شێوەیەك بەرامبەر تاوانبار یان سووك دەکات لەم نێوەشدا دەستو دەم ناپارێزێ لە هەر سووکایەتی‌و هەڕەشەیەك. ئەگەر هیچ بەهانەیەکی نەبێت بۆ ڕەخنە یان‌وەڵام دانەوە دێتە سەر باسی کەسایەتی یان قەوارەو شێوەی جەستەیی ئەو کەسە. ئاخر بۆیەوا دەکات چونکە نووسەرێکی لۆمپەنەو هیچی پێ عەیب نی یە.

هەڵوێستی سیاسی نووسەر یان (روناکبیر! ) ی لۆمپەن لە هەردوو ڕەوشی حیزبی‌و جەماوەرییدا هەوڵدانە بۆهێز نواندن‌و تاوانبارو سووك کردنی بەرامبەر یان کەسان‌و لایەنی جیاواز. لەم نێوەشدا درۆفریو، ڕیاکاری‌و قەبە کردنی شتەکان‌و نووسین‌و تیۆرسازی بۆ ئەم مەبەستە دەبێتە کارو پیشەی سەرەکی. یان ڕوناکبیری لۆمپەن زۆربەی جار هێزی فیکری یان مرۆیی نییە، بۆیە پەنا دەباتە بەر توندو تیژی فکری وتاری. وتاری نووسەرانی کوردستان لەم زەمینەیەدا هەندێك نموونەی بەرچاوی هەیە لە فاشیزمی فکری‌و لۆمپەنیزمی (ڕوناکبیری! )دا.

## نەخش و قەڵەمڕەوی روناکبیر لە سیاسەتدا

**نووسەر** و ئەدیبی گەورەی فەڕەنسا(ئەناتۆلی فرانس) بەم شێوەیە روناکبیران دەناسێنێ :

" روناکبیران ئەو گرووپە لە شارەزایان‌و بیرمەندانی کۆمەڵگان، کە بەبێ ئەوەی نیاز یان بەرژەوەندی سیاسی لە پشتی کارو تێکۆشانیان هەبێت، لەو پرسو ڕەوشانەدا بەشداری دەکەن‌و کاردانەوەشیان دەبێت کە پەیوەندارن بە داواکاری‌و بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگاوە". (٩)

ئەم‌وتانە شێوەی ژیان یان قەڵەمڕەوی نەخش‌و کاریگەری روناکبیر ئاشکرا دەکاتو ئەم شێوەیەش لە ژیان نیشانەن بۆ کەسانێك کە خاوەن شەهامەت، سەربەخۆیی بیرکردنەوەو

گیانو توانای لێكۆڵینەوەو هاودەردییە سەبارەت بەو كەسو كۆمەڵانەی لە ژێر فشاردان. پرسەكانی ڕوناكبیر،وێڕای ئەوەی كە بەشێكن لە پرسەكانی كۆمەڵگاو سەرەڕای ئەوەی كە خودی ڕوناكبیریش هەر بەو شێوەیە بەشێكە لە كۆمەڵگا، بەڵام پرسەكانی پرسی دژوارن، كە ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت كە ئەو پرسانەوەڵامی تاك لایەنو سەختو گشتیان هەبێت. بەڵكو بەو مانایە دێن كەوەڵامیان لە لایەك دەبێتوردو زانستیو دروست بن لە لایەكی دیكە دەبێت لە بەرژەوەندی گشتی كۆمەڵگا بن لە هێنانەدی ئازادی، مافو دادپەروەریو ئاشتیدا. ئەم ئامانجەی ڕوناكبیر لە چەند پرسی گرنگدا، كە هەر هەمان نەخشو تایبەتمەندیی خودی ڕوناكبیرن، بەرەو هێنانە دی دەچن، كە لەم خاڵانەدا دەرئەكەون :

١ – خاوەنداربوون لە دیدگای شارەزاییو بیركردنەوەی دروست.
٢ – گەڕان بە دوای ڕاستیو حەقیقەتو پەیداكردنی ڕێگاكانی.
٣ – بەرپرسیاربوون بەرامبەر بە زاناییو ڕوناكبیریووتنی حەقیقەتەكان.
٤ – بەئاگابوون لە ڕەوشی تایبەتیو هەلومەرجی گشتی.
٥ – هەمیشە خاوەنداریتی لەوتارو دیدگای روناكبیریو رەخنەیی.
٦ – ئاوێتەكردنی ئەم پرسانەی سەرەوە لەگەڵ خەڵكو لە ڕێگای خەڵك.

ئەم خاڵانەی سەرەوە دیدگاو ڕوانگەی زۆربەی ڕوناكبیرانو بیرمەندانی بەرجەستەی جیهانن كە نووسەری گەورە " ئیدوارد سەعید " لە كتێبی " نەخشی ڕوناكبیر " دا دەیخاتە ڕوو. ئیدوارد سەعید دەربارەی ئەم پرسانە كورتەیەك بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو : " بیركردنەوەی دروست دەربارەی پرسو نیازەكانی سیاسیو كۆمەڵایەتی دەبێت فێربینو بۆ تێگەیشتن بەو ئامانجانەش دەبێت لە نێوان بەرپرسیارێتی تایبەتیو ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتیدا سنووردانان پەسەند بكەین، كە ئەمەش بۆ هەموانو بە تایبەتی بۆ روناكبیران بە سوودە. روناكبیر هەر لەو ساتەوە كەوشەكان دەخاتە سەر لاپەرەكانو پاشان چاپ دەكرێن، دەچێتە جیهانی گشتییەوە. ڕوناكبیر هەمیشە لە نێوان دوو سنووردایە، یەكێكیان دیدگاو كاری تایبەتی خۆیەتیو دووەمیان پرسو هەلومەرجی گشتییە. بەڵام دەبێت باش ئەوە بزانین كە روناكبیر بەشێك نییە تەنها لە كایەی گشتی. بۆیە روناكبیری گشتی یان جەماوەری یان نەتەوەییو سیاسی بوونیان نییە. ئامانجی روناكبیر بۆ بەیانو ئاشكرا كردنی ڕاستییەكان،

هێنانەدیو خستنە ڕووی هەلومەرجێکە بۆ باشتر کردنی ژیانو سیستمی گشتی". [١٠]

لێرە بەدواوە ئەم میتۆدە بەکار دەهێنم بۆ بەیان کردنی نەخشو قەڵەمڕەوی ڕوناکبیر لە کۆمەڵگادا بە تایبەتیش لە سیاسەتدا. مەبەستم لەو میتۆدەش شیکردنەوەی ئەو شەش خاڵەی پێشووە :

## یەکەم/ زانیاریو شارەزایی دروست

هەموو دیدگاو بڕواکان بۆ ناسینی ڕوناکبیر بەوە دەست پێدەکەن کە ڕوناکبیر کەسێکی شارەزاو خاوەن زانینو زانست یان فکرو فەلسەفەیە. هۆکار یان ئامرازی یەکەمی ڕوناکبیر ئەو شارەزاییە فکریو فەلسەفیو کۆمەڵایەتیە گشتیەیە کە لەو ڕێگاوە دەچێتە ناو پرسەکانی کۆمەڵگا. هۆکارو ئامرازەکانی دەستی ڕوناکبیر کە بەرەو عەقلانیەتی دەباتو لە ڕێگای عەقڵو بیرکردنەوەی عەقلانی بە پێوەرەکانی جیهانی ( ماف، ئازادی، سیستم، دادپەروەریو پێشکەوتن ) بیر دەکاتەوە بۆ خستنە ڕووی چارەسەرو بەرەو پێشبردنی پرسو کێشەکان. هەروەها ڕوناکبیر کەسێکە کە توانای جیاکردنەوەی پرسو کێشەکانی هەیە، جیاکردنەوەی ژینگەی ڕوناکبیریی خۆی لە ژینگەی گشتیو جەماوەریو ژینگەی سیاسەتو دەسەڵات. ڕوناکبیر ڕاستیو حەقیقەت لە درۆو گومڕایی جیا دەکاتەوە. لەم زەمینەیەشدا هۆکاری دەستی ڕوناکبیر ڕەخنەیە لە درۆو ناڕاستیەکانو پشتیوانی یە لە حەقیقەتەکان. ڕوناکبیر تەنها ئەو کاتە بەشێکە لە مەیدانو ژینگەی گشتی کە ئەو مەیدانو ژینگەیە بەرەو حەقیقەتو فراوانتر لەوەش بەرەو ئاشکراکردنی ڕاستیەکان ( یان کۆی ڕاستیەکان ) بچێت.

لەم زەمینەیەدا هەڵوێستی ڕوناکبیر بەرامبەر بەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەی کە ئێستا لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامیدا ڕوودەدەن بەم شێوەیە دەبێت، کە ڕوناکبیر بەشێکی جیا نەکراوە نییە لەو ڕووداوانە. ئەگەر چی لایەنگیرە لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆریو هەژموونخواز، یان لایەنگیرە بۆ پشتیوانی مافو ئازادیو دادپەروەری، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانێو بیڵێ کە هێشتا ئەم شۆڕشو ڕاپەڕینانە لەلایەن ئەو دروشمە حەقیقیو خەڵکە ڕاستینەیەوە بەڕێوە نابرێن کە ئەنجامەکەی هێنانەدی ئاواتەکان بێت. هەڵوێستی زانینو شارەزایی ڕوناکبیر

لە بەردەرکی سەرای سلێمانی دەبێت توانای جیاکردنەوەی داخوازی گشتی بۆ ( ماف، ئازادی، عەدالەت، پێشکەوتن )، کە بەداخەوە زۆر لاوازە، هەبێت لە داخوازی سیاسیو کۆنەپەرستانەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیو فاشیستی لە هەرێمی کوردستان. ڕوناکبیر دەبێ بزانێو بڵێ کە ئەم شەپۆلە خۆپیشاندانەی ناوچەکانی سلێمانی لەلایەن خەڵکو دروشمە مرۆڤایەتیەکانەوە ڕێنماییو بەڕێوەبەرێتی ناکرێت، بەڵکو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی سیاسیو نادیموکراتیەوە ڕابەرایەتی دەکرێن. ڕوناکبیر دەبێ چاك ئەوە بزانێ کە یەکەمین مەرجی ئازادی خوێندنەوەی بەرامبەرو پلورالیزمی سیاسیو فیکریو کۆمەڵایەتیە. بەڵام لەبەردەرکی سەراو بە فەرمانی جەماعەتی ئۆپۆزیسیۆن دەنگی جیاوازو ڕوانگەی جیا لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی قەدەغە دەکرێتو هەندێك جار دەکەونە بەر هەڕەشەو سوکایەتیش. کاری ڕوناکبیر ئەوە نییە کە درۆ بکاتو تیۆری درۆ بۆ ئەم خۆپیشاندانە سیاسیو نوێژدارە دابڕێژێو بە هێنانەدی تاکی ئازادو خودی سەربەخۆو شۆڕشی نوێ‌وەسفیان بکات. بەڵکو دەبێت چاك بزانێو بڵێ کە ئەم خۆپیشاندانانە بارمتەو دیلی دەستی هێزە سیاسیە کۆنە پەرستەکانی کوردستانەو لەم ژینگە سیاسیە کۆنە پەرستو دەسەڵات خوازەشدا بێگومان نە تاکی ئازادو نە خودی سەربەخۆو نە شۆڕشی تازە لە دایك نابێت. ئەوەی کە ڕوو دەدات بەرنامەو ئەجیندای سیاسی ئۆپۆزیسیۆنو حکومەتە ئیقلیمی یەکانی دژ بە کوردە. ئەم هەلومەرجەوتەیەکی پڕناسینو زیرەکانەی " ئیدوارد سەعید " مان بیردەهێنێتەوە کە دەربارەی پڕۆژەی ( ئاشتی ئۆسلۆ ) لە ساڵی ١٩٩٣ لە نێوان فەلەستینیو ئیسرائیلەکاندا: "وتنی ڕەخنە لەو ڕێکەوتنەی ئاشتیو لەو سەردەمەدا، بێژەرەکەی دەخاتە ڕیزی کەمایەتیەکی بچووکەوە، بەڵام من لەبەر هۆکارو بەڵگەی ڕوناکبیریو ئەخلاقی بەو شێوەیە هەستم کرد کە دەبێتوا بڵێم ". [١١]

منیش بڕوام‌وایە قەیناکا لەناو ڕوناکبیرانی (یان لە ڕاستیدا خوێندەواران)ی کوردا لە کەمایەتیدا بمێنینەوە، بەڵام لەبەر خاتری ڕوناکبیرییو هەڵوێستی ئەخلاقی بڵێین کە ئەم نارەزاییو خۆپیشاندانانە، سەرەڕای پشتیوانی لە داواکاری چاکسازی، بەڵام بارمتەو دیلی

هێزە سیاسیە کۆنەپەرستەکانی کوردستانە.

## دووەم/ ڕاستی و حەقیقەت پەروەری

> ڕوناکبیر بۆئەوەی توانای ناسینی حەقیقەتی هەبێت و ئەم پەیامەش بەخەڵك بگەیەنێ، بێگومان دەبێت لە سنووری وتارو کاری خۆی فراوانتر بڕوانێ و دیدگای مرۆڤدۆستانەی هەبێت، بەڵام لەم دیدگایەشدا نابێت لە دیدی ڕەخنەیی خۆی ونبکات.

گەورەترین حەقیقەتی ڕوناکبیر ئەوەیە کە هەمیشە دەبێت ویژدانی بێدارو زیندووی جیهان بێت و خاوەن پەیامی سیاسی و ئەخلاقی حەقیقەت بێت. حەقیقەتیش بەمانای حقوقی، ئەخلاقی و سیاسی نەك بەمانای حەقیقەتی میتافیزیکی و خودایی. " لەلای ڕوناکبیرانی مۆدێرن حەقیقەت بەشێوەی ڕەها بوونی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە چەندین ڕێگاو ئەگەری جیاوازن کە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت پێویستمان دەبن. بە دیدگایەکی ڕۆشنتر حەقیقەت لەلای ڕوناکبیری هاوچەرخ بەشێوەی " ئیمان " پەیدا نابێت، بەڵکو بەشێکە لە زانین و بڕوا کە لەگەڵ بڕواکانی دیکەدا لە مامەڵەدان سەرئەنجام دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پەیامی ڕوناکبیر بۆ حەقیقەت، پەیامی ئایینی و پێغەمبەرانە نییە، بەڵکو پەیامێکە بۆئەوەی ژیانمان حەقیقەت بێت و لە حەقیقەتدا ژیان بکەین" (١٢).

ڕوناکبیر بۆئەوەی توانای ناسینی حەقیقەتی هەبێت و ئەم پەیامەش بەخەڵك بگەیەنێ، بێگومان دەبێت لە سنووری وتارو کاری خۆی فراوانتر بڕوانێ و دیدگای مرۆڤدۆستانەی هەبێت، بەڵام لەم دیدگایەشدا نابێت لە دیدی ڕەخنەیی خۆی ونبکات. مافی ڕەخنەکاری کە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی ڕوناکبیر، ڕێگای یەکەم و کاریگەرە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان.

ڕوناکبیر لەم ڕێوانەدا دەگاتە جێگایەك تەنانەت هەڵوێستو بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، دیارە بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکان نەك تەنها هەر بۆ رەخنە گرتن، لە رەوشی تایبەتی خۆییو لە ڕێبازی مرۆڤدۆستانەی خۆیشی دەخاتە مەیدانی کارەوەو لێرەدا هەمیشە ئەو لە بەرزەخی پابەندیو تەنهاییدایە.

ژینگەی ڕاستیوتنو حەقیقەت پەیڕەویی ڕوناکبیر بۆ داکۆکی کردنە لە دادپەروەریو مافو ئاشتی لە نێوان هەمووانداو بەڕێگای هەمووان. ئەمەش بە خەباتکردن لەپێناوی ڕاستیو لە دژی درۆ دەبێت.ئەم خەباتە بۆ ڕاستی لەبەرامبەر هەموو هێزو نەریتەکاندا دەبێتو تەنانەت لە بەرامبەر ئەوانەشدا دەبێت کە دەیانەوێ هەژموونگەریی فکریو پاوانکردنی مەیدانی ڕاستیو خەبات بکەنە ڕەوشی سەرەکی خۆیان. لێرەشدا بێگومان حەقیقەت پەروەری بە مانای تۆڵە کردنەوە نییە.

ڕێبازی حەقیقەت پەیڕەویی لەلای ڕوناکبیرو لە مەیدانی سیاسەتدا یەکێکە لە پرسە گرنگەکانو کێشە ئاڵۆزەکان. دیارە ڕەخنە گرتنووتنی ڕاستییەکانی لایەنی بەرامبەر یان نەیار، لە هەموو دنیادا بۆتە کارێکی نەریتیو بەرژەوەندییەکی سیاسی بەردەوام. بەڵام ئەمە ڕەوشی ڕوناکبیر نییە، بەڵکو ڕەوشو متێودی سیاسیەکانە، چونکە سیاسەت هەمیشە دوو ڕەهەندی زاڵ تیایدا بەرقەرارە، کە ئەوانیش ( دەسەڵاتو بەرژەوەندی ) ن. گرنگترینو شەریفانەترین کاری سیاسی ڕوناکبیر لەو کاتانەدا پەیدا دەبن کە زۆر بوێرانەو دلێرانە رەخنە لە خۆیو ژینگەو لایەنی سیاسی خۆی بگرێت. لەم رەوشەدا ڕوناکبیر ئەوە دەسەلمێنێ کەویژدانی بێداری کۆمەڵگایەو کەسێکە لە پێناوی ڕاستیدا هەموو هەڵەکانی یان تاوانەکانی لایەنەکەی خۆشی دەڵێت. رەخنە گرتن لە لایەنی بەرامبەرو نەیار لە نەبوونی ئازادیو دادپەروەریو ئاشتیدا کارێکی ئاسانەو هێزو بەرژەوەندی ئۆردوگای تایبەت پاداشتی ئەکات. بەڵام لە پێناوی ڕاستیو حەقیقەتدا دەبێت بزانین کە ئۆردوەکەی خۆشمان ئازادیو دادپەروەریو ئاشتی پێشێل دەکات.

هەڵوێستی لایەنگریی یان ڕەخنەیی ڕوناکبیران بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکان دەبێت بەمجۆرە بێت. ئەوانەی کە لایەنگرن دەبێت ئەوە بزاننو کار بۆ ئەوە بکەن کە مافی خۆپیشاندانو داواکارییەکانی لە ژێر هەژموونو بارمتەی هێزە سیاسیەکان دەربهێننو ڕوناکبیرانیش دەبێت چاك ئەوە بزانن کە هیچکام لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان ناتواننو



هەواڵنامەی کێتێب

نایانەوێ هێزی دڵخواز بن بۆ مافو ئازادیو دادپەروەریو ئاشتی. ئەوانەش کە نەچوونەتە خۆپیشاندانو هەڵوێستی رەخنەییان هەیە، نابێت لەبەر ئەوە بێت کە مادام ئەوان نەیاری هێزە ئۆپۆزیسیۆنو نووسەرەوابەستەکانیانن، بۆیە ئەو هەڵوێستە دەنوێنن. بەڵکو دەبێت لەبەر ئەوە بێت کە روناکبیری رەخنەگر لە پێناوی داکۆکی کردن لە حەقیقەتی خۆپیشاندانو راستی داواکاریەکان ئەو هەڵوێستو دیدگا رەخنەییەی هەبێت. مەبەستم لەوەیە روناکبیر نابێت لە دژو بەرامبەر بە خۆپیشاندانی خەڵکو داواکاریەکان هەڵوێست بنوێنێ، بەڵکو دەبێت لە پێناوی داکۆکی لەو مافو داواکاریانە رەخنە لە خودی خۆپیشاندانو رەهەندە سیاسیەکەی بگرێت. رەخنەی روناکبیر لە ( سیاسەتی ! ) خۆپیشاندان بۆ داکۆکی کردنە لە ( ماف ) خۆپیشاندانو لە پێناوی ئەوەیە کە ئەم مافە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆنەپەرستو هەژموونخوازەوە هەلپەرستانە نەقۆزرێتەوەو کایەو سیاسەتی پێوە نەکرێت !

## سێ یەم/ بەرپرسیاریو پابەندبوون

پابەندبوونی روناکبیر یان بەڵێنامەی روناکبیر لە دوو پرسو مەبەستی گرنگدا دەرئەکەوێت : ئەخلاقو بەرپرسیاری. چالاکی روناکبیرانە دەبێت هاوڕێو ئاوێتە بێت لەگەڵ بەرپرسیاری ئەخلاقیوویژدانی روناکبیریدا. ناوەرۆکی ئەم بەرپرسیارییە روناکبیریەش لە رەخنەو هەڵوێست بەرامبەر سەخت ئەندێشی ( جزمگرایی )و ئایدۆلۆجیەکاندا دەبێت، کەویژدانو هۆشیاری تاکەکان دەخەنە ژێر هەژموونو دەسەڵاتی خۆیان. لەم زەمینەیەدا ئیدوارد سەعید دەڵێت : " من بڕوای زۆرم بە هۆشیاری تاك هەیە کە ریشەی لە کارو چالاکی مرۆڤدایە.هۆشیاریو تێگەیشتنی مرۆڤ لە زەمینەی گشتیدا مەیسەر نابێت تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە پێشتر لە لایەن کەسانی دیکەوە بەرهەم هاتبن ". (١٣)

یان هەروەکو فیختە دەڵێت : " ئامانج لە زانینو شارەزایی بێدارکردنەوەی سەربەخۆیی بیری مرۆڤەکانە "و بەرپرسیاریی یەکەمی روناکبیر لە جیهاندا ئەوەیە کە مرۆڤەکان سەربەخۆو ئازاد بیربکەنەوە.

بەرپرسیاریی روناکبیر سنووردار نییەو شتێکە بێ پایانە، کە بێگومان لەم رەوشەدا بەرپرسیار نییە تەنها لە نووسینو دیدگاکانی خۆی، بەڵکو بەرپرسیاریشە لە بەرامبەر ئەوانی

دیکە، ئەو ئەوی دیکەیە لەوانەیە مرۆڤێك، گیانەوەرێك یان رووەكێك یان پرسێك بێت. روناكبیر لە بەرامبەر پرسینەوەی ئەوانی دیکە بەرپرسیارەو ئەم پرسەش دەکاتە مەسەلەیەکی گرنگو بەرپرسیارێتی راستەقینە لە بەرامبەر هەموو شتەکاندا.

بەڵام بەرپرسیاری گرنگو مەبەستی روناكبیر سەبارەت بە دیدگاو هەڵوێستەکانی لەوەدایە کە کاتێك دیدگایەك یان هەڵوێستێکی فکریو ( سیاسی ! ) دەبێت، ئایە لەوە شارەزاو زانایە کە چ کاریگەرییەکی لە بەرامبەر خەڵكو رەوشی گشتیدا دەبێت ؟ مەبەست لەوەیە کە نابێت روناكبیر لە دوو پرسدا توندڕەوی بکات یان نامەسئولانە هەڵویست بنوێنێ. یەکەمیانوازهێنان یان کەنار گیرییە لە پرسە گشتی یەکان و دووەم، توندو زوو هەڵوێست نواندنە بەرامبەر بە کێشەکانو بەتایبەتیش کێشەی سیاسی. " هیچ شتێك لەو نەریتو خوە زەینیانەی روناكبیر زیاتر شایەنی سەرزەنشت نییە کە یان توندڕەویو بازدانەو یانوازهێنانو کەنارگیرییە ". (١٤)

هەڵوێستی بەرپرسیاری روناكبیر لە پرسە سیاسیەکانیشدا، رەوشێکی شایەنی باسو تێرامانە. بێگومان روناكبیریشوەکو کەسانی دیکە هەڵوێست یان پەیڕەوی سیاسی دەبێت یان نابێت. بەڵام لە هەردوو رەوشەکەدا پێوەرو دیدگای بەرپرسیارێتی دەبێت لەوەدا بێت کە تا چ ئەندازەیەك ئەم دیدگاو بەرپرسیارێتییە هاورێ یە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵك لە هێنانەدی باشترین ژیانو باشترین سیستمی سیاسی کە رۆحی فەلسەفەی سیاسیە. هەڵوێستی سیاسیو دیدگای فکری سیاسی بە درۆو توندڕەوی بە ئەنجام ناگاتو لە هەمووشی خراپتر ئەوەیە کە روناكبیر دیدگا فکرییەکانی بە پێی سیاسەت دابڕێژێو سیاسەتەکەش لە بەرژەوەندی گشتی نەبێت، بەڵکو بەرژەوەندیو پەیڕەوی هێزێکی دیاریکراو بێت.

## چوارەم/ ئاگاییو هۆشیاری لە رەوشی تایبەتیو هەلومەرجی گشتی

ئاگاییو هۆشیاری روناكبیر دەربارەی رەوشی تایبەتی خۆیو هەلومەرجی گشتی لەپێش هەموو شتێکدا پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤێکی بیریارو سەربەخۆ بێتو هەمیشە کاری ئەو لە ژینگەی زانینو ئازادیدا خاوەن پرس دەبێ. روناكبیروەلامدەرەوەی لۆجیکی دەسەلاتو نەریتی باو نییە، بەڵکوتە بێژی ئازایی دەست پێشکەرییە بۆ کاری دلێرانە، ئەو

هەولاتامەی کتێب

بەیانکەری ئاڵوگۆڕو بزووتنەوەیە نەك داکۆکی لەوەستانو مانەوە لە هەلومەرجی کۆندا. لەم زەمینەیەشدا " روناکبیروەکو کەشتیەکی شکستەیە کە دەزانێو هۆشیارە لەوەی چۆن لەگەڵ خاکدا نەك لە خاکدا ژیان بکات، ئەووەکو رۆبنسۆن کرۆزۆ نییە کە ئامانجی داگیرکردنی دوورگەیەکی بچووکە، بەڵکووەکو مارکۆ پۆلۆوایە کە لە بەهرەی دیاریکردنو ناسینی سەرسام هێنەری هەرگیز تیا نامێنێ، روناکبیر کەسێکەکە هەمیشە رێنماو میوانی تێپەرە، نەك مشەخۆر، داگیرکەر یان هێرش بەر ". (١٥)

روناکبیر ئەو کارمەند یان نووسەرانە نین کە خۆیان تەسلیمی ئامانجی سیاسی حکومەتێك یان رێکخراوێکی سیاسیو تەنانەت رێکخراو یان بزووتنەوەیەکی جەماوەریش بکەن. لەوانەیە روناکبیر لەگەڵ ئەم چوارچێوانەدا کاربکەن، نەك لەم چوار چێوانەدا، لەو کاتەشدا دەبێت هەڵوێستی روناکبیروەفاداری بێت بەرامبەر بە دیدگاو جیهان بینییەکانی خۆیو لە هەمان کاتیشدا دەبێتە مینبەری مافو ئازادیو دادپەروەریو ئاشتی بۆ هەمووان. بەم شێوەیە دەرئەکەوێ کە روناکبیر سەرسپاردە نییە بۆ هیچ کام لە هێزو لایەنەکان، یان نەتەوەو ئایینەکان یان سیاسەتو پەیرەوەکانو تەنانەت سەرسپاردەی ئەوانەش نابێت کە خۆی داکۆکیان لێدەکاتو لە پێناویاندا خەبات دەکات. سەرئەنجام روناکبیر ئەو کەسەیە کە لە هەوڵو سۆراخی پەروەردەی فکری خۆیو کۆمەڵگادایەو توخمی سەرەکی کاری خۆی لە فەرهەنگدا دەبینێ. کاری روناکبیری هاورێگایە لەگەڵ ئەو رەوەندەی کە هیگڵ بە(دیاردەناسی رۆح ) بەمانای فێرکردنی زەین دەیناسێنێ.

لەم کاروانەدا بێگومان ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە روناکبیری کارێکی رادیکاڵە، چونکە گەران بەدوای حەقیقەتو راستیەکاندا یان هەڵوێستی رەخنەییو رێنمای سەربەخۆییو ئازادی شێوەیەکی رادیکاڵن لە ژیان کردن. روناکبیر بوون بەمانای بوونی ئازایەتیە بۆ بیرکردنەوەی ئازادو بیرکردنەوە دەربارەی ئازادی. یان هەروەکو نیکۆس کازانزاکی دەڵێت : " من تەماعم لە هیچ نی یەو لە هیچیش ناترسم بۆیە ئازادم ". بەڵام ئازادیو سەربەخۆییو بێ نیازی روناکبیر شێوەیەك نییە لە قارەمانێتی، روناکبیر نە لە هەوڵی دروست کردنی قارەمانداییەو نە ستایشی کەسیان دەکات، هەروەها شۆرشگێریش نییە. شۆرشیواقعی روناکبیر لە زانینو پرسیارەکانیدایەو قارەمان سازی ئەو لە خەبات کردنە بۆ راستی لە بەرامبەر درۆدا. توانای

ڕوناكبیر بەندە بە هێزی بیركردنەوەو هەر بۆیەش پڕۆژەی ڕوناكبیری چالاكیەكی تاكانەیەو نەك بە كۆمەڵ. ڕوناكبیر نە درۆو نە ڕیایی بۆ جەماوەر ناكات، هەروەها بەڵێنووادەی فریو دەریشیان بۆ نابژێرێ، بەڵام سیاسەتوانو شۆڕشگێڕ بۆ بەرهەم هێنانی سیاسەتو ئایدیۆلۆژیاكەی پێویستی بە خەڵك دەبێت. پڕۆژەی ڕوناكبیری ئەگەر چی لە مەیدانی خەڵكو لە پێناوی خەڵكدایە، بەڵام پێویست ناكات كە هاوڕێگاو هاوبیری خەڵك بێت.

لە هەلومەرجی خەباتی گشتیو خۆپیشاندان دیدگاو هەڵوێستی ڕوناكبیر ئەوە نییە كە دوای خەڵك بكەوێت، یان بەهەر نرخێك بێت لەگەڵ خەڵكا بێت، بەڵكو ئەوەیە كە دەبێت، سەرەڕای داكۆكی كردن لە ژیانی شایستەو داواكاری مەزن بۆ خەڵك، بەڵام هۆشیارییو ئاگایی بەخش بێت لە بەرامبەر ئەو سیاسەتو هێزانەی كە لە كەمیندان بۆ ئەو خەڵكە لە هەردوو ئاراستەی دژ یان لایەنگیر لەو خەباتو داواكارییانە. هەروەها دەبێت لە بەرامبەر سەرەڕۆییو توندڕەویی جەماوەریشدا هەڵوێستی هەبێتو هەمیشە ئەو چاودێر بێت بەسەر ئەو هێزو بكەرانەی كە دەیانەوێت سوودو هەلپەرستی لەو خەباتو تێكۆشانە بچننەوە.هەڵوێستی ڕوناكبیر بەرامبەر كەموكوریو نەزانیو كەمایەسی خەباتی گشتی پرسێكی گرنگە، نابێت ڕوناكبیر هەڵوێستی سۆزداری یانوەفاداری بۆ خەباتی گشتیوا بكات كە تیۆری خۆشبینو گەشبینی توندڕەو بۆخەباتو داواكاریی خەڵك دابڕێژێ، بەڵكو دەبێت لە لایەنە لاوازو ترسێنەرەكانی ئەو بزووتنەوەیە خودی خەڵك ئاگادار بكات. هەروەها دەبێت ئەو هێزو سیاسەتانە ڕیسوا بكات كە دەیانەوێت سواری شەپۆلی تێكۆشانی خەڵك بنو بەهەر نرخێك بێت بەرهەمەكانی خەباتی گشتی بقۆزنەوە.

## پێنجەم/ خاوەنداریێتی لەوتارو دیدگای ڕەخنەیی

هیچ كەس ناتوانێ دیدگای خۆی بۆ هەمیشەو دەربارەی هەموو پرسەكان بخاتە سەر زمانی.

وتاری ڕوناكبیری ئەو دیدگاو تیۆرەیە كە ( تیۆدۆر ئادۆرنۆ) ناوی دەنێ " جیاوازی ناهەزموون دار " (١٦) كە بەهۆی ڕەخنەی ئازاو ئازاد لە توندوتیژییە فكریو زانستی یەكانی



هەواڵنامەی کتێب

دژی مرۆڤ دێتە دی‌و هەمیشە لە دیدگاو بیرکردنەوەیدا ڕەوایی‌و نەخشی " ئەوانی دیکە " پەسەند دەکرێت یان دەخوێنێتەوە. خەباتی روناکبیر لە پێناوی " ئەوانی دیکە " دا خەباتی مرۆڤێکی دوورخراوەیە بەلاّم لەناو دلّی بەها گشتی‌و جیهانییەکانی دادپەروەری‌و حەقیقەتدا لەنگەری گرتووە. روناکبیر بەهۆی‌وتارو ڕەخنەی خۆی دەچێتە جەنگی ئەو هێزانەوە کە زمانی عەدالەت‌و حەقیقەتیان دیل کردووە. ئەو هێزانە تەنها هێزە سیاسیەکان‌و حکومەت‌و نەریتەکان نین، بەلّکو میدیاو زانکۆو نووسەرو خوێندەوارەکانیشن.

کاری روناکبیری لەبەرئەوەی تەنها بۆ خودی روناکبیر نییە، بەلّکو لە پێناوی ژیان‌و کەرامەتی مرۆڤایەتیدایە، هەر بۆیەش دەبێت بەرەو ئەوە بچیّ کە یادەوەری مرۆڤایەتی سەر لە نویّ ساز بکاتەوە. ئەم ساز کردنەوەیە تەنها لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەگەرو هۆکارەکانی باس‌و گفتوگۆی نێوان خەلّك دەبێت کە پرسە گشتی یەکان دەخاتە مەیدانی گشتییەوە. بەرپرسیاریی روناکبیر هەر تەنها ئەوە نییە کە ڕەخنە لە بەهاو دیدگاو پێوەرەکانی کۆمەلّگا بێت، بەلّکە لەوەدایە کە کام دیدگاووتار دەخاتە ڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان.

کاتێك دەلّێین کەسێك روناکبیرە، بێگومان دەبێت لە دیدگاو تێڕوانینی دیموکراتیکدا بیر بکاتەوەو دەبێت‌وەلاّمی ئەو پرس‌و کەسانە بداتەوە کەوتاریان بۆ دەنوسیّ. روناکبیر نابێت دیکتاتۆر بێت‌و دەبێت هەمیشە لە ڕەوشی بەرپرسیاریی بێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی دیدگاووتاری خۆی.کە روناکبیر دەچێتە ناو مەیدانی سیاسەتەوە یەکەمین کاری ئەو دەبێتە هونەری سازماندان‌و سازماندانی ژینگەی دیموکراتیکی کۆمەلّگا، کە ئەمەیان کاری ئەوە. بەلاّم داکۆکی کردن لە ئایدیۆلۆژی یان ڕێبازێکی سیاسی دیاریکراو کاری روناکبیرووتاری ئەو نییە.

دیدگاووتاری روناکبیر لە سەردەمی خەبات‌و قەیرانە سیاسیەکاندا ئەوە نییە کە داکۆکی لە روانگەو هێزێکی سیاسی بکات، چونکە ئەوان‌وتەبێژو داکۆکی کاریان زۆرە، بەلّکو لەوەدایە بزانیّ‌و هۆشیار بێت لە گەیاندنی ئەووتارو دیدگایەی کە چۆن پرسەکانی خەلّك‌و بە تایبەتی هەژاران‌و لاوازان‌و پەراوێزخراوەکان بکاتە خاوەن ڕوانین‌و هەلّوێست. لایەنگیری لە لایەن هێزی سیاسی یان دژایەتی کردنی هێزەکانی دیکە، کاری روناکبیر نییە،

بەڵکو لایەنگیریووتارسازی بۆ گەشانەوەی یادەوەری مرۆڤەکان بۆ ئازادیو دادپەروەریو حەقیقەت کاری شایانی روناکبیرە.

## شەشەم/ خەبات کردن لە ڕێگای خەڵکەوە

" کاتێك دەخوازم کە دەربارەی مرۆڤەکان بیربکەمەوە دەبێت لە نزیکەوە نیگا بکەم، بەڵام کە دەمەوێت دەربارەی یەك مرۆڤ بیربکەمەوە دەبێت سەیری دوور بکەم " جان جاك رۆسۆ.

نیازو پێداویستی بۆ بوونی دیدگاووتاری روناکبیری ئەوەیە کە سەرئەنجام خەڵك خۆی بچێتە رەوشی ژیانو خەباتەوەو خۆیان ببنەوتەبێژو داکۆکی کار لە خۆیان. نەخشی روناکبیرو ئەو رەوتەی کە ئەو نوێنەرایەتی دەکات، هەمیشە دەبێت بەشێکی زیندوو بێت لە ئەزموونو جولانەوەکانی کۆمەڵگاو روناکبیر هەمیشە داکۆکی لەوان دەکات، بەڵام هەر خودی خەڵك دەکاتە خاوەنی پرسەکان. روناکبیر بەرپرس یان سەرکردەو قارەمان نییە، بەڵکو دەیەوێت پرسەکان بۆ خەڵك رۆشن بکاتەوەو خۆیان بخاتە جووڵەو بزاوتەوە. ئەم مانایە دەربارەی هەژاران، بێبەشان، خامۆشان، کەسانی بێ نوێنەر، ناتواناو بێ هێزان راستی پەیدا دەکات.

نەخشی جەماوەریی یان خەڵکانی روناکبیر لەوەدا نییە کە هەمیشە لە مینبەر بێتووتار بدات یان لەگەڵ یەکەمین جولەو بزووتنەوەی گشتیدا خۆی بکاتە نوێنەر یان سەرکردە. کاری روناکبیرو بەرپرسیاریی هۆشیاری لەوەدایە کە پرسەکان، کێشەکانو رێگرییو ئامانجەکان بۆ خەڵك رۆشن بکرێتەوەو خەڵك بکرێتە خاوەنی کێشەکانو چارەسەری دیموکراسیش لەوەدایە کە دەسەڵاتی خەڵك ئاوێتە بێت لەگەڵ نەخشو بەشدارییو مافی خەڵك. هەر بۆیە بەشداریی سیاسیو گشتی دیدگایەکی گرنگی بزووتنەوە تازەکانی کۆمەڵایەتیو رەوتی روناکبیریی نــــــــــــــــوێــــــــــــــــیــــــــــــــــە.

# پەیامی روناکبیران بۆ دیموکراسی

**لەم سەدەمەدا** کە سەردەمی دیموکراسیو شارستانی مۆدێرنە، بێگومان پەیامی روناکبیرانیش پەیوەندارە بەدیموکراسیو مۆدێرنەوە. روناکبیریو دیموکراسی دوو چەمکی تەوەریو ناوەندین لەسەردەمی مۆدێرندا. پەیامو کاری روناکبیران لەدوو پرسی کاریگەردا بەرجەستە دەبێت، یەکەمیان پەیوەندارە بەرەوشی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی روناکبیران بەرامبەر بەژیانو سیستەمی گشتی بەتایبەتی بەرامبەر سیستەمی دەسەڵاتدار.واتا روناکبیر ئەگەرچیوەکو کەسانی دیکە بەشێکە لەژیانو سیستەمی گشتی، بەڵام ئەو لەروانگەی بیرکردنەوەی عەقڵانی، دیدگای رەخنەییو هەستی بەرپرسیاری هەڵوێست بەرامبەر بەهەموو پرسو رەوشەکانوەردەگرێت. ئەمەش تەنها لەهەڵوێستا نابێت، بەڵکو شیکردنەوەی عەقڵانیو عەقڵانیەتی زانستی دەبێتە کارو پیشەی ئەو. روناکبیر سەرەڕای هەڵوێستو بیرکردنەوەی رووناکی بەرامبەر بەشتەکان، بەڵام پەیامو کاری تایبەتی ئەو لەناو عەقڵانیەتو عەقڵی خزمەت بەگشت بەئەنجام دەگات پرسی دووەم، ئەوەیە کە دیموکراسی لەئامانجی گشتیدا بریتیە لەکارکردنی سەربەخۆییو ئۆتۆنۆمی مرۆڤەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی باو، یان کارکردن بێت لەهەلومەرجی گشتی کۆمەڵی مەدەنی، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە دووەمین پەیامو کاری روناکبیران هەوڵدانە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگای عەقڵانیو شارەزا لەبەرامبەر سەرەڕۆییو نەزانی لەهەموو پرسو رەوشەکاندا.

## دیدگای رەخنەیی روناکبیر

ئەگەر ئەوە بزانین کە روناکبیر کەسێکە هۆشیاریو تێگەیشتنی عەقڵانی کردۆتە پەیامو کاری خۆی، هەر بەو بۆنەیەشەوە دەتوانێت بەشێوەی نوێو هاوچەرخ بیربکاتەوە. ئەو هەروەکو چۆن بیرکردنەوەی (دیکە)و (نوێ)ی هەیە بەرامبەر بەپرسەکانی ژیان، هەر بەو شێوەیەش بیرکردنەوەکانی (دیکە)و (نوێ) لەژیانو جیهاندا دەبینێو دەناسێ.

بیرکردنەوەی نوێ دەبێتە مایەی دیدگای سەرەکی لەلای روناکبیرو ئەم بیرکردنەوەیەش هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی دەستی بگاتە رەخنە. رەخنەی روناکبیر تەنها پەیوەست نییە بەهەڵوێستی تایبەتی ئەو بەرامبەر بەشتەکان، بەڵکو پەیوەندارە بەپەیامو پێوەری گشتی جیهانیو لەبەرژەوەندی هەمووواندا بیر دەکاتەوە. روناکبیر دەتوانێ بەهۆی بیرکرنەوەی عەقڵانیو دیدگای رەخنەییو پەیامی جیهانییەوە رەوشی گشتی ژیانو پرسەکانی جیهان شی بکاتەوەو ئەندێشەی نوێ بکاتە پەیامو پێوەر. پەیامو پێوەری روناکبیری بۆ رەخنەو پێشنیاز لەجیهان، توانای دروستکردنی قەیرانی هەیە لەچەمكو پێوەرە زاڵو باوەکاندا، بەڵام ئەم قەیرانە بەمەبەستی هێنانەدی هەلومەرجی نائارامو فەوزا نییە، بەڵکو قەیرانێکە بۆ هێنانەدی یان ئەفراندنی گفتوگۆ بەمەبەستی چارەسەر. ئەخلاقی گفتوگۆیی، کە بەشێکە لەو پرسانەی (یۆرگن هابرماس) زۆر بەپەرۆش باسیان دەکات، بۆخۆی بەشێکە لەبنەمای سەرەکی بۆ راهێنانی دیموکراسی، دیموکراسیش بەبێ گفتوگۆ نائاگاتە ئاکامو مەبەست. بەم شێوەیە، لەئەنجامی پەیامو کاری روناکبیری بۆ دروستکردنی قەیرانو هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئەخلاقی گفتوگۆیی پرۆژەی شیکردنەوەو تێگەیشتنی عەقڵانی دەست دەکات بەرەخنە لەعەقڵی سیاسی باو، کە تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی سنوورەکانی مەعریفەناسی عەقڵی سیاسی دیاری بکات. یان دەتوانین بڵێین کە پرۆژەی رۆشنگەری دەبێتەوەڵام بۆ دووپرسیاری گرنگی (ئیمانۆل کانت): (دەتوانین چی بزانین؟)و (دەبێت چ کارێك ئەنجام بدەین؟)، بەڵام روناکبیر دەزانێت یان دەبێتوەڵامی پرسیاری سێهەمی کانت بداتەوە کە دەڵێت: (دەبێت بە چ شتێك ئومێدەواربین؟) ئومێدی روناکبیر، ئومێدی ئاینی یان خەیاڵاوی نییەو نایەوێت بەهەرشێوەیەك بێت خەڵك لەچاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە، بەڵکو ئومێدی رەخنەیە لەسیاسەتو دەسەڵاتی ناشایستەو هەوڵدانە بۆ هێنانەدی زەینی گشتی لەڕەخنەی سیاسیو فەلسەفی لەدژی چەوسانەوەو نەزانینو سەرەڕۆیی. لەجیهانی ئەمڕۆدا کە سیاسەت لەهەموو رەوشەکاندا لەژێر مەترسیو رەحمەتی نەزانین، توندوتیژیو لۆمپەنیزمی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیدایە، پەیامو کاری روناکبیر رەخنەی فەلسەفیو مەعریفەناسییە لەسیاسەتو بەدەستهێنانی بنەمای فەلسەفیو ماهیەتی تازەیە بۆ دیموکراسی. روناکبیری بۆ هێنانەدی ئەم پرۆژەیە پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی دوو ئاسۆی بووناسی (حەقیقەت)و مەعریفیناسی (دیموکراسییە). ئاسۆی یەکەم دۆزینەوەی (حەقیقەت)ە کە روناکبیر لەناوەڕاستیواقیعەکاندا

بۆ ناسینی حەقیقەتی گشتی كار دەكاتو ئاسۆی دووەم هەوڵی مەعریفەناسییە بۆ ناسینی (دیموكراسی) كە بریتییە لەگفتوگۆی نێوان كارو عەقڵو دیدگاكان لەڕەوشی كۆمەڵایەتیدا. بێگومان ئەمەش دەبێت دوو ئامانجی گرنگ پەیدا بكات، یەكەمیان بەرپرسیاری مەدەنیو دووەمیان ئەخلاقی گفتوگۆییە. لەم دوو ئاسۆو ئامانجەدا روناكبیرو ئەندێشەی رەخنەیی ئەو رووناكیو رێنمای رێگاكانە.

## بەرپرسیاری روناكبیر

لەو روانگەیەوە كە راهێنانی دیموكراسیو ئەخلاقی روناكبیری هەردووكیان لەگەڵ بەرپرسیاریدا هاورێگانو تەنها بەهەستكردن بەبەرپرسیاریو پەیڕەوی گشتی بەئەنجام دەگەن، بۆیە پڕۆژەی روناكبیری دەبێتە راهێنانی گفتوگۆییو خستنەرووی تواناو عەقڵە فرەكان بۆ هێنانەدی دیموكراسی. بێگومان ئەمەش لەڕەوشو پرسی گشتی هەموو مرۆڤەكاندا دەبێت. گرنگترین رەوشو كاری دیموكراسی لەڕێگای راهێنانو ئەخلاقی گفتوگۆوە دەبێت بەسوودوەرگرتن لەعەقڵ لەزەمینەی گشتیدا. لێرەوە دەبێت ئەوە بڵێین كە بەرپرسیاری روناكبیران هێنانەدی رەوشی گفتوگۆییە لەنێوان خۆیانو كۆمەڵی مەدەنیو لەنێوان دەسەڵاتو كۆمەڵگادا ئەمەش بەوە بەئەنجام دەگات كە عەقڵو پێوەرەكانی عەقڵانیەت بكرێتە پرسی گشتیو دروستكردنی هەلومەرجی فرەیی ئەو بەرپرسیارییە بەئاكام دەگەیەنێ. پرسی گرنگو بەرپرسیاری كاریگەری روناكبیران لەنێوان دەسەڵاتو كۆمەڵی مەدەنیدا دەبێت. گومانی تێدا نییە كە تواناكانی گەشەی دیموكراسی زیاتر لەكۆمەڵی مەدەنیدا لەئەگەرو توانای ناو دەسەڵات فراوانترو بەهێزترە، چونكە لەكۆمەڵی مەدەنیدا كەشی نێوان خودو بیروباوەڕەكانو پەیوەندیو كاریگەری نێوان كەسو لایەنەكان لەزەینی تاكەكانو خاوەن بەرژەوەندی دیاریكراوی دەسەڵات فراوانترو بەهێزترە. بەم بۆنەیەوە ئەركو بەرپرسیاری روناكبیران چالاكی فیكرییە لەزەمینەی گشتی گفتوگۆی كۆمەڵی مەدەنیدا. دیموكراتیك كردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت بەبێ گەشەی دیموكراسی لەكۆمەڵی مەدەنیدا مەیسەرنابێت. دیموكراسی كردنی كۆمەڵگاش بەپلەی یەكەم كەوتۆتە سەرشانی روناكبیر، ئەمەش لەڕێگای ئەخلاقی گفتوگۆو بیركردنەوەی عەقڵانیو بەرپرسیاری مەدەنیەوە بەئەنجام دەگات. توخمو بنەماكانی ئەم پرسانەش لەلای روناكبیر هەنو گواستنەوەیان بۆ ناو خەڵكو دەسەڵات گەورەترین كارو

بەرپرسیاری روناکبیران دەنەخشێنێ. پەیامو کاری روناکبیران تەنها بوونی هیواو ئامانجی باش نییە بۆ کۆمەڵگا، بەڵکو هەرچی زیاتر دەبێت رەوایی بەخشین بێت بەگفتوگۆی دیموکراسیو شێوەسازکردنی کارو چالاکی دیموکراتیکە. بەشێوەیەکی رۆشنتر دەبێت ئەوە بڵێین کە پرسی روناکبیر تەنها خواستو داخوازی دیموکراسی نییە، بەڵکو کارکردنە بەئاراستەی ئەوەی کە دامودەزگاکانی دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی بکرێنە پرسێکی گشتیو دامەزراو. روناکبیران دەتوانن بەپەیرەوی لەرۆسۆ کە لەهەوڵی هێنانەدی خواستو ئیرادەی گشتیدا بن بۆ هێنانەدیو دامەزراوکردنی دیموکراسی. ئەمەش بەوە دەبێت کە (خودی) دیموکراتیو عەقڵانیەتی گشتی دیموکراتی لەکۆمەڵگادا بەهێز بێت. لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێت کە داکۆکی روناکبیران تەنها داکۆکی نییە لەخواستی دیموکراسی، بەڵکو دەبێت بەئاراستەی دامەزراندنو بەهێزکردنی دامودەزگاکانیش بێت. گەورەترین پەیامو بەرپرسیاری روناکبیر هێنانەدی جوڵەیەکی ئاسۆییە لەناو کۆمەڵگادا لەبەرامبەر جوڵەی ستوونی دەسەڵاتو دەوڵەت. خەباتی روناکبیری بۆ حەقیقەتو ژیان لەراستیدا شێوەیەکە لەبزووتنەوەی ئاسۆیی لەسەر ئاستی کۆمەڵگادا.

> **بۆیە پرۆژەی روناکبیری دەبێتە راهێنانی گفتو گۆ یی و خستنەرووی تواناو عەقڵە فرەکان بۆ هێنانەدی دیموکراسی. بێگومان ئەمەش لەرەوش و پرسی گشتی هەموو مرۆڤەکاندا دەبێت.**

## روناکبیرانی کوردو دیموکراسی لەکوردستان

تائێستا لەکوردستان سێ جۆرو سێ کاروان روناکبیری هەبوونو ئەوان توانیویانە لەو کاروانانەدا بەشێکی کاریگەربن لەمێژووی‌وڵات. روناکبیرانی سیاسی، ئەدەبیو فکری ئەو شێوەو کاروانانەن لەمێژووی کوردستاندا، بەڵام ئەمرۆ لەکوردستانو بەتایبەتی لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ نەوەیەك



هەوراز نامەی پێشبڕ

لەروناكبیرانی خاوەن دیدگاو بیروباوەڕی فكری‌و فەلسەفی لەناو سەرەتاكانی دیموكراسیدا پەیدابوون‌و ئێستا ئەوان بەڕێگاوەن بۆ پەیام‌و كاریان لەناو كۆمەڵگای كوردستاندا. لەسەر دەستی ئەم نەوەیەدا بۆ یەكەم جار بیركردنەوەی عەقڵانی‌و دیدگای رەخنەیی‌و ئەخلاقی بەرپرسیاری شكۆفەی كردووەو ئێستا پەیام‌و كاری ئەم نەوەیە بەشێكە لەژیانی روناكبیری لەكوردستان. روناكبیرانی ئەم نەوەیە، پرۆژەیەكن بۆ بیركردنەوەی دیموكراسی‌و چوونە ناو سەرەتاكانی دیموكراسی‌و جوانترین‌و درەخشانترین سیمای ئەم پرۆژەیەش ئەوەیە كە تارادەیەك بەهەرەمەندن لەعەقڵی جیهانی‌و پەیام‌و پێوەری ئازادی‌و سەربەخۆیی مرۆڤەكان. روناكبیری كورد، مەبەستم نەوەی فكرییە لەژیانی روناكبیریدا، تێدەكۆشن كە پێوەرەكانی هاوچەرخ بوون‌و سوودمەندبوون لەبەرهەمی جیهان بكەنە بنەمای زەینی خۆیان بۆ ناسینی كوردستان‌و گەشەی دیموكراسی لەمولاتەدا. هەروەكو باسمان كرد كە گرنگرتین تایبەتمەندی نەوەی تازەی روناكبیری، دەست راگەیشتنە بەدیموكراسی‌و بەهرەمەندبوونە لەپەیام‌و بەرهەمی مرۆڤایەتی پێشكەوتوو، بەم بۆنەیەوە دەتوانین چەند پێشنیاز یان داخوازی بۆ پرۆژەی روناكبیری ئەم سەردەمەی كوردستان بخەینە بەرچاوان.

١-تیپەڕبوون لەدیدگای ئایدیۆلۆژیك‌و فراوانتربوون لەهەڵوێستی سیاسی خۆیان بەرامبەر بەراستییەكانی ناو كوردستان. دووركەوتنەوە لەتاك ئەندێشی‌و سەخت ئەندێشی (جەزمگەرایی)و بەتایبەتی بیركردنەوەی فراوانتر لەهەڵوێست‌و سەنگەری تایبەتی خۆیان.

٢-هەوڵدان بۆ هێنانەدی هەلومەرجی گفتوگۆیی‌و ئەخلاقی بەرپرسیاری لەنێوان دیدگاو ناسنامەكانداو بەتایبەتی دیدگاو ناسنامە سیاسییەكان.

٣-بیركردنەوەی عەقڵانی‌و شارەزا سەبارەت بەپرسەكانی‌ولات‌و بەتایبەتی پرسی سەرەتاكانی دیموكراسی‌و چوونە ناو قۆناغی تازەوە. عەقڵانیەت‌و شارەزایی سەبارەت بەناسینی هەموو راستییەكان‌و ئاستەنگ‌و قەیرانەكان لەبەردەمی گەیشتن بەحەقیقەتی بیركردنەوەی فەلسەفی‌و جیهانی.

٤-پـرۆژەی روناكبیری یەكێك لەپەیامە گرنگەكانی ئەوەیە كە ئەوان ئامادەبن بۆ شیكردنەوەو رەخنەی ئەو راستیانەی كە خۆیام بەرەهای دەزانن. روناكبیر دەتوانێ‌و دەبێت

هەولاتی کتێب

دوورکەوێتەوە لەوەی خۆی یان ئەوانی دیکە بەراستی ڕەهای دەزانن.

٥-بەم شێوەیە روناكبیران دەتوان‌ویژدانی بێداری كۆمەڵگابن.

تۆماس جیفرسۆن بڕوای‌وابوو كە (بەهای ئازادی، پێویستی بەهۆشیاری‌و تیژبینی بـەردەوام هەیە)، لەوانەیە بتوانین بڵێین كە روناكبیران‌ویژدانی بێدارن بۆ چوونە ناو دیموكراسی، بەڵام ئەم‌ویژدانە دەبێت خاوەن تواناو شارەزایی بەردەوام بێت. یان هەروەكو رووناكبیری گەورەی ئێرانی (رامینی جەهانبەگلو) دەڵێت: روناكبیران دەتوانن (دەربارەی سیاسەت) نەك (لەگەڵ سیاسەت) بیربكەنەوە، بۆ ئەوەی دووچاری نەزانی‌و داوەری هەڵە نەبن دەربارەی سیاسەت. تەنها ئەم پەیوەندییە لەنێوان سیاسەت‌و ئەندێشەدا بەردەبازی گەیشتنە بەدیموكراسی!.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەكان

١ – تام باتامور، جامعه شناسی سیاسی، ترجمەی منو چهر صبوری كاشانی، انتشارات كیهان، چاپ اول، تهران ١٣٦٦، ل ٨٧.
٢ – دكتر حسین بشیریه، جامعه شناسی سیاسی، نشرنی، چاپ نهم، تهران ١٣٨٢، ل ٢٤٧.
٣ – هـ. س. پ.ل ل ٢٤٧ – ٢٤٨.
٤ – منو چهر صبوری كاشانی، جامعه شناسی سیاسی، انتشارات سخن، چاپ اول، تهران ١٣٨١، ل ل ٢٤٦ – ٢٤٧.
٥ – هـ. س. پ. ل ل ٢٥٤ – ٢٥٥.
٦ – دكتر حسین بشیریه، هـ. س. پ. ل ل ٢٥٣ – ٢٥٧.
٧ – رامین جهانبگلو، بین گزشتەو آیندة، نشرنی، چاپ اول، تهران ١٣٨٤، ل ١٦٩.
٨ – هـ. س. پ. ل ٢٩٦.
٩ – ادواد سعید، نقش روشنفكر، ترجمەی حمید عضدانلو، نشرنی، چاپ دوم، تهران ١٣٨٢، ل ١٢.
١٠ – هـ. س. پ. ل ١٥.
١١ – هـ. س. پ. ل ١٩.
١٢ – رامین جهانبگلو، مدرنیته، دموكراسیو روشنفكران، نشر مركز، چاپ چهارم ١٣٨٥، ل ٦٧.
١٣ – رامین جهانبگلو، بین گزشتەو آیندة، ل ١٦٢.
١٤ – ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ١٤١.
١٥ – ادوارد سعید، هـ. س. پ. ل ٩٨.
١٦ – رامین جهانبگلو، بین گزشتهء آیندة، ل ١٦٣

هەواڵنامەی كتێب

WWW.PUKM1.COM

بوێـــری لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە زانیارییەکاندا

هاوڵاتیانی خۆشەویست:

بـــۆ خستنەڕووی داواکاری و سکاڵاکانتان ،

بەدواداچوون بۆ کێشەکانتان

پەیوەندی بکەن بە:

Tel: 07480172102

Email: info@pukm1.com

ناونیشان / عێراق_کوردستان _سلێمانی (شەقامی سالم بینای مەڵبەندی(1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک))

PUK

ماڵپەڕی مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)

هەواڵنامەی کتێب

# لاوانی پاریس و قاهیرەو سلێمانی

**سێ وتاری پاشکۆ بۆ هەڵوێستی ڕوناکبیری دەربارەی خۆپیشاندانەکانی دوای ۲/۱۷/ ۲۰۱۱**

**بزووتنەوەو** ڕاپەڕینەکانی لاوان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە دەستپێدەکاتو دەبنە سەرەتایەك یان بەشێکی گرنگو کاریگەر لەبزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ بەوە لەبزووتنەوەی کۆمەڵایەتی کۆن جیادەکرێتەوە کە یەکەمیان ئەو بزووتنەوانەن کە بەشێك نین لەبەرنامەی سیاسی حزب یان لایەنێکی دیاریکراوو ناشیانەوێت ببنە بەدیلی دەسەڵاتیوەخت، بەڵام دەخوازن کەمافو ئازادیو دادپەروەریی و بەشداری سیاسی لەکۆمەڵگادا بێتەدیو هاووڵاتیان بەو مافانە شاد بکەن. دووەمیان،واتە بزاڤی کۆمەڵایەتی کۆن بەشێکن لەبەرنامەی سیاسی حزب یان لایەنێکی سیاسی تایبەتو دەبنە ناوەندی جەماوەری بۆ ئەو حزبو سیاسەتانە.

گرنگترین بزاڤی کۆمەڵایەتی تازەی لاوان لە جیهاندا ئەو بزاڤەیە کە بە ڕاپەڕین یان (شـۆڕش!)ی (١٩٦٨) ناسراوەو لەدوای ئەو مێژووەوە، نەك تەنها فەرەنسا کەلانکی (١٩٦٨) بوو، بەڵکو تەواوی دنیاو تەواوی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانو هێزە سیاسییەکان بەرەو گۆڕانکاری چوونو تەنانەت سیستمی مافو ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو بەشداری گشتییو سیاسی لەژێر کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیەدا بەرەوپێشو بەهرەی زیاتر چوون.

# بزووتنەوەی لاوان و خوێندکارانی ( ١٩٦٨ ) لەفەرەنسا

لەمانگی مای (١٩٦٨)خوێندکارانی زانکۆی (نانتر)و پاشان تەواوی زانکۆکانی پاریس و فەرەنسا بەرەو مانگرتن و خۆپیشاندان بەرەوپێشچوون. ئەگەرچی سەرەتا داواکاری خوێندکارانی زانکۆکان داواکاری تایبەت بوون بەهەلومەرجی خوێندن و ژیانی زانکۆیی، بەلام سەرەنجام ئەم بزووتنەوەیە بەرەو ئاست و داواکاری گشتیی چوون، هەروەکو چۆن داواکاری سیاسی گشتیشی بەخۆوە پەرەسەند. هەر بۆ ئەو مەبەستە بەشێکی زۆر لەکارمەندان و کرێکارانی ولات بەمانگرتن و خۆپیشاندان پشتیوانییان لەلاوان و خوێندکاران کرد. ئەم مانگرتن و خۆپیشاندانانە کەسەرەنجام بەرەو راپەڕین چوون تەواوی پایەکانی حکومەتی فەرەنسای بەسەرۆکایەتی جەنەرال دیگۆل لەرزاند، سەرەنجام مانگرتن، خۆپیشاندن و راپەڕین بەرەو شکست هەنگاویان ناو حکومەت و دەسەلاتی فەرەنسا جارێکی دیکە پایەکانی خۆی قایم و بەهێز کردەوە.

گرنگترین خالیوەرچەرخانی راپەڕینی (١٩٦٨) ی لاوان و خوێندکاران، کە لەدوای فەرەنسا تەواوی ئەورووپای گرتەوەو بەرەوولاتانی رۆژهەلاتی ناوەراستیش هاتن، ئەوەبوو کەئەم بزووتنەوە گرنگو فراوانانە لەلایەن لاوانەوە هەلایسان و لەلایەن ئەوانیشەوە بەرێوەبران و سەرەنجام هەر ئەوانیش لێی بەهرەمەندبوون.

ئەو سەردەمە لاوانی فەرەنساو ئەورووپا بەجیاو جیاواز لەحزب و لایەنە سیاسییەکان، سەندیکاکان، حکومەتەکان و ناوەندەکانی ئابووری سەربەخۆیانەو ئازادانە تەنها لەبەر خاتری خۆیان ئەم بزاڤەیان داگیرساندو بەئاشکرا رایانگەیاند کەسەر بەهیچ پارت و لایەنێکی سیاسی تایبەت نین و تەنانەت جیاوازیو رەخنەکانی خۆشیان لەوان نەشاردەوە، ئەم هەلوێستەیان وای لەلایەنە سیاسییەکان کرد بەتایبەتی سۆسیال دیموکرات و کۆمۆنیستەکان کە بەخۆیاندا بچنەوەو رەخنە لەخۆیان بگرن و تەنانەت بزاڤی لاوان دابەشبوون و جیابوونەوەی لەریزی ئەواندا دروستکرد، سەرهەلدانی چەپی نوێ، یان چەپی زانکۆییو فەرهەنگی باشترین ئامازەووەرچەرخانە لەریزی چەپەکانی فەرەنساو ئەورووپا لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی (١٩٦٨).

بزاڤی لاوانی (١٩٦٨) بەمکارەیان ئەوەیان سەلماند کەچەمکی پێشرەوی و

عەبدولڕەحمان

بەڕابەرایەتی حزبو سیاسەت مەرج نییە ڕاست بێتو دەکرێت بخرێنە ژێر گومانو ڕەخنەوەو دەکرێتودەشبێت لێیان دەربازبین.

لاوانی بێ حزب، سیاسەت، سەندیکاو ڕێکخراوو بێ ئابووریو دەسەڵات توانیان تەواوی هەلومەرجی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆن بەرەو نائارامیو پشێوی بەرنو هەموویان بخەنە دوو ڕێیانی ڕەخنەو بەخۆداچوونەوە یان پاشەکشەو گومڕایی. ئەوان (واتە لاوانو خوێندکاران) دوای حزبەکانو سیاسەتەکانیان نەکەوتن، بەڵکو سیاسەتو حزبەکانیان دوای خۆیان خست، لاوانی (١٩٦٨) بۆ یەکەم جار لەمێژوودا سەلماندیان کەبێ هێزو پەراوێزخراون، بێ حزبو سیاسەتەکان دەتوانن ئاڵوگۆڕ دروست بکەنو تەنانەت بەهێزو دەسەڵاتداران دوای خۆیان بخەن یان هیچ نەبێت دەربازبن لەتەلیسمی ئەوان.

لاوان نەیاندەویست دەسەڵاتیوەخت بڕوخێننو خۆیان بچنەسەر دەسەڵات، بەڵام هەمووشتیان لەو دەسەڵاتە دەویست لەمافو ئازادی، دادپەروەریو یەکسانیو بەهرەمەندی، تەنانەت لاوان نەبوونە پاشکۆی بیرمەندانو فەیلەسوفان، بەڵکو بیرمەندانو فەیلەسوفانو ڕوناکبیرانی ناوداریوەکو (سارتەر، مارکیوز، ئاڵتۆسێر) یانوالێکرد کە بەبیروڕاکانی خۆیاندا بچنەوەو ڕەخنە لەڕابردوو بگرن.

سەرەنجام، هەرچەندە لاوانی (١٩٦٨) لەمەیداندا یان لەگۆرەپانی خۆپیشاندا، مانگرتنو ڕاپەڕینیان پاشەکشەی کرد، بەڵام دوای ماوەیەك حکومەتەکانی ناچارکرد کە سیستمی مافو ئازادی، دادپەروەریو بەهرەمەندی کۆمەڵایەتیو بەشداری سیاسی گشتیی بەرەو فراوانیو بەهرەمەندی زیاتر بگۆڕنو لەقازانجی خەڵكو بەتایبەتی لاوان چەندین یاساو ڕێسای تایبەت بەژیانو مافو دیموکراسی بهێننە ژیانەوە !

## شۆڕشی (٢٥)ی یەنایەری لاوانی میسر

لە (٢٥) یەنایەری ئەمساڵ لاوانی قاهیرە بەرەو خۆپیشاندان چوونو مەیدانی ئازادی قاهیرەیان کردە لانکی خۆپیشاندانو مانگرتنو سەرەنجام هەر لەو مەیدانەوە بەهێزترینو درێژ ماوەترین حکومەتو دەسەڵاتی عەرەبییان ڕووخاند. شۆڕشی لاوانی قاهیرەو میسر لەلایەن خودی لاوانەوە کرایە ژینگەو زەمینەی شۆڕشی سیاسیو هەر بەو هۆیەشەوە حکومەتیان

رووخاند، هەروەکو چۆن بووە ژینگەی پەیوەندیی حزبو لایەنە سیاسییەکان،واتە حزبو سیاسەتە کۆنەکان چوونە ناو مەیدانی ئازادی لاوانی قاهیرە، بەڵکو بتوانن خۆیان تازە بکەنەوەو هەندێکیان سەرو ریشیان چاك بکەنو هیچ نەبێت بەلاسایی لاوانی (٢٥)ی یەنایەر تۆزێك جوانترو گەنجتر بنوێنن.

شۆڕش سەرکەوتو دەسەلاتی نوێ دامەزراو حزبو سیاسەتەکان دەستیان کرد بەسەردانو موجامەلەی لاوانی میسرو بەپشتیوانی لەلاوان دەیانویست کەرەوایی خۆیان زیاتر بکەنو خۆیان تازە بکەنەوەو لەپێچەکانی بیرچوونەوە (طيات النسيان) بێنەدەرەوە، لەکاتێکدا کەداواکاری سەرەکی لاوانی میسر (نان، کار، ئازادی)بوو، دەشیانزانی کەحکومەتی بائید ناتوانێ یان نایەوێ ئەو داواکارییانە بێنێتەدی بۆیە دروشمی رۆشتنی موبارەکیان کردە دروشمی ناوەندی. پرسیاری گرنگو گومانی چارەنووسساز بۆ گەلانی میسرو لاوانی ئەوولاتە ئەوەیە کە ئایا ئەحزابی کۆنو تۆز لێنیشتوو دەچنە سەرکاری دەسەلات؟ ئایا دەسەلاتی تازە نانو کارو ئازادییان دەداتێ؟ ئایا راپەرینو شۆڕشی ملیۆنی میسر ژیانی خاوەن مافو ئازادیو دادپەروەریو دیموکراسی راستەقینە دەهێنێتەدی؟ یان دیسان حزبو سیاسییە سکرابەکان دێنە سەر دەسەلاتو کۆنە رەفیقەکانی (حسنی موبارەك) دەچنە شوێنی سەرۆکی جاران؟

هەر چۆنێك بێتوەلامی ئەم پرسیارانە هێشتا نارۆشنو نادیارن، بەلام هەروەکو کورد دەڵێت (مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە) تائێستا هیچکام لەئاماژەکان یان سەرەتا بەرایییەکان مژدەی ژیانێکی باشتر بۆ لاوانو خەڵکی میسر ناهێنن. مەبەستم لەوەیە کەئەو شۆڕشە گەورەیەو ئەو جەماوەرە مەزنەو ئەو هەموو خەباتو پەیگیرییە. هیوادارم بەهەدەر نەرواتو مەیدانی ئازادی قاهیرە رەنج بەخەسارنەچێتو جارێکی دیکە بێ ئومێدی نەبێتەوە بەمۆتەکەی ژیانی خەڵکانی میسر.

لاوانی میسر هاودەردەکانیان دەبێت ئەوە باش بزانن کەزۆرێك لەشۆڕشە مەزنەکانی گەلانو بەتایبەتی گەلانی عەرەبو رۆژهەلات هەتك کراونو سەرئەنجام دیکتاتۆرو داگیرکەرانی دەسەلاتو بیرۆکراتەکان لەنێوان دەسەلاتی بەرهەمی شۆڕشو مافو ئازادیو دادپەروەریی

دروشمی شۆرش لەمپەڕو ئاستەنگی گەورەیان داناوە، یان دایئەنێن!

## خۆپیشاندانی لاوانی سلێمانی

لەڕۆژی ١٧ی فێبرایەری ئەمساڵەوە بەشێك لەلاوانی سلێمانیو شارۆچکەکانی دەوروبەری خۆپیشاندان بەردەوام دەکەنو لەبەردەرکی سەرا رۆژانە (دوای نیوەڕۆ) کۆدەبنەوەو هەتا سەعات پێنجی عەسر لەوێ دروشم داواکارییان هەیە. بەڵام ئەم چەند دێرە شێوەیەکە لەدەربڕینی میدیاکانی ئۆپۆزسیۆن کەدەیانەوێت بەردەرکی سەرا یان هەروەکو خۆیان دەڵێن (سەرای ئازادی) بشوبهێنن بە(میدان التحرير) لەقاهیرەو خۆپیشاندانی سلێمانی بەرنەوە سەر رێگای شۆڕشی لاوانی میسر. راستینەی هەلومەرجی بەردەرکی سەرا بەو جۆرەی پێشوو نییە، بەڵکو ئەندامانو هەڵسوراوانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەبەردەرکی سەرا زۆرینەنو هەندێکوردە حزبیش بەخاوخێزانەوە لەوێن.

ئەنجومەنی کاتی ئازادیش لەلایەن ئەو حزبانەوە دیاریکراون یان رەنگە کەمیش نەبن کەسەر بەهیچ کام لەو حزبانە نین، بەڵام دەنگی ئەوانو مافی ئەوان لەسەرای بەناو (ئازادی) نابیسترێ سەرئەنجام ئەوەی کەدروشم دەدات خوتبە دەخوێنێتەوەووتاری حەماسیو تورە رۆژانە دووبارە دەکەنەوە نووسەرانو بەناو روناکبیرانی سەر بەو هێزە سیاسیانەن ئەوانن کەئاراستەی خۆپیشاندانو بەرنامەو دروشمەکانی دیاری دەکەن.

لەپاریسو قاهیرە بزووتنەوەکە لەلایەن لاوانەوە سازدراو حزبو لایەنە سیاسییەکانو نووسەرانو روناکبیران لەدوای مۆڵەتی لاوانو لەپشتیوانی ئەوان پەیوەست بوون بەخۆپیشاندانو راپەڕینەکانەوە، لەسلێمانی لاوان دەبێت بەمۆڵەتی حزبەکانو لەدوای نووسەرانی ئەو حزبانەوە بنو (لبيك!) بۆ ئەو حزبو (رابەرانە!) لێدەن.

لەپاریسو قاهیرە بەرنامەو پرۆژەی لاوان کرا بەپرۆژە بۆ خۆپیشاندانو راپەڕین، لەسلێمانی پرۆژەی حەوت خاڵی گۆڕان دەبێت ئاراستەی خۆپیشاندانی لەدەستدا بێت، ئیسلامییەکانیش (فعلاوليس قولا) ئەم بەیاننامە حەوت خاڵییە لەبەردەرکی سەرا دەکەنە بەرنامەو پرۆژەو دروشمەکانی خۆپیشاندان.

لەپاریسو قاهیرە، بیرمەندانو روناکبران بۆ پشتیوانی لاوان بوونە بەشێك لەخۆپیشاندانو راپەڕینو تەنانەت بەرنامەو پرۆژەی کۆنی خۆیانوەلاناو پەیوەست بوون بەبەرنامەو پرۆژەی

لاوان، بەڵام لەسلێمانی روناکبیرانی سەر بەحزبە موعارەزەکان خۆیان کردووەتە رابەرو دەمراستی بەر دەرکی سەرا.

لەپاریسو قاهیرە، هەموو بیروڕاکان، سیاسەتەکان، حزبەکانو تەنانەت نوێنەرانی دەسەڵاتداران لەمەیدانەکانی خۆپیشاندان بوون پەیامو بیروڕای خۆیان رادەگەیاند، بەڵام لەسلێمانیو بەفەرمانی (گۆڕان) نابێت جگە لەئۆپۆزسیۆنو نووسەرانی سەر بەئۆپۆزسیۆن، هیچ کەسو لایەنی دیکە لەسەرای بەناو (ئازادی) بێتو تەنانەت نابێت جگە لەمیدیای خۆیان هیچ میدیایەکی دیکەی لێبێتو کار گەیشتووەتە رادەیەك کەئەگەر شك بەرن کەسانێك لەوێ بن کەوەکو خۆیان نەبن، دەکەونە بەر هەڕەشەو سوکایەتی!

سەرەنجام لەپاریسو قاهیرە لاوان خۆپیشاندانیان کردە ژینگەی ئازادی بۆ هەمووان، بۆ هەموو بیروڕاکان، بۆ هەموو حزبو لایەنو میدیاکان، بەڵام سیاسەتی باڵادەستی گۆڕانو (تارادەیەك ئیسلامییەکانیش) دەستی گرتووە بەسەر خۆپیشاندانەکانو دەبێت هەموو داواکاریو دروشمو هەڵسوکەوتێك بەفەرمانی ئەوان بێت، ئەم رەوشە نەك مژدەی ئازادیو مافو دادپەروەری ناهێنێ، بەڵکو هەر لەسەرەتاوە رەوشی داگیرکردنو داسەپاندنو رێگەگرتنە لەمافو ئازادیو عەدالەت.

لاوانی پاریسو قاهیرە ئازادبوونو ئازادیشیان بۆ هەمووان هانی، لاوانی سلێمانی بوونەتە بارمتەی ئۆپۆزسیۆنی توندڕەوی گۆڕانو ئیسلامییەکانو بۆیەش ناتوانن ئازادبنو ئازادیش بۆ کەسو لایەنی دیکە بەدیاری ناهێنن!

لاوانی پاریسو قاهیرە تەوەری خۆپیشاندانو راپەڕین بوونو ئەوان ئاڕاستەی رووداوەکانیان دادەڕشت، بەڵام لاوانی سلێمانی لەژێر فەرمانی سیاسەتی سەرانی گۆڕانو ئیسلامییەکاندا دەبێت خۆپیشاندان بکەن، لاوانی ئەوان ئازادبوون، لاوانی ئێمە ئازادییان لێ زەوت کراوە.

# سەرایەك لە سیاسەت و نوێژ

**ئەوانەی** کەئێستا لەبەردەکی سەرا خۆپیشاندان دەکەن لەمجۆرە کەسانە پێکهاتوون، ئەندامانو هەڵسوڕاوانی گۆڕان، کۆمەڵو یەکگرتووو لەسایەی ئەوانیشدا کۆمۆنیستو برادەرانی پارتی چارەسەریش هەن. هەروەها لایەنگرانو بەشێك لەجەماوەری ئەو حزبانەو هەندێکیش کەچاوەڕوانی هەندێ هەلو فرسەتی تایبەتینو بەشێکیش بێگومان بێکارن بۆیە لەوێن. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیو هەقەش بڵێین کەهێشتا خەڵکانێکیوەهای لێیە کەبەڕاستی داواکاری چاکسازییو مافو دادپەروەرییان هەیە. من بەش بەحاڵی خۆم بەبێگومانو دوو دڵی لایەنگیری لەو داواکارییانە دەکەم کەبۆ چاکسازییو مافو دادپەروەریین. بەڵام زۆر ناکۆكو دژم لەبەرامبەر بەرنامەو پڕۆژەی سیاسی لایەنە سیاسییەکان.

لەبەردەرکی سەرا ئەوەی کەباسدەکرێتووتاری بۆ دەدرێو خۆیانی بۆ تووڕە دەکەنو هەندێك لەنووسەرانیش سیاسەتی پێوە دەکەن، بێگومان داوای چاکسازییو مافو دادپەروەیی نییە، بەڵکو داواکاریی سیاسیەو بەشێکە لەبەرنامە حەوت خاڵییەکەی حزبی گۆڕان، ئەگەرچی بەڕاشکاویی نەیڵێنو جارجاریش لاف سەربەخۆییو ئازادبوونی خۆیان لەو بەرنامەو حزبانە لێدەدەن.

کەوەڵامی (دکتۆر بەرهەم سالح) سەرۆکی ئەنجومەنیوەزیرانم خوێندەوەو لەیازەدا خاڵدا هەموو داواکارییەکانی (ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادیی)مان بیست، دەگەینە دوو ئەنجامی گرنگ، یەکەمیان ئەوەیە کەئەم حکومەتە ئامادەییو بەرپرساریی تەواوی هەبووە بۆوەڵامدانەوەو پەسەندکردن، ئەگەرچی ئەو داواکارییانەش سیاسەتو پڕۆژەی سیاسی ڕووت بن. دووەمیان، ئەوەیە کە داواکارییەکانی (ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی) کەدەست نیشاندەی گۆڕانە، تەنها داواکاری سیاسینو بەلای داواکاری

خەڵك بۆ چاکسازییو مافو دادپەروەرییدا ناچێت.

ئەگەر رەوشی خۆپیشاندان یان لەڕاستیدا سیاسەتی خۆپیشاندان تەنها بەشێك بێت لەبەرنامەی سیاسی چەند حزبێکی سیاسی، دیارە داوەری کردن لەسەر ئەم رەوشو سیاسەتە روونو ئاشکرا دەبێتو دەبێت لێگەڕێین کەخەریکی کاری خۆیان بن، بەڵکو سیاسەت یان هەندێك سوودو ئیمتیاز حاسڵ بکەن. بەڵام لەلای من رەوشەکە لەوە ئاڵۆزترو فراوانترەو هەمیشەش ناسینی رێگاکانی حەقیقەت سادەنینو ئاڵۆزو داپۆشراون. کاری منو روناکبیرانی هۆشیارو پەیگیر ئەوەیە کەئەو رێگا ئاڵۆزو هەلومەرجە داپۆشراوانە ئاشکرا بکەین بۆ دووبارە ناسینەوەی حەقیقەت.

مافی خۆپیشاندان بۆ هێنانەدی مافو ئازادی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتیو یەکسانیو هێنانەدی سیستمێکی یاسایی بۆ ئەم مەبەستانە، بێگومان حەقیقەتی گەورەنو دەبێت پشتیوانی لێبکەینو ئەگەر پێویست بکات خۆمانی بۆ بەخت بکەین. بەڵام لەبەردەرکی سەراو بەفەرمانی گۆڕانو یەکگرتووو کۆمەڵو ئەوانیش لەدوای فەرمانی ناوەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندان بەڕێوەو بەردەوامەو هەندێك نووسەرو بەناو روناکبیری سیاسیشوتاری حەماسیو قەبەکردنی گەورە بۆ ئەو رەوشە دەڵێنو دەنووسن. هەموو ئەوانەی کەبەشێکن لەو ئەنجومەنە کاتیە لەم شێوانەنو بەو جۆرە رەفتاری سیاسی دەکەن کەبەناوی حەقیقەتی خۆپیشاندانەوە سیاسەت دەکەن، یان سیاسەت بەخۆپیشاندانەوە دەکەن بۆ مەبەستی سیاسی، نەك بۆ بەرزراگرتنی پرانسیپو مافی خۆپیشاندان. ئەمانەش جگە لەبەرهەمهێنانی توندوتیژیی، پاوانکردنی بەردەرکی سەراو رێگەگرتن لەئازادی ئەوانەی کەوەك ئەنجومەنی باڵادەستی سەرا بیرناکەنەوەووتار نادەن، ئەگەرچی بەشێك بن لەو ئەنجومەنەو لەو کەسانەش کۆنتربن کەپەیرەوی لەو سیاسەتە ناکەن.

بەڵام نهێنی راستیو حەقیقەتی گشتی خۆپیشاندانو مافو دادپەروەریو چاکسازییوادەخوازێ کەبێدەنگ نەبین بەرامبەر بەو سیاسەتانەی بەم ناوانەوە دەکرێن. ئەوەی کەبۆمن لەهەمووی گرنگترو پیرۆزترە کەخودی مافو پرانسیپی خۆپیشاندان لەبەردەرکی سەرادا دیلکراوەو تەنها دەبێت بەفەرمانی (جەماعەت!) بەسیاسەتی (جەماعەت) بەڕێوەبچێو هەر ئەوانیش کۆنتڕۆڵی بکەنو دەبێتو پێویستە تەنها یەك (مایکی) جەماعەتیشی لێبێت. نابێت (مایك)و لافیتەو پەیامنێرانو نووسەرانی (ئەغیار!)ی

جەماعەت لەوێبن و بەو ناوەدا بێن و نووسەران و روناکبیرانیش (ئەوانەی سەر بەو سیاسەتەن، نەك هەمووان) بەمە دەڵێن راپەڕین و نوێترین و پیرۆز ترین شۆڕشی کوردستان.

لەبەردەرکی سەراو لەژێر هەژموونی ئەو سیاسەتانەدا ئەوەی کە لەهەمووان زیانبارتر بوو مافی خۆپیشاندان و داواکارییەکانی خۆپیشاندانی خەڵك بوون. سیاسەت و گەمە بەخۆپیشاندان کراو لەدوای کپبوونەوەی خۆپیشاندانی (جەماعەت!) کەدڵنیام خۆپیشاندان و حزبەکانی دەسەڵات جارێکی دیکە لەدوای ئەو کپبوونە چاوەڕوانکراوە، خەڵك بەئاسانی بەلای خۆپیشاندانا ناچێت و بەتایبەتی ئەوانەی کەسەربەخۆو ئازادن بۆ ماف و دادپەروەریی و چاکسازیی بەسەختی دەتوانن پەنا بۆ خۆپیشاندان بەرن. سیاسەت و رەوشی خۆپیشاندانی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتووو شاگردەکانیان، تەنها هەر لەسیاسەتدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئاینیان تێکەڵاو کردووەو بەفەرمانی ئیسلامییەکان و سەرکردە تازە ئیسلام بووەکانی گۆڕان و لەبڵندگۆی روناکبیرانی ناودارەوە، بانگەواز بۆ نوێژی جومعەکان دەکرێت ئەمجارە هەموو ئەو سیاسەت و سەرکردەو روناکبیرانە بەجەماعەت نوێژی (جەماعەت!) دەکەن و ئیعلانی (جیهاد)یش دەکەن.

سەرئەنجام دەبێت کەسانی هۆشیارو روناکبیرانی بەرپرس و هەستیارو جەماوەری تینوو بۆ ماف و ئازادی و عەدالەت فریو نەخۆن بەناوی (سەرای ئازادی!) بەڵکو بڵێن کەبەردەرکی سەرای دێرینی سلێمانی کراوەتە سەرایەك لەسیاسەت و نوێژ!.

هەواڵنامەی کتێب

# (مافی) خۆپیشاندان و (سیاسەتی) خۆپیشاندان

**پێش** ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دروست ببێتو پێش ئەوەی كەهەردوو باڵی ئیسلامی سیاسی (كۆمەڵو یەكگرتوو) بەئیلهام لەگۆڕان ببنە ئۆپۆزسیۆن، خۆپیشاندانوەكو مافو داواكاریی چاوی لێدەكراو هەندێك جارو بەشێك لەهاووڵاتیان دەچوونە داواكاریو خۆپیشاندانەوەو دەسەڵاتی كوردستانیش بەئارەزووی خۆیوەڵامی دەدانـەوە یان نا! ئەو سەردەمە هەموو چالاكییەكی سەرشەقام بۆ مافو داواكاریو خۆپیشاندان بەشێك بوو لەنیازو پێداویستی خەڵكو زۆر بەدەگمەن داوای سیاسییان هەبوو، لەڕاستیدا هەر نەبوو، بەڵام لەو سەردەمە بەدواوە هەموو خۆپیشاندانو داواكارییەكان دەبوونە لەڕاستیدا (دەكرانە!) بەشێك لەسیاسەتی ئۆپۆزسیۆنو نەیارانی سیاسی حكومەتی هەرێم نانو پیازیان پێوە دەخوارد.

لەدوای بەیاننامەكەی بزووتنەوەی گۆڕان لە (٢٠١١/١/٢٩) بۆ هەڵوەشانەوەی حكومەتو پەرلەمانو پاشان هەڵبژاردنی سیاسەت نەك مافی خۆپیشاندان بۆ داواكاریی سیاسی لەبەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆن نەك بۆ داواكاریو چاكسازیی گشتی، دەبێتە ئامانجو دوایین سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیو توندڕەو لەهەرێمدا. ئەوان ئەجێنداو پاكتاوكردنی حساباتی سیاسی خۆیان هێناوەتە شەقامو بەناوی (مافو داواكاریی خەڵكەوە! ) دەیانەوێت حكومەتی هەرێم هەڵبوەشێننەوە، یان دەیانەوێت بچنەوە ناو حكومەت، بەڵام بە پێشمەرجی خۆیانو لەڕێگای فشاری شەقامەوە، دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت كە هاوسەنگی هێز لەشەقامدا یان تەواوی هێزی خۆپیشاندەر لەئێستای شەقامدا توانای ئەوەی نییە كەمەرامو سیاسەتی ئۆپۆزسیۆن بهێنێتەدی، كەچی ئەوان هەر بەردەوامن لەداواكاریو بەیاننامەی سیاسی خۆیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حكومەت، بەڵام ئەمجارەیان بێ كۆتاییهێنان بەپارلەمان، لەوەی كەحكومەتی ئینتیقالی تەوافوقی بەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت زەمینەكان سازبدات.

لەدوای ئەوەی كەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار دوا قسەو پێشنیازی خۆیان خستەڕوو، لەدوای ئەوەی كەوەڵامی كۆتاییان بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیو گۆڕان ڕاگەیاند، ئیدی بەرنامەووەڵامی ئەوان

چی دەبێ؟ ئایا رازی دەبن وەکو ئۆپۆزسیۆنی یاسایی بمێننەوە، کەئەمەیان زۆر دوورە لەعەقڵی سیاسیو نیشتمانیی ئەوان، یان دەچنە ناو حکومەتی بنکە فراوانەوە کەباشترین چارەسەرەو ئۆپۆزسیۆن حەزی لێیەتی، بەڵام روویان نایە باسی بکەنو سەرەنجام یان دەبێ شۆڕشو (عصیان) رابگەیەنن، کەخۆشبەختانە هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندیی ئەوان نییە، یان بەردەوام دەبن لەخۆپیشاندانو نوێژو جنێوی لایەنگرانیانو یان دەیانەوێت ئاشووبی سیاسی دروست بکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە (ئاژاوەی خەللاق!) هەروەکو خۆیان دەمێکە بیریان لێکردووەتەوە. هەر کام لەمانە بکەن، بەڵام (سیاسەتی موبادەرە) تازە لەدەستی ئەواندا نەماوەو دەبێت هەڵوێستەیەك لەم ئاشووبەدا بکەنو بچنەوە ناو بیرکردنەوەو دەست لەسیاسەتی ئاکسیۆنیزم هەڵبگرنو چیدی بەناوی نواندنی چالاکیو خۆپیشاندانی سیاسی بێ ئاکام خۆیانو خەڵك فریو نەدەن.

## ئەنجومەنی کاتی (سەرای ئازادی!)

بێگومان من بەهیچ شێوەیەك هاورانیم لەگەڵ هیچ کەسو لایەنێکدا کەناوی بەردەرکی سەرا بگۆڕن بەهەر ناوێکی دیکە، چونکە ئەو ناوە بەشێکە لەفەرهەنگو مێژووی سلێمانیو راپەرینەکانی.

لەوانەیە هەندێك بڵێن جا ناوی (سەرای ئازادی) چ خەوشێکی هەیە، منیش دەڵێم هۆکاری یەکەم ئەوەبوو کەوتمو پەیوەنداره بەفەرهەنگو مێژووی ئەم شارەوەو هۆکاری دووەم ئەوەیە کەبێگومان ناوی ئازادی زۆر پیرۆزەو هەمووان ئاواتی بۆ دەخوازین، بەڵام لەخۆپیشاندانی سیاسی بەردەرکی سەرادا هیچ جۆرێك ئازادی جگە لەئازادیی لایەنگرانی سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنو سیاسەتی هەڵوەشانەوەی حکومەت، بوونی نییەو تەنیا کەناڵەکانی خۆشیان دەبێت لەوێ بنو هیچ کەناڵو میدیایەك بۆی نییە توخنی ئەو شوێنە بکەوێت، دەنا دەکەوێتە بەر هێرشی سیاسەتی خۆپیشاندەرانی ئۆپۆزسیۆن.

ئەنجومەنی کاتی لەلایەك بووەتە داردەستی سیاسەتو نوێژی ئۆپۆزسیۆنو لەلایەکی دیکە بێگومان (کاتییە!) چونکە هەر کاتێك ئەو سیاسەتە کاری پێنەما یان هەڵدەوەشێتەوە یان پشت ئاوو فەرامۆش دەکرێت. ئەگەرچی هەندێك لەرابەرانو بەرێوەبەرانی ئەو ئەنجومەنە خۆیان مەڵاس داوە بۆ سیاسەتو پلەو پۆستی سیاسی، دەبێت خوێنەرانی بەرێز بزانن کەئەم دیدگایە تەنیا

هی من نییە، بەڵکو بەشێك لەچاودێرانو روناکبیرانیش بڕوایان وایەو تەنانەت نووسەرانو روناکبیرانی سەر بەگۆڕان یان نزیك لەگۆڕان لەم ڕۆژانەداوایانوت. ئەگەر ئەنجومەنی کاتی سەر بەئۆپۆزسیۆنو لەژێر فەرمانی ئەواندا نییە، ئەی بۆچی هەمان سیاسەتو پرۆژەو هەنگاو جێبەجێ دەکەن یان لەمینبەری ئەوانەوە هەموو ئازادییەك قۆرخ دەکرێت کە لەبەرژەوەندیی ئۆپۆزسیۆن نییەو لەو سەکۆیەوە گۆڤارو کتێبی جیاواز بەسیاسەتی ئۆپۆزسیۆن دەدڕێننو هێرشو سوکایەتی بەو نووسەرو هونەرمەندانە دەکرێن کەوەکو ئەوان بیرناکەنەوە.

> **کۆتایی داواکاری و پەیامی من ئەوەیە: هەر کەسێك یان دەسەڵاتێك دەیەوێت چاکسازی بکات، دەبێت بەرلەوەی شۆڕش هەڵگیرسێت چاکسازی بکات!**

## پەیامێك

پەیامێك بۆ کەسانی سەربەخۆ لەئەنجومەنی کاتیو کەسانی سەربەخۆی ناو خۆپیشاندان:

دەزانمو دڵنیام ئەو کەسە سەربەخۆیانەو بەشێك لەجەماوەری خۆپیشاندانەکان داواکاری مافو ئازادیو عەدالەت دەکەنو تووڕەن لەگەندەڵیو کەموکورتی دەسەڵاتی کوردستانو بێگومان ناهەقیان نییەو مافی خۆیانە دەنگ هەڵبڕنو هاوار بکەن لەدژی بێدادیو منیش هاوڕاو هاوسەنگەرم لەگەڵ ئەوانو ئەمەش بەوپەڕی شانازییەوە دەڵێم. بەڵام ئەو کەسو جەماوەرە هەقخوازو دادپەروەرو تووڕەو بێ مافانە لەو سەرا بەناو ئازادەداوتاریان نییەو دیدگاو هاواری ئەوان نابێتە بەرنامەو سیاسەتی ئۆپۆزسیۆنو بەڕێوەبەرانی سەکۆی خۆپیشاندانەکان. ڕۆژی هەینی (٢٠١١/٤/٨) چووم بۆ بەردەرکی سەراو پاشان بۆ چایخانەی شەعبو لەوێ هەندێك کەسم بینی کە لەخۆپیشاندان بوونوەکو خۆیان دەیانوت ئێمە سەربەخۆینو لایەنگیری لەحزبە ئۆپۆزسیۆنەکان ناکەین، بەڵام بۆیە بەشدارین لەخۆپیشاندان لەبەرئەوەی خەڵکێکی زۆر لەبەردەرکی سەرا بۆ مافو عەدالەتو چاکسازیی خۆپیشاندان

دەکەن‌و ئێمە دەمانەوێت لەناو ئەوان‌و لەگەڵ ئەواندا بین، منیش پێموتن، بەڵام ئێوەو ئەو خەڵکەش کەسەربەخۆو بێلایەنن‌و بۆ ماف‌و عەدالەت‌و چاکسازیی هاتوون‌وتارتان نییەو لەو سەکۆو مینەبەرەوەوتارو دیدگاو داواکاریی ئێوە بەدی ناکەم، ئەوەی کەهەیەو رۆژانە دووبارەو چەند بارە دەکرێتەوە بەرنامەو سیاسەتی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆنە !

## داواکاری من لەحکومەتی هەرێم لەم سەردەمەدا

مانگێك لەوەوپێش‌وتارێکم نووسی بەناوی (کۆدەنگی بۆ چاکسازی) باسم لەوە کردبوو کەئەم سەردەمە دوو پرسی گرنگ هاتووەتەدی، یەکەمیان کۆدەنگی سیاسی‌و حکومەتی‌و جەماوەرییە بۆ چاکسازی‌و دووەمیان سەرەتای هێنانەدی پەیمانێکی کۆمەڵایەتییە لەدەوری چاکسازیی دیموکراتی‌و نیشتمانپەروەری کوردستانی. هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دوو پرسە بکاتە پرسی چارەنووسسازی هەرێم‌و پەیگیرانە لەهەوڵی هێنانەدییان بێت، یان داواکارم دەسەڵاتی کوردستان بیر لەوە نەکاتەوە، مادام لەخۆپیشاندانەکاندا هێزی ماف‌و عەدالەت‌و چاکسازی‌وتاریان نییە یان هاوسەنگی هێز لەبەرژەوەندیی ئەواندا نییە لەنێوان حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن، ئیدی فەرامۆش دەکرێن‌و لەبەرژەوەندیی گشتی پێویست ناکات چاکسازی بکرێت بۆ نەمانی گەندەڵی‌و هێنانەدی ماف‌و عەدالەت‌و ژیانی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان لەم سەردەمەدا.

هەواڵنامەی کتێب

WWW.PUKM1.COM

بوێــری لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە زانیارییەکاندا

هاوڵاتیانی خۆشەویست:

بـــۆ خستنەڕووی داواکاری و سکاڵاکانتان ،

بەدواداچوون بۆ کێشەکانتان

پەیوەندی بکەن بە:

Tel: 07480172102

Email: info@pukm1.com

ناونیشان / عێراق_کوردستان _سلێمانی (شەقامی سالم بینای
مەڵبەندی(1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک))

PUK

ماڵپەڕی مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)

هەواڵنامەی کتێب

# شەقامی جێ هێڵراو بۆ خۆی، ململانێ و ئەگەرەکان :

## نەوەیەك بۆ گشت:



بەرزان فەرەج

لە نێوان نەوەیەکی تووڕەی ئەم ساتە وەختەی مێژووی کوردی کە ئەشێت لە راستیدا ئینتیمای بۆهیچ یەکێك لە نەوەکانی پێش خۆی نەبێت، چ لە رووی ئاستی تەمەنەوە، چ لە رووی ئەو رووداوە مێژووییانەی کە ئەو تیایاندا نەژیاوە، چ لە رووی ئەوەی هەڵگری ئیجباری ئەو یادەوەریە مێژووییە ئاڵۆزەی خەباتوکارەساتە تراژیدیەکانو شکست وهەڵسانەوەکان وشەرە ناوخۆییەکان ودانوو ستانی نێوان براکانی نەوەی پێشوو نیە، وە چ لەرووی ئەوەی کە هەڵگری هەمان خەون و ستراتیژی ئەوانیش نییە بۆ ئایندە و لەوەش گرنگتر تائێستا لە هیچ شێوە فۆرمێکی ئەو خۆرێکخستنانەی کە دیارترینیان حیزبی کوردیە خۆی رێك نەخستووە، ئەوحیزبانەی هەمیشە کاراکتەری راستەقینەی رووداوەکان بوون بە خوڵقاندنی جەنگ و ئاشتی و بریاری سیاسیشەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەم ماس مرۆگەلە لە هەندێك شێوە رێکخراوی مەدەنی و گرووپی هاو تەمەن و خوێندکاری و کەلتوریدا خۆی کۆکردۆتەوە ، مرۆگەلێك کە ئێستا لە شەقامدا نمایشی خۆی ئەکات لە پشتی پرۆژەو ستراتیژو

سیناریۆ داڕێژراوەکانی کاراکتەرەکانی نەوەی پێشووەوە، ئایا هاوارو دەنگی کێ یە وکێ گوێی لێ ئەگرێت؟ بەرجەستەی خەونی کێ ئەکات ؟ وە نماییشی چ ئاستێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەکات؟ لە کاتێکدا خواستەکانی بەربڵاوو گشتگیرو بەرجەستەکەرو ئاوێتە بووی خەونی زۆربەی هەرەزۆری بەشەکانی کۆمەڵگەیە، هەر لە چینی هەژارو لاوانی بێ کار و توێژی ڕۆشنبیرو خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی پەروایز خراوو هەزارن کەس لە توێژو ئەندامانی نێو حیزبە سیاسیەکانی وەدەرنراو لە هەموو بڕیارو ستراتیژی حیزب و چینی بۆرژوای ناوەندو بەشێك لە و سەرمایەدارانەش کە بێزار بوون لە هەمیشە شەریکایەتی کردنی گروهی دەسەڵات و حیزب لە سەرمایەکانیانداو بوون بە شێك لە هەموو جووڵە ئابوریەکان. نەوەیەك بەرجەستەی هەموومان ئەکات وخەریکە لە نێو دروشمەکانیشدا پەیامی خۆی لێ ئاڵۆزئەبێت.

ئەم هێزە ڕاپەڕیوەی کوردی کە بەشێکە لەو هێزە ڕاپەڕیوەی ئێستای ناوچەکە، کە لە خاڵێکدا هەموویان یەك ئەگرنەوە ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز ڕاناوەستن و هەرگیز شەقام چۆڵ ناکەن تا دەرئەنجامێکی داواکانیان دەست نەکەوێت ، سیمای ئەم هێزە ئەوەیە لە دوای چەندین ساڵی بێ ئومێدی و بێ دەنگ بوون و خۆ خواردنەوەو توران لە نیشتمان ئێستا بۆتە هەڵگری پەیامی ڕزگار کردنەوەو پاککردنەوەی نیشتمان لە دیمەنە ناشرینەکانی، ئەم هێزە نوێنەرایەتی کێ ئەکات و کێ بزوێنەریەتی ؟، ئەگەر شەقام هەموومان بین، کێ لە دەرەوەی شەقامدایە؟ تووڕەیی شەقام تەعبیر لە کێ ئەکات و ئاراستەی کێ کراوە ؟ ئەوە چ لایەنێکە ئەخوازێت بەرهەم و دەرەئەنجامی شۆڕشی لاوان و نەوەی نوێ بدروێتەوە ئەگەرچی لە دوای ڕژانی خوێنی مناڵانیشەوە بێت؟ کێ سەرکەوتنەکانیان بە هی خۆی ئەزانێت کاتێك لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ئەوەستنەوە؟ وە کاتێك لە ڕێو ڕەسمی هێمنانە دەرئەچن ئەوە کێ یە خۆی بە خاوەنیان نازانێت و بە گێرە شێوێن ناویان ئەبات؟ نەوەیەك لە کاتێکدا هاواری کپ کراوی نارەزاییەکانی زۆرینەی توێژو پێکهاتەکان بێت، نەوەیەك کە بە سادەیی و بە دڵنیاییەکی پڕ ئومێد لە پشتی ڕستە سادەکانیەوە تێڕوانینی خۆی بۆ ئایندە نماییش ئەکات، پێویستی بە ململانێی نێوان میرابۆو لامارتینەکان نیە کە ڕۆژانە بە گووتارە قەشەنگەکان فێری گەمەی شۆڕشیان ئەکەن و دنیایەکی داهاتووی ئاڵۆز لە خەونەکانی خۆیان بۆ ئەنەخشێنن و دوژمنەکانی دەوریان لێ زۆرترو فراوانتر ئەکەن ، ئەم

هێزە تەنها پێویستی بەوە هەیە کە تەعبیر لە نارەزاییەکان بکات بەو سیما ڕاشکاویەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەستی پێ ئەکات ئەو نارەزاییانەی بە نێو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا کۆبۆتەوەو دیوارێك لە پەراوێزی و پشتگوێ خستن لە لایەن توێژێکی کەم لە سەرکردەکانی ئەم گەلە لێکی جیاکردوونەتەوە ، ئەو دەنگی نارەزاییانە هەموو ساتێك و لە هەمووشوێنێکدا ئامادەن، لە نێو خێزان، مەیدانی کار، خوێندنگاو زانکۆ، دەستگاو دامەزراوەکان، لە نێو شانەی حیزبەکانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتدا ئامادەن، زۆرینەیەکەی هەرەزۆری بێ دەنگی ئەم کۆمەڵگەیەن کە ترسی لە تەعبیر کردن لە خۆی نەبووە، بەڵکو نائومێد بووە کە هەمیشە وەکو هاوارێکی کپ کراوو گوێ لێ نەگیراو ماوەتەوە، ئەو نارەزاییانەی لە شەقامدا لە بڵندگۆکانەوە ئەبیسترێت دەنگی زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامانی حیزبی نێو دەسەڵاتن کە ئومێدەکانیان لە نێو دوو کۆنگرەی یەك بەدوای یەکدا هەڵوەرێنرا، کە لە لایەکیاندا لە پرۆسەیەکی ئامادەکراودا جەنگاوەرەکان و کەمینە گەنجێکی رامکراووی هێنایە سەرکردایەتی کردنی ئەو حیزبەو لە لاکەی تریشدا لە پاڵ گوێرایەڵی و بێ دەنگی ئەندامانیدا پێگەی پیرۆزی بنەماڵەی داسەپاندەوە، ئەو نارەزاییانە هەمان دەنگی ئەو نەوەو توێژە نوێیەن کە بە هیوای گۆرانکاریی راستەقینەوە لە دوو کۆنگرەدا فرێدرانە دەرەوەی هەموو هاوکێشەو بینا کردنەوەی داهاتووی کۆمەڵگەو بە پەراوێز خراوی خۆیان لە نێو ئومێدەکاندا بەندکردەوە، ئەو نەوەیەن کەلە دوای پەیمانی ئاکارەوە بەیەك چاو سەیر نەکران و کرانەوە قوربانی دەستەگەری و دابەشکردنەوەکانی روقعەکان لەسەر شەترەنجی ململانێی براکانی حیزب کە لە جەنگی جێ چۆڵ کردن و کش لە یەکدی کردندا ئێستا لە بەردەم مەترسی کەوتندان ، بەگشتی ئێستا ئێمە لە بەردەم تەقینەوەی توورەییەکداین کە گشت تیایدا بەرپرسیارەو گشت تیایدا لێپرسراوو داوالێکراوە بە ئاشت کردنەوەی و خۆی بە خاوەنی بناسێت، ئەوەی ئەم ساتە ئەیخوازێت بەستنی پەیمانێکی نێو خودی کوردیە بە سازدانی گۆرانێکی هێمنانە دوور لە توندو تیژیی.

## گۆڕانکاریی ڕیشەیی، خواستی گشت :

**هەموو** لایەك لەسەر هەموو شتەکان کۆك و هاوڕان ، هەموو یەك تێروانین و تێگەییشتنیان هەیە بۆ دەرباز بوون لە قەیرانەکان و چارەسەی کێشەکان ، بەڵام لە دوو جەمسەری دژ بە یەکدا بەرامبەر یەکدی وەستاون و هەنگاوێك بە رەو پێشەوە نارۆن



هەولێرمەی کتێب

**هەموو لایەك لەسەر هەموو شتەکان کۆك و هاوڕان، هەموو یەك تێڕوانین و تێگەییشتنیان هەیە بۆ دەرباز بوون لە قەیرانەکان و چارەسەی کێشەکان، بەلام لە دوو جەمسەری دژ بە یەکدا بەرامبەر یەکدی وەستاون و هەنگاوێك بە رەو پێشەوە نارۆن**

، ئەوەی ئەم جۆرە دیالۆگە داخراوو لێك تێنەگەییشتوو لێك نە بیستراوەی نێوان لایەنەکانی کێشەکان و پێکدادانی جەمسەری قەیرانەکان پێمان ئەڵێت ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەم ڕێگە داخراوەکاندایین ، لە بەردەم دیار نەبوونی ئاسۆو دەرچەیەکداین، لە تاریکیەکداین کەس ئەو دی نابینێت ، ئەگینا کە هەموو لایەنەکان، ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلات و کۆمەڵگەی مەدەنیو خۆپیشاندەران و جەماوەری تووڕە لە بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەو زاراوەدا یەك ڕاو کۆك بن، هەموو باسی چاکسازیی و بەدیهێنانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی بکەن، لێرەدا کێن ئەوانەی خۆیان لە گۆڕانکاریی ڕیشەیی ئەدزنەوەو کێن ئەوانەی کەئەو خواستەیان لا نیەو ئەوانەش کە تەنها لە پشتی ئەو خواست و داواکاریەوە پرۆژەو ئەلتەرناتیف و گۆڕانکاریەکەی سەرجەم سیستمەکەیان لە نەخشەی ڕێگای داهاتویاندا هەڵگرتووە ؟

کێشەکە لە بەکار هێنانی موجەرەدی دەستەواژەکاندایە، کە سیاسی ئێمە تەنها لە ڕووی خوتبەدانی سیاسی جۆرێك لە بەڵێنە هێور کەرەوەکان، وەك بەڵێنەکانی هەڵبژاردن بەولاوە، لە ڕەهەند و مانا ڕاستەقینەکانی ئەو زاراوانە تێ نەگەییشتوونو هیچ پرۆژەیەکی ئامادەکراویان لە پشتی ئەو زاراوەنەوە پێ نیە کە وەلامدەرەوەی ماناو بەرجەستەکردنی بێت، بە تایبەتی لە ساتە وەختی ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕووی سەراپا کۆمەڵگە ئەبیتەوە بە دەسەلات و خەڵکەوەو سەرئەنجام تەواوی مەنزومەی سیستمە سیاسیو دەسەلاتیی و ئابوریی و کۆمەلایەتیەکە ئەخاتە ژێر پرسیاری مان و نەمانەوە ، لە نێوان وەلامدانەوەی ئەو زاراوانەدا کە بە ئاسانی لە لایەن هەموو لایەکەوە فرێ ئەدرێتە شەقامەوەو لە نائامادەیی بەدیلەکان دا، بە ناچاریی کۆمەڵگەو سەرجەم سیستەمە کە خۆی لە کەناری دارمانێکدا ئەبینێتەوە ، کەنارێك

کە لەپێشدا بە لێکترازانی هەموو پەیوەندیەکان، پاشان بە هەڵوەشانەی شانەو گرێچنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و دواتر بە نەمانی هیچ جۆرە دیالۆگو خاڵێکی هاوبەش و لێك تێگەییشتن لە نێوان سەرجەم کاراکتەرەکانی ناو سیستەمەکە کۆتایی دێت ، بارودۆخێك کە تیایدا کەس لە یەکدی تێ ناگات وەئیدی کەس ئامادە نیە لەوی تر تێ بگات و گوێی لێ بگرێت ، کاراکتەرەکان جۆرێك لە شەڕانگێزیی خۆیان و پرۆژە نادیارەکانیان لە ناو شەقامدا نماییش ئەکەن کە ئەمان گەیەنێتە قۆناغو ئاستی لێکهەڵوەشانەوەی قەوارەکە ، لە کاتێکدا لە پشتی بە کارهێنانی زاراوەکانی گۆرانکاریی و چاکسازیی ڕیشەیی کە بەدیلی نە دەسەڵات و نە ئۆپۆزیسیۆن دیار بێت، وە لە کاتێکدا کە ئۆپۆزیسیۆن داواکانی خۆشی لە داوای شەقام جیا بکاتەوە، ئیدی چارەیەك نامێنیت لە ڕووی لێکدانەوەی سیاسیانەو سۆسیلۆجی کۆمەڵگاوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت ، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆپێناسەکردنی ئەو حاڵەتەی تیایدا هێزەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێمە بەرامبەر یەکدی بوونەتەوە ، ئایا حاڵەتێکی شەڕانگێزیی و سەنگەر لەیەکدی گرتنی نێوان دوژمنەکانە یان ململانێیەکە لە نێو میکانیزمەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و فرەلایەن خوازدا؟ ئەگەر پەیوەندیەکانمان شەڕانگێزیی بێت ئەبێت ماناکانی ئەو زاراوانە لە چەمکەکانی شۆڕشو دەرکەوتنی قۆناغێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا ولێکهەڵوەشانەوە و دووبارە بنیاتنانەوەیدا بدۆزینەوە . ئەمەش مانای ئەو قۆناغەمان پێ ئەڵێت کە ئیدی ئێمە ئەکەوینە بەردەم خوڵقاندنی ساتەوەختێکی مێژوویی نوێ و بە جێ هێشتنی ساتەوەختێکی مێژوویی پێشتر ، ئەکەوینە بەردەم چەمکی شۆڕشەوە کە مانای گۆڕین و هەڵتەکاندنی سەرجەم سیستەمەکەیە، ئەمە ئەو ڕاستیەیە کە لەنێوان هەڵچوون و ڕاپەڕینی شەقام و هێور نەبوونەوەی و هێزێکی خۆ ئامادە کەر بۆ خودنماییش کردن لە دەرئەنجامی دوای ڕووداوەکاندا، دەسەڵات لە مەترسی ئەو هەڕەشە یە تێ ناگات کە کۆتایی ئەمی هەڵگرتووەو تەنها بە کۆتایی هێنان بە قۆناغی ئەو، سەرەتای ئاییندەو مێژووییەکی نادیاری دی دەست پێ ئەکات کە جارێ کەس، هیچ لایەك لە کاراکتەرەکانی پرۆژە ئەڵتەرناتیڤەکانیان ئامادە نەکردووەو لە ئەگەرەکانی دواتری نادوێن تەنها لە هەندێك لەو هێڵە سەرەتاییانە دا نەبێت کە ئەویش دووبارە بەشێکن لە گووتارە سیاسیەکان کە دواتر قابیلی بەدیهێنان و یان پاشەکشەو یان سست بوونەوەو چەقبەستن ئەبن بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێگرە کانیان، چ لە ناو خودی کۆمەڵگەو چ لە نێو کاراکتەرەکان و چ لە و هەڕەشانەی گەمارۆی ئەدات.

# گۆڕانکاری هێمن یان شۆڕش:

**ئەگەر** باس لە گۆڕانکاری ڕیشەیی بکرێت و خواستی دەسەڵات بێت و بەڵام توانای بەدیهێنانی نەبێت و یان میکانیزمی ئەو گۆڕانکاریە ریشەییانە نەخاتە ڕوو، وە کە شەقام هەمیشە سەرگەرمی خود نماییش کردن بێت و لەگەڵ درێژ بوونەوەی قەیرانەکاندا تابێت داواکانی زیاد بکات، وە کە ئۆپۆزیسیۆن نەبێتە بەشێك لە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان لە ڕێگەی دەستپێکردنی ڕیفۆرمی یەکبەدوای یەك و دانانی قۆناغی زەمەنی بۆ ئەو ڕیفۆرمانە، بە شێوەیەك کە ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت کە کۆمەڵگەیەك بە هێمنی کار لەسەر چاك کردنەوە و خودبنیاتنانەوەی خۆی ئەکات، ئەوە مانای وایە ئیدی تەنها چەمكو میکانیزمەکانی شۆڕش لەم ساتەدا کار ئەکات و ئێمە لەبەردەم کۆمەڵگەیەکی هێمندا نین، بەڵكو لەبەردەم کۆمەڵگەیەکی تورە لە یەکدی و شەرانگێزبەرامبەر بە یەکدی و پێکدادانی هێزەکانیداین بۆ گەڕان بەدوای فۆرمێکی دی کۆمەڵگەو سیستمی بەڕێوەبردنەکەیدا، ئایا ئێمە گەیشتووینەتە ئەو ساتە وەختە؟ ئەگەر پرسیارمان لە دەسەڵات و سەرجەم سیستمەکە هەبێت، تا ئێستا ئەوەی لە ئاستی ڕووداوەکاندا ئەیبینین لە نێوان سنوورو پانتایی بە شێکی دەسەڵات تێپەڕی نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوە نیە ئەو سیستمە بەگشتی نەخراوەتە ژێر پرسیارەوە چونکە پرسیاری ئینسانی کوردی ڕووبەڕووی سەرجەم پێکهاتەیەکە کە لە بەشێکیاندا خۆی لە قەڵایەکی داخراودا قایم کردووە، تا ئەو ئاستەی خۆشی بە بەشێك لەو مێژووەو گۆڕانکاریەکانی دانانێت و ئامادەیە لە دواجاردا بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی جیاکردنەوەی سنووری خۆی لەو بەشەی کە تیایدا پرسیار لە دەسەڵات هاتۆتە سەرشەقام، کەواتە ئێمە ڕووبەڕووی گۆڕینێك لە دەسەڵات ئەبینەوە کە لە لایەکەوە بەشێکە لەسەرجەم دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بە حکومەت و پەرلەمانەکەیەوە، لەلایەکی ترەوە بەشێکی تاڕادەیەك تەنیاو دابڕاویشە لێیو لێپرسراوێتی وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرجەم گۆڕینی سیستمەکەی ڕووبەڕوو کراوەتەوە.

ئەگەر کۆمەڵگەنەتوانێت هێمنانە گۆڕانکاریی لە سیستمەکەیدا بکات، وەك ئەوەی کە بەشێکە لە گەمەی دیموکراسی و پێکدادانی هێزە سیاسیەکان کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری

دیموکراسی هەیە لە ناو دەستگاکانیدا، ئەوا ئیدی تەنها ڕێگە چارەی لادانی خودی ئەو سیستمە دێتە پێشەوە، ئیدی یان لە خودی دەسەڵات خۆیەوە بێت کەخۆی بکاتە بەشێك لە شەقام و کۆمەڵگە و دەرگا بۆ گۆڕینێکی هێمنانە بکاتەوە، یان لە ڕێگەی گۆڕینێکی شەڕانگێزو توورەی شەقامەوە کە بە فرێدانە دەرەوەی لایەنێکی کاراکتەری بزووتنەوەکانی ناو کۆمەڵگە بۆ دەرەوەی دووبارە بنیات نانەوەی سیستەمەکە کۆتایی دێت ، ئەمەش هەڵگری مەترسی شەڕانگێزتری لە دواوەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا کە تا ئێستا ئەزموونی چۆڵ کردنی هێمنانەی دەسەڵاتی نەبینوە لە دەرەوەی پێکدادان و جەنگی ناوخۆ زیاتر، چونکە بە جێهێشتنی دەسەڵات لای هێزو پێکهاتەکانی کورد مانای تەنها شکستێکی سیاسی کاتی و یان دەرئەنجامی هەڵەکانی حیزب و لایەنێکی دەسەڵات نیە لە ئیدارە کردنی کۆمەڵگەدا، کە بەشێوەیەکی سروشتی لە نێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە لێ سەندنەوەی دەسەڵات لەو هێزە کۆتایی دێت بۆ قۆناغێکی سیاسی و تا دەست پێکردنەوەی گەمەیەکی دیموکراسی نوێ ، بەڵکو چۆڵکردنی دەسەڵات لای کورد مانای چۆڵکردنی شوێن، جوگرافیا، وە هەرەسهێنانی پێکهاتەیەك لەناو شوێنی خۆیداو لە بەردەم دوژمنێکی دەرەوەیدا، مانای هەڵوەشانەوەی سەرجەم پێکهاتەو شوناسی ئەو، لێرەدا هیچ گەمەیەکی دیموکراسی ماناو بوونی نیە لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە بە وەهمی دیموکراسی خۆی نماییش کردووە بەڵام هەموو پرۆسە هەڵبژاردنەکانی ئێمە لە پشتیانەوە مەترسیەکی لە خوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگەی کوردی تیایاندا ئامادە بووە، وە یان دواتر بە تەوافوق کۆتایی هاتووە، لە بیرمانە لەیەکەمین هەڵبژاردنەکاندا بۆ پەرلەمانی

ئەگەر کۆمەڵگەنەتوانێت هێمنانە گۆڕانکاریی لە سیستمە کە یدا بکات، وەك ئەوەی کە بەشێکە لە گەمەی دیموکراسیو پێکدادانی هێزە سیاسیەکان کە باوەڕیان بە گۆڕانکاری دیموکراسی هەیە لە ناو دەستگاکانیدا، ئەوا ئیدی تەنها ڕێگە چارەی لادانی خودی ئەو سیستمە دێتە پێشەوە.

کوردستان، شەوی ئاشکرا کردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەموو هێزە کانی بەشداری ئەو پرۆسەیە بە تایبەتی پارتیو یەکێتی دەستیان لەسەر لوولەی تفەنگەکانیان بوو، وە شارەکانیان گەمارۆ دابوو، تا دواتر بە تەوافوق و دابەش کردنی پانتایی شوێن و دەسەڵات کۆتایی هات، هەمان سیناریۆ لە هەڵبژاردنەکانی تەموزی ٢٠٠٩ دا بەدوور نەبوو، کەواتە لە کوردستان پێکهاتەکان گەمەی دیموکراسی ناکەن بەڵکو شەڕ لە سەر مانەوەی شوناس و پێکهاتە ومانەوەی خۆیان ئەکەن ، ئێمە ئێستا لە ناو کۆمەڵگەیەکی کوردی زۆر ئاڵۆزداین لە ڕووی پێکهاتەی ئەو هێزو کاراکتەرانەی کە لە پرۆسەی گۆڕانکاریودەسکاریکردنی سیستمی دەسەڵاتدا ئەبێت بگۆڕدرێن یان تەنانەت کەنار بخرێن ، چونکە ئەم چەمکی کەنار خستن و گۆڕرانە لەگەڵ شێوازی بونیادیی ئەو پێکهاتانەدا یەك ناگرێتەوە کە هەردەم ناچارو ئامادەی بەرگری کردنن لە شوێن و شوناس و دەسەڵاتی خۆیان کە دەسەڵاتێکی ئاڵۆزو بەیەکداچووە لە نێو سەرجەم یەکەیەکی کۆمەڵایەتی یەکدیگیردا، کە هەندێکیان یەکڕاست بەرجەستەی پێکهاتەو بونیادی خێڵە لە ناو دەستگاو دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا، وە هەندێکیشیان جۆرێکە لە هەمان میکانیزمی کارکردنی ئەو پەیوەندیە دەسەڵاتییە لەناو پێکهاتەی ئەو هێزەدا، لێرەوە ئەگەر خودی دەسەڵات بەرجەستەی خێڵ و ناوچە بێت، یاخود بە هەمان میکانیزم خۆی ڕێکخستبێت، ئەوا پرۆسەی لابردن و گۆڕینی بە بێ خوێن و توندو تیژیی تێ ناپەڕێت، ئەمە جگە لەوەی کە ناتوانرێت کەنار بخرێت و لە شوێنی خۆی دوور بخرێتەوە، چونکە خێڵ ڕاناکات، ڕاکردن دوورە لە بەها ئاکاریەکان و هەیبەتی خێڵەوە، خێڵ بەشێکە لە شوێن و جوگرافیا و مەحکومە بە بەرگیکردن لێی، شوناسی خێڵ شوێن و جوگرافیا وکۆمەڵێك بەهای پیرۆزن کە بەمەرگی ئەندامەکانی بەرگرییان لێ ئەکات ، بۆیە پرسیاری گەورە ئەوەیە ئایا لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا لە نێوان ئەم هێزە تەقلیدیە بەرگریکارە لە خۆو نەوەیەکی ڕاچەنیوو کە بەبێ گۆڕانکاری ئەو سیستمە هێمن نابێتەوە ئایا ئەکرێت شێوە میکانیزمێك بۆ گۆڕینی هێمنانەی ئەو سیستمە بدۆزرێتەوە؟ ئێمە لە کاتێکدا باسی ئەوە ئەکەین کە شێوازی حوکمڕانی و دەسەڵات لە کوردستاندا لە سەر بنەماکانی دیموکراسیەتی نوێ و سیستمی نوێنەرایەتی بە ڕێگەی هەڵبژاردن دامەزراوە، کە نموونەکەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە وپرسیارەکانیش ئاراستەی ئەو دەستگایانە کراونەتەوە، ئەبێت لێرەوە خودی ئەم دەستگایانە بکەینە هۆکارو میکانیزمێك بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە

سەختەی ئێستا کوردستانی تێدا ئەژی کە نابێت و وە بەبێ دەرئەنجامیش کۆتایی نایەت، من پێم وایە کە ئێستا دۆخەکە گەیشتۆتە ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لە کوردستاندا ئیتر ناتوانێت بەم شێوەیە بەردەوامی بەخۆی بدات وە ئەگاتە ئاستی ئیفلیج بوون و دۆڕاندنی متمانەو مانەوەی لە شەقامدا ، هەر حکومەتێکیش کە لە شەقامدا متمانەی نەما ئەوا تەنها رێگە چارەی گۆڕین و بنیات نانەوەی لەبەردەمدایە، وەلەدەسەتدانی کات و بەفیڕۆدانی لە چاوەڕوانی هێمن بوونەوەی شەقامدا لە ڕێگەی هەوڵی پیاوچاکان و ڕیش سپیان و خەڵکانی خانەدان و خزمان و پیاوانی ئایینی و هێزو لایەنی ناو ساحەکە، کە هیچ کارلێکەریەکیان نیە، هیچ فریادڕەسیەك بۆ حکومەت مەیسەر ناکات ، دواخستنی کات و زیاتر توورە بوونی شەقام کەوتنەوەی کارەسات و ڕژانی دڵۆپە خوێنی زیاتر چارەنووسی حکومەت بەرەو کۆتاییەکی تراژیدی ئەبات و لێپرساوێتی هەموو دواییهاتنێکی خوێناوی و دراماتیکی ئەکەوێتە ئەستۆ، بەڵام هێشتا گۆڕانکاری هێمنانەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ قۆناغێکی داهاتووی دەسەڵاتی بەسەر نەچووە وئێستا باشترین ساتەوەختیەتی.

## خۆپیشاندانەکانی عێراق، ئەگەرێك بۆگۆڕانکاریی هێمنانە لە کوردستاندا:

**ئێستا** کە تەوژمی هەڵچوون و خۆپیشاندانەکان گەیشتە بەشەکانی دی عێراق و بە تایبەتی بەغدادو شارە گەورەکانی دی، ئەگەری بەردەوام بوونی ئەم شەپۆلەو نەوەستانی وەك و بەشێکی بەردەوامی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەکان بۆ گەلی کورد لە لایەکەوە ئەشێت ئاڵۆزتر بکات کاتێك بەو لێك داپچڕاویەوە ئەبێتە بەشێك لە گۆڕانکارییەکانی ناو عێراق، وە لە لایەکی ترەوە ئەشێت ئەگەرێکی ئیجابی بۆ کوردستان واڵا بکات بە بەرەو پێکهێنانی ناوچەیەکی زۆر ئازاد ترو سەربەخۆتر لە دەسەڵاتی مەرکەزی و گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان ئەگەر بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی بە حوکمی واقیع تەواو نەبێت، چونکە ئاشکرایە لە گەڵ ئەوەی ئەم تەوژم و شۆڕشی ناڕەزاییانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە، بەشدارن

لە سەربەدیهێنانی هەندێك بەهای سیاسی و ئینسانی هاوبەش، وەكو دامەزراندنی سیستمی دیموكراسی ڕاستەقینەو كۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی دیكتاتۆری و گەندەڵی و بە دیهێنانی عەدالەتی كۆمەڵایەتی و ئابوری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وڵات و كۆمەڵگەیەك جۆرێك لە تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو گۆڕانكارییەكان بە شێوەی جیاواز تیایاندا ڕوو ئەدات، بۆ نموونە لە كۆمەڵگەیەكی پابەند لە سەر بنەمای خێڵایەتی وەكو یەمەندا بە هێزترین سیناریۆی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئێستا دابەش بوونەوەی یەمەنە بەسەر دوو دەوڵەتەكەی جاران و ناوچەی سەربەخۆی جیاوازدا، هەروەها بە هەمان شێوە لە لیبیا دابەش بوونی وڵات بە سەرچەندین ناوچەی دەسەڵاتی خێڵایەتیدا بەهێزترین ئەگەری چاوەڕوانكراوە، لە عێراقدا كە خۆی لە ڕاستیدا ئێستا پێكهاتەی دەسەڵاتەكانی لەسەر بنەمای تائیفی و مەزهەبگەرایی و ئەتنی دامەزراوە و لە عێراقدا یەك دەسەڵات بوونی نییە، بەڵكو كۆمەڵێك دەسەڵاتی جیاواز هەن، ئەوا بەردەوام بوونی خۆپیشاندانەكان و تەشەنە سەندنی و توندو تیژ بوونی بە دارمانی سەرجەم وڵاتی عێراق كۆتایی دێت، كە نزیكەی سەدەیەكە یەكێكە لەو دەوڵەتانەی بە شێوەیەكی دروستكراو پێكهێنراو تا ئێستا نەتوانراوە شوناسێكی عێراقی هاوبەش لە نێوان پێكهاتەكانیدا پێك بهێنرێت ، وە لەپاڵ داواكاریە ئابوری و كۆمەڵایەتیەكاندا ئەو هێزانەی ئەبنە پێشەوای گۆڕانكاریی لە عێراقدا خۆیان ئەبنە فاكتەری لێكهەڵوەشاندنەوەی ئەم دەوڵەتەی تا ئێستا نەبۆتە نیشتمانێكی هاوبەشی خەڵكە لێك جیاوازەكانی ناوی، بۆیە ئەگەری بەهێز بۆ كۆتایی ئاراستەی ڕووداوەكان لە عێراقدا كۆتایی هاتنی چەمكی یەكێتی عێراقی بە زۆر سەپێنراوە ، ئەم ئەگەرەش ئەو ساتە مێژووییە چاوەڕوان كراوەو ئەشێت ساتی ئەو خەونەش بێت بۆ پێكهێنانی دەسەڵاتێكی كوردی تا ئاستی دەوڵەت لە م گێژاوەدا، بە ڵام بەرجەستە بوونی ئەم ئەگەرە بەستراوەتەوە بە دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ ئەو قەیرانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی كوردی بۆتەوە، ڕێگە چارەیەكی هێمنانە كە تیایدا زمانی جەنگ و خوێن نەدوێت.

بۆیە پێم وایە ئەبێت ئەم بەشەی حكومەت لە سلێمانی ناچار بێت بۆ گۆڕینی كۆمەڵگەی هێمنانەو سیناریۆی گۆڕینی سەرجەم حكومەت و پەرلەمانی كوردستان و دانانی حكومەتێكی كاتی و دیاری كردنی ساتی هەڵبژاردنێكی نوێ بخاتە بەردەم غرورو ڕازی بوونی ئەو

هێزەی دی کە لە قەڵای سەختەوە بێ باکانە سەیری رووداوەکان ئەکات، وەیان ئەبێت ئەو توورەییەی شەقام تەنها بە هەرەسی خۆیی و دارمانی بابانێکی دی کۆتایی بێت.

پێم وایە ئەرکێکی مێژوویی دەسەڵاتی ئێستای کوردی ئەگەر هەردوو هێزە بەشدارەکەی دەسەڵاتیش تیایدا بەشدار نەبن بریتیە لە بە دیهێنانی پرۆسەیەکی هێمنانەی گۆڕینی دەسەڵات بە بەشداری شەقام و هەموو کاراکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە ئەویش :

پێم وایە ئەرکێکی مێژوویی دەسەلاتی ئێستای کوردی ئەگەر هەردوو هێزە بەشدارەکەی دەسەلاتیش تیایدا بەشدار نەبن بریتیە لە بە دیهێنانی پرۆسەیەکی هێمنانەی گۆڕینی دەسەڵات بە بەشداری شەقام و هەموو کاراکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە

١ – لە چاوەڕوانی ئەو ئەگەرانەی کە ئێستا ڕووبەڕووی عێراق بۆتەوە، کورد تەنها وەکو یەك شوناسی یەکگرتوو خۆی لە بەرامبەر ئەوی دیدا ڕابگرێت و بە یەك گوتارو کردە بەرامبەر هەڕەشکان بێتەوە، لێرەوە هێزەکانی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان لە هەموو ململانێیەکی ناوخۆیی دوور بخرێنەوەو بکرێنە پارێزەری سنوورەکانی کوردستان و هێشتنەوەی قەوارەکەی.

٢ – حکومەتی هەرێم دەست لە کار کێشانەوەی خۆی ڕابگەیەنێت بۆ هەنگاو نان بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی فراون و تا دیاری کردنی ماوەیەکی زەمەنی بۆ هەڵبژاردنەوەی گشتی، ئەگەر نا ئەوا کشانەوەی یەکلایەنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانی یەکێتی نێشتمانی کوردستان بەسە بۆ ئەوەی کە ئیدی تەنیا لێپرسراوێتی هەموو توورەییە کەڵەکە بووەکانی چەندین ساڵ، لە سەر خودی یەکلایەنی خۆی لا بەرێت و هەموو هێزە بەشدارەکانی ناو حکومەت بخاتەوە بەردەم ئەو لێپرسراوێتیەوە، چونکە پرسیاری شەقام ڕووبەڕووی هەموو حکومەتە نەك تەنیا یەك لایەنی.

٣ – لە قۆناغی چاوەڕوانکردنی هەڵبژاردنی داهاتوودا

هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵگەی كوردی بەشدرای پێ بكرێت بۆ داڕشتنی پرۆژەی جیدی چاكسازی و دانانی سیستمی دەسەڵاتی داهاتوو لەسەر بنەمای دەستگایی و جیا كردنەوەی دەسەڵاتەكانو سەربەخۆییان، بێگومان ئەمە دەروازەیەك بۆ هێزو كاراكتەرە باڵادەست و خاوەن بڕیارەكانی ئەم ساتە ئەكاتەوە كە بە سەروەری و گەشی كۆمەڵگەی ئێمە بەرەو مێژوو پیادە بكەن و بتوانین ببینە بەشێك لە دنیای مۆدێرن.

٤ – حاڵەتێكی سروشتی داواكراویشە لای هەموو هێزێكی سیاسی بە تایبەتی لای حیزبە سۆشیال دیموكراتەكان، لە ناویاندا بۆ نموونە پارتی سۆشیالیستی فەرەنسا كە هەر ساتێك ڕووداوێكی چارەنووسسازو ناكاوو قەیرانێك، نەك تەنها لە فەرەنسا بەڵكو لە ئەوروپاو دنیادا ڕووبدات كە هەست بكەن كارلێكەری لەسەر ئەو حیزبەو بەهاكانی هەیە یەكسەر كۆنگرەیكی ناكاو یان كۆبوونەوەیەكی گشتی ساز ئەكەن بە بەشداری بوونی زۆرینەی هەرەزۆری نوێنەرانی ئۆرگانەكانی حیزبیان بۆ گفتوگۆی ئەو مەسەلانەو بەشداری پێ كردنی ئەندامان لە داڕشتنی سیاسەت و تێڕوانین و بڕیاری حیزب بۆ ئەو مەسەلانە ، بۆیە پێویستە یەكێتی نیشتمانی كوردستان پلینیۆم یان كۆنگرەیەكی ناكاو ساز بكات تا دەروازە بكرێتەوە بۆ زۆرینەی هەرەزۆری كادرانی ی ن ك تا بتوانن بە شداری لە خوێندنەوەو بڕیارە ستراتیژیەكانی ئەم ساتە وەختە مێژووییەدا بكەن و ی ن ك وەكو حیزب لێپرسراوێتی ئەم ساتە وەختە بگرێتە ئەستۆ، نەك تەنها كەسانێكی كەم لە توێژی سەركردەی حیزب كە تائێستا لە هیچ كاتێكدا تەنانەت گوێمان لە خوێندنەوەیەكیان نەبووە بۆ هیچ یەكێك لە مەسەلە گرنگەكانی كۆمەڵگەی كوردی، لە جیاتی سەرجەم ئەندامانی كەنار خراوو گوێ لێ نەگیراوی ی ن ك بڕیار بدەن، كە بە شێكی هەڵە كوشندەكان لەو لێكدووری و لێك تێنەگەیشتنەو دیوارە سەختەی نێوان سەركردەكانی ی ن ك و ئەندامانیەوە سەرچاوەیان گرتووە .

هەواڵنامەی پێکان

# شەقام و ئەوانی تر

هێندەی ئاراستەی رووداوەکان و ئەو خۆپیشاندانە بەردەوامەی تێکەڵە لە گەمەی کاراکتەرە سیاسیەکان و نەوەیەکی توورە لە گشت، توورە لە سیستەمی دەسەڵات و ئەوانی دیش کە فۆرمێکی دەسەڵاتیان لە پشتی توورەیی ئەو نەوەیەوە ئامادە کردووە ، ئاڵۆز تر ئەبێت و ئەم نەوەیە لە پەیام و خەونەکانی خۆی دوور ئەخەنەوە، هێندەش ئاراستەی رووداوەکان و داهاتوویان ئاشکرا تر ئەبێت، بە تایبەتی لە نێوان گەمەکەرە راستەقینەکانی ئەو پانتاییانەی دی کە لە دەرەوەی بەردەکی سەرای بە مەیدانی ئازادی کراو، فۆرمو نەخشەی ئایندەی کۆمەڵگەی ئێمەیان هەڵگرتووە، کۆمەڵگەیەك کە ناکرێت بەم شێوە قەیراناویە بەردەوامی بە خۆی بدات ، کۆمەڵگەیەك، رووداوەکان بە ناچاریی خستوویانەتە بەردەم دووریانەکانی گۆڕانکاریەوە. بەڵام چ گۆڕانکارییەك و بە چ شێوەیەك؟ گۆڕانکارییەك کە تیایدا ئەشێت لە رێگەی توندو تیژیی و خوێناوی کردنی شەقامەوە کە تائێستا ئارامی رێژەیی پارێزراوە، مێژووی ئێمە بکاتەوە بە بەشێك لە جەنگ و پێکدادانە خوێناویەکانی خێڵە لە یەك تێ نەگەیشتوو دوژمن بە یەکەکاندا؟ وە یاخود گۆڕانکاریەك کە کۆمەڵگەی ئێمە بە هێمنی و بەو میکانیزمانەی تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی هەر رێژەیی و ناکامڵ، چ نە بێت شێوازە دەسەڵاتیەکانی خۆی بۆ دەرەوە پێ نمایش کردووە، واتە میکانیزمی گەمەی دیموکراسی و گەڕانەوە بۆ میتۆدەکانی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی لە رێگەی سنووقەکانی دەنگدانەوە، کە هەموومان خوازیارین ئەمە تاکە رێگەی هەناگاو نانی ئێمەو چوونە ناو ئەو مێژووە نوێ یەوە بێت کە ئیدی چاوەڕوان ئەکرێت لە مەودوا فۆرمێکی کۆمەڵگەی هاوچەرخ و دەسگاییمان بە سەردا بسەپێنێت.

ئێستا شتەکان، گەمەکان، ئاراستەکان روون تر ئەبنەوە، سەرۆکی هەرێم پێمان ئەڵێت کە هیچ کەس بەقەد ئەو گەنجانی خۆپیشاندەری خۆش ناوێت، کە چاویان کراوەتەوەو داوای نەك تەنها هەقی خۆیان، بەڵکو چاکسازی کۆمەڵگەکەشیان ئەکەن، هەروەها سەرۆکی هەرێم ئەڵێت تەنها ئەو کەسانە لەگەڵ ئەون کە باوەڕیان بە ئاشتی هەیە ودژی توندو تیژین، بێگومان پەیامی هەموو لایەکیش هەر لە شەقامەوە تاوەکو هەموو گەمەبازانی ئەو

هەولێرنامەی ئێستێ

ڕووداوانە هەر ئاشتیە، بەڵام پەیامێك کە داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی  لە سەرجەم بونیادی سیستمی دەسەڵاتدا ئەکات و تا ئەو خواستە  بەدی نەیەت ئارام نابێتەوە، لە نێو ئەم خواستانەدا کە هەر لە دەسەڵاتەوە تا ئۆپۆزیسیۆن و تا شەقام خۆیان بە بەرگریکاری ئەزانن،  جیاوازی پیادە کردن و هەڵبژاردنی  جۆری میتۆد و شێوازی گۆڕانکارییەکە هەیە، ئەمە چەند وەکو خواست  ئاسانە بەڵام هێندە لە نائامادەیی ئیرادەی گۆڕیندا  ئاڵۆزو تەمومژاوی و گوماناوی بووە لە نێوان دەسەڵات و ئەوانی دیدا، لە نێوان من و ئەوانی دیدا، منی سەرۆك کە پێی وایە ئەوانەی لە دەرەوەی پەیامەکەی ئەوەوەن ئەوانە لە کۆمەڵگەدا جێیان نابێتەوەو بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەوەی لەم جۆرە پێکهاتەو لە ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەدا خواستی ئەوەی هەیە بەدەر لەوشەرعیەتەی لە مێژوویەکی دێرین و پاشان شۆڕشگێڕیی و دواجار چەسپاندنی لە هەڵبژاردندا بە دەستی هێناوە،  شەرعیەتێکی دی لە خرۆشاندنی شەقامەوە بەدەست بێنێت، ئەوا کۆمەڵگە بە و پێکهاتەیەی ئێستایو بەو تێڕوانینەیەوە فریێ ئەداتە دەرەوەی ویستەکانی خۆی، کە کۆمەڵگەیەکی ئارامو گوێڕایەڵ و هۆشیارە بە مەترسیەکانی سەری ، لێرەوە یەکراست  جۆرە فۆرمێکی دەسەڵاتمان نیشان ئەدات  کە خۆی تیایدا فریادڕەس و پارێزەرەو ئارامی بەخشە لە دژی هەموو مەترسیەك، بە تایبەتی لە دژی گێڕانەوەی کۆمەڵگە  بۆ ئاستی  ئاژاوەو  بێ داب و نەریت و بێ ڕێ و ڕەسم ویاسا کە  تۆماس  هۆبس  بە کۆمەڵگەی نائارام و جەنگەڵی پێناسەی ئەکات، کە تیایدا  تەنها لە ڕێگەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیە پیرۆزەی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەوە ئارامی و یەکدیگیری و پێکەوە ژیانی  بۆ کۆمەڵگە ئەگەڕێتەوە ،  لێرەوە من ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتیەمان بیر ئەخاتەوە لە نێوان خۆی وەکو کۆڵەکەی دەسەڵات و تاکەکانی کۆمەڵگە دا کە تیایدا ئاشتی و ئارامی پێ بەخشیون و هەر لادانێك لەو پەیمانە تێکدانی ئەو ئاشتی و سەقامگیریەیە کە دەسەڵات لەڕێگەیەوە هۆشداری ئەدات بە تاکەکان  بە گەڕانەوە بۆ عەقڵ و پشت کردنە یاخی بوون،  یاخی بوون کە بەلای نووسەرێکی پارتیەوە یەکێکە لە سیفەتەکانی شاری سلێمانی کە ئێستا بۆتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و هەڕەشەی لە ناودان و ڕامالینی ئەو مۆدێلەی دەسەڵات و دەرباز کردنی  لە  چنگی هێزێکی باڵادەست  ئەکات، کە  بەلای ئەوەوە بەخشندەو مرۆگەلێکی ئارام و گوێڕایەڵ لە شوێنەکانی دیدا  بە شادی و هەلپەڕکێو بەرزکردنەوەی ئالاکانی ئەو هێزەوە  خودی

ئەوەی ئاشکرایە لە کۆی ئەم هەموو ڕووداوانە کە بەشێکی دیاری کۆمەڵگەی ئێمەی هەژاندووەو چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت لەو سنوورانەی خۆی دەرباز بێت، ئەبێت کۆتاییەك هەبێت، کۆتاییەك گەشبین بێت یان تراژیدی ، ئەوەی لێرەدا ئیدی ڕووبەڕووی شەقامو کاراکتەرەکانی ئەبێتەوە زیاتر و زیاتر ڕوون کردنەوەی دروشمەکان و دیاری کردنی ئامانج و نیشانەکانە، کە ئیدی چی تر لە پشتی زاراوەی موجەرەد و نادیارەوە نەمێننەوە

هەمان دەسەڵاتیان پیرۆز کردەوە.

لەنیو ئەم گەمانەدا تا دێت پەیامی شەقام ڕۆژانە خۆی وێل ئەکات و بزر ئەبێت، کاتێك بە ڕیتمو هەڵچوونو داچونەکانی کاراکتەرە سیاسیەکانی ناو گەمەکەو ئەوانەی پشتی ئۆپۆزیسیۆنەوە خۆی نماییش ئەکاتو خواستەکانی لە نێو ئەو ستراتیژەدا قەوارە دار ئەبێت، شەقام تا دێت بزر ئەبێت و نەوەیەکیش کە پێشتر هیچ ساتێکی ئەم گەمەو فێڵە سیاسیانەی برا دوژمنەکان فێر نەبووە مێژووی پەنهانیشیان نازانانێت و لە ڕووداوو دانووستانەکانی پشتی پەردەکان و ڕازاندنەوەی خوانەکانی سەر شەرەفی یەکدیان نازانێت، تا دێت لەو گەمانەدا نامۆ ئەبێت کە جێی داخە ئەگەر دواجار بە سادەیی و دڵپاکی خۆی تاکە دۆڕاوو فێل لێکراوو خیانەت لێکراو لەو گەمانە فڕێ بدرێتە دەرەوە.

شەقام ڕۆژانە لە گەڵ کێبڕکێی گوتاری میرابۆکانو تیۆریزەکەرانی ئەم نەوە نوێو ئەم ساتە وەختە مێژووییەدا ئەرژێتە سەرای ئازادی هەمیشە مەسخ کراو بە ڕیتمی هەینیەکانی شۆڕشی میسری، لە هەینی تووڕەوە تا هەینی خۆڕاگری و نیوەڕوان شەقام نوێژی هەینی لە پشت ئیخوانیەکانەوە ئەکات و بەردەرکی سەرا ئەبیتە مەیدانی جیهاد ودواجاریش لە پشتی دانووستانی سەرکردەکانیاندا لە گەڵ دەسەڵات، شەقام بە دوا پەیامو نهێنیە شاراوەکانی لایەنەکان ڕۆژێکی دی ئەخاتە سەر ڕۆژانی تووڕەیی و ماندووبوونی خۆی کە بێگومان ئەبێت دواساتەکان و بەرئەنجامەکانی دیار بێت و ناکرێت کۆمەڵگەیەك پەیامەکانی خۆی هەر لە بازنەیەکی بێ دەرچە و بێ هودەدا بەند بکات.

ئەوەی ئاشکرایە لە کۆی ئەم هەموو ڕووداوانە کە بەشێکی دیاری کۆمەڵگەی ئێمەی هەژاندووەو چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت لەو سنوورانەی خۆی دەرباز بێت، ئەبێت کۆتاییەك هەبێت، کۆتاییەك گەشبین بێت یان تراژیدی ، ئەوەی لێرەدا ئیدی ڕووبەڕووی شەقام و کاراکتەرەکانی ئەبێتەوە زیاتر و زیاتر ڕوون کردنەوەی دروشمەکان و دیاری کردنی ئامانجو نیشانەکانە، کە ئیدی چی تر لە پشتی زاراوەی موجەرەد و نادیارەوە نەمێننەوە ، ئیدی پێویستە ئاراستەی پەیامەکان ڕوونتر لە فۆرم و ڕەمزەکانی دەسەڵات بدوێن و چی تر بەو شێوە گوماناویە نەمێننەوە ، ئەوەی لەم شەپۆلی ڕاپەڕینە جەماوەرییانەدا کە ناوچەکەی گرتۆتەوە و بە ڕوونی دیارە ئەوەیە کە خۆپیشاندەران و خەڵکی تووڕە لەو شوێنانەدا ڕاستەوخۆ نیشانەکانی خۆیان دیاری کردوو زانیان تیرەکانیان ئاراستەی کێ ئەکەن، بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا روو ئەدات هاویشتنی تیرەکانە بەرەو نیشانەکان کە لە هەمان کاتدا بە ئاشکرا دیارن، کەچی کاراکتەرە ڕاستەقینەکانی ئەو گەمانە لە ئاراستەی خۆیانی وێل ئەکەن ، هێندەی بەگشتی باس لە دەسەڵات ئەکرێت، هێندەش خەریکە پانتایی جەنگ و رووبەرووبوونەوەکەی تەسك تر ئەبێتەوە و تا دێت سنوور دار ئەکرێت، ئەوەی لە سەرجەم گووتاری ڕاگەیاندنەکانی سەرجەم میدیاکانی سلێمانیەوە بڵاو ئەکرێتەوە بە میدیای حیزبی و ئەهلیەوە باس کردنە لە خرۆشانێکی جەماوەری، لە ڕووداوێکی هەنووکەیی ئەم ساتەوەختەی مێژووی هەرێمی کوردستانی عێراق، بەڵام ئەوەی لە میدیاکانی هەولێرەوە بڵاو ئەبێتەوە، باسکردنە لە خۆپیشاندان و ئەو گرژیەی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری گرتۆتەوە، بە شێوەیەك لێرەوە پانتایی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات تەسك و سنووردار کراوەتەوە بۆ ناوچەیەکی تایبەت و یاخی کە ئەشێت بە شێك بێت لە سیما و تایبەتمەندیە کەلتوریەکانی، کە ئەم جارە وەکو هێزێکی ڕووخێنەری سیستمەکە سەیر ئەکرێت.

نووسەرێکی پارتیش وەك بێ ئاگا لەوەی لە شەقامی سلێمانی وبەردەرکی سەرادا رووئەدات، کە ئەشێت ناهەقی نەبێت چونکە لە میدیای دەڤەرەکەی ئەودا جگە لە ڕووداوێکی تێپەڕو ئاژاوەو گرژییەك زیاتر هیچی تر نییە ، بێ ئاگا لەوەی کە شەقامی سلێمانی دژی سەرجەم مۆدێلی سیاسی و دەسەڵاتی کوردستان تووڕەو خرۆشاوە، خۆشنوود و سەرسام بە دەڤەرەکەی خۆی، پێمان ئەڵێت ئەوەی لە هەولێردا ڕووئەدات لە شادی ولەیەکدی

ئامێزگرتنی دەسەڵات و شەقام، دە رئەنجامی ڕووداوێكی مێژوویی سی و یەكی ئابەو بەرهەمی باوەش كردنی پارتی یە بە هەولێردا وەكو كۆرپەی خۆی، بێ ئەوەی شێوازو ساتەكانی ئەو لە ئامێزگرتنەمان بیر بخاتەوە ، ڕووداوێكی مێژوویی كە بەلای ئەوەوە كوردستانی لە نێو دوو هێزی دەسەڵاتدا لەت كرد، كە ئێستا پارتی لە هەولێر بە شادی خەڵكە گوێڕایەڵەكەی بەرهەمەكەی ئەچنێتەوەو یەكێتیش لە سلێمانی بە تووڕەیی و یاخی بوونی شەقام بەرهەمەكەی ئەچنێتەوە، ئەم تێڕوانینە كە بەرجەستەی خیتابێكی دەستەجەمعی شاراوەی هێزو دەڤەرەكەی دیە كە لە خەیاڵی ئاییندەیی خەڵكەكەیدا، ئەو ناوچەیەی پێگەی دەسەڵاتی خۆی ئەكاتە دوبەی، بێگومان دوبەی نەك بەو تێگەییشتنەی كە ڕۆژێك بورجێكی هاوتای خەلیفە لە ناوەڕاستی شێخوڵڵادا بە ئاسمانا بەرز بكاتەوە، بەڵكو دوبەی بەو شێوازە مۆدێلەی دەسەڵات كە لە ئاییندەدا خێزانی پیرۆز لە ئەبەدیەتی دەسەڵاتدا ئەچەسپێنێت، ئەم تێڕوانینە تا دێت ڕمەكانی تووڕەیی لە دەسەڵات لە خۆی دوور ئەخاتەوەو لە ناوچەیەكدا وێنا ئانارشیەكەیمان نیشان ئەدات كە لە لایەكەوە ماڵی نابێت و لە لایەكی دیەوە ئەو هێزەی پێگەی دەسەڵاتی تیایدا بە هێز بووە، باوەشی بە شەقامدا نەكردووەو وەكو كۆرپە نەیلاواندۆتەوە.

ئێستا كە ئاراستەكان ڕوون تر ئەبنەوە، تا دێت لە سەرای سلێمانیەوە بانگەوازی گۆڕینی سەرجەم مۆدێل و سیستمی سیاسی دەسەڵات و حیزبایەتی كوردستان بەرز ئەبێتەوە، ئیدی ئەركی شەقامە كە بەرجەستە تر و دوور لە ئاڵۆزی و بێ تێكەڵ بوونی لە گەڵ بەرنامەی سیاسی هێزە ڕێكخراوەكاندا، لە خۆیی و خواست و ئامانج و داخوازیەكانی بدوێت، ئەگەر داخوازیەكانی شەقام بەرنامە ڕێژ بكرێت و لە لایەن دەسەڵاتەوە ئاست و كات و میكانیزمی بۆ دیاری بكرێت بۆ جێ بەجێ كردنی و پیادە كردنی، ئەوا وەكو مۆریس تۆرێزی سكرتێری پارتی كۆمۆنیستی فەرەنسی كە لە كۆتایی بە دیهێنانی ئامانجەكانی مانگرتن و خۆپیشاندانێكی سەرتاسەریدا لە فەرەنسا لە ساڵی ١٩٣٦ كۆتایی مانگرتنەكانی ڕاگەیاندو لە بەردەم جەماوەردا ووتی : ( ئەبێت ئەو ڕاستیە بزانین كە ئەبێت كۆتایی بە مانگرتنەكان بهێنرێت كاتێك سەركەوتن بە دەست دێنێت) ، ئایا خۆ پیشاندانەكانی شەقامی كوردستان سەركەوتنی بەدەست هێناوە؟ ئەوەیان ئەگەر لە ڕووی خواستو

دەستکەوتەکانەوە سەیری بکەین هێشتا لە سەرەتادایە، نوێنەرانی شەقام ئەتوانن ئەو بڕیارە بدەن کە ئایا خواستەکانی لە کوێی خواست وستراتیژی هێزە سیاسیەکانی تێکەڵ بە شەقامدا ئەوەستێت و لێی جیا ئەبێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستا جێی ئاماژەیە، لە کوردستاندا لە پاڵ هێزە سیاسیە بڕیاردەرەکاندا هێزێکی شەقامی هۆشیارو نەوەیەك لە دایك بووە کە دەسەڵاتی ناچار کرد چ نە بێت هەست بە بوون و مەترسیەکانی لەسەر ئاییندەی خۆی بکات ، دەسەڵاتی ناچار کرد کە گوێبیستی داواکانی بێت و لە شەقامیشەوە فێری دووبارە خوێندنەوەو گەڕانەوە بە مێژووی خۆیی و دووبارە پێداچوونەوە بە فۆڕم و خودنمایش کردنەوەی خۆی لە داهاتوودا بکات، کە هەموولایەك لەسەری کۆکن و ناکرێت ئەم قۆناغە بێ گۆڕانکاری ڕیشەیی تێ پەڕێنرێت و ناکرێت تا چەندین ساڵی تر بە هەمان مۆدێلی سیاسی دەسەڵاتداریەوە بەردەوامی بە خۆی بدات، ناکرێت ئەم هێزانەو دەسەڵات بێ دەستکاری بونیادی خۆیان بچنە مێژوویەکەی دیەوە ، لە نێو کۆمەڵگەیەکدا کە ئەو هێزە نوێ یەی تیایدا لە دایك بووە دیواری بێ دەنگی شکاندووە خواستەکانی لە خەون و یۆتۆبیاوە بوونەتە کردەو پرۆگرام و ویستی پێکهاتەیەك کە ناتوانێت بۆ هەتاهەتایە لەژێر سایەی ئەو شێوازەی ئێستای دەسەڵاتدا زیندەگی بکات، من پێم وایە خۆپیشاندانی شەقام سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێنا کاتێك دەسەڵاتی ناچار کردووە باس لە حکومەتی فراوان و هەڵبژاردنی پێش وەخت بکات ، کە ئەمە خۆی دەسکاری کردنی بونیادی دەسەڵاتە لە داهاتوودا، ئەگەر ئەو هێزە نوێ یەی شەقام لە دەرەوەی کاراکتەرە تەقلیدیەکانی تری ناو شەقامەوە کە بەرنامەی ستراتیژی خۆیان هەیەو بەشێکن لەو گەمەیە، ببێتە هێزێکی مەدەنی کاریگەرو بەشدار لە داڕشتنەوەی بونیادی دەسەڵات لە داهاتوودا ، کە ئەمەیان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، ئەگەر لەم ڕووەوە سەیری دەرئەنجامی سەرکەوتنەکانی خۆپیشاندان بکەین، پێم وا نیە لە ئێستادا سەرکەوتنی کۆتایی بە دەست هێنابیت کە ئەویش گۆڕینی ڕادیکالیانەی سەرجەم سیستمە سیاسیەکەیە، کە بەتەنها گۆڕینی دەسەڵات و هێزە باڵادەستەکانی ناوی و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی لەسەرجەم بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا ئەخوازێت کە هێزە سیاسیەکان تیایدا خۆیان لە فۆڕمی حیزبی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا ڕێك ختسووە، من پێم وایە شەقام سەرکەوتووە لە

كردنەوەی دەروازەی پرۆسەكانی گۆڕینی كۆمەڵگەی ئێمەدا كە تا ئێستا ئیرادەیەكی زیندوو نەبوو بۆ پیادە كردنی و كلیلەكانی تەنها لای ئەو هێزانە بوو كە دەسەڵاتیان لە قەڵایەكی داخراودا هێشتبۆوە ، بەڵام ئێستا ئەوان تاكە پاوانكاری ئەو كلیلانە نین، سەرەتای بە واقیعی كردنی پرۆسەكە دەستی پێ كردووە، بەڵام گۆڕانكارییش پرۆسەیەكی بەردەوامو مێژووییە و لە ئەنجامی ناكۆكی و ململانێی بەردەوامی نێو هێزە تەقلیدیەكانی كۆمەڵگەو هێزە نوێیە مەدەنیەكانیدا دێتە دی، كە ئێستا دەركەوتنی ئەو هێزە لە شەقامدا وەكو پێكهاتەیەكی نوێ و ئیرادەگەری بۆ كۆمەڵگەی نوێ بە بەرجەستەیی خۆی نماییش ئەكات و جگە لەمەش بە ناو جەستەی هێزەكانی دەسەڵات و دەرەوەشیاندا بڵاو بۆتەوەوپێشتریش هەمیشە نماییشی خۆی كردووە بەڵام بە پەراوێزی و لە دەرەوەی توێژی باڵادەستی ئەو هێزانەدا ماوەتەوە، ئێستا ئەم هێزە پێویستی بەوە هەیە كە بەشداری جیدی لە پێكهێنانی داهاتووی كوردیدا بكات بە میكانیزم و چەكە مەدەنیەكانی خۆی ، ئەم هێزە جگە لە سەرمایەی فیكری و زانستی و پیشەیی و عەقڵی خۆی خاوەنی هیچ چەكێكی دی نیە، وابەستەیی بۆ هێزێكی نوێ هەیە كە لە نێو ڕێ و ڕەسم و پەیوەندی و مەرجەكانی كۆمەڵگە تەقلیدیەكاندا لە دایك نەبووە، یاخود ڕۆشنتر بەو میتۆدە پەروەردە نەبووە یان وابەستەی نەبووەو بەڵكو نەوەیەكە لە نێو پێكهاتە نوێكانی كۆمەڵگەی مۆدێرندا هۆشیاریو پەیوەندیەكانی خۆی ڕێكخستووە، وەكو خوێندنگاو زانكۆ و شوێنەكانی كارو گروپە پیشەیی و كەلتوریەكان، ئەگەرچی ئەم شوێنانە تا ئێستاش گرنگترین ئامانجی دەسەڵات و هێزە تەقلیدیە ڕێكخراوەكانی بێت بۆ كۆنترۆڵ كردن و پاوان كردنیان ، بۆیە ئەم هێزە لە بە مەدەنی كردنی داهاتووی كۆمە ڵگەی كوردیدا تاكە هێزی براوەی گەمە سیاسیەكان ئەبێت،كە دیسانەوە ئەبێت بزانین ئەوە پرۆسەیەكە تەنها لە خواستێكی هەنوكەیی خۆپیشاندانەدا نایەتە دی ، ئەستەمە كۆمەڵگەیەكی چەكدار تەنها بە یەك خاڵی داواكاریەكان لە چەكەكانی دابماڵرێت ، كۆمەڵگەیەك كە تائێستا پێكهاتەكانی لە ڕێگەی خۆچەكدار كردن و خۆ ڕێكخستن لە حیزبی چەكداردا بەرگری لە خۆ كردووە، وە كە ئێستا ئەم شێوازە پێكهاتانە بوونەتە بەشێك و بەڵكو بەرجەستەكەری دەسەڵات كە لە ڕێیانەوە حیزب تەنها ئەو فۆرمانەی بەرگری بەخشیوە بە كۆمەڵگەی كوردی و دواتر هەر ئەمانەی كردۆتە هێزی كۆنترۆڵ كردنی ، ئەستەمە ئێستا لە كاتێكی كەمدا یان تەنها بە دروشمی



هەولێرنامەی دیكتیب

هەڵوەشانەوەی تەواوی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی بێ لایەن ئەم فۆرمەی دەسەڵات کۆتایی بێت ، بۆیە لە نێوان یۆتۆبیاو واقیعدا باشترە هەنگاوەکان بەرەو ئایندەیەك بنرێت کە لە خەیاڵی هەمووماندا هەیە، وە بێگومان ئەستەمیش نییەو دیالێکتیکی گۆڕان مانەوەی فۆرمی کۆمەڵگەی کوردی بەم شێوازەی ئێستایەوە تا ئەبەد قبول ناکات.

بەڵام بۆ گەییشتن بەو قۆناغە دوو ڕێگا لە بەردەمدایە، ئەگەرخواستی شەقام واقیع بین بێت بە نەوەی نوێو ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەوا ئەگەری گۆڕانکارییەکی هێمنانەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئاییندە والآیە. ئەویش ڕێگای یەکەمە بە کارکردن بۆ هەڵبژاردنەوەی گشتی ودیاری کردنی کاتەکەیو لەو ماوەیەشدا ئەگەری گۆڕینی حکومەت و فراوان کردنی، بە شێوەیەك کە هەموو کاراکتەرە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیش تیایدا کار بۆ بنیاتنانی دەستگا بنچینەییەکانی دەولەت بکەن، چ دەستگا نوێنەرایەتیەکان وە چ دەستگا تەنفیزیەکانیش، بە تایبەتی پێکهاتەو هێزە چەکدارەکانو ئاساییش بە شێوەیەك کە لە ژێر باڵادەستی و وابەستەیی حیزبی دەربهێنرێن و بکرێنە بەشێك لە دەستگای دەوڵەتی، وە بوونی هەموو لایەنەکان لەم قۆناغی گواستنەوەیەدا گرنگە بۆ کۆمەڵگەی کوردی کە پێویستە هەموو پێکهاتەکانی پێکەوە لەو پرۆسە ئاڵۆزەی بنیاتنانەوەیەدا بەشدار بن، ئەگینا بەدەر لەوەو بێ بەشداری هەموو هێزەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و شەقام لەو پرۆسەیەداو وازلێهێنانی تەنها بۆ خودی دەسەڵات مانای هێشتنەوەی فۆرمەکانی پێشوو دەستکاری نەکردنیانە، بەڵام فرێدانە دەرەوەی هەموو ئەو هێزانەش کە مێژوو پاشخانێکی بونیادی پتەویان هەیەو یەکراست بونەتە بەشیك

**بەڵام بۆ گەییشتن بەو قۆناغە دوو ڕێگا لە بەردەمدایە، ئەگەرخواستی شەقام واقیع بین بێت بە نەوەی نوێ و ئۆپۆزیسیۆنەوە، ئەوا ئەگەری گۆڕانکارییەکی هێمنانەی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئاییندە والآیە.**



هەواڵنامەی کێتێب

لەو دەستگایانەو بنیاتنانەوەیان بێ ئەوان، ئەوا ئەم قۆناغەی کۆمەڵگی کوردی تووشی لێکهەڵوەشانەوەو پێکدادانی خوێناوی ئەکات ، ناکرێت تەنها بە داخوازیەك وا لەو هێزانە بکرێت هەموو ئەو بونیادە ئاڵۆزەی خۆیان هەڵوەشێننەوەو بخرێنە دەرەوەی پرۆسەکانەوە، لە کاتێکدا ئەوان پێگەی کۆمەڵایەتی و تا ئاستی جەماوەریشیان بنیات ناوە ، بۆیە خواستی حکومەتی بێ لایەن ناتوانێت قۆناغی گواستنەوەبەرەو هەڵبژاردنی پێشوەخت تێ پەڕێنێت لە کاتێکدا کە توانای هیچ بڕیار و دەسەڵاتێکی بەسەر ئەو هێزانەدا نەبێت کە ئەگەر فرێبدرێنە دەرەوەی پرۆسەکەوە، ئەوا ئەوان بە تەنیا ناچنە دەرێ ، بەڵکو لە گەڵ خۆیاندا هەموو پێکهاتە چەکداریی و ئاسایشی و دارایی و فۆڕمەکانی خۆشیان کە وەکو دەستگایەکی هەرەمی وایە ئەبەنە دەرەوەی بنیاتنانەوەی داهاتووی کوردیەوە، ئێمە لەکاتێکدا باسی ئەوە ئەکەین کە کۆمەڵگەی کوردی و ئەم شێوازە حوکمڕانیەی پیادەی ئەکات شێوازی دەوڵەتی دامەزراوەیی نییە، بۆیە پێویستە قۆناغێك هەبێت کە تیایدا هەموو هێزەکان لە پێکەوە ژیانی ناچاریدا بەرەو تێکەڵ کردنی پێکهاتەکانی خۆیان لە سیستمێکی پیرۆزتر و باڵاتردا بتوێننەوە کە پێکهێنانی شوناسێکی نەتەوەیی و فۆڕمە دەسەڵاتیەکەی بێت بۆ کورد ، ئەمەش بە گۆڕانکاری هێمنانەو بە قۆناغ بەرجەستە ئەکرێت، بەڵام بە کار کردنی جیدی و ئیرادەی بەدیهێنانی. نموونەیەکی زیندوو لە مێژوودا کە لە کۆمەڵگەی لێکدابڕاو و پێکهاتەی چەکداری جیاوازەوە بە چەندین ساڵ پرۆسەی بوونە دەوڵەتی نەتەوەی پێکهێنا، ئیسرائیلە کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پێکهاتبوو لە چەندین تیرەو هێزی چەکداریی و میلیشیایی جیاوازو لە یەکدی تێ نەگەیشتوو، کە هەر لایەنێکیان وەکو ئەم ساتە وەختەی کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی سوپا و ئاسایش و تا ڕادەیەك هەموو دەستگاکانی حوکمڕانی خۆی بوو، بە لام هەمووش پێکەوە لە ئاییندەیەکیان ئەڕوانی، بۆیە خۆیان خستە پرۆسەیەکی ناچاریی زەمەنی درێژەوە تا داوجار هەموو هێزەکانی خۆیان لە پێکهاتەیەکی دەوڵەتی دامەزارەوەییدا تواندەوەو ناکۆکیەکانیان لە شێوەی ململانێی مەدەنی و سیاسیدا لەگەڵ یەکدیدا چڕ کردەوە، ئێستا کۆمەڵگەی کوردی خاوەنی میکانیزمەکانی ئەو ململانێ سیاسیو مەدەنیە یەو پێشتریش پیادەی کردووە، بەڵام بەهۆی ئەم فۆڕمانەی ئێستای حیزبو پێکهاتەکانیو دواتر تواندنەوەی ئەو دەستگا مەدەنیانەی دەسەلات لە خودی حیزبدا تووشی شکست بووە، ئێستا ئەکرێت بە فراون کردنی ئەم میکانیزمانەو بەشداری پێکردنی

سەرجەم کاراکتەرە سیاسیەکان و هەموو هێزەکانی فشاری دیموکراسی و نەوەی نوێ، هەنگاوێکی جیدی بۆ پێکهێنانی فۆڕمێکی دی دەسەڵات بنرێت، کە ئەکرێت تا ڕادەیەکی زۆر پێگەکانی حیزبی تەقلیدی کوردی بلەقێنیت و بەو پتەویە نەیهێڵێتەوە.

بە پێچەوانەوە، ئەگەر خواستی شەقام بەردەوام بوونە لە تووڕەیی و خولانەوە لەو یۆتۆبیایەدا کە پێداگری لەسەر داواکانی و زیاد کردنی و تا ئاستی ئەوەی کە هەموو دەسەڵات فڕێ بداتە دەرەوەی هاوکێشەکانەوە، پێم وایە کۆمەڵگەی کوردی ئەخاتە بەردەم ڕێگەی دووەم و ئەگەرێکی ناچاری تراژیدی و خەمناکی پێکدادانی نەوەکانی، کە ئەمەیان خواستی کەس نییە ، بە ڵام بەداخەوە دەرەئەنجامێکی غەریزەیی بەرگریکردنی هەموو ئەو هێزانەیە لە خود کە لە جیاتی ئەوەی هەنگاوێك بەرەو پێکهێنانی شوناسێکی کوردی بڕۆنە پێشەوە، بە خوێنی ڕژاوی یەکدی چەندین قۆناغ بوونی کوردی لەو شوناسە دوور ئەخەنەوە، ئەگەر خواستی شەقام گۆڕین و ڕامالینی هەموو پێگەکانی دەسەڵاتە، ئەوا باشتر وایە کە پێگەکانی دەسەڵات لە هەموو شوێنەکاندا ببینن، دەسەڵات تەنها سلێمانی نییە، پایە ترسناکەکانی دەسەڵات بەسەر کێویکی سەختی دیەوەیە کە ئەوەی ئاشتی نەخوازێت لە هەرێمەکەی خۆی فڕێی داوەتە دەرەوە، دەرفەتێك هەیە بۆ گۆڕانکاریی هێمنانە کە خوازیارم شەقام تیایدا ببێتە توخمی چالاك و کارلێکەر ، تا وەکو بەردەرکی سەرا لە مەیدانی ئازادیەوە نەبۆتە مەیدانی جیهاد و وێڵ کردنی خەونی نەوەیەك لە نوێژە جەماعیەکانداو تا دروشمی ئەم نەوەیە نەبۆتە پەیامی ئیلاهی پشت خوتبەی ئیخوانیەکان و تا بە گەمەی سیاسیەکان لە ئاراستەی خۆی لای نەداوە، خوازیارم ئەو شەقامەی کە سەرجەم کۆمەڵگەیەکی هۆشیار کردەوە، هۆشیار بێت لە پاراستنی پیرۆزیی و ڕەوایی داواکانی و بە هێمنانەو دوور لە هەموو گەمەیەك، هۆشیار بێت بەوەی کە مەرج نیە سەرای ئازادی و هەینیە کانی توڕەییو خۆڕاگری و هتد بە هەمان شێوەی میسر کۆتاییان پێ بێت ، هیوادارم کە شەقام بە دوور بێت لە ململانێی شەڕانگێزو ترسناکی ئەو هێزانەی مێژووییەکی دوورودرێژیان لە فێڵ لە یەکدی کردن و لە کوشتنی یەکدی و جەنگ و ئاشتبوونەوەی یەکدیدا هەیە، نەوەیەك تەنها خەون بە ئاییندەیەکی هێمن و ئازاد و کۆمەڵگەیەکەوە ئەبینێت تیایدا ژیان و کەرامەتی پارێزراو بێت ، با وەك نەوەکانی پێشوو لە نێو خیانەت و فێڵەکاندا وێڵ نەکرێن .



هەولێرنامەی کتێب

# کــێ بڕیار بۆ شەقام دەدات؟

## شەقام بڕیاردەری گەمەی دیموکراسی :

**لەو** سیستمانەدا کە بەمیکانیزمەکانی دیموکراسی کاردەکەن و پرۆسەی حوکمڕانی تیایاندا لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە ئەنجام دەدرێن، شەقام بەو مانایەی نوێنەری جەماوەرێکی بەرفراوانە، بە توێژو پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگەوە، پانتایی سەرەکی خودنماییش کردنی هێزە سیاسییە رکابەرەکان و کارلێکەرییانە لەهەموو ئاستەکانی ئەو گەمە دیموکراسییەدا، کە بریتییە لە قۆناغی پێش گەیشتنە دەسەڵات و قۆناغی دوای گەیشتنە دەسەڵات و شوێنی بڕیار.

واتە شەقام لەو سیستمانەدا بە شێوەیەك فەزای سەرەکی بزووتنەوەی هێزە سیاسییەکانە کەقورسایی و مێژوو پرۆگرام و پرەنسیپەکانی خۆیانی تێدا دەخەنەکار لەگەیاندنیاندا بۆ دەسەڵات، لەقۆناغی دەسەڵاتیشدا هەمان ئەو میکانیزمانە ئەخەنە کار بۆ کۆنترۆڵکردنی شەقام و بەدەستهێنانی ئارامی و متمانەی، بێگومان لەو گەمە دیموکراسیانەدا ئەو هێزانەی لەقۆناغی دووەمدا پێگەی حوکمڕانی و بڕیاری سیاسی بەدەست ناهێنن و ئەکەونە بەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، ئەوا دووبارە خودنماییش کردنی خۆیان لە ناو شەقامدا چڕ دەکەنەوە بۆ تێکدانی ئارامی هێزی نەیار لەدەسەڵاتدا.

لێرەشدا شەقام چەندە کارلێکراوو بابەتی خود رەنگ پۆشینە بەئاڵاو رەنگی هێزە رکابەرەکان، هێندەش کاریگەرو بڕیاردەرە لەسەر چارەنووس و شوێنی ئەو هێزانە لەپێگەی دەسەڵات و بڕیاری سیاسیدا، بەڵام هەموو ئەم پرۆسانە کە زیاد لەسەدەیەکە مێژووی ژیانی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان بەڕێوەدەبات، لەگەمەیەك زیاتر هیچی دی نییەو بۆتە جۆرێك لە ناکۆکییەکی سروشتی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە کە بەشێوەیەکی دەوری دەبنە کاراکتەری ئەو پرۆسەیە لەناو سەرجەم سیستمێکی دەسەڵاتیی دەستگایيو

> **بێگومان ئێمە باس لەو کۆمەڵگەیانە دەکەین کە پرۆسەی سیاسی تیایاندا لە هەموو حاڵەتەکاندا تەنانەت لە ساتەکانی قەیرانی سەختی سیاسی و ئابووری و ئیفلیجبوونی حکومەتیشدا بۆتە گەمەیەکی دیموکراسی و گۆڕانکارییەکی هێمنانە کەشکست و سەرکەوتن تیایاندا کۆتایی تەواو ناگەیەنێت.**

پێکهاتەیەکی دەوڵەتی-نەتەوە، وەکو چەترێکی ئارام بۆ گشت، چەترێك کە هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی لەژێر سایە و بەرژەوەندی باڵایدا، تەنها لەڕێگای جیاوازی لە پرۆگرام و تێڕوانینی ئایدۆلۆجیان بۆ ڕێکخستنی قۆناغێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەیەکی خۆی لە خۆیدا ڕێکخراو لەڕووی دامەزراوەیی و یاساییەوە، ناکۆکییەکانیان ڕێکدەخەن و لەشەقامدا یەکلایی دەکەنەوە، ئیدی ئەگەر بەمیکانیزمەکانی دیموکراسی بێت، یان بەمافە دیموکراسییەکان لەیاخیبوون و ڕەتکردنەوەی میتۆدی دەسەڵاتی یەکدی، ئەوەی دواجار بەپارێزراویی و پیرۆزکراو و هەرەشە لێنەکراو لەکۆتایی هەموو قۆناغێکی ناکۆکییەکاندا دەمێنێتەوە، کۆی سیستمە دەسەڵاتییە دەستگاییەکەیە، کە بەدەستاودەستکردنی دەسەڵات و گۆڕانکاریی لە ڕەنگە سیاسییەکانیدا بونیادە سەرەکییەکانی کارکردنی تووشی تێکچوون و شڵەژان نابێت، تارادەیەك کەئێستا دەبینین ئەم سیستم و کۆمەڵگە دیموکراسیانە لەقۆناغێکدا دەژین کەتیایدا دوور کەوتنەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان خەڵك و سیاسەتدا دەبینرێت و تادێت بەشداری شەقام بەتایبەتی نەوەی نوێی لەو گەمە دیموکراسیانەدا کەمتر دەبێتەوە، وەك چۆن تێبینی دەکرێت کە لەو وڵاتە دیموکراسیانەدا ڕێژەی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا لەئاستێکی نزمدایە، کەئەمەش ئەگەر مانایەکی هەبێت ئەوەیە کە زۆرجار بەشێکی زۆری شەقام بێباکانە لەڕکابەری هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە دەڕوانێت و گۆڕینی ڕەنگ و ئاڵاکانی دەسەڵاتی ئەوەندە لا گرنگ نییە، بەڵام لەهەمانکاتدا هۆشیارە بەوەی کە خودی سیستمەکە خۆی بۆتە ڕێکخەری هەموو دەسەڵاتەکان و زامنی ئارامی

کۆمەڵگە، گرنگ ئەوەیە گۆڕینی دەموچاوەکانو یان ڕەنگەکانی سیاسەت هیچ هەڕەشەیەك لەسەر ئەو سیستمەو بونیادەکانی دروست ناکات.

بێگومان ئێمە باس لەو کۆمەڵگەیانە دەکەین کە پرۆسەی سیاسی تیایاندا لە هەموو حاڵەتەکاندا تەنانەت لەساتەکانی قەیرانی سەختی سیاسی و ئابووری و ئیفلیجبوونی حکومەتیشدا بۆتە گەمەیەکی دیموکراسی و گۆڕانکارییەکی هێمنانە کەشکستو سەرکەوتن تیایاندا کۆتایی تەواو ناگەیەنێت.

## گەمەی سیاسی لەناو سیستمدا:

**شتێکی** سروشتییە کە لەژێر سایەی دیموکراسیەتدا توخمێك نییە پێی بووترێت ئۆپۆزسیۆنی بنیاتنەر، کاری ئۆپۆزسیۆن بریتییە لە شکست پێهێنانی ئەو حکومەتەی کە خۆی نەیتوانیوە لەرێگەی دەنگ و بڕیاری شەقامەوە بە دەستی بێنێت، ئۆپۆزسیۆن لەژێر دەسەڵاتی حکومەتێکدا کەخۆی تیایادا بەشدار نییەو لەپەرلەمانێکدا کە خۆی تیایدا زۆرینە نییەو بڕیاردەری پرۆژەکان نییە، خستنە کاری پلانی ڕووخاندنی حکومەتە لەرێگەی گەرانەوە بۆ شەقام، بەڵام بێگومان ئۆپۆزسیۆن لەو سیستمە دیموکراسیانەدا وشیارە بەو راستییەی کەڕووخاندنی حکومەت و دەسەڵات تەنها گەمەیەك نییە، بەڵکو دەبێت بزانێت لە چ ئاستێکدا شکست و هەڵەکانی حکومەتی دەسەڵاتدار دەخاتە گەڕ بۆ کۆتایی پێهێنانی و خستنە کاری پرۆژەی خۆی، ئۆپۆزسیۆن بەبێ دۆزینەوەی

**ئۆ پۆ ز سیۆ ن ئەو کاتانە پلان و پرۆگرامی خۆی بۆ ڕووخانی حکومەت دەخاتە کار کەتیایدا ڕەنگدانەوەی شکستی سیاسەت و پرۆگرامەکانی لەشەقامدا دەبینێت و کاتێك وڵات دەکەوێتە قەیرانێکی بێ دەرچەوە کەمانەوەی حکومەت تیایدا ئاستەکانی ئەو قەیرانە سەختتر دەکاتەوە.**

هەڵە کوشندەکانی حکومەت و سیاسەتە چەوتەکانی و بەبێ پرۆگرامێکی ئەلتەرناتیف تەنها بۆ گەمە ناتوانیت لە شەقامدا جەنگی رووخانی حکومەت رابگەیەنێت کەدواتر بەشکست بەسەر خۆیدا بکەوێتەوە.

ئۆپۆزسیۆن ئەو کاتانە پلان و پرۆگرامی خۆی بۆ رووخانی حکومەت دەخاتە کار کەتیایدا رەنگدانەوەی شکستی سیاسەت و پرۆگرامەکانی لەشەقامدا دەبینێت و کاتێك وڵات دەکەوێتە قەیرانێکی بێ دەرچەوە کەمانەوەی حکومەت تیایدا ئاستەکانی ئەو قەیرانە سەختتر دەکاتەوە، لێرەوە ئۆپۆزسیۆن جەنگی لێسەندنەوەی متمانە لەحکومەت و شکست پێهێنانی بەرپا دەکات، نەك تەنها لە ناو دەسگاکانی نوێنەرایەتیدا وەکو پەرلەمان، بەڵكو ستراتیژیی گەمەکان دەگۆڕێت و زیاتر جەنگەکە دەگەڕێنیتەوە بۆ ناو شەقام وەکو دوا توخمی کاریگەرو بڕیاردەر لەکۆتایی قەیرانەکان و پانتایی راستەقینەی پێکدادانی سیاسی و یەکلایی کەرەوەی ناکۆکییەکان و جەنگی گەییشتن بەدەسەڵات.

ئۆپۆزسیۆن لەو قۆناغانەدا ستراتیژیی شکست پێهێنان و روخاندنی دەسەڵات دەخاتە کار کەئیتر خودی دەسەڵات دەبێتە هۆکاری خولقاندنی قەیران بۆ سەرجەم سیستمە دەسەڵاتییەکەو هەموو پێکهاتەکانی تووشی لەکارکەوتن و ئیفلیج بوون دەبن، تائەو رادەیەی پایەکانی دەسەڵات ناتوانن بەردەوامی بەو قەیرانە بدەن.

بێگومان ئۆپۆزسیۆن رۆڵی خولقاندنی ئەو قەیرانەی دەسەڵاتیش پیادە دەکات لەرێگەی بزواندنی شەقامەوە، واتە لەکاتێکدا ناتوانێت لەرێگەی میاکنیزمەکانی دیموکراسییەوە لەپەرلەماندا زۆرینە بەدەستبێنێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات، ئەوا لە دەرەوەی ئەو میکانیزم و دەسگایانەوە، لەنێو جەماوەرو شەقامدا بەدوای زۆرینەدا دەگەڕێت. رۆڵی شەقام لێرەدا بڕیاردەرو جارەنووسسازەو تەنها لەدوای پرۆسەکانی دەنگدان و سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە کۆتایینایەت، بەڵكو قەبارەی گرنگی شەقام لەوەدایە کە لەهەموو ساتێکدا توانای دووبارە گۆڕینی رەنگە سیاسییەکانی هەیە.

کەلتووری سیاسی فەرەنسی خاوەنی مێژوویەکی پڕ رووداوی ئەو جەنگەی نێوان هێزە سیاسییەکانیەتی کە بەتەنها دەستگا دیموکراسییە هەڵبژێردراوەکانی دەسەڵات تاکە پانتایی بڕیارو پێکدادانی ناکۆکییەکان نین، زۆرینەو کەمینە لەپەرلەماندا تاکە پێوانەی

هەوراز کتێب

پێگەو قورسایی هێزە سیاسییەکان نییە، بەڵکو هێزێکی کەمینە لەهەموو کاتێکدا توانای ئەوەی هەیە لەسەر بەدەنگهاتن لەسەر پرسیارە ئابووری و کۆمەڵایەتییە گرنگەکان لەڕێگەی شەقامەوە هەموو پێگەو قورساییە سیاسییەکان لەشوێنەکانی دەسەڵاتدا تووشی گۆڕان بکاتەوە.

کاتێك کەدەوڵەت دەگاتە ئاستێکی قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری کەڕەنگدانەوەی لەسەرکۆی سیستمەکە دەبێت و تیایدا شەقام دەبێتە شانۆی نماییشکردنی ئەو قەیرانانەو هۆکاری ئیفلیج بوونی سیستمەکە، کە لەڕووی سیاسییەوە هێزی دەسەڵاتدار رووبەڕووی لەدەستدانی دڵنیایی و متمانەی جەماوەر دەکاتەوە، ئەو ساتانە خودی دەسەڵات خۆی ناچاربووە بەهەڵبژاردنی ڕێگەچارەی ئاشکراکردنی شکستی خۆیی و خود هەڵوەشاندنەوەو دووبارە سازدانی پرۆسەیەکی دی سیاسی کەتیایدا مەبەستی خستنەوەکاری سیستمەکەیە کە بەهۆی جۆرێك لەمیتۆدی سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی هێزێکی دەسەڵاتدارەوە تووشی لەکارکەوتن و داخراوی بووە لەبازنەیەکی قەیراناویدا، کەواتە ئەوەی ڕوودەدات لەم حاڵەتانەدا رووخاندنی سیستمێك نییە کە بونیادو مێژوورییەکی کاری خۆی هەیە لەسەر هەندێك پرەنسیپی چەسپاوو نەگۆڕ، کە هەموو پێکهاتە هێزە دژ بەیەکەکانی ناوی ناکۆکیان نییە لەسەری، کە ئەویش پرۆسەکانی دیموکراسیەتە، بەڵکو ئەوەی مەبەستە چۆنێتی کارکردن و خستنەکاری پرۆگرامە سیاسییە حزبییەکانە لەناو خودی ئەو سیستمەداو تا چ رادەیەك بەرەنگاری خواست و یاخیبوونی شەقام نابێتەوە.

لەمێژووی سیاسی فەڕەنسادا لەسەرەتای دامەزراندی جمهوریەتەوە کەئێستا فەڕەنسا زەمەنی پێنجەم جمهوریەت ئەژی، جگە لەچەندین گۆڕانکاریی حکومی و کابینە وەزاریەکان، لەپێنج قۆناغی زەمەنی جیاوازدا کەکۆمەڵگەی فەڕەنسی تووشی قەیرانێکی سەرتاسەری بۆتەوە کە بە قەیرانی ئیفلیجبوونی سیستمی حوکم ناسراون و تیایاندا چی دی نەتوانراوە بەردەوامی بەو پەیوەندیەی نێوان هێزە سیاسییەکانی بدرێت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو پێکهاتە دەسەڵاتیەی ئەو قۆناغە دراوە کە ئەگەرچی پێشتریش لەڕێگەی پرۆسەیەکی سیاسی دیموکراسی ئاساییەوە بنیات نرابێت.



هەولێرنامەی پیتێر

ئەوەی گرنگیشە لەهەموو قۆناغەکاندا هێزی دەسەڵاتدار کە خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان بووەو حکومەتی بەدەستەوە بووە ئیتر چەپ بێت یان ڕاست خۆی دەسپێشخەربووە لەهەڵبژاردنی ئەو بڕیارەدا وەکو خواستێکی ناچاریی و پێویست بۆ دەربازکردنی سیستمەکە لەو قەیرانەی تێی کەوتووەو جگە لەوە هیچ ڕێگە چارەیەکی دی لەبەردەمدا نەبووە.

شارل دیگۆلی رابەری راستڕەوەی سەرۆکی فەڕەنسا، لە١٩٦٢دا بۆ دەربازکردنی وڵات لەو کێشە سیاسییە سەختانەی نێوان چەپ و ڕاست و نەبوونی بنەمایەکی دەستووریی بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کە تا ئەو کاتە لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردراو، جگە لەکێشە ئابووری و کۆمەڵایاتییە سەختەکان و هەڵوێستیش لەمەسەلەی جەزائیرو موستەعمەرەکانی دی کەشەقامیان بەردەوام هەژاندبوو، بڕیاری هەڵوەشاندەوەی پەرلەمانی دا بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ گۆڕینی دەستوورو هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی وڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتییەوە، هەروەها لە ١٩٦٨دا هاوکاتی یاخیبوون و خۆپیشاندانی مایسی نەوەی لاوان و خوێندەوارو کرێکاران و چینی ناوەندو هەژارو ڕۆشنبیران، کە بەهەموو هێزی خۆیانەوە ڕژابوونە سەرشەقام و ڕووداوەکان کارەساتی خوێناوی لێکەوتەوە، دووبارە شارل دیگۆل تاکە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەتی هەڵبژارد کە ئەوە خواستی سەرەکی شەقامیش بوو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە.

فرانسوا میتێرانی رابەری چەپی فەڕەنسی لەماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا دووجار لە١٩٨١و ١٩٨٨دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حکومەتیدا، ئەویش وەکو وەڵامێکی ئەو بارە ئیفلیجبوونەی دەسەڵاتی سیاسی تێوەی گلابوو بەهۆی قۆناغی ناچاری پێکەوە حوکمکردنی چەپ و ڕاست لەدەسەڵاتداو پێکەوە نەگونجان و کارنەکرنیان، کەسەرۆکی وڵات رابەری چەپ بوو و سەرۆکی حکومەت بەپێی زۆرینەی پەرلەمان لەبەرەی ڕاست بوو، کەپێکەوە توانای بەردەوامی دانیان بەسیستمەکە نەبوو، بۆیە میتێران تاکە خواستی دەربازکردنی سیستمەکەی لەهەڵوەشنادنەوەی پەرلەمان و بڕیاری دووبارە هەڵبژرادنی پێشوەختدا بینییەوە.

هەروەها جاك شیراکی رابەری بەرەی ڕاست لەماوەی سەرۆکایەتی خۆیدا، لەکاتێکدا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ فەڕەنسا بۆ ماوەی دوو مانگ سەخترین و درێژخایەنترین خۆپیشاندانو

مانگرتنی سەرتاسەری بەخۆوە بینی کە سەرجەم شەقامی فەرەنسای هەژاندوو پایەو ریشەکانی سیستمی ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسی تەواو ئیفلیجکرد، ناچار شیراك لەسەرەتای ١٩٩٧دا پاش ملنەدانێکی دوو مانگە بۆ خواستی جەماوەرو شەقام دواجار بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی راگەیاند کەدواتر بەسەرکەوتنی ستراتیژیی بەرەی چەپ و سۆشیالیست کۆتاییهات، کەتوانیان تا ئەو ئاستە شەقام بهەژێنن کە تەواو متمانەی لەدەسەڵات سەندەوەو لەهەڵبژاردنی دواتردا لە گەمە دیموکراسییەکەدا پێگەی دەسەڵاتیشیان لە ژێر دەستی راست دەرهێنا.

بێگومان ئەمەش وەڵامێکی بەرجەستەی شوێنی شەقامە لەو گەمە سیاسیانەدا کەهەمیشە وەك‌و دوا براوەو بڕیاردەری گەمەکان دێتەوە سەر شانۆی سیاسی و ئامادەیی شەقام لەبەرامبەر دەسەڵاتدا هەردەم لەوەڵامی ئەو رستە ناودارەی سەرۆك وەزیرانی پێشووتری فەرەنسادا دەردەکەوێت، کاتێك لەکاردانەوەی خۆپیشاندانەکانی فەرەنسای حوزەیرانی ٢٠٠٤دا وتی: (ئەوە شەقام نییە کە حوکم دەکات بەڵام شەقام بە شێوەیەك وەڵامیان دایەوە کە حوکمیان لێ سەندەوەو شکستیان بە کابینەکەی هێنا.

**ئێمە لێرەدا هەر باس لە کۆمەڵێك پرۆسەی سیاسی دەکەین لە ناو سیستمێکدا کە ئەگەر لە زۆربەی جارەکانیشدا بەهەژاندنی شەقام‌و کاری توندوتیژیی‌و ئیفلیجبوونی ئابووری و زیانی سەخت و تائاستی رووبەڕووبوونەوەیەکی شەرانگێزی فیکریی هێزو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەو یان بەرەی دەسەڵات و بەرەی ئۆپۆزسیۆن و شەقام تەواو دەبێت**

# سیستمی نائارام و گەمەی دیموکـــــراسی:

**بێگومان** بیرخستنەوەی ئەو مێژووانەو خوێندنەوەی ئەو شێوازە دیموکراسیانە هۆشیارکردنەوەی خۆمانە بەوەی کە ئێمە لێرەدا هەر باس لە کۆمەڵێك پرۆسەی سیاسی دەکەین لە ناو سیستمێکدا کە ئەگەر لە زۆربەی جارەکانیشدا بەهەژاندنی شەقام و کاری توندوتیژیی و ئیفلیجبوونی ئابووری و زیانی سەخت و تائاستی رووبەڕووبوونەوەیەکی شەڕانگێزی فیکریی هێزو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگەو یان بەرەی دەسەڵات و بەرەی ئۆپۆزسیۆن و شەقام تەواو دەبێت، بەڵام تەواوی پرۆسەکە لەشێوەی گەمەیەکدا روو دەدات کە هەڕەشە بۆ سەر ئەو مەنزومە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەی ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانە دروست ناکات کەڕووداوەکان تیایاندا روو دەدات، بەڵکو هاتنەپێشەوەی قۆناغێکی پێویستییە بۆ دەربازکردنی سیستمەکە لەڕووخان، هەر لەبەر ئەوەشە لەخوێندنەوە سیاسییەکاندا هەر بەزاراوەی گەمەی سیاسی نێوان هێزەکان پێناسە دەکرێت.

لێرەوە دەکرێت پرسیار بکەین ئایا ئۆپۆزسیۆنی کوردی کە کەمینەیەکی سیاسییەو هاوبەشی دەسەڵات نییە مافی داواکردن و یان بانگەشەی هەڵوەشانەی ئەم ئەزموونە حکومییەی ئێستای کوردستانی هەیە؟ کەڕاستتر ئەم داوایە لەداوکارییەکانی بزووتنەوەی گۆڕاندا بە ئاشکرا تەعبیری لێکراو دواتر بەشیوەیەکی دی کەوتە پشتی داخوازییەکانی شەقامو ستراتیژیی هەژاندنی.

بێگومان داواکاری هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و پەرلەمان لەلایەن تاکەکەسەوە بێت، یان توێژێکی دیاری خۆپیشاندەران یان جەماوەر یاخود ئۆپۆزسیۆنی کەمینەی ناو پەرلەمانەوە بێت، وەکو داواکاری لەناو میکانیزمەکانی دیموکراسیەتدا، دەرچوون نییە لەهێڵە سوورو دەست لێ نەدراوەکان و هەڕەشە نییە بۆ سەر ئاساییشی نیشتمانی و یان لەقکردنی ئەو سیستمە دەسەڵاتییەی کە تائێستا خۆی نەچەسپاندووەو تائێستا خۆی لەقۆناغی ئەزموونیدا هێشتۆتەوە، تەخوینکردنی داوایەکی وا کە دەسکاری ئەو ئارامییە هەمیشە لە ق و هەڕەشە

لێکراوەی یەکێتی نێوان پێکهاتەکانی کوردی لەئەزموونێکدا کەتوانای نییە وەکو شوناسێکی نەتەوەیی خۆی نماییش بکات، لەڕاستیدا زەنگێك بوو کە زیاتر ئەو ساتەوەختەی هەژاندو ئەو ڕاستییەی بیرخستەوە کە خودی ئەم ئەزموونە خۆی لەخۆیدا بەو لێکدابڕاویە لەناو خۆیدا، هەمیشە بابەتی سەرەکی لێکهەڵوەشانەوەو پەرتبوونە بەشێوەیەکی تراژیدیانەو شەڕی ناوخۆ لەنێو ئەو پێکهاتانەدا کە تا ئێستا وەکو هێز و گروهی جیاوازی ناوچەو خێڵ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەوانەش کە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت وابەستەیی ئەندامەکانی ڕێکخستووە، هەموو بەگوتاری جیاوازو شەڕانگێز بەیەکدی بەرامبەر بە یەك ڕاوەستاون. بەشێوەیەك ئەوەی لەنێو هەناوی ئەم ئەزموونەو پێکهاتەکانیدا ڕوو دەدات لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، جەنگی نێوان ئەو گوتارە جیاوازانەیەتی بۆ بەخشینی شوناسی خۆیان بەو ئەزموونەو ڕەنگدانەوەی لەپێکهاتەی ئەواندا، جا ئیدی پێکهاتەی عەلمانی ئایدیۆلۆژی، دینی، نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی یان گروهی ناوچەیی خێڵ بێت.

لەپاڵ ئەم جەنگە سەرەکییەدا کە هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد کەنوێنەرایەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن و تیایدا بەشدارن، هێشتا هیچ بیانوویەك نییە بۆ ئەو هێزانەی تائێستا دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو خۆیان بەسەر کۆی پێکهاتەکانی ئەو ئەزموونەدا بڵاوکردۆتەوە، کە بەناوی زۆرینەی پەرلەمانی و شەرعیەتی هەڵبژاردنەوە هەمیشە بەردەوامی بەو شێوە نارێك و لەمانای سیستم بەدەرەی ئەم ئەزموونە دەسەڵاتیەی کوردستان بدەن، کە تائێستا ئیشکالیەتی بەسیستمبوونی هەیەو تائێستا لەڕاستیدا ناتوانرێت پێناسەی دەزگایی پێ بدرێت، ئەو مۆدێلەی حوکمی کوردستان دەکات، سیستمێکە تائێستا بەنادڵنیایی و نائامادەیی باوەڕ بەیەك بوونی نێوان پێکهاتەکانی بەڕێوەچووەو تادێت مەترسی لەسیستم نزیکبوونەوەشی ترسناکتر دەبێت، چونکە ئەو هێزانەی کە سەرجەم پایەو بەشەکانی ئەم دەسەڵاتەیان بنیاتناوە هێندەی ئەم ئەزموونە لەسیستم دووردەخەنەوە هێدەش زیاتر خۆیان تا دێت دەبنە سیستمێکی تۆکمەو بەهێزی لەناوخۆدا داخراو کە توانای تێکەڵکردنی خواست و گوتارو بەرژەوەندییەکانیان لەناو کۆی سیستمێکی یەکگرتوودا کە بەرجەستەی ئیرادەی نەتەوەیەك بکات، لەدەست دەدەن.

تابەرژوەندیی و پایە ناوخۆکانی خۆی زیاترو بەهێزتر دەبێت ئەوەندە زیاتر ئەم هێزانە

لەیەکدی نزیکبوونەوەو تێکەڵکردنی خواستی ستراتیژیی خۆیان دووردەکەونەوە چونکە هەڵگری یەك ستراتیژن کەئەویش بەخشینی تەنیا یەك شوناسی خودە بەکۆی سیستمەکە.

# کـــام فۆرم بۆ دوای روخان؟

**پرسیاری** سەرەکی لێردا ئەوەیە ئایا لەکاتێکدا کە ئۆپۆزسیۆن داوای هەڵوەشانەوەی سیستمی دەسەڵاتداریێتی ئێستای کوردستان دەکات، ئەو سیستمە چ بونیادو پێکهاتەیەکی هەیەو مۆدێلی چاوەڕوانکراوی دوای ئەو چییە؟ لەساتێکدا ئەگەر پێناسەیەك بۆ ئەم ساتەوەختە مێژووییەی ئێستای کوردستان ئەوە بێت کەبریتییە لەئیشکالیەتی نا ئامادەیی دەسەڵات بەمانا دەسگاییەکەی و مانا سیاسییەکەی کەتیایاندا میکانیزمەکانی دیموکراسی هاوکارنەبوون بۆ بنیاتنانی سیستم، ئەوا بەهەمان شێوەش ئەوەی لەشەقامدا ڕوودەدات لەچاوەڕوانی ئەو بەرنامەو هێڵە ستراتیژییەی ئۆپۆزسیۆن ئایندەی خۆیو کۆمەڵگەشی لەسەر داڕشتووە، هەرگیز جۆرێك نییە لەگەمەی سیاسی و بەشێك لەو پرۆسانەی کەهەڕەشە بۆ سەر میکانیزم و پەیوەندییە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە دروست ناکەن، بەڵکو گەمەیەکە کە لەپشتی هێمنییەوە توخمە بارگاویەکانی جەنگ و توندوتیژیی لەناو هەناوی کۆمەڵگەدا بەئاگادێنێتەوە کەدەبنە هەڕەشە بۆ لێکهەڵوەشانەوەی ئەو ئەزموونەش کە تائێستا بەو ئیشکالیاتانەوە بەردەوامی بەخۆی داوە، کام لەکاراکتەرە سەرەکییەکانی گەمەی پەلاماردانی دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن یان هێزی حوکمڕان، توانای ئەوەی هەیە تاکی شەقام لەچوونە ناو پرۆسەو ئەزمونێکەوە بەدوور رابگیرێت و نەکرێتە بەشێك لەبەرداومیدان بەمێژووی جەنگ و توندوتیژیی و پێشووی خۆیان و لێ دەگەڕێن کە شەقام لەدۆزینەوەی ئیرادەیەك بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی کوردی و سیستمێکی، هێمنانە لەخواستەکانی خۆی بدوێت بێ ئەوەی ببێتە قوربانی گەمەکان؟

لەڕاستیدا ئیشکالیەتی سەرەکی کە لەوانەیە لەم ساتەوەختەدا ئەم ئەزموونەی

کوردستان تیایدا بژیو ئەگەری ئەو گۆڕانکارییانەی رووبەڕووی دەبنەوە، ئەوەیە کە تایبەتمەندێتییەکەی لەدەرەوەی هەموو پێکهاتەی سیستمی ناوچەکەو گۆڕانکارییەکانی هەیەو بەتەنیا بۆ خۆی لەدەرەوەی ئەو مێژووەی ئێستای ناوچەکەو دنیا ئەژی و بەهیچ شێوەیەك ناکرێت بە بەشێك لەو بزووتنەوەو جوڵەی ئەو میللەتانەی دابنێین کە لەهەنگاوناندان بۆ چوونە ناو مێژوو و چوونە ناو جیهانەوە، ئیشکالیەتەکە لێردەایە کە تائێستا نازانرێت لەسەر گۆڕین و هەڵوشاندنەوەی کام سیستم قسە دەکرێت، ئێمە لەبەردەم کام مۆدێلی دەسەڵاتداین کەبۆتە رێگرمان لەچوونە ناو جیهانەوە، هەموو ئەو پێکهاتانەی ناو کۆمەڵگە خۆیان بەشێکی دانەبڕاوو تێکەڵ نین لەو سیستمەی کە لەسەرەتاوە بەشێوازو مۆدێلێکی زۆر ئاڵۆزو هەمیشە بارگاوی بەجەنگ، ناکۆکی شەڕانگێزیی پێکهاتەکانی ناو خۆی تائێستا بەردەوام پێداوە؟ ئێمە لەبەردەم کۆمەڵگەیەك و جۆرێك لەمۆدێلی ژیان و دەسەڵاتەکەیداین کە لەسەر پێکدادان و ململانێ پەرەی سەندووە، شێوازێك لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کە هەمیشە لە پەیوەندیەکی ئیشکال ئامێزی ململانێ و شەرانگێزیی هێزەکانی ناویدایە کە تائێستا کاری لەسەر نائامادەیی و دوور خستنەوەی سیستم لەخۆی کردووە، کۆمەڵگەیەك کە لە نائامادەیی سیستمداو بە خودنمایش کردنیش لەوەهمی سیستمدا ئەو پەیوەندییە ئیشکالیەی خۆی شاردۆتەوە.ئەم رستەیە ئەوەندی لەوانەیە لەخوێندنەوەدا ئاڵۆزبێت ئەوەندەش روون و ئاشکرایە، کە لە واقیعدا بەرجەستەکەی ببینین، ئەویش خود

**ئێمە لە ساتە وەختێکداین کەهەرگیز هەموو جەماوەر مولکی هەموو حزبێك نییە، حزب بەرجەستەکاری خەونی هەموو جەماوەر نییە، بەڵام ئەم ئیشکالیەتە تائێستا هەموو حزبەکانی کوردستانی گرتۆتەوە کە لەوانەیە باشترین نموونەی ئێستای ئەو جەنگە راگەیاندنەی نێوان هەموو حزبەکان بێت لەسەر بە خۆ خاوەنزانینی خۆپێشاندەران هەر لەحزبی دەسەڵاتەوە تاوەکو ئۆپۆزسیۆن**

نماییشکردنی ئەم ساتە وەختەی کوردە لەناو وەهمی سیستەمی دەوڵەتی نوێدا بە بونیادو مەرجەکانی وەکو پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن و بوونی دەستگاکانی پەرلەمانو حکومەت وەکو ئامێرەکانی دەسەڵات و لەپاڵیشیاندا شۆڕبوونەوەی بۆ هەموو پێکهاتەکانی دی ناو کۆمەڵگەو نیشاندانیان لەشێوەی پێکهاتەی دەستگاییدا. بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەم دەسگایانە لەدەسەڵاتی باڵای دەوڵەتەوە تا خوارەوە هەمووی ئاماژەی وەهمێکە لەنەبوونی سیستمێك کە کۆمەڵگەی کوردی و پێکهاتەکانی لەیەك پێکهاتەی شوناسیدا کۆبکاتەوە، دوورخستنەوەی سیستم لەکۆمەڵگەی کوردی لەپەرلەمان و حکومەتەوە شۆڕبۆتەوە بۆ ناو هەموو شانەکانی کۆمەڵگەو بەش و پێکهاتە زیندووەکانی و بەو پێیەش هەموو خانەکانی کۆمەڵگە لەبوون بەسیستم دوورخراوەتەوە، ئەوە تەنها حکومەت و پەرلەمان نین کە بەرجەستەیەکی وەهمیانەی سیستمی دەسەڵاتی نوێ دەکەن لەکوردستاندا، ئەوە هەموو پێکهاتەکانی دی کۆمەڵگەیە کەتووشی هەمان خود هەڵخەڵەتاندن بوونەتەوە، ئەوە سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنی و کەلتووری و چینایەتیەکانیشن کەکۆپی هەمان بزر بوونی سیستم لە پێکهاتەی خۆیاندا دادەڕێژنەوە.

ئامرازی سەرەکی دوورخستنەوەی کۆمەڵگەی کوردیش لەسیستم بوون پێکهاتەی حزبی کوردیە بە هەموو جۆرەکانیەوە کە لەچەسپاندنی نائامادەیی سیستمدا ڕۆڵی کاریگەرو مێژوویی و هەمیشە بەردەوام دەریشی بینیوە، بە شێوەیەك کە ژیانی حزبایەتی لەکوردستاندا ئەوەندی بەشداری ناکات لەپێکهێنانی سیستمی دەسەڵاتی نوێداو ئەوەندەی کۆمەڵگەی کوردی لەچوونە ناو جیهان دووردەخاتەوە، کەچی خودی خۆی پایەو پێکهاتەکانی خۆی لەسەر سیستمێکی پێکەوە گرێدراوو پتەو و وابەستەییەکی چارەنووسسازی نێوان ئەندامو لایەنگرو دۆست و ئەوانەی دەکەونە سنووری پێگەیەوە بنیاتناوە، کە بەبێ گۆڕاناکاریی ریشەیی لەبونیادو ئۆرگانی ئەو حزبانەی کوردیدا ناکرێت باس لەهەڵوەشانەوەی سیستمێك یان بنیاتنای سیستمێك بکرێت.

بۆیە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیستمی لەکورستاندا دەبێت پێکهاتەی حزبی کوردی لەو فۆرمە تۆتالیتاری و ئاڵۆزەی رزگار بکرێت و دووبارە پەیوەندییەکانی حزب بەکۆمەڵگەوە لەسەر بنەما نوێکانی سیاسەت و ژیانی حزبایەتی کەبەندە لەسەر ئایدۆلۆژیاو پرۆگرام و پرەنسیپ دابڕێژرێتەوە، نەك لەسەر بنەمای پەیوەندی پاتریارکی حزب و کۆمەڵگە کەحزب

هەواڵنامەی کتێب

هەموو کۆمەڵگە بەشوێنی پاوانکاری خۆی بزانێت، ئێمە ئێستا بەرەو قۆناغێك هەنگاو دەنێین کەئیدی دەبێت حزبی کوردی لەوەهمی پەلاماردانی کۆمەڵگەو بەخشینی شونا سی خۆی بە سیستمە دەسەڵاتیەکی وشیار بێتەوەو لەچەندایەتیەوە بەرەو چۆنایەتی بڕوانێت، حزبی کوردی لەبەردەم خواستی هەڵبژاردنی شووناسی خۆیدایە لەدەرەوەی کۆی هەموو جەماوەرەوە، ئێمە لە ساتە وەختێکداین کەهەرگیز هەموو جەماوەر موڵکی هەموو حزبێك نییە، حزب بەرجەستەکاری خەونی هەموو جەماوەر نییە، بەڵام ئەم ئیشکالیەتە تائێستا هەموو حزبەکانی کوردستانی گرتۆتەوە کە لەوانەیە باشترین نموونەی ئێستای ئەو جەنگە ڕاگەیاندنەی نێوان هەموو حزبەکان بێت لەسەر بە خۆ خاوەنزانینی خۆپێشاندەران هەر لەحزبی دەسەڵاتەوە تاوەکو ئۆپۆزسیۆن، لەکاتێکدا کە حزب خۆی بە خاوەنی کۆمەڵگە کردووە، هەر ئەویش دەیەوێت بڕیاری بۆ بدات و ئەم ساتە وەختەی دیاری بکات و هەروەها ببێتە داڕێژەری فۆڕمی داهاتووی دەسەڵاتیشی، ئەوەندەی ئەم قۆناغە پێویستی بە کارکردن هەیە بۆ بنیاتنانی سیستمێك تاوەکو تیایدا هەموو پێکهاتە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەی کوردی بتوانن ململانێیەکی هێمنانەی تیایدا بکەن، هێندە پێویستی بەوە نییە کە تاکە ڕێگە چارەکان بەرەتکردنەوەی بونیادێکی وەهمی ببینرێت کە تائێستا نەیتوانیوە ببێتە فۆڕمێك، یاخود سیستمێك کە تا ئێستا خۆی وەکو دەستگای حکومەت و دەوڵەت نماییش بکات.

## ئەزموونێك لە جەنگ یان تەبایی؟

**ئەزموونی** دەسەڵاتی کوردی کە ماوەی بیست ساڵە بەردەوامە بریتییە لەدەرەئەنجامی لێك دڵنیانەبوون و شکستی هەموو ئەو پێکهاتەو هێزانەی پێکەوە خۆیان لەبزووتنەوەو یان فۆڕمی ناسیۆنالیزمی کوردیدا نماییش کردووە، لە نەگونجان و پێکەوە کارکردن بۆ شووناسێکی کوردی، دەرئەنجامی کۆی کارو خەباتی لێك جیاو دژ بەیەکی ئەم لایەنانەیە چ لەقۆناغی خەباتی چەکداری و لەژێر ناوی ڕزگاریخوازی کوردیدا کە هەریەکە بەجیاو لەسەنگەرو ناوچەی جیادا دژی یەك دوژمنی (گشت) پیادەیان کردووە، تا قۆناغی بەناچاریی گواستنەوەی ئەم خەباتە لەشاخەوە بۆ شارو تێکەڵبوونی بەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی شار، ئەم ئەزموونی دەسەڵاتە دەرئەنجامی ئەو شکستە بەردەوامەی کۆمەڵگەی

کوردی یاخود ئەو هێزانەیەتی کەبڕیاردەری چارەنووسسازن لەبنیاتنانی فۆرمێك بۆ یەکخستنی ئەو هێزانەی کوردو بەخشینی شوناسێك پێی، دواجار دەکرێت سەرجەم شکستی ئەزموونەکە لەشکستی پێکهێنانی یەکەمین حکومەت و پەرلەمانی کوردیدا بخوێنرێتەوە کەهەر لەسەرەتای پێکهێنانیەوە بەکەرتبوون و دوو دەسەڵاتی جیاوزەوە لەدایك بوو، کە دواتر شەڕی ناوخۆ ئەو وەهمەی ئاشکرا کردو پاش ململانێیەکەی سەخت و بێ هودەی ئەم هێزانە و داوی چەندین گەمەو دانووستان و ئاشتبوونەوە، دواجار لەڕێککەوتنی ستراتیژییدا کۆی سیستمەکە چڕکرایەوە وەکو دەست پێکردنی قۆناغێکی ئایندە نادیار بۆ وەڵامدانەوەی هۆکاری بە سیستم نەبوونی کوردی و ڕاگرتنی قۆناغێك لە ترس و تێوەگلانەوە لە جەنگ. لەڕاستیدا ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان ئەو دوو هێزە سەرەکییەی کوردستان کە نەیانتوانی پێکەوە لەناو میکانزم و پێکهاتەیەکی دەستگایی دەسەڵاتدا بەشێوەیەکی هێمنانەو دوور لەجەنگ و توندوتیژیی ململانێ و جەنگەکانی خۆیان لەسەر دەسەڵات ڕێکبخەن، یاخود بەخشینی شوناسەکانی خۆیان بۆ ئەم ساتە وەختەی کوردی ڕێکبخەن، بەدوورخستنەوەی ناکۆکییەکانی خۆیان و نەگەیشتنە ئەنجامی ستراتیژیی تایبەتی هەرلایەکیان، پەیمانێکی ستراتیژییان ئیمزا کرد کە ئەگەرچی جۆرێك لەئارامی بەکۆمەڵگە بەخشیوەتەوەو تارمایی جەنگی لێ دوور خستۆتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئایندەیەکی نادیاری بەکۆمەڵگە بەخشیوە کە لەلایەکەوە نازانرێت تا کەی و تا چ ئاستێك ئەم هێزانە لەسەر حسابی دوورخستنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لە بەسیستم بوون بەردەوامی بەڕێککەوتنێك دەدەن کە ئیشکالیەتێکی ترسناك بۆ خۆشیان و بۆ ئەو شێوازەی بەڕێوەبردنی دەسەڵات دروستکردووە؟ چونکە لەساتێکدا ئەم هێزە سەرەکیانەو بەشێکیش لەو هێزانەی کەئێستا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینن بەرژەوەندیدار بوون لەو شێوازەی دەسەڵاتی کوردیدا، لە وەهمی پێکهاتەکانی حکومەتو پەرلەماندا کۆمەڵگەی کوردی بەڕێککەوتنێکی ستراتیژیی نێوان خۆیان بەڕێوەدەبەن کە تاماوەیەکی زۆریش ڕێککەوتنێکی شاراوەو نهێنی بوو نەك لای کۆمەڵگەی کوردی کە بابەتی سەرەکی ئەو ڕێککەوتنەیە، بەڵکو لای بەشێکی زۆری سەرکردەو ئەندامانی حزبەکانیش، ڕێککەوتنێکی ستراتیژیی کە تیایدا جۆرێك لەهێشتنەوەی هەموو دابەشبوونە دەسەڵاتی و جوگرافی و ناوچەیی و خێڵی و کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی وەکو خۆی هێشتۆتەوەو لەنێو پێکهاتەکانی حکومەت و پەرلەمانی دابەشکراودا بەردەوامی پێ دەدات.

بێگومان ئیشكالیەتێكی سەرەكی ئەم جۆرە شێوازەی ئیدارەكردنی كوردی بەڕێكەوتنی ستراتیژیی توانای هەتاسەرو ئەبەدی بەردەوام بوونی نییە ئەگەرچی جۆرە ئارامیەكیشی بەكۆمەڵگە بەخشیبێت، چونكە ئیدی لە ناو هەناوی كۆمەڵگەی كوردیداو لەو قۆناغە زەمەنیەدا نەوەیەك پێگەییوە و مەزن بووەو هۆشیاری لا دروستبووە كەژیانی ئەو لەگەڵ ئەو شێوازە دەسەڵاتەدا یەك ناگرێتەوە، دەبێت فۆرمێكی نوێی پێ ببەخشرێت كەهاوتاو هاوكاتی خواست و تێڕوانینەكانی ئەو بێت، یاخود ئەوەتا خۆی لەشەقامدا داوای دەكات.

ئەگەر ئەم شێوازەی دەسەڵاتی كوردی بەجۆرێك لەشكستی هێزە كوردییەكان و یان سەرجەم ناسیۆنالیزمی كوردی دابنرێت كە هەموو تیایدا بەشدارن، ئەوا دەركەوتنی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرەتاوەو تا دواترو بەشداربوونی وەكو هێزێكی نوێ لەهەڵبژاردنەكانو تا دەگاتە ئەوەی دوای تەقینەوەی رووداوەكانی وڵاتانی عەرەبی و خۆپیشاندانەكان دژی ئەو رژێمە سیاسیانەو چڕبوونەوەی داواكارییەكان لە كۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی تاك حزبی و تۆتالیتاریو گەندەڵی ئەو سیستمانە، بە كەڵك وەرگرتن لەو رووداونە، پەلەكردن یان خێراییەكی چاوەڕوان نەكراوی بە ستراتیژیی خۆیدا كە بریتییە لە شكست پێهێنانی ئەو شێوازە حوكمڕانیەی كوردستان وەكو ریگرێك لە بەسیستم بوون، گۆڕان وەكو ئۆپۆزسیۆنێكی كەمینە بەدەر لە هێزو توانای خۆی بەشوێن ئەو خاڵانەدا گەڕا كە دەكرێت پێگەو قورسایی ئەو بگۆڕێت، بەگەڕانەوە بۆ شەقام، لێرەوە دەبێت بەلای هەردوو هێزی سەرەكی دەسەڵاتەوە هەڵوێستی گۆڕان و چۆنێتی مامەڵەی لەگەڵ شەقام و یان وردتر هەژاندنی شتێكی چاوەڕوان نەكراو نەبێت و لەنێو گەمە سیاسی و میكانیزمە دیموكراسیەكەی دەسەڵاتدا بەهەڵوێستێكی سروشتی سەیر بكرێت ئەگەر بەرنامەداڕێژراویش بێت، حاڵەتێكی سروشتییە كە ئۆپۆزسیۆن كار لەسەر شكستی هێزی دەسەڵاتدارو پێكهاتەكانی بكات تا حاڵەتی ئیفلیجكردنی و ناچاری هەڵوەشاندنەوەی، گۆڕان هێزەكانی فشاری خۆی خستەكار بۆ كۆتاییهێنان بەو ئەزموونە حوكمڕانیەی كوردی كە ئەو تیایدا ناتوانێت بە مانەوەی بەو شێوازە پڕۆژەكانی خۆی بەدی بهێنێت، لێرەوە لەدەركردنی بەیاننامەوەو داواكاری ئاشكرای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان و حكومەت دەستیپێكرد كە دواتر ئەم داوایەی تێكەڵ خواستە هەنوكەییەكانی شەقام كردو بە كلیلی سەرەكی سەرجەم خواستەكانی شەقامی دانا.

بێگومان دەشێت ئەمە لەسیاسەتدا جۆرێك لەتێڕوانینێكی ستراتیژیی و بەرنامە

داڕێژراوی زیرەکانە بێت کە هەموو کەمینەیەك دواجار کاتێك لە ناو دەستگاکانی دەوڵەتدا ناتوانێت شکست بە دەسەڵات بهێنێت، جارێکی دی بەهەژاندنی شەقام پڕۆژە سیاسییەکەی خۆی دەخاتە قۆناغی یاخی بوونی گشتیی و کردنی بە خواستێکی زۆرینەی جەماوەر، بەڵام ئەوەی دواتر تێکەڵکردنی ئەم ئەجێندا سیاسییە بەخواستی شەقام و یان ئەجێندای هەندێك لایەنی دی ئۆپۆزسیۆن، کە دەشێت هەرگیز لەئایندەدا لەسەر هەمان فۆڕمی دەسەڵات لەگەڵ گۆڕاندا یەك نەگرن، تووشی ئێشکالیەت دەکات و دەشێت کارلێکەری لەسەر لەرێلادانی شەقام هەبێت بە ئاراستەیەکی سلبیدا کە دەشیت هەرگیز خواستی ئەو نەوە نوێیە نەبێت کە ئەوەندەی لەم ساتە وەختەدا تەعبیر لەخواستەکانی خۆی دەکات، هێندە خولیای پیادەکردنی سیاسەتی نییە بەو شێوازو کەلتورەی کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا پیادە دەکرێت، نەوەیەك خواستی ئەوەی هەیە کە سیاسەت لەکوردستاندا مانا سروشتییەکانی خۆی وەرگرێتەوەو لەگەڵ خەون و پێداویستەکانی ئەم ساتەی ئەودا یەکبگرێتەوەو پێکهاتە دەستگاییەکانی دەسەڵات ببنە بەشێك لەو لەدایکبوونە نوێیەی ئەو، نەك سیاسەت ببێتە چۆنێتی جەنگ لەسەر سەرکردایەتیکردنی جەماوەر و شەقام و چۆنێتی لێسەندنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکدی و یەکدی سڕینەوەو دواتر تێوەگلانی نەوەیەك لەجەنگێك کەچاوەڕوانی نەکردووە، ئەوەی کە ئۆپۆزسیۆنی بەگشتی لەخرۆشانێکی جەماوەری ساتەوەختی شەقامدا تووشی ئیشکالیەتی هەڵە خویندنەوەی ڕووداوەکان کرد ئەوەیە کە ئەو هێزانەی خۆیان بەخاوەن شەقام دەزانن، کەوتوونەتە حاڵەتێکەوە کەمەترسی ئەوە دەکرێت خواستی شەقام بەرەو جۆرێك لەبێهودەیی و دووبارەبوونەوەی ڕۆژەکانی خۆپیشاندانی بێ گۆڕان و بێ دەرچوون لەئاستە داخراوەکانی خۆی بەرن، کە ئەمە دواتر بەشکستی نەوەیەکی نوێی خاوەن خەون دەکەوێتەوە کەئێستا دەکرێت هەموو تواناکانیان بخرێنە کار بۆ بنیاتنانەوەی ئەم ساتە وەختەی کوردی.

ڕاستە ئۆپۆزسیۆن لەدیاریکردنی شکستی بەسیستم نەبوونی دەسەڵاتدا خاوەن حەقیقەتە، ئەم حەقیقەتەش بەداخەوە هەموومان لێی بەئاگاین و دەشێت هەمووشمان لەشاردنەوەیدا بەشداربین، بەڵام هەمووشمان دەزانین کە ناکرێت ئەم شێوازەی ئێستای دەسەڵات تا ماوەیەکی زۆر درێژخایەنی تر بەو شێوە ڕێکەوتن ئامێزیە ستراتیژیەی ئیدارەی کۆمەڵگەی کوردی بکات، ئێستا زەمینەی پەلکێشکردنی دەسەڵات بۆ چوونە ناو پرۆسەی بە سیستمبوون لەبارە بە بەشداری هەموو پێکهاتەکان و نەوەی شەقام کەرۆلی سەرەکی



هەولێرنامەی کتێب

ببینن لە بەخشینی مانایەك بەم ساتە، بەڵام بەدەر لەوە ئاراستەی رووداوەكان دواتر لە كەنارێكی بێ هودەیی و بێ مانابیدا تەوا دەبن، دەبێت ئەوە بزانرێت كەهێزەكانی نێو دەسەڵات و ئەوانەی دەرەوەشی بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن هەموو لەبەرامبەر یەكدیدا پیادەی جۆرێكی تایبەت لەسیاسەت دەكەن و لەگەمەیەكدان كە قورسایی و پێگەی خۆیان بەرامبەر یەكدی رادەگرن جۆرە سیاسەتێك كەسیمایەكی كوردانەی هەیەو هەمیشە لەنێوان جەنگ و ئاشتی نێوانیاندا تاڵە موویەك هەیە، خۆپیشاندانەكان لەسەرەتای دەست پێكردنیەوە تا ئەم ساتە ئەوەمان پێ دەڵێن كە لەدەرەوەی خواستی شەقامەوە كۆمەڵە هێزێك بەرامبەر یەكدی وەستاون و گەمەیەكی كوشندە دەكەن كە لەگەڵ پاراستنی هێمنانەی خۆیدا لەهەموو چركە ساتێكدا بابەتی تەقینەوەو خوێناوی بوونی شەقامی هەڵگرتووە، خۆپیشاندانەكان ئەوە دەردەخەن كە دەربازنە بوونی لەچوارچێوەیەكی جوگرافی داخراوو لەنێو گەمەی سیاسی هەندێك لایەن و زاڵكردنی بەسەر خواستی راستەقینەی شەقامدا، چەقبەستنی لەنێو بازنەی ونبوونی داواكاریەكان لەنێو ئەوەی هەنوكەییەو ئەوەی هێڵی ستراتیژی گشتییە، ئەو هێزانەی كاراكتەری سەرەكی ئەو گەمەیەن تا ئێستا نەیانتوانیوە سیستمەكە یان ئەوەی پێی دەوترێت دەسەڵات تووشی ئیفلیجی و لەكاركەوتن بكەن، كە ئەمە ستراتیژیی سەرەكی بزوواندنی شەقامە بەئاراستەی ئیفلیجكردنی سیستم لەرووی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و دەروونی و ئەخلاقیشەوە تا ناچاركردنی بەهەڵوەشانەوەو گۆڕینی، لەڕاستیدا ئەوەی لەم ساتەوەختەی كوردستاندا روو دەدات نەبۆتە هۆی لەكار خستنی سیستمێك و گەیاندنی بەبنبەست، چونكە لەلایەكەوە خودی سیستمەكە خاوەنی ئەو پێگە گرنگ و زیندووانە نییە كە بە لەكاركەوتنیان ببێتە هۆی رووخانی دەسەڵات، لەكوردستاندا هیچ بونیادی ئابووری بەهێزو شادەماری زیندووی ئابووری كۆمەڵگە نییە تاوەكو بەهۆیەوە دەسەڵات لەق بێتو ناچاری ماڵئاوایی كردن بێت، لەڕاستیدا ئێمە لەسیستمێكداین كەهەموو پێكهاتەكانی، حكومەت، پەرلەمان، دەستگاكانی دی دەسەڵات، دامودەستگا ئیدرایی و خزمەتگوزاری و پەروەردەییەكان تادەگاتە پێكهاتەكانی حزبەكان و كۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاو سەرجەم كۆمەڵگە هەموویان توخمی بەكارهێنن نەك بەرهەمهێن، ئیدی وەستانی هیچ بەرهەمێك نییە كە كار بكاتە سەر وەستانی پێكهاتەی دەسەڵات، كۆبوونەوەو كۆنەبوونەوەی پەرلەمانێك هیچ مانایەكی سیاسی بەخودی سیستمەكە نابەخشێت و كار لە ئیفلیجكردنی دەسەڵات

ناکات، حکومەتێك کەهێستا هەر دابەشبوو بێ کارو سەرۆکایەتیەك کەڕۆژانە لەمیدیاکانەوە زۆر بە سەربەرزی و خۆشحاڵیەوە چاوپێکەوتنی سەرۆك لەگەڵ کۆنسوڵی یان نوێنەری کۆنسوڵیەتێکی یەکێك لەوڵاتەکان بکەنە هەواڵی سەرەکی میدیاکان، ئیتر بە چ خۆپێشاندانێك ئیفلیج دەکرێت، شکستی ئۆپۆزسیۆن لەوەدایە کە تا ئێستا نەیتوانیوە دەسەڵات بخاتە سەر کەناری بە بنبەست گەیشتنی خۆی.

لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ئۆپۆزسێنێك هەیە کەهاوشانی شەقام دەبێتەوەو ڕۆڵێکی سەرەکی لەئاراستەکردنی خواستی شەقام دەگێڕێت بە بەرجەستەکردنی و بەدیهێنانی و دواتر بەگۆڕینی بۆ خواست و ستراتیژیی سیاسی داهاتووی، ئۆپۆزسیۆن شەفافانە خواستی سیاسی خۆی تێکەڵخواستی شەقام دەکات و شەقام بە تەنیا بۆ جۆرێك لەنارێکی و بێهودەیی جێ ناهێڵێت و هەروەها لەو سیستمانەدا رابەرانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان بەخاوەنی شەقام دەزانن و لێی جیا نابنەوەو بەڵکو لەریزی پێشەوەی خۆپیشاندەراندان، سیاسەتی لەمیدیادا خۆ بەخاوەن نەکردنی شەقام پیادەناکەن و لەلایەکیشەوە هاندەری شەقام بن بەرەو نادیار لەکاتێکدا خۆیان چاوەڕوانی ئاستی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بکەنە، لێرەوە بۆ ئەوەی گەمەکان لەوە زیاتر نەوەیەك بەرەو بێ هودەیی نەبەن، باشتروایە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئەو گەمانە شەقام لەو ستراتیژە شەڕانگێزیەی خۆیان دوور خەنەوەو لێگەڕێن شەقام بڕیار لەسەر ویستەکانی خۆی بدات و ئەوانیش پێکەوە لەبنیاتنانەوەی ئەم ساتەوەختە قەیراناویەی کۆمەڵگەی کوردیدا بەشدار بن، کە ئەشیت بە دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستمەکە، بەدەر لە ڕێککەوتنە نهێنی و ستراتیژیی و دوولایەنی و چەند لایەنیەکان تاکە دەروازەی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بێت لە قۆناغی ئەزموونی حوکمەوە بۆ قۆناغی پێکهێنانی سیستمی حوکمکردن بەمیکانیزمە دروست و سروشتیەکانی.

پرسیارەکە ئەوەیە لەنێوان خواستی هەڵوەشانەوەی سەرجەم بونیادی دەسەڵاتی کوردی ویان دانووستان لە گەڵیا، ئایا شەقام لەکوێی بڕیارەکاندایەو کێ بڕیاری بۆ دەدات؟ لەکاتێکدا لەهەموو ئەو سیستمانەدا کەپرۆسەی سیاسی تیایاندا گەمەیەکی شارستانییە، شەقام بڕیاردەرو یەکلایی کەرەوەیە.

# خــۆپیشاندان یان شـــــۆڕش؟

## شەقامی کوردی و شۆڕش:

ئەو شەپۆلە رووداوو گۆڕانکارییانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتە عەرەبییەکانی گرتۆتەوە کە لەتەوژمی تەقینەوەی نارەزایی زۆرینەی جەماوەرو بەتایبەتی نەوەی نوێی لاوانەوە دەستی پێکرد، خێرا سنووری خۆپیشاندان و تەنها دەربڕینی نارەزایی ژیانی کەسانێك لە ژێر سایەی سیستمێکی ستەمکاریدا تێپەڕاندو بووە دیاردەیەك کە مێژوویەکی نوێی لەم ناوچانەی دنیادا خولقاندو دەکرێت بووترێت سەرەتای چەرخێکی نوێی دەست پێکردووە، کە ئەگەرچی هێشتا سیماو فۆرم و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی دهاتووی بەئاڵۆزی و نادیارو کرانەوەی لەبەردەم چەندین ئەگەردا جێهێشتووە، بەڵام دیاردەیەکە دەکرێت بەشۆڕش ناوی بنرێت و بووترێت کە ئەم کۆمەڵگایانە تەنها خودنماییشێکی توڕیی خۆیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا نانوێنن، بەڵکو هەڵگری خواستی هێنانە دی ساتەوەختێکی مێژوویی نوێن کە تیایدا بەگۆڕینی رادیکالیانەی مۆدێلە دەسەڵاتەکانی ئەو سیستمانە دەستپێ دەکات کە لەسەر بنەماکانی یەك شێوە مۆدێکی دەسەڵاتی تۆتالیتاری و تاکرەویو دیکتاتۆرییو بنەماڵەیی دروست بوون، بە دامەزراندنی مۆدێلێکی نوێی دەسەڵاتی دیموکراسیوفرەلایەنی کۆتاییدێت.

ئەمەش مانای گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی لەسەرجەم بونیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەسەڵات و دەرخستنی مۆدێلی هێزو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی نوێی دەسەڵات. ئەوەی لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا روو

دەدات و تیایدا دەژین ساتەوەختی شۆڕشە بەبونیادو مەرج و دەرەئەنجامەکانیەوە، ئەو هێزە کۆمەڵاتیانەی لەشێوازی خۆپێشاندانەوە دەستیان پێکرد هەموو مەرجەکانی

گۆڕینی ئه‌م ناڕه‌زاییانه‌یان به‌ره‌و شۆڕش هه‌ڵگرتووه‌و له‌نێوان خۆیان و ده‌سه‌ڵاتدا هیچ ئه‌گه‌رێکی مانه‌وه‌و رزگارکردنی سیستمه‌که‌یان له‌ڕێگه‌ی دیالۆگ و دان و سانه‌وه‌ نه‌بینیه‌وه‌، جگه‌ له‌ڕێگه‌ چاره‌ی گۆڕینی رادیکالیانه‌ نه‌بێت له‌بونایدی سیستمه‌که‌دا، ئیدی به‌ده‌ر له‌ جیاوازی ئاستی سه‌رکه‌وتنی ئه‌م شۆڕشانه‌ به‌پێی پێکهاته‌ کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی ئه‌و وڵاتانه‌و ئاستی وه‌ڵامو به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵات له‌گه‌ڵ شه‌قامدا.

به‌ڵام ئایا ئه‌وه‌ی ئێستا له‌کوردستاندا رووده‌دات ده‌کرێت بخرێته‌ خانه‌ی چ پێناسه‌یه‌که‌وه‌؟ ئایا خۆپیشاندانه‌ یان شۆڕش و به‌شێکه‌ له‌و شه‌پۆله‌ گۆڕانکارییه‌ی له‌ناوچه‌که‌دا روو ده‌دات؟ له‌ڕاستیدا ئه‌گه‌رچی لێکچوونێك ده‌سه‌ڵاتی کوردی له‌ڕووی پاوانکردنی حوکم له‌لایه‌ن حزب‌و نائاماده‌یی عه‌داله‌تی کۆمه‌ڵایه‌تی و ئابووری و بزربوونی سیسته‌م و دیارده‌ی گه‌نده‌ڵی، هاوشێوه‌ی ده‌سه‌ڵاته‌کانی دی ناوچه‌که‌ بکاته‌وه‌، له‌به‌رامبه‌ریشدا خواستی جه‌ماوه‌رو نه‌وه‌ی نوێ له‌ خولقاندنی ژیانێکی نوێی له‌قه‌واره‌ی سیستمێکدا که‌ که‌رامه‌ت و دڵنیایی به‌ئاییند‌ه‌و گێڕانه‌وه‌ی مافه‌ سیاسی و ئابووری و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی پێ ببه‌خشێت، شه‌قامی کوردی هاوشێوه‌ی شه‌قامی وڵاتانی دی بکاته‌وه‌، به‌ڵام له‌شێوازی خود نمایشکردن و ده‌ربڕینی خواسته‌کان و مه‌رجه‌کانی گۆڕینی ناڕه‌زایی له‌خۆپیشاندانه‌وه‌ بۆ شۆڕش هیچ شتێك ئه‌وه‌ی له‌شه‌قامی کوردیدا ڕوو ئه‌دات له‌وانی دی نزیك ناکاته‌وه‌.

## خیتابی حه‌ماسیانه‌و شیعر ئامێز

**پاش** ماوه‌یه‌کی زۆر له‌ خودنمایش کردنی به‌رده‌وام له‌ نه‌وه‌یه‌کی تێکه‌ڵ له‌لاونی خه‌وبین به‌ ژیانێکی نوێ و ئۆپۆزسیۆنێکی خاوه‌ن ستراتیژیی تیابه‌تی حزبیانه‌و توێژێکی رۆشنبیری که‌ له‌ویژدانی خۆیدا هه‌ست به‌لێپرسراوێتی ئه‌خلاقی ئه‌کات به‌پشتگیری‌و تاڕاده‌یه‌کیش رابه‌رایه‌تی و ئاراسته‌کردنی خۆپیشاندان و نه‌وه‌ی نوێ، هێشتا ئاستی خۆپیشاندانه‌کان له‌تویێی خیتابی حه‌ماسیانه‌و شیعر ئامێزی و خۆ دووباره‌کردنه‌وه‌ به‌هه‌مان ریتم و شێوازی سه‌ره‌تاکه‌ی تێ نه‌په‌ڕیوه‌ که‌جێی داخه‌ ئاراسته‌ی داخوازییه‌کان به‌ره‌و جۆرێك بێ هوده‌یی ده‌بات. تائێستا ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ نه‌یتوانی ببێته‌ دیارده‌یه‌کی مێژوویی و خولقێنه‌ری ساته‌وه‌ختێکی نوێ له‌کۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌دا که‌تیایدا قوربانی یه‌که‌م

ئەو هێزە كۆمەڵایەتیو نەوە نوێیەیە كە لەسەرەتاوە بۆ خۆی لەشەقامدا جێ هێڵراو ئۆپۆزسیۆن خۆی نەكرد نە بەخاوەنی داواكانی و نە بەخود نمایشكردنی و وە نە بەكاتی هەڵبژرانی رۆژ و ساتی خۆپیشندانەكە، لەلایەكی تریشەوە ئەم بزووتنەوەیە كەوتە پەراوێزی جووڵەو ستراتیژیی هێزو كاراكتەرە رێكخراوە سیاسییەكانی ناو كۆمەڵگە كە لەپاڵ تووڕەیی خۆپیشاندەراندا ستراتیژو پرۆژەی خۆیان نیشانی دەسەڵاتدا.

لەمەش كارەساتتر لەبەرئەوەی خۆپیشاندانی خۆرسك تارادەیەك وەك پەرچەكردارێكی سروشتی و بەرەنگاربوونەوەی كارەساتە خوێناوییەكەی ١٧ی شوبات دەستی پێكرد، بەبێ سەركردە لەرۆژانی یەكەمەوە نەوەیەك بەجێهێڵراو لەشەقامدا بووە گەمەی سەركردایەتیو رابەرایەتیكردنی لەنێوان هەندێك كاراكتەری دیاری ئۆپۆزسیۆن و هەندێك هێزی پەراوێزی وتوێژێكی رۆشنبیری هەڵگری دنیابینی سیاسی و كەدواتر بەشێكی ئەم ئەكتەرانە دوای كۆتایی رووداوەكان تەنها ئەچنە خانەی بیروەرییەكانەوەو بێ كارلێكەری لەسەر داڕشتنەوەی داهاتووی كوردی، لەهەمانكاتیشدا ئەم نەوەیە كە بەخۆرسكی رژایە سەرشەقام و تۆڕەكانی ئەنتەرنێت و فەیسبوكی بەشێوەیەك بەكار نەهێنا كەتیایدا خواستەكانی خۆی بەرنامەڕێژ بكات و خۆی ببێتە رابەری خۆیی و مەرجكانی بوون بەشۆڕش هەڵگرێت.

بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە كە لەهەڵچوونێكی وادا بۆ (پارچە كاغەزێك بگەڕێت)و تیایدا لەزیهنی توێژێكەوە كۆمەڵێك داواكاری داڕێژێت كە لەهەمان كاتدا هەڵگری داخوازی خۆپیشاندان و لەهەمانكاتیشدا هەڵگری توخم و مەرجەكانی شۆڕش بێت، بەبێ ئەوەی ببێتە شۆڕش و تائێستا لەخۆ دووبارەكردنەوەو چەقبەستن چ لەشوێن و چ لەگوتارەكانیدا تێنەپەڕێت و توانای ئەوەی نەبێت دیاردەیەك دروستبكات. چونكە خەون و داواكاری خۆپێشاندەرانی شەقام لەنێوان ئەرك و پەیامی خۆپیشاندان و شۆڕشدا بزر بووە.

## خۆپیشاندان و ئامانجەكانی :

**خۆپیشاندان** یان مانگرتن لەنێو هەموو كۆمەڵگە دەسەڵاتیەكاندا كەیەكێكە لەهۆكارو شێوازەكانی فشاری دەستەجەمعی بۆ سەر دەسەڵات و حكومەت، لەهەمان كاتیشدا دیاردەیەكی نماییشكردن و پیادەكردنی سیاسەتە لەلایەن جەماوەرەوە لەدەرەوەی

دەزگاو پایەکانی دەسەڵاتەوەو گێڕانەوەی بڕیارەکانە بۆ شەقام کاتێك خواستەکانی لەگەڵ بڕیاری دەسەڵاتدا یەك ناگرێتەوە. خۆپیشاندان کەدواتر لەکۆمەڵەگە سیستمییەکاندا لەچوارچێوەی یاساو مافە مەدەنی و سەرەکییەکانی مرۆڤدا ڕێکخراوە، لەپێش شێوازەکانی دی سیاسەتەوە خۆڕسکانەو لەشەقامدا لەدایکبووەو ئەم شێوازە ئەوەندی پێش سیاسەت کەوتووە لەدەربڕینی خواستەکاندا بەشێوەی سروشتی و پێش داڕشتنیان لەچواچێوەی بەرنامەو ستراتیژی سیاسی و ڕێکخراوەییدا، ئەوەندەش سەرچاوەی خولقاندنی شۆڕش و دروستکردنی خودی سیاسەتە وەکو هونەری حوکمڕانی.

ئاشکرایە کە هەر نارەزایی و یاخیبوونە جەماوەرییەکان و تووڕیی شەقامە دواتر شۆڕشە دیارەکانی مرۆڤایەتیان هەڵگیرساند کە بەدوای خۆیاندا جۆرێك لەڕێکخستنەوەی سیاسیانەی کۆمەڵگەو سیستمێکی نوێی دەسەڵاتیان داهێناوە. ئێستاش لەسیستمە دیموکراتیەکاندا خۆپیشاندان هاوتاو تەواوکەری سیاستە کەمانای زیندوویی ئەو کۆمەڵگایانەو هەموو تاکو گروپەکانی لەوەدا نیشان دەدات کەپیادەکردنی سیاسەتی تەنها لەقۆناغەکانی هەڵبژاردن‌و دەنگداندا سنوردار نەکردووەو ئیرادەی تاکەکەس لەدوای ئەم پرۆسانەوە کۆتایی نایەت‌و پیادەکردنی سیاسەت لەلایەن تاکەکەسی ئازادەوە لەدەرەوەی پایەکانی دەسەڵاتەوە مانایەکی گرنگتر بەسیاسەت دەدات، کە لێرەوە جێگۆڕکێی بەردەوام بەهێزو دەموچاوە سیاسییەکان دەکات لەسەر شانۆی حوکمڕانی و هەروەها ئازادی ئیرادەی تاکەکەس نیشان دەدات کە خۆی خولقێنەری سیاسەت و بڕیارەکانە، نەك ئیرادەیەکی تەسلیم بوو کە لەدوای پرۆسەکانی سیاسەتەوە بێدەنگی و بێ هەڵوێستی هەڵبژێرێت.

بێگومان خۆپیشاندان کە یەکێکە لە هۆکارەکانی فشاری گروپێك یان هێزێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان پیشەیی یان ڕەگەزی و ئەتنی و کەلتوری و..هتد لەناو کۆمەڵگەدا لەنێو سیستمە سیاسییەکانی دەسەڵاتدا بە شێوازو خواست و داوکاری و ئامانجی جیاواز خۆی بەرجەستە دەکات بەتایبەتی لەو ساتانەدا کە هەست بەمەترسی دەسەڵات بۆ سەرخۆی دەکات، یاخود بەشێوازەکانی پراکتیکردنی دەسەڵات و بڕیارەکانی ڕازی نابێت.

ئەوەی لێرەدا گرنگە خۆپیشاندان کە مافێکی سەرەتایی و پارێزراوی تاکەکەس و گروپە لەسیستمێکدا، بەڵام خۆپیشاندان هەڵگری خواستێکیشە یان پەیامێکە بۆ دەسەڵات، کە دەشێت هەندێکجار مەرج نییە بە داوکارییەوە بێتە سەر شەقام بەقەد ئەوەی جۆرێك لە



هەواڵنامەی دیپ

خود نمایشکردن و راگەیاندنی پەیامێکە بۆ دەرەوەی خۆی. بەڵام هەر کاتێك خۆپیشاندان لەچوارچێوەی خواست و داوکاریدا خۆی بەرجەستەکرد ئەوا ئەو گروپ و هێزەی کە هەڵگری ئەو خواستانەن لەلایەکەوە بەڕاشکاوی خواستەکان بەرجەستە دەکەن لەبەرامبەر دەسەڵاتداو هەروەها بۆ وەرگرتنی پشتگیری جەماوەریش لەهەموو ئاستەکانی لۆژیکی فیکری و کۆمەڵایەتیدا بەرگری لێ دەکەن و هەوڵدەدەن بیکەنە خواستێکی جەماوەری یان پشتگیراو لەلایەن جەماوەرەوە.

ئەو هێزەی خواستەکانی خۆی دیاری دەکات و دەزانێت چی دەوێت هەوڵی ئەوە دەدا کەشەقام بکاتە فەزای یەکلاییکەوەرەی داواکانی و سیاسەت و بڕیار لەشەقامدا بەرجەستە بکاتەوە. پڕۆژەو بەرنامەیەك دادەڕێژێت کە دواجار بەمەبەستی بەدیهێنانی کۆی داخوزییەکان یان چ نەبێت زۆرترین ئاستی داخوازییەکانە. بۆیە خۆپیشندان لەلایەکەوە کە هەموو هۆکارەکانی فشار بۆ سەر دەسەڵات بەکاردێنێت بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی، لەوانە ئاگادارکردنەوەی سەرجەم کۆمەڵگە لەداواکان و شەرعیەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا ئەویش لەڕێگەی ئیفلیج پێکردنی خانەو توخمە گرنگەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناو سیستمەکە، بەتایبەتی هۆکارەکانی گواستنەوەو کارگەکان و دەزگاکانی خوێندن و دەزگا خزمەتگوزارییەکان کە لێرەوە لەڕێگەی جولاندنی هەموو ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی لەو دەزگایانەدا کار دەکەن لەپاڵ خود نمایشکردنی جەماوەریانەش لەشەقامدا شەرعیەتی داواکانی خۆی رادەگەینێت. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو هێزو گروپە کۆمەڵایەتییە لەڕێگەی نوێنەرەکانیەوە کە زیاتر لەم کۆمەڵگایانەدا سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکانن دەرگای دیالۆگ و فشار بۆ سەر دەسەڵات لەگەڵ حکومەتدا والا دەکەنەوە بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەخۆپیشاندان و بەدیهێنانی داواکانی، چونکە لەهەموو کاتێکدا ئامانجی خۆپیشاندان ئەوەیە کەبتوانێت لەماوەیەکی کەمدا پەیامەکەی بگات بە دەسەڵات لەڕێگەی فشارەکانیەوەو زۆرترین داواکانی پێ جێبەجێ بکات.

## درێژبوونەوەی بێهودەی خۆپیشاندان

**چونکە** درێژبوونەوەی بێهودەی خۆپیشاندان لەبەرژەوەندی هیچ گروپێکی فشاردا نییە ئەگەر بێ داواش بمێنێتەوە. لەهەموو حاڵەتێکدا خۆپیشاندانیش جۆرێکە لەهونەری

سیاسەتکردن کە شێوازەکانی خود نماییشکردن و چۆنێتی دەربڕینی پەیامەکانی و گەیاندنی بەجەماوەرو لەڕووی کات و شوێنەوە کارلێکەری کۆمەلایەتی و دەروونی لەسەر چ هێزەکانی خۆپیشاندەر، چ دەرەوەی خۆی هەیە. لەباشترین حالەتدا دەبێت ستراتیژی خۆپیشاندان بەدیهێنانی دەستکەوت بێت لەڕێگەی فشارەکان و دانوسان لەگەل دەسەلاتدا.

وەك مۆریز تۆریز دەلێت دەبێت خۆپیشاندان کۆتایی بێت کاتێك ئامانجەکانی دێتەدی. لەڕاستیدا مەرجیش نییە لەهەموو حالەتێکدا شەقام لەخۆپیشاندانەکاندا بەسەرکەوتوویی بەرامبەر دەسەلات رابوەستێت و دەسەلات ملکەچی دواکانی بکات. دەشێت لەهەندێك حالەتدا داواکانی خۆپیشاندان و شەقام تووشی شکستبن یان بەدی نەین، بەلام گرنگ ئەوەیە پەیامێك جێدێلن و جارێکیدی تاکە کەسانی ئازادو گروپەکان بەشێوازێکی دی لەبەرامبەر دەسەلات پیادەی سیاسەت دەکەن. نزیکترین نموونە لەشکستی خۆپیشاندان، شکستی مانگرتنە جەماوەری و سەرتاسەرییەکانی مانگی تەمموزو ئابی ٢٠١٠ فەرەنسا بوو کە لەکاتێکدا هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن، هەموو سەندیکاکان، زۆربەی هەرە زۆری توێژەکانی کۆمەل لەکرێکاران و جوتیاران و پیشەوەران و فەرمانبەران و کاسبکارو خوێندکاران تیایدا لەخۆپیشاندانی چەند ملیۆنیدا بەرامبەر حکومەتی راست وەستانەوە کە لەپەرلەماندا پرۆژەی بڕیاری زیادکردنی سالی کار بۆ ماف خانەنشینی پێشکەش کردبوو. پاش چەندین رۆژی دووبارە لەڕژانە نێو سەقام لەهەموو شارەکاندا کە هەندێکجار توندوتیژیشی لێکەوتەوەو پاش چەندین رۆژ لەگفتوگۆ لەپەرلەمان، چەندین دانیشتنی دان و سان لەنێوان حکومەتو نوێنەرانی سەندیکاکاندا، بەلام دواجار بڕیارەکە لەپەرلەمان لەلایەن زۆرینەی راستەوە پەسەندکراو خۆپیشاندان نەیتوانی شکست بەدەسەلات بێنێت و کۆتایی بەو قۆناغەی نارەزایی هێنا بێئەوەی کۆتایی بەخەبات و جەنگەکانی داهاتوو بهێنێت.

لێرەوە تێدەگەین کەخۆپیشاندان جۆرێکە لەشێوازی خود نماییشکردنی جەماوەرە بۆ دەربڕینی نارەزایی و لەهەمان کاتدا بەدەستهێنانی دەستکەوت و داوکاری روون و ئاشکرا کە لەزۆر حالەتیدا نە پێویستی بە تیۆریزەکردن و خستنە چوارچێوەی فەلسەفەو بەستنەوەی بە جۆرێك لەدنیابینەیەوە هەیەو نەپێویستی بەسەرکرادیەتیەکی تەواو روناکبیرو شارەزا لەسیاستەدا هەیە.

ئەوەی بۆ خۆپێشاندان گرنگە ئیرادەیەکی دەستەجەمعی بەهێزو خۆراگرو

لەهەمانکاتیشدا ئامادەی کردنەوەی هەموو دەرگاکان و جوونە نێو دیالۆگەکانەوە هەیە. بۆیە زۆرجار باشترین رابەرانی خۆپیشاندانەکان لەدنیادا بەتایبەتی لەنێو سیستەمە دیموکراسیەکاندا رابەری سەندیکا کرێکاری و پیشەییەکان و یان نوێنەرانی ئەو رێکخراوە کۆمەڵایەتیانەن کە لەناوەندی پیشەکەی خۆیانەوە هاتوون ولەچۆنێتی دارشتنو خستنەرووی دواکانو بەرگریکردنی لێیّ و دانو سان لەسەری شارەزان.

بێگومان لێرەدا ئەوەی بەجیاواز لەخۆپیشاندانەکانی کوردستاندا دەیبینین لەلایەکەوە نائامادەیی ئەو هێزە راستەقینەیەیە کە یەکەم خود نمایشکردنی خۆرسکی لەشەقامدا نواندو دوورخستەنەوەی داخوازی و بزرکردنێتی لەلایەن کۆمەڵێك هێزو رابەری دیەوە کە پێیوایە لێپرسراوێتی ئاراستەکردنی ئەو نەوەیەو قسەکردنی لەجیاتی ئەوی لە ئەستۆدایەو ئەم ساتەوەختە ئەرکی مێژوویی ئەوە کەفۆرمی داخوازییەکان و ستراتیژی خۆپیشاندان بەرجەستە بکات و ئاراستەی رووداوەکان بگۆرێت.

> **ئەم هێزەی خۆی نمایش دەکات وەك پێشتریش ئاماژەم پێداوە توانای ئەوەی نییە کەخانە زیندووەکانی کۆمەڵگەو دەسەلأت تووشی هەژان وئیفلیجی بکات تا لەوێوە پەیامەکەی بەسەرجەم جەماوەر بگەیەنێتو کێشەی خۆی بکاتە کێشەی جەماوەر. چونکە خۆی ئەو خانانە لە کۆمەڵگەدا بوونی نییە تا ئیفلیج بکرێت**

## ناڕۆشنی خواستی راستەقینەی شەقام

**لێرەو** لە پاڵ ناڕۆشنی و نادیاری خواستی راستەقینەی شەقامدا لەهەمانکاتدا ئەم هێزەی خۆی نمایش دەکات وەك پێشتریش ئاماژەم پێداوە توانای

ئەوەی نییە کەخانە زیندووەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵات تووشی هەژان و ئیفلیجی بکات تا لەوێوە پەیامەکەی بەسەرجەم جەماوەر بگەیەنێت و کێسەی خۆی بکاتە کێشەی جەماوەر. چونکە خۆی ئەو خانانە لەکۆمەڵگەدا بوونی نییە تا ئیفلیج بکرێت، لەلایەکی دیشەوە لەکاتێکدا ئەو هێزەی لەشەقامدا خۆی نماییش دەکات بەتەواوی لەناو دەزگاو شوێنەکانی کارو بونیادە خزمەتگوزارییەکانەوە نەهاتووەو کە بەشێکی زۆریشی لەتوێژی بێکار پێکهاتبێت کە لەکاتێکدا لەڕووی ئیلتیزامی پیشەییەوە گرنگی بەکات و درێژ بوونەوەی خۆپیشاندان نادات بەڵام لەڕووی دەرئەنجامە دەروونییەکانەوە هەست بەدرێژکردنەوەی بێ هوودەیی کات ناکات کەهەر ڕۆژێکی زیادە بەبێ ئەوەی ببێتە فشارێکی راستەقینە بۆ سەر دەسەڵات بۆ وەڵامدانەوەی ئەوا لەبەرژەوەندی خۆپیشاندان‌دا نییەو دواجار بەشکستێکی دەروونی بۆ نەوەیەك دەکەوێتەوە کەهەستدەکات لەدەرەوەی خواستەکانی ئەوەوە کۆمەڵێك گەمەی دی نێوان کاراکتەرە ڕێکخراوەکان خەریکی ڕێکخستنەوەی شێوازو پیادەکردنی سیاسەتن لەتێڕوانینی خۆیانەوە.

## شۆڕش لەدەرەوەی مێژوو :

**ئەو جوولەیەی** ئێستا لە شەقامدا ئەبینرێت بە زەرورەت دەربڕی خواستی شەقام نییە بە قەدەر ئەوەندی بەشێك لە و هێزەی کە ئێستا شەقامی کردۆتە جۆرە پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دیسپلین کراوی

> **ئەو جوولەیەی ئێستا لە شەقامدا ئەبینرێت بە زەرورەت دەربڕی خواستی شەقام نییە بە قەدەر ئەوەندی بەشێك لەو هێزەی کە ئێستا شەقامی کردۆتە جۆرە پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی دیسپلین کراوی خاوەن ئەنجومەنێك کە لەجیاتی ئەو بڕیار ئەدات و خودی ئەو ئەنجومەنەش جۆرێکە لە ڕاگرتنی تەرازوو تەوافوقی نێوان ئەو کاراکتەرو هێزانەی شەقام ئەجولێنن و خاوەنی بەرنامەو ستراتیژی خۆیانن.**

خاوەن ئەنجومەنێك كە لەجیاتی ئەو بڕیار ئەدات و خودی ئەو ئەنجومەنەش جۆرێكە لە ڕاگرتنی تەرازوو تەوافوقی نێوان ئەو كاراكتەرو هێزانەی شەقام ئەجولێنن و خاوەنی بەرنامەو ستراتیژی خۆیانن. ئێستا شەقام بە شێوازی خۆپیشاندانێكی خاوەن خواستی ئاشكرا خۆی نمایش ناكات، ئێستا خواستی شەقام لە نارەزایی ود اواكاریەوە كراوە بە ویست بۆ شۆڕش، ئەو هێزەی بڕیاری بۆ شەقام داوە هەڵگری ووتاری شۆڕش و خولقاندنی ساتەوەختی گۆڕانكاری ڕادیكالیە لە ناو سەرجم سیستەمی سیاسی وكۆمەڵایەتیدا لە كاتێكدا هەڵگری مەرج و توخمەكانی ئەم شۆڕشەش نییە. هێزێك شەقام بەروە شۆڕش ئاراستە ئەكات لە كاتێكدا هیچ میكانیزمێكی گۆڕینی كۆمەڵگەی پێ نییە لە سیستەمێكەوە بۆ سیەمێكی دی و نەوەیەكە بەتەنیا ناتوانێت ببێتە هەڵگری مەشخەڵی شۆڕش. ئەوەی گوتاری شەقام ڕائەگەینێت خۆی كار لەسەر قسە نەكردنی شەقام و بێ دەنگ كردنی ئەكات و نوێنەارانی ڕاستەقینەی دوور ئەخاتەوە لە دەربڕینی خواست و خەونەكانی. هەست ئەكرێت كە نەوەیەكی نوێ لە شەقامدا لە نەشوەی بەرەو شۆڕشدا خەونەكانی لێ دزراوەو بۆتە گەمەی نێوان ستراتیژی هێزو لایەنە سیاسیەكانو خودنماییش كردنی توێژێكی روناكبیر كە دارشتنی گوتاری شەقام بەلێپرسراوێتی خۆی ئەزانێت لە خوێندنەوەی خۆیەوە بۆ دۆخێ ئێستای كۆمەڵگەی كوردی و پەیوەندی بە دنیاوە لە ژێر كارلێكەری ڕووداوەكانی ناوچەكەدا. توێژێكی ڕۆشنبیر هەست ئەكات كە شەقام هانای بۆ ئەو هێناوە ڕێگا تاریكەكانی ڕزگاری بۆ ڕۆشن كاتەوەو دوای ئەم هەموو خوێندنەوە تیۆرییە كاتی ئەوە هاتووە كە ئەم نەوەیە بكرێتە پێشەنگی ئەو جەنگە دژی سیستەمێكی دەسەڵاتی كە توانای بەردەوام بوون و ژیانی نەماوە. بەلام ئەم توێژە لە ئاراستەكردنی ئەو هێزە نوێیەی لە دایك بووەو پێویستی بە بەخشینەوەی مانایەكی نوێ هەیە بە سیاسەت و پیادەكردنی دەسەلات، بەهەمان ئەو گوتارە تەقلیدیە سیاسیە هاندانیانە كار لەسەر ئاراستە كردنی ئەم نەوەیە ئەكات كە جیاوازی لە هیچ گوتارێكی سیاسی و تەحریزی هیچ سەركردەیەكی سیاسی دی نییە، ئیدی لەهەر بەرەو ڕەوت و تێروانینێكی سیاسی بێت. مامەڵە كردن لە گەڵ شەقامدا هەمان مامەڵە كردنە لەگەڵ هەر ئەندامی حیزبێكی دیسپلین كراوو یان هەر هاونیشتمانیەكی كۆنترۆل كراو لەژێر سایەی هەر دەسەڵاتێكدا بێت بە ئاستی كار كردن لەسەر هەستە عاتیفیەكانی و كردنی بەبەشێكی بێ ئاگا لە پرۆسەی شۆڕشێك كە كەس لە حاڵەتی هەڵچوون و هەژانیدا بیر لە دەرئەنجام و ئاییندەكانی ناكاتەوە. هەر لێروەیە

سەیر نییە ڕۆژانە لە نێو گوتاری ئەو توێژانەوە بە ئاشکرا گوێمان لە دەستەواژەی سیاسی موجەرەد ئەبێت کە ئیشی گوتاربێژە سیاسیەکانە نەك ڕوناکبیر، وەك ئەوەی هاوار ئەکرێت کە کۆتایی دەسەڵات هاتووەو، تا ئەوەی گوێمان لێبوو کە سەرکەوتنی کۆتایی نزیك بۆتەوە. ئەم گوتارە شۆڕشگێڕیە ئامێزە لە گروهێکەوە ئاراستەی شەقام ئەکرێت کە چەندە بە ئاشکرا پیادەی سیاسەت ئەکات و جۆرێك لە تێروانینی سیاسی لای شەقام دروست ئەکات بەڵام خودی خۆی هەست بەوە ئەکات کە دواجار ئەرکی مومارەسەکردنی سیاسەت و هونەری حوکم و دەسەڵات کاری ئەم نییە وسەرباری ئەو مۆدێلە سیاسیەی نیشانی شەقامی ئەدات، بەڵام خۆی ناتوانێت تا کۆتایی ببێتە ڕابەری شەقام. هاتنە ناوەوەی کتوپڕی ئەم بۆ نێو ڕووداوەکان هاتنە ناوەوەی فریادڕەسێکە بۆ نەوەیەك لە شەقامدا کە ئەم خۆی بە بەپرسیاری پێگەیاندن و هۆشیارکردنەوەی ئەزانێت وپێویستی بەوە هەیە کە ئەم پرۆژەیەکی ڕیفۆرمی کۆمەڵگەی پێ ببەخشێت بێ ئەوەی ڕابەرایەتی بزووتنەوەکەی بکات. ئەم گروهە کە لەتیۆریزە کردنی کۆمەڵگەو ڕوداوەکانیەوە هاتە ناو خوڵقاندنی پرۆسەی شۆڕشەوە، لە دوای ئامادەکردنی نەوەیەك بۆ شۆڕش و بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکانی کۆمەڵگەوە، جگە لە خۆکێشانەوەی لە سیاسەت شوێنێك بۆ خۆی لەو پرۆسەیەو داهاتوویدا نابینێتەوە و لەدوای ئەم بانگەیەشەوە شەقامی بۆ بۆشایی جێ هێشتووە کە نەك هەر بۆشایەکی سیاسیە بەڵکو بۆشاییەکیشە کە تیایدا هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بونیادی لە نیوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لە جێی هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتەوە دیاری ناکات . ئایا

**هیوادارم کە توێژێکی ڕۆشنبیر بەشێك لە لێپرساوێتی ئاراستە کردنی شەقام بەرەو فەزای شۆڕش و دواتر بەجێ هێشتنی بۆ بۆشاییەکی بێ هودەو ئاژاوە نەخاتە ئەستۆی خۆی بێ ئەوەی پێشترلە ئامادە باشی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەتی بکات کە ئاخۆ هەڵگری پرۆژەیەکی دوای شۆڕش و دەربازکردنی شەقامە لە قەیرانی بۆشایی.**

ئەمە جۆرێکە لە نەگەیشتنە بڕیاری ئەو هێزەی گوتاری شەقامی داڕشتووەو دواجار بەرەو شۆڕش ئاراستەی کردووە لە نەگونجان لە نێوان مۆدێلی کۆمۆنیزمی کرێکاری و شورایی و، یان سۆشیال لیبرالی، یان مۆدێلی ئیسلامی و دەوڵەتی شەریعەتی یان مۆدێلێکی تێکەڵ لەم پێکهاتە لێکنەچووانە؟

نادڵنیایی بە خود و پەراوێز مانەوەی توێژی ڕۆشنبیر لەم ڕووداوانەداو ئەگەرچی ڕۆژانە تاکە گوتاربێژو قارەمانی بەردەمی مایکرۆفەنەکانیش بێت، ئەو شکستە تراژیدیەی شاعیری ڕۆمانسی گەورەی فەرەنسی ئەلفۆنس لامارتین ( ١٧٩٠–١٨٦٩ ) مان بیر دێنێتەوە، کە یەکێك بوو لە ڕابەرو سەرکردەکانی شۆڕشی ١٨٤٨ ی فەرەنسا، کاتێك جەماوەری پاریس لە دژی گەرانەوەی سیستەمی پاسایەتی لویس فیلپ و هەروەها ئەو هەژاری وبارودۆخە سەختەی زۆرینەی خەڵك پێوەی ئەناڵاند، لە ٢٢٧ شوباتی ١٨٤٨ ڕاپەرینیان لە پاریس هەڵگیرساندو لەماوەی چوار ڕۆژدا جارێکی دی ڕژێمی پاشایەتیان ڕووخاندەوەو دووەمین جمهوریەتی فەرەنسایان ڕاگەیاند کە لەسەرەتادا لامارتین کە یەکێك بوو لە ڕابەرو پێشەنگو گوتار بێژەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو کرا بە سەرۆکی حکومەتێکی کاتی، بە لاَم دواتر لە دوای خستنەوەکاری دەستورو سازدانی هەڵبژاردن، لامارتین کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا هەڵبژارد لەبەرامبەر لویس ناپلیۆن بۆناپارتدا تووشی سەخترین شکست ئەبێت کە وای لێ دەکات بە تەواوی خۆی لە ژیانی سیاسی بکێشێنێتەوەو ئەو هەرەسە تا کۆتایی ژیانی کارلێکەری دەرونی لا بە جێ هێشت کە خەمۆکی سەراپای ژیانی داگرتبوو.

هیوادارم کە توێژێکی ڕۆشنبیر بەشێك لە لێپرسراوێتی ئاراستە کردنی شەقام بەرەو فەزای شۆڕش و دواتر بەجێ هێشتنی بۆ بۆشاییەکی بێ هودەو ئاژاوە نەخاتە ئەستۆی خۆی بێ ئەوەی پێشتر لە ئامادە باشی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسیە تێ بگات کە ئاخۆ هەڵگری پرۆژەیەکی دوای شۆڕش و دەرباز کردنی شەقامە لە قەیرانی بۆشایی. هیوادارام گوتارە حەماسیەکانی توێژی ڕۆشنبیر نەبێتە بەشێك لە دروستکردنی دیمەنی خوێن ولێ سەندنەوەی ڕۆحی هەر تاکێك لەم نەوە نوێ یە کە پێشتر لە دیمەنەکانی جەنگی براکان و خوێن ڕشتنی دڵڕەقانەی یەکدی و لەت و پەت کردنی جەستەی یەکدیانی نەبینوە، چونکە من گومانم لەوە

نییە کە خوێندنەوەی توێژی ڕۆشنبیر بۆ کۆی سەرجەم ڕووداوەکانە و جیاکردنەوەو لەت کردنی دیمەنەکان نییە لە یەکدی وقسە کردن لەوەی لە کوێدا کێ کێی کوشتووە کێ ئەبێت پەلکێشی دادگا بکرێت. چونکە هەموو لایەك بە هەموو کاراکتەرەکانیەوە لە دروستکردنی ئەو دیمانانەی ئێستای شەقامدا بەشدران، لە دیمەنی خۆپیشاندانی هێمنانەوە تا خوێن ڕشتنی منداڵ و هەرەزەکارێکی بێ تاوان و تا ئەگەرەکانی پەرەسەندنی ئەم ڕووداوانەش کە کۆمەڵیك هێزو فاکتەر لە نەشوەی گەیشتن بە (نزیك بوونەوەی سەرکەوتنی کۆتایی ) کە ئەمە قسەی رابەرێکی شەقامە، شەقام تەسلیمی فەزای شۆڕش ئەکەن لە کاتێکدا هەڵگری مەرجەکانی شۆڕش نییە.

مانای شۆڕش بریتیە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی کە لە لەگەڵ خۆیدا هەوڵی گۆڕینێکی کتو پڕو رادیاکالی و سەرتاسەری لە کۆی بونیادی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابوری نێو کۆمەڵگەیەکی دوڵەتی یان دەسەلاتیدا بەرجەستە ئەکات. شۆڕش بە ئامانجی کۆی سیستەمێك ئەخوڵقێت کە دەسکاری پێکهاتەی سیستمەکەو گۆڕینی دەمو چاو ڕەمزەکانی پێشووی دەسەلاتیش ئەکات و لێرەوەیە کە دابڕانێکی تەواو لەگەڵ قۆناغی پێش خۆیدا ڕائەگەیەنێت کە ئیدی کۆتایی بە مێژوویەك و سەرەتای مێژوویەك دەست پێ ئەکات، کە نەك هەر لە ڕووی بونیادییەوە لە قۆناغی پێش خۆی جیاواز ئەبێت بەڵكو لە ڕووی گوتاری جەستەجەمعی و تێروانینی کەلتوریشەوە کۆمەڵگەیەکی نوێ لە نێو چەمك و دیدەکانی شۆڕشدا ئەخوڵقێنێت. لێرەوە شۆڕش جێگۆڕکێ لە هەرەم و پەیژەی کۆمەڵایەتی و شوێن و پێگەی چین و توێژەکانیدا دروست ئەکات و کە تیایدا لە پاڵ شۆڕشی سیاسیدا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هاوتاو هاوشانی گۆڕانکاریەکان ئەبێتەوە. بۆیە هەموو شۆڕشێك لە ڕێگەی خودی جەماوەرو هێزێکی دیار و بەرجەستەی یان کۆمەڵە هێزێکی کۆمەڵایەتی – سیاسیەوە پرۆسەی خودی گۆڕینی کۆمەڵگە ڕائەگەیەنێت و بە بێ هێزێکی کاریگەر کە بتوانێت پرۆژەیەکی دوای شۆڕش و ئەلتەرناتیڤێکی بۆ سیستەمی پێشوو پێ بێت و وە توانای تەقاندنەوەی ووزەو ئیرادەی جەماوەری هەبێت بۆ ڕامالینی دەسەلات، شۆڕش ناتوانێت ئەو گۆڕانکاریە ڕادیکاڵی و دابڕانە مێژوویە بخوڵقێنێت. جگە لەمانە سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکی نوێ لە ئێستای دنیادا لە دوای شۆڕشە ناسراوو تەقلیدیەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدە تا

ئەگاتە شۆڕشی سوری سۆڤێتی، پابەندە بە  سێ بنەماو مەرجی سەرەکیەوە : یەکەم  چڕ بوونەوەی خواستی ڕادیکالی ڕیفۆرم لە نێو داواکاری هێزە زیندووەکانی کۆمەڵ و چوونە ناو قەوارەی نارەزایی جەماوەریەوە، هەروەها گۆڕینی خواستەکان لە چاکسازیەوە بۆ گۆڕینی کۆی سیستەمەکەو ڕامالینی سەرانی دەسەلات. دووەم : پەرت کردن و ئیفلیج کردنی پایە و توخمەکانی دەسەلات لەناو خودی خۆیدا کە چی تر توانای بەرەنگاربوونەوەی شەقامی نەبێت. سێهەم مەرجی گرنگ بریتیە لە بێ لایەن کردنی دەسگای سوپاوهێزە ئەمنی و چەکداریەکانی دەسەلات لە جەنگی نێوان دەسەلات و شەقامدا وە لەوەش گرنگتر هەڵگێڕانەوەی  ئەو هێزانەی کە پایەی سەرەکی حوکم و دەسەلاتن لە سەرانی دەسەلات و یاخی بوون لێیان و پشت تێ کردنیان، وە ك ئەو ئەزموونەی لە شۆڕشی تونس و میسردا بینیمان کە بە کورت ترین کات و کەمترین زەرەرو قوربانی کۆتایی بە سەرکەوتنی پرۆسەی شۆڕش هێناو کۆمەڵگەی دوای شۆڕشیشی  لە فەزایەکی ئاژاوەو بۆشاییدا جێ نەهیشت. بێگومان ئەوەی لە ڕەوت و پەرەسەندنی خۆپیشندانەکانی کوردستاندا بە دی ئەکرێت کە هێشتا بەلای بەشێکی زۆری دەسەلاتەوە جۆرێکە لە نارەزاییەکی  لۆکالی و هەندێك شوێنی کوردستان و توانای ئەوەی نییە کە ببێتە دیاردەیەکی سەرتاسەری و خولقاندنی دابڕان لە گەڵ دەسەلاتدا لە هەموو  دەسگاو پێگەو شوێنەکانیدا، نائامادەیا  ئەم توخم و مەرجانەیە کە هێزێکی شۆڕشگێری  نەخستۆتە نێو شەقامەوە ئەگەرچی  ئاستی  خواستەکانیش خۆیان هەڵگری مانای شۆڕش بن. ئەوەی ئەبینرێت پەرەسەندنێکی خواستی سیاسی بەشێکی ئۆپۆزیسۆنە بە ستراتیژی جیاوازیانەوە کە لە پشتی  چەپاند نو لە ڕێلادانی دەنگی خۆڕسکی شەقامەوە و بەکارهێنانی وەکو هێزێکی فشار بۆ یارمەتی ئۆپۆزیسۆن لە نمایش کردنی قەبارەی خۆیدا، گەمەیەك لە گەڵ دەسەلاتدا ئەکات کە ئێستا سیمای چوونە نێو قۆناغی دان و سانەوەی تێدا دەرئەکەوێت.

# گـــــەڕانەوەیەك بـــۆ واقیع:

**من** پێموایە ئێستا ئۆپۆزیسۆن سیاسەت و بەرنامەی خۆی لە واقیع نزیك کرۆتەوەو لە نێو هونەرو شێوازە مومکینەکانی سیاسەتدا بەشداری خۆی ئەخاتە نیو پرۆسەی چاکسازی و بە سیستەم کردنی دەسەڵاتی کوردیەوە کە پرۆسەیەکە بە فرێدانە دەروەی هیچ هێزو کاراکەتەرێکی سیاسی – کۆمەلایەتی کوردی نایەتە دی و ئێستا کۆمەڵگەی ئێمەی خستۆتە بەردەم ڕێگە چارەیەکی هێمنانەی دارشتنەوەو ڕێکخستنی سیستەم و شێوازێکی دەسەڵات کە تا ئێستا ئیشکالیەتی بوون بە سیستەمی هەیە. داوای بنیاتنانی سیستەم لە کوردستاندا نەك تەنها خواستە، بەڵکو پێداویستیەکی سەرەکی زامن کردنی پێکەوە ژیانی هێزو نەوەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیە لە نێو پێکهاتەیەکی دەسەڵاتیدا کە تیایدا لە بەرجەستە کردنی شوناسێکی کوردیەوە ئیرادەو شوێنی هەموو پیکهاتەکانی بپارێزێت. خواستی ئۆپۆزیسۆن کە ئێستا داوای پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی ئەکات لەسەر بنەمای تەوافوق و تاساز دانی هەڵبژاردنێکی شەفاف و بێ دەستێوەردان، لەگەڵ خواستی دەسەڵاتدا بە پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان یەك ئەگرێتەوە و ئەوەندەی هەیە ئێستا هەموو لایەنەکان لەبەردەم قۆناغێکی نوێدان کە لە دوای فشاری شەقامەوە ئیتربوراێك لە بەردەم شێوازەکانی دی هانگاو نان بەرەو چاکسازی بکرێتەوە لە ڕێگەی دیالۆگ و بە پراکتیك کردنی پێکەوەی بەڵێنەکانی دەسەڵات و خواستی شەقام و ئۆپۆزیسیۆن لە ڕەهەندە واقیعیەکەیدا. ئەشێت لە جێگەی هەندێك چەمکی بارگاوی بە گرێو رکابەری و شەڕانگێزی نێوان هێزەکان وەکو هەڵوەشانەوەی حکومەت و دەسگاکانی، کۆمەڵە زاراوەیەکی سیاسی و بواری دان و سان بخرێنە کار بۆ زیاتر لێك نزیك کردنەوەی لایەنەکان و دەرباز بوون لە قەیرانێك کە دواجار تە نها لە کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزو بە یەکداجووی کوردستاندا دیالۆگ چارەسەی ئەکات.

گۆڕینی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵوەشانەوەی بێ مەرجی حکومەت و حەل کردنی دەسگاکانی حیزب و پێکهێنانی حکومەتی بێ لایەن و سازدانی هەڵبژرادن، بۆ بەشداری

کردن لە حکومەتێکی تەوافوقیدا و بوون  بە بەشێك لە دەسەڵات، گەڕانەوەیەکە بۆ واقیع و تێگەییشتنە لەوەی کە ئیشکالیەتی بە سیستەم نەبونی دەسەڵاتی کوردی  لێپرسراوێتی کۆی پێکهاتەکانیەتی و دروستکردنیشی ئەرکی پێکەوەیی هەموو هێزو کاراکتەرە سەرکیەکانیەتی. هەڵەیەکی کوشندەی هەندێك لە حیزبەکانی کوردستان ئەوەبوو کە لەپشتی  سیستەمێکی دەسەڵاتی جێهێڵراو بۆ  دوو حیزبی سەرەکی کوردستان لە  بەرامبەر پاراستنی بونیادی خۆیان و وەرگرتنی  میزانیەیەك و ڕاگرتنی  پەیوەندی و یارمەتیە دەرەکیەکانی خۆیانو بەرکەوتنی بەشیك لە گەندەڵی کوردستان و بە خاوەن بوونی چەند کۆمپانیایەك، ڕۆڵێکی لێپرسراوێتی گرنگیان هەیە لە  دوو خستنەوەی دەسەڵاتی کوردی لە بەسیستەم بوون، کە ئیشکالیەتی سەرەکی بۆ هەموو پێکهاتەکانی دروست کردووە و ئەشیت  تاکە ڕێگەیەکی ڕاستەقینە خولقاندنی شۆڕشێك بێت لە ناو خودی کۆمەڵگەی کوردی بەسەر خۆیدا کە هەموو پێکهاتەکانی تیایدا بەشدار بن و هەمووان ببنە بەشێك لە  دەسەڵات و هەموو پایە گرنگەکانی بۆ دوو حیزبە سەرەکیەکە چێ نەهێڵن کە دواتر بە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر بونیادی  خۆیان وەكو حیزب و هەرگیز دانەمزراندنی دەسەڵاتی دەسگایی  کورد ئەکەوێتەوە. پرۆسەی چاکسازی لە کوردستاندا پرۆسەیەکە کە تەنها بە و دووحیزبەی کوردستان ناکرێت کە تا ئێستا لە ئەزموونی  دابەش کردنی کوردستان لە ڕووی جوگراف و دواتر دابەش کاردنی پێگەکانی  دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری کوردستان دەرنەچوون. ئەم دوو حیزبە کە تا ئێستا لە قۆناغی نا دڵنیایی بە یەك و لێك جیا کردنەوەی دەسگاکانی بەرگری نەتەوەیی و بنەما ئابوریەکانی  تێ  نەپەڕیون، تەنها ئەتوانن بە ڕێکەوتنی ستراتیژی دوولایەنە و تەوافوق بەردەوامی بەو پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوانیان بدەن کە ئەو شێوازە مەترسیە بۆ سەر ئایندەی خۆیان و کوردستانیش و ناکرێت تا سەر بەردەوام بێت. بۆیە من پێم وایە فراون کردنی شێوازی تەوافوق لە حاڵەتی ئێستادا کە هەموو کاراکتەرەکان و هێزە کۆمەڵایەتیو مەدەنیەکان و  نوێنەرانی شەقامیش کە ئۆپۆزیسۆن لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان پێ نەداوە، بکرێنە توخمی بەشدار لە و پرۆسەی بنیاتنانەوەیەدا کە لە بنەڕەتدا بنیاتنانی شوناس و پێکهاتەو شوێنی کوردیشە لە مێژوودا.

پێم وایە دەسەڵاتیش ئەبێت لە ڕووی واقیعیەوە کار لەگەڵ خواستی ئێستای

ئۆپۆزیسۆندا بکات کە لە هەمان کاتدا خواست و ئیرادەیەکی دەستەجەمعی گشت لایەکە تەنانەت بە هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی دەسەلآتیشەوە کە لە بەرژەوەندی ئەوانیشە ئیدی ئەوەی دام ودەسگاو پێکهێنەری پایەکانی سیستەمی دەوڵەتیە بۆ حکومەتی بگەڕێننەوەو ئەوەش پەیوەندی بە شوناس و چۆنایەتی حیزبەوە هەیە بیدەنەوە بە حیزب کە ململانێ و ئیدارە کردنی ناکۆکیەکانە لەسەر دەسەلات لە ڕێگەی پرۆژەو بەرنامەی خزمەتگوزاری و وەلامدانەوەی خواستی کۆمەڵەوە.

ڕاستە ئەوەی ئێستا ئۆپۆزیسۆن داوای ئەکات جۆرێکە لە هەڵوەشانەوەی دەسەلآتێك کە خۆی ئیشکالیەتی هەیەو پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە یە، پەیامی ئۆپۆزیسۆن کە لە کاتێکدا بەرجەستەی هەندێك لایەنی جیاواز ئەکات کە هەر یەکە پرۆژەو ستراتیژی جیایان هەیە و لێرەدا ئەشێت چاوەڕوان نەکراو بووبێت کە هێزێکی نوێخوازو عەلمانی و پشتگیری نەوەی نوێی وەکو گۆڕان پرۆژەی خۆی تێکەڵی هێزە ئیسلامیەکان بکات، کە لە حاڵەتی ئێستا دا جێی پرسیارو مەترسی نییە، چونکە داوای پێکهێنانی دەسەلآتێکی سیستەمی کوردیە کە هەموو لایەك لەسەری کۆکن، بەلآم داخۆ لە داهاتوودا لە سەر چۆنێتی شێوازی ئەو سیستەمە دەسەلاتیەی کە بۆ ئاییندەی کوردی ئەخوازین و لە دنیای ئەمڕۆدا کە تاکە شیوازێکی سەرکەوتوو قبوڵ کراو بریتیە لە سیستەمە دیموکراسیەکان بە زامن کردنی فراوانترین ئازادیەکان بۆ هاونیشتمانیەکانی، ئایا ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسیۆن هەمان پرۆژەی هاوبەشیان ئەبێت کە ناکرێت پێکەوە کۆبکرێنەوە؟ ئایا عەلمانی، دیموکراسی، یان پرۆژەی بە ئیسلامی کرادنی کۆمەڵگەی کوردی دەسەلآتێکی ئیلهام وەرگر لە شەریعەتەوە تێکەڵی یەکدی ئەکەن . ئەوەی گرنە لەم گەمانەدا هیوادارم نوێژە جیهادیەکانی هەینیەکان دوا براوەی گەمەکان نەبن و خەونی نەوەیەکیش لە فەتواکانی ئاییندەدا حەرام نەکەن.



# مێژووی حزبایەتی و کاریگەریی حزب لە سەر دەسەڵات

حسێن مەعروف پور

## دەسپێک:

**سەردەمی** ئەورۆ سەردەمی دیمۆکراسێکانی پارلەمانیە، ئەو دیمۆکراسیانە بە بێ بوونی تاکی هاوبیر کە بە هاوکاری و هاوئاهەنگی یەکتر کار بکەن زۆر بە دژواریی دەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بە جێ بێنێت، تا کاتێك کە نوێنەرانی خەلك لە نێو حزبەکان ڕێك نەخرێن پارلەمان لەو تاکانە چێ دەبێت کە ناتوانن بە جوانی ئەرکەکانی خۆیان بە جێ بێنن. لە راستیدا، حکومەتی پارلەمانی لە ئاستی نیشتمانی بە بێ بوونی حزبەکانوێنا ناکرێت، حزب بە مانای گروپو دەستە بە درێژایی مێژوو بونی هەبووە بەڵام بە ناوەرۆکی ئەورۆییواتە حزبی سیاسی،چەمکێکی نوێ بە ژمار دێت، کاریگەری حزبەکان لە سەر بارودۆخیوڵاتان بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەورۆ لە دونیادا گرینگێکی تایبەتی بدرێتە حزبەکان تا رادەیەك کە بوونی حزب بە یەکێ لە بنەما سەرەکێکانی دیمۆکراسی دادەندرێت لەو لێکۆلینەوە دا تێدەکۆشین تاوێنەیەکی روون لە مێژووی حزبایەتی بخەینە رووو کاریگەرێکانی حزب لە سەر دیمۆکراسی ئاشکارا بکەین.

## مانا و ناوەڕۆکی حزبی سیاسی:

**حزب بە** گروپێك لە هاوڵاتیان دەوترێت کە خاوەنی ئامانجو قازانجی سیاسی هاوبەشنو بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئامانجانە ململانێ دەکەنو ئەو بەرنامەی لە لایەن کادری رێبەرایەتیو دامەزرێنانی کە بە گشتی لە رێگەی پەیرەوی ناوخۆی حزب دیاری کراوە بەرێوە دەبەن.

حزب دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویەووەك هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی، ماناو ناوەڕۆکی پەیرەوی کاتو شوێنە لە کاتی ئێستادا، پێکهاتەی تەشکیلاتی ستراتێژیو ئامانجی رێکخراوێك کە لە ژێر ناوی حزب لەوڵاتێکی لە حاڵی گەشەسەندن،جیاوازە لە گەڵ رێکخروێك لە ژێر ئەو ناوە کە لەوڵاتێکی پێشکەوتوو دامەزراوە.

ئێدمۆند بێرك حزبی سیاسی ئاوا مانا دەکاتەوە: ”دەستەیەك لە خەلك، کە بۆ بەرەو پێش بردنی قازانجی نەتەوەیی بە تێکۆشانی هاوبەش لە سەرر بنەمای هەندێ ئەسڵی سیاسی کە لە سەری کۆکن کۆبونەتەوە”. گێتل دەڵێت: حزبی سیاسی تێکەڵاوێکە لە گرووپێك لە هاوڵاتیان کە تا ڕادەیەکی نە زۆرو نە کەم ڕێکخراون‌و دەیانەوێت بە کەڵك‌وەرگرتن لە مافی هەڵبژاردنی خۆیان بە دەسەڵات بگەن‌و سیاسەتە گشتێکانی خۆیان بەڕێوە بەرن.

حسێن بەشیریە دەڵێت: حزبی سیاسی لە ڕاستی شێوازێکی تایبەتی لە ڕێکخستنی هێزە کۆمەڵایەتێکان‌و خۆیان‌وەك ڕێکخراو، دەچنە ژێر گوشاری گروپ‌و خواستە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆراکان. لەووڵاتانەی سیستمێکی جێکەوتووی حزبایەتی هەیە، حزبی سیاسی‌وەك حەڵقەی پێوەندی نێوان قازانجی کۆمەڵایەتی‌و ڕێکخراوە بڕیاردەرە سیاسیەکان کار دەکەن.

## مێژووی سەرهەڵدان‌و گەشەی حزبی سیاسی :

**لە** ڕوانگەی تەکنیکی، سیستمی حزبایەتی نوێ ، سیستمی حکومەتی حزبی، پێوەندی لە گەڵ بەشی بریتانیا لە سیاسەت دا هەیە لە ڕوانگەی مێژوویی، سەرەتای سیستمی حزبی بە گەشەی دەستووری بنەڕەتی بریتانیاو هەست بۆ لای دەستووری بنەڕەتی، پێوەندی نزیکی هەیە. لەو ڕووەوە، سیستمی حزبی بریتانیاوەکو پێشرەوی حزبی سیاسی نوێ دەزاندرێت.

حزبە سیاسیەکان هاوکات لە گەڵ ڕێو ڕەسمی هەڵبژاردن‌و پارلەمان بە دونیا هاتن‌و هاوکات لە گەڵ ئەوان گەشەیان سەندوە حزبە سیاسیەکان لە سەرەتادا بە شێوەی کۆمیتەی هەڵبژاردن سازبوون کە هەم بەرگری کەسایەتیە ناسراوەکان لە پاڵێوراوێکیان ڕادەگەیاندو هەم پارەی پێویست بۆ ململانێی هەڵبژاردنیان دابین دەکرد لە چوارچێوەی پارلمان، دەبیندرا کە گرووپە پارلەمانێکان لە نوێنەرە هاوبیرو هاوڕا بۆ کارێکی هاوبەش چێ ببوو هەڵبەت هاوکاری نوێنەرانی پارلەمان لە ئاستێکی بان، ئاسایی بوو کە ببێتە هۆی دامەزراندنی کۆمیتەی هەڵبژاردن.

لە ڕاستیدا حزبە سیاسیەکان، لەو کۆمیتە ناوچەیانە کە لە هەر بازنەی هەڵبژاردن ساز ببون‌و کەسایەتیە بەناوبانگو با شەکانیان خڕ دەکردەوە ساز ببون لەو حزبانە چۆنیەتی

ئەندامان گرنگتر لە ژماریان بوو.

لە بریتانیا لە کاتی دەسەڵاتداریتی جۆرجی سێیەم، دوو حزبی لیبراڵو موحافزەکار دامەزران. حزبی لیبراڵ لایەنگری ریفۆرمو پێشکەوتن بوو هۆگری لە بەربڵاوی ماڤی دەنگدان،لابردنی بەربەستی ئایینی، دانانی یاسای باشتر کردنی ژیانی کرێکاران دەکرد لە بەرامبەر حزبی موحافزەکار لایەنگری لە نەزم(رێكو پێکی) ئاسایشو سیاسەتی دەرەوەی چالاكو پەتەو دەکرد.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بە دامەزراندنی حزبێکی نوێ بە روانگەی سوسیالیستی، لیبرالەکان زۆر لاواز بوون و لەوە بە دواوە لە بریتانیا دووحزبی سەرەکی کارو موحافزەکار سەرقاڵی ململانێ بۆ بەدەست هێنانی دەنگی خەڵکین.

هەڵبەت لە ئامریکا بە پێچەوانەی بریتانیا بوو دامەزرێنانی دەستووری بنەڕەتی ئامریکا دژی رێکخراوی حزبی سیاسی بوون. بە رای جۆرجواشینگتۆن هەستی حزبایەتی کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر حکومەتە دیموکراتیکەکان هەیە، رێبەرانی تری ئامریکاش لە سەر ئەو بڕیارە بوون کە حزب گەلی سیاسی سەرچاوەی سەرەکی لاوازی سیاسی– کۆمەڵایەتین بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بیروڕایە دوای چێ بوونی دەستوری بنەڕەتی، حزبە سیاسیەکان لە ئامریکا ساز بوون هەربۆیە سیستمی حزبایەتی لە ئامریکا گەشەیەکی نافەرمی بوو واتە بە شێوازێکی نافەرمی گەشەی سەندبوو. لە راستیدا لەووڵاتە هیچ جیاوازێکی بنەڕەتی لە نێوان دوو حزبە سەرەکێکەی نیە (واتە حزبی دێمۆکراتو حزبی کۆماریخواز).

بە گشتی لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گەشەی حزبە سیاسیەکان هاوکات لە گەڵ گەشەی دیمۆکراسی بووە کەواتە بۆ دامەزرانو گەشەی حزبی سیاسی سێ پێش زەمینە پێویستە:

أ ــ پێش زەمینەی سیاسی

ب ــ پێش زەمینەی کەلتووری

ج ــ پێش زەمینەی ئابووری

### ١- پێش زەمینەی سیاسی

پێش زەمینەی سیاسی بەوواتایەیە کە پێکهاتەی سیاسی لەوڵاتێك دەبێت بە جۆرێك بێت کە زەمینەی گەشەی حزبەکان دابین بکات، یانی ئەو سیستمانەی گرینگی دەدەنە رۆڵی خەڵکیو خوازیاری بەشداری گشتی خەڵکی لە هەموو بوارەکانن، لە ئاکام دا گرینگی دەدەنە کەناڵەکانی بەشداری کردنو بەهێز کردنی ئەوان، کەوابوو حزبەکان لە دوو رێگاوە چێ دەبنو گەشە دەسێنن:

ا _ لە رێگەی ململانێی هەڵبژاردن: بە گشتی ئەو «حزبان»ەی لە نێو پارلەمان دادەمەزرێن موحافزەکارترنو رێگای مەنتقی تر دەگرنەپێش چونکە ئەندامانی خاوەنی ئەرکی سیاسی بوون.

ب _ لە دەرەوەی پارلمان: ئەو حزبانەی لە دەرەوەی پارلەمان دادەمەزرێن زۆرتر بەرگری لە رێگاکەلی رادیکاڵو رێفۆرم خوازانە دەکەن ئەندامانی ئەو جۆرە حزبانە لە سەرەتادا لە سەر بنەمای ئامانجی هاوبەش بە بڵاو کردنی گۆڤارێك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە.

> **پێش زەمینەی سیاسی بەو واتایەیە کە پێکهاتەی سیاسی لەوڵاتێك دەبێت بە جۆرێك بێت کە زەمینەی گەشەی حزبەکان دابین بکات،یانی ئەو سیستمانەی گرینگی دەدەنە رۆڵی خەڵکیو خوازیاری بەشداری گشتی خەڵکی لە هەموو بوارەکانن، لە ئاکامدا گرینگی دەدەنە کەناڵەکانی بەشداری کردنو بەهێز کردنی ئەوان**

ئەگەر پێکهاتەی دەسەڵات لەوڵاتێك گرینگی نەداتێ رۆڵی خەڵکیو مەشروعیەتی خۆی تەنیا لە تاقمێکوەرگرێ، ئەو سیستمە سیاسیە خۆی بە بێ نیاز لە حزبی سیاسی دەزانێت.

### ٢- پێش زەمینەی کەلتووری :

مرۆڤەکان بە گشتی خاوەنی هەستی جۆراوجۆرن کە لایەنگری ئەوان لە هەستێکی تایبەتی تیۆری حزبایەتی بەهێزتر دەکات، لە سەرەتا ئەوە کە سروشتی مرۆڤ

هەمووکاتێ خوازیاری شەڕو ململانێن، دواتر ئەوە کە هەست بۆ لای شەڕو ململانێ لە غەریزەی دەسەڵاتخوازیی و بەربەرەکانی لە ناخی ئەودا دایە. گەیشتن بە هەستی دەسەڵاتخوازی، پێویستی بە دەستەبەندیو حزبایەتی بەهێزتر دەکات، پەس هەستی مرۆڤەکان بۆ لای حزبایەتی دەجولێتەوە کە لێرەدایە کە کەلتوور ڕۆڵی خۆر ئاشکرا دەکات بەڵام لێرەشدا پرسیارێك دەمێنێتەوە کە ئاخۆ کەلتووری ئەو کۆمەڵگایە لە بەردەم حزبایەتی بەربەست دەنێتەوە یا هاندەری حزبایەتیە.

٣- **پێش زەمینەی ئابووری :**

بەو مانایەیە کە ئەگەر لەوڵاتێك سیستمی سیاسی هاندەری بەشداری گشتی بێتو کەلتووریش بەرگری لە حزبایەتی بکات بەڵام خودی ئەووڵاتە لە بواری ئابووریو گەشەسەنن وڵاتێکیودواکەوتوو بێت حزبەکان یا ساز نابن یا ئەگەریش ساز بن ڕۆڵی گرینگیان نابێت.

بەو مانایەیە کە ئەگەر لەوڵاتێك سیستمی سیاسی هاندەری بەشداری گشتی بێتو کەلتووریش بەرگری لە حزبایەتی بکات بەڵام خودی ئەووڵاتە لە بواری ئابووریو گەشە سەنن وڵاتێکیو دواکەوتوو بێت حزبەکان یا ساز نابن یا ئەگەریش ساز بن ڕۆڵی گرینگیان نابێت.

## حزبە سیاسیەکان و هێزە کۆمەڵایەتیەکان :

**حزبە سیاسیەکان** لە بارودۆخێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی دێنە دی دیارە دەبێت کۆمەڵگای مەدەنی بە ئاستێکی بەرچاو لە پێشکەوتن بگات تا هەست بە پێویستی هەبوونی حزبوەك نوێنەری قازانجو خواستە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگا بکرێت. لە کۆمەلگای

نەریت خواز کە لەودا هێزی سیاسی لە دەست ئۆلیگارشیێکی بچوك دایە، هەبوونی حزب بە مانای نوێو ئەوڕۆیی ئیمکانی نیە.حزبی سیاسی کە لە سەر بنەمای ئیدۆلۆژی ڕێکخراو ڕێبەریو بەرنامەی تایبەت دامەزرابێت دیاردەیەکی نوێیە.

حزبی سیاسی بەو مانایە بۆ یەکەمین جار لەوڵاتانی رۆژئاواو لە ناو درزو دراوی چینایەتی، ئایینی، ناوچەییو سیاسی هاتە دەر لە هەندێك لەوڵاتانوەك ئاڵمان، شەڕو بەربەرەکانی ئایینیو چێ بوونی مەزهەبی پرۆتێستان لە چاخی شانزدەهەم بوە هۆی پەیدا بوونی دەستەو تاقمی ئایینیو هەر ئەو دەستەو تاقمانەوردەوردە تێکۆشانی یەکتریانوەك حزب لە ژیانی سیاسی خۆیان پەسەند کرد.

بێجگە لە ناکۆکی تاقمی، درزی نێوان ئاینو دەوڵەت، درزی شارو گوند، درزی چینایەتی سەریهەڵداو لە شۆڕشی پیشەسازیو درزی سیاسی نێوان ڕێکخراوی پادشایەتیو ڕێکخراوی کۆماری زەمینەی کۆمەڵایەتی گەشەی حزبەکانی لە ئەوروپا چێ کرد.

لەووڵاتانەی کە لە بواری ئایینی لێك نەترازابوون، درزی نێوان کلێساو دەوڵەت بوە هۆی پەیدا بوونی ئەو حزبانەی کە لایەنگریان لە دەستێوەردانی کلێسا لە کاروباری دەوڵەتیان دەکردو حزبی لیبراڵ کە دژی دەستێوەردانی کلێسا بوون حزبە سیاسیەکانی کاتۆلیك لە بەرابەر ڕەوتی جیایی نێوان کارو باری ئایینیو سیاسی پەیدا بوون.

وەرچەرخان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ئاکامی شۆڕشی پیشەسازی زەمینەی چینایەتی گەشەی حزبە سیاسیەکانی دابین کرد. لەو کۆمەڵگایانەی لە بواری پیشەسازی پێشکەوتوون بە قورساییو گرینگیەکانی لە دڵی جوڵانەوەی یەکێتیەکانی کرێکاری هاتنە دەرێ لە بەرامبەر پەیدا بوونی حزبە کرێکاریەکان حزبە لیبراڵو بورژوازیەکان کە لە ئاکامی دژایەتی لە گەڵ ئیمتیازی ئەرستۆکراتیو دەوڵەتی ڕەها بە دوای شۆڕشی فەرانسە لە زۆرینەیوڵاتانی ئەوروپا چێ بوون خۆیان چاکتر ڕێکخست.

لە نێوان دوو شەڕی جیهانی لەوڵاتانی ئاڵمان، ئیتالیا، ئیسپانیاو...چینیوردە بورژوازی کە لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری نوێ، لە بواری ئابووریو کەلتووری خۆیان لە حاڵی لە بەین چوون دەدی زەمینەی هاتنە کۆڕی حزبە فاشیستەکانیان دابین کرد.

جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان کە لە ئاکامی درزە جۆراوجۆرەکان چێ بوون مومکینە یا بۆخۆیان حزبی سیاسی بە پێویستی خۆیان دابمەزرێنن (وەك حزبە کرێکاریکان کە لە دڵی

یەکێتی کرێکارێکان هاتوونە دەرێ) یا بچنە ژێر چەتری ئەو حزبانەی لە گۆڕەپانی سیاسی چالاك بکەن‌و لە ئاکام دا ببنە هۆی چێ بوونی لایەنێك لە نێو ئەو حزبە (وەك لایەنگری یەکێتی کرێکاری ئامریکا لە حزبی دیمۆکرات)و یا ئەوەی کە سەربەخۆیی خۆیان لە سیستمی حزبایەتی رابگەیەنن‌و بە پێی بابەت‌وەك گروپیکی گوشار یا گروپێکی نفوز لایەنگری لە یەکێك لە حزبەکان بکەن.

ئەو حزبانەی لە سەر بنەمای درزی چینایەتی‌و ئایینی چێ بوون لە بواری ئیدۆلۆژیك رێك‌و پێکترو سەخت گیرتر لە حزبەکانی ترن بەو حاڵەش کەم بوونەوەی ئاستی درزو دژایەتی کۆمەڵایەتیە تایبەت بەوان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئاستی بەرگری‌و هەستی ئیدۆلۆژیك. هەرچی درزە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزتر بن ئەگەری پەیابوونی حزبە ئیدۆلۆژیکەکان زیاترەو بە پێچەوانە لەووڵاتانەی‌وەك ئامریکا کە حزبە سیاسیەکان کە لە سەربنەمای درزە سەرەکێکانی گشتی کۆمەڵگا چێ نەبوون ئەوەندە تایبەتمەنی ئیدۆلۆژیکیان نیە.

هەواڵنامەی کتێب

## بنەماکانی دامەزرانی حزبی سیاسی :

**بۆ** هۆکاری دامەزرانی حزبی سیاسی پێنج بنەما دێتە بەرباس:

أ _ سروشتی مرۆڤ هەست بۆ لای چێکردنی حزبی سیاسی‌و تێکۆشان لە نێو حزب لە سروشتی مرۆڤ دایە هەندێك لە خەڵکی‌وەك تاك هەستی موحافزەکارانەییان هەیە، بەڵام هەندێکی تر پێشکەوتنخوازن کەواتە خەڵك بە پێی خواست‌و هەست، بۆ لای ئەم حزب یا ئەو حزب دەکێشرێن.

ب _ قازانجی دژ بەیەکی ئابووری ئەو بنەمایە بە سەرەکیترین هۆکاری دامەزراندنی حزبەکان دەزاندرێت بەوتەی ئارتور هالکامبل " ناومکینە حزبێکی نەتەوەیی بە ئامانج‌و داخوازی کاتی بەردەوام بمێنێتەوەو دەبێت جەخت لە سەر قازانجی گشتی‌و گرینگتر لەو لە سەر بنەمای قازانجی بەردەوامی ئابووری بکات. لە بارودۆخی ئەورۆدا حزب ئاماژە کەری قازانجی چینە جۆراوجۆرەکەی کۆمەڵگان نوێنەری دێهاتی، خاوەن زەوی، کرێکارو سەرمایەدارن.

ج_ فاكتۆری دەوروبەر : دەوروبەر تاك هان دەدات بە دوای ئەندامێتی لە حزبێك دابێت هەر بۆیە گوتوویانە كە مرۆڤەكان سیاسەتو دین بە میرات دەبەن.

د_ هەستی رەگەزخوازی : هەستی رەگەزخوازی هەنوكەش كاریگەری خراپی لە سەر بارودۆخی حزبەكان هەیە بۆوێنە لە كەنەدا، فەرانسەویكان لە حزبێكو بریتانیایەكان لە حزبێك رێكخراون. لە ئافریقای باشور حزبی ناسیۆنالیست كە سیاسەت گەلی رەگەزپەرستانەی پەیرەو دەكرد بە گشتی ئەندامی لە نێزرلەندیكانوەردەگرت.

ه – زەمینەی دینیو مەزهەبی : ئەو بنەمایە مومكینە لە زەمینەی ساز بوونی حزبەكان لە دیموكراسیە تازە چێ بووەكان یا لە حاڵی رووخان ببیندرێت. لەوڵاتانی رۆژئاوایی، حزبە سیاسیەكان بە كەمی لە سەر بنەمای دین دامەزراون بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێیەم زۆرینەی حزبەكان لە سەر بنەمای مەزهەب دامەزراون.

لە دونیای ئەورۆدا پایەو بنەمای سەرەكی ساز بوونی حزبەكان، بنەمای ئابووریە تەنانەت ئەو حیزبانەی لە سەر زەمینەی ئایینیو یا فاكتۆرەكانی تر ساز بوون دەبێت بەرنامەی ئابووریان هەبێت هەرچەند رەنگە لە گەڵ ریشەی ئایینی ئەوان پەیوەندی نەبێت بەڵام بۆ مانەوەیان بۆ كاتێكی درێژخایەن گرینگە.

**ئۆپۆزیسیۆن بە حزبێك دەوترێ كە لە سیستمی پارلەمانی دا (واتە سیستمێ كە پارلەمان لەودا هەمە كارەیە) لە سەر بنەمای یاساو دەستووریوڵات دەستەیەك لە نێو پارلەمان ساز دەكەن كە نە تەنیا سەر بە حكومەت نیەو پەیوەندی لە گەڵیا نیەو بەرگری ناكات بەڵكو دژی حكومەتو بریارەكانێتی. لێرەدا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆن و حكومەت پابەندی هەردوو لا بە یاساو دەستووری وڵاتە.**

# حــزب لە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دا :

**ئۆپۆزیسیۆن** لە زمانی فەرانسەوی دا بەواتای «دژایەتیە» لە مانای بەربڵاوتروادە کارو تێکۆشانی یەکێتیەکان، گروپەکان، حزب، ڕێکخراوەکانو تەنانەت تاکەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج گەلی کە لە دژی ئامانجی تاقمی دەسەڵاتداری سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیە جا چ ئەو دژایەتیە لە ڕێگەی پارلەمان بێت چ بە شێوازێکی تر.

بەڵام لە مانای سنووردارو تایبەتی خۆی، ئۆپۆزیسیۆن بە حزبێك دەوترێ کە لە سیستمی پارلەمانی دا (واتە سیستمێ کە پارلەمان لەودا هەمە کارەیە) لە سەر بنەمای یاساو دەستووریوڵات دەستەیەك لە نێو پارلەمان ساز دەکەن کە نە تەنیا سەر بە حکومەت نیەو پەیوەندی لە گەڵیا نیەو بەرگری ناکات بەڵکو دژی حکومەتو بریارەکانێتی. لێرەدا تەنیا خاڵی هاوبەشی ئۆپۆزیسیۆنو حکومەت پابەندی هەردوو لا بە یاساو دەستووری وڵاتە.

لەوڵاتانی پێشکەوتوو لە دیمۆکراسی دا کە کاتێکی زۆر لە بە دیمۆکراتیك بوونیان دەگوزەرێ سەرۆکی دەستەی ئۆپۆزیسیۆن (کە زۆر جار سەرۆکی حزبی کەمینە لە پارلەمانە) ڕێزو احترامی تایبەتی هەیەووەك سەرۆكوەزیرانی داهاتوو چاوی لێدەکرێتو لە ڕووداو و بریارە گرینگەکانی حکومەت ئاگادار دەکرێت.

یەکەمین ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لە سەدەی ١٨ ی میلادی لە ئینگلترا لە لایەن دوو حزب (ویگەکانو توریەکان) چێ بوو کە لە ڕوانگەی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی ناکۆکێکی سەرەکیان نەبوو و زۆرتر هاورای بوونو شەڕی زۆرینەو کەمینەو دەست بە دەست بوونی دەسەڵاتو ئاڵوگۆڕی حزبی حاکم و حزبی دژەکەی زۆتر لە ناکۆکی تاکەکان هەلدەستا تا ناکۆکێکی سەرەکی سیاسی.

لەووڵاتانەی سیستمی سیاسیان سیستمی سەرۆکایەتیە ئۆپۆزیسیۆن مانای تایبەتی خۆی لە دەست دەدات زۆر جار هەڵدەکەوێت کە سەرۆك کۆمار سەر بە حزبێ بێت کە لە پارلەمان زۆرینەی کورسێکانی بە دەست نیەو لێرەدا لە نێو سەرۆك کۆمار(حکومەت بە گشتی)و پارلەمان هاوکاری باش هەیە. دەتوانین بڵێین لەووڵاتانە ناتوانین لە ئۆپۆزیسیۆن بدوێینواتە ئۆپۆزیسیۆن بە مانای ڕاستەقینەی خۆی لە سیستمی سەرۆکایەتی بوونی نیە.

**بە کورتی ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەتوانن ئەوانە بێت:**

أ _ بەشداریکردن لەوتووێژەکانی ناو پارلەمان :

ب _ لە سەر بنەمای یاسای گشتی(دەستوور)و بە پێی ئەو مەرجانەی لە دەستووردا هاتووە ئۆپۆزیسیۆن راستەوخۆ چاودێری حکومەت دەکات.

ج _ سەبارەت بەوتووێژەکانی ناو پارلەمانو کردەوەکانی حکومەت زانیاری دەداتە بیری گشتی (واتە خەڵك)

د _ گرینگترین ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە ئیمکانی هەڵبژاردنێکی تر بۆ دەنگدەران نیشان دەداتو لەو رێگایەوە ئەگەری هەلبژاردنێکی باشترو دروستتر دابین دەکات.

هـ _ ئۆپۆزیسیۆن هێمای حکومەتی داهاتوو :.

و _ ئۆپۆزیسیۆن تەواوکەری سیستمی پارلەمانی لەووڵاتانەیە کە خاوەنی دوو حزبی سەرەکین کە بە نۆبە رۆڵی حاکمو ئۆپۆزیسیۆن دەگێرن.

ز _ ئۆپۆزیسیۆن خاڵە لاوازەکانو هەڵەکانو گەندەڵی دەوڵەت روو دەکاتو لەو رێگەوە ناهێڵێت دەوڵەت هەلە بکاتو دەوڵەتیش لە ترسی پروپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆن زۆر هەستیارانەو بەوردیو بە بێ هەڵە کارەکانی بەرەو پێش دەبات.

ئۆپۆزیسیۆن چون بە هیوای بە دەست هێنانی حکومەتی داهاتووە هەموو کاتێ خاوەنی بیرگەلێکی ئایدیالیستیە بەڵام بۆ گەیشتن بۆ ئەو ئایدیالیسمە دەبێت روانینێکی ریالیستی هەبێت بەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆن هۆگری کارگەلی رێفۆرم خوازانەیە چون لە لاییکەوە بۆ خۆی پابەندی دەستوورەو لە لاێکی کەشەوە دەبێت بۆ گەیشتن بە ئایدیالەکانی روانینێکی ریالیستی هەبێت.

بە گشتی ئۆپۆزیسیۆن لە روانگەییکی رەخنەگەرانە دەروانێتە خۆیو حکومەتو هەموو شتێ بە رەخنە دەکێشێت هەڵبەت ناحەزکردنی کارەباشەکانی حکومەت کاریگەری نێگاتیف سەبارەت بە کارەکانی ئۆپۆزیسۆن لە بیری گشتی دا دەبێتو دەبێتە هۆی ئەوەی کە متمانەی خەلك بە ئۆپۆزیسیۆن کەم بێتەوەو هەر بۆیە ئۆپۆزیسیۆن دەبێت زۆر بە هەستیارانە کارەکانی حکومەت بەر رەخنەی خۆی بدات.

لە سیستمی کامڵی حکومەتی پارلەمانی، ئۆپۆزیسیۆن ئەو ئەرکانە بەڕێوە دەبات کە لە تیۆری کلاسیکی «جیایی دەسەڵات» بۆ پارلەمان دابین کراوە چون لە کاتی چێ بونی سیستمی پارلەمانی هەموو کاتێ سەرۆکی دەوڵەتو زۆرینەی پارلەمان سەر بە یەك حزب یا لایەنن کە ئەو یەکێتیە دەتوانێ ڕۆڵی پارلەمان، کە چاودێری لە بەڕێوەبردنی یاساو دانانی یاسا لە سەر بنەمای دەستوور تێك دەدات، لەو ڕووەوە ئۆپۆزیسیۆن ئامرازو هێزێکی کاریگەر دەبێت لە چاودێری حکومەت.

## جۆرەکانی حزبە سیاسیەکان :

**لە** روانگەی پێکهاتەو سازمانی حزبی دەتوانین باسی سێ مۆدیل بۆ حزبەکان بکەین :

حزبی گشتی(تودە) : لە روانگەی مێژوویی حزبی گشتی لە رۆژئاوای ئوروپا بۆ ململانێو بە دەست هێنانی ماف مرۆڤ بۆ هۆگرانیانو هەروەها کێشانی دەنگی دەنگدەران بۆ لای خۆیان چێ بوون بە گشتی هەموو حزبەگشتیەکان توانیان ملیۆنان کەس بە دەوری خۆیان خڕکەنەوە. لە ئەو ڕووەوە دەتوانین بڵێین لە سەدەی بیست زۆرینەی حزبەگشتیەکان بوونە ئامرازی سیاسەتی تەجهیزی سیاسەتی گشتی لەو بارۆدۆخە دا حزبە سیاسیەکان بۆ دانانی وەندی نێوان خەڵكو دەوڵەت لە چوار شێوە کەڵکیانوەردەگرت:

١)هەڵبژاردنی ئەلیتەکان لە ئاستە جۆراوجۆرەکان ٢) دەربڕینو خڕکردنەوەی قازانجو پاڵاوتنی خواستەکان ٣) دابین کردنی ئامرازی پێویست بۆ خەڵك تا بتوانن دونیای سیاسی تەفسیر بکەن ٤) ڕێنوێنیو بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

حزبی ئیلیت خواز : ئەو حزبانە ئەندامانی خۆیان لە نێو ئەلیتەکانی کۆمەڵگا هەڵدەبژێرن و خەڵکی ئاساییوەك ئەندام پەسەند ناکەن هەرچەند حزبە ئیلیتخوازەکان لە نێو ڕێکخراوە یاسدا دارێژەکان (پارلەمان) هەڵقوڵاون بەڵام بە گشتی حزبی پارلەمانی زاڵە بۆوێنە لە ئامریکا ئەندامانی کۆنگرە دەڕوانن ئەوە کە حزب چی بۆ ئەوان دەکات تا ئەوەی کە چاو لێبکەن ئەوان چیان بۆحزب کردوە.

حزبی گشتگیر(فراگیر) : لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی لەوەرچەرخانی حزبە

گشتیەكانو حزبە ئیلیتەكان، حزبی گشتگیر چێ بوو كە لە بواری كۆمەڵایەتیو ئیدۆلۆژیكەوە جیاواز لەو حزبانە بوو لە كۆتایەكانی سەدەی بیستەم ئەو حزبانە روو لە لاواز بوونووردە وردە لە ژمارەی ئەندامانیان كەم بۆوە.

## مۆدێلی پێكهاتەی حزبی :

| فاكتۆرەكان | حزبی ئلیتخواز | حزبی گشتی (خەڵك) | حزبی گشتگیر |
|---|---|---|---|
| مێژووی چێ بوون | سەدەی ١٩ | ١٨٨٠ - ١٩٦٠ | دوای شەری دووەمی جیهانی |
| سەرچاوە | ناو كۆمەڵ | دەرەوەی كۆمەڵ | چێ بو لەوەرچەرخانی ئێلیتەكان یا حزبی گشتی |
| بابەتی بەرگری | پێگەی نەریتی رێبەران | نوێنەری گروپێكی كۆمەڵایەتی | پسپۆری لە دەسەڵاتداری |
| ئەندامێتی | چكۆلە ، ئلیتخواز | بەربلاو ، گشتی | روو لە كەم بوون ، زاڵ بونی |
| سەرچاوەی داهات | پێوەندی لەگەڵ تاكەكان | ستاندی مافی ئەندامێتی | جۆراو جۆری داهات : یارمەتی دەوڵەت |
| وێنە | حزبە لیبرالەكان و زۆرینەی ئەو حزبانەی لە دوای روخانی كۆمۆنیزم چێ بون | حزبە سوسیالیستەكان | حزبە نوێكانی سوسیالدیموكرات و دیموكرات مەسیحی ئەورووپا |

هەولاتەمەدی كتێب

موریس دورژە لە روانگەی سەرچاوەی داهات، حزبەكان دابەش دەكاتە دوو دەستە:

أ ــ ئەو حزبانەی كە سەرچاوەی داهاتی ئەوانوابەستەیە بەوەرگرتنی ماف ئەندامیتی لە ئەندامان (وەك زۆرینەی حزبە سوسیالیستەكان

ب ــ ئەو حزبانەی داهاتی پێویستی خۆیان لە رێگەی یارمەتیو خەڵاتی گروپ گەلی كۆمەڵایەتی دابین دەكەن.

دابین کردنی سەرچاوەی  دارایی بۆ خۆی یەکێ لە ڕشتەکانی پێوەندی سەرەکی حزبەکان لە گەڵ گروپ‌و چینە کۆمەڵایەتیەکانە. گرینگترین ڕێگاکان بۆ دابین کردنی سەرچاوەی دارایی بریتیە لەوانەی خوارەوە :

أ ــ وەرگرتنی ئاسایی، مافی ئەندامێتی

ب ــ پێدانی تایبەتی لە ڕێگەی ئەو ئەندامانەی بە پلەو پایەی حکومی گەیشتوون

ج ــ یارمەتی دارایی لە لایەن دەوڵەتەوە بەو حزبانەی تێکۆشانی سیاسی دەکەن

د ــ یارمەتی گروپ گەلی تایبەتی‌و گروپەکانی نفوز، بۆوێنە لە ئامریکا دانی یارمەتی دارایی لە لایەن بونگاگەلی ئابووری‌و کۆمپانیەکان بە حزبەکان قەدەغەیە بەڵام هەموو کات ڕێگای هەڵاتن هەیە

هـ ــ قازانجی بەدەست هاتوو لە ڕێگەی کاروباری ئابووری، سیاسی‌و کەلتووری حزب

## ئەرك‌و بەهرەی کاری حزبە سیاسیەکان :

**بۆ** کاری حکومەتی دیمۆکراتیك بوونی حزبی سیاسی زۆر گرینگە: حزبەکان بناغەی دیمۆکراسین. بەوتەی بال ,گرینگترین ئەرکی حزبی سیاسی یەك گرتن، ئاسانکاری‌و سەقامگیری پرۆسەی ژیانی سیاسیە. بەهرەی کاری حزبە سیاسیەکان زۆر بەربلاو پڕبایەخن.مریام پێنج ئەرك بۆ حزب دەناسێنێت:

أ ــ گوڵبژێری پالێوراوەکانی هەڵبژاردن.

ب ــ دارشتنی سیاسەتە گشتێکان.

ج ــ رەخنە گرتن لە دەسەڵات.

د ــ فێرکاری سیاسی.

هـ ــ سازکردنی پێوەندی نێوان تاك‌و دەسەڵات .

مۆنرۆ ئەو ئەرکانەی ژێرەوە بۆ حزبە سیاسیەکان دەژمێرێت:

أ ــ ململانێی هەڵبژاردن بە ئامانجی بردنەوە، حزبەکان بۆ ململانێی هەڵبژاردن دروست

هەواڵنامەی کتێب

بوون. یەکەمین ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە پاڵێوراوێکی شایستە کە بایەخی پشتیوانیکردنی هەیەو حزب بۆ بەدەست هێنانی کورسی پارلەمان توانا دەکات هەڵبژێرێت. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە حزب بەو پاڵێوراوانەی پولو پارەیان نیە یارمەتی دارایی دەبەخشێت.

ب _ دارشتنی سیاسەتە گشتێکان، حزب لە سەر بنەمای هەندێك بەرنامەو راگەیاندن لە ململانێی هەڵبژاردن بەشداری دەکات تا دەنگدەران لە بارەی بابەتە سەرێکێکانو هەروەها سیاسەتو بەرنامەکانی حزب زانیاری تەواویان هەبێت لەو روەوە حزبەکان زۆر بەوردی لە دارشتنی سیاسەتە گشتێکان دەکۆڵنەوەو دواتر ئەوان لە رێگەی بڵاوکراوەکانو خربوونەوەکانی ئاسایی ئەو بەرنامانە شیو بڵاوی دەکەنەوە. پۆستێر چی دەکەنو بە کاری دەبەنوێنەوو پلاکاردی هەڵبژاردن ساز دەکەن، بانگهێشتنی لە میدیاکان دەکەنو لە بەربەرەکانێی دژی حزبەکانی بەرامبەر کەڵکیان لێوەردەگرن

ج _ رەخنە لە حکومەت : حزبی زۆرینە حکومەت ساز دەکاتو حزبی کەمینە ناهێلێت حزبی زۆرینە لە رێوشوێنی دیاریکراو بترازێت.

د _ فێرکاری سیاسی خەڵك ململانێی هەڵبژاردن لە کاتی هەڵبژاردن، تایبەتمەندی فێرکاریشی هەیە بە گشتی خەڵکی ئاسایی سەبارەت بە کارو تێکۆشانەکانی حکومەت بێ هەستو بێ لایەنن پێوستە ئەو هەستەی ئەوان بگۆردرێ کە حزبە سیاسیەکان ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن

هـ _ سازکردنی پێوەندی نێوان تاکو دەسەڵات. حزب پەیوەندی نێوان تاکو حکومەتە ریبەرانی حزب کارو تێکۆشانەکانی حکومەت بۆ خەڵك شی دەکەنەوە.

کاروباری حکومەتی پارلەمانی ئاسان دەکات حکومەتی پارلەمانی بەو هۆیە هەمیشە سەرکەوتووەو سەرکەوتووانە کارو باری بەرەوپێش دەبات کە زۆرینەی پارلەمان بەرگری لە حزبی دەسەڵاتدار دەکات

و _ کۆ کردنەوەی هاوبیرەکان بە دەوری یەك تا کاتێك کە حزب توانای بێت ئەندامانی رابگرێت، ئایدیاو بیری هاوشێوەی هەبێت توانای خرکردنەوەی خەڵکی بە دەوری خۆی دەبێت

ئەو تایبەتمەندیانەی حزبە سیاسیەکان رۆڵی ئەوان لە نێو دیمۆکراسی باشتر ئاشکرا دەکات لە راستیدا، بێ حزبی سیاسی، دیمۆکراسی پارلەمانی لە دەوڵەتی نوێ نامومکینە.

ئەو ئەرکو شێوازانەی کە حزبی سیاسی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات یا راگرتنی دەسەڵات پەیرەوی دەکات پێوەندی نزیکی لە گەڵ پێکهاتەی حزبە سیاسیەکان هەیە هەڵبەت لە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی حزب دەبێت ئەو فاکتۆرانەی ژێرەوە لە بەرچاو بگرین:

رۆڵی رێبەریو شێوازی هەڵبژاردنی.

– ئاستی سانترالیسمی سازمان.

– توانای رێبەری لە پێوەندی لە گەڵ پلەبەندی حزبیو ئاستی دەستڕۆیی رێكو پێکی، چۆنیتی بەشداری کردن لە بریاردانو دارشتنی سیاسەت.

– کۆنترۆڵی بیرۆکراسی ناو حزب .

– پێوەندی نێوان بەشی پارلەمانی لەگەڵ بەشەکانی تری حزب.

ئەو فاکتۆرانە لە ژێر کاریگەری ئیدۆلۆژی، پێکهاتەی دەسەڵات، ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی– ئابووری، کەلتووری سیاسیو رووداوەکانی مێژوویی دیاری دەکرێت.

## ستراتیژی حزب:

**حزبی سیاسی** لە دابین کردنی رێبازی گشتیوڵات، رێکخراوی سیاسی یان حزبی بەرامبەر هەندێك ستراتیژی دەگرێتە بەر کەدەکرێت بەم شێوازە باسی بکەین :

أ) ستراتیژی لە سەر بنەمای ناوەرۆك کە بەو دوو بەشەی خوارەوە دابەش دەبێت

١ – ستراتیژی توندرەوانە(چەپ): خوازیاری گۆرینی رەوشی ئێستایە ئەو نەزمەی ئێستا کە لەوڵات زاڵە لا پەسەند نیە. حزبی چەپ زۆتر لە لایەن روناکبیرانو ئیلیتە زانستێکانی کۆمەڵگا ساز دەبێت.

٢ – ستراتیژی میانرەو (راست) : لە رەوشی ئێستا کۆمەڵگا رازیەو خوازیاری راگرتنی ئەو رەوشە لە کۆمەڵگایە

ب) ستراتیژی بە پێی لایەنگیری. ئەویش بەو جووتەی خوارەوە دابەش دەبێت

١ _ بەربەرەکانی لە ناو سیستمی سیاسی

٢ _ بەربەرەکانی لە دەرەوەی سیستمی سیاسی: ئەو حزبانەی ئەو ستراتیژیە لە پێش دەگرن حزبی مۆدێرن نینولە کۆمەڵگای مۆدێرن ساز نابن.

# سیستمە حیزبیەکان :

لە وڵاتانی جۆراوجۆری دونیا سیستم گەلی سیاسی جۆراوجۆر بوونی هەیە سیستمی دوو حزبی، سیستمی چەند حزبی، سیستمی تاك حزبی، كە لێرە بە كورتی باسیان دەكەین:

## أ - سیستمی دوو حیزبی :

ئەو سیستمە بۆ یەکەم جار لە بریتانیا چێ بوو، بوونی بەگی سەرۆك‌و شوالیە، دواترویگەکان‌و تورێکان، دوایی لیبراڵ، موحافزەکارەکان‌و لە کۆتایدا حزبی کارو حزبی موحافزەکار ئاشکرا دەکات کە سیستمی دوو حزبی لە بریتانیا گەشەی سەندووە. هەڵبەت سیستمی دوو حزبی ئەگەری سازبوونی حزبێکی بچوکترو یا هاوپەیمانی کاتی لە ناو نابات، بۆوێنە، لە بریتانیا، حزبی لیبراڵ هەنووکەش بوونی هەیە هەرچەند گرینگی بەرچاوی نەماوە، لە ئامریکا دیمۆکراتەکان‌و کۆماریخوازەکان دوو حزبی سەرەکین بەڵام هەندێ حزبی بچوکیش بوونیان هەیە.

### قازانجەکانی سیستمی دوو حزبی :

لە سیستمی دوو حزبی چونکە هەمووی‌وەزیرەکان لە یەك حزب،واتە لە حزبی زۆرینەن، زۆتری کابینەکان سەقامگیرن، سەقامگیریی دەسەڵاتیش کارایی بەشی دایرەکان‌و بەردەوامی سیاسەت لەوڵات دابین دەکات، دەسەڵاتی دیمۆکراتیك لە چەمکی راستەقینەی خۆی بەدی دێت و حزبی دژیش رۆڵێکی پۆزۆتیڤی دەبێت،لاسکی بە کورتی ئاوا باسی سوودەکانی سیستمی دوو حزبی دەکات:« تەنیا شێوازێکە کە لە رێگەی ئەو خەڵك دەتوانن لە بازنەی هەڵبژاردن راستەوخۆ حکومەت هەڵبژێرن. سیستمی دوو حزبی ئەو حکومەتە توانا دەکات سیاسەت بکاتە یاساو ئاکامی شکست هێنانی ئەو ئاشکارا بکات، سیستمی دوو حزبی زۆر زوو حکومەتی جانشین ساز دەکات.

### خەوشەکانی سیستمی دوو حزبی:

لاوازیەکانی سیستمی دوو حزبی ئاوایە: سیستمی دوو حزبی بایەخ‌و گرینگی هێزی یاسا

هەواڵنامەی کتێب

داریژ(پارلەمانی) زۆر کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە سەر ئەو، دەنگدەران تەنیا مافی دەنگدان بە دوو حزبیان هەیە، دابەشکردنی کۆمەڵگا بە دوو حزب دەبێتە هۆی لە چاو نەگرتنی زۆرێك لەو قازانجانەی لە ناوچەی ئەو دوو حزبەدا نیە، سیستمی دوو حزبی بە هۆی ریزلێنانو هەڵبژاردنی زانایانەی ریبەران گرینگیەکی بێ کەڵكو لە خۆوە دەداتە رێبەرانیو ئەندامەکان کەسایەتیو پێناسی خۆیانون دەکەن.

## ب - سیستمی چەند حزبی :

لە زۆرینەیوڵاتانی ئەوروپا سیستمی چەند حزبی باوە لە فرانسە جاریوایە ژمارەی ئەو حزبانە دەگاتە زیاتر لە ٢٠ حزب. لە ئاڵمان، ئیتالیاو سویسراش سیستمی چەند حزبی هەیە بە گشتی لە سیستمی چەند حزبی، دەسەڵاتی هاوپەیمانی زۆر پێویستە چونکە هیچ حزبێ زۆرینەی پارلەمان ناگرێتە دەست. چەند دەستە، حزب یا گرووپ دەست دەنێنە ناو دەستی یەكو زۆرینە دەگرنە دەستوهاوپەیمانێك چێ دەکەن هەر بۆیە ئەو حکومەتانە،وابەستە بە گروپ یا حزب گەلێکن کە لە رێگەی هاوپەیمانی چێ دەبن.. ئەگەر حزبەکان هەروا لە هاوپەیمانیدا بمێننەوە دەسەڵات سەقامگیر دەبێت بەڵام ئەگەر لە هاوپەیمانی بێنە دەرێ دەسەڵاتێکی نوێ ساز دەبێت لەو جۆرە سیستمە هەروەزیرێك خۆی سەرۆكوەزیرانی داهاتو دەبینێت.

### قازانجەکانی سیستمی چەند حزبی :

هەرچەند بە گشتی ئەورۆکە سیستمی چەند حزبی زۆرینەی قازانجەکانی خۆی لە دەست داوە بەڵام هەندێك باشی هەیە کە ناتوانین چاوی لێ داپۆشین لە راستیدا خەوشەکانی سیستمی دوو حزبی، قازانجەکانی سیستمی چەند حزبیە، ئەگەر حکومەتی هاوپەیمانی چێ بێت دیکتاتۆریو تاکرەوی کابینە یا دەسەڵاتی جێبەجێکردن نامومکینە، حەوزەی هەڵبژاردن بەربڵاوترە. ئەگەر سیستمی چەند حزبی لەوڵاتێك هەبێت قازانجی جۆراوجۆرێك کە هەر حزبێك نوێنەری یەکێ لەوانەیە زۆر بە شایستەیی دابین دەکرێت، تاکەکان دەرفەتیان دەبێت شوناسی تاکی خۆیان راگرنو دەنگ بدەنە حزبێك کە بە راوبیری ئەوان نزیکن.

### خەوشەکانی سیستمی چەند حزبی :

لە سیستمی چەند حزبی زۆر بە توندی رەخنە لەوانەی ژێر دەگیرێت: سیستمی چەند

حزبی پارلەمان دەبێتە گۆڕەپانی شەڕو بەربەرەكانی دەستەو لایانە جۆراوجۆرەكان، ناساقامگیریی هەموو كاتێك هاورێ لە گەڵ سیستمی چەند حزبیە، ناسەقامگیریی دەسەلات هەموو كاتێك زەربە دەوەشێنێتە سیستمی ئیداریو كاریگەری دەخاتە سەر كاركردنی ئاسایی دەسەڵات، ئەگەر ژمارەیەكی زۆری حزبو لایەن لەولاتێك هەبێتو هیچ كامیان زۆرینەیان نەبێت دژ یا ئۆپۆزیسیۆنێكی رێكو پێك كە بۆ سیستمی پارلەمانی زۆر پێویستە گەشە ناكاتو دەسەڵات دەكەوێتە دەست هەندێ تاكی دەسەلاتخواز كە قازانجی هاوبەشیان نیە.

## ج – سیستمی تاك حزبی :

سیستمی تاك حزبی لەوولاتانە بوونی هەیە كە خاوەنی ئیدۆلۆژی كۆمنیستیە یەكێتی سۆڤیەت یەكەمینولاتێك بوو كە بە حزبی دەسەلاتداری كۆمنیست، سیستمی تاك حزبی هەڵبژارد حزبی كۆمنیست ناوەڕۆكی بەرێوەبەری هەموو رێكخراوەكانی لە خۆ گرتبووو پێشرەوی كرێكارانو زەحمەتكێشانی یەكێتی سۆڤیەت بوو پێشكەوتنو سەركەوتنی ئابووری یەكێتی سۆڤیەت دەدرایە پاڵ حزبی كۆمنیست، یەكەمین سەرۆكی یەكێتی سۆڤیەت لێنین بوو كە دوای ئەو ستالین بوو بە سەرۆكی دەوڵەتو سەرۆكی حزبی كۆمنیست ستالین دەڵێت: " تەنیا یەك حزب، حزبی پرۆلیتاریا، حزبی كۆمنیست، رێبەری دەوڵەت، رێبەری سیستمی دیكتاتۆری پرۆلیتاریا لە دەست دەگرێت كە نابێتو ناتوانێ لەو رێبەریە لە گەڵ ئەوانی تر شەریك بێت" دوای شەڕی یەكەمی جیهانی توركیە، ئالمان، ئسپانیاو چەندولاتی تر سیستمی تاك حزبیان هەڵبژارد لە ئالمان حزبی ناسیۆنال سوسیالیست، كە نازی ناسراوە بە رێبەری هێتلەر،و لە ئیتالیا حزبی فاشیست بە رێبەری مۆسۆلینی تا كاتی دۆڕان لە شەڕی دووەمی جیهانی دەسەلاتیان بە دەست بوو. هێتلەرو مۆسۆلینی بوونی حزبی تریان قەدەغە كرد. هێتلەر دوای لە ناوبردنی حزبەكانی تر لە ساڵی ١٩٣٩وتی: " ئاخري طشت حزبە سیاسیەكان رووخانەو ئەوە رووداوێكی گرینگی مێژوویە كە تەنیا لە درێژخایەن ئاشكرا دەبێت چەند بە قازانج بووە." لە راستیدا ئەو رژیمانە دیكتاتۆری یەك رێبەر بوون، كە دژی ئازادی مەدەنی بوون دژی ئازادی رۆژنامەوانی بوون. فاینێر لە بارەی سیستمی تاك حزبی دەڵێت: حزبی دیكتاتۆری حزب نین بەڵكو سەرەڕۆیی ئایینی یا تاكە كەسین ئەو حزبانە رێبەری بڵاو ناكەن تەنانەت هان نادەنو لە دەست خۆیان رایدەگرێت.

هەڵبەت دروست نیە هەموو دەسەڵاتە تەك حزبیەکان ئیدانە بکەین، بۆوێنە تورکیە بە ڕێبەری تاکرەوانەی ئاتاتورك، کارئاسانی بۆ دامەزرانی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیك کرد. هەروەها لە زۆرینەیوڵاتانی لە حاڵی پێشکەوتن لە ئاسیا، ئافریقاو ئامریکای لاتین کە لە گەڵ موشکلاتێکی هاوشێوە  بوونیوەها سیستمێکیان بە زەرەر نەزانی. بێسەوادی خەڵکی ئاسایی، پرشو بلاّوی حزبە سیاسیەکان، نەبوونی مودیری کارامەو ئاکادمیك، نەبوونی نەریتی ئازادی خوازی، ناکۆکی زۆر لە سامانو داهات دژواری گەلێکی بێ چارەسەری لەووڵاتانە سازکردبوو کەوا بیردەکراوە بۆ چوونە دەر لەو رەوشە مۆدێلی تاك حزبیوڵاتانی سۆسیالیستی کارامەترە. هەڵبەت دوای تێپەربونی ئەو قۆناغە، ئێستا خوازیاری دیمۆکراسی راستەقینەن کە هەموو بەشەکانی ئابووری، کلتووری،عەدالەتی کۆمەڵایەتیو نوێگەری گەرەنتیو دابین بکات.

## جیاوازی حزبی سیاسیو گروپەکانی فشار :

**لە** چوارچێوەی تیۆری دا لە نێوان حزبی سیاسیو گروپەکانی فشار جیاوازی زۆر هەیە،حزبە سیاسیەکان بە دوای گەیشتن بە دەسەڵاتن بەڵام گروپەکانی فشار تەنیا بە دوای هەبوونی کاریگەری بە سەر بڕیارو سیاسەتەکانن، ئەگەرچی ئەو جیاوازیە زۆر گرینگو پر بایەخە بەو حاڵەش پێوەندی زۆر نزیك لە نێوان حزبی سیاسیو گروپەکانی فشار هەیە. بۆوێنە حزبی کرێکاران لە بریتانیاو ئوسترالیا بەرهەمی جوڵانەوەی یەکێتی کرێکارانە، هەرچەندە ئەورۆکە ئەو پێوەندیە کەم بۆتەوە.

## هۆیەکانی کاریگەر لە سەر چۆنێتی سیستمی حزبی :

**ژمارەی** درزە کۆمەڵایەتیەکانو چۆنێتی تێکەڵبوونیان کاریگەری لە سەر ژمارەی حزبەکان هەیە، کاتێك یەك دژایەتی یا درزێکی کۆمەڵایەتی سەرەکیو ئەکتیف لە کۆمەڵگایەك بوونی بێتو درزەکانی تری نا ئەکتیفو نووستبن ئەگەری پەیدابوونی سیستمی دوو حزبی زیاترە، بە زیاد بوونی ژمارەی درزەکانو دژایەتیە کۆمەڵایەتیەکانو  پێچدراوی زیاتر یان

ئەگەری پەیدا بوونی سیستمی چەند حزبی لە ئارا دایە. هۆگرێکی جۆراوجۆر بۆ پەیدابوونی سیستمی حزبی جۆراوجۆر لە لایەن نووسەران هاتۆتە بەر باس، بۆوێنە: فاکتۆرگەلی کەلتووری سیاسیو سیستمی هەڵبژاردن بە هۆکاری سەرەکی سیستمی دوو حزبی لەوڵاتانی ئانگلۆساکسۆن دادەندرێت.

لە بارەی سیستمی چەند حزبی لە ئەوروپا سارتووری ئەو فاکتۆرانەوەك هۆکار دەهێنێتەوە:

کەڵكوەرگرتن لە سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی پارلەمان لە بارودۆخێك دا کە حزبەکان تازە خەریکی گەشەکردنن(هەڵبەت لەووڵاتانەی سیستمی حزبی سەقامگیریان هەیە کەڵكوەرگرتن لە سیستمی هەڵبژاردنی رێژەیی پارلەمان نابێتە هۆی پەیدا بوونی سیستمی چەند حزبی .

بوونی هەستی دوور بوونەوە لە ناوەند بە هۆی دژایەتیە رەگەزیو ئایینیەکانەوە لەگەڵ دژایەتی چینایەتی

پەسەندکردنی حزبی دژ لە نێو سیستمی حزبی. هەڵبەت لە زۆتری لێکۆلینەوەکان جەخت لە کاریگەری سیستمی هەڵبژاردن لە سەر گەشەی سیستمی حزبی کراوە.

## دەرەنجام:

**هەروەك** لە بانیش ئاماژەی پێکرا بوونی حزب بۆ دیمۆکراسی زۆر پێویستە تەنانەت بوونی دیمۆکراسی بێ حزب دیاردەیەکی زۆر کەمە، بێجگە لە گرینگی حزب بۆ دیمۆکراسی بوونی حزب بۆوڵاتو بۆ کەلتووری ئەووڵاتە زۆر گرینە حزبەکان ئەگەر بە جوانیو بە رێكو پێکی گەشە بسێنن دەتوانن بەردەم گەندەڵی بگرن بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر حزبەکان بە رێكو پێکی گەشە نەکەن دەتوانن بۆ خۆیان ببنە رێکخراوێکی گەندەڵ بەردەم رێفۆرم بگرن.وە لێرەدایە کە ماکس‌وێبر دەڵێت: حزبەکان منداڵەکانی دیمۆکراسینو ئەو دووانە پێوەندیەکی لێك نەپچراویان هەیەو هەروەها گەشەی حزب تەنیا لەوڵاتێکی دیمۆکراتیك ئیمکانی هەیە.



هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکان:

عالم عبدالرحمن، مبانی علم سیاست، تهران، نشر نی،١٣٨٣

بشيريه حسين، جامعه شناسی سیاسی، تهران، نشر نی،١٣٨٢

قوام،سید عبدالعلی، سیاست ەای تگبیقی، تهران، سمت،١٣٨٥

شفیعی،محمود، جزوه تحولات سیاسی اجتماعی ایران،قم، دانشگاه مفید، ١٣٨٧

بەزادی، محمد، حزب چیست؟،ماەنامه، نامه، شماره٤٠، ١٣٨٤

دورژه، موریس، اصول علم سیاست، ترجمه: ابوالفچل قاچی شریعت پناەی، تهران، نشر گستر، ١٣٧٩

ابوالحمد، عبدالحمید، مبانی سیاست،تهران: گوس، ١٣٧٠

ێندرین، چارلز اف.، مقدمه ای بر علم سیاست، ترجمه مەدی تقوی،تهران: مؤسسه عالی علوم سیاسیو امور حزبی، بی تا

بشيريّه، حسين، ێموزش دانش سیاسی: مبانی سیاست نڤری،تهران، نگاه معاصر، ١٣٨٠

تانسی، استیون دی.، مبانی علم سیاست، ترجمه حمید رچا ملك محمدی،تهران، نشر دادگستر، ١٣٧٩

هەوراز نامەی کتێب



# چاکسازیی ئابووری

# له هه‌رێمی کوردستان دا

## (بنه‌ما و ئاسته‌نگه‌کان)

فه‌یسه‌ڵ عه‌لی

# (بنەما و ئاستەنگەکان)

**ئەو** وڵاتو هەرێمانەی بەدەست کێشەو گرفتی ئابوورییەوە دەناڵێنن، بیر لەئەنجامدانی ریفۆرمی ئابووری دەکەنەوە بۆ دەربازکردنی ئابوورییەکانیان لەو حاڵەتەی کە تێیدایەو دیارە ئەوەش بەپشت بەستن بەچەندین لێکۆڵینەوەی وردی هەلومەرجی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لەهۆکارو قەبارەو تواناکانی خۆشیان بگەن کە تاچەند دەتوانرێ بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵبن‌و چیدی نەهێڵن ئەو کێشانە لەوە زیاتر تەشەنە بکەن .

ئەگەر تەماشای ئەزموونی دەوڵەتانی جیهان بکەین، دەبینین پڕاوپڕە لە نموونەی چاکسازیی کە چۆن ئەو دەوڵەتانە ئەگەر بە خۆشیان نەکراوە پەنایان بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتیی‌و ئەو دەوڵەتانەش بردووە کە لەو بوارەدا ئەنجامی باشیان بەدەستهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن سوود لەو ئەزموونانە وەربگرن وڵاتەکانیان لەو قەیران‌و کێشە ئابووریی‌و کۆمەڵایەتیانەی بەدەستییەوە دەناڵێنن قوتار بکەن.

زیادبوونی داهاتی عیراق بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دوایی بە هۆی زیادبوونی داهاتی فرۆشتنی نەوت‌و زیادبوونی بەرکەوتی هەرێم لەو ١٧٪ کە بەشی هەرێمی کوردستانە، حکومەتی هەرێمی کردە بەهێزترین دەسەڵات‌و هەموو جومگەکانی ژیانی ئابووری خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، واتە دەستوەردانی حکومەت لە ئابوورییدا توندترو زیاتر بوو، دەوڵەت بەسەر هەموو کەرتە ئابوورییەکاندا زاڵ بوو، زیاتر لە ٦٥٪ بۆ ٧٠٪ بودجەی کارپێکردنی حکومەت بۆ بودجەی فەرمانبەرانی دەچوو، کەزیاتر لە نیو ملیۆن فەرمانبەر لەدامەزراوەکانی حکومەتدا کار دەکەن، ئیدارەی هەرێم دووچاری هەمان ئەو کێشانە بوو کە دەوڵەتانی شمولی تووشی هاتبوون، لەگەڵ ئەو هەموو رەخنەو گلەییانەی کە لە ئیدارەی حکومەت دەکرێ، چ لەسەر ئاستی فەرمی لەلایەن خودی بەڕێوەبەرانی ئیدارەوە یان لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە بڵاوبوونەوەی رۆتین‌و گیانی بیرۆکراسیی‌و

هەواڵنامەی کتێب

دواکەوتنی ئیجرائاتی ئیداریی و کەم توانایی فەرمانبەران لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی رۆژانەی هاووڵاتیان و بڵاوبونەوەی گەندەڵی و هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتیی و نەبوونی چاودێریی و لێپێچینەوەو نەبوونی دەستپێشخەریی تاك، لەگەڵ ئەو هەموو کێشانەدا، وەك پێویست بەرۆونی دەرك بەو کۆتە هەیکەلییە قوڵ و فراوانانە نەدەکرا کە دەبێتە هۆی بەردەوامیی ئەو نەخۆشییانەو تەشەنەکردنی و ئاڵۆزبوونیان. قۆرغکردنی چالاکییە ئابوورییەکان لەلایەن حکومەت و رێگرتن لە دەرکەوتنی ئەو چالاکییانەی کە هاندەری دەرکەوتنی کۆمپانیاو دامەزراوەی کەرتی تایبەتین کە لەسەر بنەمای کێبڕکێ بەرەو پێش دەچن.

ئابووری هەرێمی کوردستان لە رووی ئەدائی ئابووریی و ئیدارییەوە بەدەست کۆمەڵێك کێشەو گیروگرفتی گەورەوە دەناڵێنێ، چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر قوڵ دەبنەوەو دواتریش نەك تەنیا بەخۆیان بەڵکو بە هاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بە زەحمەت چارەسەر دەکرێت، ئەوە جگە لەوەی دەبێتە مایەی بەفیڕۆدانی سامانی زۆری ئەم میللەتەو تەنیا ئەویش باجەکەی ئەدات.

دەوڵەت نییە لە جیهاندا ئێستا کار بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووریی لە وڵاتەکەیدا نەکات، تەنیا ئابووریی هەرێمی کوردستان نەبێ کە تا ئێستا بەبەرنامەو پلان هەنگاوی لەو بوارەدا هەڵنەهێناوە. هەموو دەوڵەتانی جیهان لە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی مێژوویی بەرامبەر بە وڵات و هاووڵاتیانیان، بۆ ئەوەی لەگەڵ رەوتی گۆرانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهاندا بەرەوپێش برۆن هەنگاوی جدییان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووریی و ئیداریی و کۆمەڵایەتی هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام وەڵامی پێداویستییەکانی هاوڵاتیانی خۆیان بدەنەوەو بەردەوام بتوانن بەسەر ئەو کێشەو گرفتە تازانەی کە هەلومەرجی نوێی جیهان دەیانخوڵقێنێ زاڵ بن یان لانی کەم نەهێڵن ئاسەواری زۆر گەورەی لەسەر ئابووریەکانیان بەجێ بهێڵێت.

ئابووریی هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین کێشەی هەیکەلی ئابوورییەوە دەناڵێنێ کە لێرەدا جێگەی ئاماژەدان نییە بەو کێشانە، بەڵام تائێستا هەرێم تەنیا هەنگاوێکی بەبەرنامە

بە پشتبەستن بە لێكۆڵینەوەی زاستیو هونەری بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشانە هەڵنەهێناوە، جگە لەوەی كە لە كەناڵەكانی راگەیاندنەوە چەندین لێدوان دەدات كە ئەو كێشەیە چارەسەر دەكاتو كەچی كێشەكەش هەر وەكو خۆی ماوەتەوە ئەگەر قووڵتر نەبووبێتەوە.

چارەسەركردنی كێشەو گرفتەكانی ئابووریی هەرێمی كوردستان بەر لە هەموو شتێك پێوسیتی بە دارشتنی ستراتیژو پلانو سیاسەت دەبێت، كە دەبێ ئەویش پشت بە لێكۆڵینەوەی زانستیو هونەری ببەستێت، بەڵام ئەم ئەڵگۆیە لای ئیدارەی هەرێم بزرەو تا ئێستاش لە لێدوان تێپەری نەكردوە نەچۆتە بواری كردەوەوە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، تائێستا حكومەتی هەرێم كە بەدەست ئەم هەموو كێشە ئابووریيو كۆمەڵایەتیو ئیدارییو... هتد دەناڵێنێ هێشتا هەنگاوی بەبەرنامەی بۆ چاكسازیی ئابووریيو ئیداریی نەناوە.

## چەمكی چاكسازیی

**چاكسازیی** پرۆسەیەكی بەردەوامی كاركردنە بۆ چارەسەركردنی ئەو گرفتو كێشەو لاسەنگییانەیە كە دەبنە رێگرو كۆسپ لەبەردەم گەیشتن بەو ئامانجانەی كە پێشوەخت دیاری كراون، واتە چاكسازیی مەرج نییە تەنیا لەو دەوڵەتانەدا بكرێ كە دواكەوتوون، بەڵكو زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەردەوام چاكسازیی لە دامەزراوە جیاجیاكانی خۆیدا دەكەن، جا ئەو دامەزراوانە حكومی بن یان تایبەتی بن.

لە سۆنگەی ئەوەی سەرەوە، چاكسازیی ئابووری پرۆسەیەكی بەردەوامی كاركردنو هەنگاونانە بۆ سەرلەنوێ رێكخستنەوەی بونیادی ئابووریو چارەسەكردنی ئەو گرفتو كێشەو لاسەنگییانەی كە دەرئەنجامی جێبەجێكردنی پلانو بەرنامەو سیاسەتە ئابوورییەكانی حكومەتدا دێنەپێشودۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو زانستییە بۆ ئەو كێشەو گرفتانە كە دەرئەنجامی چالاكییە ئابوورییە هەمەجۆرەكان دروست بوون، بەشێوەیەك كە سستمی ئیدارەدانی ئابووری حكومەت ئەكتیڤتر بكات.

هێندێكی تر لە شارەزایانی ئابووری پێیان وایە كە چاكسازیی ئابووری گرتنەبەری سیاسەتێكی ئابووری تەندروستو رێگەدانە بە ئەكتیڤكردنی میكانیزمەكانی بازارو رێگەدانە



هەواڵنامەی كتێب

بە کەرتی تایبەتیو کەمکردنەوەی رۆڵی حکومەتە لە ئابوورییدا. بە مانایەکی تر، چاکسازیی ئابووری هەموو ئەو تەشریعاتو سیاسەتو هەنگاوانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئازادکردنی ئابووریی نیشتمانی، بەشێوەیەکی ئەکتیف بەپێی میکانیزمەکانی بازاڕ بەڕێوە دەچێت و بەهۆی ئەو میکانیزمانەوە بەرەوپێش دەچێ و گەشە دەکات، دەتوانێ لەگەڵ ئابووریی دەوڵەتانی ئیقلیمیی و جیهاندا خۆی بگونجێنێت یان ئەو هەوڵە نیشتمانییەیە بۆ راستکردنەوەی ئاراستەی ئابووری بۆ ئەو ئاراستەی کە پێویستە، لەرێگەی هەمەوارکردنی سیاسەتە ئابوورییەکان و شێوازی جێبەجێکردنیان بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان بە نرخی گونجاو، دەرفەتی کار بۆ ئەوانەی تازە دێنە ناو بازاڕی کارەوە، هەروەها هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان خەرجیی و داهاتەکانی حکومەت بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی رێژەی هەڵئاوسان یان ئەو ئیجرائاتە حکومییانەیە کە رەفتاری چالاکی ئابووری لەسەر بنەمای میکانیزمەکانی ئابووریی بازاڕ رێکدەخاتەوە، واتە ئەو پرۆسەیە گۆڕانکاری لە میتۆدی دەوڵەت دەکا لەرووی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەمەرجێ ئەو سیاسەتە دیموکراتیی سیاسی و ئازادی ئابووری بگریتەوەو، گۆڕینی رەفتاری تاك، یەکەکانی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی لێبکەوێتەوە.

دەکرێ بگوترێ چاکسازیی ئابووری فەلسەفەیەکی ئیدارییە بۆ گواستنەوەی ئابووری وڵات لە بێبازاڕیی و دواکەوتنەوە بۆ بوژاندنەوەو پێشخستن، واتە چاکسازیی لەسەر میتۆدێکی زانستیوتەواوکار بنیات دەنرێ نەك لەسەر هەڵچوون و دژە کردارێکی هەرەمەکیو لە ساتەوەختێکی دڵگەرمییدا بێ و دوای ماوەیەك سارد بێتەوەو دەستبەرداری بن.

لێرەدا هێندێك تێبینی لەسەر چەمکی سیاسەتی چاکسازیی ئابووری دەخەینە روو؛

١ – دەبێ بواری سیاسەتی چاکسازیی ئابووری بەپێی ئەولەویاتی لۆجیکی، بەپەیوەندیی و تێهەڵکێشراویو یەکگرتوویيو هەماهەنگییەکی گشتلایی فراوان بکرێت، چونکە پەلەکردن لەپرۆسەی چاکسازیی ئابووری بێ پێشینەو خۆئامادەکردنی تەواو دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ چوارچێوەو بوارو هەنگاوەکانی پرۆسەکە بە وردی دیاری بکرێن.



هەولێرنامەی پێبێ

٢- پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری پرۆسه‌یه‌كی به‌رده‌وام و په‌ره‌سه‌ندووه‌ ده‌بێ ئامرازو پێوه‌ری جێ (مرن) و دینامیكی به‌كاربهێنرێ بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌و هه‌ڵبه‌زو دابه‌زه‌ی له‌ پرۆسه‌كه‌دا رووده‌دا بگونجێ، كه‌ئه‌وه‌ش ده‌رئه‌نجامی كاریگه‌ریی ئه‌و هه‌لومه‌رجه‌ ئابووری، سیاسیی و كۆمه‌لآیه‌تییه‌ی له‌ قۆناغه‌ جیاجیاكانی پرۆسه‌ی گه‌شه‌پێداندا هه‌یه‌.

٣ - سه‌ركه‌وتن یان شكستی پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری په‌یوه‌سته‌ به‌ هزرو تواناو كه‌فائه‌تی دامووده‌زگای سیاسیی ده‌وڵه‌ت و كادره‌ هونه‌رییه‌ پسپۆرییه‌كان كه‌ ئه‌و پرۆسه‌یه‌ به‌ڕێوه‌ده‌بن، هه‌روه‌ها په‌یوه‌سته‌ به‌راده‌ی به‌ده‌نگه‌وه‌ هاتنی توێژه‌ كۆمه‌لآیه‌تییه‌كان به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له‌ دامووده‌زگاكانی حكومه‌ت تائێستا سوودمه‌ندبوون بۆ ئه‌و پرۆسه‌ چاكسازییه‌ كه‌ راده‌ی ده‌ستوه‌ردانی حكومه‌ت له‌ئابووریدا بۆ كه‌رتی تایبه‌تی كه‌مده‌بێته‌وه‌.

## بۆچی چاكسازیی بۆ هه‌رێم پێویسته‌:

**ئه‌نجامدانی** چاكسازیی ئابووری بۆ هه‌رێمی كوردستان بووه‌ته‌ حاڵه‌تێكی نه‌ك هه‌ر زۆر زه‌روور بگره‌ ده‌بێ په‌له‌ش له‌ ئه‌نجامدانیدا بكرێت، له‌به‌ر ئه‌م هۆكارانه‌ی خواره‌وه‌:

١ - ره‌وتی په‌ره‌سه‌ندنی كۆمه‌ڵ پێدراوی (معطیات) تازه‌مان به‌سه‌ردا ده‌سه‌پێنێ، وه‌لآمدانه‌وه‌ی ئه‌و پێدراوانه‌ ده‌خوازێ چاو به‌ میكانیزمه‌كانی ئابووریدا بخشێندرێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ئابووری له‌و كێشانه‌ی ئێستا رزگار بكرێ و خۆی بۆ گۆڕانكارییه‌ نوێ یه‌كان ئاماده‌ بكات.

٢ - هه‌رێمی كوردستان به‌ده‌ست كۆمه‌ڵێك كێشه‌ی ئاڵۆزی ئابوورییه‌وه‌ ده‌ناڵێنێ (هه‌ڵئاوسان، بێكاری، هه‌ژاری، لاوازی پرۆسه‌ی به‌رهه‌مهێنان، وابه‌سته‌ به‌ده‌وڵه‌تانی ده‌ورووبه‌ر و... هتد). چاره‌سه‌ركردنی ئه‌و كێشانه‌ ده‌خوازێ سیاسه‌تێكی تری ئابووری په‌یڕه‌و بكرێ نه‌ك به‌رده‌وامدان به‌هه‌مان ئه‌و سیاسه‌ته‌ی كه‌ ئێستا په‌یڕه‌وده‌كرێ، چونكه‌ له‌بری ئه‌وه‌ی كێشه‌كان چاره‌سه‌ر بكا ئاڵۆزترده‌بن‌و چاره‌سه‌ركردنیان قورسترو تێچوون‌و كاتی زیاتریشی ده‌وێت.

٣ –زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم (بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەکەی ( ٣٪ )یە، ئەم بەرزبوونی ڕێژەی دانیشتوانە دەخوازێ بە سیاسەتە پەیڕەوکراوەکاندا بچێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو مەسەلانەی دەرئەنجامی ئەو زیادبوونە دێنە گۆڕێ.

٤ – زیادبوونی ڕێژەی هەژاریی لە هەرێمی کوردستان، کەوتنی بەشێکی بەرچاوی هاوڵاتیان لە خوار هێڵی هەژارییەوە.

٥ – گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی عیراقو ئیقلیمیو نێودەوڵەتیو کاریگەرییان لە سەر هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی ئەنجامدانی چاکسازیی ئابووری.

## چاکسازیی ئابووریی یان سیاسی:

**پەیوەندیی** نێوان چاکسازیی ئابووریی وسیاسی لای بڕیاردەرانو زانایانی ئابووریو کۆمەڵناسان، چەندین بۆچوون و دیدی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، ئایا چاکسازیی سیاسیی مەرجی پێشوەختی چاکسازیی ئابوورییە؟ ئەزموونی دەوڵەتانی جیهان لەم بارەوە وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی لەم بارەوە پێ نییە.

دەوڵەتانی ئەوروپای دوای جەنگی دووەمی جیهان، پیادەی سستەمی دیموکراتی دەکرد لەگەڵ چەندین ئامانجی ئابووری دیارو ڕۆشنداو، توانی گۆڕانکاریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بەدیبهێنێت، بەڵام لە پرۆسەی چاکسازیی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، هەریەك لە هندو ئیرلەندا چەندین دەستکەوتی دیموکراتی لێکەوتۆتەوە.

لەلایەکی ترەوە، گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانە حوکمی تۆلیتاری و بوونی گەندەڵیی و بیروکراتیەت تێدا باوبوون، توانیان چاکسازیی لە ئابورییەکانیاندا بکەن و پێگەی ئابووریی وڵاتەکانیان لە بازاڕی جیهاندا پتەو بکەن و ڕادەی گەشەی ئابوورییەکانیان بەرزبکەنەوەو ئاستی بەرزی هەژاری وڵاتەکانیان کەمبکەنەوە.

هەوراز نامەی کتێب

لای ده‌وڵه‌تانی خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست دوو بۆچوونی جیاواز هه‌یه‌، یه‌كه‌میان پێی وایه‌ ده‌بێ به‌ر له‌ ده‌ستپێكردنی پرۆسه‌ی چاكسازییی ئابووری چاكسازیی سیاسی ده‌ست پێبكات، چونكه‌ گۆڕان له‌ لۆژیك و په‌یكه‌ربه‌ندی حكومه‌تی ده‌سه‌ڵاتدار پێوستن بۆ خوڵقاندنی زه‌مینه‌ی له‌بارو گونجاو بۆ ئه‌نجامدانی چاكسازیی ئابووری، له‌به‌رامبه‌ردا، ئه‌ویتریان، پێی وایه‌، ئه‌م ده‌سه‌ڵاته‌ی ئێستا له‌ سستمی دیموكراتی باشتر ئاماده‌یه‌ بۆ ئه‌نجامدانی چاكسازییی ئابووری، به‌تایبه‌تی كه‌ كه‌رتی گشتی به‌سه‌ر ته‌واوی ئابوورییدا زاڵه‌و كه‌رتی تایبه‌تی له‌لایه‌ن ده‌سه‌ڵاتدارانی حكومی و حزبییه‌ ئیختراق كراوه‌و به‌شیكی زۆری به‌ ناڕاسته‌وخۆ یان راسته‌وخۆ به‌ده‌ست ئه‌وانه‌وه‌یه‌، ئه‌مه‌ش به‌ حوكمی ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارانی حكومی و حزبی به‌ته‌واوی ده‌ستیان به‌سه‌ر داهاته‌كانی ده‌وڵه‌تدا گرتووه‌.

له‌مه‌ی سه‌ره‌وه‌ ده‌رده‌كه‌وێ، كه‌ ده‌بێ بۆ هه‌ر ده‌وڵه‌ت و هه‌رێمێك كه‌ ده‌یه‌وێ پرۆسه‌ی چاكسازییی ئابووری ئه‌نجام بدات، ده‌بێ به‌ وردی له‌ جۆری په‌یوه‌ندیی نێوان سستمی حوكمڕانی و ئابوررییدا بكۆڵێته‌وه‌، بۆ ئه‌وه‌ی رێگه‌ی گونجاو بۆ چۆنیه‌تی ئه‌نجامدانی پرۆسه‌كه‌ بدۆزێته‌وه‌ به‌ جۆرێك كه‌ كه‌مترین به‌رهه‌ڵستكاری بۆ دروست بێت. له‌به‌ر ئه‌وه‌ ده‌بێ لێره‌دا به‌وردی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ بكرێ كه‌ ئایا بوونی ده‌سه‌ڵاتی توندو شمولی یان ده‌سه‌ڵاتێكی دیموكراتی هه‌بێ، بۆ ئه‌وه‌ی ئامانجه‌كانی ئه‌نجامدانی چاكسازییی ئابووری به‌دیبهێندرێت ئه‌زمونی ده‌وڵه‌تانی جیهان وه‌ڵامی جیاوازیان بۆ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ هه‌یه‌، به‌ڵام بۆ هه‌رێم ئه‌مه‌ مه‌سه‌له‌یه‌كه‌ ده‌بێ به‌وردی له‌لایه‌ن سیاسیی‌و ئابووریناس‌و یاساناس‌و كۆمه‌ڵناسانه‌وه‌ به‌وردی لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ربكرێت .

## مه‌رجه‌كانی ئه‌نجامدانی چاكسازیی:

**ئاسایی**و سروشتییه‌ ئه‌گه‌ر هاتوو هه‌ر ده‌وڵه‌تێك ماوه‌ ماوه‌ له‌ ره‌وتی په‌ره‌سه‌ندنی ژیانی خۆیدا گۆڕانكاریی له‌ پلان‌و سیاسه‌ته‌ هه‌مه‌جۆره‌ په‌یره‌وكراوه‌كانیدا ئه‌نجام بدات چونكه‌ به‌رده‌وام هه‌لومه‌رجه‌ ناوخۆیی‌و ده‌ره‌كییه‌كان له‌ گۆڕاندان ئه‌و گۆڕانه‌ له‌ ده‌سه‌ڵاتی

سیاسیی و ئیداریی و دروستكەرانی بڕیار دەخوازێ لەسەر ئەو گۆڕانە هەڵوەستە بكەن و بەسیاسەت و بەرنامەكانی خۆیاندا بچنەوە بیخەنە بەر توێژینەوەو شیكاركردن، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشی ئەو گۆڕانكارییە تازانەی ناوخۆو دەرەوە بخوێننەوەو بە بەرنامەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەن و سوود لەو هەلومەرجە وەربگرن و بەقازانجی خۆیان بیشكێننەوەو نەوەكو دوای رووداوەكان بكەون.

چاكسازیی ئابووری بەمانای خوێندنەوەیەكی وردو زانستییانەی هەلومەرجە ناوخۆیی و دەرەكییەكان و وەڵامدانەوەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانكارییانەی دێنە كایەوە، بۆ ئەوەی بە بەرنامەیەكی زانستیی پێشوەخت داڕێژراو لەگەڵ رەوتی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانكارییانەدا بەرەوپێش بڕۆن. پرۆسەی چاكسازیی ئابووری بەبێ پێشەكی و فەراهەمبوونی كۆمەڵێك مەرجی بابەتی ئەستەمە بتوانێ ئامانجەكانی خۆی بپێكێت. واتە دەبێ زەمینەیەكی لەبار لە رووی مادیی و هونەریی و مرۆییەوە بۆ سازبكرێت، لەو مەرجانە:

## ١ -ئیرادەی سیاسی:

بوونی ئیرادەیەكی سیاسی كە بتوانێ پارێزگاری لە پرۆسەی چاكسازیی ئابووری و زامنی دابینكردنی پێداویستییەكانی بكات. پرۆسەی چاكسازیی گۆڕانكاریی فراوان و قوڵی لەچوارچێوە یاسایی و دامەزراوەیی، هەروەها لە ئەگەر (خیارات) و پێشینەی سیاسەتە گشتییەكاندا دەوێت، سەركەوتنی ئەو پرۆسەیە ئارەزوو وئیرادەیەكی سیاسیی رۆشن و پاڵپشتیكەری ئەو گۆڕینەی گەرەكە، دەبێ ئەو ئیرادەیە هەڵقوڵاوی بیرو بڕوای سەركردە سیاسیی و بڕیار بەدەستانی كۆمەڵی كوردەواری بن، نەك بە حوكمی ئەو گۆڕانكارییە ناوخۆیی و دەرەكییانە بەسەریاندا بسەپێنرێت، ئەوكات ئەو پرۆسەیە دەبێتە پرۆسەیەكی رووكەش و لەگەڵ هەر گۆڕانكارییەكی ناوخۆیی و دەرەكییدا لێی پاشگەز دەبنەوە. بوونی ئیرادەیەكی سیاسی و پاڵپشت بۆ ئەو پرۆسەیەو هاوڕابوونی كۆمەڵ لەسەر چوارچێوەو ناوەڕۆكی ئەو سیاسەتی چاكسازییە، مەسەلەیەكی بنەڕەتییە لە دروستكردنی بڕواو دڵنیایی لای هەموو ئەو لایەن و دامەزراوانەی كە حكومەت بەنیازە بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاری رایبكێشێت بۆ ناو ئابووری. وەبەرهێنی ناوخۆیی یان بیانی ئامادە نییە سەرمایەكەی بهێنێتە



هەولنامەی کتێب

ناو ئابووریی وڵاتێکەوە ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی سەرمایەکەی پارێزراوەو لەرووی یاسایی‌و سیاسیشەوە پاڵپشتێکی بەهێزی هەیە. دەرکردنی یاساو رێنمایی بۆ پرۆسەی چاکسازیی بەتەنیا بەس نییە ئەگەر هاتوو هاوکات لەگەڵیدا لێدوان و ئاماژەو هەنگاوەکانی ئیدارەی حکومی لەگەڵ ئەو یاساو رێنماییانەدا پێچەوانە یان ناکۆك بوون، ئەمەش بەمانای نارۆشنی دیدو ئاراستەی کارکردنە، بەمانایەکی تر نارۆشنی ئیرادەی سیاسی بۆ گۆڕان نیشان دەدات،ئەمەش دەبێتە هۆی نەهاتنی وەبەرهێنی بیانی و ناوخۆیی بۆ ناو ئەڵگۆی ئابووری و لەباربردنی پرۆسەی چاکسازیی ئابووری.

## ٢ -رونگەرایی:

پرۆسەی چاکسازیی ئابووری پێویستی بەکۆمەڵێك هەنگاوو دەستپێشخەری سیاسیی‌و یاسایی و دامەزراوەیی هەیە، لەو دەستپێشخەرییە جەوهەرییانە کە دەبێ کاری پێبکرێ دەبێ هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت پێورەکانی لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بیانگرێتەوەو لەگەڵ ئەوە دەبێ هەموو رێساو رێنمایی و هەنگاوەکانی پەیوەست بەهەردوو کەرتی گشتیی‌و تایبەت رونگەرابن و یاساو تەشریعاتو سستمە ئیدارییەکان بە یەکسانی ونەزاهەتەوە جێبەجێبکرێن. ئەو دەوڵەتانەی لە هێنانەدی ئەو پرنسیپانەدا سەرکەوتوو نابن، لە جیهانی ئەمرۆدا لە راکێشانی وەبەرهێنانی بیانیی‌و بازرگانیی نێودەوڵەتییدا روبەرووی مەترسی گەورە دەبنەوە، چونکە پێوەرەکانی رونگەرایی و ئاستەکانی گەندەڵیی دارایی و ئیداری لەو پێوەرە سەرەکییانەن کە کاریگەرییان لەسەر بریارەکانی وەبەرهێنان هەیە.

لەم چوارچێوەدا، هەوڵەکانی هەرێم بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی روبەرووی ئاستەنگی گەورە بۆتەوە دەرئەنجامی ئەو دیدو بۆچوونەی لای وەبەرهێنەرانی بیانی دروستبوون لەسەر نەبوونی رونگەرایی و باش بەڕێوەنەچوونی ئیدارەو ئاستەکانی گەندەڵیی دارایی و ئیداری کە لەراپۆرتەکانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا ئاماژەی پێکراوە (راپۆرتی رونگەرایی نێودەوڵەتی و راپۆرتە رۆژنامەنووسییەکان). عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەدواوەی ریزبەندی دەوڵەتانی جیهانن لەرووی بوونی رونگەراییەوە، واتە لەپێشەوەی دەوڵەتانی جیهانن کە گەندەڵیی دارایی وئیداری تێدا بڵاوەو بوونەتە کۆسپی گەورەی

بەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، هەروەها سامانی وڵات تێیدا بەفیڕۆ دەڕواتو ئازادیی تاکەکان و مافی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوڵاتیان پێشێل دەکرێن.

ئەو ئاستە نزمە دەرئەنجامی بوونی چەندین هۆکار دروستبووە، لەوانە، دابەشبوون پەرتەوازەبوونی ئیدارەو بوونی سەنتراڵی لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا، داهێزرانی ئیدارە، کەسی شیاو لە شوێنی نەشیاو، واستەکاریی ومەحسوبیەت، نەبوونی سەروەری یاساو بەرپرسان لە دەرەوەی یاسا، ناڕێکی لە دابەشکردنی داهات و داهاتی نزمی فەرمانبەرانو...هتد.

چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانە لە خۆیاندایە، حکومەت بەرپرسە لەو مەسەلانەدا بۆ ئەوەی بتوانێ رونگەرا بێ و راستگۆیی خۆی نیشان بدا، بە ئامانجی گۆڕینی دیدو بۆچوونی وەبەرهێنەران و راکێشانیان بۆ ناو ئەڵگۆکانی ئابووریی هەرێمی کوردستان.

## ٣ -چوارچێوەی یاسایی:

چاکسازیی ئابووری بۆ ئەنجامدانی چالاکی ئابووری پێویستی بە داڕشتنی یاساو تەشریعات و دانانی لائحەی رێکخراوەییە، وەك یاساکانی پاراستنی موڵکایەتی، رێزگرتن لەگرێبەستەکان، پاراستنی مافی بەرهەمهێن و بەکاربەران، دیاریکردنی چوارچێوەی گشتی بۆ چالاکییە ئابوورییەکان، رێگرتن لە قۆرغکردن و نغرۆبوونی بازار، واتە جەخت لە سەروەرێتی یاسا بکرێتەوە.

داڕشتنی ئەو یاساو تەشریعاتانەی رێگە بەئەنجامدانی چالاکییە ئابوورییەکان دەدات، بە شێوەیەکی وردو دووروودرێژ رێساو هەنگاوەکانی چالاکی ئابووریی و رۆڵی حکومەت و کەرتی تایبەت دیاری دەکات، بنەماو پێوەرەکانی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و لێپێچینەوەی یاسایی و سیاسیی و ئیداری دەردەخات. داڕشتنی ئەو یاسایانە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ بوونی ئیرادە و بڕوابونی سەرکردایەتی سیاسیی و ئیدارییە بە چاکسازیی و بەڵگەیەکی روونیشە بە بەرجەستەبوونی بەهاکانی رونگەرایی و سەروەرێتیی یاسا. بەڵام ئەمانە بەتەنیا بەس

نین، به‌ڵكو ده‌بێ ئه‌و یاسایانه‌ جێگیربن وگۆڕانی خێرای به‌سه‌ردا نه‌یه‌ت و به‌رده‌وامبوونیان زامنن بۆ ئه‌كتیڤ بوونیان و برواكردن پێیان، هه‌روه‌ها ئه‌و یاساو ته‌شریعاتانه‌ پێویستیان به‌ دامه‌زراوه‌یه‌ بۆچۆنیه‌تی جێبه‌جێكردنیان و له‌ واقیعدا به‌شێوه‌یه‌كی ته‌ندروست كاریان پێ بكرێت، گرفتی سه‌ره‌كی له‌ هه‌رێم توانا دامه‌زراوه‌ییه‌كانی ده‌وڵه‌ت به‌و ئاسته‌ په‌ره‌یان نه‌سه‌ندووه‌، به‌تایبه‌تی توانای ئیداریی و به‌رهه‌مدارییان كه‌ بتوانێ به‌و میكانیزم و ئاسته‌ ئیداریی و رێكخراوه‌ییانه‌ی كه‌ هه‌یه‌تی به‌ره‌نگاری ئه‌و پێشهات و ئه‌ركه‌ تازه‌ و هه‌مه‌جۆرانه‌ ببێته‌وه‌.

هه‌رێم چه‌ندین یاساو ته‌شریعاتی بۆ رێكخستنی ژیانی ئابووریی وكۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه‌، به‌شی زۆری ئه‌و یاسایانه‌ بۆ ناوه‌ڕاستو ده‌یه‌كانی كۆتایی سه‌ده‌ی رابردوو ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌، هه‌ندێكی تازه‌ش ده‌رچوون به‌ڵام ئه‌و دوو جۆر یاسایانه‌ له‌گه‌ڵ یه‌كدا ناكۆكن، چونكه‌ جۆری یه‌كه‌میان بۆ حوكمێكی تۆلیتاری شمولی داڕێژراون‌ودووه‌میشیان ره‌چاوی هه‌لومه‌رجی تازه‌ی جیهانی كردووه‌، ئه‌مه‌ له‌لایه‌كو له‌لایه‌كی تریشه‌وه‌، یاساكان‌وبڕیاره‌كانی هه‌رێم ناجێگیرن و گۆڕان‌و هه‌مواركردنی زۆری به‌سه‌ردا دێن، ئه‌مه‌ش راستگۆیی و كارابوونی له‌ ده‌ست ده‌دات. دامه‌زراوه‌كانی حكومه‌ت له‌ جێبه‌جێكردن و په‌یڕه‌وكردنی یاساو رێنماییه‌كان توانای ئیداریی و رێكخراوه‌ییان لاوازو نزمه‌و كه‌م توانایی له‌ پابه‌ندبوون به‌ پرۆسه‌ی ئیداریی له‌گه‌ڵ بوونی ئه‌و هه‌موو یاساو رێسایانه‌ی بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ له‌به‌رده‌ستن.

بوونی چوارچێوه‌یه‌كی یاسایی و ته‌شریعی بۆ پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری پێویستی به‌ئه‌نجامدانی گۆڕانكاریی ریشه‌یی و قوڵ هه‌یه‌ له‌و یاساو رێسایانه‌ی كه‌ چالاكی ئابووری له‌ هه‌رێم رێك ده‌خات، له‌وانه‌ هه‌مواركردن و داڕشتنی یاسای نوێ و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی یاسا كۆنه‌كان كه‌ زامنی سه‌رله‌نوێ رێكخستنه‌وه‌ی ئه‌و په‌یوه‌ندییه‌ ئابوورییانه‌ بكات كه‌ پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری و كاركردن به‌ میكانیزمه‌كانی بازاڕ پێویستیان پێیه‌تی، هه‌روه‌ها ده‌بێ ئه‌و یاساو رێسایانه‌ روون وجێگیر بن و په‌ره‌ به‌توانا دامه‌زراوه‌ییه‌كانیش بدرێ بۆ ئه‌وه‌ی توانای جێبه‌جێكردن و ته‌فعیلكردنیان هه‌بێت.

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

## ٤ – پەرەدان بە توانا دامەزراوەییەکان:

لە ئەدەبیاتی ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا، دامـەزراوە بە مانای کۆمەڵێکی رێکخراوو پۆلێنکراو لە رۆڵ و رەفتارو ئیجرائات و رێسای فەرمیی و نافەرمی کە پێکەوە پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و سستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن جێگیربوونی دامەزراوەو یەکگرتوویی لە ناوخۆدا، هاوکاری پەرەپێدانی کارەکانیی و پتەوبوونی تواناکانی دەدا بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی گۆڕانی هەلومەرج و ژینگەی دەورووبەر. نەبوونی دامەزراوەییبون بەمانای لاوازبوونی توانای دامەزراوەکان و لاوازبوونی لە بەرێوەبردنی کارە هەمەجۆرەکانی لە رێکخستن و دابەشکردن شێوازی رێکخستنی ئابووری و سیاسەتە گشتییەکان لە حکومەتێکی لەوانەی لەمەڕ خۆمان دەبێتە هۆی داشکانی ئاستی توانا دامەزراوەییەکان لەبوارە جیاجیاکاندا. ئەگەرچی هەموو فاکتەرەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازیی ئابووری هەر لە بوونی ئیرادەی سیاسیی و رونگەرایی و چوارچێوەی یاسایی جێگیر و فەراهەم بێ بەڵام بەنەبوونی توانای پەرەدان بەو دامەزراوانەو عەقڵی دامەزراوەیی بۆ بەرێوەبردنی پرۆسەکە، ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو نابێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا.

لە هەرێمی کوردستان هێشتا ئەو دامەزراوانە دیار نین کە هەڵدەستن بە پرۆسەی دیاریکردنی ئامانجە گشتییەکان ، کە دواتر لە رێگەی ئەو یاساو تەشریعاتانەوە کە دەسەڵاتی یاسادانان دەریدەکات و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە رێگەی دارشتنی سیاسەتەکانی و ئەو ئیجرائاتانەنی دەیگرێتەبەر کار بۆ بەدیهێنانیان دەکات. جێگیربوونی ئەو دامەزراوانەو پێکهاتەکانیان رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێ لە کارکردنە سەر تواناو کەفائەتی سیاسەتە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان. ئەو گۆڕانکارییە زۆرو بەردەوامانەی کە لەدامەزراوەکانی گشتییدا بە ئاستە جیاوازەکانییەوە لەماوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا روویـان داوە رۆڵـی دیـاری لە داشکانی کەفائەت و توانای ئیدارەدانی ئەو دامـەزراوەو پێکهاتەکانیدا کردووە.

ئەو دامەزراوانەی ئەرکی ئیدارەدانی ئابوورییان لە ئەستۆ بوو، بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕان دابوون، چ لەوەی لێك جودا دەکرانەوە یاخود لێکدەدران، ئەو حاڵەتانە کۆسپی گەورەی بەردەم بەرەوپێشچوون و پەرەدان بەو دامەزراوانە بوون و ئەمە بەدەر لەوەی کە بەردەوام



هەواڵنامەی تیشک

بەرپرسانی ئەو دامەزراوانە لە گۆڕینی بەردەوامدا بوون و دەبن. ئەو گۆڕانە کاریگەریی دیاری لەسەر جێبەجێکردن سیاسەت و ئەو یاساو تەشریعانە ( هەرچەندە تا ئێستا حکومەتی هەرێم سیاسەتێکی ئابووری دیاریکراوی نیە کاری پێ بکات، بەلاّم لێرەدا مەبەستمان سیاسەتی رۆژە، سەبارەت بە یاساکانیش هەمان ئەو یاسا کۆنانەن کە پێشتر ئاماژەیان پێدرا) بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری دارێژرابوون، ئەمە لەو حاڵەتانەی کە سیاسەتێکی ئابووری رۆشن بۆ ئابووری هەرێم هەبووبێت. ئەمانە جگە لە ناجێگیریی ئیداریی و نزمی ئاستی کەفائەتی ئیداریی و تێکەڵبوونی دەسەلاّت و پسپۆرییەکان ئەمانەش پێکەوە کاریگەرییان لەسەر توانای دامەزراوە ئابوورییەکانی هەرێم هەبوو بۆ کۆکردنەوەو رەخساندنی داتاو زانیاریی و ئەندیکیتەرە ئابوورییەکان کە بۆ دارشتنی سیاسەتێکی ئابووری تەندروست زەروورن.

## ٥ -رۆڵی حکومەت:

ئابووریناسە کلاسیکەکان بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کە دەبێ حکومەت بەتەواوەتی دەست لە کاروباری ئابووری هەڵبگرێ، چونکە بازاڕو میکانیزمەکانی دەتوانن بە سەرکەوتوویی ئابووری بەڕێوە ببەن. بەلاّم لەگەڵ زیادبوونی کێشەکان و قوڵبوونەوەیان و لاوازیی بازاڕ لە رێگەی فاکتەرو میکانیزمەکانییەوە لە زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەدا، زەروورەتی دەستوەردانی حکومەتی لە ئابوورییدا بە زیندوویی هێشتوتەوە، زۆربەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووریی و سیاسیی و کۆمەلاّیەتییانە لەژێر کاریگەریی سیستمی نێودەوڵەتییدا روویانداوەو یەکە سەربەخۆکان واتە دەوڵەتە نیشتمانییەکان ئیدارەیان داوە، بوونی حکومەت بە فاکتەرێکی بنەڕەتی رێکخستن و ئیدارەدانی چالاکییە ئابوورییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا دادەنرێت. بەجیهانیبوون رۆڵی حکومەتی لە بوارە جیاجیاکانی ئابوورییدا رێکخستۆتەوە، بەلاّم ئەوە بەو مانایە نییە ئەو رۆڵەی پەراوێز خستووە یان رەتکردۆتەوە.

مەسەلەکە لەوەدا نییە کە دەبێ حکومەت رۆڵی لە چالاکی ئابوورییدا هەبێ یان نەبێ، بەڵکو بەندە بە جۆری ئەو رۆڵ و دەستوەردانەی لە ئابوورییدا دەیگێڕێت: ئایا سیاسەتێك پەیڕەو دەکات بە ئامانجی زیادکردنی ئاستی بەرهەمداریی و تواناو کێبڕکێی نێوان بەرهەمهێنەکان لە بازاڕ یان کار بە سیاسەتێکی رەیعی دەکات بە ئامانجی زیادکردنی داهاتی ئەوانەی هێزی سیاسییان لە پشتەو بەئاسانی دەگەنە دەسەلاّت. نیشانەی دیاری سەرکەوتنی



هەواڵنامەی کتێب

سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ئاسیا، وەك تایوان و کۆریای باشور، لە سروشت و شێوازی ئەو سیاسەتە ئابوورییانەدا بوو کە حکومەت پەیڕەوی لێکرد، حکومەت ڕۆڵێکی ئەکتیڤی لە ئابوورییدا گێڕا، لە ڕێگەی دەستگیرۆیی و هاندانی کۆمپانیاکانی کەرتی گشتیی و تایبەتی بۆ گرتنەبەری ئەو ڕەفتارانەی کە لەگەڵ میکانیزمەکانی ئابووری بازاڕدا دێتەوە، هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەرامەتەکانی حکومەت بۆ هاندانی کەفائەتی بەرهەمداریی و قازانجکردن.

توخمە سەرەکییەکانی پڕۆسەی گەشەپێدانی ئابووری لەو دەوڵەتانە پێك هاتبوولە: ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە پێکهێنانی سەرمایەی مرۆیی، بایەخ و گرنگیی دەوڵەت لە فەراهەمکردنی سستمو دیسپلینی گشتییدا، توانای دەوڵەت لە خستنەگەڕی دەرامەتەکانی بۆ پەرەدان بە سستمی خوێندن و تەندروستیی و بنیاتنانەوەی پەیکەرە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدان. ئەکتیڤبوونی سیاسەتەکانی حکومەت لە هاندان و گەشەدان بەو ڕەفتارانەی کە بە ئاراستەی بازاڕ بوون و بوونی ئیرادە لای سەرکردەکانی ئەو دەوڵەتانە بۆ تێکەڵاوکردنی یان کردنەوەی ئابوورییەکانیان بە رووی ئابووریی نێودەوڵەتاندا.

لە هەرێمی کوردستان هەر هەنگاونانێك بە ئاراستەی چاکسازییی ئابووری و پڕۆسەی بەتایبەتیکردن، ڕۆڵێکی زیاترو ئەکتیڤتری لە حکومەت دەوێ نەك ئەوەی دەگوترێ کە دەبێ دەست لە ئابووری وەرنەدات و دەستبەرداری بەرپرسیارێتییەکانی خۆی بێ لە پڕۆسەی خوێندن و تەندروستی و بەکارخستن. سەرەڕای ئەمانە، دەبێ حکومەت چالاکییە ئابوورییەکانی ناو هەرێم ڕێك بخاو ئاراستەی بکات و ڕۆڵی دیاری لە پەرەدان بە توانا دامەزراوەییەکاندا هەبێ و زامنی ئاستێکی بەرزی ڕونگەرایی بکاو سستمی لێپێچینەوەی هەبێت.

حکومەت کە خاوەنی هەموو داهاتەکانی هەرێمە، سیاسەتەکانی پێشووی ڕێگەی لە ئەکتیڤبوون و گەشەکردنی کەرتی تایبەتی گرتووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی خۆی لە گەشەپێکردنی ئابووریدا جێبەجێ بکات. لەبەر بەرپرسیارێتی حکومەت لەبنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریدا لە هەموو بوارەکاندا، وەك خوێندن، تەندروستی،

كاره‌با، ئاو، نیشته‌جێبوون، په‌یوه‌ندیی و گه‌یاندن، ده‌بێ حكومه‌ت داهاته‌كانی خۆی بۆ ئه‌و ئه‌ركانه‌ بخاته‌گه‌ڕ، له‌گه‌ڵ ڕێكخستن و ئاراسته‌كردن و هاندانی پرۆسه‌كانی چاكسازیی ئابووریی و به‌تایبه‌تیكردن‌و بنه‌مای ئابووریی هه‌رێم فره‌ ره‌نگتر بكات، له‌به‌ر ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه‌ رۆڵی حكومه‌ت هێشتا گرنگه‌و به‌وانه‌وه‌ ده‌توانێ شه‌رعیه‌ت و ره‌زامه‌ندی خه‌ڵكی فه‌راهه‌م بكات.

## هۆكاره‌ پاڵنه‌ره‌كانی ریفۆرمی ئابووری:

**ناوچه‌ی** خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست به‌ هه‌رێمی كوردستانیشه‌وه‌ روبه‌ڕووی چه‌ندین گۆڕانكاریی ناوخۆیی و ده‌ره‌كیی بووه‌ته‌وه‌ كه‌ ده‌خوازێ داڕێژه‌ران و درووستكه‌رانی بڕیار له‌ هه‌رێمی كوردستان ده‌ست به‌ ئه‌نجامدانی پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی ئابووریی كوردستان ئاماده‌ بێ بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌و گۆڕانكارییه‌ ئابووریی و كۆمه‌ڵایه‌تییانه‌ی كه‌ ناوچه‌كه‌ی گرتۆته‌وه‌ بێته‌وه‌و له‌گه‌ڵیدا هه‌نگاو بنێت و نه‌بێته‌ پاشكۆو دوای رووداوه‌كان نه‌كه‌وێت و كه‌متر بكه‌وێته‌ ژێر كاریگه‌ره‌ سلبییه‌كانی ئه‌و گۆڕانكارییانه‌و بتوانێ رووبه‌ڕوویان ببێته‌وه‌ و له‌گه‌ڵیدا پێداویستییه‌كانی هاووڵاتیانی خۆی به‌ باشترین شێواز فه‌راهه‌م بكات.

### یه‌كه‌م: گۆڕانكارییه‌ ده‌ره‌كییه‌كان:

#### أ- ئه‌ندامێتیی له‌ ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی:

ئابووری جیهان به‌گشتی به‌ ئاقاری كرانه‌وه‌ی سنووره‌ ئابوورییه‌كانی نێوان ده‌وڵه‌تان هه‌نگاو ده‌نێت، ڕێكخراوی بازرگانی نێوده‌وڵه‌تی ( WTO) به‌و ئاقاره‌ هه‌نگاوه‌كانی ده‌نێ‌و به‌رده‌وام له‌هه‌وڵدانه‌ بۆ باشتر به‌ره‌وپێشچوونی ئه‌و ئاقاره‌و نه‌هێشتنی ئه‌و كۆسپ و ته‌گه‌رانه‌ی دێنه‌ به‌رده‌م. ئه‌م ئاراسته‌ی ئابووری جیهان و هه‌رێم ده‌خاته‌ به‌رده‌م دوو ئه‌گه‌ره‌وه‌:

١ –یان ئه‌وه‌تا هه‌رێم چاكسازیی ئابووری ئه‌نجام نه‌دات و خۆی له‌ جیهانی ده‌ره‌وه‌ دابڕێت به‌ عیراقیشه‌وه‌، ئه‌م ئه‌گه‌ره‌ش زیاتر ئابووری هه‌رێم دووچاری قه‌یران و كێشه‌ی قوڵتری ئابووری ده‌كاته‌وه‌.

٢ –یان ئه‌وه‌تا ده‌بێ چاكسازیی ئابووری ده‌ست پێبكات، به‌تایبه‌تی كه‌



هه‌واڵنامه‌ی كتێب

عیراق ئێستا بووەتە ئەندامی چاودێر لە ڕێکخراوی (WTO) و هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە دەنێ کە ڕێگەی بۆ خۆش دەکات ببێتە ئەندام لەو ڕێکخراوە، واتە عیراق بە ئاراستەی ئابووری بازاڕو چەسپاندنی میکانیزمەکانی بازاڕ دەڕوات و ناکرێ هەرێم بەهەمان ئاراستەی عیراق نەڕوات. دواکەوتنی هەرێم لەم بوارەدا دەبێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئابووری هەرێم و وابەستەکردنی بە ئابووریی عیراق و بەفیڕۆدانی ئەو هەولانەی کار بۆ سەربەخۆبوونی ئابووریی هەرێم دەکەن. ئەم ئەگەرەش دەخوازێ سیاسەت و بەرنامەیەکی نوێ دابڕێژرێ بۆ ئەوەی بتوانرێ بەبەرنامە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە تازانەی جیهان و ناوچەکەدا مامەڵە بکەین.

### ب- ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی:

وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بەیەك لەو وەبەرهێنانە درێژخایەنانە دادەنرێت کە لە ئوسوڵی بەرهەمداریی وخزمەتگوزارییدا دەکرێن و ڕاستەوخۆ بەشداری لە موڵکایەتی هەموەکی یان هەندەکی ئەو پڕۆژانەدا دەکەن کە لە ناو ئابووری وڵات سەرمایەگوزاری تێدا دەکەن. لە دیدی ئابووریی هەموەکییەوە (الاقتصاد الكلي)، وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی دەبێتە تەواوکەری پاشەکەوتە ناوخۆییەکان و بەشداری لەئابوورییدا دەکات بەبێ ئەوەی قورسایی بخاتە سەر ئابووری وڵات، گرنگیی ئەم جۆرە وەبەرهێنانە لەوەدایە کە توانای خوڵقاندنی پەیوەندییەکی دینامیکی پتەوی هەیە لەگەڵ گەشەو گەشەپێدان و بازرگانیو هەموو چوارچێوە دامەزراوەیی و یاساییەکانی ئابووری. لەلایەکی ترەوە، جگە لەوەی دەبێتە هۆی داخڵکردنی سەرمایە بۆ ناو ئابووری، تەکنەلۆجیاو تواناو شارەزایی ئیداریی و بازاڕکاریی وژمێریاریی ئابووری دەهێنێتە ناو ئەڵگۆکانی ئابوورییەوە، هەروەها پێگەی بەرهەمداریی تازەو هەمەڕەنگ دەکات و دەرفەتەکانی گەیشتن بە بازاڕەکانی جیهان فراوانتر دەکات.

قەبارەی هاتنی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ ناو ئابووری لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەگشتی سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە دەبنە هۆی زیادبوونی قەبارەی هاتنە ژوورەوەی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی بۆ ناو ئابووری ( سیاسەتە گشتییە پیادەکراوەکانی

دەوڵەتی میوانداری وەبەرهێنان، ئەو رێوشوێن و هەنگاوە دەستپێشخەرییانەی کە ئابووری وڵات دەیگرێتەبەر بۆ راکێشانی وەبەرهێنان، سیماو تایبەتمەندییەکانی ئابووری).

## دووەم: گۆرانکارییە ناوخۆییەکان:

ئابووریی هەرێمی کوردستان بەدەست چەندین کێشەی گەورەی ئابوورییەوە دەناڵێنێ کە چارەسەرکردنیان پێویستی بە چاوخشاندنەوە بەو سیاسەت و بەرنامانە هەیە کە تا ئێستا گیراونەتەبەر و دەست بە ئەنجامدانی پڕۆسەی چاکسازیی ئابووری بکات. لەو کێشانە:

### ١ –زیادبوونی رێژەی بێکاریی:

ئابووری هەرێم لەم هەلومەرجەی ئێستایدا بەدەست کێشەی بەرزبوونەوەی رێژەی بێکارییەوە دەناڵێنێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کۆتایی ٢٠٠٥ وە حکومەت بە فەرمی پڕۆسەی دامەزراندنی راگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە توانای کەرتی تایبەتیشدا نییە لانی کەمی ئەو رێژە زۆرەی دەرچووانی زانکۆ وپەیمانگاکان بگرێتە خۆی، ئەم سیاسەتی دانەمەزراندنە بە هەزاران دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی لە چاوەڕوانیدا داناوە.

بەشی زۆری رێژەی بێکاریی هەرێم بێکاریی پەیکەرییە کە دەرئەنجامی پەککەوتنی کەرتە بەرهەمهێنە سەرەکییەکانی هەرێمە بەتایبەتی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیو گۆڕینی شێوازی خواست لەسەر هێزی کار لە بازارەکانی کوردستاندا. جگە لە هۆکاری پەرەسەندنی سروشتی بازاڕی کار کە لە پەرەسەندنی سستمی خوێندن و راهێنان خێراترە، ئەم لاسەنگیی پەرەسەندنە، پەیوەندی نێوان ئەو مەرجانەی کە بازاڕی کار گەرەکیەتی لەلای دەرچووانی سستمی خوێندنی هەرێمدا بەدی ناکرێن. ئەم رەوشە حکومەتی خستۆتە بەردەم بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیی ئابووری بۆ ئەوەی ئەو رێژەی بێکارییە کە بەشێکی زۆری دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانن، نائارامی کۆمەڵایەتییو سیاسیشی لێ نەکەوێتەوەو ئەم قەیرانی دارییەی جیهانیش هێندەی تر ئەو قەیرانی بێکارییەی قوڵتر کردەوە.

زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان و زیادبوونی ژمارەی دەرچووانی پڕۆسەكانی خوێندن، دەخوازێ حكومەت بەردەوام بە سیاسەتە ئابووریی و كۆمەڵایەتییەكانی خۆیدا بچێتەوە لەپێناو خوڵقاندنی دەرفەتی كاری زیاتر كە لەگەڵ قەبارەی ئەو زیادبوونی ژمارەی دەستی كارەی كە تازە دێنە بازاڕی كارەوە بگونجێت.

**٢ –زیادبوونی ڕێژەی هەژاریی:**

ڕێژەی هەژاریی زیادبوونی لە هەرێمی كوردستان كە لە نێوان (٣٠٪ بۆ ٣٥٪) دایە، یەك لەو كێشە مەترسیدارانەیە كە دەبێ پلان و بەرنامەی زانستی بۆ دابرێژرێ بۆ ئەوەی لە قۆناغی یەكەمدا ڕێگە لە زیادبوونی بگیرێ و دواتریش كار بۆ كەمكردنەوەی ئاستی ئەو ڕێژەیە بكرێ لە هەرێم. زیادبوونی ڕێژەی هەژاریی لە هەرێم بۆ چەندین هۆكار دەگەڕێتەوە،لەوانە:

أ– زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان: هەرێمی كوردستانیش وەك دەوڵەتانی تری دواكەوتوو ڕێژەی زیادبونی دانیشتووان تێیدا بەرزە، كە لە (٣٪)،لە دەوڵەتانی پێشكەوتوو لە ١٪ كەمترە. ئەم ڕێژەیە بەو مانایە دێ دەبێ ئابووریی هەرێمی كوردستان بەرێژەیەكی زیاتر لەڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان گەشە بكات بۆ ئەوەی بتوانێ وەڵامی خواستەكانی ئەو زیادبوونەی دانیشتووان بداتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئامارێك یان داتایەك نییە كە ڕێژەی گەشەی ئابووری لە هەرێم ئەگەر بە مەزەندەش بێ دیاری بكات.

ب– كەم توانایی لە بەگەڕخستنی دەرامەتە سروشتیەكانی هەرێم و بێ هێزیی لە پەرەدان بەو دەرامەتانە. حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ وە بە شێوەیەكی بەردەوام بودجەی دیاریكراوی خۆی لە حكومەتی ناوەندی وەردەگرێت بەڵام لەبەر بێ پلانی و نەبوونی سیاسەتێكی ئابووریی و كۆمەڵایەتی پشت ئەستور بە داتاو زانیاریی و شیكردنەوەی زانستی ناتوانێ ئەو بودجەیەی بەردەستی بەسەر كەناڵە ئابووریی و كۆمەڵایەتییەكانیدا خەرج بكات ساڵانە بەشێكی ئەو بودجەیەی لێ دەمێنێتەوە و دەچێتە ساڵی داهاتووەوە. لەمەوە بۆمان دەردەكەوێ كە حكومەت ناتوانێ ساڵانە وەك پێویست سوود لە توانا دارایی ومادییو مرۆییەكانی خۆی وەربگرێت و وەگەڕیان بخات، ئەمە لە كاتێكدایە كە ئابووری هەرێم زۆر

هەواڵنامەی ...

زیاتر له‌و تواناییانه‌ی گه‌ره‌كه.

ت- لاوازی ژێرخانی ئابووری هه‌رێم، یه‌ك له‌و گرفته سه‌ره‌كییانه‌یه كه كۆسپ و ته‌گه‌ره له‌به‌رده‌م به‌ره‌وپێشبردنی ئابووریدا دائه‌نێت و رێگرێكی سه‌ره‌كی به‌رده‌م راكێشانی سه‌رمایه‌گوزاری بیانییه بۆ ناو ئابووریی هه‌رێم.

پ- لاوازی سه‌رمایه‌ی مرۆیی: ئه‌گه‌ر سه‌رمایه‌گوزاری به‌به‌رنامه له خوێندن، ته‌ندروستی، راهێنان و مه‌شقپێكردن نه‌كرێت، ئاستی به‌رهه‌مداریی ده‌ستی كاری هه‌رێم نزم ده‌بێ و ناتوانێ پێداویستییه‌كانی ئابووریی هه‌رێم به‌رهه‌م بهێنێت.

ج نزمی ئاستی به‌رهه‌مداریی كشتوكاڵ: ئه‌مه‌ش ده‌رئه‌نجامی پشتبه‌ستنه به‌شێوازه ته‌قلیدییه‌كانی به‌رهه‌مهێنانی كشتوكاڵ و داخڵ نه‌كردنی ته‌كنه‌لۆجیایه بۆ ئه‌م كه‌رته به‌رهه‌مهێنه‌ره‌ی ئابووری هه‌رێم.

## به‌رهه‌ڵستكارانی پرۆسه‌ی چاكسازیی :

**پرۆسه‌ی** چاكسازیی ئابووری هه‌ر له دارشتنی پلان و به‌رنامه‌وه تا ده‌گاته جێبه‌جێكردنی روبه‌رووی دژایه‌تیكردن و به‌رهه‌ڵستكاریی ده‌بێته‌وه، به‌تایبه‌تی له‌لایه‌ن ئه‌وانه‌ی كه ئه‌و پرۆسه‌یه به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانیان روبه‌رووی مه‌ترسیی و زیان ده‌كاته‌وه. ئه‌و به‌رهه‌ڵستكارییه ده‌كرێ به دوو شێوه خۆی بنوێنێت و هه‌ریه‌كه‌یان به جیا كاریگه‌ریی له‌سه‌ر پرۆسه‌ی چاكسازیی ئابووری هه‌بێت.

یه‌كه‌میان ده‌كرێ به به‌رهه‌ڵستكارێكی بونیاتنه‌ر ناوزه‌د بكرێ، ئه‌م شێوه به‌رهه‌ڵستكاره له‌و توێژ و كه‌سانه‌ی كۆمه‌ڵه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێ كه له‌م هه‌لومه‌رجه‌ی ئێستای ئابوورییدا هیچ ده‌ستكه‌وتێكیان نییه‌و له ئه‌نجامدانی پرۆسه‌ی چاكسازییشدا له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ده‌ستكه‌وتیان نابێ ئه‌و پرۆسه‌یه كاریگه‌ریی سلبی له‌سه‌ریان ده‌بێت، به‌رهه‌ڵستكاریی ئه‌وانه لێره‌وه ده‌ستپێده‌كات كه گوشار له‌سه‌ر بریار به‌ده‌ست دارێژه‌رو جێبه‌جێكارانی ئه‌و پرۆسه‌یه بكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر بایه‌خ به پێداویستییه سه‌ره‌كییه‌كانی هاووڵاتیان بده‌ن و له پرۆسه‌كه‌دا له‌به‌رچاو بگیرێن و لانی كه‌م حكومه‌ت تۆرێكی ئه‌مانی كۆمه‌ڵایه‌تی پێكبهێنێ بۆ پاراستن و قه‌ره‌بووكردنه‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی ئه‌و پرۆسه‌یه كاریگه‌ریی

هه‌واڵنامه‌ی كتێب

سلبی لەسەریان دەبێت ، هەروەها بۆ ئەوەی لە داڕشتن و جێبەجێکردنیدا بەشدارییان پێ بکرێت. لە هەرێم لە حاڵەتی ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیی ئابووریيدا، لە سایەی لاوازیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی زۆر ئەستەمە بەرهەڵستکارییەکی لەو جۆرە دروست بێ یان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

دوەمیان بەرهەڵستکاریی روخێنەرە، ئەم شێوەیەش لەو کەس و دەستانە پێك دێن کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ سستمی حوکمڕانیدا (حزبیی وحکومی) هەیە و لەم هەلومەرجەی ئێستا قازانجێکی زۆریان کردوەو هەر گۆڕانکارییەك لەو هەلومەرجەدا بە زیانیان دەشکێتەوە، ئەم بەرهەڵستکارییە بۆیە روخێنەرە چونکە دەتوانێ کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پڕۆسەکەدا دروست بکات، یان دەتوانێ لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی هەیەتی ئاراستەی ئەو چاکسازییە بگۆڕێت بەشێوەیەك لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بێت، پڕۆسەکەش لای هەوادارانی ناشیرین بکات.

جیاکردنەوەی ئەو دوو شێوە بەرهەڵستکارییەی پڕۆسەی چاکسازیی ئابووری لەو ناوچانەی کە کێشەو گرفتی زۆر تێدایە زۆر ئەستەم دەبێت، زۆرێك لە دەوڵەتان ئەو ناجێگیریی‌و هەستیاری هەلومەرجەکەیان کردۆتە بەهانە بۆ راگرتنی هەلومەرجی ئێستا بەردەوامبوون لەسەر مانەوەی ئەو کێشەو گرفتانەی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، بەڵام زۆرێك لە دەوڵەتانیش کە هەلومەرجی ئابووریی وسیاسییشیان لە هەرێم ناجێگیرتربووە توانیوانە بە بەرنامەو پلانی واقعیانە بتوانن پڕۆسەی چاکسازیی ئابووری لە وڵاتەکانیان جێبەجێبکەن و ئابووریی وڵات لەو کێشەو گرفتانەی هەیانبوو رزگار بکەن.

## ئامانجەکانی چاکسازیی ئابووری:

**ئامانجی** راستەقینەی هەر پڕۆسەیەکی چاکسازیی ئابووری بەرزکردنەوەی تواناو کەفائەتی ئابوورییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاریی و هەژاریی و کەمکردنەوەی رێژەی هەڵئاوسان، بەهۆی چەند میکانیزمێکەوە:

١ –زیادکردنی کەفائەتی تەرخانکردنی دەرامەتە فەراهەمبووەکان: لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەدەست کۆمەڵێك کێشەی گەورەی ئابوورییەوە دەناڵێنێ، بەڵام

سه‌رچاوه‌ی ئه‌و كێشانه كه‌م ده‌رامه‌تی نییه‌، به‌ڵكو هه‌رێم له رووی ده‌رامه‌ته‌وه زیاده‌ی هه‌یه ( كه‌ره‌سته‌ی خاو، ده‌رامه‌تی سروشتی وه‌ك ئاو، نه‌وت و كانزای هه‌مه‌جۆر و..هتد، سه‌رمایه‌ی مرۆیی و دارایی، هه‌ڵكه‌وته‌ی جوگرافی)، به‌ڵام كێشه‌كه له باش به‌كارنه‌هێنانی ئه‌و ده‌رامه‌تانه‌یه‌، به‌شێكی زۆری ده‌رامه‌ته‌كان به شێوه‌یه‌كی باش به‌كارنایه‌ن ئه‌وه‌ش ره‌نگدانه‌وه‌ی باشی له‌سه‌ر ره‌وشی ئابووری هه‌رێم نابێت. هه‌موو ئه‌وانه كاریگه‌رییان له‌سه‌ر توانای كێبڕكێ و جۆری به‌رهه‌م هه‌یه.

٢ –باشكردنی سیاسه‌تی دارایی و كه‌مكردنه‌وه‌ی رێژه‌ی هه‌ڵئاوسان: لاسه‌نگی دارایی ده‌رئه‌نجامی په‌یڕه‌وكردنی سیاسه‌تی دارایی و نه‌ختی نارێكه‌وه دێته‌گۆڕێ ئه‌مه له‌لایه‌ك‌و له‌لایه‌كی تریشه‌وه‌، نه‌گونجانی ئه‌و سیاسه‌تانه له‌گه‌ڵ ئه‌و په‌ره‌سه‌ندنه ئابوورییانه‌ی ناو هه‌رێم، هه‌رچه‌نده به‌پێی ده‌ستوری ٢٠٠٥ سیاسه‌تی نه‌ختی له‌لایه‌ن حكومه‌تی فیدراڵه‌وه به‌ڕێوه ده‌برێت و حكومه‌تی هه‌رێم تێیدا به‌شدار نییه‌. حكومه‌ت له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پیاده‌ی ئابووری بازاڕ ده‌كات به‌ڵام سستمێكی باجی ته‌ندروستی نییه‌، له‌به‌ر ئه‌وه رێژه‌ی داهاتی هه‌رێم له باج له نزمترین ئاستدایه .

٣ –گه‌شه‌كردنی ئابووریی به‌رده‌وام: له رێگه‌ی چاره‌سه‌ركردنی ئه‌و كێشانه‌ی كۆسپن له‌به‌رده‌م به‌دیهێنانی ده‌رئه‌نجامی له‌بار كه له‌گه‌ڵ تواناو ده‌رامه‌ته‌كانی هه‌رێمدا بگونجێت. ئه‌مه‌ش ده‌كرێ له‌رێگه‌ی زیادكردنی ده‌رفه‌تی كارو باشكردنی ئاستی گوزه‌رانی هاووڵاتیان، چونكه هه‌ر گه‌شه‌كردنێكی ئابووری ده‌بێ زامنی هێنانه‌دی گوزه‌رانێكی باش بۆ هاووڵاتیان بكات.

٤ –هاندانی كه‌رتی تایبه‌تی: هاندانی كه‌رتی تایبه‌تی له رێگه‌ی زیادكردنی گرنگیی رێژه‌یی ئه‌م كه‌رته‌وه به‌دی دێت، له بواره‌كانی به‌رهه‌مهێنان و خزمه‌تگوزاری و خوڵقاندنی ده‌رفه‌تی كار، به لادان و نه‌هێشتنی قۆرغكاری حكومیی له‌و بوارانه‌دا مسۆگه‌ر ده‌بێت، به‌ڵام ئه‌مه به‌و مانایه نایه‌ت كه حكومه‌ت ده‌ستبه‌رداری ده‌زگای چاودێری بێ بۆ دڵنیابون له‌وه‌ی كه كه‌رتی تایبه‌ت به‌پێی مواسه‌فاتی گشتی و جۆریی و ژینگه ده‌پارێزێ و زیان به هاووڵاتیان ناگه‌یه‌نێت.



# حزبوڵڵای لوبنان

## زەمینەی دروستبوون

حەسەن یاسین

هەواڵنامەی دیپلۆ

## پێشــەکی

**نووسین**و قسەکردن لەسەر وحزبوڵڵای لوبنان، کە حزبێکی ئیسلامیی شیعەگەرایەو ئەمڕۆ بە بەردەوامی لەنێو دووتوێی هەواڵنامەو ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکانی ئینتەرنێتو پەخشنامەکانی هـەواڵ لەرادیۆو تەلەفزیۆنەکاندا باسو خـواسی دەخـوێـنـیـنـەوەو بـەرگـوێمـان دەکــەوێ، بـەتـایـبـەت دوای ئـەوەی حزبوڵڵا لەلایەن ئەمریکاوەوەك حزبێکی تێرۆریست لەقەڵەمدرا، مەسەلەیەکە جگە لـەوەی مـێـژووی دامـەزرانـدنـی حزبەکەو دوا گۆڕانکارییەکانی پابەند بە هەڵوێستەکانی دەگرێتەوە، لەهەمان کاتدا ئەوەش بەسەرماندا دەسەپێنێ، کە بڵێین سەرهەڵدانو ڕۆڵی بەرایی ئەو حزبە تێکهەڵکێشە لەگەڵ ڕۆڵی ئیمام موسا ســەدروەك یەکێك لەئایەتوڵڵا هەڵسوراوەکانی نێو شیعەکانی لوبنانو دروستکەری بزووتنەوەی بێ نەوایان

(حركه المحرومين) لەلوبناندا، کە پاشان بزووتنەوەی (ئەمەل)ی شیعەگەراوەك باڵی سەربازیی ئەو بزووتنەوەیە دەرکەوت، کە سەدر لەلوبناندا بۆ بەرگری لەشیعەکان دایمەزراند.

ئەوەی لێرەدا دەبێ جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە کە دوو بۆچوون لەبارەی حزبوڵلاوە تا ئێستا بە بەردەوامی لەباسکردندان: بۆچوونێکیان بەحزبێکی بەرگریکەر لەباشووری لوبنانو خاکی فەلەستین لەقەڵەمی دەداتو بەڕەوای دەزانێ کە ئەو حزبە درێژە بەهێشتنەوەی جبەخانەی چەكو هێزە سەربازییەکانی لەناوچەکانی باشوری لوبناندا بداتو پشتگیری لەوە دەکەن کە نابێ حزبوڵلا چەك لەخۆی دابماڵێ. ئەو بۆچوونە، جگە لەحزبوڵلا خۆی، لایەنە ئیسلامییەکانو ئێرانو سوریا پشتیوانیی لێدەکەن.

بۆچوونی دووەم هی ئەمریکاو بەشێکیوڵاتانی ئەوروپایە، کە ئەو حزبە بە تیرۆریست لەقەڵەم دەدەنو داوا دەکەن چەکەکانی دابنێو میلیشیاکانی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، کە لەم داوایەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاوڕایەو لەم ڕووەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەڕێگەی هەردوو بڕیاری (١٥٥٩)و (١٦١٤)ەوە هەمان ئەو داوایەی بەرزکردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# نەسکی یەکەم

## باسی یەکەم:

## پێکهاتەی لوبنان

لوبنان وەك دەوڵەت لەسەردەمی نوێدا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لەساڵی ١٩٢٠ز دا لەسەر بنەمای فرەلایەنی دامەزراوەو دەستوری لوبنانیش لەسەرەتای نووسینیەوە لەساڵی ١٩٤٣دا، کە ساڵی سەربەخۆیی لوبنانە، ئەم فرە لایەنییەی لەڕووی فرەئایینیی‌و فرە مەزهەبییەوە تێدا چەسپاوە[١]، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێککەوتن (تەوافوق) لەنێوان پێکهاتە جیاجیاکانی لوبنان لەموسڵمانان (بەشیعەو سوننەیەوە)، مەسیحی (بە مەزهەبە جیاجیاکانیەوە)و دروز دەگەیەنێ، کە بەتایبەت بەر لەبەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لە ١٣/٤/ ١٩٧٥دا، بۆتە مایەی بەخشینی گوڕو تینێکی سیاسی بەواقیعی سیاسیی لوبنان.

بەڵام ئەمواقیعی فرە لایەنییە، لەدوای بەرپابوونی جەنگی ناوخۆیی لوبنان کە (١٥) ساڵ درێژەی کێشا، بەخراپی بەسەر لوبناندا شکایەوە، پاش ئەوەی بەربەرەکانێ‌و ململانێ لەنێوان سەرانی لایەن‌و تایەفەکانی لوبنان کاریگەریی خراپی لەسەرواقیعەکە دانا. کاریگەری‌و دەستێوەردانی هەرێمایەتیش لەم نێوەدا ڕۆڵی خراپی لەگۆڕینی تەرازووی هێزەکاندا بینی.

لەلوبناندا (٥) مەزهەبی ئیسلامی‌و (١٢) مەزهەبی مەسیحی‌و یەك مەزهەبی جولەکە هەن. مەزهەبە ئیسلامییەکان بریتین لە: شیعە، سوننە، دروز، عەلەوی‌و ئیسماعیلی. مەزهەبە مەسیحییەکانیش بریتیین لە: مارۆنی، ئەرتەدۆکس، ڕۆمی کاسۆلیك، ئەرمەن ئەرتەدۆکس، ئەرمەن کاسۆلیك، سریانی ئەرتەدۆکس، سریانی کاسۆلیك، کلدانی، کاسۆلیك، لاتین، پرۆتستانت‌و نەستوری[٢].

ژمارەی شیعەکانی لوبنان بەگوێرەی سەر ژمێریی ساڵی ١٩٨٣ یەك ملیۆن‌و (٢٠٠) هەزار کەس بووە[٣]، کە زۆربەی هەرە زۆریان لەناوچەکانی باشووری لوبناندا دەژین.

# باســـی دووەم:

## بزووتنەوەی بـــێ نەوایـان (حركة المحرومين)

**کە** بمانەوێ باس لەدروستبوونی ئەم بزووتنەوەیە بکەین، بەپێویست، باسەکەمان دەچێتەوە سەر باسکردنی ژیانی دروستکەری بزووتنەوەکە ئایەتوڵڵا ئیمام موسا سەدر، کە لەساڵی ١٩٢٨ لەشاری (قوم)ی نزیك تاران لەئێران لەدایك بووەو خوێندنی سەرەتایی‌و دواناوەندی هەر لە (قوم) لەپاڵ خوێندنی «علومی ئیسلامی» لەحەوزەی قوم تەواو کردووە. پاشان لەزانکۆی حقوقی تاران بەشی ئابووریی خوێندووە. جگە لەزمانی فارسی، زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی‌و فەرەنسیی زانیوە.[٤] موسا سەدر لەساڵی ١٩٥٥ بۆ یەکەمین جار سەردانی لوبنانی کردووە.

پاشان لەساڵی ١٩٥٩دا لەسەر داوای شیعەکانی لوبنان‌و پاش مردنی گەورەی شیعەکانی لوبنان ئایەتوڵڵا سەید عەبدولحوسێن شەرەفەدین بەیەکجاری‌و بەمەبەستی نیشتەجێبوون کۆچی کردووە بۆ لوبنان.[٥] هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئەم چوونەی موسا سەدر بۆ نێو شیعەکانی باشوری لوبنان لەسەر داوای شای ئێران‌و بەمەبەستی یەکخستنی ریزەکانی شیعە لەلوبنان بووبێت.[٦]

پێش دروستکردنی بزووتنەوەی بێ نەوایان، سەدر چەند رێکخراوێکی[٧] بەمەبەستی جیاجیا دروستکردووە تا ئەو رێکخراوانە رێخۆشکەر بن بۆ کۆکردنەوەی شیعەکان لەدەوری بزووتنەوەی بـێ نەوایان‌وەك:

خانەی کچان (بيت الفتاة) بەمەبەستی هاندانی کچانی خێزانە شیعەکانی لوبنان بۆ پۆشینی حیجاب‌و چەسپاندنی نەریتی ئیسلامی لەنێویاندا.

کۆمەڵەی چاکەو خێر (جمعية البرو الأحسان) کە ئەرکی یارمەتیدانی هـەژاران‌و



هەولێرنامەی کتێب

بێکارانی لەئەستۆ گرتبوو. دروشمی ئەم کۆمەڵەیە بریتیی بوو لە: (شیعەکانی ئێمە دەمرن‌و دەست لەکەس پان ناکەنەوە).[8] خانەی پیران (دار العجزه). خانەی هەتیوان (دار الأیتام). کۆمەڵەی پەرستاری (جمعیة التمریض). پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ئیسلامی (معهد الدراسات الاسلامیة).

ئیمام موسا سەدر بەمەبەستی بەرگریکردن لەشیعەکانی لوبنان بزووتنەوەی بێ نەوایانی لەساڵی ۱۹۷۵دا دروستکرد[9]، بەتایبەت کە ئەو لەو باوەڕەدا بوو شیعەکانی لوبنان لەرۆژگاری رابردوودا، بەپێچەوانەی لایەن‌و تایەفەکانی دیکەوە لەرووی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەوە لەتەواوی مافی شایستە بەخۆیان بێ بەشکراون.

ژمارەی شیعەکان لەلوبناندا لەسەرەتای هەشتاکاندا،وەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا، (۱ ۲۰۰ ۰۰۰) کەس بووە، هەروەها ژمارەی سوننەکان (۷۵۰ ۰۰۰) کەس‌و هی مەسیحییەکانیش (۹۰۰ ۰۰۰) کەس. کەچی مەسیحییەکان لەرووی سیاسی، سەربازی‌و ئابوورییەوە لەلوبناندا باڵادەست بوون. سەرۆکی کۆمار،وەزیری بەرگری‌و سەرۆکی بانکی ناوەندی بەپێی ئەو بنەمای رێکەوتن (تەوافوق)ە سیاسییەی لەنێوان تایەفەو لایەنە سیاسییەکانی لوبناندا بۆ دابەشکردنی پۆستە حکومییەکان هەبووەو ئێستاش درێژەی هەیە، دەبێ مارۆنی مەسیحی بن. هەروەها بەپێی ئەو یاسایەی کە لەساڵی ۱۹۲۳دا، لەسایەی دەسەڵاتی فەرەنسی لەلوبناندا دەرچووە، دەبوایە رێژەی نوێنەرانی لایەن‌و تایەفەکان لەپەرلەمانی لوبناندا بەم شێوەیە بێت: (۵) کورسی (لەدە کورسی) بۆ مەسیحییەکان، (۳) کورسی (لەدە کورسی) بۆ سوننەکان هەروەها (۲) کورسی (لەدە کورسی)یش بۆ شیعەکان.[10]

**سەدر بەمەبەستی قایمکردنی پێگەی شیعەکان لەلوبناندا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی لوبنان بەسەرۆکایەتی (فوئاد شەهاب) دروست کرد**

هەواڵنامەی کتێب

موسا سـەدر ئەم کەم بەشییەی شیعەکانی لەلوبناندا دەگـێڕایـەوە بۆ نەبوونی مەرجەعیەتێکی ئایینی لەنێو شیعەکانی لوبناندا، کە بتوانێ ریزەکانیان یەك بخات.

سەدر بەمەبەستی قایمکردنی پێگەی شیعەکان لەلوبناندا پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی لوبنان بەسەرۆکایەتی (فوئاد شەهاب) دروست کرد، هەر ئەویش رەگەزنامەی لوبنانیی پێبەخشی.[11] لەهەمان کاتدا سەدر کەوتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای شیعەکانی لوبنان بەمەبەستی یەکخستنی ریزەکانیان لەژێر چەتری ئەو ئەنجومەنەداو هەروەها بۆ بەدەستهێنانی هەندێ دەسکەوت بۆ شیعەکان لەرێگەی ئەنجومەنەکەوە. ئەوە بوو لە ١٩/ ١٢/ ١٩٦٧دا ئەنجومەنەکەی دامەزراندو لە ٢٣ی ئایاری ١٩٦٩دا بەیەکەمین سەرۆکی ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرا.

دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆکی ئەنجومەنەکە سەدر چالاکییەکانی خۆی پەرەپێدا، ئەمەش‌وای کرد ئەنجومەنەکە دەستکاریی مادەی (١٢)ی پێڕەوەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی ئیمام موسا سەدر تا تەمەنی ٦٥ ساڵی بەسەرۆکی ئەنجومەنەکە بمێنێتەوە.[12] ئیدی بۆ ئەم مەبەستە لە (١٧)ی ئاداری ١٩٧٥دا لەشاری بەعلەبەك مەراسیمێك بۆ بەیعەتدانی شیعەکانی لوبنان بەسەدروەك سەرۆکی (ئەنجومەنی باڵای شیعەکانی لوبنان) رێکخرا، کە لەمەراسیمەکەدا لایەنگران بە ئاشکراو بەقایمی چەکیان بە دەستەوە گرتبوو. ١٣

لەمەراسیمەکەدا سەدر گوتارێکی پێشکەشکردو تیایدا ناوەڕۆکی بزووتنەوەی بێ نەوایانی راگەیاندو جەختی لەسەر ئەوە کرد، کە بزووتنەوەکە ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی‌و ئیسلامیی هەیە.

موسا سەدر پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ حکومەتی لیبیاو بەتایبەت لەگەڵ خودی موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیادا هەبوو، هەر بەهۆی ئەم پەیوەندییەشەوە یارمەتییەکی زۆری مادیی لێوەرگرتبوو. بەڵام دواتر قەزافی لەسەدر دڕدۆنگ بووەو گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ناوبراو لێی هەڵگەڕاوەتەوە[14]، بۆیە لەکاتێکدا موسا سەدر لە (٢٥)ی ئابی ١٩٧٨دا لەسەر داوای ئەووڵاتەو بەیاوەریی شێخ محەمەد یەعقوب‌و رۆژنامەنووس عەباس بەدرەدین گەیشتە لیبیا، لەرۆژی (٣١)ی ئابی (١٩٧٨)ەوە تا ئێستا بێ سەرو شوێنە. کەچی باس لەوە دەکرێ کە هەرسێکیان،واتە سەدرو یەعقوب‌و بەدرەدین، کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە

سواری ئوتۆمبیلی تایبەتی دەوڵەت کراون بەمەبەستی بردنیان بۆ دیداری قەزافی.[١٥]

تۆمەتی بێ سەرو شوێنکردنی ئیمام موسا سەدرو دوو هاورێکەی لەلایەن (ئەنجومەنی باڵای شیعەکانی لوبنان)ەوە خرایە ئەستۆی حکومەتی لیبیا، ئەگەرچی حکومەتی لیبیا لەلایەن خۆیەوە ئەوەی رەتکردەوە، کە دەستی لەم کارەدا هەبووبێت، تەنانەت ئەوەشی راگەیاند، کە سەدرو دوو هاورێکەی لە ١٨/ ٩/ ١٩٧٨دا بەفرۆکەیەکی ئیتاڵی، لەتەرابلوسەوە بەرەو ئیتالیا، کەوتوونەتە رێ. لەم رووەوە ئیتالیا لە ١٢/ ٦/ ١٩٧٩دا بەپێی راگەیاندنی دادگا رایگەیاند کە نەسەدرو نە دوو هاورێکەی پێیان نەخستۆتە ناو خاکی ئیتالیاوە.[١٦]

مەسەلەیونبوونی ئیمام موسا سەدر، کە تا ئێستاش بێ سۆراغە، هەروەها لایەنە شاردراوەکانی ئەم پرۆسەیونکردنەو ئەو لایەنەی لەپشت بێ سەرو شوێنکردنیەتی، هەموو ئەمانە تا ئێستا بەتەواوی روون نەبوونەتەوەو هەر بەمەسەلەیەکی تەمو مژاوی ماوەتەوەوەو ساغ نەکراوەتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

## پەراوێزەکان:

١ـ حسن صبرا، عن الصحوة الاسلامية المعاصرة في لبنان. بۆ ئەموتارە تەماشای ئەم کتێبە بکە: الحرکات الاسلامية المعاصرة في الوطن العربي، اسماعيل صبری عبداللهءآخرون...، مرکز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الرابعة، بيروت، حزيران ١٩٨٨، ص ١٦٦.

٢ـ لبنان، دفتر مطالعات سياسیء بين المللي، طرد آوریء تنظيم: احمد نادری سميرمی، چاپ أول، ١٣٧٦، مؤسسه چاپوانتشاراتوزارت امور خارجه، ل١٩ـ ٢٠.

٣ـ هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

٤ـ امام موسی صدر، ياران امام بەروايت اسناد ساواك، جلد أول، مرکز بررسی اسناد تأريخيءزارت اطلاعات، تهران، مهر ١٣٧٩، ص ٢٢.

٥ـ هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

٦ـ الشيخ محمد سرور بن نايف زين العابدين، انتصار حزب اللهوهم أم حقيقه مخادعه.
?WWW. Isl. org، uk. Arabic. Modules. Php

٧ـ عبدالله الحميده، حزب الله: الحقيقه الكامله بالارقام.
.www. Alqlm. Com. Index، cfm? Method= home

٨ـ دروشمەکە بە عەرەبی ئاوا بوو: شيعتنا يموتونولايسئلون بالكفّ.

٩ـ لبنان، دفتر مطالعات سياسيءبين المللي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

١٠ـ امام موسی صدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

١١ـ الشيخ محمد سرور بن نايف زين العابدين. سەرچاوەی پێشوو.

١٢ ـ امام موسی صدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

١٣ـ نهاد حشيشو، احزاب سياسی لبنان، مترجم: سيد حسين موسوی، مرکز ثذوهشهای علميء مطالعات استراتذيك خاورميانة، تهران، ١٣٨٠، ل٦٤.

١٤ـ الشيخ محمد سرور بن نايف زين العابدين. سەرچاوەی پێشوو.

١٥ـ امام موسی صدر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

١٦ـ هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

# نـەســكی دووەم

## باسی یەكەم:

## زاراوەی حــزبوڵلا

**حزبوڵلا** (حزب الله)وەك زاراوە ئەو دەستە یان توێژە دەگرێتەوە، كە خودا بە باشتر لەمرۆڤەكانی تریان دەزانێ.وشەكە دەستەواژەیەكی قورئانییەو بەمانای ئەو تاقم یان دەستەیە لەخەڵك دێت، كە دژی حزبی شەیتانن،واتە دژی ئەوانەن كە شوێنكەوتەی بیرو باوەڕی گومراو شەیتانن.[1]

زاراوەی حزبوڵلا لەقورئانی پیرۆزدا (٣)جار هاتووە. جارێكیان لەئایەتی (٥٦)ی سورەتی (المائده)دا كە دەفەرموێ: ((فأن حزب الله هم الغالبون))و دووجاری دیكەش لەئایەتی (٢٢)ی سورەتی (المجادله)دا كە دەفەرموێ: "اولئك حزب الله الا ان حزب الله هم المفلحون".

سەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەڕابەریی خومەینی (١٩٠٢ـ ١٩٨٩) پاش سەركەوتنی شۆڕش‌و هاتنە سەركاری كۆماری ئیسلامیی ئێران (لەساڵی ١٩٧٩دا) ئەم دەستەواژەیەیان بۆ جیاكردنەوەی پاسداران،واتە پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامی، لە(دوژمنانی شۆڕش)ەكە بەكارهێنا[2].

بۆیە لێرەدا دەكرێ بڵێین ئەم زاراوەیە لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە زیاتروەك بەكارهێنان‌و لكاندنی‌وەك سیفەتێك بە حزبێكی ئیسلامییەوە، بەتایبەت حزبە ئیسلامییە شیعەگەراكان، برەوی سەند.

هەواڵنامەی كتێب

# باسی دووەم:

## گرووپەکانی حزبوڵڵا

**دەستەواژەی** حزبوڵڵا مانای ئەو هێزە گوڕزوەشێنانە دەدات، کە لەپێناوی بەرزراگرتنی ئاڵای شۆڕشی ئیسلامی لەهەموو شوێنێکو لەهەر شوێنێکدا بێت، دەجەنگن.[۳] کەواتە بەگوێرەی ناوەڕۆکی ئەم لێتێگەیشتنە لەدەستەواژەی حزبوڵڵا، ئەو حزبەوەک دەستەیەکی دیاریکراوی خەڵك تایبەت نین بە ناوچەیەکی دیاریکراوەو زادەی کاتێکی دیاریکراویش نین، بەڵکو لەهەر شوێنێکدا کە شۆڕشی ئیسلامی پێویستیی پێ هەبێت، ئەندامانی حزبوڵڵا لەوێن. لەراستیشدا چەندین گرووپی حزبوڵڵا لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا،وەك گرووپی ئیسلامی دەرکەوتوونو چالاکییان هەیە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ـ ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ـ سەرجەم گرووپەکانی حزبوڵڵا لەناوچەووڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە (١٩٧٩) دەرکەوتوون.

> **چەندین گرووپی حزبوڵڵا لەناوچە جیا جیا کانی جیهاندا، وەك گرووپیئیسلامی دەرکەوتوون و چالاکییان هەیە**

لێرەدا بەکورتی باس لەهەندێ لەگرووپەکانی حزبوڵڵا دەکەین:

### حزبوڵڵای ئێران:

دەتوانین بڵێین حزبوڵڵای ئێران ئەو تۆرە رێکخراوەییەیە، کە لەنێو جەستەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایەو لەو رێگەیەوە کاربەدەستانی ئیسلامیی ئێران سەرپەرشتیی لقو گرووپە

جۆراوجۆرەکانی حزبوڵلا لەوڵاتانی جیاجیای دنیادا دەکەن.

لەنیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا حزبوڵڵای ئێران بە بەشداریی هەڵسوڕاوانی حزبوڵلا لە ٣٢وڵاتدا یەکەمین کۆنگرەی جیهانیی حزبوڵڵای لەشاری (قوم)ی ئێراندا بەست. کەتیایدا بڕیاردرا حزبوڵڵای ئێران ناوەکەی بگۆردرێ بۆ "ڕێکخراوی جیهانیی حزبوڵلا"و ببێ بە ڕێکخستنێکی فیکریو ڕۆشنبیریی نێودەوڵەتی.[٤] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، ئێرانی ئیسلامی، بەهۆی ئەو فشارە نێودەوڵەتییەی لەسەریەتی،ویستویەتی مۆرکی سیاسی لەو گروپانەی حزبوڵلا دامالێ (جگە لەلوبنان) کە لەوڵاتە جیاجیاکاندا درێژەیان بە کارو چالاکی سیاسیی خۆیان لەبەرژەوەندی بەهێزکردنی پێگەی شیعە بەتایبەتیو ئێران بەگشتی دەدات

بێگومان ئەمە بەوەرچەرخانێك لەمێژووی گروپەکانی حزبوڵڵادا دادەنرێ، کە ساڵانی پێشتر لەوڵاتانی جیاجیادا تۆمەتی ئەنجامدانی جۆرەها کاری توندوتیژیو سەربازی دەدرایە پاڵیان، بەڵام لەدوای ئەو کۆنگرەیەوە «ڕێکخراوی حزبوڵڵای جیهانی» خۆیوا نیشان دەدا، کە چالاکییەکانی تەنیا لەبواری فیکریو ڕۆشنبیریدا رادەپەڕێنێ.

مجتەبا بیکدلی قسەکەری حزبوڵڵای ئێران جەختی لەوە کردۆتەوە کە (محەمەد باقر خەرازی) سەرلەنوێوەك سکرتێری گشتی حزبوڵڵاو ئایەتوڵلا (محەمەد موئمین)، کە یەکێکە لەفەقیهزانە ئەندامەکانی ئەنجومەنی پاراستنی دەستوورو ئەنجومەنی شارەزایان لەئێران، بەکۆی دەنگ بەفیقهزانی حزبوڵلا هەڵبژێردرانەوە.

کۆنگرەی گشتیی حزبوڵڵای ئێران لەرۆژی ١٩/ ٥/ ٢٠٠٥دا بە بەشداریی ئەندامانی لە ٢٣٠ شارو شارۆچکەی ئێرانەوە، جگە لەنوێنەرانی گروپەکانی حزبوڵلا لەوڵاتانی جیاجیای جیهان، بەسترا.[٥]

## حزبوڵلا لەئەرجەنتین:

لەساڵی ١٩٨٤دا ئێران هەوڵێکی زۆریدا لە (بۆینس ئایرس)ی پایتەختی ئەرجەنتیندا گروپێکی ئیسلامی بەناوی حزبوڵڵاوە دروست بکات. بۆ ئەم مەبەستە حوجەتتولئیسلام رەببانی لەشاری (قوم)ی ئێرانەوە لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە نێردرایە ئەرجەنتین. ژمارەیەك لەلاوانی چاك مەشق پێکراو بەهاوڕێیەتی (رەببانی) روویان لەووڵاتە کردو

لەناوچەی دەوروبەری حوسێنییەی شیعەکان لە (بۆینس ئایرس)دا، کە ژمارەیەکی زۆر شیعەی لوبنانیی لێ نیشتەجێ بوو، جێگیر بوون.[٦] رەببانیو ئەوانەی لەگەڵی چووبوون، دەستیان کرد بەرێکخستنی ئەو کەسو خێزانانەی کە بەرەسەن عەرەبی عیراقیو لوبنانی بوون، بەتایبەت شیعەکان.

## حزبوڵڵا لەئەڵمانیادا :

کازم دارابی، کەوەك دپلۆماتێکی ئێرانی لەئەڵمانیادا کاری دەکرد، لەراستیدا سەرۆکی حزبوڵڵا بوو لەووڵاتەدا[٧]. ناوبراووەك بەشێك لەهەڵسوڕانو چالاکییەکانی حزبەکەی تیمێکی غافڵکوژیی تایبەتی دروستکردو یەکێك لەچالاکییەکانی ئەو تیمە تایبەتە ئەو ئۆپەراسیۆنەبوو کەبەمەبەستی کوشتنی (سادق شەرەفکەندی) سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو سێ هاوڕێکەی لەساڵی ١٩٩٢ لەبەرلین ئەنجام درا[٨].

شیاوی باسە شەرەفکەندیو هاوڕێکانی بۆ بەشداریکردن لەکۆبوونەوەی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال، کە حزبەکەیان تیایدا ئەندامە، چووبوونە ئەووڵاتە.

## حزبوڵڵای عیراق:

سەرۆکی ئەم گروپە (عەبدولکەریم محەمەداوی)یە، کە بەئەمیری زۆنگاوەکان ناسراوە. ئەندامەکانی ئەم گروپە لەناوچەکانی پارێزگای (عیمارە) لەباشوری عیراقدا هەڵسوڕانیان هەیە. بەر لەروخانی رژێمی سەدام حوسێن (٢٠٠٣) ئەم گروپە ساڵانێك بوو دژ بەدامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعس چالاکیی چەکدارییان لەناوچەی زۆنگاوەکان لەباشوری عیراقدا ئەنجام دەدا.

سەرۆکی گروپەکە لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی بەعسەوە گیراوەو شەش ساڵ لەزینداندا ماوەتەوە.

دوای روخانی رژێمی بەعس (محەمەداوی) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی (مجلس الحکم) لەعیراق کە لەهاوینی (٢٠٠٣)دا دروستبوو.[٩] بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥دا ئەم گروپە رێگەی بەشداربوونی پێنەدرا.[١٠]

هەواڵنامەی کتێب

## بزووتنەوەی حزبوڵڵای عیراق:

سەرۆکی ئەم گروپە (حەسەن رازی کازم ئەلساری)یە. ئەم گروپە لەساڵانی سەرەتای شەڕی عیراق ـ ئێران (١٩٨٠ـ ١٩٨٨) بەنهێنی لەناوچەی زۆنگاوەکانی خوارووی عیراق دامەزراوە. ئەندامانی گروپەکە بەشدارییەکی چالاکانەیان لەراپەڕینی (١٩٩١)ی خەڵکی باشووری عیراق دژ بەرژێمی سەدام حوسێن کردووەو ئەوکات ئەو گروپە (١٧) فەوجی شەڕکەری هەبووە.

لەماوەی هەڵسوڕانی سیاسیو سەربازیی خۆیدا ئەم گروپە (٧٠٠) شەهیدی داوەو نزیکەی ١٢٠٠ چالاکیی سەربازیی هەبووە.[١١] رێکخستنەکانی ئەم گروپە لەناوچەی زۆنگاوەکانی (حوێزە) لەپارێزگای عیمارە چالاکییان هەیە.

ئەم گروپە، سەبارەت بە دۆخی ئێستای عیراق، بڕوای بە بەرگریی ئاشتیخوازانە دژ بە هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق هەیە، بەڵام بەمەبەستی جێگیرکردنی هێمنیو ئارامی لەعیراقدا چەکدارانی گروپەکە چەندین تێرۆریستیان دەستگیرکردووەو داویانەتە دەست دەزگا بەرپرسەکان.[١٢] سەرۆکی بزووتنەوەکە لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا ئەندامی لیستی ئیئیتلافی یەکگرتووی عیراق بووە.

## حزبوڵڵا لەتورکیا:

ئەم گروپە کە (حسێنوەلی ئۆغلو) سەرۆکی بوو، لەساڵی ١٩٩١دا لەناوچە کوردنشینەکانی تورکیادا هەڵسوڕانو چالاکیی هەبوو. گروپەکە بڕوای بە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەتورکیا هەبوو. دامو دەزگا ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا چاوپۆشییان لەچالاکییەکانی ئەم گروپە دەکرد، چونکە ئەندامەکانی ئۆپەراسیۆنی تۆڵەو تۆقاندنیان دژ بە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKKو پارتە چەپەکانی دیکە ئەنجام دەدا.[١٣]

هەروەها ئەندامانی ئەم گروپە نەیارانی خۆیان دەرفاندو لەحەشارگەکانی خۆیاندا تا مردن ئەشکەنجەیان دەدانو پاشان تەرمەکانیان ئەنجن ئەنجن دەکردنو بەکۆمەڵ لەژێر



هەولێرنامەی کتێب

زەوی، لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا، دەیانناشتن.

تا ساڵی ١٩٩٣ دەوڵەتی تورکیا نکوڵیی لەبوونی حزبێك بەناوی حزبوڵڵاوە دەکرد.وەزیری ناوخۆ (عیسمەت سزگین) لەو بارەیەوە گوتی: لەتۆمارەکانی ئێمەدا ڕێکخراوێك نییە بەناوی حزبوڵڵاوە.[١٤]

حزبوڵڵا لەهاوینی ١٩٩١ تا کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٩٢ نزیکەی ٢٢٥ ئۆپەراسیۆنی (کوشتن)ی دژ بە نەیارانی خۆی ئەنجامدا، کە یەکێك لەکوژراوەکان (ویداد ئایدن) ئەندامی پارتی کاری میللی (HEP) بوو.[١٥]

سەرۆکی گروپەکە (حسێن‌وەلی ئۆغلو) پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لەکوردستان - عیراق)دا هەبووەو جارێکیش لەگەڵ ڕابەری پێشووی بزووتنەوە مەلا عوسمان عەبدولعەزیزدا کۆبۆتەوە.[١٦]

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا دەسەڵاتدارانی تورك بڕیاریاندا هەڵمەتێك دژ بەو گروپە دەست پێ بکەن. لەم چوارچێوەیەدا لە (وان) ٣٨ کەسیان دەستگیرکرد، کە (١٢)یان فەرمانبەری حکومەت بوون. لەشاری دیاربەکریش پاش ئەوەی لەنێو ماڵێکدا زەوی هەڵکۆڵدرا، چەندین تەرم دۆزرانەوە، کە قوربانیی دەستی ئەندامانی حزبوڵڵا بوون.[١٧] لەسەرەتای شوباتیشدا (٧٢) ئیمامی مزگەوت، بە تۆمەتی بوونی پێوەندی بەحزبوڵڵاوە، لەسەر کار لابران.

لەو هەڵمەتەدا کە دژ بەحزبوڵڵا دەستی پێکردبوو (حسێن‌وەلی ئۆغلو) کوژرا. دوای ئەوە ڕۆژنامەی (حوریەت)ی تورکی نووسیبووی کە (وەلی ئۆغلو) لەساڵی ١٩٨٨ لەئێران خولی ڕاهێنانی سەربازیی بینیوە.

شیاوی باسە هەڵمەتی لەناوبردنی حزبوڵڵا لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی تورکیا هاوکات بوو لەگەڵ پاشەکشەی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەخەباتی چەکداری دژ بە دەوڵەتی تورکیا، دوای گرتنی ئۆجەلان لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩. ئەمەش ئەو باوەڕەی سەلماند، کە لەناوەندە سیاسییەکانی تورکیادا هەبوو، کە ئیدی دەوڵەتی تورکیا کارێکی نەماوە بەحزبوڵڵا تا ڕێگە لەتەشەنەسەندنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بگرێ.

## حزبوڵڵای کورد:

ئەم گروپە لەساڵی ١٩٨٤ لەگەرمەی شەڕی عیراق ـ ئێران بەسەرۆکایەتی شێخ محەمەد خالید بارزانیو لەسەر داواو بەسەر پەرشتیی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراق) کە محەمەد باقر ئەلحەکیم[١٨] سەرکردایەتیی دەکرد،وەك لایەنێکی نێو ئەو ئەنجومەنە دامەزرا.[١٩]

پاشان شێخ ئەدهەم بارزانی لەو گروپە جیابووەوەو گروپەکەی خۆی بۆ خۆجیاکردنەوە لە (حزبوڵڵای کورد) ناونا (حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد)و ڕۆژنامەیەکی بەزمانی کوردی بەناوی (ڕووناکی)یەوە دەرکرد.[٢٠]

حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد لەماوەی ساڵانی پێش ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا درێژەی بەپێوەندییەکانی خۆی لەنێو (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراق)داو لەم ڕێگەیەشەوە پێوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئێراندا هەبوو.

لەدوای گۆڕانکارییەکانی ئابی ١٩٩٦ لەهەرێمی کوردستاندا (حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد) چووە نێو (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوەو بوو بەشێك لەو پارتەو سەرۆکەکەشی بەگوێرەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە ٣٠/ ١/ ٢٠٠٥دا لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو (هاوپەیمانی کوردستان)دا بوو بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانو پاشان لەکۆنگرەی سێزدەهەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کەلە....دا لەشاری هەولێر بەسترا بوو بەئەندامی سەرکردایەتی.

پەراوێزەکان:

١ـ مايك پوهلى، الشبكة الأصولية، تعريف بالمنظمات الاصولية الاسلامية في العالم، ترجمة الدكتور فريدون كاكەيى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠١، ل٥٩

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل.٥٩

٣ـ مايكل پوهلى، هەمان سەرچاوە، ل٥٩.

٤ـ صحيفة (الوفاق) الأيرانية، العدد ٢٢٢٤، ٢٢ أيار ٢٠٠٥، ل١

٥ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١.

٦ـ مايكل پوهلى، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠

٧ـ مايكل پوهلى، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

٨ـ هەمان سەرچاوە. ل٥٩.

٩ـ www. News. bbc. Co، uk/ ni

١٠ـ الانتخابات العراقية بين الآمال ردود الأفعال

www. Arabic. Cnn. Com/٢٠٠٥/ middle– east

١١ـ علاء حسن، "حزب اللة في العراق" ينفي صلتة باللبناني. صحيفة الوطن السعودية، ١٥ نوفمبر ٢٠٠٣.

١٢ـ هەمان سەرچاوە.

١٣ـ الدكتور فرهاد بهاءالدين، نهاية حزب الله في تركيا. مجلة شؤون اسلامية، العدد (٦)، آب ٢٠٠٠، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ص١٤.

١٤ـ هەمان سەرچاوە. ل١٥.

١٥ـ هەمان سەرچاوە ل١٥.

١٦ـ هەمان سەرچاوە. ل١٥.

١٧ـ هەمان سەرچاوە. ل١٥, ١٤

١٨ـ ئايەتوڵلای مەزن محەمەد باقر ئەلحەکیم کوڕی ئایەتوڵلای مەزن سەید موحسین تەباتەبائی ئەلحەکیم مەرجەعی باڵای شیعەی عیراقەو لەساڵی ١٩٣٩ لەشاری نەجەف لەخواروی عیراق لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٦٤وەك مامۆستای زانستەکانی قورئانو شەریعەتو فیقهی بەراوردکاری لەکۆلێجی (ئوسوڵی

هەواڵنامەی کتێب

دین) دامەزراوە. چەندین کتێبی هەیەوەك (الحکم الأسلامی بین النظریةءالتطبیق)، (دور الفرد في النظرية الآقتصادية الأسلامية)، (المستشرقونءشبهاتهم حول القرآن)و، (حقوق الأنسان منءجهة نظر اسلامية). لەساڵی ١٩٨٠دا عیراقی بەجێهشتو چووە سوریاو لەوێوە چووە ئێران. لەساڵی ١٩٨٢دا (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعیراق)ی دامەزراندو خۆی سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو. لەدوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا پاش ٢٣ ساڵ لەژیانی ئاوارەیی گەڕایەوە عیراق. لە ٢٩ی ئابی هەمان ساڵدا لەکاتی پێشنوێژیی نوێژی هەینیدا لەنەجەف بەهۆی ئوتومبیلی مینڕێژ لەلایەن رێکخراوی قاعیدەوە خۆیو ژمارەیەکی زۆر لەنوێژکەرانی شیعە بوونە قوربانی.

سەرچاوە: http:// ar.wikipedia. org/w/lndex. Php? Title

١٩- د. حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزء الأمريكى ١٩١٤-٢٠٠٤، مكتبة مدبولي، الطبعة الأولى، ٢٠٠٥، القاهرة، ص١٩٦.

٢٠- هەمان سەرچاوە. ل١٤.

هەولێرنامەی کتێب

# نەسکی سێیەم

## باسی یەکەم:

## سەرەتاکانی پەیدابوونی حزبی ئیسلامیی شیعەگەرا لەلـــوبنان

هەواڵنامەی کتێب

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوودا چەند گروپێکی بچوکی لاوان لەلوبناندا هەبوون، کە دەکرێ بە سەرەتایەکی دروستبوونی حزبی ئیسلامییان لەقەڵەم بدەین.[١] ئەو گروپانە سالانێکی زۆر لەدەوری زانا ئاینییەکان کۆبووبوونەوە، کە بەناوبانگترینیان سەید محەمەد حوسێن فەزلوڵلابوو. ناوبراو پێشەنگی ئەو کەسانە بوو کە لقی (حزبی دەعوەی ئیسلامی)یان لەلوبنان دروست کرد.[٢]

حزبی دەعوەی ئیسلامی لەساڵی ١٩٥٧ لەعیراقدا لەلایەن محەمەد باقر سەدرەوە[٣] دروستکرا، کە دواتــروەك حزبێکی شیعەگەرای نێونەتەوەیی بارەگای سەرەکیی هەر لەعیراقدا مایەوەو لقی لەلوبنانووڵاتانی کەنداوو پاکستانو ئەفغانستاندا دروستکرد.[٤]

جگە لەفەزلوڵلا، رۆڵی شێخ محەمەد مەهدی شەمسەدینیش کارا بوو. ناوبراو یەکەمین کەس بوو محەمەد باقر سەدری دامەزرێنەری حزبەکە رووی لێنا تا لقی (دەعوە) لەلوبناندا بکاتەوە، بەڵام شەمسەدین چوارچێوەی لوبنانی بۆ کارکردنی سیاسی لەچوارچێوەی نێونەتەوەیی بەلاوە گرنگتربوو. هەروەها ناوبراو دژی قەوارەی لوبنان نەبوو، نەشیدەویست ئەو قەوارەیە بڕووخـێ،وەك فەزلوڵلاوای بیردەکردەوە.[٥]

گروپەکانی سەر بە دەعوە لەلوبناندا لەدەوری فەزلوڵلادا کۆبوونەوە. فەزلوڵلا خۆیشی بۆ ئەم مەبەستە لەبواری کۆمەڵایەتیدا دەستی بە چالاکی کۆمەڵایەتی کرد، هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەناوچەی "نەبعە"، لەباکوری رۆژهەڵاتی بەیروتدا، ماڵی برایەتی (اسرە

التێخی)ی دروستکرد، کە بوو بەبناغەی دەستپێکردنی کاری سیاسی لەنێوەندی شیعەکانی لوبناندا.[6]

سەرەڕای جوڵەو چالاکییەکانی فەزلوڵڵا لەلایەکو هەروەها محەمەد مەهدی شەمسەدینیش لەلایەکی دیکەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی موسا سەدر کەسێکی هەڵکەوتووبوو، بۆیە نە سەید فەزلوڵڵاو نە شەمسەدینو نە گروپەکانی سەربە دەعوەش نەیاندەتوانی شان لەشانی بدەن، ئەمەشوای کرد بوو کە هەم فەزلوڵڵاو هەم شەمسەدینو هەم کەسانی سەر بەو گروپانەش کە لەدەوری (دەعوە) کۆبووبوونەوە زیاتر لەبۆنە ئایینییەکاندا دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ دەرکەون، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی موسا سەدر لەنێو شیعەکانی لوبناندا لەو رۆژگارەدا بوو بوو بە کەسایەتیەکی گەورەو کاریگەرییەکی زۆری پەیدا کردبوو.[7]

لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەی بێ نەوایاندا کە ئیمام موسا سەدر لەساڵی ١٩٧٥دا لەژێر دروشمەکانی (باوەڕی تەواو بە یەزدان، باوەڕ بە ئازادیی تەواوی نیشتمان، نەهێشتنی ستەمی ئابووریو مەینەتیەکانو دۆزینەوەی هەل بۆ هەمووان، تێکۆشان دژ بە ئیستعمارو دەستدرێژییەکانی بۆ سەر لوبنان، پیرۆزیی خاکی فەلەستینو خەباتکردن بۆ رزگارکردنی)[8] دروستیکرد بوو، پاشان گەشەکردنی بزووتنەوەی (ئەمەل: فەوجەکانی بەرگریی لوبنانی)یشوەك باڵی سەربازیی بێ نەوایان، ئەو گروپانەی سەر بە فەزلوڵڵا بوونوەك دەستەی بچوك بچوك مانەوەو زیاتر خەریکی کاری پەروەردەی رۆشنبیریی ئایینی بوون لەوەی بەکاری سیاسییەوە سەرقاڵ بن.[9]

بزووتنەوەی بێ نەوایان لەمەیدانی کاری سیاسیو

> **بزووتنەوەی بێ نەوایان لەمەیدانی کاری سیاسیو کۆمەلایەتیدا، بزووتنەوەی ( ئەمەل ) یش لەمەیدانی خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگریکردن لە شیعەکانی لوبنان لەمەیدانی کاری سەربازیدا، توانییان چەند ئاراستەیەکی جیاواز لەرەفتارو هەڵوێستی خۆیاندا کۆبکەنەوە**



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتیدا، بزووتنەوەی (ئەمەل)یش لەمەیدانی خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگریکردن لەشیعەکانی لوبنان لەمەیدانی کاری سەربازیدا، توانییان چەند ئاراستەیەکی جیاواز لەرەفتارو هەڵوێستی خۆیاندا کۆبکەنەوە، کە بێگومان بانگەوازی رووتی ئایینیش پانتاییەکی فراوانی لەو نێوەدا لەخۆگرتبوو. ئەمەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:[١٠]

یەکەم: کەسێتیی ئایینیی ئایەتوڵلا ئیمام موسا سەدر. ناوبراو ئەگەرچی بەپلەی یەکەموەك سەرکردەیەکی سیاسی رەفتاری دەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا زانایەکی ئایینی پایەبەرزو (سەید)یش بوو، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی بزووتنەوەکەی هەبوو.

دووەم: بەرنامەی سیاسیی بزووتنەوەکە جەختێکی زۆری لەسەر مەسەلە ئایینییە گشتییەکان کردبوو، ئەمەش رۆڵێکی گەورەی لەراکێشانی شیعەکان، بۆ نێو بزووتنەوەکە، هەبوو.

سێیەم: ئەو داموو دەزگایانەی کە بزووتنەوەی بێ نەوایانو ئیمام موسا سەدر دایانمەزراند بوو مۆرکێکی ئایینیو ناوەڕۆکێکی مەزهەبیی شیعەگەرایان هەبوو، جا ئەو دەزگایانە چ سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان تەندروستی یان فێرکاری بووبن.

بزووتنەوەی بێ نەوایان، کە پاشان بەناوە سەربازییەکەی، کەبزووتنەوەی ئەمەلەو کورتکراوەی (أفواج المقاومە اللبنانیە) یە، زیاتر ناسراوتوانی بوارێکی باش، بۆ چرۆکردنی بیرو باوەڕی ئایینی شیعەگەرای عەقیدەیی لەلوبنان لەنێو شیعەکاندا خۆش بکات، بە تایبەت کە پێش دروستبوونی (ئەمەل)، ئەو گروپانەی کە هەبوون، بچوكو پەرشو بڵاو بوون.

هەولێرنامەی کتێب

# باسی دووەم:
# دروستبوونی حزبوڵڵای لوبنان

**سەرەتای** دامەزراندنی حزبوڵڵای لوبنان بۆ ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی هەندێ لەباوەڕدارانی ئیسلامیی شیعەگەرا لەنێو بزووتنەوەی (ئەمەل)و ژمارەیەکی دیکەش لەدەرەوەی (ئەمەل)[١١] گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کەسستیەك باڵی بەسەر مەیدانی ململانێ‌و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئیسرائیل لەباشووری لوبناندا کێشاوە، بۆیە چوونە سەر ئەو باوەڕەی کە دروستکردنی گروپێکی سیاسیی ئیسلامی مەرجێکی پێویستە بۆ دەربازکردنی لوبنان لەکێشەی ململانێی لەگەڵ ئیسرائیلدا.[١٢]

لێرەوە دەکرێ بڵێین چونکە حزبوڵڵا لەسەروەختێکدا دروستبوو، کە هێزەکانی ئیسرائیل لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هێزە فرەرەگەزەکانی سەر بەوڵاتانی (ئەمریکا، بریتانیا، فرەنساو ئیتاڵیا) کۆنترۆڵی (بەیروت)یان کردبوو،[١٣] ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر دروستکەرانی حزبوڵڵا سەبارەت بەوەی ئامانجی سەرەکی‌و لەپێشی حزبوڵڵاوا دابڕێژن، کە بریتی بێت لەتێکۆشان‌و بەکارهێنانی زەبرو زەنگ لەسەر بنەمای (جیهادکردن) دژ بەهێزەکانی ئیسرائیل‌وەك هێزی داگیرکەری بەیروت‌و باشووری لوبنان.[١٤]

حزبوڵڵا هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوەوابەستەیی خۆی بەلایەنێکی دەرەکی ئاشکرا کرد بەوەی ڕایگەیاند، کە باوەڕی بەویلایەتی فەقیە هەیەو خۆی بە پابەندو ملکەچی (ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی) لەئێران دەزانێ، تەنانەت ئەوەشی ڕاگەیاند، کە دەبێ هەموو موسڵمانێك، بەپێی شەرعی ئیسلام، خۆی بەملکەچی فەرمانەکانی (وەلی ئەمر: فەرماندار)ی موسڵمانان دابنێت، کە لە ڕابەری شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا بەرجەستە بووە، کە لەهەمان کاتدا ڕابەری شۆڕشی ئیسلامییە لەجیهانیشدا.[١٥]

بێگومان دروستبوونی حزبوڵڵا کاریگەرییەکی گەورەی شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانی بەسەرەوە بوو، بەتایبەت ئەگەر لەوەوردبینەوە کە لقی لوبنانی حزبی دەعوەی

ئیسلامی دوای هاتنه سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵوەشایەوە.[١٦]

لەنێو بزووتنەوەی (ئەمەل)یشدا ئەوانەی لایەنگریی تەواویان لەشۆڕشی ئیسلامیی ئێران دەکرد،وردەوردە ریزەکانی (ئەمەل)یان بەجێدەهێشتو لەژێر کاریگەریی سەرانی ئەو شۆڕشەدا خەریکبوون رەوتێکی تازەیان دروست دەکرد، کە دەکرێ بە هەوادارانی ئێرانی ئیسلامی ناوزەدیان بکەین،وەك نمونە لەم رووەوە دەکرێ باس لەجیابوونەوەی هەریەك لەلێپرسراوی نووسینگەی تارانی (بزووتنەوەی ئەمەل) سەید ئیبراهیم ئەمین‌و هەروەها جیابوونەوەی حوسێن موسەوی کە بزووتنەوەی ئەمەلی ئیسلامیی دروستکرد،[١٧] بکەین.

ئەم دوو جیابوونەوەیە، هەردووکیان لەسۆنگەی ئەوەوە روویاندا کە (نەبیه بەری)[١٨]ی سەرۆکی (بزووتنەوەی ئەمەل) بەنوێنەرایەتی بزووتنەوەکە بەشداریی کرد لەبەرەی فریاکەوتنی نیشتمانی (جبهة الأنقاذ الوطني).

ئەم بەشدارییەش لەسەر داوای سەرۆکی ئەوکاتی لوبنان ئەلیاس سەرکیس بوو. بەرەی فریاکەوتن خۆیشی لەسەر داوای نێردراوی تایبەتیی ئەمریکا فیلیب حەبیب دروستکراو تیایدا بەشیر جومەیل نوێنەری مەسیحیە مارۆنییەکان،وەلید جونبولات نوێنەری دروز، شەفیق ئەلوەزان جگە لەوەی سەرۆکوەزیران بوو نوێنەری موسڵمانە سوننەکانیشی دەکرد، فوئاد پەترۆس نوێنەری مەسیحییە ئەرسەدۆکسەکانو، نەسری مەعلوفیش نوێنەرایەتی کاسۆلیکەکانی دەکرد.[١٩] بەڵام چونکە لەو بەرەیەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران، چ بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ هیچ رۆڵێکی نەبوو، ئەمە لایەنگرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەنێو (بزووتنەوەی ئەمەل)دا نیگەران‌و تورە کرد، تەنانەت کارگەیشتە ئەوەی کە (سەید ئیبراهیم ئەمین)ی لێپرسراوی نووسینگەی (ئەمەل) لەتاران لەسەروبەندی دروستبوونی (بەرەی فریاکەوتن)دا کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی ببەستێ‌و تیایدا جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە ئەم بەرەیەی ناوی لەخۆ ناوە (بەرەی فریاکەوتنی نیشتمانی) لە لوبناندا جگە لە "بەرەیەکی ئەمریکایی" هیچی دیکە نییە.[٢٠]

لەناوخۆی لوبنانیش‌و لەنێو بزووتنەوەی (ئەمەل)دا لایەنگرانی ئێرانی ئیسلامی دژی سەرکردایەتی بزووتنەوەی (ئەمەل)و بەشداریی لەو بەرەیەدا کەوتنە جموجۆڵ. ئیتر جێگری ئەوکاتی سەرۆکی بزووتنەوەکە (حوسێن موسەوی) هێزە لایەنگرەکانی خۆی لەنێو بزووتنەوەکەدا بۆ هێرشکردنە سەر بارەگاکانی (بەرەی فریاکەوتنی نیشتمانی) لەناوچەی

بیقاع كۆكردەوەو بەمەش هێزەكانی خۆی لەهێزەكانی نەبیه بەڕی جیاكردەوەو گروپێكی نوێی بەناوی (بزووتنەوەی ئەمەلی ئیسلامی) ڕاگەیاند. ٢١

گروپەكەی حوسێن موسەوی كە بۆ خۆجیاكردنەوە لە (بـزووتـنـەوەی ئەمەل بەسەرۆكایەتیی نەبیه بەڕی ناوی لەخۆی نا (بزووتنەوەی ئەمەلی ئیسلامی)، ئیلهامیان لەكۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەوەرگرتبوو. دەكرێ دروستبوونی ئەم گروپە بەسەرەتاو ناوكی دروستبوونی حزبوڵڵای لوبنان لەقەڵەم بدرێ. دوا بەدوای ئەمە مەكتەبی سیاسی (بزووتنەوەی ئەمەل) كۆبوونەوەیەكی كردو بەڕەسمی بڕیاری دەركردنی (حوسێن موسەوی)ی لەبزووتنەوەی ئەمەل بڵاوكردەوە.[٢٢]

پەراوێزەكان:

١ـ حسن صبرا، عن الصحوة الأسلامية في لبنان، في كتاب: اسماعيل صبري عبدالله‌ءآخرون، الحركات الأسلامية المعاصرة في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الرابعة، بيروت، حزيران ١٩٩٨، ل ١٧١.

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ١٧١.

٣ـ هەمان سەرچاوەی پێشوو،

٤ـ حسن صبرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠ـ ١٧١.

٥ـ حسن صبرا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

٦ـ حسن صبرا، هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

٧ـ حسن صبرا، هەمان سەرچاوە، ل١٧٢.

٨ـ لبنان، دفتر مطالعات سیاسیء بین المللی، سەرچاوەی پێشوو، ص١١.

٩ـ حسن صبرا، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٣.

١٠ـ حسن صبرا، سەرچاوەی پێشوو،ص ١٧٠.

١١ـ لبنان، دفتر مطالعات سیاسیء بین المللی، سەرچاوەی پێشوو، ص.١١٤

١٢ـ نهاد حشیشو، احزاب سیاسی لبنان، مترجم: سید حسین موسوی، مركز ثذوهشهای علميء مطالعات استراتذیك خاورمیانه، تهران، ١٣٨، ص ٤٣.

١٣ـ لبنان، دفتر مطالعات سیاسیء بین المللی، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٤.

١٤ـ لبنان، دفتر مطالعات سیاسیء بین المللی، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٤.



هەواڵنامەی كتێب

١٥ـ لبنان، دفتر مطالعات سياسىء بين المللى، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

١٦ـ لبنان، هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

١٧ـ نهاد حشيشو، احزاب سياسى لبنان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

١٨ـ نهاد حشيشو، هەمان سەرچاوە، ل٤٣، ٤٤.

١٩ـ نەبيه مستەفا بەرِی ساڵی ١٩٣٨ لەسيراليون لەدايك بووە. خوێندنی باڵای لەسۆربۆن لەپاريس تەواو كردووە. لەساڵی ١٩٨٠ بۆتە سەرۆكی بزووتنەوەی ئەمەل. لەساڵی (١٩٨٤)ەوە چەند پۆستێكیوەزاريی لەلوبنانوەرگرتووەوەك وەزارەتی داد، سامانە ئاوييەكان،وەزيری باشوور،وەزارەتی نيشتەجێكردن. لەساڵی ١٩٩٢ بۆتە سەرۆكی پەرلەمانی لوبنانو ساڵی ١٩٩٦، ،بۆ هەمان پۆست، هەڵبژێردرايەوەو تا ئێستاش بەردەوامە.

سەرچاوە: عبداللة الحميدة، حزب اللة: الحقيقة الكاملة بالأرقام.

www. Alqlm. Com./ index. Cfm? Method= home

٢٠ـ حسن صبرا، عن الصحوة الأسلامية في لبنان، في كتاب: اسماعيل صبرى عبدالله...ءآخرون، الحركات الأسلامية المعاصرة في الوطن العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الرابعة، بيروت، حزيران ١٩٩٨، ل١٧٤.

٢١ـ نهاد حشيشو، سەرەچاوەی پێشوو، ل٤٤.

٢٢ـ  نهاد حشيشو، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

هەولێر كتێب

# بەشی چوارەم

## باسی یەکەم:

## ئایدیۆلۆجیای حزبوڵڵا

حزبوڵڵا ناسنامەیەکی عەقیدەیی ئیسلامیی جیهادیی هەیە.[1] کە ئەو چەمك و بەهایانەی هەڵیگرتووە، لەئیسلامو لەنێو ئیسلامیشدا زیاتر لەمەزهەبی شیعەگەرییەوە سەرچاوە دەگرن. حزبوڵڵا هەر لەسەرەتای دامەزرانو کارکردنی خۆیەوە باوەڕو ئایدیۆلۆجیای خۆی لەرێگەی بەیاننامەیەکەوە، بەناونیشانی (ئێمە کێینو ناسنامەمان چییە)[2]، وەك حزبێکی سیاسیی ئیسلامیی شیعەگەرا ڕاگەیاند. وحزبوڵڵا، لەو بەیاننامەیەدا، پوختەی بیرو باوەڕو هەڵوێستە سیاسییەکانی خۆی خستەڕوو، بەتایبەت ئەوەی بۆ هەموو لایەك دەرخست، کە خۆی بەپابەندی ئەو ڕابەرایەتییە دەزانێ، کە لەویلایەتی فەقیهدا بەرجەستە بووە، کە ئەمویلایەتی فەقیهەش لەکەسێتیی (ڕوحوڵڵا ئایەتوڵڵا موسەوی خومەینی)[3] دا بەرجەستە بووە.[4]

پابەندبوونی حزبوڵڵا بەئێرانەوای لەسەرانی ئەو حزبەو هەموو ئەو گروپو لایەنانەی لەهەر جێگەیەکی دنیادابنو هەمان بیرکردنەوەو ئایدۆلۆجیای ئەوانی هەبێت، کرد کە خۆیان بە لایەنگرانی چاکە لەقەڵەم بدەنو ئەوانەش

پابەندبوونی حزبوڵڵا بەئێرانەوای لەسەرانی ئەو حزبەو هەموو ئەو گروپو لایەنانەی لەهەر جێگەیەکی دنیادابنو هەمان بیرکردنەوەو ئایدۆلۆجیای ئەوانی هەبێت، کرد کە خۆیان بە لایەنگرانی چاکە لەقەڵەم بدەنو ئەوانەش کە لەدەرەوەی حزبوڵڵادان، بە حزبی شەیتانو لایەنگرانی خراپەکاری دابنێن

که لەدەرەوەی حزبوڵڵادان، بە حزبی شەیتانو لایەنگرانی خراپەکاری دابنێن، ئەمەش بەپێویست ئەوە دێنێتە گۆڕێ، کە دوای دروستبوونی کۆماری ئیسلامی لەئێران، حزبوڵڵاوەك پابەندبوون بەئێرانو ملکەچی بۆ رابەرایەتییەکەی لە(ناسنامە)ی خۆیاندا خۆیان‌وا پێناس بکەن، کە ئەوان نەوەی حزبوڵڵان، کە خودا پێشەنگی ئەم حزبەی لەئێران سەرخست تا دووبارە دەوڵەتی ئیسلامی لەجیهاندا دروست بکاتەوە[٥]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە حزبوڵڵا خۆی بە بەشێك لەشۆڕشی ئیسلامی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەسەرتاسەری جیهان دەزانێت.

حزبوڵڵاوەك رێکخراوێکی سیاسی خۆی بەئیسلامی دەزانێ‌ووەك لایەنێکی ئیسلامیی سیاسیش نەیتوانیوە شیعەگەرایی خۆی بشارێتەوەو لەناسنامەکەی خۆیدا ئەوەی نیشانداوە، کە کەلتوری حزبوڵڵا لەسەر بنەمای سەرچاوەکانی قورئان، سوننەتو ژیاننامەی پاکیزەکانو ئەحکامو فەتوا فیقهییەکانی مەرجەعەکان دامەزراوە[٦]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ حزبوڵڵا بیروباوەڕەکەی خۆی بە ئایدیاو باوەڕێکی خودایی دادەنێ‌و مرۆڤەکان تەنیا بۆیان هەیە ملکەچو پابەندبن بەو بیروباوەڕەوە، کە حزبوڵڵا دەیخاتە بەردەستیان، نەبۆیان هەیە گفتوگۆو مشتومڕی لەبارەوە بکەن، نەتوانای ئەوەشیان دەبێ رەتی بکەنەوە.

حزبوڵڵا هەر زوو لایەنگرانی خۆی بەوە گۆشکرد، کە بیروباوەڕی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا لەزەینیاندا چەکەرە پێ بکات، کە ئەمەش لەخۆناساندنی سەرەتایدا دەردەکەوێ، پاش ئەوەی لەناسنامەکەیاندا رایانگەیاند کە ئەوان‌وەك حزبوڵڵا بنەمای چالاکییەکانی خۆیان لەسەر بنچینەی خەباتێکی ریشەیی لەدژی خراپەو بەدکاری (مونکیر) دامەزراندووە، لەسۆنگەی ئەوەوە کە بەلای سەرانی حزبوڵڵاوە یەکەمین‌و لەپێشترین خراپەکاری (مونکیر)یش کە دەبێ بەری پێ بگیرێ، ئەمریکایە.[٧]

دژایەتیی حزبوڵڵا لەبەرامبەر ئەمریکاو وڵاتانی ئەورپاو بەدیاریکراویش لەبەرامبەر وڵاتانی ناموسڵماندا تەنیا ئەوە نییە، کە ئەووڵاتانە دان بە ئیسرائیلدا دەنێن‌وەك دەوڵەتێك، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەووڵاتانە ناموسڵمانن‌و دەبێ موسڵمانان‌وەك (کوفر) تەماشایان بکەن‌و هەڵوێستی خۆشیان لەبەرامبەریاندا لەو روانگەیەوە نیشان بدەن، ئەمەش لەو بنەما ئایدیۆلۆجییەوە سەرچاوەی گرتووە کە حزبوڵڵا لەبەیاننامەی خستنەڕووی ناسنامەی خۆیدا ئەوەی‌وەك بنەما چەسپاندووە، کە خەڵکی سەر بەحزبوڵڵا، بڕیاریانداوە خەبات لەدژی

سەرانی کوفر: ئەمریکا، فەرەنساو ئیسرائیل بکەن.[٨]

حزبوڵڵا لەگوتاری فیکری ـ سیاسیی خۆیدا دوو ئامانجی سەرەکیی خستۆتە ڕوو. یەکەمیان پێڕەوکردنی ئیسلامە،وەك سیستمێکی هەمەلایەنەی ژیان. دووەمیش دژایەتیکردنی ستەمو گەندەڵییە لەجیهاندا، بەتایبەت داگیرکاریی خاکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە، هەروەها هەژموونی ئەمریکاووڵاتانی ڕۆژئاوا بەسەر دەوڵەتانی جیهانی عەرەبیو ئیسلامییەوە.[٩]

مەبەست لەئامانجی یەکەم دامەزراندنی سیستمێکی فەرمانڕەوایی ئیسلامییە کە شەریعەتی ئیسلام پێڕەو بکات، بەڵام پاشان لەگەڵ بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانو بەرەوڕووبوونەوەی حزبوڵڵا لەگەڵواقیعی فرەلایەنو فرە مەزهەبی لەلوبناندا حزبوڵڵا بە ناچاری لەدروشمی "کۆماری ئیسلامی لەلوبنان" پاشگەزبوەوەو لەجێگەیدا دروشمی "هەڵوەشاندنەوەی تایەفەگەریی سیاسی"ی لەلوبناندا بەرزکردەوە، کە ئەمەش دروشمێکە زۆربەی حزبو بزووتنەوە سیاسییەکانی ئێستای لوبنان بەیەکێك لەئامانجەکانی خۆیانی دەزانن.[١٠]

جگە لەمەش، ئەگەر لەم دروشمەی دوایی‌وردبینەوە، دەبینین بەتەواوی لەگەڵ دروشمی یەکەم، کە ئامانجی دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی شیعەگەرای لەلوبنان لەخۆگرتبوو، ناکۆکە، ناکۆکییەکەش لەوەدایە کەوازهێنان لە(تایەفەگەریی سیاسی) لەڕووی پۆستەکانی دەوڵەتو دابەشکردنی پلەو پایەکانیدا ئەوەش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە (تایەفەگەریی ئایینی)یش بخرێتە لاوە، کە ئەمەش پێڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام لەسەرانسەری دەوڵەتێکدا کە لایەنو تایەفەی جۆراو جۆری تێدابێت، دەکاتە کارێکی نەك هەر یەکجار ئەستەم، بگرە مەحاڵیش.

کەواتە حزبوڵڵا، کەوەك بنەمایەکی ئایدیۆلۆجی، لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، پابەندبوونی خۆی بەدامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی لەلوبنان نەدەشاردەوەو داوای لەهەموو هاووڵاتییانی لوبنان (بەموسڵمانو ناموسڵمانەوە) دەکرد سیستمی سیاسیی ئیسلامی هەڵبژێرن[١١]، پاشان،وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا،واقیعی سیاسیو فرەلایەنیو فرەئایینیو فرەمەزهەبی لەلوبنان ناچاری کرد، لەسەر زاری شێخ نەعیم قاسم جێگری سکرتێری گشتیەوە، نەك هەر لەو بنەما ئایدیۆلۆجییە پاشگەز بێتەوە، بەڵکو نکوڵی لەوەش بکات کە حزبوڵڵا پێشنیازی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامیی لەلوبناندا کردبێ، تەنانەت

قاسم ئەوەشی گوت کە ئەوانەی هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە حکومەتێکی ئیسلامی لەلوبناندا دامەزرێنن ئازادن لەبیرکردنەوەیاندا، بەڵام حزبوڵڵا هەرگیز باوەڕی بەسەپاندنی دین نییە[١٢].

حزبوڵڵا ئەگەرچی‌وەك لایەنێکی ئیسلامی‌وا خۆی نیشانداوە کە بەرگری لەمافەکانی سەرجەم موسڵمانان بەشیعەو سوننەوە، تەنانەت سەرجەم هاووڵاتییانی لوبنان دەکات، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ببێ بە حزبێك، جگە لەشیعە، لەنێو شیعەشدا جگە لەوانەی کە بڕوایان بەویلایەتی فەقیە هەیە، کەسانێکی تر بخاتە نێو ریزەکانی خۆیەوە[١٣].واتە حزبوڵڵا تا ئێستا نەیتوانیوە خەڵکی سەر بە مەزهەب‌و تایەفەکانی دیکەی نێو لوبنان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. بۆیە ئەگەرچی، کە ئاماژە بۆ ئەو حزبە شیعەگەرایە دەکرێ، بە "حزبوڵڵای لوبنان" ناوزەد دەکرێ، بەڵام چونکە نەیتوانیوە ئەم هەنگاوە بهاوێژێ، سەرەنجام.. هەروەك حزبێکی مەزهەبیی شیعەگەرا ماوەتەوەو بۆی نەکراوە، تەنانەت یەك هەنگاویش رووەو پرۆسەی بە لوبنانیکردنی خۆی بنێت.

## باسی دووەم:

## حزبوڵڵاو کاری رێکخراوەیی

**ئەگەرچی** حزبوڵڵا، حزبێکی ئیسلامییە، بەڵام لەرووی کاری رێکخراوەیی سیاسییەوەویستویەتی خۆی‌وا نیشان بدا، کە نەریتی دیموکراسییانە لەبواری کاری رێکخراوەییدا، بەشێوازە ئیسلامییەکەی کە (شورا)یە، لەنێو خۆی خۆیدا پێڕەو دەکات، بۆ ئەمەش چەند کۆنفرانسێکی بەستووە، کە تیایاندا هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سکرتێری حزبەکەو دەستەی سەرکردایەتی ئەنجام دراوە. دوای ئەوەی (سەید عەباس موسەوی)ی سکرتێری گشتیی حزبەکە لەساڵی ١٩٩٢دا بە دەستی هێزەکانی ئیسرائیل کوژرا[١٤]، کە لەکۆنفرانسی دووەمی حزبەکەدا لەساڵی ١٩٩١ بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرا بوو[١٥]، حەسەن نەسروڵڵا هەر بەسکرتێری گشتیی حزب لەهەردوو کۆنفرانسی سێیەم لەساڵی ١٩٩٣و چوارەم لەساڵی ١٩٩٥ هەڵبژێردرایەوە[١٦]، تا لەکۆنفرانسی پێنجەمی ساڵی ١٩٩٥دا نەك هەر نەسروڵڵا

دیسان بەسکرتێری گشتیی حزبوڵلا هەڵبژێردرایەوە، بەڵکو ئەو کۆسپە ڕێکخراوەییانەش کە هەبوون لەبەردەم هەڵنەبژاردنەوەی کەسێك بۆ پۆستی سکرتێری گشتی لەدوو خول زیاتر، بنبڕکران.[17]

بەمەش نەریتی ئاڵوگۆڕپێکردنی پۆستی سکرتێری گشتی لەنێو ئەندامانی سەرکردایەتیی حزبوڵلادا نەماو ئەو پۆستە لەلایەن سەید حەسەن نەسروڵلاوە پاوان کرا.

حزبوڵلا هەوڵیداوە لەنێو مەیدانی شیعەکانی لوبناندا لەڕووی ڕێکخراوەیی‌و پەیداکردنی زۆرترین ژمارەی لایەنگران باڵادەستیی خۆی بنوێنێ، بەتایبەت کە سەرانی حزبوڵلا لەسەر ئەو باوەڕەن کە بزووتنەوەی ئەمەل زیاتر ناوەڕۆکێکی عەلمانیی نیشتمانیی (واتە پابەندبوونی تەواو بەخاکی لوبنانەوە) ١٨هەیە.[19]

## باسی سێیەم

## حەسەن نەسروڵلا

**حەسەن** نەسروڵلا عەبدولکەریم لە٣١ی ئابی ١٩٦٠دا لەگوندی بازوریەی نزیك شاری (سور)ی باشوری لوبنان لەباوەشی خێزانێکدا، کە بە نەسروڵلاوە نۆ منداڵیان بووە، لەدایك بووە. سێ براو پێنج خوشکی هەیەو خۆی نۆبەرەی دایكو باوکیەتی.

باوکی دوکانداری میوەو سەوزەوات بووە. لەگەڕەکی کرنتینای شاری بەیروت لەدوکانەکەیانداوێنەیەکی ئیمام موسا سەدر هەڵواسرا بوو. نەسروڵلا بەمنداڵی هەمیشە لەووێنەیە رادەماو خەونی بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێ لەڕۆژانوەك موسا سەدر ناوبانگ پەیدا بکات.

شەڕی ناوخۆ (١٩٧٥ـ ١٩٩٠) خێزانەکەیانی ناچارکرد، پاش ئەوەی ماوەیەك بوو لەشاری بەیروت دەژیان، جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ گوندی بازوریە، ئەمەشوای کرد نەسروڵلا لەخوێندن دابڕێ‌و لەشاری (سور) خوێندنی ناوەندی‌و ئامادەیی تەواو بکات.

لەو ماوەیەی لەگوند دەژیان، نەسروڵلا، کە لەتەمەنی (١٥)ساڵیدا بوو، لەگەڵ حوسێنی

برای پێوەندییان بە ((بزووتنەوە ئەمەل))ەوە کرد کە ئەوکاتە بە ناوی (بزووتنەوەی بێ نەوایان)ەوە کاری دەکرد.

نەسروڵڵا دەرکی بەوە کردبوو کە بۆ ئەوەی ئەو خەونەی بێنێتە دی کەوەك موسا سەدر ناوبانگ پەیدا بکاو رۆڵێکی سیاسیی گەورە بگێڕێ، دەبێ پشت ئەستوور بێت بەخەرمانەیەك لەزانیاریی ئایینی، بەتایبەت زانیاریی تایبەت بەمەزهەبی شیعە. بۆیە لەساڵی ١٩٧٦دا لەتەمەنی (١٦) ساڵی بڕیاریدا بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئایینی رووبکاتە شاری نەجەف لەخوارووی عێراقو لەحەوزەی عیلمیدا بخوێنێ.

بەمەبەستی رێکخستنی سەفەرەکەی، لەمزگەوتێکی شاری (سور)دا چاوی بەزانای ئایینی سەید محەمەد غەرەووی کەوت، کە بەپشتیوانیی ئیمام موسا سەدر دەرسی بەلاوان دەگوتەوە.

غەرەوی، دۆستایەتییەکی نزیکی لەگەڵ محەمەد باقر سەدر هەبوو، بۆیە لەسەر داوای نەسروڵڵا نامەیەکی بۆ نووسیو داوای کردبوو بەمەبەستی خوێندن لەحەوزەی عیلمیدا هاوکاریی بکات.

نەسروڵڵا خۆی گەیاندە بەغداو لەوێوە بەرەو نەجەف بەڕێکەوت. لەنەجەف بەرەو رووی سەید عەباس موسەوی کرایەوە، کە نەسروڵڵا نەیدەزانی ئەویش شیعەی لوبنانە. موسەویو نەسروڵڵا بوون بەمامۆستاو خوێندکار، لەهەمان کاتیشدا دوو هاوڕێی نزیك.

نەسروڵڵا لەساڵی ١٩٧٨دا قۆناغی یەکەمی خوێندنی لەحەوزەی عیلمی نەجەفدا تەواو کرد، بەڵام پاش ئەوەی لاوە لوبنانییەکان کە لەنەجەف دەیانخوێند لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی عێراقەوە فشاریان خرایەسەر، نەسروڵڵا بەناچاری گەڕایەوە بۆ لوبنان. سەید عەباس موسەویش کە پێشتر بەمۆڵەت گەڕابووەوە بۆ لوبنانو بەم فشارەی دەزگا ئەمنییەکانی عێراقی زانی، ئەویش بڕیاری نەگەڕانەوە بۆ نەجەفو مانەوە لەلوبنانیدا.

موسەوی لەشاری بەعلەبەك خوێندنگەیەکی ئایینی کردەوە، نەسروڵڵا لەپاڵ گەڕانەوەیدا بۆ نێو کاری سیاسی لەڕیزەکانی بزوتنەوەی ئەمەل، درێژەیدا بەخوێندن. لەساڵی ١٩٧٩دا بەبەرپرسی سیاسی بزوتنەوەکە لەبیقاع هەڵبژێردرا. لەهەمان ساڵدا قۆناغی دووەمی خوێندنی ئایینی تەواو کرد.

لەساڵی ١٩٨٢دا کە ئیسرائیل چووە نێو خاکی لوبنانو بەیروتیشی داگیرکرد (بەرەی فریاکەوتنی نیشتمانی) دروستبوو، کە (نەبیە بری) سەرۆکی بزوتنەوەی ئەمەل لەسەر

داوای ئەلیاس  سەرکیس سەرکۆماری ئەو کاتەی لونبان بەشداریی لەو بەرەیەدا کرد. ئەم بەشداریکردنە ئوسولّییە توندڕەوەکانی نێو بزووتنەوەی ئەمەلیوروژاندو لەم سۆنگەیەوە کە ئەم بەرەیە لەسەر داوای ئەمریکا دروستکراوە، دژیوەستانەوە. ئەمەوای کرد خۆیان لەبزووتنەوەکە جیابکەنەوەو بەناوی وحزبوڵڵاوە گروپێکی تازە دابمەزرێنن، کەنەسرۆڵلاش لەنێو ئەوانەدابوو، کە جیابووبوونەوە. بەڵام حوسێنی برای لەگەڵی نەچوو، بەڵکو هەر لەنێو بزوتنەوەی ئەمەلدا مایەوەو تا ئێستاش هەر لە(بزوتنەوەی ئەمەل) دا درێژە بەئەندامێتی خۆی دەدا.

کە حزبۆڵلا دروستبوو، نەسرۆڵلا تەمەنی(٢٢) ساڵ بوو، ئەوکات هێشتا لەوحزبوڵڵادا نەبووبوو بە ئەندامی شورا، بەڵکو بەرپرسی حزبەکە بوو لەهەرێمی بەعلبەکدا. پاشان بووە جێگری سەید ئیبراهیم ئەمین لەناوچەی بەیروتو لەساڵی ١٩٨٥دا خۆی بوو بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە. لەساڵی ١٩٨٧دا بووبە بەرپرسی جێبەجێکردن لە وحزبوڵڵا دا لەپاڵ ئەندامێتی لەشورای بڕیاردانداَ.

نەسرۆڵلا پاش ئەوەی لەساڵی ١٩٨٢وازی لەخوێندنی ئاینیی هێنا، بۆ پتەوکردنی پێگەی سیاسیی خۆی کە قوڵبوونەوە لەبواری ئاینیی ئیسلامو مەزهەبی شیعە بەتایبەت، یەکێك لەپێداویستییە گرنگەکان بوو، لەساڵی ١٩٨٩دا جارێکیتر چۆوە بەر خوێندن، بەڵام ئەمجارەیان لەشاری (قوم)ی نزیك تارانی پاتیەختی ئێران، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر پتەوکردنی پێوەندییەکانی نەسرۆڵلا لەگەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، بەڵام ئەمجارەشیان، بەماوەیەکی کەم دوای تێهەڵچوونەوەی لەبواری خوێندنی ئاینییداوازی لەخوێندن هێناو بەهۆی ململانێو پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوان وحزبوڵڵاو ئەمەل، لەسەر داوای حزبەکەی، گەڕایەوە بۆ بەیروت. لە١٦ی شوباتی ساڵی١٩٩٢ دا دوای ئەوەی سەید عەباس موسەوی سکرتێری گشتیی وحزبوڵڵا لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە کوژرا، حەسەن نەسروڵلا لەجێگەیدا کرا بە سکرتێری گشتیی حزب.

نەسروڵلا کچێكو چوار کوڕی هەیە، کوڕە گەورەکەی (هادی) لەساڵی ١٩٩٧دا لەباشووری لوبنان لەڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ئسیرائیلدا کوژرا.

## دەرەنجام

**حزبوڵڵای** لوبنان، کە گەورەترین حزبی ئیسلامی شیعەگەرای توندڕەوی خاوەن میلیشیای سەربازییە، لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمڕۆ نەك هەر کاریگەری لەسەر ناوخۆی لوبنان هەیە، بەوەی کە ناوچەیەکی قەڵەمڕەویی خۆی هەیەو ئەو ناوچەیەی بۆخۆی پاوانکردووە، بەڵکو کاریگەری لەسەر ناوچەکەو سیاسەتی دەرەوەی لوبنان‌و پێوەندییەکانی ئەووڵاتەش هەیە.

حزبوڵڵا بەهۆی ئەوەی کە حزبێکی توندڕەوەو خاوەن میلیشیایەکی سەربازیی گەورەو جبەخانەیەکی قەبەیەو نەیویستووە لەدوای بڕانەوەی شەڕی ناوخۆیی لوبنانەوە، چەك لەخۆی دابماڵێ، لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوەوەك مەترسییەك بۆسەر ناوخۆی لوبنان‌و ئاسایشی ناوچەکە سەیر کراوە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە مەسەلەی چەك داماڵین لەمیلیشیاکانی حزبوڵڵا ببێ بە کێشەیەك کە چارەسەرکردن بخوازێت. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لەهەردوو بڕیاری (١٥٥٩) و (١٦١٤) دا، بەڕوونی‌و بێ پێچو پەنا، ئەم داوایەی خستۆتە ڕوو.

ئەوەی تائێستا جێگەی مشتومڕە، هەرئەوە نییە کە حزبوڵڵا چەکی لەخۆی دانەماڵیوە، بەڵکووەك یەکێك لەسەرچاوەکانی نائارامی سیاسی لەناوچەکە تەماشای دەکرێ، ئەمەش لەتەممووزی ساڵی ٢٠٠٦دا گەیشتە ترۆپك، پاش ئەوەی هێزەکانی حزبوڵڵا سێ سەربازی ئیسرائیلیشیان بەدیل گرت، سەرەنجام شەڕێکی (٣٣) ڕۆژەی لەنێوان هێزەکانی ئیسرائیل‌و هێزەکانی حزبوڵڵا لێکەوتەوە، کەبووە هۆی داتەپاندنی ژێرخانی ئابووریی لوبنان‌و کاولکردنی زۆربەی شارەکانی باشووری لوبنان، کە ئەمەش لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا، بەهۆی ئەوەی کە حزبوڵڵا سەربە لایەنێکی دەرەکییە کە ئێرانە،والێکدرایەوە شەڕێکە لەجیاتی ئێران دەیکات بۆ ئەوەی مەسەلەی فایلی ئەتۆمیی ئێران نەبێتە مەسەلەی پلەیەك لەناوچەکەدا.

دوای ئاگربەستی نێوان حزبوڵڵاو ئیسرائیل، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جارێکی دیکە لەبڕیاری (١٧٠١) دا جەختی لەسەر داماڵینی چەك لەهێزەکانی حزبوڵڵا کردەوە، بەڵام ئەم چەك داماڵینە نەك هەر جێبەجێ نەبووە، بەڵکو حزبوڵڵا کە لەحکومەتی لوبناندا بەشدار بوو، لەحکومەت کشایەوەو تائێستا نەك ئەم مەسەلەیە چارەسەر نەبووە، بگرە گۆڕەپانی

نێوخۆیی لوبنان دابەش بووە بۆسەر دوو بەرەی دژبەیەك.

بەرەیەك لایەنگری لەحكومەت دەكا، بەرەكەی دیكەش خوازیاری لەسەركارلابردنی حكومەتی فوئاد سەنیۆربوو، ئەم كێشمەكێشە ماوەی... مانگی خایاند.

*************

پەراوێزەكان:

١ـ هەمان سەرەچاوە، ص٤٤.

٢ـ حسن صعب، قراءة في مستقبل حزب اللة، مجلة شؤون الأوسط، عدد مزدوج (٩٦ـ ٩٧)، حزيران ـ تموز٢٠٠٠، بيروت، ص٦٥.

٣ـ محمد عبدالعاطى، حزب الله.. النشأةء التطور، ١٣/ ١٠/ ٢٠٠٤، www. Aljazeera. Net

٤ـ نهاد حشيشو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

٥ـ نهاد حشيشو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.

٦ـ آيتان آزانی، حزب اللة : منظمة ارهابيةءاقعية ذات قدرةءنفوذ عالمية، لە سایتی:
www. Dascsyria mag. Net/ modules/ news/ print. Php? Storyid=٣،

٧ـ نهاد حشيشو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨

٨ـ هيثم مزاحم، اي مشروع سياسي لحزب اللة بعد التسوية، مجلة شؤون الاوسط، عدد مزدوج (٩٦ـ ٩٧)، حزيران تموز، ٢٠٠٠، بيروت، ل٥٥.

٩ـ هيثم مزاحم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

١٠ـ نهاد حشيشو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

١١ـ شێخ نەعیم قاسم ساڵی ١٩٥٣ لەباشوری لوبنان لەدایك بووە. بەكالۆریۆسی لەكیمیا لەزانكۆی لوبنان هەیە. لەپاڵ خوێندنی زانكۆدا، لەلای زاناكانی لوبنان، خەریكی خوێندنی ئاینی بووە. بەشداری لەدامەزراندنی



هەواڵنامەی كتێب

(بزووتنەوەی بێ نەوایان)دا کردووە کە ئیمام موسا سەدر دایمەزراند. ساڵی ١٩٨٢ لەدروستکردنی حزبوڵڵادا بەشداری کردووەو لەساڵی (١٩٩١)ەوە جێگری سکرتێری گشتیی حزبوڵڵایە.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

١٣- هیثم مزاحم، اي مشروع سیاسی لحزب اللة بعد التسوية ؟، شؤون الأوسط، سةرضاوة ثيَشوو، ص٥٧.

١٤- نهاد حشيشو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

١٦- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

١٧- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە.

١٨- یەکێك لەدروشمە سەرەکییەکانی (ئەمەل) بریتییە لە(لبنان الوطن النهائي: لوبنان نیشتمانی یەکجارەکییە). لەم رووەوە تەماشای: حسن صبرا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢ بکە.

١٩- آیتان آزاني، حزب اللة...، سەرچاوەی پێشوو.

٢٠- بۆ نووسینی ئەم ژیننامەی نەسروڵڵا سود لەم سێ سەرچاوەیەوەرگیراوە :

- چاوپێکەوتنی گۆڤاری (Magazine)ی فەرەنسی کە لە ٢٨/ ١١/ ١٩٩٧دا ئەنجامدراوەو دەقە عەرەبیەکەی لەسایتی (www. Moqawama. Org) دا بلاوکراوەتەوە.

- مجلة شؤون الأوسط، العدد (١١٥)، صيف ٢٠٠٤، ل١٢٠

- سایتی http// ar، wi. Kipedia. Org./ w/ index، php? Title= ئینسکلۆپیدیایویکیپیدیا:

٪ AD ٪D٨ ٪B٣ ٪D٩ ٪ ٨٦– ٪D٩ ٪٨٦ ٪D٨...

هەوراماني كتێب

## سەرچاوەکان

کتێب:

بەزمانی عەرەبی:

١ – قورئانی پیرۆز.

٢ –اسماعيل صبري عبداللهءآخرون، الحركات الاسلامية المعاصرة في الوطن العربي، الطبعة الرابعة، بيروت، حزيران ١٩٨٨.

٣ – مايك ثوهلى، الشبكة الاصولية، تعريف بالمنظمات الاصولية الاسلامية في العالم، ترجمة الدكتور فريدون كاكةيى، مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠١.

٤ –د. حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني الى الغزو الامريكي ١٩١٤–٢٠٠٤، مكتبة مدبولي، القاهرة، الطبعة الاولى، ٢٠٠٥.

بەزمانی فارسی:

١ –لبنان دفتر مطالعات سياسيءبين المللي، طرد آوريءتنظيم: أحمد نادر سميرمي، مؤسسه ضاثءانتشاراتءزارت امور خارجه، ضاث أول، ١٣٧٦، ل١٩–٢٠.

٢ – امام موسى صدر، ياران امام به روايت اسناد ساواك، جلد أول، مركز بررسى اسناد تأريخيءزارت اطلاعات، تهران، ١٣٧٩.

٣ – نهاد حشيشو، احزاب سياسي لبنان، مترجم: سيد حسين موسوي، مركز ثذوهشهاي علمىءمطالعات استراتذيك خاورميانه، تهران، ١٣٨٠.

گۆڤار:

بەزمانی عەرەبی:

١ – مجلة شؤون اسلامية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، مقال: نهاية حزب الله في تركيا، الدكتور فرهاد بهاءالدين، العدد(٦)، آب ٢٠٠٠.

٢ – مجلة شؤون الأوسط، عدد مزدوج(٩٦–٩٧)، حزيران–تموز ٢٠٠٠، بيروت، مقال: حسن صعب، قراءة في مستقبل حزب الله، ل٦٥.

٣ – مجلة شؤون الأوسط، عدد مزدوج(٩٦–٩٧)، حزيران–تموز ٢٠٠٠، بيروت، مقال: هيثم مزاحم، اي مشروع سياسي لحزب الله بعد التسوية، ل٥٥.

٤ – مجله شۆون الۆوسگ، العدد(١١٥)، صيف ٢٠٠٤، مقابله محمد نورالدين مع حسن نصرالله،

ل١٢٠.

رۆژنامە:

بەزمانی عەرەبی:

١ – صحيفة(الوفاق) الايرانية، العدد(٢٢٢٤)، ٢٢ أيار ٢٠٠٥.

٢ – صحيفة (الوطن) السعودية، ١٥ نوفمبر ٢٠٠٣، مقال: علاء حسن، حزب الله في العراق، ينفي صلته باللبناني.

سایتەکانی ئینتەرنێت

بەزمانی عەرەبی:

١ – الشيخ محمد سرور بن نايف زين العابدين، انتصار حزب اللهءهم أم حقيقة مخادعة.

www.isl.org.uk.arabic.modulis.php?

٢ – عبدالله الحميدة، حزب الله: الحقيقة الكاملة بالارقام.

٣ –www.alqlm.com.index،cfm? Method=home.

www.news.bbc.co،uk/n

٤ – الانتخابات العراقية بين الآمالءردود الأفعال

www.aeabic.cnn.com/٢٠٠٥/middle–east

٥–http://ar.wikipedia.org/w/index.php?title

٦ – محمد عبد العاطي، حزب الله.. النشأةءالتطور، ٢٠٠٤/١٠/١٣

www.Aljazeera.net

٧ – آيتان آزاني، حزب الله: منظمة ارهابيةءاقعية ذات قدرةءنفوذ عالمية.

www.Dascyriag.net/modules/nes/print.php?storyid

٨–www.moqawama.org

٩–http//ar،wi.nipediq.org/w/index،php? Title=٪ad٪D٨٪B٣٪D٩٪٨٦٪D٨

هەوالنامەی کێڕ

# وەرگێڕان

- شۆڕشی مەزنی میسر...
- حزب و کۆمەڵگە.
- فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا.

هەواڵنامەی کتێب

WWW.PUKM1.COM

بوێری لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە زانیارییەکاندا

هاوڵاتیانی خۆشەویست:

بۆ خستنەڕووی داواکاری و سکاڵاکانتان ،

بەدواداچوون بۆ کێشەکانتان

پەیوەندی بکەن بە:

Tel: 07480172102

Email: info@pukm1.com

ناونیشان / عیراق_کوردستان _سلێمانی (شەقامی سالم بینای مەڵبەندی(1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک))

PUK

ماڵپەری مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)

هەواڵنامەی کتێب



# شۆڕشی مەزنی میسر
# ئاسۆ و مەترسیەکان

نووسینی / د . عەزمی بشارە
و. لە عەرەبییەوە / محەمەد کەساس

## دەرچوون لە تونێلەکە :

**هەردوو** شۆڕشی تونسیومیسری سەردەمێکی عەرەبی نوێیان هێنایە ئاراوە کە تیایدا پێکەوە گرێدانی لەنێوان (ئازادیومافەکان)و (سەرکردایەتیکردنو هاوولاتیبوون) بەرجەستەکرد، ئیدی لەمڕۆ بەدواوە هیچ سیستمێکی بەڕێوەبردن لەناوولاتانی عەرەبیدا ناتوانێت ئیهانەی گەلەکەی بکات، چونکە دواجار خۆی لەبەردەم دوو ئەگەردا دەبینێتەوە، ئەوانیش یان ئەوەتا پرۆسەیەکی چاکسازیی هەمەلایەنە ئەنجام بدات، یان دەبێت کۆتایی بەو دەسەلاتوسیستمی بەڕێوەبردنە بهێنرێت دواجار لەسەر ئاستی هێزە سیاسیەکانودابەش بوونە ئایدۆلۆژیەکانیش هەموو شتەکان دەگۆڕێنو هەموو دابەش بوونەکانی پێشتریش هیچ مانایەکیان نامێنێ، کێشوقورسایی هەمووتووێژو ململانێیەکی فیکریش لە نێوان ڕەوتە ئایدۆلۆژیەکانی پێشووش کەم دەبنەوەو ئیدی هیچ کامێکیان ناتوانن ڕوبەڕوبوونەوە ئەنجام بدەن دیاردەی هێزە کۆمەلایەتیە نوێیەکان کە زوڵموزۆرداری ڕەتدەکەنەوە پەرەی سەندو فرەدەنگیەکی نوێ سەری هەڵدا کەتیایدا ئەو بیروبۆچوونە زاڵ دەبێت کە دەتوانێت (دیموکراسیوعەدالەتی کۆمەلایەتیو پێناسی عەرەبی بەبێوەلانانی شارستانێتی ئیسلامی) پێکەوە گرێ بدات .

## لەمیسر :

**پاش** کەڵەکەبوونی دەیان ساڵەی هەستی سەرکوتکردن، دواجار گەلی (میسر) دژی ڕژێمی ئەوولاتە ڕاپەڕیوزۆرێنەی گەلی میسر کە بەسروشتی ڕژێمەوە بەسترابوونەوە ڕژێـم بووبووە بارگرانیی بەتایبەتی لە ناوبەشەکانی پۆلیسو گەندەڵیش لە مامەڵە ڕەسمیەکاندا، جگەلەوەش هەستی خۆبەکەمزانین لەسایەی دەوڵەمەندو سەرمایەدارەکان بەهۆی گەندەڵیەوە گەیشتبووە ئاستێکی بالا ئەوانەش کەبەهۆی پارەو مەحسوبیەتەوە لەدەسەلات نزیکبوونەتەوە، ئەمانە هەموویان بووبوونە بەشێك لە دەسەلاتی حاکم، کە لە یەك کاتدا بووبوونە فاکتەری ناخۆشیونارەحەتییونوکتەی ڕۆژانەی خەڵکیش، هەروەك



هەواڵنامەی کتێب

لەگاڵتەجاڕیی‌و شیعرو گۆرانیەکانیش دا ڕەنگیان دابووەوە هەموو ئەمانەش کە بووبوونە هۆی ناڕەحەتی‌و بێزاری خەڵك لەکاتی سەردان کردنی گەشتیاران لەم ساڵانەی دوایدا بۆ ئەووڵاتە بەباشی هەستیان پێدەکرا، تاکو کارگەیشتە ئاستی بەقەیران بوونی پێناس، کە کاریگەری بۆ سەر سەروەریی هاووڵاتی میسری‌و چۆنیەتی تێگەیشتنی هاووڵاتیان لە خودی خۆیان‌ورۆڵیان لەناو کۆمەڵگادا هەبووە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەش پێویست بوو لەسەر ئەو ڕژێمە غەریزەی نیشتمان پەروەرێتی میسری بەجۆرێکی(ناوەڕۆك بۆش) دابڕێژێت کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نیشتمانیی نەبێت‌و هاووڵاتیانیش چیدی شانازی بە دەستکەوتە ئابوری‌و زانستی‌وسیاسیەکانەوە نەکەن (ناوەڕۆك بۆش)ی توڕەش کۆنترۆڵکردنی ئاسانە بۆ گۆڕینی ئاراستەی توڕەبوونەکەی بەئاراستەی توڕەبوون لەوی تر، یان بۆ پابەندبوونی بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتەوەو توڕەش دژی ئەوانەی کە ڕەخنە لەسەرۆك دەگرن کە ئەوەش‌وەکو ئەوەوایە ڕەخنە لەولات بگرن .

ئەم ڕژێمـە هەروەکو ڕژێمەکانی دیکەی عەرەبی بەپێی تواناو لێهاتویی (کەسی شیاوی لەشوێنی شیاو) دانەئەنا بەڵکو ئەوانەی سەربە دەسەلات‌وهەوادارانی خۆی لەڕێی دۆستایەتی‌وخزم خزمێنەوە بۆ بوارەکانی ڕۆشنبیری‌وپیشەییەکان دەستنیشان دەکرد ڕێژەی بەکاربەر ڕوولەزیادبوون بوو، هەروەك دیاردەی (درۆو ماستاوکردن)یشی پەرەپێدا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتدا، جگەلەوەش دیاردەی (دووڕوویی) پەرەی سەند لە نێوان بەرپەرس‌و لێپرسراوان‌و چاوپۆشیکردنیش لەهەڵەو کەم‌وکوڕیی‌و ڕەخنە نەگرتن چووبووە ئاستێکی باڵا ئەمانە هەموویان لێپرسراوانیان گۆری بۆ (فیرعەون) لەشێوەی مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ ئەوانەی لەخوار خۆیانەوە بوون‌و لەژێر فەرمانیاندا بوون، بەجۆرێك‌وەکو کۆیلە سەیری ئەوانەی خوار خۆیان دەکرد، هەروەك توندو تیژیی لەنێوان تاکەکانی شەقامیش پەرەپێدا کە بووە هۆی ئەوەی بەئاسانی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی تیرەگەریی‌وشتی تر لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی ناڕەحەتی ژیان‌و بێزاریی خەڵك بەرامبەر ڕژێمی سیاسی کەم بکاتەوە بۆیە تۆوی توندو تیژیی تێدا چاندبوون .

لەوانەیە شۆڕشی تونس ئەو پەنجەیە بووبێت کە خرایە سەر پەلەپیتکەکە، لەوانەشە گەنجانی چاوکراوەو ڕۆشنبیری میسر کە نوێنەرایەتی توێژی دژ بەو فەرهەنگە دەکەن کە ڕژێم بڵاوی دەکردەوە پەنجەی سەر ئەو پەلەپیتکەیە بن ! ئەوانەش ئەو گەنجە لەخۆب

ووردووبەرەوشتوكراوانەن بەڕووی جیهاندا كە گەندەڵی‌و كەم توانایی ڕەتدەكەنەوەولەڕەحمی زوڵم‌وسەرەڕۆیی سیاسی‌و گاڵتەجاڕیی ڕاگەیاندندا لەدایك بوون ئەم گەنجانە ڕۆژی (٢٥) ی كانوونی دووەم دوای چەندین جار خۆتاقیكردنەوە لەپێش سەرهەڵدانی شۆڕشی تونس دا، بانگەشەی ڕاپەڕینیان كرد، گرینگترینیان مانگرتنی ڕۆژی (٦ ی نیسان) بوو كە توێژە هەژارەكانیش پشتیوانی خۆیان بۆ كرێكارانی‌وێستگەكان ڕاگەیاند، هاوكات هەوڵەكان درێژەیان هەبوو بۆ گەیاندنی موعاناتی هاووڵاتیان لەڕێی ئینتەرنێتەوە بە (وێنە) كەبەكامێرای مۆبایل گیرابوون (بزووتنەوەی بەسە) كەدیواری بێدەنگیی‌و ترسی ڕووخاندو بۆ ماوەیەكی زۆر درێژەی بە خۆپیشاندان دا لە قۆناغی مت بووندا، نارەزاییەكان درێـژەیـان هەبوو لەبەردەم سەندیكای ڕۆژنامەنووسانداو هەندێك لە ڕۆژنامەنووسانیش دیواری ترسیان ڕووخاندو ڕەخنەیان لەو قەدەغەكراوانە دەگـرت كە پێشتر ڕەخنەلێگرتنیان حـەرام بوووەكو (سەرۆك‌وخێزانەكەی) .

دەنـگـە كـپـكـراوەكـان لەئامادەباشیدا بـوون بۆ پێشوازیكردن لەو بانگەشەیەو عەقڵەكانیش متمانەیان پێی هەبووو چاوەڕێی كاروكرداریان دەكرد، لەڕۆژی (٢٥) ی كانوونی دووەم بانگەشەكەی گەنجان جێكەوتەیەكی مەزنی هەبوو لەو دەشتەوشكانە دوای هاوینێكی درێژ، كاتێك كە بە پۆل هاتنە سەرشەقام هێشتا ڕوون نەبوو كە ئایاڕۆژی تـورەیـی (ڕۆژی نـارەزاییـە) یـان (شۆڕشێكی سیاسی یەكگرتووە) ئەم ڕۆژە دوای چەند هەفتەیەك لەشۆڕشی سیاسی هەمەلایەنەی تونس دێـت كە لەبارودۆخێكی

**لەوانەیە شۆڕشی تونس ئەو پەنجەیە بووبێت كە خرایە سەر پەلەپیتكەكە، لەوانەشە گەنجانی چـاوكـراوەو ڕۆشنبیری میسر كە نوێنەرایەتی توێژی دژ بەو فەرهەنگە دەكـەن كە ڕژێم بـڵاوی دەكـردەوە پەنجەی سـەر ئەو پەلەپیتكەیە بن ! ئەوانەش ئەو گەنجە لەخۆبووردوو بەر ەوشتوكراوانەن بەڕووی جیهاندا كە گـەنـدەڵی‌و كـەم تـوانـایـی**

هاوشێوەدا بەرپاکرا،واتە لەناو ڕەحمی بزووتنەوەیەکی نارەزایی نەخشە بۆدانەڕێژراودا هاتووەتەبوون دەستبەجێ هۆشیاری خرایەگەڕو میسریەکان لەدژی هەنگاوێکی دیاریکراو کە ڕژێم هەڵیهێناوە خۆپیشاندانیان نەکرد، بۆ پشتیوانیکردن لە قوربانیەکەی تونسیش خۆپیشاندانیان نەکرد ، بەڵکو دژی ڕژێم بوو بەگشتی، شۆڕشی میسری ڕێگەکەی کورتکردەوە لەناوچەوە بۆ گشتی، یەکسەر ڕاستەوخۆ لە کاروباری گشتییەوە دەستیپێکرد لە (تونس) دانیشتوانی ناحیەی (سیدی بوزید) دوای ئەوەی گەنجێك بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بێکاری‌وسوکایەتی پێکردن ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ئەوانیش هاتنە سەر شەقام‌و خۆپیشاندانیان دەستپێکردو ئیترورردەوردە خۆپیشاندانەکان فراوان بوون‌و خەڵکیش بیریان لەوە کردەوە کە ئیتر شۆڕشێکی هەمەلایەنە پێویستە کە هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی ڕژێمی دەسەڵاتدار دەتوانین بڵێین ئەمە ئامانجی هاووڵاتییە ڕەسەنەکانی ناحیەی (سیدی بوزید) نەبوو، بەڵام بارودۆخی خەڵك لەسەروو هەموویانەوە هۆشیارییان لەئامادەباشییدابوو بۆ ئەم بڕیارە بەڵام لە (میسر) ڕۆژی تورەیی لەچرکەساتەکانی یەکەمیەوە گشتگیربوو، داواکاریەکانیان دژی بێکاری نەبوو، یان بۆ هەڵگرتنی باج نەبوو، یان بۆ گرانی ناو بازاڕ نەبوو، بەڵکو تورەییەکە گشتگیر بوو دژی هەموو ئەو شتانەی لەم چەند (دەیە)ی دوایدا گەلی میسریی بەدەستیانەوە دەیناڵاندو ڕژێمیان بە هۆکاریان دەزانی .

> **بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئامانجی گەلی میسری هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرێکی دیکە بێت یان گۆڕینی سەرۆك بە سەرۆکێکی موخابەراتیی تاکو گەلی میسری بۆ ماوەی (٣٠) سی ساڵی دیکە لەسایەی هەمان سیستم‌ورژێمدا ژیان بگوزەرێنێت**

بەڵام لە سەرەتاوە ئەم مەسەلەیە بە (سەرۆك‌و خێزانی سەرۆك)ەوە گرێدرا هەروەکو چۆن لەهەر سیستمێکی سەرکوتکاردا ڕوودەدات، کە ڕەمزی سیستمی دیکتاتۆریی

دەسەڵاتداری حاکمە تیایاندا مەسەلەی بۆماوەیی ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ڕەفتاری ڕژێم کە خاوەنی‌وڵاتەو بەڕێوەی دەبات، لەم ساڵانەی دوایدا مەسەلەی بۆماوەیی بووبوە قسەی سەرزاری شەقامی میسری کە هۆکاری سەرەکین بۆ سەرکوتکردن‌و ناڕەحەتکردنی خەڵك هەروەك بۆماوەیی بووە هۆی ئەوەی پۆستی سەرۆکایەتی لەباوکەوە بۆ کوڕیش فاکتەرێکی دیکەی ناڕەزایی شەقام بوو، کەواتە سەیرنییە دروشمی ڕاپەڕین‌و ناڕەزایەتیەکان هەموویان لە ڕووخانی ڕژێم‌ونەمانی بۆماوەیی چڕبووبێتنەوە .

بێگومان ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئامانجی گەلی میسری هێنانە سەرکاری دیکتاتۆرێکی دیکە بێت یان گۆڕینی سەرۆك بە سەرۆکێکی موخابەراتیی تاکو گەلی میسری بۆ ماوەی (٣٠) سی ساڵی دیکە لەسایەی هەمان سیستم‌ورژێمدا ژیان بگوزەرێنێت مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە بیربکاتەوەووای دابنێت کەناونیشانی ڕۆیشتنی سەرۆك‌واتە تەنها ڕۆیشتنی سەرۆکەو هەرکەسێك هەوڵ بدات داواکاریەکانی خەڵك لە ڕۆیشتنی سەرۆك دا کورت بکاتەوە، ئەوا هەوڵ دەدات شۆڕش سنووردار بکات‌و بەسەرخۆیدا بشکێتەوەورژێمی حاکمیش هەروەکو خۆی بمێنێتەوە ئەگەر ئامانج ڕزگاربوون بێت لەو سەرۆکە نەخۆش‌و بەتەمەنە ئەوا ئەکرا چاوەڕێی مردنی بکرایە، یان چاوەڕێی کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی بکرایە پاش شەش مانگی دیکە چونکە بەڵێنی دابوو جارێکی تر خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی‌وڵات هەڵنەبژێرێتەوە هەروەك لە زاری سەرۆکی حکومەتە تازە دامەزراوەکەیەوە لە ڕۆژی (٣ ی شوبات) بۆ کەناڵی (BBC) عەرەبی ڕاگەیەنرا کە خۆ هەڵنەبژاردنەوەی سەرۆك‌واتە ڕۆیشتنی ئەو .

## چاکسازیی و شۆڕش و سەرۆك و جێگری سەرۆك :

**پێشنیاری** ڕۆیشتنی سەرۆك هەروەکو ئەوەوایە کە هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆك بگوێزرێتەوە بۆ جێگری سەرۆك، هەروەك ئەو گواستنەوەی دەسەڵاتە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی شۆڕشگێڕان بێت ، ئەمەش گاڵتەکردنە بە عەقڵ‌وئاوەزی خەڵك‌وسوکایەتیکردنە بە قوربانیەکانیان لەمێژووی عەرەب‌و گەلانی ناوچەکەدا شۆڕشێکی ئاوا فراوان‌وهەمەلایەن‌و شەعبی‌وبەو ڕێژەیە لە قوربانی (ڕێم پێ بدەن بڵێم بەم جوانییە) ڕووی نەداوە کە سەرۆك دەسەڵاتەکەی تەسلیم بە جێگرەکەی بکات، سەرۆك تەنها لە حاڵەتی لەدەستدانی عەقڵ‌و

نەمانی توانای جەستەیدا دەسەڵات تەسلیمی جێگرەکەی دەکات، یان لەحاڵەتی مردن دا، یان لە حاڵەتی ململانێی لایەنەکانوئەنجامدانی کۆدەتا لەناو خودی ڕژێمەکەدا ئەو پرۆسەیە ڕوو دەدات بەڵام کورتکردنەوەی داخوازیەکان بۆ داخوازی گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن جێگری سەرۆکەوە ماناى ئەوەیە کە بەجۆرێك لە جۆرەکان پشتیوانی لەباڵێك لە دژی باڵێکی دیکە دەکرێت لە ناو هەمان ڕژێمی حاکمدا.

ڕژێمی دەسەڵاتدار، هەر ڕژێمێکی دەسەڵاتدار بێت، ناتوانێت چاکسازیی لەناو خۆیدا ئەنجام بدات ئەگەر توانای ئەوەی نەبێت کە بە هەمان شێواز حوکم بکات ئەو سیستمەی هەست بەوە بکات ئەوا پێش شۆڕشە کۆمەڵایەتیە هەمەلایەنەکان دەکەوێت کە لەدژی بەرپاکراوە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لەزۆربەی حاڵەتەکاندا پرۆسەی چاکسازیی بریتییە لە کرانەوە بەڕووی توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا بەجۆرێك لەگەڵ بارودۆخی کرانەوەدا بگونجێت، بەوشێوەیە خۆی لە ڕووخانودارمانی یەکجارەکی دوور دەخاتەوە، بەڵام لە حاڵەتی (میسر)داواهەست دەکرا کە ڕژێم هیچ پێویستییەکی بۆ چاکسازیی نەدەبینی لەزۆربەی بۆنەکاندا ئەو حاڵەتەی بەسەردا تێپەڕیوەو غەریزەی لەخۆباییبوونی زیاتربووەو بە تێپەڕبوونی ساڵیش بارودۆخەکەی خراپتربووەو گەیشتە ئەو ئاستەی دەسەڵات لە گەڵ داببڕێت لە (شرم شێخ) وتارەکانی سوکایەتی پێکردنی زیاتریان ئاراستەی شەقام دەکردو کاری سەرکوتکارانەی زیاتری لەدژی نەیارەکانی ئەنجام دەدا، ئیدی پڕوپاگەندەی بۆشی ڕاگەیاندن گەیشتە ئاستی ڕەشبینی بەجۆرێك دەربازبوون لێی ئەستەم بوو (هەروەکوله مۆنتاژیوێنەی سەرکردە ناسراوەکان لە ئەهرامدا دەردەکەوێت، کاتێك کە موبارەك لەپێشی ئەو سەرکردانەداوەستاوە کە بە (٣٠) ساڵ تەمەن لەو بچووکترن بۆ ئەوەی ڕۆژنامەی ئەهرام بە گەنجی پیشانی بدات)و هەروەك لەوتارەکەی لەگەڵ ڕۆشنبیرەکانی عەرەب لەکاتی جەنگی (غەزە) دا دەردەکەوێت، لە پاکانەیەکیشدا بۆ سزانەدانی تاوانبارانی ڕیسوایییو گەندەڵیەکان لە کەرتی نیشتەجێبوونوکەرتی گەیاندن دا کە دواجار بووە هۆی کوژرانو مردنی هەزاران هاووڵاتی میسریی لەڕووداوی سووتاندنی کەشتیوسووتاندنی شەمەندەفەرو چەندین ڕووداوی دیکە .

بۆچوونی دادوەر سەبارەت بەوەی کە ئەم شۆڕشە نارەزاییەوداخوازی هەیەو ئەم داخوازیانەش جێبەجێ دەبن هەرکاتێك سەرۆك یان جێگرەکەی دەربکەونوبەخۆپیشاندەران

ڕابگەیەنن کە ڕازین بە بەندەکانی (٧٦و ٧٧) ی دەستووروو چیتر سەرۆک بۆ خولێکی دیکەی سەرۆکایەتی خۆی کاندید ناکاتەوەو بەڵێنیش بدات کە کوڕەکەشی کاندید ناکات بۆ ئەو پۆستە ئەمەش بەتەنها بەهەڵە لێکدانەوەی شۆڕش نیە بەڵکو درۆیەکی شاخدارەو هەڵبەستراوە چونکە ئەو ڕەفتارە خۆی لەخۆیدا ڕەتکردنەوەی داخوازیەکانە، هەرکەسێك دەیەوێت چاکسازیی بکات دەبێت بەرلەوەی شۆڕش هەڵگیرسێت چاکسازیی بکات شۆڕش داخوازییەك نییە ئاراستەی سەرۆك کرابێت بەڵکو لەدژی ئەوە، داواشی لێنەکراوەوەڵامی داخوازیەکانی شۆڕش بداتەوە بەڵکو پێویستە لەسەری‌واز لەدەسەڵات بێنێت‌وبڕوات چونکە توانای مانەوەی نەماوە لە دەسەڵاتدا .

شتێکی سەیرو سەمەرەیە جێگری سەرۆك کۆمار کە لەئەنجامی شۆڕش دانراوە سوپاسی گەنجان بکات لەبەرئەوەی بەبێ ئەوان ئەم چاکسازییە ڕوویئەنەدا،واتە بەبێ ئەوان ئەم نەدەکرا بە جێگری سەرۆك کۆمار، ئەمە ئەگەرئەو سوپاسگوزارییە بەمەبەستی ئەوە بووبێت کە بووە بە جێگری سەرۆك کۆمار، بەڵام مەبەستی ئەوە نەبووە بەڵکو مەبەستی ئەوەبووە شۆڕشگێران هەڵبخەڵەتێنێت و سنوورێکیان بۆ دابنێت، ئەوەی سوپاسگوزاربێت نابێت سنوور دابنێت‌وگەمارۆبداتو هاوکات سوپاسیشیان بکاتو بە چەقۆکێش‌وتاوانبار ناویان بباتو ڕۆژنامەنووسانیش دەسگیربکات‌ونەیەڵێت چالاکیەکانیان ڕووماڵ بکەن‌و لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانیشیانەوە دەنگە نارەزاییەکان کپ بکاتو بە کەسانی بەکرێگیراوی بێگانە تاوانباریان بکات .

گومانی تێدانییە ئەگەر ڕژێمێك ڕاستگۆ نەبێت لەوەڵامدانەوەی داخوازییەکانی گەنجان، هێشتا دەتوانێت بەشێکی زۆری ئەو داخوازیانە جێبەجێ بکات ئەگەر ڕاستگۆبێت‌ومەبەستی بێت، بۆ نموونە باری نائاسایی لەوڵاتدا هەڵگرێت‌و ڕاییگەیەنێت کە لەئێستادا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی گەل شەرعی نییە، هەروەهاواز لە ڕاوەدوونانی ڕۆژنامەنووسان بێنێت بەڵام هۆکار لە دوای هۆکار دێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەو داواکاریانە لە ئێستادا جێبەجێ نەکات، پاش ئەوەی خەڵك گەیشتە ئەو بڕوایەی دروشم بڵێتەوەوشۆڕش بەرپابکات ئیدی جێبەجێ کردنی داواکاریەکان سوودیان چییە !؟ ئەو کاتە ڕژێم باجی چی دەدات ئەوداواکاریانە جێبەجێ بکات کە پێشتر ڕەتکراونەتەوەو بەزارەکیش قبوڵ کراون، ئەوەش لەسەرزاری جێگری تازە دامەزراوی سەرۆك کۆمار دانیپێدانرا کەوتی : ئەگەر شۆڕش نەبوایە لە بنەڕەتدا ئەو

داواکاریانە بەنووسراوو بەڕەسمی قبوڵ نەدەکران، باشە ئایاوەعدوبەڵێنەکانی جێبەجێ دەکات ئەگەر شۆڕش نەبێت لە شەقام دا؟ یان هەڵمەتێکی تایبەتی هاندان لە (تۆڕی سیخورەکان)و (بەکرێگیراوان)و (تێکدەران)و (ئاژاوەگێران) لە دژیان دەست پێدەکات دوای ئەوەی ڕژێم جێ پێی خۆی جێگیر دەکاتەوەو پەیوەندییە دیبلۆماسیە نێودەوڵەتیەکانی خۆی لەسەر بنەمای براگماتی خۆرئاوا دەست پێدەکاتەوە بەوەی کە هاوپەیمانەکانی قبوڵە لە دەرەوەی شۆڕش ، ئایا خۆرئاوا ڕژێمی میسری قبوڵە هەروەکو ئەوەی لە پێش شۆڕش دا هەبوو؟ ئایا هیچ جووڵەیەك ناکات لەبەرامبەر ئەو هەموو خوێن ڕشتنوپێشێلکردنی مافی مرۆڤو کاری دژ بەدیموکراسی دوای ئەوەی شۆڕش هەڵگیرسا؟ لەوانەیە قبوڵی بکەنو هاوپەیمانانیش لەگەڵیدا بن ئەگەر لەناوبردنی شۆڕش سەریگرت !!، کەواتە ناکرێت ژیانی ئاسایی بگەڕێتەوە ئەو کاتە نەبێت کە داخوازیەکان جێبەجێ دەکرێن،وەعدو بەڵێنەکان لە سایەی شۆڕش دا هیچ مانایەکیان نابێت لەدوای شۆڕش ئیدی لێرەوە ڕژێم هێرش بۆ سەر شۆڕشگێڕەکان دەست پێدەکاتو سەربازگەی دەستگیرکردنیان بۆ دەکاتەوە ئەگەر ڕێگەی پێدرا بەردەوام بێتوشۆڕش لەناوبەرێت لەبەر ئەوەی بەڵێنی دابوو .

## دانایی و زیرەکی :

**ئەمانە** هەموویان ئاشکراو زانراون، بەڵام ئەوەی نەزانراوە ئەوەیە کە ڕۆشنبیرەکان ڕەواج بەوە بدەن کە ڕەخنەگرن (یان ڕەخنەگربوون لەچوارچێوەی ئەو بارودۆخەی کە هەیە) ڕەفتارێکی سیاسی لەم جۆرە شۆڕش بە قەیران ناودەباتوایشی دادەنێت کە میسر لە قەیراندایەو لە شۆڕشیش دا قەیران هەیە پێویستی بە چارەسەرە هەروەها باس لەوە دەکەن کە لە هەگبەیاندا چەندین چارەسەر هەیە کە کورت دەکرێنەوە لە گواستنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك بۆ جێگرەکەی بەشێوەیەکی ئاسان هەروەکو خۆیان دەڵێن، هەروەها لە هێورکردنەوەی شەقاموپاشان دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ جێگری سەرۆك لەسەر داواکاریەکان، ئەمەش بۆ شانوشەوکەتی ڕۆشنبیران جوان نییە بەڵکو بۆ (دەستەیەکی ڕاوێژکاریی Think Tank) دەبێت کە چەندین سیناریۆی جیاجیا بۆ چۆنیەتی دەرچوون لەو

هەواڵنامەی کتێب

قەیرانە بخاتە بەردەم ڕژێم .

بەشانوبالا هەڵدانی سەرۆکی موخابەراتی ڕژێم کە بووە جێگری سەرۆك بەوەی کە کەسێکی (پاکو بەڕێزە) کارێکی سەیرو نامۆیە تا ئاستی بەدگۆییوسوکایەتی پێکردن، بەتایبەتی لە زانستی ڕەواج پێدانو بە شانوبالا هەڵداندا لەئاستی ناوخۆییوئیقلیمیی لە جێگیرکردنی ڕژێم دا بە درێژایی چەندین (دەیە)، لەگەڵ ئەوەی دەیانزانی کە ئەو بەتەنها فەرمانبەرێك نیە لە خزمەتی دیکتاتۆردا، هەروەکو (محەمەد ئەلغەنوشی) لەخزمەتی (زەین ئەلعابدین بن ئەلعەلی) دا بە نموونە، بەڵکو یەکێك بوو لەکۆڵەکە تۆکمەکانی دیکتاتۆری هەروەکو لە پەیوەندیە تایبەتیەکانی لەگەڵ ئیسرائیلویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەرکەوت یان لەو قەیرانانەی ناوچەکەی پێدا تێپەڕیوە لە (عێراقو فەلەستینولوبنانو.. هتد) دا .

لێرەدا ئێمە باس لەوە ناکەین کە چۆنو بۆچی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران بڕیاریاندا کە ناو لەخۆیان بنێن (لیژنەی دادوەران)و مەبەست چییە لە دادوەران؟ بەراوورد بەکێ؟ ئەمە ئەگەرێکی قبوڵ نەکراو لەخۆ دەگرێت لەقۆناغەکانی شۆڕشەکاندا، جەماوەری تورەو هەڵچوو لەگەڵ ڕژێمێکی توندڕەوو ئەوانیش دادەوران، هـەروەك هەڵاتنێکی نادانایی ئاشکرا لەخۆدەگرێت (یان لەوانەیە داناو کارامەو ژیر بێت بەڵام ئاشکراو نازیرەك) لەوەرگرتنی هەڵوێستو مانەوە بە بێلایەنی لەم قۆناغەدا.

شۆڕش پێویستی بە ڕۆشنبیرانە کە ئامانجەکانی

**شـــۆڕش پێویستی بـە ڕۆشـنـبـیرانـە کە ئامانجەکانی پوخت بکەنوداببڕێژنەوەوپلانە ستراتیـژیـەکـانـی شیبکەنەوە، پێویستی بـەو ڕۆشنبیرانە نییە کـە قـۆرغـی دەکـەن بـۆ ڕێـکـخـسـتـنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێـمو مـانـەوەی ئەو ڕژێمە بە پێویست بزانن، یـان بـۆ سەرخستنی باڵێك بەسەر باڵێکی دیکەدا لەناو ڕژێـمـی دەسەڵاتداردا،**

پوخت بکەنودایبڕێژنەوەوپلانە ستراتیژیەکانی شیبکەنەوە، پێویستی بەو ڕۆشنبیرانە نییە کە قۆرغی دەکەن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێمو مانەوەی ئەو ڕژێمە بە پێویست بزانن، یان بۆ سەرخستنی باڵێك بەسەر باڵێکی دیکەدا لەناو ڕژێمی دەسەڵاتداردا، بێگومان (باڵی ئاسایش) لەناو ڕژێمدا بەسەر باڵی (حزبی نیشتمانی) دا سەرکەوت، باڵی ئاسایش لەناو ڕژێمدا هەندێك لەسەرکردەکانی ناو (حزبی نیشتمانی) دەکاتەقوربانی بۆ ئەوەیوای پیشان بدات کە ئاسایش جدیە لە ڕوبەڕوبوونەوەی گەندەڵیدا، هاتوچۆیان لێ قەدەغەدەکاتودەست بەسەر موڵكو ماڵیاندا دەگرێت، بۆ ئەوەی خۆیوادەربخات کە بە پیر (داخوازییەکانی شەقام) یان (داخوازییەکانی گەنجان)ەوە دەچێت، ئەمانەش هەموویان بۆ ئەوەن کە بە شەقامی بسەلمێنن ئەوان دژی گەندەڵین، کە لە ڕاستیدا خۆیان بەشێکن لەو گەندەڵیە .

ڕۆشنبیرانوسیاسیەکانی میسر ئەوانەی ڕەخنەیان لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنیوڵات دەگرت لەلایەن ڕژێمەوە، یان پێگەیەکیان نەبوو لەناو ئەو ڕژێمەدا، یان بە ڕاستیو دڵسۆزانە ڕەخنەگربوون لە دەسەڵات، بەڵام‌وا ڕاهاتبوون کە هەمیشە لەژێر سەقفێکی دیاریکراودا ڕەخنەیان دەگرت ئەویش سەقفی دەسەڵات بوو ئەوانە هەموویان لەوە تێناگەن کە سەرکێشیوچوونە سەرشەقام بۆ گۆڕینی ڕژێم چ مانایەك دەبەخشێت، کەواتە لەحاڵەتی ئاوادا ئەوانە بێدەنگیی هەڵدەبژێرنو لەماڵەکانی خۆیان دادەنیشنوچاوەڕێی ئەنجامەکانن، یان دەچنە یەکێك لە سەربازگەکانی ڕژێم، یان هەوڵ دەدەن ڕێڕەوی شۆڕش بگۆڕن لەوەی کە کۆبوونەوەی نوێنەرانیان لەگەڵ (عومەر سلێمان) بەسەرکەوتنودەستکەوت دەزانن بەبەراوورد بە کۆبوونەوەیان لەگەڵ لێپرسراوانی ئاسایشی دەوڵەت، ئەمەش کارێکی قبوڵ نەکراوەو پێویستە لەلایەن ڕۆشنبیرانی دیکەوە ڕەخنەیان ئاراستە بکرێت .

## دەربارەی ستراتیژی شۆڕش و ئاسۆکانی :

**شۆڕشی** میسری شۆڕشێکی خۆرسك بوو، دواتر بەشێوەیەکی سروشتی ئەوهێزە سیاسیانەی جەماوەرێکی زۆریان هەبوو چوونە ڕیزیانەوە، ئەوەش ئێستا لەڕێگادایە بەرەو ئامانج لەمێژووی هەموو شۆڕشەکاندا نەمبیستووە کە شۆڕشێك بەم ڕێژە زۆرە

لە خۆپیشاندەران لەزۆربەی شارەکاندا بەیەکگرتویی بێنە سەرشەقام ئەم شۆڕشە ئیدی پێویستی بەوە نییە پێی بڵێیت ئەمە شۆڕشی گەل نییە، بەڵام پێویستی بە بەرنامەو ستراتیژ هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانج ڕژێمی میسریی بەهەموو ڕێگاکان بەرگری لە چارەنووسی یەکلایی کراوەی خۆی دەکات، لەوانە دروستکردنی درۆوبڵاوکردنەوەی ترسو ئاژاوەو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەی چ کاتێك پێویست بکات داخوازییەکان جێبەجێ دەکرێنو ئەوانەش سیخوڕن بۆ ئەوەی هەرکاتێكویستی سەرکوتیان بکات .

هەڵە دەکات ئەو کەسەیواهەست دەکات مەسەلەکە مەسەلەی بەرهەڵستی تاکە کەسێکە، یان مەسەلەکە مەسەلەی شەخسییە، پرسەکە پرسی سروشتی بەرهەڵستکارانەی موبارەكودژایەتیکردنی ئەو نییە بۆ کێشەکان، دەتوانم بڵێم ئەو ئێستا دەسەڵاتی بەسەر میسردا نەماوە، ئەوەی ئێستا بە کردەوە دەسەڵاتی میسر بەڕێوە دەبات (عومەر سلێمان)وسەرۆکی تازە دامەزراوی حکومەت (ئەحمەد شەفیق) ە، هەردووکیان هەوڵ دەدەن پێگەی خۆیان لەترۆپکی دەسەڵاتدا جێگیربکەنو لەناو دەوڵەتیش داوەکو سیمبولی حوکم دەربکەون، مەبەست بەرهەڵستکاریی کەسێكوسروشتی کەسایەتی کەسێك نییە، بەڵکو ئەوە دەستەیەکی حاکمو دەسەڵاتدارە کە هەوڵ دەدات بەرگریی لەخۆی و بەرژەوەندییەکانی بکاتو خۆی لەو ململانێیە دەربازبکات کە ململانێی سیاسیە نەك کەسێتی .

ئەم ململانێیە کاتێك یەکلایی دەبێتەوە کە ڕژێم تێدەگات ، یان دەبێت شۆڕش بەردەوام بێتودرێژەی هەبێت تاکووەردەوردەو بەشێوەیەکی سروشتیی حاڵەتەکە

**شۆڕشی میسری شۆڕشێکی خۆڕسك بوو، دواتر بە شێوەیەکی سروشتی ئەوهێزە سیاسیانەی جەماوەرێکی زۆریان هەبوو چوونە ریزیانەوە، ئەوەش ئێستا لەرێگادایە بەرەو ئامانج لەمێژووی هەموو شۆڕشەکاندان**

دەگۆڕرێت بۆ ململانێی توند، یان قایل بێت بەوەی لەڕێی قۆناغێکی ئینتیقالیەوە دەسەلآت بگوێزرێتەوەو پرۆسەیوتووێژ لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی مەرجەکانو داخوازیەکان دەست پێبکات دەکرێوتووێژیش لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی قۆناغی گواستنەوە بۆ ڕۆیشتنی سەرانی دەسەلآت بکرێت .

بابەتەکە بابەتی شەخسی نییە، بەڵکو لە دانپێدانانی دەسەلآتدارانـدا دیـارە کەپێویستە دەسـەلآت بەشێوەی ئاشتیانە بگوێزرێتەوە، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە قۆناغی گواستنەوەیەووتووێژو گفتوگۆش لەگەڵیان تەنها لەڕێی ئالیەتی ئەو قۆناغەوە دەبێت ئەمەشوتووێژە نەك بیروڕاگۆڕینەوە،وتووێژ لەسەر گواستنەوەی دەسەلآت لەڕێی ئالیەتێکی باوەڕپێکراوەوە، ڕژێم خودی خۆی ناتوانێت قۆناغی گواستنەوە بەڕێوە ببات، ئەم ململانێیەش پێویستی بە بەرنامەو ستراتیژو تێگەیشتن هەیە لەسروشتی ئەو ململانێیە .

ڕژێمی میسری چووە چوارچێوەی دابڕانێکی نێودەوڵەتی تەواوەوە، پێویستە ئەم دابڕانە قوڵتر بکرێتەوە چونکە ڕژێمەکە لاوازتر دەکاتوپەیوەندیەکانی خاوەن بەرژەوەندیەکانیش بەو ڕژێمەوە لاوازدەکات بۆ قوڵترکردنەوەی ئەو دابڕانەش پێویستە بەردەوامی هەبێت لە خۆپیشاندانو پێویستە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش مەسەلەکە ڕوونتربێتەوە کە شۆڕش سەرکەوتووە ئەگەر ڕێگە بەو ڕژێمە بدرێت کە هەناسە بداتوبای باڵی خۆی بداتەوە ئەوا ڕاڕاییودوودڵیی باڵ بەسەر بارودۆخەکەدا دەکێشێت،ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپا درکیان بەوە کردووە کەواباشترە بۆ ئەو کە دەستبەرداری سەرکردەو کەسایەتیە دۆڕاوەکانی ناو دەسەلآت ببێتوەك لەوەی ڕژێمەکە هەمووی بدۆڕێتودژایەتی هەموو گەلانی عەرەبی بکات هەروەکو چۆن لەبارودۆخەکانی ئێرانوتونس دا درکی پێنەکردبوو .

پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێوان کردەوە نارەزاییەکان کەوتووێژو گفتوگۆ بەدوای خۆیدا دێنێت لەسەر داخوازیەکان لەچوارچێوەی ئەو ڕژێمەدا لە نێوان شۆڕش بۆ گۆڕینوڕژێم دا شۆڕش بۆ گۆڕینی ڕژێم تەنها نارەزاییەتی نییە لەسایەی ڕژێم دا، بەڵکو زنجیرەیەك کردەوەی بەردەوامە هەتائەو ڕژێمە لەسەر حوکم بێت ئەمەش مانای ڕێگرتنە لەگۆڕینی شۆڕش بۆ کرداری بەرچاووەکو مانگرتن یان خۆپیشاندان ، پێویستە ئەو پرۆسەیە بگۆڕرێت لەشێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە بەجۆرێك ڕژێم هەموو لقوپۆپەکانی توشی شڵەژانو پەشۆکاوی بکات لەوانەیە ڕژێم ڕابێت لەگەڵ ئەو مانگرتنەی لە (مەیدانی تەحریر) ئەنجام دەدرێت ئەگەر ئەو

مانگرتنە نەکرێتە چەقی شۆڕش، دەکرێت لەگەڵ مانگرتنەکاندا خۆپیشاندانیش هەموو شوێنێك بگرێتەوەو شۆڕش لە کارگەکان‌ورۆژنامەکان‌وهۆکارەکانی ڕاگەیاندنیشەوە هەڵگیرسێت‌و سەرتاسەری بێت، بەجۆرێك هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بگرێتەوەوخوێندکارانی زانکۆش لەزانکۆکانەوە دەست پێدەکەن، ڕۆژنامەنووسانیش لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەکان یاخی بن دژی سەپاندنی بیروڕا بەسەریاندا، کرێکارانیش لەکارگەکانیان بێنە ڕیزی شۆڕشەوە، پێویستە ئەمەش هەموو کەرتەکان‌وبوارەکان بگرێتەوە، هەتاکو خاوەن بەرژەوەندیەکان‌ودەزگاکانی دەوڵەتیش بوروژێنرێن، گرنگترینیان سوپایە کە بداتە پاڵ لایەنی سەرکەوتوو، گومانی تێدانیە ژمارەیەکی زۆریان چوونەتە ڕیزی شۆڕشەوە بەڵام لەقۆناغێك لە قۆناغەکاندا بەیەکداچوونی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵك لە ڕووی(چەندایەتیەوە) دەگوێزرێتەوە بۆ(چۆنایەتی) کە دەزگاکانی دادوەریی‌وسوپاش دەگرێتەوە، بەڵام سوپا ئەوە ناکات لەو کاتەدا نەبێت کە بگاتە بڕواو قەناعەتێك کەلە ئاکامی کارلێکی ناوخۆیی‌ونێودەوڵەتیەوە دێتە ئاراوە یان بگاتە قۆناغێك کە شۆڕشگێڕان هەڵیدەبژێرن لەڕێی کردەوەکانیان لەڕوبەڕوبوونەوەیان یان چوونە ڕیزیانەوە پێویستە ئەم خۆپیشاندانە ملیۆنیە بەرەو دەزگاکانی دەوڵەت هەنگاوبنێت ئەو کاتە سوپا ناتوانێت ڕوبەڕوویان بێتەوەوتەقەیان لێبکات‌وناچاردەبێت لەگەڵیان ڕێکەوێت ، ئەمەش نایەتەدی ئەگەر خەڵك‌واهەست بکەن کە قەناعەت بەسوپا دەهێنن لەڕێی پیاهەڵدانیانەوە .

شۆڕشی میسری لەئێستادا قۆناغێکی باشی بڕیوەوچەندین‌وێنەی شارستانیانەو هەمەڕەنگ‌وگفتوگۆو گیانی لەخۆبوردوویی سەریانهەڵداوە کە پێشترولەژیانی سیاسی میسریدا لەسایەی ڕژێم دا بوونیان نەبووە زەمەنێکی دوور پێش ئێستا کە زۆر کەس بیریان نایەت‌وهیچ کەسێك نەیبیستبوو کەوتاربێژێك لەڕۆژی هەینیدا دەربارەی ملیۆنان هاووڵاتی میسری لە ژن‌وپیاو قسەبکات، یان دەربارەی ئەخلاق‌وڕەوشتی ئیسلام‌ومەسیحی قسەبکات، ئەم ژمارە زۆرەی پیاوان‌و (ئافرەتانی بالاپۆش‌و ئافرەتانی سفوور)یان

نەدیوە بەبێ ئەوەی کەسێك پەلاماریان بدات‌ودەستیان بۆ ببات، یان ملیۆنان کەس پێکەوە هاواربکەن‌و پێکەوە خۆپیشاندان بکەن بەڕێك‌وپێکی بەبێ ئەوەی ئاژاوەیەك دروست ببێت .

ئەم ڕژێم‌وسیستمە ستەمکارانە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا خراپترین جۆری توندڕەویی تیرەگەری‌و ڕەگەزپەرستی‌و تاوان لەسایەیاندا سەرهەڵدەدەن، چەند نموونەیەکمان لەو



هەولێرنامەی کتێب

چەقۆکێش‌وسەرکێشانە بینی کە ڕژێم دروستی کـردبـوون دژی خـۆپـیـشـانـدەران، کـە ڕواڵـەتـی دواکـەوتـوویـی‌ونـەزانـی ئـەو ڕژێمـــەی دەرخست بەرامبەر گەلێکی شارستانی، ئەمەش پێچەوانەی ئـەو پڕوپاگەندانە بـوو کـەدەربـارەی گەلەکەی لەوڵاتانی ئەوروپا کردبووی کە گوایە گەلێکی دواکەوتووی هەیەو پێویستیان بە دەسەڵاتێکی سەرکوتکارو ستەمکار هەیە .

بـەڵام کاتێك گەلەکەی دەچێتە سەرشەقام لـــەدژی،وەکـــوئـــەوەوایـــە بـەپـرۆسـەیـەکـی پاکسازی‌وبژارکردندا تێپەڕێت لە پیسی‌وپۆخڵەواتی ڕۆشنبیریی ئەم ڕژێمە سەرکوتکارە، ئینسانێکی میسری یان عەرەبی نەما دڵخۆشی‌وکامەرانی خـۆی دەرنـەبـڕێـت بەرامبەر ئـەو شادمانییەی لەخۆپیشاندانەکانی ڕۆژی سێشەممەی بەرواری (١ ی شوبات) یان ڕۆژی هەینی ( ٤ ی شوبات) هەبوون، لەبەرامبەر ئەو درندەیی‌و دواکەوتوییەی ڕژێم لەڕۆژانی چوارشەممەو پێنج شەممەی (٢و ٣ شوبات) لەدژی خۆپیشاندەران ئەنجامی دابوو .

ئیدی گـەل گـەڕایـەوە بۆ خۆی‌ومیسریش گـەڕایـەوە بۆ ئـەوەی لەگەڵ خـودی خۆی ئاشت بێتەوە، لەوەدەچێت ئیتر لەم قۆناغەی ئێستادا عەرەب لەگەڵ خودی خۆی ئاشت بێتەوە لەکاتێکدا کە دەچێتە سەرشەقام لەدژی ڕژێمە دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان .

**ئـەم ڕژێم‌وسیستمە ستەمکارانە لەناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا خـراپـتریـن جـۆری توندڕەویی تیرەگەری‌و ڕەگـەزپـەرسـتـی‌و تـاوان لەسایەیاندا سەرهەڵدەدەن، چەند نموونەیەکمان لەو چەقۆکێش‌وسەرکێشانە بـیـنـی کـە ڕژێـم دروسـتـی کـردبـوون دژی خۆپیشاندەران، ستەمکار هەیە .**

هەولێرنامەی کتێب

WWW.PUKM1.COM

بوێری لە دەربڕین و ڕاستگۆیی لە زانیارییەکاندا

هاوڵاتیانی خۆشەویست:

بۆ خستنەڕووی داواکاری و سکاڵاکانتان ،

بەدواداچوون بۆ کێشەکانتان

پەیوەندی بکەن بە:

Tel: 07480172102

Email: info@pukm1.com

ناونیشان / عێراق_کوردستان _سلێمانی (شەقامی سالم بینای مەڵبەندی(1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک))

PUK

ماڵپەڕی مەڵبەندی (1)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)


هەواڵنامەی کتێب



# حزب و کۆمەڵگە

ن/ حسێن عەلی نەوزەری
و.لە فارسیەوە /عەتا جەماڵی

# سیستەمە حزبییەكان و كۆمەڵگە: پەیوەندیی نێوان سیستەمی حزبی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی

**هەر** پێناسەیەكی كە سەبارەت بە حزب قبووڵمان كردبێت، تەنانەت پێناسەیەك كە بەپێی ئەو حزبەكان تەنیا و تەنیا لە هەوڵی بەدەستهێنانی پێگە و دەسەڵاتدا بن بەهەرحاڵ حزبەكان پێویستە پەیوەندیگەلێكیان بە كۆمەڵگەوە هەبێت، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە لە ڕەوتی خەباتدا بێگومان دەبێ پەنا بۆ بەرژەوەندییە مادی و ئارمانییەكانی دەنگدەرەكانیان بەرن و لەڕێگەی پڕوپاگاندە و پشت بەستن بە داخوازییە مادی و ڕۆحییەكانی كۆمەڵگەی دەنگدەرانەوە، شانسی سەركەوتنی خۆیان بەرزتر بكەنەوە، بەڵام زۆربەی جار لە زۆربەی وڵاتەكاندا پەیوەندی نێوان سیستەمی حزبی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی یان بەها كۆمەڵایەتییەكان زۆر كز و لاوازەو هەركاتێكیش لەو گۆشەنیگایەوە سەیر كەین كە حزبەكان بە نێوانگر و ناوبژیوانی كۆمەڵگە و دەوڵەت دەزانێت، لەو حاڵەتەدا ئەو پەیوەندییە زۆر لەوە لاوازتر و رووكەشتر دەبێت كە چاوەڕوان دەكرێت. لە زۆرێك لە حاڵەتەكانیشدا بكەرە ڕێكخراوەیی‌و دامەزراوەییەكان دەتوانن لە دیاریكردنی دەسەڵات و هێزی حزبیدا زۆر گرنگتر لە بكەرە كۆمەڵایەتییەكان كار بكەن، لەبەر ئەوە لەم بەشەدا دەپەرژێینە سەر بابەتی پەیوەندی سیستەمە حزبییەكان و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی وئەو هۆكارانەی دەستیان هەیە لە كەوتنەوەی لێكهەڵبرانە كۆمەڵایەتییەكان و بیچمە جۆراوجۆرەكانی ئەو جۆرە لێكهەڵبرانانە و سەرئەنجام ئەمەكداری ، یان پەیوەندییە حزبییەكان.

## ١ -كەلەبەرەكان و دابەشكارییە كۆمەڵایەتییەكان :

هەموو جۆرەكانی ئەو حزبانەی كە لە دێرەكانی پێشتردا ئاماژەیان پێكرا، پەیوەندیو نزیكایەتییەكی ڕوونیان لەگەڵ دابەشكارییەكان یان كەلەبەرەكانی ناو كۆمەڵگەدا هەیە،

حزبەکان دەتوانن نوێنەری چینە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپە ئایینییەکان، کۆمەڵانی زمانی یان نوێنەری بەرژەوەندیگەلێکی تایبەتی تر بن، لێرەدا ئاماژە بە سێ دەستە لە دابەشکارییەکان یان کەلەبەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین:

زۆربەی جار لە زۆربەی وڵاتەکاندا پەیوەندی نێوان سیستمی حزبی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان بەها کۆمەڵایەتییەکان زۆر کز و لاوازەو هەرکاتێکیش لەو گۆشەنیگایەوە سەیر کەین کە حزبەکان بە نێوانگرو ناوبژیوانی کۆمەڵگەودەوڵەت دەزانێت، لەو حاڵەتەدا ئە وپەیوەندییە زۆر لەوە لاوازتر و رووکەشتر دەبێت کە چاوەڕوان دەکرێت.

أ) کەلەبەرە پێگەییەکان :

ئەو جۆرە کەلەبەرانە دەگەڕێنەوە بۆ پێگەی پشتیوانییە حزبییەکان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، ئەو پێگانە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو پێگە ڕەچەڵەکیە یان دەستنیشانکراوەی کە تاك تێیدا لەدایك دەبێت، وەك نەژاد، گرووپی ئەتنیکی یان ڕەگەز یان لەوانەیە بگەڕێنەوە بۆ پێگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تاك، وەك چینێکی کۆمەڵایەتی یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی تاك دەتوانێت بە درێژایی ژیانی گۆڕانی بەسەردا بهێنێت. هەڵبەت جیاوازیی نێوان پێگەی ڕەچەڵەکی و پێگەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازییەکی ڕەها نییە، بەڵکوو دەتوانرێت بەگشتی لەسەر بنەمای نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکرێن. هەروەها بەپێچەوانەی چاوەڕوانییە مارکسیستییەکان، فاکتەرە چینایەتییەکانی پەیوەندیدار بە پشتیوانی حزبییەوە، زۆرجار دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرە نەژادی و ئەتنیکی و مەزهەبیو ناوچەیی یان زمانییەوە.

**ب) کەلەبەرە رەفتارییەکان :**

ئەو جۆرە کەلەبەرانە، بەتایبەتی کەلەبەر و مەوداکانی ناو ئاستەکانی ئەندامەتیی حزبیی، زۆر جار زیاتر لە کەلەبەرە پێگەییەکان کار دەکەنە سەر پشتیوانییە حزبییەکان. ئەو توێژینەوە و لێکدانەوانەی کە لەو بوارەدا ئەنجام دراون ئەوە دەردەخەن کە ئەگەرچی پێگەی پشتیوانیی چینی کرێکار زۆربەی جارەکان مەیلەو ئاراستەی پشتیوانی لە حزبە چەپگەراکاندایە، بەڵام ئەندامەتی سەندیکایی بەجیدی دەکەوێتە ئەو ئاراستەیەوە، لەلایەکی ترەوە لەحاڵێکدا کە گرووپە مەزهەبییەکان دەکەونە ئاراستەی حزبە مەزهەبییەکانەوە (بۆ نموونە حزبەکانی کاتۆلیك و دیموکراتی مەسیحی لە ئەڵمانیا)، هێزی ئیمان یان هاوئاراستەییو ئا
مادەیی کلێساش پەیوەندییەکی بەهێزی بە پشتیوانی حزبییەوە هەیە.

**ج) کەلەبەرە ئایدیۆلۆژیکەکان :**

ئەم جۆرە کەلەبەرانە بریتین لە ئەولەوییات و سەرێتیگەلێکی وەك بەهاکان، نۆرمەکان بیرو باوەڕەکان، راوبۆچوونەکان، جیهانبینی و شتی تری لەو جۆرەن کە لەوانەیە بەتەواوەتی لەگەڵ پێگە و دۆخی تاکێك لەناو کۆمەڵگەدا نەگونجێت، لەڕاستیدا ئاراستەگیری و لایەنگیرییە ئایدیۆلۆژیکەکانی تاکەکان پێدەچێ کەلەبەرە پێگەییەکانی ئەوان بخاتە ژێر رۆشنایی خۆیەوە، بۆ نموونە زۆرێك لە حزبە کۆمۆنیستەکان(بە شوێن و پێگەی چینی کرێکارەوە) لە ئەورووپای خۆرئاوایی بەشێوەی نەریتی بەشی هەرە گەورەی پشتیوانییەکانی خۆیان لەنێوچەپگەراکانی چینی ناوەڕاست بەدەست دەهێنن.

هەڵبەت نابێ پێمان وابێت کە سەرجەم کەلەبەرەکان یان پرسگەلی لەو جۆرە کە لە کۆمەڵگەدا هەن لە هەموو هەلومەرجەکاندا لە رووی سیاسییەوە کاریگەرن، هەروەها دەکرێ لە نێوان کەلەبەرە شاراوە یان هێزەکییەکان و کەلەبەرە راستەقینە و کردەکییەکان کە مۆبیلیزەکردنی سیاسی بە پشت بەستن بەوان بەڕێوە دەچێت، جیاوازی بکرێت، هەندێ لە کەلەبەرەکان پێدەچێ بەر لەوەی رووی سیاسی بەخۆیانەوە بگرن هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ بە شاراوەیی بمێننەوە. بۆ نموونە پرسی ژنان هەتا چەندین دەیەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ١٩٨٠ کە تیایدا پرسی "کەلەبەری رەگەزیی" گەڵاڵە کرا، لەئارادا هەبوو. هەروەها دەکرێ پرۆسەی بە سیاسیبوون و خوو وەرگریی سیاسیش وەك هێڵێکی بەردرێژ و رەوتێکی

بەردەوام لەبەرچاو بگیرێت کە خاڵی دەستپێکەکەی بە سەرهەڵدانی دابەشکارییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان یان گەڵاڵە بوونی پرسە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و گۆڕانیان بەرەو بزاوتێکی نارەزایی دەستپێدەکات و دواتر شێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێت و لە ئەنجامدا بە پێکهێنانی حزبێکی سیاسیی نوێ دەگاتە خاڵی کۆتایی خۆی.

**حزبەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە پانتایی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکدا بەردەوام بن و تەنانەت هەتا چەندین سەدەش،**

## ٢ - ئەمەکداریی حزبیی و گۆڕانی سیستمی حزبی :

حزبەکان دەتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە پانتایی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەیەکدا بەردەوام بن و تەنانەت هەتا چەندین سەدەش، سەرەڕای کەوتن و هەستانەوەکان و گوشارەکان، قەیرانەکان و کۆسپە جۆراوجۆرەکانی تر و یان سەرەڕای گۆڕانی حکوومەتەکان و گۆڕانکاریی پێکهاتەیی کۆمەڵگە هەروا لەسەر پێ بمێننەوە، وەك حزبەکانی کرێکار، کۆنسێرڤات و لیبراڵ لە ئینگلتەرا کە دوو حزبی لیبراڵ و کۆنسێرڤات لەڕاستیدا بیچمی گۆڕاو کامڵتر بووی پێشینەکانی خۆی واتە (ویگ تۆری) هەژمار دەکرێن.(١)

مانەوە و لەسەرپێ مانی حزبەکان بە گشتی بە دوو شت بەستراوەتەوە: یەکەم، ئەمەکداریی، ئەرکباریی، دەربەستیی و پابەندیی ئەندامەکان و لایەنگرانی حزب بە پرەنسیپەکان، بەرنامە و ئامانج و سیاسەتە حزبییەکان.

دووهەم، زەروورەتی گۆڕانکاریکردن لە پێکهاتەکان،



هەولێر کتێب

دامودەزگا، بەرنامەكان و تاكتیك و نەخشەڕێیەكان و ئامانجەكانی حزب بەگوێرەی پێویستی‌و هەلومەرجە سیاسی‌و كۆمەلایەتی‌و ئابووری و كلتوورییەكانی كۆمەڵگەش، بەشێوەیەك كە حزب هەمیشە بتوانێت پێ بە پێی خواست و چاوەڕوانییەكانی كۆمەڵگە بچێتە پێش و توانایی دابینكردنی پێویستییە كۆمەلایەتییەكانی هەبێت، بە واتایەكی تر هەر حزبێكی سیاسی تەنیا بەو مەرجەی كە ئەو دارا بوونی ئەو دوو مەرجە یانی ئەمەكداریی حزبیی‌و گۆڕانكاری بەگوێرەی پێویستییە شوێن–كاتییەكان لە پێكهاتەو بەرنامەكانی خۆیدا دەتوانێت لەسەر پێ بمێنێت‌و بەردەوامبوونی خۆی گەرەنتی بكات.

مانەوە و بەردەوام بوونی ژیانی حزبیی، جگە لەو هۆكارانەی سەرەوە چەند مەرجێكی تریشی هەیە: یەكەم) لەوانەیە دابەشكارییە كۆمەلایەتییەكان و ئەو كەلەبەرانەی كە حزبێكی سیاسی لەسەر بنەمای ئەوان یان بەهۆی ئەوانەوە دامەزراوە، هەروا بەردەوام بن، ئینجا هەر لەبەر ئەوە حزبەكانیش لەو ڕووە كە بۆ پڕكردنەوە یان چارەسەر كردنی ئەو كەلەبەرانە بەدی دێن، بەردەوام دەبن.

دووهەم) دەنگدەرەكانیش لەوانەیە پاش ماوەیەك لە سیستەمێكی حزبیی تۆكمەتر نزیك ببنەوە یان بۆ پشتیوانیكردن لە حزبێكی تر هەنگاو بنێن. ئەو لێكۆڵینەوە و توێژینەوانەی ئەنجام دراون ئەوە دەردەخەن كە بە دەركەوتنی كەلەبەر و دابەشكارییە كۆمەلایەتییە نوێیەكان لە كۆمەڵگەدا و كاریگەرییەكانی لەسەر بەڵێنە حزبییەكان، زۆربەی جارەكان لە ئاستی خوارەوە و ئەندامە گەنجترەكانی حزبەوە دەستپێدەكات، لەبەر ئەوەی نەوەی گەنج هەمیشە زیاتر لەوانی دیكە بیر لە جووڵە و داهێنان‌و نوێكاریی و گۆڕان و گۆڕانكاریی دەكاتەوە، جگە لەوە زیاتریش دەكەونە بەر كاریگەریی.

نەوەی گەنج بە ئاسانی دەتوانن كاریگەریی لە دروشمەكان و پڕوپاگاندە و بەرنامەو ئامانج و هیواكانی حزبەكانی تر وەرگرن و بەلایاندا بشكێنەوە، مەگەر ئەوەی وردە وردە ئەو هۆكار و پاڵنەرانە لە درێژەی كاتدا كاڵ ببنەوە و كاریگەرییەكانی خۆیان لەدەست بدەن، لە بەرانبەردا نەوە كۆنتر و بەتەمەنترەكان هەوڵ دەدەن لە بەرانبەر كەلەبەر و دابەشكارییە نوێیەكاندا كە پێدەچێ هەڕەشە بن بۆسەر بەڵێنی و ئەمەكدارییە حزبییەكانیاندا خۆڕاگری بكەن و ئەمەكدار بن بەو حزبەی كە لە سەردەمی گەنجێتیدا پێی پەیوەست بوون.

سێهەم) زۆرێك لە حزبەكانیش لەوانەیە لەڕووی دامودەزگا و پێكهاتەوە بەڕادەیەك بەهێز بن كە لە بەرانبەر هەڕەشەكان و ئەو كاریگەرییانەی كە دەرهاویشتەی كەلەبەرە

کۆمەڵایەتییە نوێیەکانن بە تەواوی پارێزراو بن، تەنانەت ئەگەر پرس و ئاریشەگەلێکیش ڕوو بدەن کە ببنە هۆی دووبەرەکایەتی و دەستەبازیی و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵانی دەنگدەر و سەنگەر گرتنیان لەبەرانبەر حزبەکانی تردا، بەو حاڵەشەوە ئەو حزبانە لە خێری هەبوونی دامودەزگایەکی بەهێز و پێکهاتەیەکی تۆکمە و هەبوونی سەرچاوەگەلی پێویست لەبەر دەستیان دەتوانن بە ئاسانی بزووتنەوەکان و حزبە نوێیەکان تێپەڕێنن و بەردەوام بوونی چالاکی و مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن. لەو ئاراستەیەدا ئەو حزبانەی ئاماژەیان پێکرا بە ئاسانی دەتوانن بەرنامە و سیاسەتەکان وبابەتە بەر سەرنجەکان و تاکتیك و ئامانجەکان و ئەو هیوایانەی لەلایەن "حزبە تازە لەدایکبووەکانەوە" خراونەتە ڕوو، بدزن و یان بە وتەیەك لێیان بڕفێنن و بۆ مەبەستی تۆکمەتر کردن و بەردەوام کردنی پێگەی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرن. یان تەنانەت کەڵك لە ئەو بابەتانە وەرگرن کە لە پەیڕەو و مەرامنامەی ئەواندا کەڵکیان لێوەرگیراوە و یان لەوانەشە بپەرژێنە سەر پرس و بابەتگەلێکی تر بۆ ئەوەی ڕا و سەرنجی دەنگدەران لە بابەتە تازە بەرباسەکانی حزبە تازە لەدایکبووەکان بە لاڕێدا بەرن. دەکرێ ئاماژە بە نموونەگەلێکی بێشومار لەو تاکتیکانە لە پرۆسەی کامڵبوونی مێژوویی خەباتە حزبییەکان لە ئەورووپادا بکرێت.

بۆ نموونە بوار و سەرهەڵدانی دەوڵەتە ئاسوودەگەراکان لە زۆربەی کۆمەڵگە پیشەییەکانی ئەورووپای خۆرئاوای پاش جەنگی جیهانیی دووهەم و سەرهەڵدانی ئەو حزبانەی کە پشتیوانییان لەو بەرنامانە کرد، یان ئەو حزبانەی کە پێشتر هەبوون و بە لێکدانەوەی دروستو بەجێی بارودۆخ و پێویستییەکانی ڕۆژ چاویان بە سیاسەتەکان و نەخشەڕێ و تاکتیك و بەرنامە ڕاگەیاندراوەکانی خۆیاندا خشاندەوە و بەرنامە و سیاستگەلی نوێیان گرتە بەر کە لەلایەن حزبە چەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکانەوە گەڵاڵە کرابوونو پڕوپاگاندەیان بۆ دەکرا، بەم پێیە دەوڵەتە ئاسوودەگەراکان و حزبە لایەنگرەکانی شتێکی تازە نەبوون جگە لە هەمان ئەو حزبە کۆنانەی کە ئێستا بە دزینی پرۆژە و بەرنامە پڕوپاگاندە بۆ کراوەکان لەلایەن حزبە نوێیە شۆڕشگێر و ڕادیکاڵەکانەوە، یەکەم، چەکیان کردن و لە مەیدانی ڕکەبەرکێ و ململانێ حزبییەکان دەریانپەڕاندن و دووهەمیش، بە جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەت و خواستە نوێیەکان هەم پێگەی پێکهاتەیی خۆیانیان تۆکمە کردەوە و هەم ڕێیان لە ئەگەری کەوتنەوەی هەر چەشنە کەلەبەر و دەستەبازیی و

دابەشبوون و دووبەرەکایەتیی ناو خۆیان گرت.

هەڵبەت لە هەندێ حاڵەتدا لەوانەیە هێز و گوڕی کەلەبەرە نوێیەکان هێندە پەرگیرو مەزن بێت کە تەنانەت حزبەکانی خاوەن پێکهاتەی بەهێزیش بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوەو توانایی هێزەکیی ئەوان تووشی گومان بکات، لە وەها هەلومەرجێکدا سیستمی حزبیی پێدەچێ بە سێ شێوە یان شێواز لە بەرانبەر ئەو کەلەبەرە کۆمەڵایەتییانەدا کاردانەوە نیشان بدات، کە دوو شێوەیان لەڕاستیدا پەیوەندییان بە "پرۆسەی نوێکردنەوەی بەڵێنی حزبی"یەوە هەیە:

یەکەم) حزبە نوێیەکان لەوانەیە بەپێی پشت بەستن یان گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی دەنگدان و نوێنەرایەتیی نوێ بەدی بێن. نموونەیەکی کلاسیکی ئەو چەشنە حزبانە، سەرهەڵدانی حزبی کرێکاری ئینگلتەرایە کە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدایە، واتە لە کاتێکدا کە حزبی لیبراڵ و حزبی کۆنسێرڤات بایەخێکی ئەوتۆیان بە پرس و کێشەکانی چینە ڕوو لە پەرە سەندنە کرێکارییەکان نەدەدا، یان نموونە تازەترەکەشی سەرهەڵدانی حزبە سەوزەکان، لایەنگرانی ژینگە، گرووپە ئاشتییە سەوزەکانو... لە هەندێ وڵاتانی ئەورووپی لە ماوەی ئەم چەند دەیەیەی دواییدایە، یان سەرهەڵدانی حزبی کۆماریخوازی ئەمریکا لە ساڵانی ١٨٨٠ کە دەرخەری کاریگەریەکی کوتوپڕو مەزنە کە حزبێکی نوێ دەتوانیت بەدوای خۆیدا بیهێنێت:

هەڵبژاردنی ئابراهام لینکۆڵن دەستپێك و پێشەکیی جیابوونەوەی باشوور و جەنگەکانی جیابوونەوەی نێوان ویلایەتە باشووری و باکوورییەکان بوو.

دووهەم) ئەو حزبانەش کە بوونیان هەیە لەوانەیە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیان بۆ مەبەستی پشت بەستن بە ناوچەکانی دەنگدان و دەنگدەرە نوێیەکان بگۆڕن، بۆ نموونە لە ئێستادا وادیارە حزبە نەریتی و جێکەوتووەکانی وڵاتانی ئەورووپا لە هەوڵدان کە بە گرتنە بەری بەرنامە و سیاسەتەکانی گرووپ و حزبە سەوزەکانی ئەورووپا ئەوان لاواز بکەن.

سێیەم) ئەگەر هیچکام لەو دوو گۆڕانکارییە ڕوو نەدەن، لەو حاڵەتەدا حزبەکان لەگەڵ خێراتربوونی پرۆسەی "بەڵێنی سڕینەوە" یان "بێ بەڵێنی" و نەمانی ئەمەکداریی حزبی ڕووبەڕوو دەبنەوە، ڕەوتێك کە لە میانەی ئەودا بەشێکی هەرە گەورەی ئەو حزبانە هیوابڕاو دەبن و پشتیان تێدەکەن و بەم شێوەیە بەشداریی سیاسیی هاوڵاتییانیش بەرەو

کەمتربوونەوە دەچێت.

دەنگدەران و کۆمەڵە هەڵبژاردنییە نوێیەکان کە لە پێکهێنانی حزب یان بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی بزاووتە کۆمەڵایەتییەکان ناکام بوون، لەوانەیە لە چوارچێوەی گرووپەکانی فشار یان بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتیی تر سەر دەربێنن، حزبە باوەکانیش پێدەچێ لەرووی دەروونییەوە تووشی ناکۆکی و هەڵوەشانەوە و دووبەرەکایەتی ببنەوە و لە کۆتاییدا تووشی پارچە پارچە بوون بێن، توێژەران و لێکۆڵەران لە ناوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٦٠ ی زایینییەوە شرۆڤە و تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن کە ئایا سیستەمە سیاسییە خۆرئاواییەکان لە سەردەمی "نوێکردنەوەی بەڵێنی حزبیی"دان یان "سەردەمی بێ بەڵێنی" (Dalton, etal. ١٩٨٤).

هەڵبەت لەوانەشە هەردووك پرۆسەکە پێکەوە ڕوو بدەن، ڕەوتی بەڵێنی سڕینەوە یان بێ ەڵێنی دەتوانێت وەك هەنگاوێك بەرەو نوێکردنەوەی بەڵێنییە حزبییەکان هەژمار بکرێت.

## تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی حزبە سیاسییەکان :

**جگە** لە پێکبەستەیی و پەیوەندیی حزبەکان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، سیستەمی حیزبی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی پێکهاتەییە کە بایەخێکی زۆریان هەیە، لە گرینگترین تایبەتمەندییە پێکهاتەییەکانی حزبە سیاسییەکان دەشێ ئاماژە بە سیستەمی نوێنەرایەتی، نەوەستان و ناجێگیریی لە توانایی هەڵبژاردنەکاندا، فرەپارچەیی و بە جەمسەر بوون بکرێت.

## ١ - سیستەمی نوێنەرایەتی و شێوازەکانی هەڵبژاردن :

سیستەمی هەڵبژاردن لەپەیوەندی لەگەڵ سیستەمی حیزبیی هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرخەری ئەوەیە کە دەنگەکان چۆن لە کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی و یاسادانانەوە دێنەدەر، لەو بوارەدا لەگەڵ گەلێك دەستە و گرووپی بەرفراوان و جۆراوجۆردا سەروکارمان هەیە : لە

لایەکەوە سیستەمی نوێنەرایەتیی پشکداری یان ناوچەیی هەیە کە لەوێدا تەنانەت حزبە بچووکەکانیش دەرفەتی بەدەستهێنانی کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانیان لەبەردەستدا هەیە، بەم شێوەیە ئەگەر سەد حزب، هەرکامیان یەك لەسەدی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، لەو حاڵەتەدا هەر حزبەو یەك کورسیی ئەنجومەنە سەد نوێنەرییەکە بەدەست دەهێنێت، ئەم جۆرە سیستمانە هیچ کۆسپێك ناخەنە بەردەم دابەشبوون و فرەیی ژمارەی حزبەکان.

لەلایەکی ترەوە سەروکارمان لەگەڵ سیستمی نوێنەرایەتیی زۆرینەدا هەیە، کە لەوێدا هەر حزبێك زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، لەو حاڵەتەدا سەرجەم کورسییەکانی نوێنەرایەتی بۆخۆی تەرخان دەکات.

لەو جۆرە سیستەمانەدا حزبە گەورەکان زۆربەی جارەکان حزبە بچووکترەکان لە مەیدان دەردەکەن، بەم شێوەیە ئەگەر حزبی "ئەلف" ٤٠٪ی دەنگەکان لە هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردندا بەدەست بهێنێت و حزبی "ب"، "ج" هەرکامێکیان ٣٠٪ی دەنگەکان بەدەست بهێنن، لەو حاڵەتەدا سەرجەم کورسییەکان دەبێتە هی حزبی "ئەلف"، دوو حزبەکەی تر کورسییان نابێت، ئەو جۆرە سیستمە بە ئۆتۆماتیکی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم فرەحیزبیدا، لەبەر ئەوەی حزبە بچووکترەکان دەگەنە ئەو ئەنجامە کە بوون و چالاکیی ئەوان جگە لە بەفیڕۆدانی سەرمایە و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر و زەبەند، هیچ سوودێکی تری بۆ ئەوان نابێت، بەدڵنیاییش ئەوحاڵەتە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەشداریی سیاسیی کۆمەڵانی خەڵك، هەندێك لە سیستمە حیزبییەکان ئەو دوو جۆرە سیستمە تێکهەڵکێش دەکەن، بۆ نموونە لە ئەڵمانیا دەنگدەران دوو دەنگیان هەیە، یەکیان بۆ کاندیدا خۆجێییەکان و ئەوی تریان بۆ لیستی کاندیدا حیزبییەکان، ئەگەر کاندیداکان لە ناوچەی خۆیاندا زۆرینە بەدەست بهێنن لەو حاڵەتەدا کورسییەك بەدەست دەهێنن و کورسییەکانی تر کە ماون بەگوێرەی پشك و بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ دەنگەکاندا دابەش دەکرێن، ئەوکاتە هەر حزبێك بۆ ئەوەی بەپێی ئەو پشکەی لەبەرچاو گیراوە، کورسییەك بەدەست بهێنێت، لانیکەم پێویستە ٥٪ی دەنگە نیشتمانییەکان بەدەست بهێنێت، ئەو جۆرە سیستمە سەرەڕای هەوڵدان بۆ کەمتربوونەوەی دابەشبوون و پرش و بڵاویی حزبەکان و ڕێگرتن لە پڕ ژمارەبوونی حزبەکان، هەوڵ دەدات کەڵەکە بوونی کورسییەکان لە دەستی حزبێکدا و بێبەش مانەوەی حزبەکانی تر لە کورسییەکانی نوێنەرایەتی بەگوێرەی پشك، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی

سەقامگیریی‌و لەسەرپێ بوونی حکوومەتەکان و دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوە. بەڵام توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی کە لەو بارەیەوە ئەنجام دراون ئەو گریمانەیە ناسەلمێنن: "سیستمەکانی هەڵبژاردن لە قۆناغەکانی قەیران و تەنانەت لە قۆناغە ئاساییەکانیشدا بایەخێکی ئەوتۆ و پەرگیریان نییە". (Taagepera & shugart,. ١٩٨٥,p.٢٣٦)

## ٢ - نەوەستان و ناجێگیریی توانایی حزبەکان بۆ هەڵبژاردن :

هەوراز و نشێو و کەوتن و هەستانەوەکانی توانایی و لێوەشاوەیی سیستمە حیزبییەکان بۆ هەڵبژاردن چەند پرۆسەیەکی جیاواز لەخۆ دەگرێت: یەکەم لەهاتوچۆدا بوونی دەنگدەران لەنێوان حزبەکاندا بەهۆی هەندێك هۆکاری وەك باڵق بوون، کۆچ، مردن، خۆبواردن لە بەجێهێنانی بەڵێنەکان و ئەرکە حیزبییەکان. دووهەم، نوێکردنەوەی بەڵێنی یان سڕینەوەی بەڵێنی واتە گۆڕان لە ڕەوتی بەڵێندارییەکان لە بوارە جیاوازە حیزبییەکانداو یان کەمبوونەوەی هەموولایەنە وابەستەییە حیزبییەکان، بۆ نموونە توێژەران بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەوە ناکۆك بوون کە ئایا ناجێگیرییەکانی ناو هەڵبژاردنەکان بۆتە هۆی لاوازبوون‌و تێکشکانی سیستمەکانی دیموکراسی لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا(Dalton etal, ١٩٨٤, Crew & Denver, ١٩٨٥).

لە ساڵانی ١٩٨٠ زیمێرمان و سالفاڵد لە توێژینەوەکانی خۆیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە ناجێگیریی و کەوتن و هەستانەوەکان لە هەندێ لە وڵاتاندا، نەك لە هەموو وڵاتەکاندا، هەتا ئاستێك بوو بەهۆی لاواز بوونی دامەزروە دیموکراتیکەکان، بەگوێرەی توێژینەوەکان زۆربەی حزبە پڕ کەفوکوڵ و دژە دیموکراتیکی پاش سەردەمی جەنگ، بەشی هەرە گەورەی پشتیوانییەکانی خۆیان لەڕێی دەنگی دەنگدەرانێکەوە بەدەستهێنا کە پەیوەندی‌و پابەندییەکی لاوازیان بە حزبەکانەوە هەبوو، یان بەشێوەیەکی لاواز لە دامەزراوە وردەکلتوورییەکانی وەك ڕێکخراوە کرێکاریی و ئایینی یان ئەتنیکییەکاندا کۆببوونەوە. (Zimmermann & saalfeld, ١٩٨٨).

هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە ناجێگیریی و نارەزاییەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبیی، هەمیشە شێوەی دژە دیموکراتیکیان نییە، لە زۆرحاڵەتدا ئەو جووڵانە

بە بەشێك لە پاژەكانی سیاسەت و ڕێڕەوە دیموكراتیكەكان هەژمار دەكرێن. زۆركەس لەو بڕوایەدان كە بەرنامەی نوێكردنەوەی بەڵێنە حیزبییەكان لە چوارچێوەی پرۆژەی نیوودیل(٢) بە زیانی دیموكراسیی ئەمریكا تەواو بوو، یان ئەوەی كە زۆربەی بزووتنەوە چەپە نوێیەكان، بزووتنەوەكانی لایەنگری ژینگە و گرووپە سەوزەكان، كۆمەڵێك ڕەوتی دژە دیموكراتیكن، بەڵام پێویستە سەرنج بدرێتە ئەو خاڵە ناجێگیرییە حیزبی و هەڵبژاردنییەكان لە حاڵەتێكدا زیانیان بۆ دیموكراسی دەبێت كە بیرۆكە و هەنگاوی دژە دیموكراتیكیان لەگەڵدا بێت، لەڕاستیدا زۆربەی هەنگاوە كۆمەڵییەكان لەبواری مۆبیلیزەكردنی دەنگەكان لەلایەن حزبە دیموكراتیكەكانەوە دەتوانێت وەك باشترین هیوا بۆ ڕزگاركردنی دیموكراسی لە قۆناغی قەیراندا هەژمار بكرێت، لەڕاستیدا هەموو شت بە مەیلی دەنگدەرانەوە بۆ پشتیوانی لە حزبە دیموكراتیكەكان بەستراوەتەوە.

## ٣ -دابەشبوون و چەند پارچەیی :

بەبڕوای هەندێك لە توێژەران دابەشبوون و پارچە پارچە بوون لە سیستمە حیزبییەكاندا لە بەرەبەری جەنگی جیهانیی دووهەمدا، كە تا ڕادەیەك دەرهاوێشتەی گرتنەبەری شێوازی نوێنەرایەتیی بەپێی پشك بوو، بوو بە هۆی لاوازبوونی سیستمەكانی دیموكراسی لە وڵاتانی ئەورووپیدا، بەبڕوای ئەو توێژەرانە لە سیستمێكی حیزبیدا كە دابەشبوون و پارچە پارچە بوون كاری تێكردووە ژمارەیەكی زۆر حزبی بچووك بوونیان هەیە كە هەركامێكیان خوازیاری پشكێكن لە نوێنەرایەتی و بەشداری لە فەرمانڕەوایەتیدا، هاوڵاتییان بە بینینی ژمارەی زۆری حزبەكان و كاندیدا حیزبییەكان تووشی سەرلێشێواویی و بێبڕیاریی دەبن، لەو ڕووەوە كە كەسەكان بۆ پێكهێنانی حكوومەت ناچار بە هاوپەیمانێتی دەبن، لەبەر ئەوە كاریگەریی و بڕستی دەنگدەران لەسەر سیاسەتەكان و ڕێڕەوە حیزبییەكان كەم دەبێتەوە و بەم شێوەیە لە دیموكراسی دەبێزرێن و بێهیوا دەبن.

هاوپەیمانییە حكوومەتییەكان بە سەرنجدان لە هەبوونی ژمارەیەكی زۆر حزبی بچووك بە ئاسانی دەتوانن ببن بە گەمەی دەستی سیاسەتەكان و خواستەكانی ئەو حزبانە. هەندێك لە توێژینەوە ئەزموونكراوەكان ئەو تێزە دەسەلمێنن، پرۆسەی دابەشبوون و ناكۆكی كەمبوونەوەی متمانە بە حكوومەت و زیادبوونی نارەزایەتی لە بەرانبەر دیموكراسیی بەدوادا

دێت، حکوومەتەکانی ناو ئەو سیستەمە حیزبییانەش کە تووشی دابەشبوون و دووبەرەکایەتی بوون، حکوومەتگەلێکی لاواز و رووخەکی و توانایی دەستەبەر کردنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکانیان نابێت، لەلایەکی ترەوە هەندێك لە توێژەران لەو بڕوایەدان کە دابەشبوونی سیستمی حیزبی وەك هۆکاری سەرەکیی لاوازبوونی سیستمی دیموکراسی هەژمار ناکرێت. دابەشبوون رۆڵی هەیە لە دروست کردنی کێشەکاندا، بەڵام کۆمەڵێك هۆکاری گرینگی دیکەش لەو پرسەدا رۆڵیان هەیە، بۆنموونە جەمسەربەندیی سیستەمی حیزبی بە چەند پلە زیاتر لە دابەشبوون و پارچە پارچە بوون دەتوانن ببنە هۆی ناسەقامگیریی و ناکارامە بوونی حکوومەت.

## ٤ -جەمسەربەندیی یان بەجەمسەربوون :

سارتۆری، لەو توێژینەوانەدا کە سەبارەت بە حزبە سیاسییەکانی ئەورووپا و پلۆرالیزمی بەجەمسەرکراو ئەنجامی داوە (Sartori ,١٩٦٦,١٩٧٦) مۆدێلێك سەبارەت بە "پلۆرالیزمی بەجەمسەرکراو" دەخاتە ڕوو کە باشترین و پەرگیرترین هەڵسەنگاندن و شرۆڤەیەکە هەتا ئێستا لەو بارەیەوە ئەنجام دراوە، بەپێی توێژینەوەکانی سارتۆری لە سیستمێکی حیزبیی بە جەمسەرکراودا، حزبێکی گەورە (بەڵام نەك زۆرینە) کەم تا زۆر بەشێوەی بەردەوام دەستی هەیە لە شێوەی هاوپەیمانێتیی ناسەقامگیردا لەگەڵ حزبە جیاوازەکانی دیکەی حکوومەتدا، لەم جۆرە سیستمانەدا لانیکەم یەك حزبی رادیکاڵ (دژی سیستم) لە سەنگەری دژایەتی یان ئۆپۆزیسیۆنی نیوە هەمیشەییدایە.

حزبە رادیکاڵەکان لەو رووەوە کە توانایی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەهێز بۆ گرتنەوەی جێگەی هاوپەیمانیی هەنووکەیی نین، زۆر لەبەر سەرنج و پەسندی گشتییدا نین، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەندە بەهێز هەن کە بتوانن رێگە لە پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە جێگرەوانە بگرن کە ئەوان لە خۆ ناگرێت. سارتۆری لەو بڕوایەدایە ئەو حاڵەتە دەبێتە هۆی وەستان و گەندەڵی لە ناوەندا و ناکامیی و توندڕەویی یان رادیکاڵیزم لە دەوروبەرداو هەروەها ناسەقامگیریی هاوپەیمانییە حکوومەتییەکان، بۆ نموونە سارتۆری وەك بەڵگە بۆ بیرۆکەکەی، ئاماژە بە کۆماری "وایمار" لە ئەڵمانیاو، کۆماری چوارەمی فەڕەنسا و ئیتالیای هاوچەرخ دەکات. هەڵبەت گەلێك بەڵگە و دیکۆمێنتی عەینی و ئەزموونکراو ئەو مۆدێلە

رەچاوکراوەی سارتۆری دەسەلمێنن.

بە جەمسەری بوونەوەی سیستمە حیزبییەکان لە کۆمەڵگە و سیستمە دیموکراسییە پۆست ئۆتۆریتیستییەکانی وەك ئەڵمانیای خۆرئاوا، ئیتالیا و ئیسپانیا بەهاگەلی نادیموکراتیكو نالیبراڵیان لەگەڵدا دەبێت، لەلایەکی ترەوە کاتێك کە پەیوەندیگەلی بەپێی بێمتمانەیی و نەبوونی تۆلێرنس لەنێوان ئەکتەرە سیاسییەکاندا لە ئەنجامی سەپاندنی زنجیرەیەك کەرەستەی نایاسایی لە هەندێك وڵاتانی پۆست ئۆتۆریتیستی جێگیر بوو، وردە وردە هەندێك بوار رەخسا و ئەو جۆرە پەیوەندییانە لە چوارچێوەی سیستمە حیزبییە بە جەمسەری کراوەکاندا دەرکەوت، ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زۆرانەی لە ئاستی وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا کراون دەرخەری ئەوەن کە بەجەمسەری بوون زیان بە لایەنەکانی دیکەی دیموکراسیش دەگەیەنێت، بە جەمسەری بوون پەیوەندییەکی نیگەتیڤی بە رەوایی دیموکراتیك و متمانە بە حکوومەتەکانەوە هەیە پەیوەندییەکەی لەگەڵ رووخەکی و ناسەقامگیریی کابینەکاندا پۆزێتیڤە، هەڵبەت زۆرێك لە توخمەکانی ناو ئەو مۆدێلەی کە لەلایەن سارتۆرییەوە گەڵاڵە کراوە کەوتۆتە بەر مشتومڕ و رەخنەی تیۆریستەکانی تر، بەتایبەتی ئەو توێژینەوانەی کە لە ساڵانی دەیەی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ سەبارەت بە ئیتالیا ئەنجامدراون بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی سارتۆرین کە پلۆرالیزمی بە جەمسەریکراو هۆکاری سەرهەڵدانی رادیکاڵیزم بووە و لە ئەنجامدا بە زیانی دیموکراسییە، ئەو توێژینەوانە پێداگرن لەسەر ئەوەی کە کۆمۆنیستەکانی ئیتالیا رێگەی میانەرەوییان گرتۆتە بەر و حزبە دیموکرات مەسیحییەکانی ناوەندیش تۆلێرانس و هەڵکردنێکی زیاتریان گرتۆتە بەر، هەڵبەت دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکرێت کە ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانەش کە ئەو توێژینەوانە پشتیان پێبەستوون هێندە رازیکەر نین.

# کەڵکی حزبە سیاسیەکان :

## ١ -کەڵکە تیۆرییەکانی حزبەکان :

حزبە سیاسییەکان دەکرێ سەر بە چەندین جۆر گرووپبەندیی جیاجیا بزانرێن، تەنیا ناودێرکردنی حزبەکان بە ڕاناوی "سیاسی" و ڕەچاوکردنیان وەك گرووپگەلی سیاسی، بەو تێبینیەی کە گرووپەکانی تر سیاسی نین بەس نییە، لەبەر ئەوەی بەگوێرەی پێناسە، هەر دیاردە یان ڕەوتێك بەگوێرەی ئاستی بەشداریکردنی لە پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، بە سیاسی هەژمار دەکرێت، بەم پێیە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی وردەکارانەی ئاستی بەشداریکردنی حزبەکان لە پرۆسەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ئاستی ئامادەبوونیان لە پانتایی سیاسیدا و هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنێکی ورد سەبارت بەو تێڕوانینە کە حزبەکان لە بنەڕەتەوە و وەك زەرووڕەتێك کۆمەڵێك گرووپبەندیی سیاسین، دەبێ لە هەوڵی دۆزینەوەی کۆمەڵێك پێوەری گونجاوتردا بین.

یەکێك لەو پێوەرانە کە زۆرجار کەڵکی زیاتری هەیە، ئەوەیە کە حزبەکان، کۆمەڵێك گرووپبەندین کە ئامانجیان بەدەستهێنانی دەسەڵاتە، لەحاڵێکدا کە ئامانجی گرووپبەندییەکانی تر تەنیا کاریگەری دانان لەسە ڕەوتی بڕیاردانەکانە.(Neumann, ١٩٥٦.pp,٣٩٥-٤٠٠) ئەو دابەشکارییە تا ڕادەیەك دەتوانێ پێوەرێکی گونجاو بێت ئەگەرچی بە پێوەرێکی واتایی و تیۆریی ورد و گشتگیر هەژمار ناکرێت، بەڵکوو زیاتر وەك ڕێسایەك کار دەکات، ئەو پێوەرە لەسەر بناغەی جیاکاریی و جیاوازیی نێوان بڕیاردەران و تەنیا گرووپە بەبڕستەکانە کە لە ڕادەبەدەر ساویلکانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەگەریش بەمەرجێك دیاردەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیمان لەبەرچاو بێت، لەو حاڵەتەدا ئەو پێوەرە لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی دینامیزم و جووڵەدا کە بەپێی ئەو گرووپێکی ئاسایی وردە دەتوانێت ببێتە حزبێك، یارمەتییەکی ئەوتۆمان نادات، لەبەر ئەوەش ئەو جیاکاری و جیاوازییەی کە ئاماژەی پێکرا بەر لەوەی پێوەر بێت، زیاتر جۆرێك فاکتەرە.

لێرەدا باشتر وایە بگەڕێینەوە سەر چەمکی گرووپەکان و گرووپبەندییەکان و ئەو گۆڕانکارییانە شرۆڤە بکەین کە بەدوای بەسیاسیبوونی گرووپەکاندا ڕوودەدەن، بەو پێیە حزبەکان بەر لە هەر شتێك بە بەشێك لە ئەنجوومەن یان کۆمەڵەکان دێنە هەژمار. حزبەکان

بەهەمان شێوەی "کۆمەڵانی" وەك خێڵەکان یان گرووپە ئەتنی-خێڵەکییەکان نین. لەو رووەوە بە ئەنجوومەن یان کۆمەڵ هەژمار دەکرێن کە خاوەنی ئامانج و ئاوات و بەرنامەگەلێکن کە بەپێی ئەوان دەجووڵێنەوە، جا چ بەدەستهێنان یان پاراستنی دەسەڵات بگرێتەوە یان کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات بۆ دەستەبەر کردنی هەندێك ئامانج. لەهەمان کاتدا حزبەکان وەك جۆرێکی تایبەتی ئەنجوومەن یان کۆمەڵەکان هەژمار دەکرێن: حزبەکان بەپێچەوانەی زۆرێك لە ئەنجوومەنە فراماسۆنییەکانpromotional associations پێویستە خاوەنی ئامانجو بەرنامە و سیاسەتگەلی گشتی بن و بەپێچەوانەی ئەنجوومەنە پشتیوانییەکانprotective associations لە ئەنجامگیریی و راکێشانی هێزەکاندا هیچ رێگرێکیان لەبەردەمدا نییە بەڵکوو زۆر کراوە و بە ئازادی کار دەکەن.(Blondel, ١٩٩٠, ch.٨١-٩٤)

لەم نێوەندەدا حاڵەتی ناوازەش هەن، یەکێك لەو ناوازانە حزبی "کەمینە"یە کە بوونی ئەو بۆ بەرگریکردن لە بەشێکی تایبەت لە کۆمەڵگە پێویستە و دەربڕی گرووپێکی پشتیوانییە، حاڵەتێکی تر بوونی حزبی "تاك ئامانج" بە یەك بەرنامەی تایبەتەوەیە کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەرنامە یان ئامانجێکی تایبەت دادەمەزرێت و بە دەربڕ یان نوێنەری بەرژەوەندییەکان هەژمار دەکرێت.

حزبە کەمینەییەکان هەوڵدەدەن بۆ زیاتر کردنی بڕستی خۆیان دەستەودامێنی بەش و گرووپەکانی دیکە بن، بۆوێنە لەرێگەی یەککگرتن لەگەڵ حزبە کەمینەکانی دیکە یان تەنانەت لەگەڵ حزبە نەتەوەییەکانەوە، هەر بەم شێوەیە حزبەکانی خاوەن بەرنامە و تەوەرەی تایبەتیش وردەوردە روو دەکەنە سیاسەت و بەرنامە گشتییەکانو ئایدیۆلۆژییە بەرفراوانترەکان: بۆنموونە حزبە "سەوزەکان" یان لایەنگرانی ژینگە Environmentalists یان ئیکۆلۆژیستەکان Ecologists تا رادەیەك ئەو شێوازەیان گرتۆتە بەر و وەجەستەیان هێناوە، لە درێژەی ئەو پرۆسەیەدا، ئەو حزبە ئامادەپێکراوانە پێدەچێ تایبەتمەندیی حزبەکانی دیکە بەدەست بهێنن.

بەهۆی گشتی بوونی ئامانج و بەرنامەی حزبەکان و کراوەبوونی سیستمی ئەندامەتی لەواندا، حزبەکان زۆربەیان خوازیاری بەدەستهێنانی دەسەڵاتن بەشێوەی جدی روو دەکەنە چالاکیی سیاسی، جگە لەوەش حزبەکان خۆیان بە پرسگەلی کورت خایەنەوە بەرتەسكو دەربەست ناکەن، بەڵکوو مەیلیان بۆ سەرجەم کاروبار و بڕیارەکان لە ئاستی نەتەوەییدا

هەیە، بەم پێیە نابێ بە کاریگەریی یان بڕستی ناوحزبی بەرتەسك بکرێنەوە، بەڵکوسەروکاریان لەگەڵ کاریگەرییە هەمەلایەنەکان و لە ئاستی گشتیدا هەیە و دەستیان لە سەرجەم ڕەهەند و لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی کۆمەڵگەدا هەیە، لەحاڵێکدا کە گرووپەکانی تر دەپەرژێنە سەر بەشێکی بچووك لەو پرۆسانە.

لەبەر ئەوەش بە سەرنجدان لەوەی گوترا دەکرێ پێناسەیەکی گشتی لە حزبە سیاسییەکان بدرێت بەدەستەوە : "حزبی سیاسی بریتییە لە هەر گرووپێك کە ئەندامەتییەکەی کراوە و ئازادە و بەشێوەی هێزەکی پەیوەندیی بە سەرلەبەری پانتایی کاروباری کۆمەڵگەوە هەیە." بەگوێرەی ئەو پێناسەیە دەتوانرێت تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حزبەکان و کەڵکە تیۆرییەکانیان دیاری بکرێت، دەتوانرێ ئەو رۆڵە یان کەڵکە لە سێ ئاستدا شی بکرێتەوە:

ئەلف) لە ئاستی کۆمەڵگەدا وەك گشتێك ب) لە ئاستی سیستمی سیاسیدا ج) لە ئاستی ژیانی رۆژانەدا.

### أ ) لە ئاستی کۆمەڵگەدا وەك گشتێك :

حزبە سیاسییەکان کۆمەڵێك رێکار و ئامراز و میکانیزمی گشتین کە فەرمانڕەوا و رابەرەکان بەیارمەتیی ئەوان بڕستی خۆیان لە کۆمەڵگەدا دەسەپێنن و هەوڵ دەدەن لەرێگەی حزبەکانەوە خەڵك ناچار بکەن سیاسەت و بەرنامە و ئامانجەکانیان قبوول بکەن، هاوکات دەتوانن وەك ئامرازێك بۆ سەپاندنی بڕست و نفووز لە دەستی کۆمەڵگەدا (یان لانیکەم لە دەستی چالاکترین بەشیدا) بن، بەم پێیە حزبەکان هەم دەتوانن هەم بەدیهێنەری دژبەرایەتی بن و هەم بکەرێکیش بن بۆ چارەسەرکردنی، ئەم رۆڵەی حزبەکان دەتوانێت لە چوارچێوەی خستنەڕووی ئایدیۆلۆژییەکان و بەرنامە رەچاوکراوەکانیاندا جێبەجێ بکرێت.

### ب) لە ئاستی سیستمی سیاسیدا :

لەم ئاستەدا رۆڵی حزبەکان بە شێوەیەك ئامرازیتر و کردەکیتر بەرێوە دەچێت، لەبەر ئەوەی حزبەکان وەك نموونەی باڵای ئەو دامەزراوانە هەژمار دەکرێن کە کۆمەڵگە لەرێگەی ئەوانەوە (لە چوارچێوەی ئەندامەتی، نوێنەرایەتی و...)شدا خۆی دەخاتە روو و هەم بەرەو بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان ئامادەبوون لە پانتایی ژیانی سیاسیدا بانگهێشت

دەكرێت، بەم پێیە حزبەكان وەك جۆرێك ئامرازی دوولایە بۆ پەیوەندی و نفووزی دوولایەنەی نێوان رابەرەكان و كۆمەڵگە هەژمار دەكرێن، رادەی سەركەوتوویی ئەو ئامرازە لە گرەوی رادەی دەسەڵات و هێزی ئەودایە، یان بە واتایەكی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ پێگە و متمانە و قورسایی ئەوان لە كۆمەڵگەدا، كە ئەوەش بە نۆرەی خۆی پەیوەستە بە كاریگەر و كارامە بوونی پێكهاتەی حزبی و بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی حیزب لە ئاستی وڵاتدا، لەبەر ئەوەش لە ئاستی سیستمی سیاسیدا دوو كەڵك یان رۆڵی زۆر سەرەكی بۆ حزبەكان رەچاو دەكرێت : یەكەم) نوێنەرایەتیی كۆمەڵگە دووەم) مۆبیلیزەكردنی كۆمەڵگە، هەندێ لە حزبەكان زیاتر لە حزبەكانی دیكە دەبنە هۆی یەكگرتوویی كۆمەڵگە یان وەك (دێڤید ئەپتێر) دەڵێ، دەبنە هۆی هەڵكردن و سازش لە كۆمەڵگەدا، ئەو جۆرە حزبانە كەم تا زۆر دەتوانن وەك ئامرازێك لە دەستی فەرمانڕەواو رابەرە سیاسییەكانی كۆمەڵگەدا بن بۆ سەپاندنی نفووز و كۆنترۆڵی خۆیان، ئەم پرسە پەیوەندییەكی توندوتۆڵی لەگەڵ پێگە كۆمەڵایەتی و چینایەتییەكانی حزبەكان و ئامانجەكانیاندا هەیە. (Apter, ١٩٦٥, ١٨٢ – ٧)

راكێشانی هێز لەلایەن حزبەكانەوە دەتوانرێت بە باشترین و سروشتیترین شێوازی راكێشانی هێز لە دنیای هاوچەرخدا بزانرێت، لەبەر ئەوەی كە بە بەستێنی واقعی و عەینیی راهێنان لەسەر شارەزایی و بەدەستهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ چوونە ناو پانتایی سیاسەت دادەنرێن

**ج) لە ئاستی ژیانی سیاسیی رۆژانەدا :**

لەم ئاستەدا حزبەكان رۆڵێكی گرنگ لە راكێشانی هێزە نوێیەكاندا دەگێڕن، حزبەكان دەبنە هۆی هاندان و دنەدانی ژنان و پیاوان بۆ ئامادە بوون لە پانتایی سیاسی و بەشداریی چالاكانە لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسییدا، بەم شێوەیە ژنان و پیاوانێك كە خوازیاری رۆڵگێڕانن لە كاروباری



هەولێرنامەی کتێب

كۆمەڵایەتیی خۆیاندا لە پرۆسەی ژیانی رۆژانەی خۆیاندا بەرەو چالاكیگەلی سیاسیی جیدی رادەكێشرێن، لە راستیدا حزباكان وەك رێكار و میكانیزمێكی سەرەكی بۆ هێنانە دی و بەردەوامی و درێژەگرتنی ئەو كارە دێنە هەژمار، راكێشانی هێز لەلایەن حزبەكانەوە دەتوانرێت بە باشترین و سروشتیترین شێوازی راكێشانی هێز لە دنیای هاوچەرخدا بزانرێت، لەبەر ئەوەی كە بە بەستێنی واقعیو عەینیی راهێنان لەسەر شارەزایی و بەدەستهێنانی هەلومەرجی پێویست بۆ چوونە ناو پانتایی سیاسەت دادەنرێن، هەر بەم هۆیە ئەو رۆڵە زۆرجار وەك گرنگترین رۆڵی حزبە سیاسییەكان باس دەكرێت. (blondel, ١٩٩٠, p.١١٥)

## ٢ – كەڵكی كردەكیی حزبەكان :

جگە لەوەی سەبارەت بە كەڵكی حزبە سیاسییەكان باسمان كرد، لە سیستمە دیموكراتەكاندا حزبەكان كۆمەڵێك ئەركی گرنگی تریشیان لە ئەستۆیە كە لەرێگەیانەوە یارمەتیی یەكپارچەیی و یەكانگیریی پێكهاتەكی و هاوپەیوەندیی دەروونی و بەردەوامیی كەڵكەكانی سیستمە ناوبراوەكان دەدەن، هەڵبەت هەندێك لەو كەڵكانە لە حزبە سیاسییە نادیموكراتەكانیشدا دەبیندرێت، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لە كەڵكە كردەكییەكانی حزبەكان دەكەین.

### أ ) كۆكردنەوەی بەرژەوەندییەكان :

هەركات گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكان باڵاترین و تەنیا بیچمی سیاسیی ناو كۆمەڵگەكان بن، لەو حاڵەتەدا حكوومەتەكان تووشی شێواوی و ناسەقامگیرییەكی زۆر دەبن، هەر گرووپێكی خاوەن بەرژەوەندی هەوڵ دەدات حكوومەت بە ئاراستەی بەرژەوەندییەكانی خۆیدا بئاژوێت و بەرپرسانی حكوومەتی بخاتە ژێر نفووز و برستی خۆیەوە، لە وەها حاڵەتێكدا بەها و ئامانج و ئایدیۆلۆژیگەلێكی گشتگیر و پەرگیر لە ئارادا نابن كە بتوانن پشتیوانیی گشتی و نەتەوەییان لە پشت بێت، هەر گرووپەو تەنیا بیر لە بەرژەوەندییەكانی خۆی دەكاتەوە، لەحاڵێكدا كە پارتە سیاسییەكان لەرێگەی كۆكردنەوە یان كۆمەڵكردنی بەرژەوەندییە سەربەخۆكانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكان لە چوارچێوەی رێكخراوێكی فراوانتر یارمەتیی كاڵبوونەوەی دژبەرایەتییەكانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكان بدات، گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەكانیش لەوە تێدەگەن كە پێویستە باڵانسێك لە خواستەكانی خۆیاندا دروست بكەن و كار لەسەر هاوئاهەنگی و هاوپێیی زیاتر لەگەڵ رەوتەكانی تردا لە ئاراستەی بەرژەوەندییە گشتییەكان و خێری گشتیی كۆمەڵگە و سیستمی سیاسی باودا

بکەن و لە بەرانبەردا لانیکەم بە بەشێك لە ئامانجەکانی خۆیان بگەن. (Almond & pwell, ۱۹۷۸, ch, ۸)

بەم شێوەیە حزبەکان و بەتایبەتی حزبە گەورەکان دەکرێ بە هاوپەیمانییەك لەنێوان گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکاندا بزانرێت، نموونەی کلاسیکی ئەو جۆرە حزبانە، حزبی دیموکراتی ئەمریکایە کە فرانکلین رۆزڤێلت لە سالآنی ۱۹۳۰دا دایمەزاند و یارمەتیی ئەوی دا کە چوار جار لە ململانێکانی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت، ئەو حزبە کۆگایەك بوو لە بەرژەوەندییەکانی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکانی وەك کرێکاران، جووتیاران و جوولەکەکان و رەشپێستەکان، ئەو سەندیکا کرێکارییانەی کە لەگەڵ دیموکراتەکاندا هاوکارییان دەکرد توانییان ئەو یاسا کرێکارییانەی کە مەبەستیان بوو پێی بگەن، شتێك کە هیچکات نەیاندەتوانی بەتەنیا بە ئەنجامی بگەیەنن، مادام ئەوەی ئەو هاوپەیمانیە یان کۆمەڵ بوونەی بەرژەوەندییە جیاوازانەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان بەردەوام دەبوو، دیموکراتەکانیش لە سەرکەوتنەکانیان لە هەڵبژاردنەکاندا نزیك بوون بەڵام وردە وردە ئەو هاوپەیمانێتییە بەرەو لاوازی چوو. لە سالآنی ۱۹۸۰دا رۆناڵد رەیگان، سەرۆك کۆماری ئەمریکا هەوڵی دا گرووپە کۆنسێرڤاتە ئابووری و نائابوورییەکان لە چوارچێوەی حزبی کۆماریخوازدا کۆ بکاتەوە و ئەو حزبەی کردە نوێنەری بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپە خاوەن بەرژەوەندییانە.

**ب) تواندنەوە لە سیستەمی سیاسیدا :**

حزبە سیاسییەکان هاوکات لەگەڵ کۆکردنەوەی گرووپە خاوەن بەرژەوەندییەکان هەوڵ دەدەن ئەو گرووپانەش کە هەتا بەر لەمە وەلایان نابوون بهێننە ناو سیستمی سیاسییەوە، زۆر جار حزبەکان بە مەبەستی زیاتر کردنی هێزی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی دەنگەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێشوازی لە ئامادە بوونی گرووپە نوێیەکان دەکەن و تەنانەت لە بەرنامە حزبییەکانی خۆیاندا شوێنێکیان بۆ لەبەرچاو دەگرن، ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو گرووپانە هەم لەرووی کردەکییەوە و هەم لەرووی دەروونییەوە هەوڵ بۆ پشتیوانی لە سەرلەبەری سیستم بدەن، ئەندامانی حزبەکە هەست بە هەبوونی ناسنامە دەکەن و کارامەیی و لێوەشاوەیی خۆیان دەردەخەن، بۆ نموونە حزبی کرێکارانی بریتانیا و حزبی دیموکراتی ئەمریکا بە پلاتفۆرم و بەرنامەگەلی داڕێژراوی حزبییەوە کە لەواندا پێداگری لەسەر مافی سەندیکاکان و سەعاتی کاری گونجاو و دادگەرانە، دەرفەتەکانی خۆشگوزەرانی و هەلی فێرکاریی و پەروەردەیی کرابوو، هەوڵی راکێشانی بەشێکی هەرە گەورەی چین و توێژە کرێکارییەکانیان دا. (Lipset, ۱۹٦۳, ۲۲-۳)

لیپسێت تەنانەت تەئکید لەسەر کەڵك یان ڕۆڵی ئەرێنیی حزبە سیاسییە چەپگەراکان لە تێکەڵبوون و یەکگرتنی چینی کرێکار بە سیستمی سیاسیش دەکاتەوە، سەرنجراکێش ئەوەیە کە لەئێستادا کرێکارانی بریتانیا و ئەمریکا وەها لە سیستمی سیاسیی ئەو کۆمەڵگایانەدا تواونەتەوە کە زۆربەیان دەنگ بە حزبی کۆنسێرڤات یان کۆماریخواز دەدەن، لەو وڵاتانەدا کە حزبەکان توانای تواندنەوەی کرێکارانیان لە سیستمی سیاسیدا نەبێت یان لە بنەڕەتەوە مەیلێکیان بۆ ئەو کارە نەبێت، بزووتنەوە کرێکارییەکان بێگومان و بەشێوەیەکی نکۆڵی هەڵنەگر روو دەکەنە رادیکاڵیزم و شۆڕشگێریی و گرووپە شۆڕشگێڕ و چەپەکان.

**ج) خووگیریی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵایەتی بوونی سیاسی :**

حزبەکان هاوکات لەگەڵ تواندنەوەی گرووپەکان لە سیستمی سیاسی و لە کۆمەڵگەدا، ئەندامەکانی خۆشیان فێری شێوازی بەشداریکردن لە گەمەی سیاسیدا دەکەن، بە واتایەکی تر یەکێك لە رۆڵ و کەڵکە گرنگەکانی حزبە سیاسییەکان راهێنانی ئەندامەکانیانە لەسەر شێوازی بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە ئەوان هۆگری چارەنووسی کۆمەڵگەی خۆیان بکەن و ئاستی خووگیریی کۆمەڵایەتی و بەکۆمەڵایەتی بوونی سیاسیی ئەوان بەرز بکەنەوە، حزبەکان دەتوانن هاووڵاتییان لەگەڵ کاندیداکانی هەڵبژاردن یان بەرپرسە هەڵبژێردراوەکاندا ئاشنا بکەن و بەپێچەوانەشەوە ئەو هەستە لە هاووڵاتییاندا دروست بکەن کە ئەوان لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی کارامەیی سیستمی سیاسیی خۆیاندا بەشدار بن.

لە میانەی چالاکییە حزبییەکاندا، تاکەکان فێر دەبن بە زمانی گشتی قسە بکەن، لە کۆبوونەوە و میتینگە جیاوازەکاندا بەشداری بکەن و لەو رێگەیەوە لێوەشاوەیی و توانایی سیاسیی خۆیان بەرز بکەنەوە، هەرکات لەو گۆشە نیگایەوە سەیری حزبەکان بکەین، تەنانەت ئەگەر هیچ رۆڵ یان کەڵکێکی دیکەشمان بۆ حزبەکان لەبەرچاو نەبێت، هەر ئەو تاکە خاڵە بەسە بۆ پێویستیی بوونی حزبەکان بۆ ئەوەی ئەوان بە بەستێن یان زەمینەیەك بۆ پەروەردە کردنی رێبەرانێکی لێوەشاوە و کارامە بۆ کۆمەڵگە بزانین، لە سیستمە دیموکراتەکاندا، حزبەکان بۆ مەبەستی بەهێزکردنی شارەزایی و پسپۆڕییە پێویستەکان لە کاروباری رێبەرایەتیی تاکیدا، جۆرێك لە هەستی دەربەستیی لە بەرانبەر رەوابوونی سیستمدا لەنێو ئەندامانی حزبەکەدا بەرز دەکەنەوە.

**د) مۆبیلیزەکردنی دەنگدەران**

یەکێك لە دیارترین کەڵکەکانی حزبە سیاسییەکان هاندانی خەڵکە بۆ دەنگدان، لە

پرۆسەی ململانێکانی هەڵبژاردندا حزبەکان لەڕێگەی پڕوپاگاندەو ئامرازگەلی جۆراوجۆرەوە هەوڵ دەدەن خەڵك بەرەو سندووقەکانی دەنگدان راکێشن، بەبێ ئەو پڕوپاگاندانە رەنگە زۆرێك لە هاوولاتییان هیچ بایەخێك بە پرسی هەڵبژاردن نەدەن، لە حاڵێکدا کە پڕوپاگاندەی حزبی دەتوانێت لەو بوارەدا زۆر بەکەڵك و سوودمەند بێت. ئەو کارە بە نۆبەی خۆی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کارامەیی و رەوابوونی سیستمی سیاسی.

---

١- wigh. بەمانای شیری ترشاو، ناوێك بوو کە نەیارانی ئەو حزبە دەیاندایە پاڵی و بە رواڵەت دەربڕی ئاخێزگەی چینایەتیی ئەوان واتە جووتیاری و ئاژەڵداری بوو. زۆرێك لە رابەرانی سەرەتایی ویگ لە خانەدانە خاوەن زەوییەکان و تاجر و بازرگانەکان و ئاژەڵدارە گەورەکان و بەگشتیش پرۆتیستانتی یان پەیرەوی فیرقەی پرێسپیتەری سکۆتلەندی بوون کە لە ساڵی ١٦٧٩ دژی بە دەسەلات گەیشتنی جەیمزی دووهەمی کاتۆلیك بوون. (tory) بە مانای چەتە و رێگر، ناوێك بوو کە ویگەکان دەیاندایە پاڵ ئەندامانی ئەو حزبە و دەربڕی ئاخێزگەی چینایەتیی رابەرانی ئەو حزبە بوو کە لە خانەدان و ئەریستۆکراتە نەریتیو میراتگرەکانی ئایرلەندا و فیۆدالیزمی رەگداکوتاو و دێرین و نەریتیی ئینگلتەرا بوون. بیروباوەری بێرادە کۆنەپەرستانەو پارێزگارانەیان هەبوو، لایەنگری پاشایەتی بوون و دژی لێسەندنەوەی پاشایەتی لە جەیمزی دووهەم (کاتۆلیك) بوون.

٢. نیوودیل: بەرنامەی فرانکلین رۆزڤێلت سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان (٣٧-١٩٣٣) کە لە چوارچێوەی پرۆژە یاسایەکدا پێشکەشی کۆنگرێس کرابوو و لەوێدا داوای کردبوو بۆ مەبەستی ئەنجامدانی کۆمەڵە هەنگاوێك بۆ رزگار کردنی ئەمریکا لە نشوستی گەورە قەیرانی بانکیی-دراویی، هەلاوسانی زۆری بێکاریی، گرانیی و...دەسەلاتی تەواوی پێبدرێت.

سەرچاوە:

احزاب سياسي ء نظامهای حزبي، حسينعلي نوذری، فصل ضهارم ء ثنجم.

هەواڵنامەی کتێب

# فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا



بیکۆن
دیکارت
سپینۆزا
مۆنتیسکیۆ
ڤۆلتێر
ڕۆسۆ
کانت

ن:عەبدولجەبار مەندیل
و. لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر

# ۱. فـــرانسیس بیکۆن :

**فرانسیس** بیکۆن ساڵی ١٥٦١ لە لەندەن لەدایکبووە، باوکی کاربەدەستی دەربـاری شاهنشاهی شاژنە ئەلیزابیس بـووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەم شاژنەدا ڕێنیسانسی زانستیی لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپادا بوژایەوە، هەر لەو سەردمەدا بوو گالیلۆ و کۆپەرنیکۆس لە بواری زانستی فەلەکو گیلبەرت لە زانستی کارەباو موگناتیسداو هارفی لە بواری زانستی توێکاریو سوڕی خوێن و.. هتددا دەرکەوتن. مرۆڤ بەدوور لە خورافاتی کۆنینە و ترس لە نادیار ڕوانین بۆ سەردەمی نوێیان دەست پێکرد.

دۆزینەوەی ئەمریکا بازرگانی لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە گواستەوە بۆ زەریای ئەتڵەسی، بەمەش پێگەو پلەوپایەی گەلانی ئەتڵەسی بەرز بۆوەو باڵادەستیی بازرگانیو دارایی بۆ لەندەنو پاریسو مەدریدو ئەمستردام گوێزرایەوە کە پێشتر لە ڕۆماو فلۆرەنساو میلانۆو ڤینیسیا بوو.

پاش ئـەوەی بیکۆن لە زانکۆی کامبریج خوێندی هەمەجۆرو پلەوپایەی سیاسیی بەرزی بەدەست هێناو بەمەش خەونی ئەفلاتۆن لەبارەی فەرمانڕەوای فەیلەسوفیەوە بەدی هێنا. بیکۆن، وێرای سەرقاڵیە سیاسییە گەورەکانی بەڵام وازی لە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان نەهێنا. زمانی، لە جوانیی پەخشاندا، گەیشتە ئەوەی کە شکسپیر لە شکۆی شیعردا پێیگەیشت بوو. شێوازی دارشتنەکەی پتەو بەڵام ڕەوانو بێگرێو گۆڵ بوو، بە چەشنێك کە نووسەرێك لە مێژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا نادۆزینەوە لەو بەتواناترو چڕوپڕتر و لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەدا جوانتر بێت لە شێوازەکەی بیکۆن.

فەلسەفە ئاکارییەکەی بیکۆن زۆرتر بەلای ماکیاڤیلیدا دایدەشکێنێت تا مەسیحیەت، لەبەرئەوەی ئەو وایداناوە کە ماکیاڤیلیزم لە ناسینی هەقیقەتی سروشتی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێتو دەخەملێت، هەروەها بانگەشەش دەکات بۆ ئەوەی کە مەعریفە لە خزمەتی کاردا بێت. بیکۆن، بە خوانەناسی تۆمەتبارکرا لەبەرئەوەی ئاڕاستەی فەلسەفەکەی دنیاییو ئەقڵانی بوو، بەڵام ئەو بەم قسەیەی بەرگری لە خۆی دەکرد: (ڕەنگە باوەڕ بە هەموو ئەو

چیرۆكو ئەفسانانە نەكەم كە كتێبە ئایینییەكان هێناویانن، بەڵام مومكین نییە باوەڕم بە بوونی ئەقڵێكی كارساز نەبێت بۆ ئەم جیهانە).

فەلسەفەكەی بیكۆن زیاتر بەرەو لایەنی پراكتیكی مل دەنێت تا لایەنی تیۆری كە پێشتر فەلسەفە كۆنەكانو لاهوتییەكان پەیڕەوییان لێدەكرد. هەروەها بانگەشە دەكات بۆ پشت بەستن بە زانستو توێژینەوەی زانستی، لەبەرئەوەی بەبێ ئەمە ناكرێت یاساكانی سروشت بناسین كە لە ڕێیەوە دەكرێت كۆنترۆڵی سروشتو خزمەتی مرۆڤایەتی بكرێت. ئەم بانگەشەیە لەو سەروەختە زووەی مێژووی مرۆڤایەتییدا دادەنرێت بە شۆڕشێك بەسەر بیركردنەوەی نەریتی (تەقلیدی_ كلاسیكی) كە لەو كاتەدا باڵادەست و باو بوو و بەباڵای خورافەو ئەفسانەكانیدا هەڵدەگوتو وەكو شتگەلێكی بەڵگەنەویستو ڕاستیگەلێكی لە مشتومڕ نەهاتوو تەماشای دەكردنو مامەڵەی لەگەڵ دەكردن.

بیكۆن ڕەخنەی لە چەقبەستوویيو بێپێزی فەلسەفە باڵادەستەكەی چاخەكانی ناوەڕاست دەگرت، لەبەرئەوەی لە سەروەختی ئەرەستۆوەو بە درێژایی دوو هەزار ساڵ لە سەر هەمان خولگە خولی دەخـواردو دەسـوڕایـەوە. هەروەها دەڵێت ئەقڵی مرۆڤ لە ئاوێنەیەكی قۆقز دەچێت كە تایبەتمەندییەكانی بەسەر شتە جیاجیاكانەوە ڕەنگدەداتەوەو دەیشێوێنێت، لەبەرئەوە بیرمان بریتییە لە وێنەگەلێك دەربارەی خۆمان زیاتر لەوەی كە وێنەگەلێك بن بۆ شتەكان، هەڵەیەك لە هەڵەكانی ئەقڵی مرۆیی ئەوەیە كە باوەڕی بە ڕایەك هێنا_ جا ئەو باوەڕهێنانەی لە ڕێگەی خۆڕادەستكردنو باوەڕپێهێنانی بێت یان لەبەر هەر هۆیەكی دیكە بێت_ دەبینین كە مل بە هەموو شتەكان كەچ دەكات كە لایەنگیری ڕایەكەی بكەن یان ڕایەكەی بسەلمێنن.

بیكۆن ئامۆژگارییەك پێشكەش بە زانستخوازی بواری سروشت دەكات كە بریتییە لەوەی: هەر شتێك ئەقڵی باوەڕو قەناعەتی پێ دەهێنێت بیخاتە بەر گومانەوە. هەڵەیەك لە هەڵەكانی ئەقڵ كە بیكۆن ناوی دەنێت (وەهمەكانی ئەشكەوت)، ئەو هەڵانەی كە تایبەتی مرۆڤن وەك تاك، لەبەرئەوەی هەر مرۆڤێك ئەشكەوتێكی تایبەت بە خۆی هەیەو كار لەسەر دەستكاری كردنی ڕەنگەكانی سروشتو گۆڕینی ڕەنگەكانی دەكات، ئەم ئەشكەوتە بریتییە لە سروشت و باری دەروونی یان باری جەستەییو ئەقڵییەكەی بەو چەشنەی كە سروشت پێكیهێناوە. هەندێ لە ئەقڵەكان ڕووئەكەنە شیكاركردنو لە هەر شوێنێك جیاوازی لە شتەكاندا هەبێت

ڕووی جیاواز جیاواز لە شتەکانەدا دەبینن، هەندێ لە ئەقڵەکانیش بە سروشتە ئاوێتەکانیان حەز بە بیناکردنو ئاوێتەکردن دەکەنو ڕووی لێکچووی نێوان شتەکان دەبینن. هەندێ لە ئەقڵەکان زیاتر حەز بە ڕێزگرتن لە گشت شتە کۆنەکان دەکەن، هەندێکیشیان بەدڵگەرمییەوە گشت شتێکی نوێ لە ئامێز دەگرن، کەمێکیشیان دەتوانن ئاستی ناوەڕاست بپارێزن.

هەروەها هەندێك لە هەڵەکانی ئەقڵ ئەو هەڵانەن کە بەهۆی زمانەوە سەریانهەڵداوە. چونکە زمان بەپێی ئەقڵیەتی گشتیی خەڵك وشەکانی خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە کە خراپیی پێکهاتنی ئەم وشانە ڕاوەستانو پەککەوتنێکی توندی وەها لە ئەقڵدا دروست دەکات کە فەیلەسوفان باس لەو هۆیە دەکەن کە نابێتە هۆکار یان ئەو بزوێنەرەی کە نابزوێت بەڵام هەموو ئەقڵێکی ساغو تەندروست پەی بە ئاستەمبوونی هۆی بێ هۆکار یان بزوێنەری بێ بزاوت دەبات.

بیکۆن وای دەبینێت کە تا ئەو کاتەی مرۆڤ هەندێك دۆز یان بیروڕا وەك دۆزگەلێکی بەڵگەنەویست تەماشا بکات ناگەینە ڕاستییەکی نوێ، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم بیروڕایانە هەڵە بن لەبەرئەوە ئیعتیبارکردنی یەقینیاتو بەڵگەنەویستەکان وەك خاڵی سەرەتا لە توێژینەوەکە ناکرێت بەرەو ڕاستییەکی نوێ ڕێگە ببڕێت، بۆیە داواکراو ئەوەیە کە ئەم بەڵگەنەویستانە بخرێنە ژێر پشکنینو تێبینیو ئەزموونکردنەوە. لەبەرئەوەی مرۆڤ کاتێك بە یەقین دەست پێدەکات بە گومان کۆتایی دێت، بەڵام کاتێك بە گومان دەست پێدەکات بە یەقین کۆتایی دێت، لە ڕاستیشدا ئەمە سەرەتای فەلسەفەی نوێیە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پاشاو ئیمپراتۆرەکان پشتیوانیان لە دەسەڵاتی کڵێسە کرد، بەڵام کڵێسە بەشێوەیەکی پلە بەپلە دەسەڵاتی پاشاو ئیمپراتۆرەکانی مژی بۆ خۆیو سامانو دەسەڵاتی گەشەیەکی گەورەی وەهای بەخۆوە بینی کە لە سەرەتای چەرخی سیازدەدا بووە خاوەنی سێیەکی زەوییەکانی سەرجەمی ئەورووپاو خەزێنەکانی بە سەروەتو سامانێکی بێشومار پڕ بوون، کەچی هاوکاتی ئەمە تەوقێکی توند لە وەسیەتو ڕاسپاردەی بەسەر ئەقڵی ئەورووپیدا سەپاند، کە بووە هۆی ڕاوەستانو چەقبەستن.

فەلسەفەی کلاسیکی لە نێو ئەو گەمارۆیەدا جوڵا بەبێ ئەوەی بتوانێت دزە بکاتە دەرەوە، هەر هێندەش نا بەڵکو پیاوی ئایینی (تۆما ئەکوینی) فەلسەفە ڕزگاریخوازییەکەی ئەرەستۆی گۆڕی بۆ فەلسەفەیەکی ئایینیی چاخناوەڕاستی. وەکو (فرەنسیس بیکۆن)

هەواڵنامەی کتێب

دەڵێت: هەموو ئەمانە وایانکرد کە مرۆڤ بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە بەبێ ئەوەی شتێکی نوێ لە بواری زانست یان لە مەیدانی فەلسەفەدا بەرهەم بهێنێت، بۆیە هات بیری لەسەر لەنوێ بونیاتنانەوەی فەلسەفەو نوێکردنەوەی کردەوە.

بیکۆن هەستا بە لێکدانەوەی هۆکارەکانی چەقبەستنی فەلسەفە کە بەهۆی دەستبەردار نەبوونییەوە بوو لە شێوازە کۆنو کلاسیکییەکان، هەروەها هات پۆلێنێکی نوێ زانستەکانی پۆلێنکرد، ڕێگە نوێیەکەی خۆشی بۆ لێکدانەوەی سروشتو زانستە سروشتییەکانو توێژینەوە لە دیاردە سروشتییەکان باس لێکرد. فیکرەکانی بیکۆن بەوە جیا دەکرانەوە کە زیاتر بەرەو لایەنی پراکتیکی دەڕۆیشتن تا لە لایەنی تیۆری، بۆ گرنگیو بایەخی ئەزموونەکەو ئەو بەرئەنجامەیش کە فەلسەفەی ئینگلیزی هەیبوو چەند بنەماو بنچینەیەکی دانا، هەروەها بۆ دامەزراندنی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیو پۆلێنکردنی زانیاریو زانستەکانیش بنچینەگەلێکی داناو دەیوت: ناتوانین بە سەر سروشتدا باڵادەست بین تا لە یاساکانی نەکۆڵینەوە، ڕێگەی زانستیش ڕێگەیەکی هەڵدێرو زۆر پڕ پێچو پەنایە، بۆیە پێویستە دراسەی هەموو زانستێك لە زانستەکان بکەینو بیانخەینە شوێنی گونجاوی خۆیانەوە، کەموکوڕیو پێداویستیو هەروەها سروشتی ئەو کێشە تازانەش بپشکنین کە دەیورووژێنن.

بیکۆن نەیدەویست تەماشای ڕاستییە دابڕاوەکان بکات لەدەرەوەی سیاقو پەیوەندییەکانی ئەم ڕاستییە دابڕاوانە، بەبێ ئیعتیبار کردنی یەکێتی سروشت، لەبەرئەوە ڕوانینێکی گشتییانە دەڕوانێتە زانستەکان، بە چەشنێك پێویستە بەپێی ڕوانگەیەکی ئایندەبینانە پەرە بە زانستەکان بدرێتو بۆ تەنسیقکردنو ئاڕاستەکردنی بۆ ئامانجێك لەدەرەوەی زانستەکان هێز و سیستەمێك بدۆزرێتەوە، ناکرێت بەبێ دیاریکردنی ئامانجی پێشەکی بۆ پەرەسەندنی زانستەکان لە ڕێگەیەکی دروستەوە هەنگاو هەڵبێنن، ئەوەشی بەم پرۆسەیە هەڵدەستێت ئەو فەلسەفەیەیە کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو کار بۆ ڕێکخستنی ئامانجەکانو بەرئەنجامە زانستییەکان دەکات، بۆئەوەی دواجار ئەم زانستانە سەرکەوتن بەدی بهێنن. هەروەها بیکۆن پێیوابوو کە پێویستە بەڕێوەبەردنی کاروباری دەوڵەت بۆ پیاوە جاهیلەکانی سیاسەت جینەهێڵرێت، بۆیە بانگەشەی دەکرد بۆ گۆڕینی فەیلەسوفان بۆ پادشاو پادشایانیش بۆ فەیلەسوف، تا مرۆڤایەتی بتوانێت چاکسازی لە کاروباری جیهاندا بکات.

بیکۆن دەڵێت تێگەیشتن و ئیستیعابکردنی زانست و گەیاندنی بە پایەی کەماڵی خۆی و کۆنترۆڵکردنی سیستمی کۆمەڵایەتی زانست دەخاتە ژێر دەستی مرۆڤ بەمەش شاری یۆتۆپیی نمونەیی بەدی دێت کە مرۆڤ لە هەزاران ساڵەوە هیواو ئاواتەکانی خۆی پیادا هەڵپەساردووە، لە کتێبە کورتکراوەکەیدا کە دواین بەرهەمێتی کە بریتییە لە (ئەتڵەنتیکی نوێ) شێوەی ئەو جیهانەی ڕاڤە کردوە کە دوو ساڵ بەر لە مردنی بڵاوی کردۆتەوە.

نووسەری ئینگلیزی هێربێرت جۆرج وێلز لەبارەیەوە دەڵێت: (ئەوە مەزنترین خزمەتە کە بیکۆن پێشکەش بە زانستی کردووە).

بیکۆن لەم کتێبەدا وێنەی ئەو کۆمەڵگەیەمان بۆ دەکێشێت کە زانست شوێنی شیاوی خۆی دۆزیوەتەوە کە سەروەری شتەکانە و لەم شارە نموونەییەدا، کە زانایان بەناوی زانستەوەو لە ڕێی زانستەوە فەرمانڕەوایی دەکەن، زانست دەستووری ژیانە.

ئەفلاتون لە کتێبەکەیدا (تیماوس)، باسی ئەفسانەی ئەتڵەنتیکی کۆنە کیشوەری نوقمبووی نێو دەریاکانی خۆرئاوای کردووە، بیکۆنیش ئەمریکای تازە کیشوەری (کە کۆڵمبۆس دۆزیەوە) بە کیشوەری ئەتڵەنتیی کۆنی چواندووە کە نوقم بووە، وەها وێنای کردووە کە ئەتڵەنتی نوێ دورگەیەکی دوورە دەست بووە لە ئۆقیانووسی دووری ئارام و ئاسۆ نەزانراوەکانی، ئەم ئۆقیانووسە کە جگە لە ماجەلان کەسی دیکە لێی نەپەڕییەوە. ئەم دوورگەیە ئەوەندە لە ئەورووپاوە دوورە کە بۆ وێناکردنی شاری نموونەیی یۆتۆپی ڕێگە دەدات پانتاییەکی فراوان پێشکەش بکات.

بیکۆن نەیتوانی بچێتە ناو خاکی زانستی بەڵێنپێدراوەوە، چونکە لە ساڵی ١٦٢٦دا کۆچی دوایی کرد، بەڵام توانی لە سنوورەکەیدا بوەستێت و لە دوورەوە ئاماژە بۆ جوانی سیماو ڕوخساری بکات.

کارە فەلسەفییەکانی بیکۆن توانییان ئەقڵەکان بجوڵێنن و جیهان بگۆڕن و دەروازەی سەرەتای سەدەی ڕێنیسانسیشیان واڵا کرد کە ڕووخساری جیهانی گۆڕی. کاتێکیش گەورە زانایان و فەیلەسوفانی سەدەی ڕۆشنگەریی فەرەنسا هەستان بە دانانی پرۆژەیەکی فیکریی مەزن کە بریتیی بوو لە کتێبی دائیرەتولمەعاریف (ئینسایکلۆپیدیا)، پێشکەشیان کرد بە فرانسیس بیکۆن بەو پێیەی کە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕێنیسانسی زانستی بووە. فەیلەسوف دیدرۆ وتویە ئێمە زۆر قەرزداری بیکۆنین چونکە لە سەردەمێکدا کە خاڵی بووە لە زانست و

هونەر ئەو نەخشەی فەرهەنگێکی جیهانیی سەبارەت بە زانستو هونەرەکان دارشتووە. ئەم بلیمەتە بێهاوتایە سەبارەت بەو شتانەی کە پێویستە فێریان ببین شتی نووسی و خۆی بوارد لە نووسنی مێژووی شتە زانراوەکان).

سەرجەم کارە فکرییە بەریتانییەکانی دوای ئەو لەسەر ڕێبازەکەی بیکۆن ڕۆشتن. دەنگی ئەو دەنگی هەموو ئەو ئەوروپییانە بوو کە کیشوەری ئەوروپایان کردە نیشتیمانی گەنجینەی زانستو هونەرو شارستانیو لە سەروەختی خۆیدا کردیانە چەقی جیهان.

فەیلەسوفگەلێکی ناوازە بە ڕێچکەکەی بیکۆندا ڕۆشتنو لە سەر ڕێگەی ڕۆشنگەریو شۆڕشی فکریدا کاروانەکەی ئەویان تەواو کرد، لەوانەش: سپینۆزاو ڤۆڵتێرو ڕۆسۆو کانت و کەسانی دیکە لەوانەی کە فەزڵی یەکەمیان هەیە لەو پێشکەوتنو تەرەقییەی کە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، کە لە دەستکەوتگەلێکی زانستیو پیشەسازیی زۆروزەبەندی وەهادا هاتە بەرهەم ئاستی جیهانی گۆڕی.

## ۰۲ ڕینێ دیکارت :

**زۆرێك** لە توێژەران پێیان وایە کە فەلسەفەی نوێ لە ڕینێ دیکارتەوە دەست پێ دەکات. دیکارت ماتماتیکزانو ئەندازیارو فەلەکناسو فەیلەسوف، ساڵی ١٥٩٥ لە فەرەنسا لە باوکێکی ئەرستۆکراسی کاسۆلیکی خاوەن زەویوزارێکی زۆر لەدایکبووە. دیکارت (توان)ی جەبریی دۆزیوەتەوە و جەبرو ئەندازەی شیکاریی تێکەڵ کردووەو تا ئێستاش پۆوتانە (الاحداپیات) دیکارتییەکان بنچینەی ئەو پۆوتانانە پێکدەهێنن کە لە سەرجەم جۆرەکانی ئەندازیاریی سەربازیو مەدەنیدا شوێنەکانی پێ دیاری دەکرێت.

لەو سەردەمەدا نموونەکەی ئەرەستۆ بۆ فەلەك باڵادەست بووەو کڵێساش پشتڕاستی کردۆتەوە کە وتویە زەوی چەقی گەردوونەو خۆرو مانگو ئەستێرەکانیش بە دەوری خولگەی زەویدا دەخولێنەوە، هەر کەسێکیش لەگەڵ ئەم بنەمایە تەبا نەبوایەو دژی بووایە لە لایەن کڵێسە و کۆمەڵگەوە سزایەکی توند دەدرا. بەڵام دیکارت پێچەوانەی ئەمەی ئاشکرا کرد و بینی کە زەوی جگە لە ئەستێرەیەکی بچوك کە لە بۆشایی پانوپۆڕی بێکۆتایی گەردووندا بە



هەواڵنامەی دیێ

دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، هیچی تر نییە. بەڵام پاش ئەوەی چارەنوسی گالیلۆی بینی کە چۆن و بەچ شێوەیەك کڵێسا سزای دا، بیروبۆچوونەکانی خۆی ڕانەگەیاند.

دیکارت (گومان)ی کردە ڕێبازێك بۆ فەلسەفەکەی. ئەو دەڵێت پێویستە مرۆڤ گومان لە هەموو شتێك بکات. بۆ نموونە ئایا من لە دانیشتنی خۆم لەم شوێنەدا دڵنیام؟ ئایا پێناچێت من خەون ببینم و هەموو بوونیشم خەونێك بێت لە ناو خەوندا؟ ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوە کە من بیر دەکەمەوە، بۆیە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم).

گومان، کە مرۆڤ ڕێوانی دەکات بۆ بیرکردنەوە، ئەوە گومانە کە دڵنیامان دەکاتەوە لە بوون. دەشڵێت (ئێمە لە بوونی جیهان دڵنیا نابین تا لە بوونی خۆمان دڵنیا نەبین). هەموو فەیلەسوفانی دوای دیکارت بۆ چارەسەرکردنی پرسیارە فەلسەفییەکان لەسەر ئەم پرەنسیپی (گومان)ەی دیکارت ڕۆشتن.

دیکارت دەڵێت پێویستە لە هەموو شتێکدا گومان ڕوانگەیەکی باڵادەست بێت، تەنها لەوەدا نەبێت کە مرۆڤ خودێکی بیرکەرەوەیە و هەبوونییەکە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، بیرۆکەی خواش بیرۆکەیەکی فیتریە لە مرۆڤدا، بەڵام دیکارت بەردەوام دەبێت و دەڵێت مرۆڤ کۆتاییمەندە بەڵام خوا کۆتایی نایەت لەبەرئەوە لە توانای کۆتاییمەنددا نییە ئەندێشەی بێکۆتایی بکات. خوا بیرۆکەیەکە لە دەروونی خۆمدا دایدەنێمو ئەقڵ هەستاوە بە پشکنینیو ویستیش هەستاوە بەبڕیاردان لەسەر بوونی. هەروەها دەڵێت بیروباوەڕە زۆر ڕوونو جیاوکەکان (الواچحە جدا والمتمیزە جدا) ئەو بیروباوەڕانەن کە دەکرێت ناویان بنێین بیروباوەڕگەلێکی ڕاست وەك بیرۆکەی خودی بیرکەرەوەی زۆر ڕوونو زۆر جیاوك، هەروەها لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە بیرۆکەی جیاوك بەزەرورە ڕوونە بەڵام بیرۆکەی ڕوونبوون بە زەرورە جیاوك نییە، ئەقڵی ساغڵەم کۆلکەی هاوبەشی نێوان خەڵکەکەیەو ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی زانستو زانیاری بەبێ میانگری دەرەکی.

فەلسەفەکەی دیکارت هەوڵی داوە پەیڕەوی ڕوونیو یەقینیی زانستی بیرکاری بکاتو هەوڵیداوە بە هەڵهێنجانی ئەقڵی، ئەنجامگیری چییەتی شتەکان بکات، جابۆیە هات دەستی کرد بە توێژینەوە لە هۆکارێك بۆ دامەزراندنی میتافیزیکایەکی نوێ کە پشت ببەستێت بە فیزیای نوێو ئەو کەرەستە میتۆدییانە بەکاربهێنێت کە زانایانی هەردوو بواری بیرکاریو سروشت بەکاریدەهێنن، بۆیە بنەماگەلێکی زانستی بۆ گومانی مەنهەجی دانا.

دیکارت لەڕێی داهێنانی زاراوەی کاڵفامی خودیەوە (کاڵفامیی مرۆڤ بەرامبەر بەمرۆڤ خۆی) لەپێناو زانستێکی سروشتی کە پشت ببەستێت بە بنەماگەلێکی ئەقڵی ماتماتیکیو ئەندازەیی مەنزومەیەکی فکری نوێی پێکهێنا و بووە هۆی دارمانی فیزیاکەی ئەرەستۆو وەلانانی (هۆی نادیار) و گەڕاندنەوەی بەها بۆ (هۆدۆزی) لەبەرامبەر بیروباوەڕە تایبەتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست سەبارەت بە موعجیزەو شتی نائاسایی سروشتیو پاساونەدراو لەڕووی زانستییەوە.

بۆ ئەوەی بوار بۆ زانستی سروشتی ڕوولەگەشە بڕەخسێت دەبێت لە چەوساندنەوەو خەیاڵاتو بیرۆکەی پێشوەخت دوور بکەوێتەوەو پێشڤەچێت، بۆیە دیکارت ئەوەی پێی دەوترێت قەڵەمڕەوی سروشتو ئەوەی پێی دەوترێت قەڵەمڕەوی پاش سروشت لە یەکی جیاکردنەوە، قەڵەمڕەوی بیریشی لە قەڵەمڕەوی مادەش جیاکردەوە، تا ئەمەی کە سەردەمی زانست دێت بۆ ئەوەی جیاکاری لەنێوان خەسڵەتە سەرەکییە جێگیرو خەسڵەتە لاوەکییە گۆڕاوەکان بکات، کە وردە وردە ئەم دووانە (خەسڵەتە سەرەکییە جێگیرو خەسڵەتە لاوەکییە گۆڕاوەکان) شوێنی هەر دوو زاراوەی شێوەو ناوەرکیان گرتەوە.

دیکارت ئامۆژگاری توێژەرانی هەقیقەت دەکات و دەڵێت: گەر ویستت ببیتە توێژەرێکی سەرڕاستو ڕاستگۆی شوێن هەقیقەت، پێویستە بەلای کەمەوە لە ژیانتدا بۆ جارێك و چەندە لەتواناتدا بێتو بشێت گومان لە هەموو شتەکان بکەیت. (من گومانم هەیە کەواتە من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم). گومان بناغەی حیکمەتو داناییە، پێویستە لە شتە زۆر سادەو ساکارەکانەوە بچیت بۆ شتە زۆر ئاڵۆزەکان. هەستەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە دەمانخەڵەتێنن، حیکمەت وایە کە متمانە بەو کەسانە نەکەین گەر بۆ جارێکیش بووە فریویان داوین. من هەر کاتێك کەسێك خراپەیەکم دەرهەق دەکات هەوڵ دەدەم ئەوەندە بەرز ببمەوە کە خراپەکەی ئەو نەمگاتێ.

لەپاش ئەو هەرا گەورەیەی کە زانای ئیتاڵی (گالیلۆ) بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی لەساڵی (١٦٣٢ی زایینییدا) نایەوە کە تیایدا نکوڵی لەوە کرد بوو کە زەوی چەقی گەردوون بێتو وتبووی کە زەوی لەسەر خولگەی خۆر دەسوڕێتەوە نەك بەپێچەوانەوە (وەك پێشنیان باوەڕیان وابوو)، ئینجا هەستانی کڵێسا بەدەرکردنی فەرمانی لەسێدارەدان بۆ ئەو کەسانەی کە لایەنگری ئەم ڕایە بکەن، دیکارت خۆی بینییەوە ناچارە لە فەرەنسای کاسۆلیکییەوە



هەواڵنامەی کتێب

هەڵبێت بۆ دەوڵاتانی پرۆستانت مەزهەب کە لێبوردەتر بوون. بۆیە لە ماوەی نێوان (١٦٢٨-١٦٤٩) لە هۆڵندا نیشتەجێ بوو و کاتەکانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستییەکانی تەرخان کرد.

دیکارت زۆر کتێبی نووسی بەڵام گرنگترین کارەکانی بریتین لە:

١. نامەیەك سەبارەت بە میتۆدی گشتی، ساڵی ١٦٣٧.
٢. ڕامانگەلێك لە فەلسەفەی یەکەم، ساڵی ١٦٤١.
٣. بنەماکانی فەلسەفەی یەکەم، ساڵی ١٦٤٤.
٤. دانراوگەلێك لەبواری زانستەکانی ماتماتیكو ئەندازەو جەبردا

لەدواییەکانی ماوەی نیشتەجێبوونیدا لە هۆڵندا، زانکۆی (لایدن) بە بیانووی ناکۆکی بۆچوونەکانی لەگەڵ ڕێبازی ئەرەستۆیی کە داندەنێت بە سەنتەراڵیستی زەوی‌و هەروەها بە بیانووی ئەوەی کە فەلسەفەی گومانەکەی دیکارت مرۆڤ بەرەو بێباوەڕی بەخودا دەبەن لەدژی وەستایەوە، بۆیە هۆڵندەی بەجێهێشتو چوو بۆ ئەڵمانیاو پاشانیش دانیمارك.

لەدانیمارکیش شاژنی سوید (کریستینا) لە ساڵی ١٦٤٩ دا بانگهێشتی سویدی کرد تا فەلسەفەی پێ بڵێتەوە. شاژن سوور بوو لەسەر ئەوەی کە وانەکانی لە دەمژمێر پێنجی بەیانیدا پێ بڵێتەوە کە ئەم کارەش فەیلەسوفی ناچار دەکرد شەوەکی (بەیانی زوو) و بەو کەش‌و هەوا سویدییە ساردەوە بەپەلە بچێت بۆ دیداری شاژن، بۆیە تووشی هەوکردنی سییەکان بوو و بووە هۆی مردنی.

سەدەی حەڤدە سەدەی گەڕان بوو بەدوای ئەو جەوهەرە مادیەی کە لە پشت شتەکانەوە دەوەستێت. دیکارت جەوهەر بە (بێکۆتایی تەواو و ئازاد) پێناسە دەکات، کە هەبوویەکەو بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە و بوونی ئەو (واتە جەوهەرە مادییەکە) پێویستی بە کەس نییە، ئەوە بوونەوەرەکانی دیکەیە پێویستیان بەو هەیە. ئەو (واتە جەوهەرە مادییەکە) خۆی هەیەو بۆ بوونی پشت نابەستێت بە ئەوانی دیکە. دیکارت دەڵێت ئێمە ڕاستەوخۆ پەی بە جەوهەر نابەین بەڵکو لەڕێی خەسڵەتەکانییەوە پەی پێدەبەین. هەر جەوهەرێك خەسڵەتێکی هەیە کە پێکهاتووە لە چییەتی خۆی کە هەڵسەنگێنەرە بۆ سروشتەکەی،

خەسڵەتی دەروونی هەڵسەنگێنەریش بریتییە لە بیر، خەسڵەتی لەشی هەڵسەنگێنەریش درێژبوونەوەیە. بار ودۆخی جەوهەری مادیش بریتییە لە جوڵەو لە شێوە. بارودۆخەکان بە گۆڕینی هەلومەرجەکان دەگۆڕێن بۆ سەلماندنی ئەمەش نموونەی مۆمێك دەهێنێتەوە کە کاتێك دەسووتێت شێوەو ڕەنگو بۆنەکەی دەگۆڕێت، بەڵام درێژبوونەوەکە دەمێنێتەوە کەبریتیە لە پاشماوەی مۆمە سووتاوەکە. مادە درێژبوونەوەیە بەبێ مادە درێژبوونەوە بوونی نییە. مادە لە گەردووندا یەك بەدوای یەکدا چەسپیوەو جوڵە لەناویدا ئارامگرتووە (ستاتیکا)، وەلی جوڵە لەناو ئەفلاکی ئاسمانیدا بازنەیی تەواوە، لەبەرئەوە کەواتە دەبێت جوڵە لە دەرەوە هاتبێت. مادە بوونێکی بابەتی هەیە، لاشە جگە لە مادە پشت بە هیچی تر نابەستێت، واتە پشت نابەستێت بە خودەکانمان، چونکە بوونی مادی سەربەخۆیە لە ئێمە و مەسەلەی خودیمان پشت نابەستێت بە پەی پێ بردنی ئێمە بۆ ئەو.

درێژبوونەوە لای دیکارت یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکان، ئەوەی لە تاقیکردنەوەکەی دیکارت دەمێنێتەوە کە لەسەر مۆمەکە کردی و پاشان بۆنو ڕەنگەکەی گۆڕا مۆمە درێژەوەبووەکەیە کە تواوەتەوە، بەڵام درێژبوونەوەیەکی هەیە کە ناسنامەی مۆمە لە مۆم دروستکراوەکەمان پێدەڵێت.

درێژبوونەوە یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییە بابەتییەکان کە لە بوونیدا پشت نابەستێت بە غەیری خۆی، لەمەدا هیچ دوو کەسێك شك نابەین کە لەسەری ناکۆك بن، لەبەرئەوەی بابەتێکی زانستی سروشتیە، بەڵام ڕەنگو تامو بۆن لە خەسڵەتە لاوەکییە خودییەکانن کە پشتمان پێ دەبەستو بە تاقیکردنەوە بەدەستیان دەهێنین.

دیکارت هەوڵیدا بە بەکارهێنانی میتۆدێك کە ماتماتیك ئاسا وردبینیو یەقینی تێدابێت بگاتە مەعریفە، بناغەی ئەقڵانی بوونو میتۆدی زانستیشی دامەزراند، واتە ئەو کارەی کە بەشداری کرد لە پەرەسەندنی بیری چاخناوەڕاستی کلاسیكو دەرچوون لە گرێی ئەرەستۆو مەنزوومەکەی.

هەولێرنامەی ئەیتێ

# ٣. سپینۆزا

**سپینۆزا** ساڵی ١٦٣٢ لە ئەمستردام لە خێزانێکی بازرگان لەدایکبووە، بەڵام حەزی لە بازرگانی نەدەکرد، بەڵکو کاری فکری بەلای خۆیدا بەکێشی کردبوو بۆیە بەئاقاری لێکۆڵینەوەی مێژوو و زانستی لاهوتو مێژووی ئایینەکاندا ملی نا، بەو پێیەی کە خۆی لە خێزانێکی جولەکە بوو بە لێکۆڵینەوەی مێژووی جولەکە دەستی پێکرد، تەوراتو تەعلیقاتەکانی تەلمودی خوێندەوە کە بریتییە لە کۆمەڵێك شەریعەو سونەتو نەریتی جولەکە، هەروەها ئایینی مەسیحییەتو مێژووی ئایینی مەسیحییەتیشی خوێندەوە، پاشان لە زمانی لاتینی کۆڵییەوە کە لە ڕێگایەوە توانی لە فکری ئەوروپیی چاخەکانی کۆنو ناوەڕاست بکۆڵێتەوە، لەبەرئەوەی لەو سەروەختەدا ئەم زمانە زمانی فکرو فەلسەفە بووە، بۆیە فەلسەفەی سوکراتو ئەفلاتونو ئەرەستۆو ڕواقییەکانی خوێندوە کە ئەمەی دواییینیان پشت دەبەستێت بە بنەمای سکهەڵگوشینو سەخت مامەڵەکردنی دەروون کە زۆر پێی کاریگەر بووە.

کارە فەلسەفییەکانی سپینۆزا هەر لە سەرەتاوە جولەکەکانی وروژاند، ئەوانیش بیروباوەڕەکانی ئەمیان دانا بە جۆرە گومڕاییو چەقەبازییەك، بۆیە لە ئایینی جولەکە دەریانکردو بنەماڵەکەی خۆیان لێ بێبەری کردو هاوڕێکانیشی وازیان لێهێنا.

لە پەرتوکی (نامەی ئایینو دەوڵەت)دا سەبارەت بە پەڕاوی جولەکە (تەورات) دەڵێت: "زمانی ئەم کتێبە مەجازو خوازە بەسەریدا زاڵە، ئەم مەسەلەیەش بەمەبەستو ئەنقەست کراوە، لەبەرئەوەی نەزعەی خۆرهەڵاتیو ئارەزوو بۆ ئەدەبێکی بالاو ڕازانـەوەی وشەو جوانکاریو زیادەڕۆیی لە وەسفکردنو گوزارشتکردندا بەکاردەهێنێت)، بێباوەڕی خۆشی بەو موعجیزەو پێشبینییانە ڕاگەیاند کە تیایدا هاتوون.

لە شوێنێکی تردا دەربارەی ئینجیلو تەورات هەردووکیان دەدوێ، کە دوو کتێبی سەرەکین لە ئایینی مەسیحیو جولەکەدا و دەڵێت ئەو دوو کتێبە کاری مرۆڤکردنو زۆر لێکدژیو ناکۆکییان تێدایە. هەروەها دەڵێت کتێبە ئایینییەکان لە هەر دوو ئایینی جولەکەو

مەسیحیەتیشدا شتەکان بە هۆی هۆکارەکانیانەوە لێکنادەنەوە بەڵکو بەشێوازێکی بەهێزو کاریگەروروژێن لەسەر خەڵك ئەم شتانە دەگێڕێنەوەو پاڵیان پێوە دەنێن بۆ باوەڕو پەرستش، بەتایبەتی توێژی نەخوێندەواران، ئەو دوو کتێبە لەگەڵ ئەقڵدا نادوێن بەڵکو خەیاڵ کێش و کۆنترۆڵ دەکەنو بەسەریدا زاڵ دەبن.

سپینۆزا دەڵێت یاسا گشتییەکانی سروشتو فەرمانە نەمرەکانی خودا یەك شتن، هەموو شتەکانیش لە سروشتی بێکۆتایی خواوە سەرهەڵدەدەن، خواش بەنیسبەت زانستەوە وەکو یاسای بازنەکان بەنیسبەت هەموو بازنەکانەوە وایە. خودا بریتییە لە زنجیرەیەکی هۆکاریی کە لە پشت هەموو شتەکانەوە هەیە و بریتییە لە یاسای پێکهێنانی جیهان. ئەم گەردوونە لێکهەڵپێکراوە لە نیشانەکانو شتەکان لەگەڵ خودا، وەك پردێ وایە کە دیزاینو دروستکردنو تەرکیبکردنی و ئەو یاسا ماتماتیکیو میکانیکییەکانی کە لەسەری بونیات نراوە هی خۆی بێت. ویستی خواو یاساکانی سروشت دوو ناون لە یەك حەقیقەت نراون، بەدوای ئەمەشدا هەموو ئەو ڕوداوانەی کە لەم جیهانەدا ڕوو دەدەن هیچ نین جگە لە بەرئەنجامێکی میکانیکی یاسا نەگۆڕەکانی سروشت.

هەروەها سپینۆزا دەڵێت: (لەبەرئەوەی ئێمە مرۆڤین وا گریمانە دەکەین کە هەموو ڕوداوەکــان بۆ مـرۆڤ کۆتاییان دێـت، ئەم ڕووداوانــە بەچەشنێك ڕێپێدراون کە لەگەڵ پێداویستییەکانماندا بگونجێت، بەڵام ئەمە خەیاڵێکی پووچە وەك زۆرێك لە خەیاڵە پووچەکانی بیرکردنەوەمان. ڕەگ و ڕیشەی گەورەترین هەڵەکانی نێو فەلسەفە لە دەرخستنی ئامانجە مرۆییەکانمانو ئەو پێودانگو شتانەدایە کە لە ڕێڕەوی جیهاندا فەلسەفە بە باشتری دەزانێت. لێرەوە مەسەلەی خراپە سەریهەڵدا. ئێمە دەکۆشین لەپێناو تەباکردن لەنێوان خراپییەکانی ژیانو باشییەکانی خودادا. خودا لەسەرو باشە و خراپەکانمانەوەیە. باشەو خراپە ڕێژەیین و لە زۆربەی کاتدا ئەم چاکەو خراپەیە دەگەڕێتەوە بۆ زەوقی مرۆڤەکانو ئامانجەکانیان.

چاکە و خراپە دوو ئیعتیبارن کە حەقیقەتە نەمرەکە دانیان پێدا نانێت، هەق ئەوەیە کە زانا وێنەی سروشتی بێکۆتایی تەواو بکێشێت نەك تەنها وەك مرۆڤێکی باڵای دیاریکراو. هەروەها چاکەو خراپە دوو ئیعتیبارن، جوانی و ناشیرینیش دوو مەسەلەی ئیعتیبارین کە دەلالەت لە ڕاستییەکی چەسپیو و نەگۆڕ ناکەن. شتەکانیش تەنها بەگوێرەی پەیبردنو وێناکردنمان بە جوانیو ناشیرینیو سیستم یان بە فەوزا وەسف دەکرێن. گەر ئەو وێنەیەی



هەواڵنامەی کتێب

کە هەستەکانمان وەریدەگرن ببنە مایەی ئاسوودەیی ئەوا بە وێنەیەکی جوان ناودەبرێت خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا بە ناشیرین ناودەبرێت.

سپینۆزا تەنهاو خۆتەرخانکردوو بەشێوەیەکی گشتیی بۆ ژیانی بیرو فەلسەفە ژیا، ژیانێکی سادەو ساکارو دەستقونجاوی دەژیاو لە ژوورێك لای خێزانێکی هۆڵەندی لە شاری ڕایسنبێرگی نزیك لیدن دەژیا، ئەو خانووە تا ئەمڕۆش هەر ماوەو ئەو شەقامەی خانووەکەی دەکەوێتە سەر ناوی سپینۆزای فەیلەسوفی هەڵگرتووە.

سپینۆزای فەیلەسوف چوار کتێبی نووسیوە کە بریتیین لە: (نامەیەك لە ئایین‌و دەوڵەت)و (چاکسازیی ئەقڵ) و (ڕەوشت) و (نامەی سیاسی)، ئەم کتێبانە لە سەرەتاوە بەبێ ئەوەی سەرنجی کەسێك بوروژێنن تێپەڕین بەڵام دوای چەند ساڵێکی کەم زۆرێك لەنووسەران‌و فەیلەسوفان سەرنجیان دایەو دەنگەدەنگێکی گەورەیان وروژاندو کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر پەرەسەندنی بیری ئەوروپی‌و گەشە پێکردنی بۆ ئاستی بیری زانستی قوڵ هەبوو کە کاریان کرد بۆ ڕێنسانسی زانستی‌و پاڵپشتیکردنی بیری ڕۆشنگەریی.

سپینۆزا دەڵێت.. خەڵکی ئارەزوویان لەو باوەڕەیە کە خوا یاساو ڕێساکانی گەردوون لەپێناوی ئەواندا تێکوپێك بدات. بۆ نموونە جولەکە باوەڕیان وایە ئەو موعجیزانەی کە بەدیهاتوون چ لە (پەڕینەوە) یان لەکاتی (ونبوون)دا لەپێناوی ئەواندا بەدیهاتووە، لەبەرئەوە ئەوان گەلی هەڵبژاردەی خودان. هیچ شتێك هێندەی ئەوموعجیزانەی کە خەیاڵ‌و سۆز دەجوڵێنن دەروونی خەڵك ناجوڵێنن‌و پاڵیان پێوە نانێت بۆ باوەڕو پەرستشکاری، ئێمە گەر بە چاوی ئەقڵ‌و دووربینی فەلسەفییەوە بڕوانینە هەندێ لە کتێبە ئایینییەکانی جولەکە دەبینین تەژییە لە هەڵەو ناکۆکی‌و پرس‌و دۆزی مەحاڵ، لەبەرئەوەی خەڵکەکە داوای تێکستگەلێك دەکەن یارمەتی وروژاندنی خەیاڵ بداتو پڕ بێت لە ڕووداوی نائاسایی.

سپینۆزا دەپرسێت: ئایا زانینی من زانینێکی ڕاستەقینەیە؟ ئایا دەکرێت متمانە بە هەستەکانم بکەم کە هەستپێکراوەکان بۆ زەینم دەگوێزێتەوە؟ ئایا دەکرێت پشت بە ئەقڵم ببەستم بۆ ئەو بەرئەنجامانەی کە لە هەستەکانەوە وەریدەگرێت‌و هەستەکان پێشکەشی دەکەن؟ ئایا واپێویست نییە جۆرەکانی زانین لەیەکتری جیابکەینەوەو متمانە نەبەخشین تا پشکنین‌و تەتەڵەکردن تەواو دەبێت؟

سپینۆزا دەڵێت مەعریفەی بەڵگەنەویست پەیبردنە بە لایەن‌و پەیوەندییە سەرمەدییەکانی



هەواڵنامەی کتێب

شتەکان، بۆیە ئەو دێت و جیاوازی دەکات لەنێوان (سیستمی کاتی_ (سیستمی سەرمەدی)، (سیستمی کاتی): بریتییە لە جیهانی شتەکانو ڕووداوەکـان، (سیستمی سەرمەدی)یش کە بریتییە لە جیهانی یاساکانو ئەو پێکهاتەیەی کە ئەم شتو ڕووداوانە بەڕێوە دەبات. پێویستمان بەوە نییە زنجیرەی شتە فەردیە گۆڕاوەکان بزانین، لەبەرئەوەی دەشێت تەنها لە شتە جێگیرە سەرمەدییەکاندا ماهیەتەکەی ببینرێن.

نووسینەکانی سپینۆزا سەختیو ئاڵۆزی باڵی بەسەردا کێشاون، بۆیە داوا لە خوێنەر دەکات بۆ ئاشکراکردنی ئەو نادیاریەی کە تێکستەکانی داپۆشیوە وردبینیو وردەکاری بە خەرج بدات. سپینۆزا گەردوون دابەش دەکات بۆ ناوەڕۆکو شێوە، ناوەڕۆك (ڕاستییەکی بنەڕەتی نەگۆڕە کە بریتییە لە پێکهاتی گەردوونو یاساکانی جیهانو مواسەفاتەکانی). سروشت خاوەنی دوو ڕواڵەتە کە کارایەکی زیندووی دروستکەرە لەلایەکەوەو چالاککراو و دروستکراوە لەلایەکی دیکەوە.

بەڵام شێوە شتێکە (تاکەو ڕویـداوەو وێنەیەکە کە لەناودەچێت). ئەوەتا مرۆڤو لاشەکەیو بیروبۆچوونەکانیو پۆلەکەی هەر هەموویان شێوەن بۆیە لەناو دەچن، بەڵام وێنەی ڕاستیی سەرمەدی جێگیرەو ناگۆڕێت.

سپینۆزا دەڵێت: ئەقڵ مادە نییە، مادەش بیر نییە، پرۆسەی کارکردنی مێشکیش هۆکارێك نییە هەروەك بەرئەنجامێکیش نییە، ئەم دوو کردارە سەربەخۆو هاوڕێك نین، چونکە دوو کردار بوونی نییەو دوو بوونیش بوونیان نییە، بەڵکو تاکە یەك کردارە کە لە ناوەوە بیر دەبینین و لە دەریشەوە جوڵە. لێرەدا لەناوەوە بوونێك دەبینین ئەقڵە و لەدەرەوە مادە بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هیچ شتێك نییە جگە لە ئاوێتەیەکی لەیەك دراو. ئەقڵو لەشیش هیچ کامێکیان کارتێکراو نابن بەیەکتری لەبەرئەوەی یەك شت نین. فەرمانڕەوایی ئەقڵو حەزو ئارەزووەکانی لەشیش یەك شتن، هەموو جیهانیش بە هەمان ئەم ڕێگە دووجەمسەرە یەکگرتوون.

لە هەر کوێ کارێکی مادیت بینی ئەوا ئەمە تەنها لایەنێکی پرۆسە ئەقڵییەکەیە. چونکە پرۆسە ئەقڵیە ناوخۆیەکە لە هەموو قۆناغێکدا دەبەسترێتەوە بە پرۆسە دەرەکییە مادییەکەوە، سیستمی بیروبۆچوونو پەیوەندی بەستنەکانیان هەمان سیستمو مەوادو پەیوەندییەکانە، بەمەش ڕەگەزی فکرو ڕەگەزی مادە یەك شتن.

سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسیش سپینۆزا دەڵێت کە فەلسەفەی سیاسی لە ئەنجامی

جیاکاری لە نێوان هەر دوو سیستەمی سروشتیو سیستەمی ڕەوشتی لەیەکتری دروست دەبێت، یان بە دەربڕینێکی وردتر لە ئەنجامی جیاکاری لە نێوان ژیانی مرۆڤی سەرەتایی بەر لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەکانو لە نێوان ژیانی لەدوای ڕێکخستنی کۆمەڵگەکان. ئەو وایدەبینێت کە خەڵکی بەر لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەکاندا بەبێ یاساو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە بێسەرەوبەرەییدا دەژیان، سەبارەت بە ڕاستو هەڵە یان داد و ستەم تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان نەبووە، ڕەوایی لەلای هێز بووە. لەم دۆخە سروشتییەدا کە مرۆڤ بەر لە ڕێکخستنی کۆمەڵگە تیای دەژیا شتێك نەبووە ناوی چاکەو خراپە بێت، لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤێك لەم دۆخە سروشتییەدا تەنها دەڕوانێتە بەرژەوەندییەکانی خۆی، بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەوایە. بۆیە لە واتای چاکە تێناگات، لەبەرئەوەی ناکرێت پەی بە واتای چاکە بەرین تەنها لە سایەی ژیانی مەدەنیدا نەبێت کە بە ڕازی بوونی گشتی بڕیار دەدرێت چی چاکەیەو چی خراپەو بەدی چییەو چۆن مرۆڤ دەبێتە بەرپرس لەبەردەم یاسادا. خەڵکی وەکو سروشتی خۆیان ئامادەباشی سیستەمی کۆمەڵایەتی نین، بەڵام مەترسی پاڵی پێوەنان بۆ گردبوونەوە، چونکە غەریزەی تاکی بەهێزترە لە غەریزەی بەکۆمەڵ، لەبەرئەوە پێویستە خەڵکی ئامادە بکرێنو مەشقیان پێ بکرێت لەسەر ئەوەی کە هاوڵاتیگەلێکی کۆمەڵایەتی بن. مرۆڤ بە سروشتی خۆی چاکو سالح نییە، بەڵکو بەهۆی پەروەردەو یاساکانەوە وای لێ دەکرێت، هەروەها ویژدانیش شتێکی فیتری نییە بەڵکو شتێکی وەرگیراوە بە جیاوازی کۆمەڵگەو نموونە باڵاکانی دەگۆڕێت.

سپینوزا لە ساڵی ١٦٧٧ دا و لە تەمەنی چلو چوار ساڵیدا و بەهۆی نەخۆشی سیلەوە کە لە دایكو باوکییەوە بۆی مابۆوە هەروەها بەهۆی ئەو داماویو نەبوونیو هەژارییەی کە تیایدا ژیا، مرد. لەپاش دوو سەدە لە کۆچی دوایی لە شاری لاهای لە کەشێکی شکۆدارکردنو ڕێزلێگرتنی ئەو فەیلەسوفەدا کە بەشدارییەکی گەورەی لە هەڵاتنی خۆری سەردەمی ڕۆشنگەرییدا کرد، پەیکەرێکیان بۆ دانا.

هەواڵنامەی کتێب

## ٤. مۆنتیسکیۆ :

**سەدەی** حەڤدەهەم لە ئەوروپا سەردەمی ئەو ململانێ و دەستکەوتە گەورانە بوو کە ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری، بـەڵام دیسان سەردەمی پاشا سەرکوتگەرەکانیش بوو. لویسی چواردە لە فەرەنسا کە دەیوت (من دەوڵەتم و دەوڵەتیش من) و شاژنە ئەلیزابێیسیش لە ئینگلتەرەو پادشا فرەدریك لە پروسیاو.. هتد.

ئەو ئایدۆلۆجیایەی بەسەر ئەوروپادا باڵادەست بوو ئەو پرەنسیپە بوو کە دەیووت سامانی بەرهەمهێنانی وڵات لە زێڕو زیوی ئەنبارکراو و لە گەشەی بەرهەمی نەتەوەییدایە لە ڕێگەی هاندانی پیشەسازیو سەرلەنوێ ڕاهێنانەوەی بازرگانیدا کە کڵێسای کاسۆلیکی دژایەتی کردبوو، سەرباری تەرخانکردنی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتیمانی دژی هەرێمگەراییو میرنشینە ناوخۆییەکان، کۆمپانیا بازرگانییەکان بوونە سوپای پاشاکانی ئەوروپا لە داگیرکردنی جیهان، ئەمەش باڵادەستی پاشاکانی بەسەر ژیانی سیاسیەوە زیاتر کردو لەناوەوەش ئازادییەکانی خنکاند. بەڵام سەدەی هەژدەیەم ئەو سەدەیە بوو کە بەری یەکەمی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپای خۆرئاوادا دورایەوە، ئەو سەدەیەی کە بۆرژوازی بۆ جاری یەکەم ویستی بەشداری بکات لە فەرمانڕەوایەتیو ڕۆڵی خۆی ببینێت لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەچەشنێك کە بگونجێت لەگەڵ قورسایی ئابووری، هەروەها لە ڕێگەی دانانی یاساو ڕێساگەلێکەوە کە یارمەتی بەشداری زیاتری لە فەرمانڕەوایەتیدا دەدا کە هەستێت بە نینۆك کردنی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی پادشایی ڕەها.

ئەو دەرهاویشتە فکریو فەلسەفییانەی کە لە سەدەی حەڤدەدا ڕوویاندا ڕێگەی فیکرییان خۆشکرد بۆ زۆرێك لەو بیروهزرو فەلسەفییانەی کە لە سەدەی هەژدەدا دەرکەوتن.

لەو فەیلەسوفە پێشەنگانە لەم بـوارەدا فەیلەسوفی ئینگلیزی مارك لوك (١٦٣٢-١٧٠٤) کە ڕەخنە لە بیرۆکەی فەرمانڕەوایی باوکسالاری پاشاکان دەگرێتو جەخت لە پیرۆزیی موڵکداریەتی تایبەتی دەکاتەوەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئامانجی بنەڕەتی هەر حکومەتێك پاراستنی موڵکداریەتی تایبەتییە و ئاماژە بۆ بنەما بۆرژوازییەکانی بیرۆکەکە

دەکات. ئەوە یەکەمین ڕیشە بوو بۆ مۆنتیسکیۆ کە ئیحائی بداتێ بۆ تیۆری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان. بەڵام لۆک وەک چۆن لە مەترسییەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەها هۆشداری دەدا ئاواش هۆشداری لە دەسەڵاتی ڕەهای گەل دەدا. چونکە ئەو بەپلەی یەکەم جەختی لە ئارامیو سیستمو ئاسایش دەکردەوە.

فەیلەسوفی فەرەنسی، مۆنتیسکیۆ (١٦٨٩-١٧٥٥) دادەنرێت بە تیۆرسێنێك کە دەستپێکەری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەو بە لایەنگری لیبرالیزمی تەواو دادەنرێت، جا لەبەرئەوەی ئەو خۆی لە چینی ئەرستۆکراسییەکانە چینی ئەرستۆکراسی دادەنێت بە باشترین گرەنتی بۆ سیستمی پادشایی دەستووریو پێیوایە کە یەکسانی ڕەها لەنێوان خەڵکیدا کارێکی ئاستەمە و پێویست ناکات تێکەڵکردن لەنێوان گەلو ڕەعیەتا دروست بکرێت.

گرنگترین دانراوەکانی مۆنتیسکیۆ بریتییە لە (گیانی یاساکان) و (هۆکارەکانی مەزنیی ڕۆمان)و (ژیاننامە). بەڵام ناودارترین تیۆرییەکانی مۆنتیسکیۆ بریتییە لە تیۆریی حکومەتەکانو تیۆریی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، ئەو سێ شێواز لە حکومەت دەخاتەڕوو، کە بریتیین لە:

١. **حکومەتی کۆماری:** ئەو حکومەتەیە کە تیایدا گەل بەتەواوی یان بەشێك لە دەسەڵاتی باڵا دەگرێتە دەست، دوو شێوەی جیاش لە حکومەتی کۆماری هەیە کە ئەوانیش بریتین لە: کۆماری دیموکراتیو کۆماری ئەرستۆکراسی، لە حکومەتی کۆماری دیموکراسیدا گەل مومارەسەی هەموو دەسەڵاتێکی باڵا دەکات، بۆیە کۆمارێکی بچکۆلانەی ساکاری چاکە کە تایبەتە بە شارگەلێکی بچوك، هاوشێوەی شارە کۆنەکانی یۆنان کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت لە گۆڕەپانە گشتییەکەیدا کۆببێتەوە؛ بەڵام کۆماری ئەرستۆکراسی لەسەر شێوازی کۆماری ڤینیسیایە، دەسەڵاتی باڵا موڵکی ژمارەیەك کەسەو پێویستە ئەرستۆکراسییەکان ژمارەیان ئەوەندە زۆر بێت کە بەش بکات، هەروەها پێویستە هەوڵ بدەن تا بوونی خۆیان لە بیربچێتەوەو لەناو گەلدا بتوێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**٢. حکومەتی پادشایی:** سروشتی ئەم حکوتە وایە کە کەسێك دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەڵام لێرەدا پادشایەکی سەرکوتگەر نییە لەبەرئەوەی لەڕێی یاسا بنەڕەتییەکان (دەستوور) و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەیەکتریی فەرمانڕەوایەتی دەکات.

**٣. حکومەتی سەرکوتگەر:** تیایدا کەسێك دەسـەڵات دەگرێتە دەسـتو بە ئـارەزووی خۆی و بەبێ یاساو ڕێسا فەرمانڕەوایەتی دەکـاتو پشت بە زەبـرو زەنگ دەبەستێت، ئەمە ئەو جۆرەیە لە حکومەت کە مۆنتیسکیۆ ڕەتی دەکاتەوە.

پەیکەرەی تیۆریی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لای مۆنتیسکیۆ بریتییە لە هاوسەنگی، بەچەشنێك کە دەسەڵات بە دەسەڵات ڕادەگیرێتو پێویستە جیاکردنەوە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریـدا هەبێت، هەروەها جیاکردنەوە لەنێوان دەستە ناوەندییەکانو لامەرکەزیەکان هەبێت، بەمەش ڕێگری لە فەرمانڕەوایەتی دەکات کە بکەوێتە داوی سەرکوتو ملهوڕییەوە، چونکە هەر کاتێك دەسەڵاتەکان کەوتنە دەستی کەسێکەوە ئەوا ئەمە هانی سەرکوتگەریو ملهوڕی دەدات.

بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا و بەهۆی فەزڵی مۆنتیسکیۆوە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بووە پرەنسیپێکی جێگیر بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی، کە پێویستە ئەم سێ دەسەڵاتە لە هەمان دەستدا کۆنەبنەوە بەڵکو پێویستە جیاکردنەوەیەکی توند لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام دەبێت تەنسیقێك لە نێوانیاندا بکرێت تا یارمەتی بدات کە بەشێوەیەکی هاوسەنگو کارلێکئامێز لە فەرمانڕەوایەتیو سەروەریدا بەشداری بکات. لە سەروەختی مۆنتیسکیۆو کتێبەکەیەوە (گیانی یاساکان) پرەنسیپی جیاکردنەوەی دسەڵاتەکان بۆتە پرەنسیپێکی جێگیر کە ناتوانین لە بونیاتنانی سیستمی دیموکراتی ساغلەمو تەندروستدا دەست بەرداری بین.

هەولێرنامەی کتێب

## ٥. ڤۆڵتێر:

**ڤۆڵتێر** نووسەرو شاعیرو فەیلەسوفێکی فەرەنسییە، دەیان ڕۆمان‌و شانۆنامەو دیوانی شیعرو کتێبی فەلسەفی نووسیووە، نووسەرێکی فرە بەهرەی ئینسایکلۆپیدییە. ڤۆڵتێر ناوی خوازراویەتی‌و ناوی ڕاستەقینەی خۆی (فرانسوا ئاریت)ە. بەڵام چ لە ژیانی گشتی‌و چ لە ژیانی تایبەتی یان لە نووسراو و دانراوە زۆرەکانیدا بەناوە خوازراوەکەیەوە ناسراوە، بە چەشنێك کە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی لەبیر کراوە.

ناوبانگی ئاسۆی سنوورەکانی بڕی، لەگەڵ ئەوەی کە کەسێك بوو لە هەموو بەهاو بیرو داب‌و نەریتەکانی سەردەمەکەی یاخی بوو کەچی بووبە جێگەی پەسەندیدەیی گەورە پادشاو میرو سیاسەتمەداران‌و بیریارانی سەردەمەکەی. ڤۆڵتێر ساڵی ١٦٩٤ لە پاریس لەدایکبووە، دایکی بەسەر لەدایکبوونی ئەمەوە ڕۆشتووە (مردووە) منداڵێکی دەردەداری نەخۆش بووە، بۆیە پێشبینی ئەوەیان بۆ کردووە کە زۆر نەژی‌و زوو بمرێت، بەڵام ٨٤ ساڵ ژیاوە. پاش ئەوەی لەخەم ڕەخسی لەسەر دەستی عیسایەکاندا بۆتە قوتابی‌و زانستی لاهوت‌و میتافیزیکای خوێندووە، هەروەها شیعرو فکرو هونەرو ئەدەبی خوێندووە، هەر زوو بەهرەی شیعری تێدا دەرکەوتووە بۆیە بە ئاسانی‌و عەفەویانە شیعری نووسیوە. هەر زووش کێشەو گرفتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەستی پێکردووە، ساڵی ١٧١٥ پادشای فەرەنسا لویسی چواردە دەمرێت‌و کورەکەی واتە لویسی پازدە دەچێتە شوێنی کە هێشتا بچووك و کەم ئەزموون بووەو توانای نەبووە کە سەرکردایەتی وڵاتێکی گەورە و گرنگی وەك فەرەنسا بکات کە لەو کاتەدا دڵی ئەوروپا بووەو بەهێزترین دەوڵەتی کیشوەری ئەورپاو جیهانیش بووە. لویسی بچکۆلە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی وڵات بکات‌و جڵەوی کاروبارەکانی دەسەڵاتی لە دەست دەرچووە، بەشێوەیەکی نافەرمی دەستەڵات کەوتۆتە دەستی وەسی. ئەم لە دەستدەرچوونەی فەرمانڕەوایەتیش بووە بە هۆی ڕوودانی قەیرانی ئابووری کە بۆتە هۆی پشێوییەکی بەرفراوان لە پاریسدا. ڤۆڵتێر بە چامە شیعرییە ئاگرینەکانی بەشداری لەو پشێوییانەدا کرد کە بوو بە هۆی توندکردنی لە زیندانی باستیل کە ماوەی یازدە مانگی تێدا

هەواڵنامەی کێتێ

بەسەر برد، لەکاتێکدا تەمەنی هێشتا بیستو یەك ساڵ بوو.

لە پاش دەرچوونی لە زیندان ڕویکردە نووسینی شانۆنامە. ساڵی ١٧١٨ شانۆنامەکەی لەسەر تراژیدیای ئۆدیب سەرکەوتنێکی گەورەی لە پاریس بەدیهێناو بۆ ماوەی چلو پێنج شەوی لەسەریەك، بەردەوام بوو لە نمایشکردن.

لە دوای ژمارەیەك ئەزموونی شانۆیی سەرنەکەوتوو ڕۆمانە شیعرییەکەی خۆی نووسی (هەنریێت) کە ئەویش سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەدەست هێناو کردییە نووسەرێکی ناودار. ڤۆڵتێر دیسانەوە لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی فەرەنسادا بەریەك کەوتنەوە، کە بووە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە و بۆ ماوەیەکی کورت لە زیندانی باستیل دەست بەسەر بکرێتەوەو پاشان دوور بخرێتەوە بۆ ئینگلتەرە.

لە ئینگلتەرە بەمشورەوە زمانی ئینگلیزی خوێندو تیایدا قوڵ بووەو بەسەریدا زاڵ بوو، کتێبە گرنگەکانی ئینگلیزی لە بوارەکانی ئەدەبو مێژووو فەلسەفەدا خوێندەوەو سەرسام بوو بەو کەشی ئازادیە فکرییە تەواوەی کە نووسەری ئینگلیزی لەسایەدا دەژیا. لە ئینگلتەرە کەهەنوت نەبوو و کڵێساش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، بۆیە بیریاران سەربەست بوون لەو شتانەی دەیانووسی، چونکە بەندیخانەی باستیل و فەرمانڕەوای ملهوڕ نەبوو، لەوێ پەرلەمان لە هەر فەرمانڕەوایەك بەهێزتر بوو. لە ئینگلتەرە کتێبی (نامەگەلێك سەبارەت بە ئینگلیز)ی نووسیو تیایدا ئینتیباعی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی ئینگلیزی و ئەو کەشی ئازادییە فکرییەی لێی بەهرەمەندە، جیاوازی نێوان فەرمانڕەوایەتی دیکتاتۆری لە فەرەنساو فەرمانڕەوایەتی دیموکراتی ڕۆشنگەر لە ئینگلتەرای خستەڕوو، بەڵام لە فەرەنسا بڵاوی نەکردەوە.

ساڵی ١٧٩٢ وەسیی عەرشی فەرەنسی ڕازیی بوو بە گەڕانەوەی ڤۆڵتێر بۆ پاریس، گەڕایەوە و لەدوای گەڕانەوەکەیشی ماوەی بەرایی گەڕانەوەکەی ژیانێکی ئارام ژیا، بەڵام هەر ئەوەندەی کتێبەکەی (نامەگەلێك سەبارەت بە ئینگلیز)ی لە فەرانسا بڵاوکرایەوە یەکسەر دەسەڵاتدارانی فەرەنسی، لەبەر ئەو ڕەخنە توندانەی کە کتێبەکە لە شێوازی فەرمانڕەوایەتیی فەرەنسا لە خۆی گرتبوو کەوتنەوە شوێنی، بۆیە ناچار بوو خۆی لەبەر چاوی دەسەڵاتەکان بشارێتەوە. لە کتێبی ناوبراویدا ڤۆڵتێر هێرش دەکاتە سەر چینی خانەدانانی فەرەنسی کە لەسەر حسابی چەوساندنەوەو کۆیلەکردنی گەلی فەرەنسی دەژین، هەروەها هێرشی کردۆتە

سەر پیاوانی ئایینی کە بە کۆکردنەوەی سەدەقەو بەخشین گەلیان ڕووتاندۆتەوە. هەموو ئەمانە حکومەتیان تورە کرد، بۆیە بڕیاری سوتاندنی بەئاشکرای کتێبەکەیان دەرکردو دایان نا بە دژی ئایینو ڕەوشت.

ڕەنگە فەیلەسوفێکی ئەوروپی نەبێت کە لە ژیانیدا هێندەی ڤۆڵتێری نووسەرو فەیلەسوف ئۆتۆریتەی هەبووبێت. کە سەرباری گرتنو دوورخستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی تارادەیەکی هەموو کتێبەکانی لەلایەن شوێنکەوتووانی کلێسەو دەوڵەتەوە، بەهێز لەپێناو ڕاگەیاندنی ڕاستییدا و بەرگری لێکردنیدا و بەرگری لێکردن لە بیرە تازەکانی ئەو سەردەمە کە باوەڕی پێیان هەبوو ڕێگەی خۆی کردەوە، بگرە تا کۆتایی تەمەنی شوێنی ڕێزو شکۆی هەمووان بوو، بە پاشاو دەسەڵاتدارانو پیاوانی ئایینو کلێسەشەوە.

ئەو شتەی کە زۆر سەیرو سەرنجڕاکێش بوو لە ڤۆڵتێردا بەپیتی و درەوشانەوەی ئەقڵی بوو، تەنانەت سەروەختی پیرێتیی تەمەنیشی هەرگیز لە نووسینو بەرهەم نەوەستا. لە ژیانیدا نەوەدو نۆ کتێبی لە هەمەجۆر پانتاییو بواردا نووسیوە لە شانۆنامەوە بۆ ڕۆمانو فەلسەفەو مێژوو و چەندین بواری تر.

**دەکرێت کارە فکرییەکانی ڤۆڵتێر بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین:**

**یەکەم/ شانۆنامەکان:** زۆربەی زۆری شانۆنامەکانی ڤۆڵتێر کۆمیدی گاڵتەئامێزنو دەکرێت بە کۆمیدیای ڕەش ناودێریان بکەین. بەتوندی ڕەخنە لە باری کۆمەڵایەتی دەگرێتو گاڵتە بە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە دووڕووەکان دەکات کە تەنها بایەخ بە ڕواڵەت دەدەن بەبێ ناوەڕۆك. ڤۆڵتێر دەیوت (گەر سروشت شتێك لە گیانی گاڵتەوگەپی نەدایناینایەتێ ئەوا بەدبەخترین بوونەوەر دەبووین، خۆ گەر گیانی شۆخیو گاڵتە بە یەکتری کردن نەبووایە سەخت بوو بژین، ئەو فەیلەسوفانەی پێناکەنن فەیلەسۆفگەلێکی سەرنەکەوتوون، جوانتر وایە کە جاروبار شێت بین.

**دووەم/ ڕۆمانەکان:** ڤۆڵتێر زۆر ڕۆمانی فەلسەفەئامێزی سەرکەوتووی نووسیوەو تیایاندا ئەفسانەو خورافە دەگەیەنێت بەشێوازی خەیاڵی زانستی، لەو ڕۆمانانە: ڕۆمانی (لانجینۆ)و ڕۆمانی (میکەر و میجاس)و ڕۆمانی (صادق)و ڕۆمانی (کاندید). لەم ڕۆمانانەدا

ڤۆڵتێر لەڕێی حکایەتەگەلێکی سەیرو لاپرەسنگەوە بـیروڕا فەلسەفییەکانی خۆی ڕون دەکاتەوە,

ڕۆمانی لاجینۆ باس لە کەسێکی سەرەتایی لە هندە سوورەکان دەکات. ئەم کەسە بەهاوڕێیەتی هەندێك لە پێشەنگانی دۆزەرەوەکـان هاتووە بۆ فەرەنسا. دووچـاری زۆر بەرکەوتن و پارادۆکس دەبێت لەنێوان بیروڕاو دابونەریتی مرۆڤی سەرەتایی کە لەسەر فیترەت دەژی و مرۆڤی شارستانیبوو کە بارکراوە بە دابونەریتو بیروباوەڕگەلێکی ئاڵۆز کە ناکۆکە لەگەڵ ئەو فیترەتەی کە پێویستە مرۆڤ لەسەری بێت، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤی شارستانی لە کەشو سروتو ئارەزووی بۆ ڕواڵەت بەدوور لە ناوەڕۆكو سادەیی تەبەنای دەکات.

بەڵام ڕۆمانی میکەرو میجاس لە ڕۆمانی (جۆلیفەر)ی نووسەری ئینگلیزی (سوێفت) دەچێت کە دانیشتوویەکی یەکێك لە ئەستێرەکانی بۆشایی گەردوونە و بە هاوڕێیەتی بونەوەرێك لە ئەستێرەیەکی دیکەوە سەردانی زەوی دەکات، هەر یەکێك لەوانە چەند هەزار پێیەك درێژنو لە کورتی بەژنی دانیشتوانی زەوی دەحەپەسێن، بەڵام ئەم بیچمە بچووکە بە زبریو ڕەقییەکی بێوێنەو گیانێکی شەڕانگێزی توندەوە ڕەفتار دەکات بە چەشنێك کە هەندێکیان لە ڕێی شەڕو ململانێکانەوە کە لە نێوان تاكو کۆمەڵەکاندا کۆتاییان نایەت هەندێکی دیکەیان دەکوژن.

بەڵام ڕۆمانی (سادق) باس لە حەکیمی بابلی (سادق) دەکات. سادق دەکەوێتە داوی خۆشەویستی شازادەی وڵاتەوە (سەمیرە). پاش ئەوە ئیدی زۆر ململانێ لە مەملەکەتدا ڕودەدات کە سادق لایەن دەبێت تیایدا، سادق بەو بەرئەنجامە دەگات کە ڕەگەزی مرۆیی کۆمەڵە مێرویەکن کە لەبەر شتی پڕوپووچ یەکتری دەماشنەوە.

لە ڕۆمانی (کاندید)یشدا ڤۆڵتێر چیرۆکی لاوێکی ساکارو دەست پاکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ناوی کاندیدەو کوڕی یەکێك لە سەرکردە گەورەکانە، لەگەڵ مامۆستاکەیدا، حەکیمو فەیلەسوف (بانجلوس)دا دەڕوات، لە پاش ڕووداوگەلێکی زۆر کە ناچاری دەکات لەم وڵاتەوە بچێت بۆ ئەو وڵات، لە گەشتەکانیدا زۆر سەرکێشی تاقی دەکاتەوە، مامۆستاکەی سەبارەت بە ڕووداوەکان و خەڵکەکە تێبینیو بیروڕا فەلسەفییەکانی دەردەبڕێت. لە ئەوروپاوە دەچن بۆ ئەمریکاو پاشان کاندید دەگەڕێتەوەو لە یەکێ لە کێڵگەکانی تورکیا نیشتەجێ و سەقامگیر

دەبێت. ئەو بیروبۆچوونەی لا گەلآلە دەبێت کە خەڵکی هەمیشە یەکتری سەردەبڕنو هەموویان دڵڕەقو ناپاکو گەمژەو درن. بەڵام دواجار بەو بەرئەنجامەش دەگات کە ناکرێت ئەمە بگۆڕدرێت، چونکە ئاوا دروستبوون و هەر ئاواش دەمێننەوە.

سێیەم/ کتێبە فەلسەفییەکان: گرنگترین کتێبی فەلسەفیی ڤۆڵتێر بریتییە لە (مێژووی ڕەوشتو گیانی گەلان)و کتێبی (ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی).

لە کتێبی یەکەمیاندا ڤۆڵتێر بنچینەی زانستی مێژووی نوێ دادەنێتو یەکەم فەلسەفە لەسەر مێژووش بریتییە لە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ بەدواداچوونی پەرەسەندنی مێژوویی ئەوروپا، بە چەشنێك کە کتێبەکە باسی مێژووی پاشاکان ناکات بەڵکو باسی مێژووی جوڵانەوەکانو جەماوەر دەکات، هەروەها باسی شەڕەکان ناکات بەڵکو باسی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆیی دەکات، ئەو دەڵێت نامەوێت مێژوو سەبارەت بە شەڕو شۆڕەکان بنووسمەوە بەڵکو سەبارەت بە کۆمەڵگەکان، بابەتی نووسینی من مێژووی ئەقڵی مرۆییە نەك مێژووی جەنگو پاشاو لۆردەکان. بەڵام لە کتێبی (ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی)یەکەیدا سەبارەت بە لێکبووردنی ئایینی دەدوێت، ئایین لەو خورافاتە جیا دەکاتەوە کە دەلکێنرێت بە ئایینەوە، دەڵێت خورافات لە دەستکردو داهێنانی قەشە و کاهینەکانە، ئەوە ئەوانن کە زانستی لاهوتیان دروست کردووە، ناکۆکییەکانیش لە دەستکردو داهێنانی لاهووتن، لاهووت هۆکاری کێشمەکێشە تاڵەکانو جەنگە ئایینیەکانە.

ساڵی ١٧٥٨ ناوچەیەکی لەناو سنووری سویسرا کری تا تیای نیشتەجێ ببێت، شوێنەکە لە نزیك سنووری فەرەنساوە بوو تا بەدوور لە دەسەڵاتدارانی فەرەنساوە هەست بە دڵنیایی بکات، ڤۆڵتێر لەم خانووەی ئەم ناوچەیەدا باشترین کتێبەکانی خۆی نووسیوە.

ساڵی ١٧٧٨ نەخۆشییەکەی لێی پیس کرد، تاسەی سەردانی پاریسی کرد بەر لەوەی مردن بێتە گیانی، بۆیە سەرباری خراپبوونی تەندروستییەکەی بە گالیسکەکەی چوو بۆ پاریسو خەڵکی فەرەنساش پێشوازییەکی بێوێنەیان لێکرد. سەردانەکەی بۆ پاریس کە بە گوتارێك لە ئەکادیمیای فەرەنسی و لە نێو جەماوەرێکی ئاپۆرا بەستوودا دەست پێکرد. لە ٣ی مایۆی ساڵی ١٧٧٨دا ڤۆڵتێر کۆچی دوایی کرد. لە ساڵی ١٧٩١کۆمەڵەی نیشتیمانی

پادشا لویسی شازدەی پێمل کرد کە هێسکوپروسکەکەی ڤۆڵتێر بگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانی مەزنە پیاوان لە پاریس، لە دوا ماڵئاوایی فەیلەسوفی گەورەدا زیاتر لە ٦٠٠ هەزار ژنو پیاو لە شەقامەکانی پاریسدا بەڕیز وەستا بوون.

## ٠٦ ژان ژاك ڕۆسۆ:

**ژان ژاك ڕۆسۆ**، ئەدیبو فەیلەسوفو بیریارێکی سیاسی فەرەنسییە، بیروبۆچوونەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر سەردەمەکەی هەبووە، بەتایبەتی لە پرۆسەی دەستپێکردنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی ساڵی(١٧٨٩) کە سیمای ئەورووپاو جیهانی گۆڕی.

ڕۆسۆ لە ساڵی ١٧١٢ لە شاری جنێفی سویسری لە خێزانێکی هەژاری فەرەنسی لەدایکبووە، هەر لە منداڵییەوە ڕووبەڕووی دڵڕەقی ژیانو ستەمی کۆمەڵگە بۆتەوە، بۆیە وەك شۆڕشگێڕێك جۆشی سەندوە لە دژی سیستمی کۆمەڵایەتیو شارستانیەتی نوێو نەبوونی یەکسانی، کە بە پێی هەندێ بنەماو هۆکاری جۆربەجۆر خەڵکی لەیەکتری هەڵدەهاوێرێو جیاکارییان لەنێواندا دەکات، جا لەسەر بنەمای سیاسی بێت یان بنەمای ئابووری یاخود نەتەوەیی بێت.

ڕۆسۆ منداڵییەکی کلۆڵانە ژیا، دایکی ڕاستەوخۆ هەر دوای لەدایکبوونی مردووە، باوکی خۆی تەرخان کردووە بە فێرکردنی خوێندنەوەو نووسینیەوە، هەر لە منداڵییەوە ڕایهێنا لەسەر خوێندنەوەی ئەدەبو فەلسەفەو مێژوو، واتە ئەو شتانەی کە بەشدارییان کرد لە ڕۆشنبیرییە زوو وەختەکەیدا.

سەربارى ئەوەی لە زۆرێك لە پیشە دەستییە سادەکاندا کاری کردووە بەڵام شەیدای خوێندنەوەی کتێبی گەورە نووسەرانو دانەران بووە.

جنێفی جێهێشتووەو لەگەڵیشیدا وازی لە پرۆتستانتی هێناوە کە ڕێبازی باب‌و باپیرانی بووە، وەك گەشتیارو ئاوارەیەك هەموو شوێنەکانی ئەورووپا گەڕاوە، چەشنی ئەو فەیلەسوفە کۆنانەی گریك کە پێیان دەوترا (ئەوانەی بەپێ دەڕۆن) زۆربەی ماوەکانی بەپێ دەبڕی.

بەپێ لە جنێفەوە بەناو سافۆیداو لە ڕێی چیای ئەلبەوە چوو بۆ تۆرینو لە وێشەوە چوو بۆ فەرەنسا.

عاشقی سروشت بوو، هەستی بە نەشوەیەکی سۆفیانە دەکرد کاتێك کە لە ئامێزی سروشتدا بوو، بۆیە دیمەنی کێو و دارستان و دەریاچە جوانەکانی ئەو شوێنانە بیروبۆچوونەکانی ساف دەکردو لەگەڵ ماکە ڕۆمانسییەکەیدا دەگونجا کە حەزی لە نوقمبوون بوو لە نێو خەون و دەزووی بۆ خەیاڵو بیرەکانی ڕەها کرد و هەموو ئەمانەش لە کارە فەلسەفییەکانی یان لە ڕۆمانەکانیدا دەرکەوتن.

نووسینەکانی ڕۆسۆ پاکو بێگەردو سۆفیزمانەن، ئەو بانگەشە بۆ ڕۆشنگەرییەکی هاوسەنگ دەکات کە جەستەو ڕۆح، سۆزو ئەقڵیش لەبەرچاو بگیرێن، دوایین ئامانجیشی بریتییە لە برایەتیو یەکسانی لەنێوان مرۆڤەکاندا.

ساڵی ١٧٢٨ کە لەو کاتەدا تەمەنی شازدە ساڵێك بوو، لە بێ نەواو سەرپەنا کێڵگەکاندا زەوی ڕادەخستو ئاسمانی دەدا بەخۆیداو دەنووست، بەڵام لەسەر ڕاسپاردەی باوکە (یونیڤەر) خاتوونێکی چاکەخواز بەناوی (مەدام دی وارانس) هەستا بە پەنادانیو چاکەی لەگەڵ کرد، ئەم خاتوونە کاسۆلیکی بوو بەڵام لە ژێر کاریگەری ئەو شاڵاوەدا ببوە پرۆتستانتی کە پاشای سەردینیا بەدانی موچەیەك بەمەبەستی گۆڕینی خەڵکی لە کاسۆلیکییەوە بۆ پرۆتستانتی پێشڕەوی دەکرد. ڕۆسۆ پەیوەندی کرد بە قوتابخانەیەکی ئەکلیرکییەوە بەڵام ئەمە زۆر بەردەوام نەبوو دیسان گەڕایەوە سەر ژیانی گەڕیدەییو ئاوارەییو زۆر کارو پیشەی کرد، بۆ نمونە کارکردن لە تیپی مۆسیقا، کۆپیکردنی پارچە مۆسیقییەکان، کارکردن لە فەرمانگەی ڕوپێوی، کارکردن وەك مامۆستای تایبەتی لە شاری لیۆن، کارکردن وەك سکرتێر لای باڵوێزی فەرەنسا لە شاری ڤینیسیاو.. هتد. لە ماوەی هەموو ئەو کارو پیشانەدا بە هەموو هێزو پاڵنەرێکەوە لە خوێندنەوەو بەدواداچوونو خوێندنی زانست بەردەوام دەبێت دانابڕێت.

ڕۆسۆ ساڵی ١٧٤١ گواستییەوە بۆ پاریس، پەیوەندی کرد بە ناوەندە ئەدەبیو فکرییەکانەوە، بەچەشنێك کە لە چالاکیو نەدوەو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو فەلسەفییەکاندا بەشداری کرد.

خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی ڕۆسۆدا ئەو کاتە بوو کە ئەکادیمیای دیجۆنی فەرەنسی پێشبڕکێیەکی ڕاگەیاند کە خەڵات دەدرێت بە باشترین وتار سەبارەت بە گەشەپێدانی چالاکی

لە زانستو هونەرەکانو ڕۆڵی ئەم گەشەپێدانە لە ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ڕەوشتیدا، ڕۆسۆ لە ساڵی ١٧٥٠دا بە وتارێك لە ژێر ناوی (توێژینەوەیەکی زانستی لە زانستو هونەرەکاندا) بەشداری لەم پێشبڕکێیەدا کرد. ئەو سەرکەوتنەی کە وتارەکە لە پێشبڕکێکەدا بەدەستی هێنا سەرەتای ڕاستەقینەی ئەو شکۆ ئەدەبیو زانستییە بوو کە کارەکانی دواتری ڕۆسۆ پێی دروشانەوە کە دەرگای ناوبانگێکی پانوپۆڕی لەبەردەمدا کردەوە.

ئەم وتارە وەك سەرەتایەك وابوو بۆ پڕۆژە پەروەردەییەکەی ڕۆسۆ. ئامانج لە پەروەردەی هاوڵاتی لای ڕۆسۆ بەدەستهێنانی ئازادیو چاکە بوو پێکەوە، لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم دوو بەرهەمەشدا دەبێت هەر لە سەرەتاوەو لە منداڵییەوە چاودێری پەروەردە بکرێت، تا منداڵەکە دەبێت بە پیاو، پیاو مرۆڤ و هاوڵاتیشە پێکەوە، پەروەردە سیاسەت هاوڵاتییان پێکەوە دروست دەکات، لەبەرئەوەی هەموو هاوڵاتییەك سیاسیشە. نیشتمانپەروەرییەك بەبێ بوونی ئازادی، ئازادییەك بەبێ بوونی چاکە، بوونی نییە.

ڕۆسۆ لای کەسانی دیکە وەك کەسێکی ئەتوار سەیر و دەرچوو لە چوارچێوەو لە نەریتە کۆمەڵایەتییەکان چاو لێ دەکرا، بۆیە لەگەڵ هەمووماندا جیاوازو ناتەبا بوو، لە ناوێشیاندا فەیلەسوفان. سەبارەت بە مەسحییە بونیاتگەراکانیش ئەوا شاڵاوێکی بەربڵاویان کردە سەریو بە کافریان دایە قەڵەمو ئیدانەی بیروراکانیان کردو بەمەترسییەکی گەورە بۆ سەر لاوانیان دایە قەڵەم، دایاننا بە دەرچوون لە داب و نەریتی باو، بۆیە ڕۆسۆ کە لەگەڵ بیروبۆچوونی باوی سەردەمەکەیدا دابڕینی چێ کرد باجێکی گرانی ئەمەی دا، بەوەی کە کۆنسیرڤاتیستەکان (پاریزگارەکان) دژایەتییان کردو دایانبڕیو گەمارۆیاندا.

بەڵام هەموو ئەم شتانە نەبوونە ڕێگر لەوەی کە ببێتە ویژدانی سەردەمەکەیو ڕۆشنکەرەوەی فیکری سەردەمەکەی.

کاتێك ڕۆسۆ بە شەقامەکانی پاریسدا دەڕۆیشت شەقامەکە پڕ دەبوو لەو مرۆڤە فزولیانەی کە ئارەزووی بینینی ئەو پیاوەیان دەکرد کە خەڵکی بەخۆیە سەرقاڵ کرد بوو، ئەو پیاوەی دیاردەیەکی بێپێشینەی وای دەنواند کە بۆ یەکەمجار لە سەدەی هەژدەی سەرەتای سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەرکەوت کە (ڕۆشنبیر)ی علمانی شوێنی (ڕۆشنبیر)ی تەقلیدیو پیاوانی کڵێسای گرتەوەو بووە سەرکردەیەکی نوێ بۆ ئەقڵو ئاوەزو ویژدانی خەڵکەکە.

ڕۆسۆ زۆر کتێبی لە بوارەکانی ئەدەبو فەلسەفەو بیری سیاسیدا نووسیوە، بەڵام

گرنگترینییان ئەم کتێبانەن:

١. نا یەکسانی لە نێوان خەڵکدا ١٧٥٥ زایینی
٢. هیلویزی نوێ ١٧٦١زایینی.
٣. گرێبەستی کۆمەڵایەتی ١٧٦٢ی زایینی.
٤. ئەمیل ١٧٦٢ی زایینی.
٥. دانپێدانانەکان ١٧٦٢ی زایینی.

ڕۆسۆ هیچ کاتێك بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك نەکردۆتەوە کە لەسەر یەکسانی ڕەها ڕاوەستا بێت، بەڵام ویستی ئەو کەشی لێکدژیو ناکۆکییانەی کە لە نێوان مرۆڤەکاندا هەیە کەم بکاتەوەو وەلایان بنێت، هەروەها ئەو هەوڵ دەدات ئەو کەلێنەی کە لە نێوان خەڵکی زۆر هەژارو زۆر دەوڵەمەنددا هەیە بهێنێتەوە یەك، لەبەرئەوەی ئەمە گەلی زیاتر یەکگرتووتر دەکرد، کە ئەمەش یەکگرتووی دەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنا، بە چەشنێك کە نابێت دەوڵەمەندی بێسنوورو هەژاری زۆریش هەبێت، پێویستە هەموو ئەم شتانەش بە هێزی یاسادانان بچەسپێنرێت.

لە کتێبەکەیدا (هیلویزی نوێ) کە تێکەڵێکە لە ڕۆمانی ڕۆمانسیو فەلسەفەی پەروەردەیی، ڕۆسۆ تیری ڕەخنەی ئاراستەی ئەو بنەما ڕەوشتییە ساختانە دەکات کە لەو سەروەختەدا لەناو کۆمەڵگەدا باو بوون، بەچەشنێکی شاعیرانە تیوار تیوار وێنەی پەیوەندییە مرۆییەکان دەکێشێتو هێرش دەکاتە سەر دڵرەقی کۆمەڵگەو دڵرەقیی نەریتە وشکهەڵاتووەکانی کە هەستو نەست دەکوژنو هانی ساختەییو خۆدەرخستنیان دەدا.

ڕۆسۆ، لە ڕۆمانە دووردرێژەکەیدا (ئەمیل) کە ڕۆمانێکە لەسەر پەروەدەو دەروونناسی دەڵێت: پێویستە منداڵان بە لێکحاڵی بوونەوە فێربکرێن، پێویستە مامۆستا وەڵامدەرەوەی بایەخو ئارەزووەکانی منداڵ بێت، نابێت بە هیچ جۆرێكو لە هیچ بارودۆخێکدا منداڵ ملکەچی سزای توند بکرێت، هەروەها پێویستە منداڵ ناچار نەکرێن وانەگەلێکی وەرسکەر بخوێنن. ڕۆسۆ پێیوایە خەڵکی بە سروشتی خۆیان بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتی نین، بەڵکو ئەوانەیان کە لەسەر فیترەت دەژین دڵناسکنو هیچ پاڵنەرێك یان هێزێکی ناوخۆییان نییە پاڵیان پێوە

بنێت ئازاری کەسانی دیکە بدەن، ئەوە کۆمەڵگەیە کە لەڕێی خستنەڕوی ئەوەی هەیانە لە شەڕانگێزیو خۆپەرستییەوە تاکەکان گەن دەکات.

بەڵام کتێبی (دانپێدانانەکان) سەرکەوتنێکی گەورە بوو لە ئەدەبی سیرەی زاتیدا. بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی قەدیس ئۆگەستینەوە نووسەر بەم ئازایەتیو ڕاشکاوییەوە باسی خۆی دەکاتو شتە شاراوەکانی خۆیمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە ڕوونیو تیواری لە هەستو نەستی ناخی خۆی دەدوێ، دەبێتە نمونەیەك بۆ کەسانی دیکە لە پاکیو ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆیو لەگەڵ کەسانی دیکەش، بەبێ ماسكو ڕتووشو خۆڕازاندنەوەی ساختە. ڕۆسۆ لە کتێبی دانپیانانەکاندا بە ویژدانیکی کراوە باسی ژیانی کەسیی خۆی و ڕابردووی خۆی و زانیارییەکانی خۆی دەکات، وەك ئەوەی نموونەی ئازایەتی و سەرراستی بۆ ئەوانی دیکە بهێنێتەوە. ڕۆسۆ لەسەرەتای دانپیانانەکاندا دەڵێت: ئەو بە کارێك هەڵدەستێت کە پێشتر کەسی تر نەیکردووەو کەسیش دوای ئەو ناتوانێت بیکات، (ئارەزوو دەکەم بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە وێنەی خۆم بکێشم، من تەنها هەستو نەستو نهێنییەکانی دڵم دەزانمو کردارە باشەکانی خۆمم بیر نەچووەو هیچ چاکەیەکیشم زیاد نەکردووە ئەگەر بەڕاستی خۆی بوونی نەبووبێت).

بەڵام ڕۆسۆ لە کتێبی (گرێبەستی کۆمەڵایەتی)دا کە دادەنرێت بە نیشانەیەکی دیار لە مێژووی زانستە سیاسییەکاندا، ئەو بیرانەی خۆی تێدا خستۆتەڕوو کە پەیوەستن بە فەرمانڕەوایەتیو مافی هاوڵاتیانەوە. گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئارەزوویەکە بۆ یەکێتی جەستەی کۆمەڵایەتیو پاشکۆکردنی بەرژەوەندیی تاکی بۆ ویستی گشتی. گرێبەستی کۆمەڵایەتی گرێبەستێك نییە لەنێوان تاکەکاندا، هەروەها گرێبەستێکیش نییە لە نێوان تاکەکانو دەسەڵاتدا، بەڵکو بریتییە لەوەی کە هەر تاکێك لەگەڵ کۆدا یەك دەگرێتو دەبنە یەك. گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمەڵێکدا بەستراوە. هەر یەکێك خۆیو هەموو تواناکانی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ویستی گشتییەوە. سەروەریی گەل باشترین گرەنتی مافە تاکییەکانە. مرۆڤ بە پەیڕەوی کردن لە یاساکان ئازادیی خۆی بەدەست دەهێنێت. گەلی ئازادیش گوێڕایەڵە بەڵام نەك بۆ مرۆڤ بەڵکو گوێڕاڵی لە یاساکان دەکات. گەلی ئازاد سەردارو سەروەری نییە. لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییدا، ڕۆسۆ پێشنیاری ئایینێکی مەدەنی دەکات کە دەڵێت ئەو ئایینە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی کۆمەڵایەتی.

ساڵی ١٧٧٨ تەندروستیی ڕۆسۆ بەهۆی کاریگەرییەکانی نەخۆشی هەوکردنی سپڵەوە خراپ بووو کە بەدرێژایی تەمەنی بەدەستییەوە دەیناڵاند و کۆچی دوایی کرد.

لەدوای شۆڕشی فەرەنسی حکومەتی شۆڕش لە ساڵی ١٧٩٤دا بڕیاریدا هێسكوپروسكی ڕۆسۆ بگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستانی مەزنە پیاوان لە پانتیۆن، کە لە کەرنەڤاڵێکی شکۆداردا بەخاکیان سپارد.

## ٧. ئیمانۆئیل کانت :

**لەدوای فەترەی** هەژموونی ڕەهای دەسەڵاتی کڵێسا بەسەر ژیان لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستو باڵادەستی پیاوانی کەهەنوت و زانستی لاهووت بەسەر ژیانی فیکری تێیدا، شەپۆلێك لە پەرچەکرداری دژ بەو هەژموونە تاوی سەند و بانگەشەی ئازادکردنی ئەقڵوبەخشینی ئەو پێگەیەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی خورافاتو ئەفسانەکاندا شایستەیەتی بەرز بووەوە، هەر لە فرانسیس بیکۆن (١٦٣٢-١٦٧٧)ەوە تا فەیلەسوف سپینۆزا کە وتی (تەنها زانست هێزو ئازادییە هیچ چاکەیەك نییە و نابێت تەنها بە ئەقڵ نەبێت). بەڵام ئەم شۆڕشە فکرییەو زیادەڕۆیی لە پیاهەڵدانی ئەقڵدا بووە هۆی ئەوەی کە ئەقڵی ڕووبەڕووی ئایین کردەوە، هەندێك ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئەقڵ بەسەر ئاییندا سەرکەوتووەو ئەقڵ تەنها باوەڕی بەشتی بەرهەستو دەستلێدراو شتگەلێك هەیە کە ملکەچی ئەزموونکردنە، جا لەبەرئەوەی میتافیزیکا بەرهەستو دەست لێدراو نییەو ناکرێت پێی ئەزموون بکرێت ئەوا ناتوانرێت باوەڕی پێ بهێنرێت.

کانت هەستا بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی پەیوەندیی نێوان ئایینو ئەقڵ. بانگەشەی کرد بۆ ئەزموونکردنی لێوەشاوەیی ئەقڵ کە خۆی کردۆتە فەرمانڕەوا بەسەر لێوەشاوەیی ئایینەوە. ئایا ئەقڵ خاڵیو بەرییە لە هەڵە؟ ئایا ئەم ئەقڵە دەست ئەدات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ئایینەی کە ملیۆنان خەڵك بە درێژایی ملیۆنان ساڵ باوەڕیان پێ هێناوە؟ بەم شێوەیە کانت هاتو ئەقڵی لە قەفەزی تۆمەتباریدا توند کردو لە ڕێی کتێبە بەناوبانگەکەیەوە (ڕەخنە لە ئەقڵی پەتی) دادگایی ئەقڵی کرد.

ئیمانۆئیل کانت ساڵی ١٧٢٤ لە کۆنسبێر لە پروسیا لە خێزانێکی هەژاری بە بنەچە سکۆتلەندی لەدایکبووە. دایکی زۆر بەتوندی دەستی گرتبووبە لقو پۆپەکانی ئایینەوەو سرووتە ئایینیەکانی بەشێوەیەکی سەرووتر لەوەی کە خەڵکەکە پێی ئاشنا بوون ساز دەدا، بەڵام کاتێ کانت لە خەم ڕەخسی ئەم توندڕەوییە ئایینیەی دایکی دەبێتە مایەی پەرچە کردارێکی پێچەوانە لای ئەم و ئیدی لە کڵێسا دوور کەوتەوەو زانستی لاهووتی بە ناڕاست دایە قەڵەم.

کانت قۆناغی لاوێتیی خۆی لە سەردەمی فرەدریکی پادشای گەورەی پروسیا ژیاوە، ئەو سەردەمەی ئازادیی فکریو لێکبووردنی ئایینی بەخۆوە دەبینی، بە چەشنێك کە لە ژێر کاریگەری فەیلەسوفە فەرەنسییەکانی چەشنی ڤۆڵتێر و ژان ژاك ڕۆسۆو دێنیس دیدرۆی خاوەنی ئینسایکلۆپیدیای بەناوبانگی (ئینسایکلۆپیدیای فەلسەفی)، بیروبۆچوونگەلێکی ئازادیخوازانە لە ئەورووپادا هەڵیکرد. بۆیە کانت ئەو بیرانەی وەرگرت کە بانگەشەیان دەکرد بۆ ئازادی فکریو ئازاد بوون لە چاودێریی بیری لاهووتیی خۆبەشتزان کە ڕێگری لە بیرکردنەوەی ئازادانە دەکاتو هەڵدەستێت بە ڕێگرتن لە ئەقڵو بیر. لە ساڵی ١٧٥٥دا کانت وەك وانەبێژێکی تایبەتی لە زانکۆی کۆنسبێرگ دەستی بە کارکردن کرد، تا پازدە ساڵ دوای ئەوە لەو پایەیەدا مایەوە تا ساڵی ١٧٧٠ وەکو مامۆستای لۆژیكو میتافیزیکا دامەزرا.

کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە ئەم مامۆستا زۆر نەناسراوە لە دەرەوەی دیوارەکانی زانکۆ سیستمێکی نوێ بۆ میتافیزیکا دابهێنێت، کە کاریگەرییەکی وەها گەورەی لە ئەورووپادا هەبێتو ڕاوەشاندنێکی وەها قایم ڕایچڵەکێنێت.

کانت سەبارەت بە میتافیزیکا وتویە بریتییە لە ئۆقیانووسێکی تاریك کە کەنار و چراوگی نیە تا لەبەر ڕوناکییەکەیدا بەرەو پێشەوە ڕێ بکات، بەهۆی شەپۆلەکانییەوە پاشماوەی زۆر کەشتیی فەلسەفی دیکە لە قوڵاییەکەیدا تەخشانو پەخشان بووە.

ئەم فەیلەسوفە بەژن بچووکە کە باڵای لە پێنج پێ بەرزتر نەبوو میانگیر وگۆشەگیر بوو. کانت بەدرێژایی ژیانی چ لە کار و چ لە کاتی پشووداندا بەتوندی پابەندی سیستمو وردەکاری بووە. بەیانیان هەڵدەستاو قاوەیەکی دەخواردەوەو ئینجا نووسینو پاشان موحازەرەو ئینجا قاوەڵتی، پاشان لە ماڵ چوونە دەرەوەو پیاسە، کاتێك ئەمانۆئیل بەخۆی و قاپووتە خۆڵەمێشیو گۆچانەکەی دەستییەوە لەناو دەرگای ماڵەکەیدا دەردەکەوت و بەرەو باخچە

عەبدولڕەحمان کتێب

نزیکەکەی ماڵیان بەڕێدەکەوت دراوسێکان دەیانزانی کە سەعات بووە بە چوارو نیوی تەواو.

کانتی فەیلەسوف بێ جورم بوو، کە ئەمەش ناچاری کرد بوو بۆ پاراستنی خۆی زۆر پارێز بکات، لەو باوەڕەدا بوو کە خۆپاراستن لە چارەسەرکردن چاکترە، بۆیە هەشتا ساڵ ژیا. هەرگیز ژنی نەهێناو بەدرێژایی ژیانی هەروا بە ڕەبەنی مایەوە و خۆی تەرخان کرد بۆ کارە زانستیو فەلسەفییەکانی و لەو باوەڕەدا بوو کە ژنهێنان دەبێتە ڕێگری تەواو لەبەردەم گەڕانیدا بەدوای هەقیقەتدا.

کارەکانی کانت بابەتگەلێکی زۆر هەمەچەشنیان دەگرتە خۆیان، هەر لە تیۆرییەکەی لەبارەی دروستبوونی گـەردوونو فەلسەفەکەی لەبارەی ڕەخنەی ئەقڵ تا دەگاتە فەلسەفەکەی دەربارەی ڕەخنەی فەرمانڕەوایەتی. کانت شۆڕشێکی فەلسەفی هێنایە گۆڕێ، ئەمەش لەبری ئەوەی هەوڵ بدات لەسەر بناغەی ئەزموونکرد وەك فەلسەفەی ئینگلیزی دەیوت چەمکە ئەقڵییەکان ڕاڤە بکات دەستی کرد بە ڕاڤەکردنی ئەزموونەکە لەسەر بنچینەی چەمکە ئەقڵییەکان بە چەشنێك کە هاوسەنگی لەنێوان هەڵوێستی توندڕەوانە بۆ ئەزموونگەرایی ئینگلیزی لە لایەکو لە نێوان ئەو بنەما تیۆرییانەی کە ڕێبازی ئەقڵی دیکارتدا وتویەتی لەلایەکی دیکەوە.

کانت لە کتێبەکەی (ڕەخنەکردنی ئەقڵی پەتی)دا دەڵێت: ئەزموون تاکە مەیدان نییە کە تێگەیشتنمان دیاری بکات، لەبەرئەوە ئەزموون هەقیقەتە گشتییەکان پێشکەش ناکات بەڵکو ئەقڵمان ئەوروژێنێ لەبری ئەوەی ڕازی بکاتو قنیاتی پێ بکات. بۆ نموونە ئەو زانیارییەی کە ماتماتیك پێشکەشی دەکات جەختلێکراوە تەنانەت بەر لەوەی ئەزموونیش بکرێت. ئەقڵی مرۆڤ بۆردێکی وشکهەڵهاتووی لە مۆم دروستکراو نییە کە هەستو نەستەکانی لەسەر بنووسرێت، ئەندامێکی چالاکە و هەستەکان قاڵبرێژ دەکاتو دەیگۆڕێت بۆ بیرگەلێك، تاقیکردنەوە زۆر و ناڕێکخراوەکان دەگۆڕێت بۆ یەکێتییەك لە بیری ڕێکخراو.

کانت، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە (وانەوتنەوە) کە ماوەیەك لە پاش کارکردنی لە زانکۆ داینا، بە بەرئەنجامێکەوە دەرچوو کە پێویستە مامۆستا بەشێکی زۆری بایەخو گرنگییەکانی خۆی ئاراستەی ئەو خوێندکارانە بکات کە خاوەنی توانایەکی مامناوەندین، چونکە بایەپێدانو یارمەتیدانی خوێندکارە گێلەکان هیچ سوودێکی نییە، بلیمەتو هەڵکەوتووەکانیشیان پێویستیان بە یارمەتی کەسانی دیکە نییە.



هەولێرنامەی کتێب

کانت دەڵێت لە پرۆسەی گۆڕینی مادەی خاوی هەستو نەست بۆ بەرهەمهێنانی فکرێکی تەواو، دوو قۆناغ هەیە. قۆناغی یەکەم: بریتییە لە هاوئاهەنگیی ئەو هەستانەی کە لە دەرەوە هاتوونو زیادکردنی قاڵبی پەیبردنی هەستیو پراکتیسکردن بەسەریدا، دووەمیشیان: هاوئاهەنگیی پەیبەرە هەستییە پەرەسەندووەکان تا پەیبەرە ئەقڵییەکانی لێدەرچێت. هەستەکان هیچ نین جگە لە هۆشیارییەك بۆ پاڵنان یان هاندان زیاتر، ئەم کاریگەرییە هەستییە بریتییە لەو ماتریاڵەی کە ئەزموونەکە پێی دەست پێ دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی پەیبردنی ئەو شتەو بەمەش هەستەکان دەگۆڕێن بۆ پەیبردنەکان، واتە دەگۆڕێن بۆ زانیاری.

ناکۆکی ئەو چوورتمە لە چارەسەرکردن نەهاتووەیە کە بەهۆی هەوڵدانی زانست تا بۆری ئەزموون بداتەوە دروستبووە، بۆ نموونە کاتێك ئەقڵ هەوڵ دەدات بڕیار بدات کە ئایا جیهان سنوردارە یان بێکۆتاییە دەکەوێتە ناکۆکییەوە.

ئێمە وەبارهێنراوین بۆ ئەو وێنایەی کە لە پشت هەر سنوورێك لە سنوورەکانەوە شتێکی دوورتر هەیە و بەم شێوەیە تا کۆتایی. لەگەڵ ئەوەشدا بێکۆتایی خۆی لەخۆیدا ناکرێت پەی پێ ببردرێت. ئێمە ناتوانین ئەزەلیەت وێنا بکەین کە خاڵی سەرەتای نیە، بەڵام ناتوانین لە هەمان کاتدا کە هەر چرکەیەکی ڕابوردوو وێنا بکەینو ناوی بنێین دەستپێکی زەمەن کە چارێکمان نابێت مەگەر وا وێنا بکەین کە بەر لەو چرکەی یەکەمە شتێك هەبووە. پاشان گەر لە ئەقڵ بپرسیت ئایا جیهان هۆیەکی یەکەمینی هەیە کە لێیەوە دروست بووە ئەقڵ بەبەڵێ و بە نەخێر پێکەوە وەڵام دەداتەوە.

بەڵێ لەبەرئەوەی ناتوانێت زنجیرەی لەکۆتانەهاتووی هۆکان وێنا بکات، بەنەخێریش لەبەرئەوەی ناکرێت وێنای هۆی یەکەم بکات کە ئەویش هۆیەکی نەبێ. هەروەها لاهووت دەکەوێتە هەڵەو چەندین کێشەوە، لەبەرئەوەی بە ئەقڵی تیۆری کاروباری نابەرهەست دەسەلمێنێت، شێوازەکانی ئەقڵی تیۆری دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەی ئەزموونە هەستییەکان، ناکرێت پەیبردنە ئەقڵیەکان بەسەر جیهانی گومانو بۆچووندا جێبەجێبکرێن . بەم شێوەیە ناکرێت بە ئەقڵی تیۆری ڕاستو دروستی میتافیزکا بسەلمێنرێت.

کانت لەکتێبەکەیدا سەبارەت بە ئایین دەڵێت کە بەهای کڵێسەو باوەڕەکان هێندەی ئەو هاریکاریکردنەیە کە ڕەگەزی مرۆیی بۆ پەرەسەندنو پێشکەوتنی ڕەوشتی کردوێتی،

بەلاّم ئەگەر ئایین گۆڕا بۆ کۆمەڵە ڕێوڕەسمو کەشو سرووتێکی ڕواڵەتی و خەڵکی دایاننا بە پێوەرێك کە چاکەی پێ بپێورێت و پێیان باشتر بێت لە لایەنە ڕەوشتیەکە، ئەوا ئەمە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ئایین دەبێت.

ساڵی ١٧٨٤ لە ژێر ناونیشانی (بنەمای سروشتیی سیستمی سیاسی) شرۆڤەیەکی کورتی بۆ تیۆرە سیاسییەکەی بلاّو کردەوە، لەم توێژینەوەیەدا دانی نا بە گرنگیی ناکۆکی نێوان تاکو کۆمەڵگەو وتویە کە بۆ یارمەتیدانی مانەوەی مرۆڤ و پەرەسەندنی دەبێت ئاوێتەیەك لە نەزعەی فەردیو کێبڕکێ هەبێت، دەشڵێت پێویستە سوپاسی سروشت بکەین لەبەر ئەو کێبڕکێو نەزعە فەردییەی کە پێی بەخشیووین، کە لە مانەوەی مرۆڤ و پەرەسەندنیاندا یارمەتی داون، کە بووە بە هۆی بەجۆشهێنانی گیانی ئیرەییو ستەمو تموح، لەبەرئەوەی سروشت ئەو لێك دوور کەوتنەوەو ناکۆکی دووبەرەکی و دوژمنایەتییەی دەوێت کە مرۆڤ ناچار دەکەن هێزی خۆی هەڵخرێنێتو بە شێوەیەکی بەردەوام پەرە بە بەهرە و تواناکانی بدات.

وتارەکەی کانت سەبارەت بە (ئاشتی هەمیشەیی) لەمێژووی فکری سیاسی جیهانیدا زۆر بەگرنگ دادەنرێت. کانت لەو وتارەیدا بانگەوازی کردووە بۆ دامەزراندنی ئاشتییەکی هەمیشەیی لە جیهاندا و لەنێوان گەلاندا، ئەویش بە تەسریحکردنو هەڵوەشاندنەوەی ئەو سوپایانەی کە هەن، لەبەرئەوەی ئەم سوپایانە بە یەکتر کوشتنی خەڵك وزەی ئابووری گەلان بە هەدەر دەدەن، دەڵێت سوپاکان کێبڕکێی نێوان دەوڵەتان دەوروژێنن و پاڵیان پێوە دەنێن کە ژمارەی سەربازەکانیان زیاد بکەن، کە لە ئاستێکدا ناوەستێتو بۆ دەستدرێژیکردنە سەر یان داگیرکردنی وڵاتانی تر بەکاردەهێنرێت، لە هەموو بارەکاندا دەستدرێژکارو دەستدرێژی لێکراو شەکەت دەکەن ئەویش بەمەساریفو خەرجی زۆر و لەدەستدانی گیانی خەڵك و زیاتر بوونی کلۆڵییەکانیان.

سەرچاوە:

فلاسفه عصر التنویر فی اوربا، عبد الجبار مندیل، موقع حوار المتمدن.



دیدار

هەواڵنامەی کتێب

# له بارەی پەیوەندی نێوان کورد و ئیسلامەوە

**گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆشنبیری ناسراو( د. سەربەست نەبی )**

سازدان و وەرگێرانی گفتوگۆ: ئومێد قەرەداغی

+ بێگومان جەدەلێکی فراوان سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کورد و ئیسلام لە ئارادایە، هەندێك لە رۆشنبیرانی ئیسلامی پێیانوایە گەلی کورد بە هەموو خۆشحاڵییەکەوە و دوو لە هەموو فشار و توندوتیژییەك پێشوازی لە ئیسلام کردوە، ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی عەلمانیش پێیانوایە ئیسلام بەشێکە لە ئایدۆلۆژیای داگیرکردن و بە زەبری شمشێر سەپاوە بەسەر کورداو خواست و ئیرادەی نەتەوەیی کوردی تێکشکاندوە، لەم نێوەندەدا ئێوە راتان چییە؟ چۆن ئەڕوانیتە ئەو گفتوگۆیانەی لەم بارەیەوە ئەکرێن؟

– ئەم پرسیارە پرسیارێکی دوو لایەنەیە و رەهەندی جیاوازی هەیە،لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە ،لێکۆڵینەوەیە لە ئیسلام لە روانگەیەکی مێژووییەوە ، وە لێکۆڵینەوەیە لە رادەی کارلێکی ژیاری و کۆمەلایەتی و کەلتووری لەگەڵ یەکتر، ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەت بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکەت ئەدەمەوە، ئەوەی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا هاتوە باس لەوە ئەکات کە وەرگرتنی ئیسلام لە لایەن کوردەوە، یان بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچە کوردییەکاندا بەشێوەیەکی زۆر ئاسان و بێ بەرگریکردنی کورد بوە، ئەم قسەیە چ لە لایەن مێژوونووسە ئیسلامییەکانەوە بوترێت یان لە لایەن نووسەرە هاوچەرخەکانەوە بووترێت، یان لەلایەن هەندێ لە مێژوو نووسە ناسراوەکانی کوردەوە وەك عەلامە محمد ئەمین زەگی بەگەوە بووترێت دەستەبەسەراگرتنێکی ئایدۆلۆژییە، ئەم دەستەبەسەراگرتنە ئایدۆلۆژییەش هاوتایە لەگەڵ ئەو تێزە کە پێیوایە کورد پێشوازی لە ئیسلام کردوە و بە بێ گرفت فتوحاتی ئیسلامی بەرێوە چوە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە مێژوییە رەسەنەکان ئەوە ئاشکرا ئەبێت کە ئەو گوتەیە پێچەوانەی هەقیقەتە، پێچەوانەی واقعی مێژوییە، لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەو گوتەیە کۆتایی هاتو هەڵگەڕانەوەی مێژووی عەرەبییە، ئەو گوتەیەی ئەڵێت کورد بە بێ هیچ رێگرییەك و بەبێ شمشێر پێشوازی لە ئیسلام کردوە گوتەیەکە یەکسانە بەوەی کە عەرەب لە جاهیلییەتدا ژیاوە، لەم پێناوەشدا ئیسلام کە ئاینێکی میهرەبانە و هاتوە لایەنە تاریکەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئەخلاقی رووناك بکاتەوە ، بۆ کوردەکانیش هەمان حاڵەت هەیە و کوردەکان بە بێ شمشێر پێشوازی لە ئیسلام کردوە وەك ئەوەی وەحی بۆ کورد هاتبێت کە لە

فەراغێکی روحیو  دارووخانی ئەخلاقی و رۆشنبیری  بژی و پێویستە چاوەڕوانی ئەو ئایینە نوێییە بکات هەتاوەکو رزگاری بێت و بگاتە یەقین ، بەڵام واقعی مێژوویی بەو شێوەیە نییە، پێویستە ئەوە بزانین ئەو ئیسلامەی  لەو دۆخە مێژووییەدا هەبوە، ئەو ئیسلامە نەبوە کە ئێستا هەیە لە رووی ئەو  گوتارە لاهووتییەی کە ئێستا هەیەتی و لە سەردەمەکانی دواتردا پەرەپێدرا، لە رووی ئەو فەلسەفە و دنیا بینییەی چەندین سەدەی دوای تێپەربوونی فتوحاتی ئیسلامی بەدەستی هێنا،بەڵکو ئیسلام لەو کاتەدا ئایینێکی بیابانی زۆر سادە بووە، جەنگاوەرە مسوڵمانە دێرینەکان جگە لە هەندێك ئایەت و فەرمودەی متەواتر شتێکی ئەوتۆیان لە بارەی ئیسلامەوە نەزانیوە، پاشان روویانکردۆتە ناوچەی دۆڵی دووڕووبارو شامو ناوچەکانی کوردستان بۆ داگیرکردن و پاڵنەری سەرەکییش بۆ ئەم کارە پاڵنەری ئابووری بوە و، بە پاڵنەری ئابووریوجوگراف و کۆمەڵایەتی رووت بوەو هیچ پاڵنەرێکی موقەددەس لە ئارادا نەبوە، بۆیە کورد و هەموو نەتەوەکانی ناوچەکە زور بە توندی بەرەنگاری رەوتی  فراوانخوازی ئیسلام بوونەوە، ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش بە ئامانجی جیاواز ئەنجامدراوە، کە هەیانە هۆکاری مادییە و هەیانە هۆکاری رۆشنبیرییە، واقیعی مێژوویی پێمان دەڵێت کوردەکان لەو کاتەدا خاوەن بیروباوەرێکی پێشکەوتوو گەشەسەندوو بوون، ئامادەیی ئەوەیان تێدا بوە کە قوتابخانەی فیکری و فەلسەفی و لاهوتیان لەسەر بینا بکرێت، ئەو ئایینانەی لە بیلاد رافیدەین بڵاو بوون ئایینگەلێك بوون لە پلەیەکی باڵای گەشەکردن و ئاڵۆزیدا بوون،بەتایبەت لە بونیادە میتافیزیکیەکەیەوە،لەو کاتەدا ئیسلام نەیئەتوانی لەرووی بونیادی گوتاری لاهووتییەوە بگات بە هەمان ئاست، ئیسلام لەگەڵ سەرهەڵدانیدا راستەوخۆ نەگەیشتۆتە کوردستان،بەڵکو هەندێك لە سەرچاوەکان پێیانوایە سەدەی چوارەمی زاییندا گەیشتۆتە کوردستان، لەلایەکی دیکەوە کوردەکان نەهاتوونەتە نێو ئیسلام مەگەر بە زەبری شمشێر،لەم روانگەیەشەوە ژمارەیەکی زۆر جەنگی قورسو بەرەنگاری رویداوە لەلایەن هۆزە کوردییەکانەوە ، لەلایەن چەکدارە کوردەکانەوە، لەلایەکی ترەوە وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد هۆکاری راستەقینەی لایەنی هێرشبەر هۆکارێکی ئایینی نەبووە، بە پاڵنەری ئایینی ئەنجامنەدراوە، ئەمەش وەك هۆکارەکانی جەنگی سەلیبییەت، خاچپەرستەکان بە پاڵنەری ئایینی و بە مەبەستی ئایینی رووبان نەکردە ناوچە پیرۆزەکانی خاکی فەلەستین، ئەوان نەهاتن بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆز، بەڵکو پێویستییە ئابوورییەکانی ئەوروپا

پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی سوپا پێکبهێن و رووبکەنە فەلەستین بۆ جەنگ، وە بە هەمان شێوە فتوحاتی ئیسلامیش فتوحاتێکی سیاسی و سەربازی بوە فاکتەر و پێویستی ئابووری پاڵنەر بوە.

+ ئایا ئەتوانین بڵێین ئەو جەدەلەی لەم نێوەندەدا ئەکرێت بەشێکە لە پێداویستییە ئایدۆلۆژییەکان و شەڕە ئایدۆلۆژییەکان و دوورە لە هەر چەشنە خوێندنەوەیەکی زانستی؟

- بەڵێ ئێمە مێژوومان ئەخوێنینەوە و مێژوومان ئەنووسین بە چاوی ئەویدی، بەو شێوەیە خۆمان ئەخوێنینەوە کە بەرانبەر ئەیەوێ بمانخوێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە ئەوەمان بیر ئەچێتەوە کە چی لە رابردووماندا رویداوە و ئەو دەستبەسەراگرتنەمان لە بیر ئەچێتەوە،ئەمەش بیدعەیەکی مێژوییە

+ کورد بەشێکی گرنگە لە جیهانی ئیسلامی لەسەرەتای فتوحاتەوە تا ئیستا، من ئەپرسم وێنەی کورد لە رۆشنبیری ئیسلامیدا چۆنە؟ کامانەن گرنگترین سیماکانی خوێندنەوەی عەرەبی و ئیسلامی بۆ بوون و پێگە و رۆڵی کورد لە بونیادنانی شارستانییەتی ئیسلامیدا؟

- وێنەی کورد لە رۆشنبیریی ئیسلامیدا تا رادەیەکی زۆر وێنەیەکی ونە، وێنەی کورد تێکەڵکراوە بە وێنەی دەوڵەتی فارسی، چونکە چینی باڵادەست و رۆشنبیریی باڵادەست چینو رۆشنبیریی فارس بوە، لێرەوە عەرەب بۆ هەموو ئێران دەستەواژەی فارسی بەکارهێناوە، لێرەدا دەستەواژەی فارس هەڵگری دەلالەتێکی رەگەزی نییە کە تەنها رەگەزی فارس بگرێتەوە، بەڵکو هەڵگری دەلالەتێکی جوگرافییە و فراوانترە لە رەگەزێکی دیاریکراو، بەڵام ئەگەر بچینە ناو کرۆکی کتێبە مێژوییەکانەوە و لە رۆڵ و پێگەی کورد بکۆڵینەوە، ئەتوانین وێنەی کورد بدۆزینەوە و ئەوە دەستنیشان بکەین لە چ شوێن و پێگەیەکدایە، ئەریستۆکراتییەتی عەرەبی بۆ ناوچە و رەگەز و نەتەوەکانی دیکە تێڕوانینێکی خراپیان

هەواڵنامەی کتێب

هەبوە، بە نەزان و نەفامیان لە قەڵەمداوون، ئەریستۆکراتییەتی عەرەبی ئەریستۆکراتییەتێکی سەربازیی بووە و پشتی بەستووە بە ئابووری جەنگ، خاوەنی رەگەز و ریشەیەکی شارستانی گرنگ نەبوون تا بتوانن باڵادەست بن بەسەر نەتەوەو رەگەزەکانی دیکەدا، بە پێچەوانەوە خەڵکانی بیلاد رافیدەین و ئێران خەڵکانی کشتوکاڵی پێشکەوتوو بوون و خاوەن رۆشنبیرییو شارستانی بوون، بەهەرحاڵ ئەوەی کە گرنگە بریتییە لە سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژوو، سەرلەنوێ شرۆڤەکردن و خوێندنەوەی مێژوو بە شێوازێکی نوێ  بە پشت بەستن بە هەڵکۆڵینە مێژوویەکان، لە هەمانکاتدا گرنگە لەلایەن نەتەوە نا عەرەبەکانەوە جووڵانەوەیەك دژ بە باڵادەستی  تەسەوری عەرەبی بەرانبەر ئەوانیدی گەشە بکات، گرنگە ئەوە بە بیر بهێنیینەوە کە فیردەوسی لە کتێبی شانامەدا ئەیەوێ گوتارێکی فیکری کۆمەڵایەتی سیاسی بۆ رووبەرووبونەوەی گوتاری عەرەبی بەرهەمبهێنێت، ئەمەش پاش ئەوە دێت زمانی فارسی وەك رۆشنبیری و شارستانییەت ونبونێکی بە خۆوە بینی،زمانی عەرەبی هەیمەنی کردبوو بەسەر واقیعەکەدا، فیردەوسی ویستی ئەوە بسەلمێنێت کە ئیعجاز تەنها تایبەت نییە بە زمانی عەرەبی بەڵکو زمانی فارسیش وەك زمانی عەرەبی خاوەن ئیعجازە، عەرەبەکان تەنها نەتەوەی تایبەتمەند و بە توانا نین لە شیعردا وەك ئەو گوتەیەی دەڵێت شیعر دیوانی عەرەبە ، بەڵکو زمانی فارسیش زمانی شیعرە و هەزاران بەیت شیعری پێ نوسراوە، ویستی بیسەلمێنێت زمانی فارسی زمانێکی رەسەن و بێگەردە و بەو تونا و پێگە گرنگەی کە هەیەتی توانای رووبەرووبونەوەی زمانی عەرەبی هەیە، ئەو لە بەیتە شیعرییەکانیدا ئەم رووبەرووبوونەوەیە ئاشکرا ئەکات، بەڵام ژمارەیەك لەم بەیتانە کە ئەم تێزە لە خۆ ئەگرێت وەرنەگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەمەش بەرەنگاربوونەوەیەکی توندی ئەریستۆکراتییەتی عەرەبی بووە، وە بوونی سۆز و مەیلێکی عاتیفیانە بوو بۆ ئەریستۆکراتییەتی فارس،  سۆزێك بۆ رابردوو، بۆ سەردەمی فەرمانڕوایی ساسانی.

+ بەڕای تۆ ئەتوانین قسە لەسەر لە باڵادەستی ڕۆشنبیریی و ئینتیمای نەتەوەیی عەرەبی بکەین بەسەر ڕۆشنبیرییە سەرەتاییەکانی عەرەبی ئیسلامدا، بەسەر فەقیە و بیرمەندە دێرینەکانی عەرەبداوەك دامەزێنەری مەزهەبەکان و موفەسیرە دێرینەکان، واتە بوونی هەستێکی نەتەوەیی عەرەبی بەهێز لای ئەو فەقیە و موفەسیرانە، ئەگەر وەڵام بە بەڵێیە ئایا ئەوە هۆکارێك نییە بۆ فەرامۆشکردنی وێنەی ڕاستەقینەی کورد لە کەلتووری ئیسلامیدا؟

- با سەرنج لەم بابەتە بدەین، زۆربەی ئەوانەی لە ڕۆشنبیریی عەرەبیدا نووسیویانە بە ڕەچەڵەك عەرەب نین،بەڵکو سیفەتی عەرەب بوونیان پێدراوە و بە بۆیاخێکی ئایدۆلۆژی بۆیاخ کراون،بە پێی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای باڵادەست سروشتێکی ئایدۆژییان پێدراوە،بەڵام واقیع بەشێوەیەکی دیکەیە، هزر و ڕۆشنبیریی عەرەب ئەوەندە بەهێز نەبووە بتوانێت دەست بەسەر هزرو ئەندێشەی ئەوانیدیکەدا بگرێت، لەم نێوەندەشدا لە کتێبە کەلتورییەکانیدا جەنگێکی گەورەی فیکریی و ئایدۆلۆژی بەڕێوە چوو، ئەویش ئەوەیە کاتێك دەستەواژەی مێژووی عەرەبی ئیسلامی یان فەلسەفەی عەرەبی ئیسلامی بەکاردێنین ئەم بەکارهێنانە بە دەلالەتێکی ڕەگەزی بەکارناهێنرێت، ئەم بۆچوونەی ئێمە بەسەر بیرمەندێکی وەك ئیبن ڕواندی جێبەجێ ئەبێت، ئیبن ڕواندی فەیلەسوفێکی کوردییە و ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە، ئیبن ڕواندی نە موسڵمانە و نە عەرەبە، بەڵام مێژوونووسان لە پرۆسەی نوسینەوەی مێژوودا ئیبن ڕواندیان وەك بەشێك لە مێژووی شارستانییەتی عەرەبی و مێژووی فەلسەفەی عەرەبی پۆلێنکردوە، هەروەها موسا بن مەیموون کەسێکی یەهودی عیبری بوە بەڵام پێی ئەوترێت فەیلەسوفی عەرەبی ئیسلامی،ئیسحاق بن حونەین و فەیلەسوف کندی بەهەمان شێوەن،ئەوانە فەیلەسوفی عەرەبی نەبوون، لێرەدا دەرئەکەوێت دەستەواژەی فەلسەفەی عەرەبی و ئیسلامی بەدەلالەتیکی ژیاری و جوگرافی بەکارهاتووە نەك بە دەلالەتێکی ڕەگەزی و ئایینی.

هەولێرنامەی کتێب

+ دکتۆر دەمەوێ لەبارەی تایبەتمەندی پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە پرسیار بکەم، تایبەتمەندی پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە کامەیە کە جیای بکاتەوە لە تایبەتمەندی پەیوەندی عەرەب و فارس بە ئیسلامەوە،ئایا کورد خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی بۆ پێشوازیکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئیسلامدا؟

– ئەمە پرسیارێکی گرنگە،من لەم مەسەلەیە را ئەمێنم، فارس کە پێشوازی لە ئیسلام کرد بە هەمان شێوازە ئەسڵییەکەی پێشوازی لێنەکرد، واتە پێشوازی نەکرد لەو ئیسلامە عەرەبییەی کە لە نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە دەرچووبوو، فارس پێشوازی لە ئیسلام کردوو و سەرلەنوێ بەرهەمی هێنایەوە لە سیغەیەکی فارسیدا، تیۆری دوانزە ئیمامەی دروستکرد...

+ ئایا ئەوە بەشێکە لە رۆشنبیریی فارسی کۆن؟

– ئەو تیۆرە بەرجەستەکردنێکی ئیسلامی فارسییە،دوورە لەو ئایینە موحەمەدییەی لە نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە دەرچووە، بەڵکو زیاتر نزیك و تەبایە لەگەڵ ئایینی زەردەشتیدا، بەو هۆیەوە من لە هەندێك شوێنی تریشدا وتوومە زەردەشتییەت بە شیعەی ئیمامییەوە سەرکەوت، ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ فیقهی ئیسلامی و دامەزرێنەرەکەی کە ئیمامی غەزالییە بەرادەیەکی زۆر کاریگەر بووە بە فەلسەفەی یۆنانی لە مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق ئەو وانانەی خوێندووە،پوختەی قسەکانم ئەوەیە ئەوان ئیسلامێکی تایبەت بە خۆیان بەرهەمهێناوە، ئیسلامی کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی پێشکەوتوو، ئیسلامێك کە ئامادەیی ئەوەی تێدایە قسە لەسەر جیاوازییەکانی بکرێت، لەگەڵ مەزهەبی سوننە کە مەزهەبی دیارو باڵادەستی نێو عەرەبە کە ئینتیمایان بۆ ژینگەیەکی بیابانی هاوبەش هەبووە، سەبارەت بە کورد ئەوە تایبەتمەندییەك لە ئارادا نییە کە هەیمەنەی کردبێت و پێی جیابکرێتەوە،بەڵکو فرەیی و جۆراوجۆریی بوونی هەبووە

+ بۆچی؟ بۆچی ناتوانین تایبەتمەندییەکی کوردی لەگەڵ ئیسلامدا بدۆزینەوە؟

هەولێرنامەی کتێب

– ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و پێویستی بە توێژینەوەی مێژوویی زۆر هەیە،ئەم پرسیارە مرۆڤ ئەخاتە حاڵەتی دۆشدامان،ئەوەی کە بوونی هەیە و ئاشکرایە ئەوەیە فرەیی ئایینی زۆر لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە،زۆربەی ئەو مەزهەبو رێباز و گرووپە ئایینیانەی هاتوونەتە ئاراوە لە ناو ئەو جوگرافیایەدا سەریانهەڵداوە کە پێیان ئەڵێن کوردستان، کوردی شیعەهەیەو کوردی سوونە هەیە ، کوردی کاکەییو ئێزدی و عەلی ئیلاهیو مەزهەب و ئایینی دیکە هەن، واتەئایینزایەکی دیاریکراو نەیتوانیوە هەیمەنە بکات بەسەریدا، وەك چۆن ئایینزای سوونە هەیمەنەی کردوە بەسەر عەرەبداو ئایینزای شیعە هەیمەنەی کردوە بەسەر فارسدا، کورد نەیهێشتوە ئەمە رووبدات و پارێزگاری لە فرەیی و هەمەچەشنەیی خۆی کردوە، جوگرافیای کوردستانییش رۆڵی گرنگی لە پاراستنی ئەم تایبەتمەندییەدا بینیوە، دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین هەر چەشنە محاوەلەیەك بۆ بەستنەوەی ئاییندەی سیاسی کورد بە گوتاری ئیسلامییەوە مەحکومە بە فەشەل.

+ لە مێژووی نەتەوەی ئێمەدا کۆمەڵێك ساتەوەختی گرنگ هەیە بۆ نموونە ساتەوەختی سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە سلێمانی کە ئەوە تەریقەتێکی گرنگ بوە و شوێنکەوتەی لە هەموو جیهاندا هەبووە ، بۆچی دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیوە ئەو تەریقەتە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و بە مۆرکی کوردانەی خۆی بەکاربێنێت وەك چۆن عەرەب مەزهەبی سوونەی بەکارهێنا و فارسیش مەزهەبی شیعە؟

– پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان تیۆری تەسەوف و مومارەساتی تەسەوف، مومارەساتی تەسەوف ناونراوە بە ئەزموونی سۆفیگەری و لە زەمەنەکانی دواتردا ئەزموونی سۆفیگەری گەشەی کردووە، گروپێك کە سنووردارە و کەسانێکی کەم مومارەسەی ئەکەن،ئیمکانی ئەوەی تێدا نابێت کە دەسەڵات بەکاری بهێنێت، بەڵام کە قسە لەسەر سۆفییەکی گەورەی وەك سەهرەوەردی ئەکەین یان قسە لەسەر حەللاج یان ئیبن عەرەبی ئەکەین، ئەوا لەو کاتەدا تەسەوف گەورەتر لە ئەزموونی سۆفیگەرە و تیۆرەیەکی سەراپاگیرە بۆ هەموو مرۆڤو بوون.

هەواڵنامەی کتێب

+رات چییە لەبارەی هەوڵ و بانگەشەی هەندێك لە رۆشنبیرانی كورد بۆ خوێندنەوەیەكی كوردانە بۆ ئیسلام ئایا ئەوە كارێكی پێویستە ؟ وە ئایا تا چەند ئیمكانی كردنی هەیە؟

– بە تەحەفوزەوە ئەڵێم ئێمە هەوڵێكمان هەیە بۆ دامەزراندنی فەلسەفەیەك بۆ مێژوو،هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت خۆی بكات بە نەتەوە ئەگەر فەلسەفەی مێژووی نەبێت،فەرەنسییەكان بەرلەوەی بانگەشە بكەن بۆ نەتەوە و بۆ فەرەنسایەتی فەلسەفەی مێژوویان بەرهەمهێنا، ئەڵمانەكانیش بە هەمان شێوە، عەرەبەكانیش لە سەردەمی نوێدا بە هەمان شێوە بوون، بانگەشەی خوێندنەوەی كوردانە بۆ ئیسلام ناوەرۆكێكی ئایدۆلۆژی هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام مێژوو بە چاوی خۆمان بخوێنینەوە، كاتێك ئەڵێم بە چاوی خۆمان بەو مانایە نا كە بە چاوێكی خودی نەتەوەییەوە مێژوو بخوێنینەوە، بەڵكو لە روانگەی چارەنووس و ئاییندەمانەوە، ئێستا بە تەنها كاریگەری لەسەر داهاتوو نییە بەڵكو كاریگەری لەسەر رابردووش هەیە و تەئویلی بۆ ئەخرێتەروو،لەمەشدا رەهەندێكی ئەبستمۆلۆژی گرنگ هەیە، من لێرەوە بە رۆشنبیرانی كورد ئەڵێم مێژووتان بنوسنەوە بە رێگایەكی جیاواز و زانستی .

+ بەرای تو ئایا خوێندنەوەی كوردانە بۆ ئیسلام چی ئەگەیەنێت ، بە مانای تەئویلكردنی دەقەكانی قورئانە بە بەرژەوەندی نەتەوەیی كورد و بە پێداویستییەكانی كۆمەڵگای كوردی یان تیۆریزە كردنی ئایینی بۆ سیاسەتی كوردی یان چی ؟

– هەمیشە خوێندنەوەی مێژوو دەروازەیەكە بۆ پێداویستییە ئایدۆلۆژییەكان، مێژووی موجەرەد بوونی نییە، بەشێوەیەكی گشتی پێویستە نەك كورد بەڵكو پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك لە هەموو قەیران و بارودۆخێكدا دەق بخوێنێتەوە نەك بە پێی پێداویستییە پیرۆزییەكانی دەق خۆی، بەڵكو دەق بخوێنێتەوە و تێی بگات بە پێی پێداویستییە مێژوییەكانی ئەو دۆخە، ئەمەش گرفت و گومان دروست كردن نییە بۆ ئیسلام، دەرچوون نییە لێی، بەڵكو ئەوە سروشتی بارودۆخەكەیەتی، مرۆڤەكان وەك وەرگری دەق پێویستە لەسەریان بە پێی سیاقی مادی و مرۆیی و مێژووی خۆیان دەقەكە بگونجێنن، هەتا بتوانن لێی تێبگەن،دەق وەك پەیامێكی گشتگیریی گەردوونی كە لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیدا گەشە ئەكات، بانگەشە

ئەکات بۆ هەموو زەمان و مەکانێك ناتوانێت هەڵگری مانای ئەو بانگەشەیە بێت ئەگەر وەڵام بە پێداویستییەکانی ئێستای نەداتەوە، بۆیە پێویستە بۆ هەموو کات و شوێنێك تەفسیرێك بۆ دەق هەبێت، لە ئێستاشدا ئەبینین شیعە تەفسیرێك بۆ دەق ئەکات کە بریتییە لە بە شیعەکردنی دەق، مسوڵمانەکانی فلیپین بەجۆرێکی جیاواز لەو دەقە تێئەگەن کە ئەڵێت: (مثنی وثلاث و رباعا او ما ملکت ایمانکم ) تێگەیشتنێك کە رەنگدانەوەی کەلتووری خێڵایەتی ئەوێیە ئەویش بریتییە لەوەی کە ئافرەتێك بۆی هەیە لە یەککاتدا لە چەند پیاوێك نزیك ببێتەوە نەك بە پێچەوانەوە، وە لە ئەفریقاش بە هەمان شێوەیە، بەڵام لە رۆژگاری ئەمرۆداو تا ئێستاش خەڵك دەق دەخوێنێتەوە و تێی ئەگەن لە ژێر تیشکی رۆشنبیرییاندا، هەمان حاڵەت لە هەموو ئایینەکاندا روویداوە، لە قوستەنتینیە کە ئەوە راگەیەنرا مەسیحییەت ئایینی رەسمی دەوڵەتە ژمارەیەکی زۆر بیروباوەر و داب و نەریتی و عەقائیدی ناو ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی خرایە ناو مەسیحییەتەوە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە،خەڵکێکی زۆر لە بۆشایی و لە دەرەوەی مێژوودا دەق وەر ئەگرن و مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن لە بنەرەتدا دەق سەربەخۆیە لە سەرچاوەکەی کە وەك ناوەندێك هێناویەتی واتە پەیامبەر، پەیامبەر مرۆڤە ، قل انما انا بشر مثلکم، لە چەندین شوێنی دیکەدا تەئکید لەوە کراوەتەوە کە پەیامبەریش مرۆڤە وەك مرۆڤەکانی تر.

+ دکتۆر بەرای تۆ لە رۆژگاری ئەمرۆدا لەناو تەکنەلۆژیا و شۆرشی زانیاری و پێویستبوونی کۆمەڵگای مەدەنیدا، پێویستە کورد لەم رۆژگارەدا بە چ میتۆدێك مامەڵە لەگەڵ ئیسلامدا بکات، ئایا وەك فارس و عەرەب مەزهەبێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات، یان پرەنسیپی نا ئایینی هەڵبژێرێت یان پێویستە چی بکات؟

– هەرچەشنە بانگەشەیەك بۆ دابرین لە ئیسلام دابرینێکی میتافیزیکییە،یان ئەو بانگەشە توندرەوانەی ئەکرێن بۆ گەرانەوەی کورد بۆ ئایینە دێرینەکانی، کێشەی ئێمە لەگەڵ ئیسلام یان هیچ ئایینێکدا نییە،بەدیاریکراو نە لەگەڵ ئیسلام و نە لەگەڵ مەسیحییەت. کێشەکە لەگەڵ بونیادێکی تەقلیدایە، ئەو بونیادە سروشتێکی نا عەقلانی ئەفسانەیی هەیە، بانگەشەکردن بۆ گەرانەوە بۆ ئایینە کۆنەکان شتێکی پووچە، وەك بانگەشە بۆ بە

ئایدۆلۆژییکردنەوەی هەموو ژیان، ئیسلام بە مانای رەهەندە روحییەکانی و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکانی بەو مانایە ئێمە هەموومان مسوڵمانین، مسوڵمانین بە هەموو جیاوازییەکانی بیرکردنەوەو بیروباوەڕمانەوە، بیرکردنەوە و بیری تاکەکەسانیش بەشێك نییە لە کاری دامەزراوەی ئایینی، بەڵکو بەشێکە لە کاروباری تایبەتی و مرۆڤ پەیوەستە بە ویژدانی ئایینییەوە، پێویستە ئەوە بزانین ئێمە مێژوویەکی سەدان ساڵەمان هەیە کە مێژوویەکی ئیسلامییە، ناتوانین کەسانی وەك ئەحمەدی خانی و کەسانی دی لەو مێژوە دوور بخەینەوە چونکە ئەوان خۆیان متەسەوف بوون، دەستەواژەی دابران یان رزگاربوون لە مێژووی هزری ئیسلامی دەستەواژەیەکی هەڵەیەو فرێدانی هەموو مێژووە، ئەوە شتێکی راست نییە ، بەڵکو ئێمە ئەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکەین ، بە دیدێکی رەخنەیی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی بیخوێنینەوە، وەك کێڵگەیەك بۆ توێژینەوە وەریبگرین، ئەو هزرە ئیسلامییە بەشێکی گرنگی ژیانی مادیمان پێکدەهێنێت، بەشێکی هزر و دنیابینمان و تێروانینمان بۆ مرۆڤ و واقیع و گەردوون پێکدێنێت، ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تر ئیسلام وەك ئایدۆلۆژییایەك تەبا نییە لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا، ئایین بانگەشە بۆ گوتارێکی نا مێژووی ئەکات، بانگەشە بۆ برایەتییەکی گەردوونی ئەکات لە نێوان هەموو مرۆڤایەتیدا، بەڵام کاتێك نەتەوە جەخت ئەکاتەوە سەر رەهەندە مێژوییەکەی جەخت ئەکاتەوە سەر رەهەندی گرووپ و پەیوەست بوون بە نەتەوە و رۆشنبیرییەکی جیاوازەوە، بانگەشەکردنە بۆ جەختکردنەوە لەسەر خود بۆ رووبەڕووبنەوەی توانەوە لە ئەویدیکەدا، ئایدۆلۆژیا بە سروشتی خۆی بابەتێکی نوێگەر نییە، چ ئایدۆلۆژیای ئایینی بێت یان هەر چەشنە هەوڵدانێك بۆ دروستکردنی هاوسەنگی نێوان ئایدۆلۆژیا و نوێگەری مومکین نییە وە نوێگەری بە مانای نوێگەری ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردی کە پڕۆژەی نەتەوەیی خۆی یەکێکە لە پڕۆژەکانی نوێگەری چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوادا، بەرای من پێویستە ئایین دابنێین بۆ ویژدانی تاکەکەس ، دابنرێت وەك بەشێك لە کاروباری تایبەتی مرۆڤەکان، ئەمە شتێکی گونجاوە و رێگە ئەدات بەو شتەی کە لە واقیعی کوردیدا هەیە، کە پێی دەوترێت فرەیی بیروباوەر و رێبازگە جیاوازەکان.

+ رات چییە سەبارەت بە بوونی بزاڤی فەندەمینتالیزم لە کوردستاندا؟ دواتریش ئاییندەی پەیوەندی نێوان کورد و ئیسلام چۆن ئەبینیت؟

- من قەناعەتێکم هەیە سەبارەت بە کورد و پێشتریش لە وەڵامی پرسیارێکدا ئاماژەم پێکرد، کورد پێویستی بە گوتارێکی رۆشنبیریی یان تیۆرەیەك هەیە کە لە بواری نەتەوەیدا بێت، هەتا ئێستا تیۆرەیەکی نەتەوەیی کوردی بوونی نییە، کورد ئامادە نییە یان ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە سادەیە بداتەوە : کامەیە کورد لە مێژوودا؟ لەم مەیدانەدا بێگومان ئەتوانین دەیان ناونیشان کۆ بکەینەوە وەك کورد و مێژوو، کورد و ئیسلام ،بەڵام خوێندنەوەی هەڵوێستمان لە روانگەی فەلسەفەی مێژوییەوە ئەتوانین بوونی کورد لە مێژوودا دیاری بکەین و کورد لەگەڵمان بێت لە مێژوودا، ئەمە پرسیارێکی سادەیە بەڵام گرنگە و پێویستە وەڵام بدرێتەوە، ئەم پرسیارە موفارەقەیەکی گرنگی مێژویی ئاشکرا ئەکات ، مومارەساتی مێژوویی لای کورد پێش تیۆری مێژوویی کەوتووە، کوردەکان پێش نەتەوەکانی تر هەستاون بە بەرپاکردنی شۆرش و یاخیبوون و بانگەشەیان بۆ نەتەوایەتی کردووە ، لە سەدەی نۆزدەدا بانگەشە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد کراوە، بەڵام کەسێکی وەك عوبەیدوڵای نەهری هیچ تەسەورێکی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك تێزی عەلمانی هەبووە، کە دیارە عەلمانییەت بە مانا پوخت و تەواوەکەی نەبووە، بەڵکو بەو مانایەی کە تێزی عەلمانی تیا بووە، بۆ نموونە دەرکردنی فتوایەك بۆ حەرامکردنی کوشتنی مەسیحییەکان، بەهەرحاڵ هەتا ئەمڕۆ کوردەکان شۆڕش و خەباتیان ئەنجامداوە و لێرە و لەوێ تووشی سەرکەوتن و تێکشکان بوون، بەڵام هەتا ئێستا تیۆرەیەك نییە پاساوی هێنانەئارای ئەو شۆڕشانە روون بکاتەوە، ئێمە هەژارین لە گوتاری رۆشنبریی نەتەوەیدا،کەلەپوور و مێژوومان هەیە، بەڵام گوتارێکی رۆشنبیری تیۆریزەکراومان نییە،ئەمەش لە سەردەمی هاوچەرخدا یان لەم چەند دەیەی دوایدا سەریکێشا بۆ دروستبوونی پارت و رێکخراو و دەزگا کە سروشتێکی عەلمانیان هەیە، زۆربەی تەوژمە عەلمانییەکان خۆیان رەهەندی عەلمانییان خستۆتە ناو گوتارەکانیانەوە،بەڵام ئایا بە تەواوی عەلمانین و عەلمانییەتیان هێناوەتە واقیعەوە ؟ زۆربەی حزبەکان لە ئێستادا لە بونیادی قوڵیاندا یان دامەزراوەی خێڵایەتین یان هەڵگری چەمکی ناعەقلانین بۆ نەتەوە و بۆ مێژوو، ئێستاش لە دوای نەوەتەکانەوە و دروستبوونی جوگرافیایەکی کوردی دوو حزبی کوردی باڵادەست بوون، یەکەمیان حزبێکی چەپ و نوێنەرایەتی چینی بۆرژوای ناوەند ئەکات و بە ئاشکرا تەبەنی

گوتارێکی سوشیالیستی ئەکات، حزبەکی تریش ئینتیمای بۆ دامەزراوەیەکی تەقلیدی هەیەو لە هەمانکاتدا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە حزبێکی دیموکراتە بە ئاسۆیەکی عەلمانییەوە، بەڵام مومارەساتی ئەو دوو حیزبە ئێستا یان سبەینێ ئەبێت بە کۆسپ لەبەردەم مومارەساتی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستاندا،ئەمەش بە هۆی بوونی هەیمەنەی زۆر و مەرکەزییەتی توند، ئەنجامی ئەمەش دروستبوونی دیاردەی گەندەڵی کارگێری و کۆمەڵایەتییە، پێویستە بۆ ئەو کۆسپ و بارودۆخانە گوتارێکی ئەخلاقیو کۆمەڵایەتی لە ئارادا هەبێت، بەڵام ئەو حزبانە تەنها خاوەن گوتارێکی سیاسین، ئەمەش کارەساتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەورە دروست ئەکات، لێرەدا ئیسلامییەکان ئامادە ئەبنو پێش ئەکەون،وە هەڵگری ئەجێندایەکی هەرێمین، یەکێك لەو بابەتانەی کە پێویستە قسەی لەسەر بکەین بریتیە لە سەرمایەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراقدا، ئەم قسە لەسەر کردنەش هەم لە توێژینەوە و هەم لە میدیاو کەناڵە ئاسمانییەکاندا بکرێت، ئێستا لە کوردستان سەرمایەیەکی ئیسلامی چالاك هەیە، وە دامەزرێنەی شێوازێکی نوێیە لە مۆدێلی ژیان و کارو سیاسەت لە کوردستاندا،پێویستە لەسەر توێژەرانی کۆمەڵناسی و سیاسی و فەلسەفی کە توێژینەوە لەوبارەیەوە ئەنجام بدەن، جارێکی تریش ئەڵێم ئیسلامییەکان هاتوون و ئامادەن، هەڵگری گوتاری دژە نەتەوایەتین و دژە ئاییندەی نەتەوەیین.

+ هەندێك لە ڕۆشنبیرانی کورد باوەڕیان وایە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دیوێکی دیکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، بەوسیفەتەی هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی عەرەبییە و لە بنەڕەتدا وەك بەشێك لە پێداویستی واقیع و مرۆڤی عەرەبی سەریهەڵداوە؟

– بەڵی ئەوە قسەیەکی زۆر ڕاستە، هیچ پاساوێك بۆ ئەوە نییە بزاڤە نەتەوەییەکان خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی نەتەوەیی بن، بزاڤی برایانی مسوڵمان کە بزاڤێکی نێو نەتەوەییوجیهانییە، لە بونیادی دامەزرانیدا ئەوەی دەر ئەکەوێ ئەوەیە کە ڕەوتێکی مەزهەبی سوننیە، گوتاری گشتیشی لە ناوەڕۆکدا لەسەر باڵادەستی ڕەگەزی عەرەبی دادەمەزرێت، باڵادەستی ڕەگەزی عەرەب لە زۆر تێزو ئاماژەی ئایینی گرنگدا ڕەنگی داوەتەوە، کە جیاکردنەوە و باڵادەستکردنی ڕەگەزی عەرەبە لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکە، کاتێك ئەمە دێتە ناو ئایدۆلۆژیایەکی سیاسییەوە

ئەبێتە گرفت و دژ ئەوەستێتەوە لەگەڵ زۆربەی بەرژەوەندییەکانی ئەویدیکەدا

+ هەندێك لە رۆشنبیران بە تایبەت ئیسلامییەکان پێیان وایە چارەسەری کێشەی کوردو کۆمەڵگای کوردی و واقعی کوردی بۆ هەنگاونان بۆ ژیانێکی باشتر بە تێکلاو بوونی زیاتر لەگەڵ رۆشنبیری و شارستانییەتی عەرەبی و ئیسلامی دێتە دی، تۆ رات چییە لەم بارەیەوە ئایا توانجێکتان لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟

– نەتەوایەتی وەك دیاردەیەکی مێژوویی دیاردەیەکی رێژەییە، ئەم دیاردەیە بە نیسبەت گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لە زەمەنێکی درەنگ وەختدا سەریهەڵداوە و سیمایەکی دواکەوتووانەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونێکی مێژووی دیکەدا من پێموایە کورد تا ئێستا یەکیاننەگرتوە وەك نەتەوە کە خاوەنی گوتارێکی سیاسی سەربەخۆ خواز بن، جیهانگیری کوردەکانی یەکخست، وە یەکگرتنیشی مانای پێکهێنانی دەوڵەت ناگەیەنێت، وەك چۆن عەرەب و فارس دەوڵەتیان پێکهێناوە، بەڵکو پێکهێنانی دەوڵەت کاتێك ئەبێت کە مەرجە مێژوویی و ئابورییەکانی دروستبوونی نەتەوە پێکهاتبێت، لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە ئایا لە دۆخێکی وادا قسەکردن لەسەر خەباتی نەتەوەیی شتێکی نە گونجا و بێ مانا نییە، بێگومان نەخێر،من بە مانایە قسە ناکەم، من ئەڵێم پێویستە نەتەوە پلان و خەباتی هەبێت بۆ بەدیهێنانی بوونی خۆی لە نێو مێژوودا

+ مەسەلەی مافی مێژوویی بۆ کورد هەستیارییەکی زۆری لای ژمارەیەك رۆشنبیری عەرەبی دروست کردوە، پێیان وایە پێویستە کورد واز لە مافی مێژوویی و خواستە مێژوییەکانی خۆی بهێنێت، تو لەسەر ئەم بابەتە رات چییە؟

– من لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆم لە گەڵ نوخبە و رۆشنبیرانی عەرەب زۆر کردووە، ئەو نوخبانەش لە مەغریبی عەرەبییەوە تا ئەوپەڕی رۆژهەڵاتی عەرەبی تێدا بووە، لە ساڵانی خوێندنی زانکۆیشمدا بە وردی لەم مەسەلەیەم کۆڵیوەتەوە، ئەتوانم بڵێم تێگەیشتنی رۆشنبیریی عەرەبی بۆ کێشەی کورد لە ئارادا نییە، جەوهەری ئەم کێشەیەش نەبوونی مەعریفە و زانیاری نییە بەرانبەر بە کورد بەڵکو لە یەکتر ناسیندایە، لەلایەکی دیکەوە

ڕۆشنبیری عەرەبی هیچ ڕۆشنبیرییەکی دیکە لەخۆ ناگرێت، هەتا ئێستاش چەمکی مرۆڤ غائیبە لە نێو گوتاری ڕۆشنبیری عەرەبیدا، من لە تێزی دکتۆراکەمدا ئاماژەم بەمە کردووە ،بەناوی چەمکی مرۆڤ لە گوتاری نەتەوەیی عەرەبیدا، مانای مرۆڤ وەك تاك بە مانا هاوچەرخەکەی لە نێو ڕۆشنبیری عەرەبیدا بوونی نییە، وون بوونی چەمکی مرۆڤ لە گوتاری نەتەوەیی عەرەبیدا مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ باس لە مافی مرۆڤ و کۆبوونەوەی سیاسیانەی مرۆڤ ناکرێت، گوتاری نەتەوەیی عەرەبی و ڕۆشنبیری عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی من لە پێشەکی کتێبەکەمدا بە ناوی کێشەکانی هزری عەرەبی گفتوگۆم لەسەر ئەم بابەتانە کردووە، فیکری عەرەبی لە سێ ڕەهەندی سەرەکییەوە هەژارە، ڕەهەندی عەلمانی، ڕەهەندی مێژووگەری، ڕەهەندی دیموکراتی، گوتاری نەتەوەیی هەر گوتارێك بێت بە مانای وردی نەتەوەییش بوونی هەبێت پێویستە لەسەری یەکەم: گوتارێکی مێژووگەرا بێت، دووەم: عەلمانی بێت واتە دابڕاو بێت لە ڕەهەندی ئایینی، سێیەم: دیموکراتی بێت واتە پشت بە یەکسانی نێوان هاوڵاتییەکانی ببەستێت، ئەگەر نەتەوایەتی وا نەبێت ئەوا بە نەزعەیەکی ڕەگەزی و ناعەقڵانیو نا دیموکراتی کۆتایی دێت،

+ لە ژێر ڕۆشنایی بیروبۆچوونەکانتا دەربارەی کورد و ڕۆشنبیری عەرەبی و گوتاری نەتەوەیی عەرەبی، چی دەڵێی دەربارەی دیالۆگی کوردی و عەرەبی؟

– ئەم پرسیارە درێژکراوەی پرسیاری پێشووە ، من لە کتێبی (القضایا و الحوارات ) کە لە زۆربەی جیهانی عەرەبیدا بڵاوکرایەوە لەم مەسەلەیە دواوم ، لەگەڵ ئەوەی کورد و عەرەب دوو نەتەوەی تێکەڵن بە مانا جوگرافی و مێژوییەکەی ، بەڵام گوتارێکی دیالۆگ و لێبوردەیی کە گوزارشت لەو کارلێکەی نێوانیان بکات لە ئارادا نییە، دیالۆگ پێویستییەکی گرنگە و بگرە هەموومان مەحکومین بە دیالۆگ لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە کە هەموومان مەحکومین بە پێکەوەژیان، زیاتر لەوەش مەحکومین بە پێکەوە ژیان لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی تری وەك ئاشووری و ئەرمەنی و تورکمانی و هتد کە لەم چوارچێوە جوگرافییەدا لەگەڵماندا ئەژین، بەڵام چۆن دیالۆگ دروست بکەین ، بەشێکی زۆری گوتاری عەرەبی لەلایەن عەقڵی خێڵەوە دەستی بەسەردا گیراوە و بەردەوام بە یادی مێژوویی و سەروەرییەکانی ئەندەلوسەوە ئەژین و

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان بە دروستکەری مێژوو ئەزانن و لایەنی بەرانبەریش تەنها بە خزمەتکارێك،وە پێویستە هەموو خواستەکانت لەم چوارچێوەیەدا بخیتە روو کە ئەو برا گەورەیە و تۆش برا بچووك، داواکارییەکانی ئەو شەرعییەتی زیاتری هەیە و راسپاردەکانی ئەو گرنگترن، ئەم جۆرە گفتوگۆیە نا هاوسەنگە و پێ ناوترێت گفتوگۆ، دیالۆگی دڵخوازی ئێمە ئەوەیە کە هاوسەنگ بیت وەك دوو لایەن دان بە یەکدیدا بنێین،وەك دوو لایەنی هاوتا، نەك بە تەنها لە رووی شارستانییەوە بەڵکو لە رووی مرۆڤایەتیشەوە،رەسەنایەتی مرۆڤایەتی تۆ زیاتر نییە لە هی من و هی منیش زیاتر نییە لە هی تۆ ،بەم مانایە دیالۆگی راستەقینە دروست ئەبێت

+ بەرای تۆ دیالۆگ ئەکەوێتە کوێی دنیای عەرەبییەوە لە کاتێکدا رای گشتی عەرەبی راستییەکانی کورد قبوڵ ناکات و پشت بەستووە بە رۆشنبیرییەکی مێژوویی؟

– ئایا رای گشتی عەرەبی لە خودی کێشە عەرەبییەکاندا بوونی هەیە،جارێ زانیاری بەرانبەر کورد و ناسینی کورد لە دنیای عەرەبیدا بخەرە ئەولاوە، شتێك بە ناوی رای کشتی عەرەبی بوونی نییە، رای گشتی وەك تۆقل و هاورێکانی و دواتریش چەپەکان باسیان کردوە، رای گشتی ئەوەیە گفتوگۆی بابەتە گشتییەکان ئەکا و لە شوێنە گشتییەکاندا ئامادە ئەبێتو هەمووان بەشداری تێدا دەکەن،بەم پێیە رایەکی گشتی عەرەبی لە ئارادا نییە کە توانای بەرهەمهێنانی گوتارێکی سیاسی هەبێت، یان گوتاری خۆی ئاراستەی فەرمانرەوا بکات یان راسپاردەی هەبێت بۆ مومارەسەی سیاسی دەوڵەت ، زۆربەی رای عەرەبی و عەوامی عەرەبی دەستی بەسەرداگیراوە، دنیای عەرەبی پێویستی بەوەیە نەك دیالۆگ لەگەڵ کورد بەڵکو لەگەڵ خودی شەقامی عەرەبیدا دیالۆگ لەگەڵ خۆیدا بکات.